تەفسیری زمناکۆیی

بەقەڵەمی

مەلا سعیدی زمناکۆیی

جزمی: (٤ ، ٥)

بەرگی چوارەم

تەفسیری زمناکۆیی

بەقەڵەمی

مەلا سعیدی زمناکۆیی

جزمی ﴿٤ ، ٥﴾

بەرگی چوارەم

ناوی کتێب : تەفسیری زمناکۆیی .
ناوی نووسەر :مەلا سعیدی زمناکۆیی .
جزمی چوارەم و جزمی پێنجەم .
بەرگی چوارەم .
چاپی یەکەم .
چاپی کۆمپیوتەرو ڕاکێشانی : ﴿ چاپخانەی ئۆفسێتی بابان ﴾
ژمارەی سپاردنی (٤٠٩) ی ساڵی(٢٠٠٠) ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێ سپێردراوە .

بسم الله الرحمن الرحيم

بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

سوپاس بۆ پەروەردەکەری هەموو بونەوەران

درودی خوا لەسەر پێغەمەرو هاورێکانی و هەموو پەیرەوانی.

گرنگترین شتێ پێویستبێ لەسەر کاربەدەستان و پێشەوایانی کارامە و ئازاو دڵسۆز ئەمەیە ، هەموو کارێکی چاك بۆ سەربازەکانیان جێبەجێ بکەن و بەردەوامین لەسەر بەهێز کردنیان و بتەو کردنی سەبازەکانیان زۆر بەرێزەوە، هەوڵ بدەن ترس و بێ هورەیی لەوان دوور بخەنەوە ، چونکە سەرکەوتن بە تەنها بریتی نیە لە هێزو توانای چەك ، بەر لە هەموو شتێ ئەگەرێتەوە بۆلای خۆگرتن و ڕاوەستان و کارامەیی هێزی ویستی سەربازەکان ، ئەگەر کارامە نەبن ناتوانن ئەو چەکانە بخەنە کار. بێگومان دوژمنان ئەوەندە لە هورەو نیازی سەربازان ئەترسن بۆبەرگری لە خۆیان و نیشتمان بیروباوەڕیان ، بەو ئەندازەیە لە چەکی زۆر قورس ناترسن ، چەك و ئامێز سوودو بەخش نین ئەگەر بە نیازی پاکەوە نەخرێنە گەڕ بۆ بەرگری لە نیازی خراپی دوژمنان.

ئەوەتە بە چاوی سەر ئەبینرێ و بە گوێ ئەبیسترێ و ڕۆژنامە و ئێزگەی خوێن مژان و داگیرکەران چۆن و بە چ جۆرێ پڕو پاگەندە بڵاو ئەکەنەوە بۆ سوودی خۆیان ، بەچ فرۆفێڵێ ئەیان خەنە کار بۆ بەرگری لەبەکرێ گیراوەکانیان ، چۆن جەنگی دەروونی لەگەڵ دانیشتوان بەکار دێنن بۆ نەهێشتنی نیاز و مەبەستی بەرزی دانیشتوان و دوودڵی و گومان ئەخەنە دەرونیانەوە لەدژی بەرگری نیازی ڕەوا و بەرزی دانیشتوان بۆ سوودی

خرابی خۆیان ئەیان خەنە کار . کەواتە کارکردنی بـۆ سـەردەروون گـەورەترین شـتە بـۆ داگیر کردنی گەلان ، خوا ئەفەرموێ :

وَلَا تَهِنُوا۟ وَلَا تَحْزَنُوا۟ وَأَنتُمُ ٱلْأَعْلَوْنَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٣٩﴾ إِن يَمْسَسْكُمْ قَرْحٌ فَقَدْ مَسَّ ٱلْقَوْمَ قَرْحٌ مِّثْلُهُۥ ۚ وَتِلْكَ ٱلْأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ ٱلنَّاسِ وَلِيَعْلَمَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَيَتَّخِذَ مِنكُمْ شُهَدَآءَ ۗ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ ٱلظَّـٰلِمِينَ ﴿١٤٠﴾ وَلِيُمَحِّصَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَيَمْحَقَ ٱلْكَـٰفِرِينَ ﴿١٤١﴾

﴿ ولاتهنوا ولا تحزنوا ﴾ وەئێوە لاواز و بێهێز مـەبن و مەترسـن بـۆ جـەنگ کـردن لەگەڵ دوژمنانی خۆتان بەبۆنەی هەندێ شتەوە پێتان گەیشـتووە لـەبرینداری و ئـازار و ، خەفەتبار مەبن بۆ کوژراوەکانتان و برینداری و دەست نەکەوتنی تالآن ئەگەر ئێوە ڕاسـت ئەکەن باوەڕدارن .

ئەو ئایەتانە هاتوونەتە خوارەوە بـۆ هـاندانی بـاوەڕداران و سەرخۆشـی کـردن لـەوان کەلەڕۆژی ئوحودا کوژراو و برینـداری زۆریـان هـەبوو ، لـەکۆچ کـەران پێـنج کـەس لەنێوان ئەواندا حەمزەی مامی پێغەمەر ، لەیاریدەدەران (٧٠) کەس کوژران .

کاتێ موسوڵمانان تووشی شکستبوون خالیدی کوڕی وەلید ویستی سـەری شـاخەکانیان لێ بگرێ ، لەو کاتەدا پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ بەنازەوە پاڕایەوە لەخوا و ووتی : خوایە بێ باوەڕان سەرنەخەی ، خوایە خۆت ئاگاداری ئەگەر ئەم باوەڕدارانە بکوژرێن لـەم شـارەدا جگـەی

ئەوان کەسی تر تۆ ناپەرستێ . کوتوپڕ هەندێ لەو تیر هاوێژانە مابوونەوە گەڕانەوە بۆ سەر لوتکەی کێوەکان بێ باوەڕەکانیان شکاند ، بۆیە خوای مەزن فەرمووی :

﴿ وأنتم الأعلون إن كنتم مؤمنين ﴾ وەهەر ئێوە سەرکەوتوون و باڵادەست تر ئەبن ، پاشەڕۆژی سەرکەوتن بۆ ئێوە لەم ڕۆژەدا ، جێگەی ئێوە بەهەشتە لەپاشەڕۆژدا ، بێ باوەڕان ئەشکێنن جێگەیان قووڵایی دۆزەخ ئەبێ ئەگەر ئێوە باوەڕدار بن ، بەهۆی ئەوەوە خوا فەرمووی : بەڕاستی سەربازەکانی ئێمە زاڵ ئەبن بەسەر بێ باوەڕاندا .

ئەو ئایەتە ئاماژە ئەکا بۆ ئەمە کەئاینی ئیسلام سەرئەکەوێ بەسەر دوژمنانی خۆیا . کەواتە هەرکەسێ ئاین لەدڵیا چەسپا بێ و جێگەی خۆی گرتبێ ئەودڵە هەرگیز تەنگی ڕووی تێ ناکا و ناترسێ ، ئەزانێ لەڕێگەی ئایینی خۆیا و بۆ بەرزی فەرموودەی ڕاست لەناو ئەچێ و ئەکوژرێ ، بەڵام نەرم و نیانی لەموسڵمانانەوە لەبەر سوودی خۆیان زۆر شیرینە ، نەك بۆ ئەو شتانە پەیوەندیان بەئایین و باوەڕەوە هەبێ ، لەوانەدا ئەبێ توند و تیژ بن .

کاتێ پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ لەجەنگی ئوحود گەڕایەوە بەخەفەت و دڵگرانی زۆرەوە ، ژنانی مێرد کوژراو و کوڕی باوك کوژراو ئەهاتن بۆلای پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ ، بەوکارانە ئازاری پێ ئەگەیشت . پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ بەسەر زەنشتەوە فەرمووی : ئابەم شێوەیە لەگەڵ پێغەمەری خۆوتان هەڵئەسن ، بۆ ئەو مەبەستە خوا بەباوەڕدارانی فەرموو :

﴿ إن يمسسكم قرح قد مسّ القوم قرح مثله ﴾ ئەگەر بگا بەئێوە برین و ئازاری برین لەجەنگی ئوحوداو لەجەنگانی تریشدا ، دوایی بەڕاستی گەیشتووە بەبێ باوەڕان برین و ئازاری برین وێنەی ئازاری ئێوەکەچی لاوازی ڕوی نەکردە ئەوان و خۆیانیان ئامادەکردوە بۆ جەنگ لەدوای جەنگی بەدرو پەلاماری ئێوەیان دایەوە ، پێویستە ئێوەیش وەك ئەوان وابن و ئەبێ ئێوە بەهورە تربن ، چونکە هەوڵی ئێوە خاوەنی سوودە نەك جەنگی ئەوان .

﴿ وتلك الأيام نداولها بين الناس ﴾ وەهێزی ڕۆژانی جەنگ و جیهان ئێمە ئەو هێزانە ئەگۆڕین لەنێوان ئادەمیزادا ، ڕۆژێ دەستەڵات و ڕابواردن بۆ لایەنێکە و ڕۆژێ بۆلایەنێ

ترە ، ڕۆژێ نەگبەتی و ئازار بۆلایە ، ڕۆژێ تر بۆ لایە ترە ، ڕۆژێ سوود بۆ موسـولـمانانە و ڕۆژێ تر بۆ بێ باوەڕانە .

مەبەست لەو گۆڕینەی خوای مەزن بۆ ئەوەنی‌یە جارێ یارمەتی باوەڕداران بدا ، جارێ تر یاریدەی بێ باوەڕان بدا ، چونکە یارمەتی دان کارێکی گرنگە هـەرگیز شایستەی بـێ باوەڕان نیە. بەڵکو ویستی خوای مەزن وایە جارێ ئازاری گران تووشی بێ باوەڕان ئـەکا ، ئەگەر هەموو کاتێ ئازاری بێ باوەڕان گران بکا و ئازار لەسەر موسـولـمانان هـەڵبگرێ هەموو ئادەمیزاد بۆی دەرئەکوێ باوەڕهێنان بەئاین ڕاستە و ڕەوایە ، جگەی ئـەو پـووچ و نادروستە ، کەواتە هەموو ئادەمیزاد بەخۆشی بێ یابەترشی ئەبێ بـاوەڕ بـهێنن ، ئـەو کاتـە داواکردنی خوای مەزن لەئادەمیزاد بۆ فەرمانبەرداری بێ سـوودە وپاداشـت و سـزایش بێ‌جێگە ، وەك لەمەو بەر لەئایەتی (١٣٨) ی ئەم سورەتە باسی کرا .

لەڕۆژانی ڕابووردودا هێزی گەلان و سەرکەوتنیان بەهۆی دارایی و پیاوانی زۆر ئازا و کارامەوەبووە ، هەر گەلێ بەو جۆرە خۆیانیان بنواندایە سەرئەکەوتن ، بـەڵام ئێسـتا و ئـەم سەردەمەی ئێمە ئەو شـتانە باویـان نـەماوە. ئێسـتا زانیـاری و پیشەسـازی دەور ئـەبینێ ، نیشتمانی دانیشتوانی نەزان و نەخوێندەوار بێ هێز داگـیرکراو ئـەبێ باهـەموویان خـاوەنی سامانترینی دانیشتوانی سەر زەوی بن ، وەك زێڕی ڕەش زیوو خورما و دانەوێڵە و دەریا و زەریا ، بەڵام دانیشتوانی جێگەیە خوێنەوار و زانابن ، خاوەنی پیشەسازی بـن سـەرکەوتن بەدەست ئەهێنن ، هەرچەندە زەوی نیشتمانەکانیان چۆڵبن لەهەمو کانگایە ئەوەیش بەهۆی زانیاری و خوێنەواری‌یەوەیە ، بەناچاری گەلانی نەزان و بـێ هـێز ئەبنـە بچوکـی گـەلانی خاوەن زانست و بەهێز بیانەوێ یا نەیانەوێ .

موسوڵمانانی پێشوو لەسـەربازنە بـۆ سـوودی خۆیـان ئەسـوڕانەوە بـەگورجی بەیـەك ئەگەیشتن بەگوێرەی پێویستی ئەو کاتە زانین و پیشەسازی و چەك سازیان بەدەسـت ئـەهێنا بۆ سوودی دانیشتوان ، بەو بۆنەوە بوون بە پێشەوا و چاو لێکراوی هەموو گەلان . بەڵام لەم سەردەمەدا پەرتەوازەن و لەسەر هێڵی ڕاست پشت ئەکەنە یەکتری و هەرگیز تووشـی

یەکتری نابنەوە ، بەو بۆنەوە نەزانین و نەخوێنەواری و بێپیشەسازی بوەبە بەشیان و بـوون بەژێردەستەی دوژمنانی خۆیان و خوایان ، بۆیە بێ بـاوەڕانی ئێسـتا جێگـای موسـڵمانانی پێشوویان گرتەوە و بوون بەزاناو خوێندەوار .

زانستی بێ وێنەی خوای مەزن لەمەدایە لـــەگومان و نـەزانینداین و نـەزانن چ کەسـێ لەباوەڕداران و لـەبێ باوەڕان سەرئەکەون ، ئـادەمیزاد بەکۆششـی خۆیـان ئـەو گومـان و نەزانینە نەهێڵن بەهۆی ووردبوونەوەی زۆر قووڵ لەبەڵگە ڕاستی‌یەکانی ئایینی ئیسلام ، بۆ ئەوەپاداشتیان لەلای خوای مەزن گەورە و بەرێز بێ ، بۆئەوە خوا زانستی خـۆی ببەسـتێ بەو کەسانەوە باوەڕیان هێناوە و خاوەنی کۆششن لەمەو پاش و ئەفەرموێ :

﴿ وليعلم الله الذين آمنوا ﴾ ئێمە هێزی ڕۆژانی جەنگ ئـــەگۆڕین لـەنێوان ئـادەمیزاد لەمەوبەر مەبەست و زانستێکی تایبەتیە داوای ئەو گۆڕینەی کردووە ، لەبەر ئـەوەی خـوا بزانێ و ئاگادار بکا کەسانێکی ئەوتۆ باوەڕیان هێناوە جیا ببنەوە لـــەبێباوەڕان ، مەبەسـت ئەوە نیە خوازانا نەبووە بەوکەسانە باوەڕیان هێناوە و ڕۆژانی هێز ئەگۆڕێ هەتا باوەڕداران بناسێ کەبە و جۆرە نی‌یە ، چونکە خوا مەبەستی ئەمەیە خوا زانستی خۆی بـۆ بـاوەڕداران ئاشکرا ئەکا هەتا ئادەمیزاد بیان ناسن ، زانراوەکـانی خـوا زۆرن و زانینـی خـوا یەکـە و ناگۆڕێ هەربوە ئەوە ، بۆ نمونەیەکی لەئێمە ئەزانێ بەهاتنی بـەیانی ، دوایـی کاتـێ بـەیانی هات ئەزانێ بەیانی بوەبەئەمڕۆ ئـــەمڕۆیش ڕۆیشـت ئـەزانێ بـووە بـەڕابووردوو ، کەواتـە گۆڕان و تازە پەیدابوونێکە لەزانراوەکاندا پەیدا ئەبێ ، خوای مەزن ، باوەڕدار و بێ باوەڕ ئەزانێ بەر لـەوەی بۆ ئادەمیزاد دەرکەون ، کاتێ دەرکەوتن خوا ئـەزانێ بەجیابوونـەوەیان لای ئادەمیزاد .

﴿ ويتخذ منكم شهداء ﴾ وەبۆ ئەوە خوا وەربگـرێ کۆمـەڵێ لەشـەهیدەکانی ئێـوە و ڕێزیان لێ بگرێ بەبۆنەی ئارام و خۆڕاگرتنیانـــەوە لـەسـەر سـەختی جـەنگ و شـتی تـر . شەهید کەسێکی ئەوتۆیە خۆی بکا بەفیداکار بۆ بیروباوەڕی خـۆی ، چونکـە ئـەزانێ ئـەو ڕێگەیـە بەختیاریـە ، مانـەوەیان لەگـەڵ ستەمکاراندا شـــورەیی و خراپیی‌یـــە ، شـــەهید

لەپاشەڕۆژدا لەگەڵ پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ و دۆستانی خوادان و خوا شایەتیان بۆ ئەدا لەنێو هەموو گەلانی ئادەمیزادا .

ئەو کەسانەی لەجەنگی بێ باوەڕاندا بکوژرێن نوێژی مردوویان لەسەرناکرێ و ناشۆرێن ، بەو مەرجەی ئەو جەنگە کۆتایی پێ نەهاتبێ ، ئیتر بەهەر جۆرێ کوژرابێ ، بەڵام ئەو کەسانەی لەجەنگی یاخیەکان لەڕژێمی ئیسلامدا بکوژرێن ، یا لەپاش کۆتایی جەنگی بێ باوەڕاندا بکوژرێ بەهەر هۆیە بێ بەشەهید دانانرێن ، ئەبێ بشورێن و نوێژیان لەسەر بکرێ ، خوا بیکا بەبەشی شەهیدی .

﴿ واللہ لا یحب الظالمین ﴾ وەخوا ستەمکارانی خۆشا ناوێ ، هەڵیان نابژێرێ بۆ کوشتن لەڕێگەی خوادا ، هەورچەندە وائەبێ لەجەنگی باوەڕدارانا ئەکوژرێن ، یا سەر ئەکەون بۆ ئەوە ببێتە هۆی سەر لێشوان و ناسینیان لای ئادەمیزاد .

﴿ ولیمحص اللہ الذین آمنوا ﴾ وەبۆئەوەی خوا پاکی بکاتەوە کەسانێکی ئەو تۆ باوەڕیان هێناو بەهۆی ئەو گۆڕانەی هێزی ڕۆژەکانی جەنگ ، دەریان بخا بۆ ئادەمیزاد و تاقیان بکاتەوە .

﴿ ویمحق الکافرین ﴾ وەبۆئەوەی خوا بێ باوەڕان لەناو ببا بەهۆی ئەو گۆڕانەوە ، مەبەست لەناو بردنی ئەو بێ باوەڕانە تاقمێکی تایبەتن کەجەنگیان لەگەڵ پێغەمەر کردوە لەجەنگی ئوحودا ، ئەو تاقمە هەمویان کوژران جگە لەکەمێکیان کەلەوەپاش باوەڕیان هێنا ، وەك خالیدی کوڕی وەلید .

هەموو کەس ئەزانێ کەبێ باوەڕان هەموویان لەجەنگی ئاینی ئیسلامدا کوژراون و زۆربەیان ماونەتەوە و بێ باوەڕیشن ئەو مانایە ڕاستە ئەگەر مەبەست لەناوچوون سزای جیهانبێ .

لەجەنگی ئوحودا بە درۆ و بڵاو کرایەوە کە پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ کوژرا و بەو بۆنەیەوە موسوڵمانان بوون بەدوو بەشەوە : هەندێکیان ئەیان ووت : ئەگەر پێغەمەر بوایە نەئەکوژرا، هەندێ تریان ووتیان : ئێمە لەسەر فەرموودەکانی پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ ئەڕۆین و

جەنگ ئەکەین هەتا ئەکوژرێن و ئەچین بۆ خزمەت پێغەمەر ﴿ﷺ﴾، بـۆ ڕوون کردنـەوەی ئەو مەبەستە خوا فەرمووی:

أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تَدْخُلُوا۟ ٱلْجَنَّةَ وَلَمَّا يَعْلَمِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ جَٰهَدُوا۟ مِنكُمْ وَيَعْلَمَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿١٤٢﴾ وَلَقَدْ كُنتُمْ تَمَنَّوْنَ ٱلْمَوْتَ مِن قَبْلِ أَن تَلْقَوْهُ فَقَدْ رَأَيْتُمُوهُ وَأَنتُمْ تَنظُرُونَ ﴿١٤٣﴾

﴿ أم حسبتم أن تدخلوا الجنة ﴾ بـەڵکو ئایا ئێـوە گومانتـان ئـەبرد کـەئێوە ئەچنـە بەهەشـت ، وەك ئـەو کەسـانەی کـوژران و ئارامیـان گـرت لـەسـەر کوشـتن و ئـازار و برینداری ؟ ، پێویستە گومانتان وانەبێ .

﴿ ولما یعلم الله الذین جاهدوا منکم ویعلم الصابرین ﴾ وەهێشتا خوا نـەبینی و نیشـانی نەدا بەئادەمیزاد کەسانێکی ئەوتۆ کۆششیان کرد و خۆیان فیداکاری کرد لەئێوە ، چـوون بۆ نێو بەهەشت بەو جۆرە نەبێ دەستی هیچ کەسێ ناکەوێ ، کەخوا ببینێ و نیشانی بدا بە بەئادەمیزاد کەسانێ ئارامیان گرتووە و بێ فەرمانی پێغەمـەریان نـەکرد و جێگـەی خۆیـان چۆڵ نەکرد ، یانێ ئێوە ناچنە بەهەشت هەتا بەو جۆرە نەبن .

ئەو ئایەتە بەڵگەی ڕوون و ئاشکرایە لەسەر ئەمە کە ئـایینی ئیسـلام پـەیوەندی بتـەوی هەیە بە کردەوەی چاك لەژیانی جیهاندا ، مەرجی یەکەم بۆ نزیك بوونەوە لەخوا و ڕزگـار بوون بەهۆی ڕەزایەتی خواوە و بەشـداری لەپاداشـتا هـەر بەکۆشـش و مـاندوو بوونـە ، پەیوەندی بەڕاسـت گۆیـی و نیـازی پـاك و ئـارام گرتـن و خۆڕاگرتنـەوە هەیـە ، بـەڵام

دروستکردنی مزگەوت و تەکیە و خانەقا و ڕۆژوگرتن و نوێژ کردن و خوێندنی قورئـان ، ئەوانە هەموویان سوودیان نی‌یە مەگەر ببنە هۆکاریٚ ئادەمیزاد ڕاکێشن بۆ سوودی گشـتی یا ڕێگە بگرن لەزیان و ئازاری ئەوان ، بەگوێرەی یاسای قورئان خزمەتی دانیشـتوانی پـیٚ بکرێن .

دروشم و ئالاّ و بەیداخی ئاینی وەك نوێژەکان و جێگـەکانی پەرسـتن هەرچـەندە بـەبیٚ گومان ڕێزدار و پیرۆزن ، بەلّکو ئەوانە پێویستی ئـاینین و ئـەبیٚ بکرێـن ، دوایـی هـەموو دەولّەت و تاقمیٚ کەبیروباوەڕێکی تەنها کۆیـان ئەکاتـەوە نابـیٚ هـەبن مەگـەر هـەیان بـیٚ دروشم و ئالاّیە خۆیانی پیٚ دەرئەخەن و تاقم و پەیڕەوانی خۆیانیان پیٚ کۆئەکەنەوە . بـەلاّم ئەو دروشمانە نابنە جێگەی بڕوا ، لەجگەی ئـەو دروشمانـە شتیٚ تـری کاریگـەر هـەبیٚ ، مەبەست لەنوێژ بەتەنها کوڕنوش بردن و سوژدە بردن نی‌یە، بەلّکو ئـەوەی گرنگبـیٚ ئـەو شتەیە نوێژ کەر بەگوێرەی فەرمودەی خوا لەشی خۆی بەکار بهێنیٚ لەفەرماندان بەچاکە و ڕێگە گرتن لەخراپە و کاری بـێز لیٚ کـراوە، کۆبونـەوە لەمزگـەوتا پێویسـتە بـۆ ئـەوەبیٚ دانیشتوان سەر جەم پالّ بدەن بە بەیەکەوە و بەنیازی پاکەوە بۆ سوودی هەموان ، نەك بـۆ سوودی تایبەتی لایە و ئاژاوە و دووبـەرەکی نانـەوە . بەڕاسـتی لـەم سـەردەمەی ئێمـەدا دروشم و ئالاّی ئاینی بەکار دێنن بۆ لادانی دانیشتوان لەڕێگەی ڕاسـت ، زۆر لـەپارت و کۆمەلاّن هەن ناوی ئاین و نیشتمان پەروەری و ڕۆشنبیریان بەخۆیانـەوە نـاوە سـەرمایەیان لەڕژێمی بێگانەوە بۆ دیٚ و مزگەوت و تەکیە و خانەقای پیٚ دروست ئەکـەن و ووێنـەیان ئەگرن و ئەیان نێرنەوە بۆ لای ئەو ڕژێمە .

کۆمەلّیٚ لەهاوڕێکانی پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ ئاواتیـان ئەخواسـت و ئـەیان ووت : خۆزگایـە ئێمەش وەك هاوڕێکانمان لەجەنگی بەدردا لەڕێگەی خوادا خۆمانمان بدایە بە کوشت هـەتا بەو پلە بەرزە شاد ببوینایە ، کەچی کاتیٚ جـەنگی ئوحـود ڕوی دا ترسـان و ڕایـان کـرد پێغەمەریان بەجیٚ هێشت ، ئەوئاواتەی خواستبویان پالّیان پێوەنا ، بۆیـە خـوای مـەزن ڕوو ئەکاتە ئەوان و ئەفەرمویٚ :

﴿ ولقد كنتمم تمنون المـوت مـن قبـل أن تلقـوه ﴾ وەبەڕاسـتی ئێـوە ئـاواتی مردنتـان ئەخواست زۆر بەخۆشیەوە هەتا پلەی بەرێزی شەهادەت وەرگرن لەپێش ئەوە ئێوە بگـەن بەهۆی مردن بەتایبەتی لەم جەنگەی ئوحودا .

﴿ فقد رأيتموه وأنتم تنظرون ﴾ دوایی بەڕاسـتی ئێـوە بینیتـان جـەنگی ئوحـود و بـێ باوەڕان و ، لەکاتێکا ئێوە هێز و شیری بێ باوەڕانتان چاو پێ کەوت شکان و پێغەمـەرتان بەجێ هێشت ، لەکاتێکا براکانتان بەمردوویی ئەبینی .

بۆ هەموو ئادەمیزادێ ژینگە و کارێکی تایبـەتی خۆیـان هەیـە ، ئـەو ژینگـە و کارانـە دەستەڵات پەیدا ئەکەن بەسەر ڕەوشت و بیرو باوەڕیانا بەزۆری ، دوایـی بـۆ وێنـە پیـاوی لاوازو بـێ دەسـتەڵات سـتەمکردن لەهـەموو هـێزێ بـەخراپتر دائـەنێ ، هـەر کەسـێ لەژینگەیەکا بژی بت پەرستن هیچ خراپەیە لەبت پەرستیدا نـابینن ، مەگـەر ئـادەمیزادێکی زۆر ژیری وەك موحەمەدی کوڕی عەبدوڵا کەبەپاکی ڕەوشتی خۆی بت پەرستی لەیەکـەم کاتەوە بەخراپ ئەزانی .

بۆ نمونە زۆر هەژار و لاواز هەن ئەوپـەڕی ڕقـی خۆیـان دەرئـەبڕن بەرانبـەر بـەکار و کردەوەی ساماندارن و خاوەن هێزان ، باسی ستەم و ئازارو ئەشکەنجەدانیان ئەکەن .

کاتێ ئەو مرۆڤە هەژار و لاواز و بت پەرست و بێ ئاینانە بەجۆرێ تر گـۆڕان و بـوون بە ساماندار و خاوەن هێز و خوا پەرست خووڕەوشتیان ئەگۆڕێ بەجۆرێ تر ، ئەو شتانەی لەوەو بەر نـەفرەتیان لێ ئـەکردن ئێسـتا لایـان زۆر بـەرێز و پـیرۆزن . بـەچاوی خۆمـان زۆرکەسمان دیوە دژی ساماندار و کاربەدەستان بـوون ، دوایـی هـەر ئـەو کەسـانە بـوون بەساماندارو خاوەنی پلەو پایەی ستەم لێ کراوی و هەژاری خۆیانیان لەبیر ئەچێ و لـەمان خراپتر ئەبن ، هەروەها چەندین مرۆڤی بت پەرست و بێ ئاین کـەباوەڕیان هێنـا ئەوپـەڕی بێزاری خۆیان دەرئەبڕن بۆ بیر و باوەڕە کۆنەکانیان.

خوای مەزن بەو ئایەتەی پێشوو بەچەندین ئایەتی تری دوایی ئەو نەریت و ژینگانە بیری ئادەمیزاد ئەخاتەوە ، بۆئەوەی بزانن ئادەمیزاد لـەگۆڕان و گەشـە کردنـدان بەبـەردەوامی

بەڵام مرۆڤی ژیر و کارامەی زۆر بەویژدان لەخۆی بایی نابێ و گرنگی بەهاتوو چۆ و گۆڕانی نەریت و ژینگە نادا ، هەژاری و لاوازی و سامانداری و پلەو پایە کاری تێ ناکا، وایان دائەنێ ئەو شتانە دێن و ئەڕۆن و نامێنن ، هەروەها ئەو کەسانە خاوەنی بیروباوەڕی ڕاستن و لە هەموو شتێ بەڕاستی و باوەڕەوە تێ گەیشتوون ناگۆڕێن لەخۆشیدا بن یا لەتاڵیدا ، هەموو چاکەیە بۆ خۆیان و بۆ جگەی خۆیان بەڕەوا ئەنێن ، هیچ شتێکی خراپی تازە پەیدابوو سەریان لێ تێك نادا ، مرۆڤی چاك و خراپیان بۆ ڕوون بوەتەوە ، بیروباوەڕی چاك و خراپ لایان ڕوونە . ئەگێڕنەوە کاتێ عەبدوڵای کوڕی ئەبو قەمئە بەردێکی هاویشت بۆ پێغەمەر و ڕوومەتی پیرۆزی پێغەمەر بریندار کردو ددانێکی پێغەمەری شکاند ، پاسەوان و بەیداخ هەڵگری پێغەمەریشی کوشت ، وایشی زانی پێغەمەریش کوژراوە جاڕی دا بەنێو خەڵکا و ووتی : موحەمەد کوژراوە ، بەو بۆنەوە هەندێکی زۆر لەهاوڕێکانی پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ ڕووخان و هەڵهاتن لەگەرمەی جەنگدا و پێغەمەریان بەجێ هێشت ، هەندێ تریان ووتیان . کە پێغەمەر کوژرابێ ئێمە خەریکی چ شتێکین ، بۆیە خوای مەزن بەسەر زەنشتەوە فەرمووی :

وَمَا مُحَمَّدٌ إِلَّا رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِ ٱلرُّسُلُ ۚ أَفَإِيْن مَّاتَ أَوْ قُتِلَ ٱنقَلَبْتُمْ عَلَىٰٓ أَعْقَٰبِكُمْ ۚ وَمَن يَنقَلِبْ عَلَىٰ عَقِبَيْهِ فَلَن يَضُرَّ ٱللَّهَ شَيْـًٔا ۗ وَسَيَجْزِى ٱللَّهُ ٱلشَّٰكِرِينَ ﴿١٤٤﴾ وَمَا كَانَ لِنَفْسٍ أَن تَمُوتَ إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ كِتَٰبًا مُّؤَجَّلًا ۗ وَمَن يُرِدْ

ثَوَابَ ٱلدُّنْيَا نُؤْتِهِۦ مِنْهَا وَمَن يُرِدْ ثَوَابَ ٱلْءَاخِرَةِ نُؤْتِهِۦ
مِنْهَا ۚ وَسَنَجْزِى ٱلشَّٰكِرِينَ ﴿١٤٥﴾ وَكَأَيِّن مِّن نَّبِىٍّ قَٰتَلَ مَعَهُۥ
رِبِّيُّونَ كَثِيرٌ فَمَا وَهَنُوا۟ لِمَآ أَصَابَهُمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَمَا ضَعُفُوا۟
وَمَا ٱسْتَكَانُوا۟ ۗ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿١٤٦﴾ وَمَا كَانَ قَوْلَهُمْ
إِلَّآ أَن قَالُوا۟ رَبَّنَا ٱغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَإِسْرَافَنَا فِىٓ أَمْرِنَا وَثَبِّتْ
أَقْدَامَنَا وَٱنصُرْنَا عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿١٤٧﴾ فَـَٔاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ
ثَوَابَ ٱلدُّنْيَا وَحُسْنَ ثَوَابِ ٱلْءَاخِرَةِ ۗ وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿١٤٨﴾

﴿ وما محمد إلاّ رسولٌ قَدْ خلت من قبله الرسل ﴾ وەموحەمەد هیچ شتێ نی‌یە مەگەر ئادەمیزادێکە نێرراوە بۆ ئەوە پەیامی پەروەردگاری خوا بگەیەنێ بەبەندەکانی ، هەرکاتێ ڕایگەیاند کارەکەی کۆتایی پێ دێ ، پەیامی خوا پەیوەندی بە مانەوەی موحەمەدەوە نی‌یە بەڵکو ئەو پەیامە بەردەوامە بەمانەوەی خوای مەزنەوەو خوا هەرئەمێنێ ، بەڕاستی بەر لەموحەمەد چەندین پێغەمەری تر ڕابووردوون و مردوون و ئامۆژگاری‌یەکانیان ماونەتەوە، موحەمەدیش بمرێ پەیامەکەی هەر ئەمێنێ پێویستە لەسەر ئێوە دەست بگرن بەئاینی موحەمەد دوای مردنی .

﴿ أفئن ماتَ أوْ قُتِلْ أنقَلَبْتُمْ على أعقابِكُم ﴾ دوایی ئەگەر موحەمەد مرد لەجێگەی خۆیا یا کوژرا ئایا ئێوە ئەگەڕێنەوە بۆ لای کاری پێشوتان ، ئێوە ئەتانەوێ بگەڕێنەوە بۆ

لای بێ باوەڕان و هەڵگەڕێنەوە لەئاینی ئیسلام ، ئێــوە نابــێ ئــەو کــارە بکــەن موحەمــەد نەمێنێ، خوا و ئاینی موحەمەد ئەمێنێ .

﴿ وَمَنْ يَنقَلِبُ على عَقِبَيهِ فَلَنْ يَضر الله شيئاً ﴾ وەهەر کەســێ بگەڕێتــەوە بــۆلای بــیرو باوەڕی پێشویی و واز لەئاینی ئیسلام بهێنێ ، دوایی وەرگەڕانی ئەو کەسانە زیان لــەخودا نادەن هیچ شتێ .

﴿ وَسَيَجزي الله الشاكرين ﴾ وەخوا لەمەو دوا بەم نزیکە پاداشتی ئەو کەسانە ئەداتەوە سوپاسی خوا ئەکەن و پەشیمان ئەبنەوە و ئەگەڕێنەوە بۆ لای ئاینی ئیسلام .

﴿ وَماكانَ لِنفسٍ أنْ تَموتَ إلاّ بِإذنِ الله كِتاباً مؤجلاً ﴾ وەنیــە هیــچ کەســێ کــە بمــرێ مەگەر بەدەستوری خوا ، ئەو مردنە نوسراوە بەنوسراوێکی خاوەن کــاتی دیــاری کــراو ، ئەو کەسە نەلەبەر ئەو کاتــە و نەلــەپاش ئــەو کاتــە نــامرێ و نــاژێ ، کەواتــە ڕاکــردن و خۆشاردنەوە و ترسان ئەو کاتە درێژ ناکەنەوە ، ئــازایی و پــەلامار دانــی دوژمــن کورتــی ناکاتەوە ... چەندین پرسیار هەن زۆر مرۆڤی بێ باوەڕ و بــاوەڕ دانەمــەزراو پرســیاری بــۆ ئەکەن و بەرپای ئەکەن :

پرسیار / ئەو شتەی ئێمە ئەیبینین ئەمەیە کەبەڕاستی بۆ مردن هەیە چەندین هۆی تایبەتی، وەك کوشتن و خنکان و ڕشانەوە و چەندین شتی تر ، ئەوانە دژی ئــەوەن کــەکاتی مــردن دیاری کراوە بەهۆی زانینی خوای مەزنەوە ؟

وەڵام / لەوانەدا هیچ هۆیە تر نیيە بۆ مردن جگەی ئەو کاتە دیاری کراوە لای خــوا ، چونکە ڕشانەوە بڵاو ئەبێتەوە لەجێگەیەکدا ، لەگــەڵ ئــەوەدا لاوێکــی بــەهێز ئــەمرێ و پیرێکی پەك کەوتە نامرێ ، زۆر لێدان هەیە پیاوێ ئەکوژێ کەچی هەر ئەو لێدانە پیــاوێ تر ناکوژێ ، ئەگەر ئەو هۆیانە بۆ هەموو کات بونایە ئەبوایە کاری بکردایــە ســەر هــەموو کەسێ بەبێ جیاوازی ، کەواتە خوا دیاری کردووە لەو کاتەدا بمرن .

پرسیار / بەگوێرەی ناوەرۆکی ئەو ئایەتە ئەبێ پیاو کوژ بەرپرسیار نەبێ لەبەردەم خوادا بەکوشتنی پیاوێ تر ؟

وەلاّم / بەڕاستی کوژراوەکە مردووە بەهۆی کاتی دیاری کراو بۆ مردنەکەی ، پیاو کوژیش شایستەی سزادانە چونکە پەلاماری شتێکی داوە خوا قەدەغەی کردووە ، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەیتوانی کەخۆی لێ دوور بخاتەوە و وازی لەو پیاوە بهێنایە بەهۆی شتی ترەوە بمردایە . کەواتە کوشتن و کاتی دیاری کراو لەیەك کاتا کۆبونەتەوە لەجێگەیەکی تەنهادا کەلەشی پیاوە کوژراوەکەیە .

لەمەو بەر باسکرا کە تیر هاوێژەکان بێ فەرمانی پێغەمەریان کرد ، جێگەی خۆیانیان چۆڵ کرد ، دەستیان کرد بە کۆبونەوەی تالاّن ، بەو بۆنەوە بت پەرستان پەلاماریان دان هەندێکیان کوژران و ئەوانی تریان ڕایان کرد ، دوایی خوا بەسەر زەنشتەوە بەوان ئەفەرموێ :

﴿ وَمَنْ يَرِدْ ثواب الدنيا نُؤتِهِ مِنها وَمَنْ يُرِدْ ثوابَ الآخرةِ نؤتِهِ مِنْهاوَسَنَجزي الشاكرين ﴾ وەهەرکەسێ بەجەنگ کردن مەبەستی پاداشتی جیهانبێ ئێمە ئەو پاداشتەی ئەدەینێ و لەجیهاندا و لەپاشەڕۆژدا بەشی تری بۆ نی‌یە و ، هەرکەسێ مەبەستی پاداشتی پاشەڕۆژبێ ئێمە ئەو پاداشتەی ئەدەینێ بەهەر جۆرێ شایانی بێ ، ئێمە پاداشتی باوەڕدارانی سوپاس کەر ئەدەینەوە کەهیچ شتێ لای نەداون بۆ جەنگ کردن و مەبەستیان هەر خوا بووە .

ناوەڕۆکی ئەو ئایەتە هەرچەندە دەربارەی جەنگ هاتوەتە خوارەوە بەلاّم هەموو فەرمانێکی خوای مەزن ئەگرێتەوە ، بەگوێرەی مەبەستی خۆیان لەپاداشتی جیهان و پاداشتی دوارۆژ . هەرکەسێ جەنگ بکا بۆ بەرزی ئاینی ئیسلام پاداشتی خۆی وەرئەگرێ لەتالاّن و شایانی پاداشتی لای خوای مەزنیشە ، هەرکەسێ جەنگ بکا بۆ مەبەستی پاداشتی جیهان و پاداشتی پاشەڕۆژ خوای مەزن هەردوو پاداشتەکەی ئەداتێ ، بەپێچەوانەی نوێژ و ڕۆژوو زەکات ، ئەوانە ئەبێ بەتەنها هەر مەبەستی خوابێ ، ئەگەر مەبەستی جگەی خوابێ ئەوانە پووچ ئەکاتەوە و لای خوا پاداشتیان بۆ نابێ .

ئەو کەسانەی دوای مانای ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمەر بکەون ئەبێ بزانن نیازی دڵ کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر بڕیاردان بۆ ڕوون کردنەوەی گفتوگۆ و

کردەوەی پیاو چاکان و پیاو خراپــان . جێگـەی سەرسـوڕمان نی‌یـە کـەدڵ و دەروونـی ئادەمیزاد بنچینەی هەموو شتێکن، بە بزوتنەوەی دڵ ژیانی ئادەمیزاد دەست پێ دەکات، بە وەستانی دڵ کۆتایی بە مانەوە ژیانیا دێــی، هـەر دڵیشـە جێگـەی بـاوەڕی بـاوەڕداران و ترسانیان لـە خوا، هەردڵە جێگەی ئاوات و چاوچنۆکی و خۆشەویستی و کینەو ئــازایی و ترسنۆکی و یەك ڕوویی و دووڕوویی و قینیات و بێ باوەڕی و ستەم کردن و هـەموو شـتی تر. کەواتە کردەوەی ئادەمیزاد ئەگۆڕرین بە گۆڕانی نیازی دڵیان، بـەو بۆنـەوە ئـادەمیزاد ئەتوانن ڕێگە بدۆزنەوە بۆ خۆیان بە گوێرەی نیازو نیشانەی دیاری کراویی خۆیان، هەر لـە سەرەتای ژیانیانەوە هەتا کۆتایی تەمەنیان، بە دەرکەوتنی کارو فرمانیان چاکبــێ یـا خــراپ ئەتوانرێ بڕیار بدرێ لـەسەر شاراوەی نیازی دڵیان بە هۆی ئەو کــارو فرمانەیانـەوە بـەڵام نیازی دڵ بەبێ کردەوە بایەخی پێ نادرێ، ئەبێ ئەو نیازە کــردەوەی لـەگـەڵبێ هـەتا ئـەو کەسە شایانی پاداشت یا تۆڵەبێ.

با ئەمەیش بزانــرێ نیــازی کردنـی گونـاە هەرچـەندە خـۆی لـە خۆیانـەوە قەدەغەیـە خاوەنەکەی شایستەی سزایە. بەڵام خوای مەزن بە میـــهرەبانی خـۆی ئـەو سـزایە لـەسـەر خاوەن نیازەکە لائەبا، بە مەرجێ گوناهەکە نەکا، نیازی چاکە لای یاسای ئیسلام بە چاکـە بۆ خاوەنەکەی ئەنوسرێ، نیازی خراپەی ڕووت بە گوناە دانانرێ.

خوای مەزن بۆ کۆتایی هــاتن بەســەر زەنشــت و تــەمێدا دانــی جـەنگاوەرانی ئوحـود ئەفەرموێ بە هەڵهاتوەکان: پێغەمبەرانی پێشوو پەیڕەوەکانیان چاکترین هۆن ئێوە چاویان لێ بکەن، چونکە ئەوان ڕێگەو شوێنی خۆیانیان چۆڵ نەئــەکرد خــاوەن ئــارام بـوون لـەسـەر جەنگ هەڵنەئەهاتن، چۆن ئێوەی موسڵمان شایانی ئەوەن هەڵبێن و بڕوخێن، بۆیـە خـوای مەزن ئەفەرموێ:

﴿ وَكَأَيِّن مِّن نَّبِيٍّ قَاتَلَ مَعَهُ رِبِّيُّونَ كَثِيرٌ ﴾ وە زۆر لــە پێغەمبـەران جـەنگیان کـردووە لـەگەڵیان کۆمەڵێکی زۆر زاناو لـە خواترس و خۆپارێز، زۆریان لـێــی کـوژراوە. ژمـارەی سوپای ئەو پێغەمبەرا چەندە بوبن مەبەستەکە ناگۆڕێ.

﴿ فَما وَهَنُوا لِما أصابَهُمْ في سَبيلِ اللهِ وَما ضَعُفوا وَمَا اسْتَكافُوا ﴾ دوایــی ئـەو زانایانـە لاوازی ڕووی تێ نەکردوون لـەبەر ئەو شتەی توشی ئەوان بووە لـە ڕێگەی خوا لـە گوشتن و ئازارو بریندارى زۆرجاریش پێغەمبەرەکانیان لەگـەڵیانا کـوژران و، ئـەو زانایانـە لاواز نەئەبون بۆ جەنگ کردن و نەئەترسان و، سەریان شـۆڕنەکرد بـە دەربڕینـی بـۆ دوژمنـانی خۆیان.

﴿ واللهُ يُحِبُ الصّابِرينَ ﴾ وە خوا خـۆ ڕاگـران و خـاوەن ئارامـەکانی خـۆش ئـەوێ، یارمەتیان ئەداو ڕێزداران لای خوا.

﴿ وَما كانَ قَوْلُهُمْ إلا أنْ قالُوا رَبَّنا أغْفِرِ لَنا ذُنُوبَنا وإسرافَنا وَثَبِتْ فِـي أمْرِنـا ﴾ وە ئـەو زانا لـە خوا ترسانە هیچ گفتوگۆیێکیان نەبوو دوای کوشـتنیان مەگـەر ئـەیان ووت: ئـەی پەروەردەکەری ئێمە تۆ خۆشبە بۆ ئێمە لـە گوناهەکانمان و لـە لادانمان لـە سنوری بـەندایێتی خۆمان و، تۆ توند بکە پێکانی ئێمە لـە جێگەی خۆیانا لـە جەنگدا و خۆمان ڕاگرین.

﴿ وأنْصُرنا عَلَى الْقَومِ الْكافِرِ ينَ ﴾ وەتۆ یارمەتی ئێمە بدەو زاڵمان بکە بەسـەر تـاقمی بێ باوەڕاندا، ترس و بیم بخەرە دڵیان، هەتا گوڕێز بدەن لـە جەنگدا.

﴿ فأتاهُمُ اللهُ ثَوابَ الدُنيا ﴾ دووایی خوا بەخشیبوی بەو زانایانە پاداشتی جیهان لـەسەر کەوتن و تالان و زاڵبون بەسەر دوژمنان و لێ بوردنی خواو باسکردنیان بە چاکە.

﴿ وَحُسْنَ ثَوابِ الأخِـرَةِ واللهُ يُحِـبُ الْمُحْسِنِنْ ﴾ وە پێـی دابـوون شـیرینی پاداشـتی پاشەڕۆژ لـە بەهەشت و خۆشی و ژیانی بەردەوامی و، خوا چاکەکەرانی خۆش ئـەوێن کـە بریتـین لـەو زانـا لــە خـوا ترسـانەو هـەموو کەسـانێ وەك ئـەوان وابـن و بـێ فـەرمانی پێغەمبەرەکانیان نەکەن.

هاوڕێکانی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ شکان و ڕایان کردو وازیان لـە پێغەمبەر هێناو وایان زانـی کوژراوە، بەو بۆنەوە دوو ڕوەکان ووتیان: بگەڕێنەوە بۆلای ئایینی خۆتان ئەگەر موحەمەد فروستادەی خوا بوایە نەئەگوژرا، خوای گەورە بۆتەمێ کردنیان فەرموی:

يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تُطِيعُواْ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ
يَرُدُّوكُمْ عَلَىٰٓ أَعْقَـٰبِكُمْ فَتَنقَلِبُواْ خَـٰسِرِينَ ﴿١٤٩﴾
بَلِ ٱللَّهُ مَوْلَىٰكُمْ وَهُوَ خَيْرُ ٱلنَّـٰصِرِينَ ﴿١٥٠﴾ سَنُلْقِى
فِى قُلُوبِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ٱلرُّعْبَ بِمَآ أَشْرَكُواْ بِٱللَّهِ
مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِۦ سُلْطَـٰنًا وَمَأْوَىٰهُمُ ٱلنَّارُ وَبِئْسَ
مَثْوَى ٱلظَّـٰلِمِينَ ﴿١٥١﴾

﴿ يا لأَيُّها الّذِيْنَ أمنُوا إن تُطِعُوا الذّينَ كَفَرُوا يَرُدُوكُمْ عَلى أعْقابِكُمْ ﴾ ئەی کەسانێکی ئەوتۆ باوەڕتان هێناوە ئەگەر ئێوە فەرمانبەرداریی کەسانێکی ئەوتۆ بکەن، باوەڕیان نەهێناوە وەك بت پەرستانی عەرەب و، دوڕوەکان ئەوان ئێوە ئەگێڕنەوە بۆلای ئاینەکەی پێشوەکەی خۆتان کە بێ باوەڕی و بت پەرستیە، ئەتان گێڕنەوە پاشەو پاش.

﴿ فَتَنْقَلِبُوا خاسِرِينَ ﴾ دوایی ئێوە ئەگەڕێنەوە بۆلای زیانۆمەندان لە هەردوو جیهاندا، زیاندار ئەبن بەسەر خواری بۆ بێ باوەڕان و بە چونە ناوی دۆزەخ.

هەموو ئادەمیزادێ ڕاست بکا یا درۆ بکا ئاوات ئەخوازێ هەموو ئادەمیزاد لەسەر ئاین و بیروبڕوای ئەوبێ، جیاوازی لە نێوانیانا ئەمەیە: پەیڕەوی کردنی ناڕاست و پوچ بازان زیان بەخشە، پەیڕەوی کردنی ڕاست وێژان قازانج و سود بەخشە، بۆیە خوا باوەڕداران لە بێ باوەڕان ئەترسێنێ ئەفەرموێ:

﴿ بَلِ اللهُ مَوْلاكُمْ وَهُوَ خَيْرُ الناصِرِين ﴾ بەڵکو خوا خاوەن دۆست و یاریدەر ئێوەیەو، خوا چاکترینی یاریدەرانە، مرۆڤی باوەڕدار نابێ بیر لە پەیڕەوی و دۆستایێتی بێ باوەڕان بکاتەوە، گوێی لە فێڵ و خراپەکاری ئەوان نەگرێ، هەرکەسی خوا یاریدەری بێت پێویستی بە یارمەتی و دۆستایێتی کەسی تر نییە... بێ باوەڕان کە لە جەنگی ئوحودا گەڕانەوە بۆ مەکە وتیان: کارێکی خراپمان کرد کە موسڵمانانمان بنەبڕ نەکردن خۆ کەمێکیان مابوو. کەواتە با بگەڕێینەوە بنەبڕیان بکەن، کاتێ ویستیان بچنەوە بۆ جەنگ کردن لەگەڵ موسڵمانان خوا ترسی خستە دڵیان و گەڕانەوە، بەو بۆنەوە خوا فەرموی:

﴿ سَنُلقي في قُلوبِ الَّذين كَفَروا الرُّعْبَ بِما أشْرَكُوا باللهِ ما لَمْ يَنْزِلْ بِهِ سُلْطاناً ﴾ ئێمە ئەخەینە دڵی کەسانێکی ئەوتۆ باوەڕیان نەهێنا ترس و بیم بە هۆی شتێ ئەوان هاوبەشیان داناوە بۆ خوا بە شتێ خوا نەیناردوەتە خوارەوە بەڵگەیە کە ئەو شتە گرنگی پێ بدرێ. کەواتە ئێوەی موسڵمان نابێ بترسن لە بت پەرستان لەبەر ئەوەی ئێوەیان شکاندوە لە جەنگی ئوحودا، ئەوان کە هاوبەش دائەنێن بۆخوا لاسایی پێشوانی خۆیان ئەکەنەو بەبێ نامەیە خوا ناردبێتە خوارەوە.

﴿ ومَأواهُمْ النارُ وَبِئْسَ مَثْوى الظالِمِينْ ﴾ وە جێگەی بێ باوەڕان ئاگری دۆزەخە، وە ئاگری دۆزەخ شوێن و ئارامگای ستەمکارانە.

لەمەوبەر زانیمان کە موسڵمانان هەندێ لە عەرەبە بت پەرستەکانیان لە جەنگی ئوحودا کوشت، بەردەوامیشبوون لەسەر کوشتنیان هەتا تیر هاوێژەکان شوێنەکانی خۆیانیان چۆڵ کرد کە پێغەمبەر بۆیانی دیاری کردبو. لەو کاتەدا خالدی کوڕی وەلید لە پشتەوە پەلاماری باوەڕدارانی دا عبدولای کوڕی جوبەیرو هاوڕێکانی کوژران، بت پەرستان هورەیان بەرزبویەوە، باوەڕداران شکان و (٧٠) کەسیان لێ کوژرا، لەو کاتەدا مرۆڤێ جاڕی دا وا موحەمەد کوژراوە. پاش ئەو جارە خوای مەزن ئازایی و هورەی خستەوە دڵی موسڵمانان و گەڕانەوە، پەلاماری بت پەرستانیان دایەوەو شکاندنیان، بەو بۆنەوە خوای مەزن بەڵێنی بۆ باوەڕداران ڕوون کردەوە کە ئێوە سەر ئەکەون. فەرمووی:

وَلَقَدْ صَدَقَكُمُ ٱللَّهُ وَعْدَهُۥٓ إِذْ تَحُسُّونَهُم بِإِذْنِهِۦ ۖ حَتَّىٰٓ إِذَا فَشِلْتُمْ وَتَنَٰزَعْتُمْ فِى ٱلْأَمْرِ وَعَصَيْتُم مِّنۢ بَعْدِ مَآ أَرَىٰكُم مَّا تُحِبُّونَ ۚ مِنكُم مَّن يُرِيدُ ٱلدُّنْيَا وَمِنكُم مَّن يُرِيدُ ٱلْءَاخِرَةَ ۚ ثُمَّ صَرَفَكُمْ عَنْهُمْ لِيَبْتَلِيَكُمْ ۖ وَلَقَدْ عَفَا عَنكُمْ ۗ وَٱللَّهُ ذُو فَضْلٍ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١٥٢﴾

﴿ ولَقَدْ صدقكُمْ الله وَعْدَهُ إذْ تَحُسُّونَهُمْ بأذْنِ الله ﴾ وە خوا ڕاستی کرد لە بەڵێنی خۆیدا بۆ ئێوە کە ئێوە سەر ئەکەون کاتێ ئێوە جەنگتان ئەکرد لەگەڵ بێ باوەڕان و ئەتان ویست بیان کوژن و بنەبڕیان بکەن بە دەستوری خواو بە گوێرەی زانستی خۆی، ئێوە بەردەوامبوون لەسەر کوشتنیان.

﴿ حَتى إذا فَشِلْتُمْ وتنازَعْتُمْ في الأمْرِ ﴾ هەتا ئێوە ترسان لەبێ باوەڕان و ناکۆکیتان لێی پەیدا بوو لە نێو خۆتانا لە بارەی جەنگ کردنتانەوە، هەندێکتان ووتتان ئێمە جەنگ ئەکەین و هەندێکتان ووتتان ئێمە جەنگ ناکەین کاتێ بێژرا پێغەمەر کوژراوەو تیر هاوێژەکان شوێنی خۆیانیان چۆڵ کرد.

﴿ وَعَصَيْتُمْ مِنْ بَعْدِ ما أراكُمْ ما تُحِبُّونَ ﴾ وە ئێوە بێ فەرمانی پێغەمبەری خۆتانتان کرد بەجێ هێشتنی ئەو جێگەیە پێغەمبەر بۆی دیاری کردبوون لە پاش ئەوەی خوا نیشانی دا بە ئێوە شتێ پێتان خۆشبوو لەسەر کەوتن و تالاّن و شکانی دوژمن.

﴿ مِنْكُمْ مَنْ يُرِيدُ الدُّنْيا وَمِنْكُمْ مِنْ يُرِيدُ الأخِرَة ﴾ هەندێ لە ئێوە کەسێ بوو کاروباری جیهانتان ئەویست کە ئەوانە تیر هاوێژەکانبوون جێگەی خۆیانیان بەجێ هێشت بە تەمای کۆکردنەوەی تالاّن و، هەندێ لە ئێوە کەسێ بو پاداشتی دووا ڕۆژی ئەویست وەك ئەو کەسانەی لە جێگەی خۆیان مانەوە لە گەڵ گەورەکەیان عەبدولاّی کوڕی جوبەیر هەتا بە پلەی شەهادەت گەیشتن.

﴿ ثُمَ صَرَفَكُمْ عَنْهُمْ لِيَبْتَلِيَكُمْ ﴾ لە پاشا خوا یارمەتی خۆی لە ئێوە گرتەوەو بێ باوەڕان زاڵبوون بەسەر ئێوەدا بۆ ئەوە ئێوە تاقی بکاتەوە ئارام گرتنتان لەسەر ئازارو خۆڕاگرتنتان لە نێو دانیشتواندا و هەریەکەتان بە گوێرەی کردەوەی خۆتان پاداشت وەربگرن. ئەگینا خوا مەزن بەر لە هەموو شتێ نیازی هەموو کەس ئەزانێ.

﴿ وَلَقَدْ عَفا عَنْكُمْ واللهُ فَضْلٍ عَلى الْمُؤمِنينَ ﴾ وە بە ڕاستی خوا لەو بێ فەرمانی ئێوە کە جێگەی خۆتانتان چۆڵ کرد لێتان بوورد پاش پەشیمان بوونەوەتان وە خوا خاوەنی گەورەیی و بەزەییە بەسەر باوەڕدارانەوە لە گوناهەکانیان خۆش ئەبێ دوای پەشیمان بوونەوەیان.

خوای مەزن یادی ئەو کەسانە ئەخاتەوە لە جەنگی ئوحودا شکان چۆن ترسان لە بێ باوەڕان و هەڵهاتن و ئاوڕیان لەکەس نەدایەوە، وولاّمی جاڕی پێغەمبەریان نەدایەوە کاتێ بە تەنها لە جێگەی خۆیا مایەوە کە ئەیفەرمو: من فروستادەی خوامو نەکوژراوم بگەڕێنەوە مەترسن، بەو بۆنەیەوە خوا مەزن ڕوو ئەکاتە هەڵهاتوەکان و ئەفەرموێ:

إِذۡ تُصۡعِدُونَ وَلَا تَلۡوُۥنَ عَلَىٰٓ أَحَدٖ
وَٱلرَّسُولُ يَدۡعُوكُمۡ فِيٓ أُخۡرَىٰكُمۡ فَأَثَٰبَكُمۡ
غَمَّۢا بِغَمّٖ لِّكَيۡلَا تَحۡزَنُواْ عَلَىٰ مَا فَاتَكُمۡ
وَلَا مَآ أَصَٰبَكُمۡۗ وَٱللَّهُ خَبِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ ﴿١٥٣﴾
ثُمَّ أَنزَلَ عَلَيۡكُم مِّنۢ بَعۡدِ ٱلۡغَمِّ أَمَنَةٗ نُّعَاسٗا يَغۡشَىٰ طَآئِفَةٗ
مِّنكُمۡۖ وَطَآئِفَةٞ قَدۡ أَهَمَّتۡهُمۡ أَنفُسُهُمۡ يَظُنُّونَ بِٱللَّهِ غَيۡرَ
ٱلۡحَقِّ ظَنَّ ٱلۡجَٰهِلِيَّةِۖ يَقُولُونَ هَل لَّنَا مِنَ ٱلۡأَمۡرِ مِن شَيۡءٖۗ
قُلۡ إِنَّ ٱلۡأَمۡرَ كُلَّهُۥ لِلَّهِۗ يُخۡفُونَ فِيٓ أَنفُسِهِم مَّا لَا يُبۡدُونَ لَكَۖ
يَقُولُونَ لَوۡ كَانَ لَنَا مِنَ ٱلۡأَمۡرِ شَيۡءٞ مَّا قُتِلۡنَا هَٰهُنَاۗ قُل لَّوۡ كُنتُمۡ
فِي بُيُوتِكُمۡ لَبَرَزَ ٱلَّذِينَ كُتِبَ عَلَيۡهِمُ ٱلۡقَتۡلُ إِلَىٰ مَضَاجِعِهِمۡۖ
وَلِيَبۡتَلِيَ ٱللَّهُ مَا فِي صُدُورِكُمۡ وَلِيُمَحِّصَ مَا فِي قُلُوبِكُمۡۚ
وَٱللَّهُ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ﴿١٥٤﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَوَلَّوۡاْ مِنكُمۡ

يَوْمَ ٱلْتَقَى ٱلْجَمْعَانِ إِنَّمَا ٱسْتَزَلَّهُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ بِبَعْضِ مَا كَسَبُوا۟ ۖ وَلَقَدْ عَفَا ٱللَّهُ عَنْهُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ حَلِيمٌ ﴿١٥٥﴾

﴿ إذ تُصْعِدون وَلا تَلْوُون ﴾ خوا لە ئێوە خۆشبوو کاتێ ئێوە زۆر بە تیژی ڕاتـان کـرد بە زەویدا لە ترسی بێ باوەڕان و، ئاوڕتان نەئەدایەوە بۆلایەکترو کەستان بـۆ هیـچ کەسـێ نەئەوەستان.

﴿ وَالرَّسُولُ يَدْعُوكُمْ في أخراكُمْ ﴾ وە فروستادەی خـوا لـــە دوای تاقمێکتانـــەوە وەستابوو بانگی ئێوەی ئەکرد. ئێوە بێن بۆلای من پێغەمەرم و نەکوژراوم، هەرکەسێ زوتر بگەڕێتووە ئەچێتە بەهەشت.

﴿ فأثابَكُمْ غَما بِغَمٍ ﴾ دوای ئەو کارە نارەوایە ئێوە کردتان هەڵـــهاتن و خـوا پاداشـتی ئێوەی دایەوە بە خەفەتێکی گەورە کە توشتان بوو بە هۆی شکانتان بەهۆی ئـەو خەفەتـەوە توشی پێغەمەربووبووە بە ڕاستی خەفەتی زۆر توشی هەڵـــهاتوەکان بـوو: لەوانـە کوشـتنی براکانیان سەرکەوتنی بت پەرستان و پەشیمان بوونەوەیان لەو گوناهـەی کردبویـان. ئـەو خەفەتانەتان توشبوو.

﴿ لِكَيْلا تَحزَنوا عَلى ما فاتَكُمْ وَلا ماأصابَكُمْ والله خَبيرٌ بِمـا تَعْمَلُـونَ ﴾ لەبـەر ئـەوەی ئێوە خەفەت نەخۆن لەسەر شتێ لە کیسی ئێوە چووە لەسەر کەوتن و تـالآن و، خەفـەت نەخۆن بۆ شتێ توشتان بوو لە کوشتن و بریندارى، هەتا ئێوە ڕام بین لەسەر خۆڕاگرتـن و ئارام گرتن و، خوا ئاگادارە بە شتێ ئێوە بیکەن لە چاکەو لە خراپە و پاداشـتان ئەداتـەوە لەسەریان.

(ئەو کەسانەی لە جەنگی ئوحودا لە خزمەت پێغەمبەردابوون دوو تاقمبوون):

١- ئەو کەسانە بوون باوەڕ داری ڕاستی بوون و بڕوایان وابوو ئیسلام سەر ئەکـەوێ بەسەر هەموو ئایینەکاندا، چونکە پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ هەواڵی پێدابوون. بەڵام شکانی جارێ یـا

زۆرتر نابێته هۆی بنەبڕبوونی ئیسلام و نەمانی موسڵمانان، لـە بـارەی ئـەو تاقمـەوە خـوا ڕویان تێ ئەکاو ئەفەرموێ:

﴿ ثُمَّ أَنْزَلَ عَلَيْكُمْ مِنْ بَعْدِ الْغَمِ أَمَنَةً نُعاساً يغشى طائِفَةً مِنْكُمْ ﴾ لە پاشا خـوا ڕەوانـەی کرد بەسەر ئێوەدا لـە دووای ئەو خەفەتەی توشتان بو ئاسایش و خۆشـێ کـە بریتـی بـوو لەوەنەوزێ تاقمێ لـە ئێوەی داگرت و توشتان بوو خەفەتەکەتان نەما. بێگومان خەوتن لـە کاتی خەفەتی گەورە دا چتاکترین شتێکە بۆ خەفەتباران.

ئەو تاقمە بریتی بوون لەو کەسانە چاویان بە باوەڕکرابووەوە، وەك ئەبو بەکر. عومـەر. عەلی. تەلحە. سەعدی کوڕی ئـەبی وەقـاس لـە کـۆچ کـەران. حاریسـی کـوڕی سـەمە. سوهەیلی کوڕی حەنیف لە یاریدەران.

٢– ئەو کەسانە بوون لە جەنگی ئوحودا ڕایـان کـرد و نەگەڕانـەوە بـۆلای پێغەمبـەر ﴿ﷺ﴾ وەك دوو ڕوەکان کە خوا باسیان ئەکا بەم کارە خراپانە:

أ– ﴿ وَطائِفَةٌ قَدْ أهمتهم أَنْفُسَهُمْ ﴾ وە تاقمێ تریان بە ڕاستی خۆیان خۆیان خسـتبووە نێو خەفەتەوە ئەو تاقمە وەنەوزنەی گرتن چونکە ترس و خەفەت دای گرتبوون، ئەوانـەیش بریتی بوون لە عەبدوڵای کوڕی ئوبەی. مەتعەب کوڕی قوشەیر و تاقمەکانیان. ئەو ئایەتـە ئاماژە ئەکا کە باوەڕی تەواو داوای کاری چاك ئـەکا بـۆ ئـادەمیزاد. ئـەو کەسـەی هـەر سودی خۆی مەبەستێتی و ئەو کەسە باوەڕی ناتەواوە.

ب– ﴿ يَظُنُّونَ باللهِ غَيْرَ ظَنِ الْجاهِلِيَةِ ﴾ ئەو تاقمە گومان ئەبەنە خوا جگە لە ڕاستی بـە وێنەی گومان بردنی کاتی بەر لە هاتنی ئیسلام، گومانیـان وابوخـوا یارمـەتی موحەمـەد و موسڵمانان نادا. بڵاویان کردەوە بەدرۆ کە موحەمەد کوژراوە کـاری موسـڵمانان تـەواو بوو نەما، نەیان ئەزانی جەنگ و سەرکەوتن هەر جارێ بۆ لایێکە.

جـ– ﴿ يَقُولُونَ هَلْ لَنا مِنَ الأَمْرِ شيءً ﴾ ئەو تاقمە ئەڵێن: ئایا بۆ ئێمە ئەبێ لەو شـتەی خوا فەرمانی پێداوە لە یارمەتی و سەرکەوتن بەشتێ. یانێ ئەو شتانە بۆ ئێمە نابن.

خوای مەزن فەرمانی دا بە پێغەمەری ڕێزدار: وولامی ئەو تاقمە بداتەوە کە هیچ فەرمانێ نەبە دەستی ئێوەیەو نەبە دەستی جگەی ئێوە، بە ڕاستی هەموو فەرمانێ بە دەستی خوایە، بۆیە خوا ئەفەرموێ:

﴿ قُلْ إنَ الأمْرَ كُلَهُ لله ﴾ تۆ بلێ بە ڕاستی هەموو کارو فەرمانێ هەر بۆخوایەو بە دەستی خوایە لە یارمەتی و لەسەر کەوتن، ئێمە هەر بیستن و فەرمانبەرداریمان بەدەستە.

﴿ يُخْفُونَ في أنْفُسِهِمْ مالا يُبْدونَ لَكَ ﴾ ئەیشارنەوە لە دەرونی خۆیانا شتێ ئاشکرای ناکەن بۆتۆ لە دوڕوی. بەدەم ئەڵێن: ئێمە داوای سەرکەوتن ئەکەین، لە دەرونیانا دووڕویی و بێ باوەڕیە.

﴿ يَقولُونَ لَوْ كانَ لَنا مَنَ الأمْرِ شئٌ ما قُتِلْنا ها هُنا ﴾ ئەڵێن لە دەرونی خۆیانا: ئەگەر بۆ ئێمە ببوایە شتێ لەوانە موحەمەد بەڵێنی دابوو بە ئێمە کە سەرکەوتن بۆ خوایەو بۆ ئێمەیە، نەئەکوژراین و نەئەشکاین لەم جەنگەداو ئازارمان توش نەئەبوو.

﴿ قُلْ لَوْ كُنْتُمْ في بُيُوتِكُمْ لَبرَزَ الذينَ كُتِبَ عَلَيْهِمْ القَتْلُ إلى مصنا جِعْهِم ﴾ تۆ بلێ بەو دوو ڕووانە: ئەگەر لەنێو خانووی خۆتانا بونایەو نەهاتنایەتە دەرەوەیش بە ڕاستی ئەچونە دەرەوە کەسانێکی ئەوتۆ نوسرابوو لەسەریان کوشتن و خوا بڕیاری دا بۆ بکوژوتن بۆلای جێگەی کوشتنیان و لەناو چونیان، مانەوە یان لە مەدینە سودی بۆیان ئەبوو، چونکە پێش تر خوا بڕیاری دابوو بکوژرێن... خوای مەزن ئەو کارانە ئەکا لەسەرکەوتن و لە شکاندن لە جەنگدا لەبەر چەندین هۆیکی زۆر.

﴿ وَلِيَبْتَلي اللهُ ما في صُدورِكُمْ ﴾ وە بۆئەوەی خوا تاقی بکاتەوە شتێ لە دڵی ئێوەدایەو شاراوەکانی دەربخا لە نیازی پاك و لە دووڕوی بۆ ئادەمیزاد کەواتە ئازاری ڕۆژی ئوحود سەنگی تاقیکردنەوەیە کە باوەڕدارو دووڕوان لەیەك جویێ بکاتەوە.

﴿ وَلُميحص ما في قُلُوبِكُمْ واللهُ عَلِيمٌ بذاتِ الصُدُور ﴾ وە بۆ ئەوەی خوا ئاشکرای بکا شتێ لە دڵی ئێوەدایە لە گومان و لە دووڕویی و پاکتان بکاتەوە لە دڵەڕاوکێ و، خوا ئەزانێ بەو شتانە لە دڵانا هەیەو پەنهان دراوە.

ئەگەر ئادەمیزاد بە درێژای تەمەنی بە ئاسایش و بە خۆشی بژین و توشی ئازار و ئێش و ڕوداوی خراپ نەبن، بێگومان ئاشکرایە ئەوەیش لە ئەقڵەوە دوورە. بە ڕاستی ئازار دەروونی ئادەمیزاد پاك ئەکاتەوە. ئارام گرتنە لەسەر ناخۆشی ئادەمیزاد بگەیەنێ بۆلای هەموو ئاواتی خۆی. بە ڕاستی تاقیکردنەوە بەڵگەی داوە بە ئێمە کە جەنگاوەران و ڕامیار پیشەو بازرگان و جووتیارو هونەرمەندو کرێکار ئەوانە هەموویان ناگەن بە ئاواتی خۆیان بە جگەی خۆ ڕاگرتن و ئارام گرتن لەسەر ناخۆشی و ئازارو ماندوبون.

ئەگەر زۆر بە قوڵی بۆی داچین بۆمان ڕوون ئەبێتەوە هۆکانی ژێر کەوتن لاوازی و ترس بێ ئارامیە. هەموو کەس لە ژیانی خۆیا توشی زۆر ئازارو گیرگرفت بووە، بڕوای بە تینی پەیدا کردووە ئارام گرتن زۆر شت بۆ مرۆڤ ئەڕەخسێنێ، بۆیان دەرکەوتووە ژیری و زیرەکی سودبەخش نین بەبێ ئارام گرتن و خۆڕاگرتن.

خوای مەزن ڕوئەکاتە ئەو کەسانەی بێ فەرمانی پێغەمەر ئەکەن، بە تایبەتی تیر هاوێژەکان جێگەی خۆیانیان چۆڵ کردو وایان زانی کە بێ باوەڕان توشی شکانی یەکجاری بوون و ئەفەرموێ:

﴿ إِنَّ الَّذِينَ تَوَلَّوا مِنكُمْ يَوْمَ الْتَقَى الْجَمْعَانِ ﴾ بە ڕاستی کەسانێکی ئەوتۆ لە ئێوە پشتیان کردە جەنگ و شکان و ڕایان کردو وازیان لە پێغەمەر هێنا لەو ڕۆژەدا ئەو دوو کۆمەڵە بەیەك گەیشتن و بەرانبەری یەك وەستان لە باوەڕداران و بێ باوەڕان لە جەنگی ئوحودا. باوەڕداران پەرتە وازەبون بە پەرێشانی.

﴿ إِنَّمَا اسْتَزَلَّهُمُ الشَّيْطَانُ بِبَعْضِ مَا كَسَبُوا ﴾ بە ڕاستی شەیتان ئەو کەسانەی خستە نێو هەڵەو لاوازی بە هۆی شتێ کردبویان لە بێ فەرمانی پێغەمەرو چۆڵ کردنی ئەو جێگەیە بۆیانی دیاری کردبو.

﴿ وَلَقَدْ عَفَا اللهُ عَنْهُمْ إن الله غَفُورٌ حَلِيمٌ ﴾ وە بە ڕاستی خوا لەوان خۆشبوە گوناهەکانیانی لابرد لەسەریان، بە هۆی پەشیمان بونەوەیان. بە ڕاستی خوا لێی بوردنی زۆرە بۆ گوناهباران، لەسەر خۆیەو کوتوپڕ سزای تاوان باران نادا.

بۆ زانین ئەو ئایەتە تیر هاوێژان و جگەی ئەوانیش ئەگرێتەوە کە هەڵهاتن لە باوەڕداران. ئەو کەسانە ناگرێتەوە بەردەوامن لەسەر دووڕووی، چونکە لەو دووڕوانە خۆشنابێ و، دوڕوی زۆر گەوترە لە بت پەرستی ئاشکرایی.

پاش ئەو شتانەی باسکران خوای مەزن قەدەغە ئەکا لە باوەڕداران چاو لە گفتوگۆو کردەوەی دوو رووان نەکەن و نەیان کەن بە پێشەوای خۆیان و ئەفەرموێ:

يَٰٓأَيُّهَا
ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَقَالُواْ لِإِخْوَٰنِهِمْ إِذَا
ضَرَبُواْ فِي ٱلْأَرْضِ أَوْ كَانُواْ غُزًّى لَّوْ كَانُواْ عِندَنَا مَا مَاتُواْ وَمَا
قُتِلُواْ لِيَجْعَلَ ٱللَّهُ ذَٰلِكَ حَسْرَةً فِي قُلُوبِهِمْۗ وَٱللَّهُ يُحْيِۦ وَيُمِيتُۗ
وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿١٥٦﴾ وَلَئِن قُتِلْتُمْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ
أَوْ مُتُّمْ لَمَغْفِرَةٌ مِّنَ ٱللَّهِ وَرَحْمَةٌ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ ﴿١٥٧﴾
وَلَئِن مُّتُّمْ أَوْ قُتِلْتُمْ لَإِلَى ٱللَّهِ تُحْشَرُونَ ﴿١٥٨﴾

﴿ یا أَیها الذینَ أمنوا لا تَکُونُوا کَـالذینَ کَفَـروا ﴾ ئـەی کەسـانێکی ئـەوتۆ باوەڕتـان هێناوەو مانەوەی جیهان لـە خـواوٚ ئەناسـن: ئێـوە وەك کەسـانێکی ئـەوتۆ مـەبن باوەڕیـان نەهێناوە، وێنەی دووڕووان بە تایبەتی عبدولاّی کوڕی ئوبەی و تاقمەکەی.

﴿ وَقالوا لأَخْوانِهِمْ إذا ضرَبوا في الأَرْضِ ﴾ وە ئـەیان ووت بـە براکـانی خۆیـان، کـە مردبون لە کاتێ گەڕابوون بە زەویـدا بـۆ بازرگـانی و پێویسـتی ژیانیـان و ئـەمردن لـەو کاروانەدا.

﴿ أَوْكانُوا غُزّیً لَو كانوا عِنْدَنا ما ماتُوا وَما قُتِلُوا ﴾ یا جەنگاوەر بونایـەو بچونایـە بـۆ جەنگ و بکوژرانایە لەو جەنگەدا: ئەگەر ئێوە لای ئێمە بونایە و نەچونایـە بـۆ کـاروان و جەنگ ئەوانەن ئەمردن و نەئەکوژران... مەبەست لـە براکانیان برای پشتی نیـە بـە تەنـها. بەلّکو برای ئایینی و و بیروباوەڕو برای پیشەیی و جگەی ئەوانیش ئەگرێتەوە.

بێ باوەڕان و دوو ڕوەکان لایان وابوو کاروان و جەنگ ئەوانی مراندوەو کوشتوونی. نەك خوا مراندونی و کوشـتونی لـە کـاتی دیـاری کـراو بۆیـان، بۆیـە خـوای مـەزن بـە موسلّمانان ئەفەرموێ ئێوە وەك ئەو بـێ باوەڕانـە مـەبن، پێویسـتە ئێـوە وابزانـن مـردن و کوشتن لەهەر جێگەیێ بە ویستی خوایەو کاتی بۆ دیاری کردوە... ئێـوەی بـاوەڕدار وەك بێ باوەڕان مەبن لـە گفتوگۆو کرداریان.

﴿ لِيَجْعَلَ اللهُ ذِلكَ حسْرَةً في قُلُوبِهِمْ ﴾ هەتا خـوا بگـێڕی ئـەو لـەیـەك نەچونـەتان بـە خەفەت لە دلّی بێ باوەڕاندا و لـە دەرونیانا ئەگەر وەك ئەوان وابن ئـەوان کـەیف خـۆش ئەکا.

﴿ واللهُ يُحْيِي وَيُميتُ واللهُ بِما تَعْلَمونَ بَصيرٌ ﴾ وەخوا بە زیندوویی ئەهێلّێتەوە کـاروان کەران و جەنگاوەران و، ئەمرێنێ دانیشتوان و جەنگ نەکەران، جەنگ و کاروان دەوری نیەو هەموو شتێ بە دەستی خوایەوە خـوا ئـەبینێ شـتێ ئێـوە بیکـەن و ئـەیزانی پاداشـتی کردەوەی خۆتانتان ئەداتەوە لە چاك و خراپیان.

﴿ وَلَئِنْ قُتِلْتُمْ في سَبيلِ اللهِ أَوْ مُتُمْ لِمَغْفِرَةٌ من اللهِ وَرَحْمَةٌ خَيرٌ مِما يَجْمَعُونَ ﴾ وە ئەگـەر ئێوە بکوژێن لە ڕێگەی جەنگ کردن بۆ خوا یا ئێوە بمرن لـە خانەی خۆتانا بە ڕاستی لێـی

خۆشبونی خواو بەزەیی و میهرەبانی خوا چاکترە لەو شتەی ئێوە کۆی بکەنەوە لە سامان و پلەو پایەو خواردەمەنی و کۆشك.

هەموو کەسێ بەرگری لە ڕاستی بکا یا بەرگری لە خۆی بە چەکبێ یا بە پێنوس یا بە زمان و لەو ڕێگەدا بکوژرێ ئەو کەسە لە ڕێگەی خوادا کوژراوە. هەموو کەسێ خۆی ماندو بکاو خەبات بکا لەبەرگوزەرانی خۆی و خێزانی یا بۆ فێربوونی زانست و زانیاری یا بۆ هەر ڕێگەیەبێ سوود ببەخشێ بە ئادەمیزاد بە ڕاستی لە ڕێگەی خوادا ئەمرێ، هەموو کەسانێ بەو جۆرانە بن شایانی لێ بوردنن لەلای خواو شایستەی پلەی بەرزن لە هەردوو جیهاندا.

﴿ وَلَئِنَ مُتُمْ أَوْ قُتِلْتُمْ لأَلى اللهِ تُحْشَرُونَ ﴾ وە ئەگەر ئێوە بمرن یا بکوژرێن بە ڕاستی ئێوە هەربۆ لای خوا ئەگێڕرێنەوە. ئەوەیە پاشە ڕۆژی ئادەمیزاد، ئیتر یەکسانە ئایا گیان بە کوشتن دەرچێ لە لەشدا یا بەشتێ تر ئادەمیزاد پاداشت وەرئەگری بە وشتەی کردویتی، ئەگەر چاکبێ چاکەی ئەدرێتێ، ئەگەر خرا بێ خوا خراپە بە پاداشتی ئەوە مرۆڤێ ژێر ئەو کەسەیە خۆی ئامادە بکا ئەمرۆ بۆ پاشەڕۆژ، خۆی گێل نەکا بە گفتوگۆ: ئەگەر وابوایە. یا ئەگەر وابێ ، خوای مەزن لە ئایەتەکانی پێشوودا ڕوی کردە هاوڕێکانی پێغەمەر (د.خ) لەمەوپاش ڕوو ئەکاتە پێغەمەر ﴿ﷺ﴾. لە باسەکانی ڕابوردودا بۆمان دەرکەوت کە هاوڕێکانی پێغەمەر لە جەنگی ئوحودا هەندێکیان بێ فەرمانی پێغەمەریان کرد، بەو بۆنەوە گوناهباربون و شکان و پێغەمەریان بە بریندارى بەجێهێشت. لەو کاتە ناسکەدا کە جەنگ هێشتا کۆتایی پێ نەهاتبوو تاقمێکی زۆرکەم لە خزمەتیا مابوونەوەو خۆیانیان ڕاگرت و هەڵنەهاتن، پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ بانگی هەڵهاتوانی کردو فەرموی: وەرنەوە بۆلای من و فروستادەی خوام ماوم و نەکوژراوم.

پاش کۆتایی جەنگ موسڵمانان گەڕانەوە بۆلای پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ کەچی پێغەمەر سەرزەنشتی نەکردن لەگەڵ ئەوەشدا شایانی زۆر شتبون، پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ چاوپۆشی لێ کردن و سەرباری ئەوەیش بە گەرمی خۆش و تاوازەی لەگەڵ کردن، بە نەرمی لەگەڵیانا

کەوتە گفتوگۆ، ئەو نەرمیەی پێغەمەر لەگەڵ ئەوان بوو بە هۆی یارمەتی و خۆڕاگرتنیان لە پاشە ڕۆژدا، کە ڕەوشتی پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ کە بەندەیەکی خوایە وابێ، بێگومان خوای مەزن میهرەبانی و بەزەیی زۆر ترو بێ ئەندازەیە لەگەڵ بەندەکانی خۆیا.

خوای مەزن گۆشەیە لە میهرەبانی و بەزەیی پێغەمەر لەگەڵ پەیڕەوانی باس ئەکاو ڕوئەکاتە پێغەمەر ئەفەرموێ:

فَبِمَا رَحْمَةٍ مِّنَ
اللَّهِ لِنتَ لَهُمْ ۖ وَلَوْ كُنتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لَانفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ ۖ
فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ ۖ فَإِذَا عَزَمْتَ
فَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ ۚ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَوَكِّلِينَ ﴿١٥٩﴾ إِن يَنصُرْكُمُ اللَّهُ
فَلَا غَالِبَ لَكُمْ ۖ وَإِن يَخْذُلْكُمْ فَمَن ذَا الَّذِي يَنصُرُكُم مِّن
بَعْدِهِ ۗ وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ ﴿١٦٠﴾

﴿فَبِما رَحْمَةٍ مِنَ اللهِ لِنْتَ لَهُمْ﴾ نەرمی تۆو ئاسانی ڕەوشتی تۆ بۆ هاوڕێ هەڵهاتوەکانت و توڕە نەبونت لەوان بە هۆی یاریدانی خوایە بۆتۆ. زۆر جێگەی سەر سوڕمان و شانازیە بۆتۆە.

﴿ وَلَوْ كُنْتَ فَظاغَلِيظَ الْقَلْبِ لا نَفْضَوُا مِنْ حَوْلِكَ ﴾ وە ئەگەر تۆ ڕودر ژووشك بوتیایە و دڵ ڕەق و ڕەوشت خراپ و کەم ئارام بویتایە بە ڕاستی هاوڕێکانت لە دەوری تۆ نەئەمان و پەرتەوازە ئەبوون و کاری تۆ تەواو نەئەبوو پەیامی تۆ بلاوەی نەئەسەند.

بە ڕاستی لە ناردنی پێغەمەر ڕانموویی خەڵکە بۆلای ڕاستی، ئەوان گوێی لە کەسێ ئەگرن دڵیان مەیلی بۆلای بێ دەرونیان ئارام بگرێ، دەرونیش مەیلی بۆلای یەکێ ئەبێ دڵێکی نەرم و خاوەن بەزەیی هەبێ، بە وێنە دڵی موحەمەد ﴿ ﷺ ﴾ بگرە بۆ هەموو بونەوەران فەرمانی داوە بە بەزەیی لەگەڵیان.

﴿ فأعْفُ عَنـهُمْ وَأسْتَغْفِرْ لَـهُمْ وَشـاوِرْهُمْ في الأمْـرِ ﴾ دوای تۆ ببورە لە هەڵەی هاورێکانت لە ڕۆژی ئوحودا، داوای لێ بوردن بکە بۆ ئەوان لەخوا کەلای تۆیان چۆڵ کرد بە بریندارى، وە تۆ ڕاوێژ و پرسیان پێ بکە لەو کارانەدا ئەتەوێ بیان کەی. بە تایبەتی کاری جەنگ کردن هەتا دڵیان خۆش بێ. ئەو فەرماندانە بە ڕاوپرس پێویست نیە. بەڵکو چاکە ڕاوێژ بکرێ.

بەهەر جۆرێ بێ بیروباوەڕو یاسای ئایین بە ووشە لەلای خوایەوە، هیچ کەسێ بیروڕای تێدا نیە هەتا پێغەمەریش، چونکە ئەو ڕاگەیەنەرە یاسا دانەر نیە ﴿ لَيْسَ لَكَ مِـنَ مِنَ الأمِـرِ شيءً إنما أنْتَ مُنْذِرٌ ﴾ بۆتۆ نیە هیچ شتێ لە کاروکردەوەی ئادەمیزاد بە ڕاستی تۆ ترسێنەری ئەوانی و بەس.

﴿ فأذا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلى اللهِ لإن اللهَ يَحِبُ الْمُتَوَكِّلينْ ﴾ دوایی کاتێ تۆ ویستت و بیرت بەسترا لەسەر کردنی شتێ بە هۆی ڕاوێژو پرسەوە یا بەبێ پرس و ڕاوێژ بڕۆو بیکە و دووایی تۆ پشت بەستبە بە خوا، وە تۆ ئامادە بکە چەك و تفاق داوای یارمەتی لە خوا بکە بۆسەر کەوتن. بە ڕاستی خوا ئەو کەسانە پشت بە خوا ببەستن خۆشی ئەوێن.

﴿ إن يَنْصُرَكُمْ اللهُ فَلا غالِبَ لَكُمْ ﴾ ئەگەر خوا یارمەتی ئێوە بدا، وەك یارمەتی ئێوەی دا لە جەنگی بەدرا، دوایی هیچ کەسێ زاڵ نابێ بەسەر ئێوەدا ، چونکە خوا یاریدەرتانە بە مەرجێ خۆ ڕاگربن. بەڵام پاش یارمەتی خوا پێویستە ئێوە ئاماە بکەن ئەوەی تواناتان هەیە لە چەك و تفاق ﴿ وَأعِدّوا لَهُمْ ما أسْتَطَعْتُمْ ﴾.

﴿ وَإنْ يَخْذُلْكُـمْ فَمَـنْ ذا الـذي يَنْصُرُكُـمْ مِـنْ بَعْـدِهِ وَعَلـى اللهِ فَلْيَتَوَكَـلْ الْمُؤمِنـينَ ﴾ وەئەگەر خوا ئێوە ڕسوا بکاو یارمەتیتان نەدا لەو کاتانەدا تووشی جەنگ ئەبن، دوایی چ

کەسێکە یارمەتی ئێوە بدا لە دوای یارمەتی خواو، هەر ئـەبێ لەسـەر خـوا پشت بەستین باوەڕداران، پوختەی مانای ئەو ئایەتانە بەم جۆرەیە: بە ڕاستی ئامادەکردنی چـەك و تفـاق بەبێ نیازو پیشتوانی خوا سوود بەخشنابێ، هەروەك نیازی پاکیش بەبێ چەك بێ سوودە بە گوێرەی تاقی کردنەوەی ڕوداوەکان. بەڵام هەرکەسێ خاوەنی هـەردوو لایانبـێ هـەرگیز ژێرناکەوێ، چونکە خوا لـە گەڵیانـە خـوای مـەزن لـەو دوو ئایەتـەدا باسـی پێغەمـەری ئیسلامی فەرموو کە ئەو میهرەبانی و یارمەتیەی پێ بەخشیوە. کەواتە وا چاکە بـۆ ئێمـە و بگرە پێویستە و شایانی ئەو پێغەمەریە ئێمە باسی ژیانی بکەین لـە مـاوەی تەمـەنیا و بزانـین ڕەوشتی ئاشکراو نهێنی ئەو پێغەمەرە چۆن بووە.

١- عەبدولاّ کوڕی عبدولموتەلیبی باوکی پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ چو بۆ بازرگـانی لـە شـام و لەو کاتەدا ئامینەی دایکی پێغەمەر، پێغەمەری لە سکدا بوو، باوکی لەوسەرەوە گەڕایـەوە چوو بۆ مەدینە بۆ دیدەنی خالۆانی پێغەمەر، لەوێ نـەخۆش کـەوت بـەبێ سامان کۆچـی دوایی کرد، جگە لە پێنج هوشترو چـەند سـەرێ مـەڕو کارەکـەرێ بـە نـاوی بورکـەی حەبەشی هیچ شتێ تری بۆ پێغەمەر بەجێ نەهێشت، پاش لە دایکبوونی پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ بـە ڕێکەوتی (١٢) ڕەبیعی یەکەم لە ساڵی (٥٧٠) زایینی.

٢- پاش لە دایکبوونی پێغەمـەر ﴿ﷺ﴾ بـۆ چـەند ڕۆژێ سـویبەی کارەکـەری ئـازاد کراوی ئەبو لەهەب شیری دایە، لە پاشا حولیمەی سەعدیە بردی بۆلای خـۆی بـۆ لادێ بو بە دایەنی و شیری دایە هەتا لە شـیر بڕایـەوە. پێغەمـەر ﴿ﷺ﴾ (٦٣) سـاڵ ژیـاوە، لـە تەمەنی (٤٠) ساڵیدا کرا بە پێغەمەر (٥٣) ساڵ لە مەکە بووە، دووایـی کۆچـی دووایـی کردووە بۆ مەدینە (١٠) ساڵ لە مەدینە ماوەتەوە، لە تەمەنی (٦٣) ساڵیدا کۆچی دووایی کردووە، لە مەدینە لەشی پیرۆزی نێژراوە. لە تەمەنی (٦) ساڵیدا دایکی پێغەمـەر کۆچـی دووایی کردووە، دوایی عبدولموتەلیبی باپیری بـە خێـوی کـرد، لـە تەمـەنی (٨) سـاڵیدا باپیریشی کۆچی دووایی کرد، لە پاشا ئەبو تالیبی مامی بەخێوی کرد، بە یەکـەوە مانـەوە هەتا پێغەمەر تەمەنی بو بە (٤٣) ساڵ لەو کاتەدا ئەبوتالیبیش کۆچی دوایی کرد.

٣- شێوەی دەرەوەی پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ باڵای نە درێژو نەکورت و میانە باڵا بووە. سەری پیرۆزی گەورەو، ڕومەت و دەم و چاوخڕ. تەوێڵی پان و ڕێك و پێك، برۆکانی نزیك پەیوەستبوون، چاوی دەمارێ لە نێوانیابووە کاتێ ڕقی هەڵسایە بەرز ئەبووەوە، هەردوو چاوانی ڕەش، پێڵوی چاوی سوور. کەوانە لوت. پوك شیرین و جوان. دەم گەورەو شیاو. ڕیش گەورە. موی سەری شەپۆلاوی و خاوەن جولە. مل بەرز. سنگ پان. قۆڵەکانی درێژ، هەردوو قاچی باریك ڕەنگی سپی و مەیلەو سور. دەمار توندو تۆڵ. لەشی خوارو خیچی تێدا نەبوو. کاتێ تووڕە ببوایە ڕەنگی سوور هەڵئەگەڕا. لە کاتی خەفەتا دەستی ئەهێنا بە ڕیشیا. لە کاتی گفتوگۆدا ئاماژەی بە هەموو ناو لەپی ئەکرد. لە کاتی سەر سوڕماندا دەستی وەرئەگێڕا و نێو لەپی ئەخستەوە بەرەو خۆی، درێژەی بدایە بە گفتوگۆ ناو لەپی ڕاستی ئەدا لە پەنجە گەورەی چەپی. هەرکاتێ شتێکی خراپی ببینایە ڕووی وەرئەگێڕاو کاتێ بپێژمیایە دەمی خۆی دائەپۆشی پێ ئەکەنی و دگانی پێشەوەی دەرئەکەوت. زەردەخەنەی زۆر بووە. هیچ خواردەمەنێکی نەگێڕاوەتەوە. خۆی بۆ خواردەمەنی مانوو نەئەکرد. بۆ خواردەمەنی خۆڕاگر بووە بەجۆرێ بەردی ئەنایە سەر سکی لە برسانا. کاتی وا بوو مانگێ ئەڕۆیشت و نان لە خانەیدا دەست نەئەکەوت و ئارامی ئەگرت. وایشبووە ناردویێتی بۆلای جولەکەکان شتێکی بدەنێ بە قەرزو نەیان ئەدایە بە بیانوی ئەوە موحەمەد خاوەنی دارایی نیە بۆبژاردنی. هەرگیز خاوەنی دوو دەست بەرگ و پۆشاك نەبووە. تەنها یەك حەسیری هەبوو بە ڕۆژ دای ئەخست و بەشەو لەسەری ئەخەوت. کاتی وابووە ئەو خەسیرە شوێنی لە لەشیا دیاری ئەکرد. خاوەنی یەك پشتی بووە بەگەڵای خورما پڕی کردبوو. پێڵاو کراسی خۆی بینە کردووە دوربوێتەوە. سواری گوێ درێژ بووە. لەگەڵ ئەوانە هەموودا خاوەنی کۆکراوەی دارایی نیو دورگەی عەرەب بووە. هەر سامانێك و دارایی بۆ بهاتایە هەمووی ئەبەخشی، هەرگیز لە هەژاری نەترساوە.

٤- پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ هەرچەندە خاوەنی سامان و دارایی نەبووە وە کۆی نەکردونەتەوە، بە هەژاری ڕازی نەبووە وە خۆی نەیویستووە، هەرگیز هەژاری لا بەرێز نەبووە. بگرە زۆر

جاران پەنای گرتووە لە هەژاری. بەڵام لەبەر ئەوەی لەنێو کۆمەڵگەیەکی هەژاردا ئەژیا چاکترین پەیڕەوی دانا بۆ هەموو کاتێ کە کاربەدەستان لایەنی هەژاران بگرن، یەکسانبن لەگەڵیانا لە خواردن و خواردنەوەو بەرگ دانیشتن، هیچ ستەم و تاوانێ لەوە گەورەتر نیە کار بەدەستان تێر بن و لەنێو ژێر دەستەکانیدا برسێکی تەنها هەبێ.

٥- پلەی بانگەوازی پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ یەکەم جار لە خزم و هۆزی نزیکی خۆیەوە دەستی پێ کردووەو ترساندونی لە سزای خوا. پاش خزمەکانی هەموو هۆزی نەتەوەی عەرەب، دوایی نەتەوەکانی تری جگەی عەرەب، چونکە خوا فەرمانی پێ داوە بۆسەر هەموو ئادەمیزاد نێرراوی و میهرەبانیت بۆ هەمویانە. بانگەوازیت بەردەوامە بۆ هەموو جیهان هەتا هەتایە بەڵام پێغەمەرانی تر هەریەکەیان بۆ گەلێك و تاقمێکی تایبەتی نێردراون. ئەوە بوو بە گوێرەی فەرمانی خوا نوسراوی بۆ زۆربەی پاشاو سەرۆکەکانی جگەی عەرەبیش نارد. بە تایبەتی کیسرای پاشای فارسەکان و قەیسەری پاشای ڕۆم بۆ وەرگرتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، هەتا بەو بۆنەوە توشی سزای خوا نەبن و ڕزگاریان ببێ لە هەڵگرتنی گوناهی گەلەکانیان.

٦- گەورەترین وێنەی نهێنی بۆ گەورەیی و ڕێزداری پێغەمەری ئایینی ئیسلام ئەمەیە : ئەو کەسەی لای وابێ موحەمەد دروست کەرو ڕۆزەدەری ئادەمیزادە بەبێ باوەڕ و خوا نەناس دائەنرێ . ئەوە لەلایەکەوە ، لەلایە ترەوە ، ئەبێ وابزانرێ پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ کە هەموو ئادەمیزادیش وێنەی ئەو نین لەهەمو ڕوێکەوە ، گەورە ترین کەس لەئادەمیزاد ئەمەیە بڕیار بۆ گەورەیی و ڕێزی موحەمەد بدا بەزمان و بەدڵ بەئاشکرا و بەشێوازە گشتیەکانیەوە وەنابێ پێغەمەر وەك یەکێ لەپیاوە گەورەکان و زانا سود بەخشەکانی سەر زەوی دانرێ ، پێویستە هەموو زانایان بەناونیشان و ئەدرەس پێغەمەر بەگەورەترین کەسی سەرزەوی دابنێن بەزمان و بەدڵ و بڕیاری بۆ بدەن .

٧- نیشانەی گەورەیی و ڕێزی پیێغەمەر ﴿ﷺ﴾ ئەمەیە : خەفەتی بۆ ناخۆشی و ئازاری هەموو ئادەمیزاد خواردووە ، زۆری لەهیچ کەسێ نەکردووە لەخزمەکانی و لەبێگانە

خەفەتی بۆ بخۆن و خۆیان تووشی ئازار بکەن ، لەگەڵ بێوەژنان و هەژاران بەخۆشیەوە ئەچوو بەرێگەوە و هەر پێویستیەکیان ببوا یە بەپێی توانا بۆیانی جێ بەجێ ئەکرد . پاسەوان و قاپیەوانی نەبووە ، پرسگەی نەبووە و رێگە لەکەس نەگیراوە بچێتە خزمەتی . دوژمنان و دۆستانی خۆی بەبێ جیاوازی چاودێری کردوون ، هەریەکەیان بەجۆری شیاوی خۆیان .

ئەو کارە گەورانە لەناخی دەروونی پێغەمەرەوە هەڵقوڵاوە و ناوەرۆکی یاسای ئاینی ئیسلامن ، نەك خزمایەتی و شوێنەوار و لاسایی پاڵیان نابێ بەپێغەمەرەوە ﴿ﷺ﴾ . بەزەیی و میهرەبانی پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ تەنها بۆ خزم و پەیرەوانی نەبووە ، بەڵکو هەموو ئادەمیزادی گرتۆتەوە لەدۆست و دوژمن و خزم و بێگانە ، پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ وێنەی ئاوو و هەوایە بۆ ئاسایشی بونەوەران ، بۆ نمونەی دوژمنانی خۆی ڕومەت و چاوی پێغەمەریان برینـدار کردو و ددانێکی پێغەمەریان شکاند ، لەجیاتی ئەوەی نزای خراپەیان لێ بکا ، لەخوا پاڕایەوە ڕانموویان بکا ، چونکە ئەوان نەزان و نەخوێنەوارن بۆیە ئەو کارانە ئەکەن .

بێگومان کەسێ خوا دروستی کردبێ بۆ ئەمە کەهەموو ڕەوشتی بەرز و داد پەروەری و ئاسایش و بەزەیی بچەسپێنێ بۆ سوودی ئادەمیزاد ئەبێ خاوەنی ئەو کارە شیاوانەبێ ، جارێ مرۆڤێ بەپێغەمەری ووت : ئەی لەهەمووومان گەورەتر کوڕی لەهەمووومان گەورەتر، ئەی کەسێ کەلەهەمووومان چاکتری و کوڕی لەهەمووومان چاکتر ، لەوەڵامدا پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ فەرمووی : شەیتان شپرزەتان نەکا و سەرتان لێ تێك نەدا وا بزانن کەمن موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵام فروستادەی خوام ، سوێندم بەخوا پێم ناخۆشە بەجگەی پلەی خۆم بەرزم بکەنەوە و بانگم بکەن . هاورێکانی پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ لەبەری هەڵنەئەسان ئەیانزانی زۆری لا گرانە هەڵسان لەبەری ، هەرکاتێ هاورێکانی پێغەمەر لەدواوە بهاتنایە دەستی ئەگرتن و ئەی خستنە لای شانی خۆی و بەیەکەوە ئەڕۆیشتن . بێگومان ئەو کەسەی پێویست کرابێ لەسەری هەموو ئادەمیزاد بانگ بکات بۆ لای خوا پەرستی ئەبێ شێوە و کاری بەو جۆرە بێ .

ئەو شتانەی نووسران و ڕابوردن لەشێوە و ڕەوشتی بەرزی پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ زۆر کەمە بۆ شایانی پلەی پێغەمەر ، بەڵام مشتێ نمونەی خەروارێکە ، هەر کەسێ خۆی هەڵکێشێ و بڵێ : من پەیڕەوی ئەو پێغەمەرەم و پێغەمەر پێشەوامە ئەبێ چاو لەو بکا ، ئەو کەسەی بەدەم ڕەوشتی پێغەمەرەوە نەچێ ، بەخاوەن فێڵ و درۆزن ئەژمێرێ ئیتر خۆیان هەستی پێ بکەن یان هەستی پێ نەکەن باجگەی خۆیان بەپیاو چاکیان دابنێن و لای خوا هەموو شتێ ڕوونە .

ئەگێڕنەوە کاتێ تیر هاوێژەکان جێگەی خۆیانیان چۆڵ کرد لەجەنگی ئوحودا ، پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ فەرمووی من پێم ڕاگەیاندن جێگەی خۆیان چۆڵ نەکەن بەبێ فەرمانی من، تیر هاوێژەکان وەڵامی پێغەمەریان دایەوەو وتیان : ئێمە ترساین کەپێغەمەر بفەرموێ هەر کەسێ شتی گرت لە بێباوەڕان بۆ خۆیەتی و بەش ناکرێ لەنێو جەنگاوەراندا بەگشتی ، وێنەی جەنگی بەدر، پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ فەرمووی : ئایا گومانتان وایە کەمن دەسکەوتی تاڵان لەئێوە ئەشارمەوە ؟ بۆ ڕوون کردنەوەی ئەو مەبەستە خوای مەزن ئەم ئایەتانەی خوارەوەی ناردە خوارەوە و فەرمووی :

وَمَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَن يَغُلَّ ۚ وَمَن يَغْلُلْ يَأْتِ بِمَا غَلَّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ ۚ ثُمَّ تُوَفَّىٰ كُلُّ نَفْسٍ مَّا كَسَبَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿١٦١﴾ أَفَمَنِ اتَّبَعَ رِضْوَانَ اللَّهِ كَمَن بَاءَ بِسَخَطٍ مِّنَ اللَّهِ وَمَأْوَاهُ جَهَنَّمُ ۚ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ ﴿١٦٢﴾ هُمْ دَرَجَاتٌ عِندَ اللَّهِ ۗ وَاللَّهُ بَصِيرٌ بِمَا يَعْمَلُونَ ﴿١٦٣﴾

لَقَدْ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولًا مِّنْ أَنفُسِهِمْ يَتْلُوا۟ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتِهِۦ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَإِن كَانُوا۟ مِن قَبْلُ لَفِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿١٦٤﴾

دەربارەی هۆی هاتنە خوارەوەی ئەو چوار ئایەتانە ، زانایان زۆر شتیان باس کـردووە ، ئەوەی جێگەی باوەڕی زۆریانە ، ئەو هۆیەیە بەر لەنووسینی ئایەتەکان باسی کرا .

﴿ وَما كانَ لِنبيٍّ أن يغلَ ﴾ وەشایستە نی‌یە بۆ پێغەمەر نادروسـتی بکـا لەگـەڵ ئۆمـەتی خۆی و تالاّنی بشارێتەوە لەوان ، کاری بەو جۆرە و پێغەمەرایەتی کۆ نابینەوە بەیەکـەوە ، ئەوکەسانەی بەشداری جەنگبن بەیەکسانی تەماشا ئـەکرێن لەهـەموو ڕوێکـەوە ، پێغەمـەر لەهەموو گوناهێ پارێزراوە ، گونجاوی ئەو نی‌یە هەرگیز نادروستی بکا .

﴿ وَمَنْ يغلل يَـأتِ بِمـاغلّ يَـومَ القيامَـةِ ﴾ وەهـەر کەسـێ نادروسـتی بکـا لـەڕۆژی هەڵسانەوە لەگۆڕەکان دێت بەشتێکەوە نادروستی تێدا کـردووە بەسـەر پشـتیەوە هـەڵی گرتووە .

﴿ ثُمَّ توفى كُلّ نَفسٍ ما كَسَبَتْ وَهُمْ لا يُظلَمُون ﴾ لەپاشـا ئـەدرێ بەهـەموو کەسـێ پاداشتێ کردوێتی لەچاك و لەخراپ و ، ئەوان ستەمیان لێ ناکرێ لەکاتی وەرگرتنی ئەو پاداشتانە نەبەکەم و نەبەزۆری .

﴿ أفَمَنْ إتّبَعَ رضوان الله كَمَنْ باءَ بِسخطٍ مِنَ الله وَمَـأواهُ جَـهَنَمَ وَبِئـسَ المَصيرُ ﴾ ئایـا دوایی کەسێ دوای ڕەزا بوونی خوا کەوتبێ بەپەرستن و از هێنان لەکاری نادروست وەك کەسێ وایە گەڕابێتەوە بەخەشم و نارەزایی خوا و شایستەی سزا بێ و جێگەی دۆزەخبێ ، بێگومان وەك یەك نین و ، خراپ جێگەی گەڕانەوەیە دۆزەخ بۆ ئـەو کەسـەو چارەنوسـی ئەوە .

﴿ لَهُمْ دَرَجاتٌ عِندَ اللهِ وَاللهُ بصيرٌ بَما يَعمَلُون ﴾ ئەو کەسانە پەیڕەوەی ڕەزایەتی خوایان کردووە و ئەو کەسانەیش بەخەشم و نارەزایی خوا گەڕاونەتەوە خاوەنی چەندین پلەی جیاوازن لای خوا ، یەکەمیان پاداشتی گەورە یان ئەدرێتێ ، دووهەمیان سزای ئازارداریان ئەدرێ ، هەروەها ئەوانەی دوای ڕەزامەندی خوا کەوتوون ، پلەکانیان جیاوازن ، هەیانە پلەیان زۆر بەرزە ، هەیانە پلەیان مام ناوەندیە ، هەیانە نزمە ، یاخی بوانیش پلەیان جیاوازە لەنێو یەکتردا بۆ سزادانیان و ، خوا ئەزانێ بەشتێ ئێوە بیکەن و بەگوێرەی پلەکانیان پاداشت و تۆڵە وەرئەگرن .

ئەو کەسانەی مێژووی بەسەرهاتی مووسوڵمانانی خوێندبێتەوە بۆی دەرئەکەوێ بەڕاستی یاسای ئیسلام و فەرمودەی پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ کاری گرنگی خۆیانیان کردووە ، جێگەی خۆیانیان لەدڵ و دەروونی موسوڵمانانا دیاری کردووە ، کۆمەڵ و نەتەوەیکیان پێك هێناوە و بێ وێنەن لەسەر زەویدا ، نوێنەر و نمونەن بۆ وەرگرتنی ڕەوشتی هەرەبەرز و چەسپاندنی لەنێو کۆمەڵدا . بەڕاستی سەربازێکی سادە لەنێو لەشکری ئیسلامدا تالانێکی یەکجار بەنرخ و خاوەن بایەخی دەست ئەکەوێ و نایشارێتەوە و ئەی هێنێ بۆ سەرکردەکەیان و ئەیخاتە نێو خەزێنەی گشتی موسوڵمانان و بیر لەوەناکاتەوە پەنهانی بدا .. بۆ نمونە کاتێ موسوڵمانان مەدائینی پایتەختی ئاگر پەرستەکانیان گرت ، بە سەرۆکایەتی سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس ، سەعد سەربازێ لەموسوڵمانانی بەناوی عومەری کوڕی موقرینی دانا بوو بۆ وەرگرتنی کەل و پەل و تالانی بێ باوەڕان ، یەکێ لەسەربازەکانی موسوڵمانان هات بۆ لای عومەر و دووو پەیکەری دایە دەستی عومەر هەتا بیخاتە نێو خەزینەی گشتی موسوڵمانان ، یەکێك لەو پەیکەرانە ئەسپێك بوو لەزێڕ نەخشێنرا بوو بەزمروت و یاقوت ، پەیکەری دووەمیان هوشترێ بوو لەزیو ڕازێنرابووەوە بەیا قوت و لەغاوەکەی زێڕی ڕازانراوە بوو بەگەوهەر ، ئەو دوو پەیکەرانە کیسرای پاشای ئێران لەسەر تاجەکەی دای ئەنان . ئەو کاتە عومەر ئەو دوو پەیکەرەی وەرگرت زۆر سەرسام

بوو ووتی: وێنەی ئەمانە نەبینراوە ، هەموو ئەو شتانەی وەرگیراون کێشی ئەمانە نین بگـرە کەمتریشن لەبەهادا . بەوسەربازەی ووت تۆ چ کەسێکی ؟ لـەوەڵامدا ووتـی : هـەواڵی خۆمت نادەمێ و من نەبۆ تۆم کردووە و نەبۆ هیچ کەسێ ، بەڵام من هەر سوپاسـی خـوا ئەکەم و بەپاداشتی خوا دڵخۆشم و نامـەوێ کـەس باسـم بکـا . پشـتی کـردە عومـەر و ڕۆیشت ، عومەر مرۆڤێکـی خسـتە دوای و پرسـیاری کـرد لـەهاوڕێکانی ئـەو پیـاوە چ کەسێکە ؟ ووتیان عامیری کوڕی قەیسە . کەواتە کە ئیسلام چووە نێو نـاخی دڵـەوە ئـەو دڵە بەدەیان شتی سەر سوڕێنەری لێ پەیدا ئەبێ . موسوڵمانان لەمەوبەر بەم شێوەیە بوون ، بۆیە توانیویانە لەماوەیەکی کەمدا دوو کیشوەری زۆر گەورەی ئەو کاتـەی وەك ئـێران و ڕۆم بێننە ژێر ئاڵای پاکی ئیسلام و گەلەکانیان لەستەمی کاربەدەستانی ئەو کاتە ڕزگاریان کردن ، بێگومان گیا لەسەربنجی خۆی ئەڕوێ و درەختی چاك میوەی چـاك ئەڕەخسێنێ

پاش باسکردنی ئـەو کەسـانەی لەئایەتـەکانی پێشـوودا باسـکران ، خـوای مـەزن باسـی گەورەترین بەخششی خۆی ئەکا بەسەر هەموو ئـادەمیزادا بەگشـتی و بەسـەر بـاوەڕداران بەتایبەتی و ئەفەرموێ :

﴿ لَقَدْ مَنَّ اللّٰهُ عَلى المؤمنِينَ ﴾ بەڕاستی خوا چاکەی ڕژاند بەسەر باوەڕدارانا بەتایبەتی و بەسەر بونەوەراندا بەگشتی بۆ ڕانموویی کردنیـان . لەبەرئـەوەی بـاوەڕداران زۆرتـر سـود وەرئەگرن ناویان براوە .

﴿ إذْ بَعَثَ فيهم رسو لاً ﴾ کاتێ خوا ڕەوانەی کـرد لەڕەگـەز و پشـتی خۆیـان هـەتا بەباشتر لەزمانی بگەن بەئاسانی و جێگەی باوەڕیانە ، چونکە ڕاست گۆیی و دەست پـاکی ئەو لایان ڕوون و ئاشکرایە و چاکی ئەناسن .

﴿ يَتلوُا عَلَيهِمْ آياتِهِ وَيُزَكيـهم ﴾ ئەخوێنێتـەوە بەسـەریانا ئایەتـەکانی خـودا ، پاکیـان ئەکاتەوە لە چڵك و چەپەڵی سر وشـتیان بـەناوی یاسـای بـەرزی ئیسـلام ، بەبەخشـینی زەکات دەرونیان پاك ئەکاتەوە و بەرەخساندنی کاری چاك بۆیان چاکتر پاکیان ئەکاتەوە .

﴿ وَيُعَلِمُهَمْ الكِتاب وَالحِكمةَ وَإنْ كانوُا مِنْ قَبلُ لَفي ضَلالٍ مُبينٍ ﴾ وەفێری ئەوانی ئەکا نامەی خوا کە سەرچاوەی یاسا و دەستوری ئیسلامە بەتەواوی و ، فێری فەرمودەی خۆی و کاری ڕەوا و ناڕەوایان ئەکا و بەڕاستی ئەوان لەپێش هاتنی ئیسلام لەنێو نەزانین و سەرگەردانیدا بوون ، کاری چاکیان نەئەزانی و کاری خراپیان بەخراپ نەئەزانی .

ئەو ئایەتە پیرۆزە ئەمانەی خوارەوەمان فێر ئەکا :

١) بەڕاستی پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ دیاریەکی زۆر گەورەی خوایە بۆ باوەڕداران و هەموو بوونەوەران . بەو بۆنەوە لەزانینەوە ئەیانبا بۆ لای زانست و زانیاری ، لەچەوسانەوەوە بۆ لای سەربەستی لەگوناه کردنەوە بۆلای پەرستنی خوا ، بەتایبەتی پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ دیاریەکی زۆر گەورەیە بۆ نەتەوەی عەرەب ، هەندێ جار بەبێ ئاگایی لەفەرمودەی پێغەمەر خۆیان بەوەوە هەڵئەکێشن لەنێو ڕەگەزەکانی تردا . بەڵێ عەرەبەکانی پێشوو مافی خۆیان بووە ، چونکە بەمویێ لەیاسای ئیسلام لایان نەئەدا ، بەڵام ئەمانەی ئەم سەردەمە پشتیان کردوەتە دەستوری بەرزی پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ بەتایبەتی کاربەدەستانیان ، بەداخەوە هەموو عەرەبەکانی ئەم سەردەمە یاسای دەستکردی خۆیانیان ناوەتە جێگەی یاسای قورئان ، ئەو کارە خراپەی خۆیان بە پێش کەوتن و شارستانی‌یەت دائەنێن ، جگە لەڕوالەت لەناوەرۆکی یاسای قورئان دوورن . بەڵام لەکاتی تەنگانەدا بۆ پروپاگەندە پەلاماری ئیسلام ئەدەن و ئەیکەن بەچەك بۆ خۆیان .

٢) پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ فێری ئەوان ئەکا ئەو نیشانانە بەڵگەن لەسەر یەکێتی خوا و توانای زۆری خوا ، بێگومان باوەڕداران پاك ئەکاتەوە لەچڵکی بت پەرستی و هاوبەش دانان بۆ خوا و لاسایی کردنەوەی ستەمکاران و دووریان ئەخاتەوە لەنەریتی خراپ و ناشیرین . پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ قورئانیان فێر ئەکا و ئەیکا بەهۆی کۆ کردنەوەیان لەسەر بیرو باوەڕو پاراستنی زمانیان و هانیان ئەدا بۆ زانین و زانست و ڕەوشتی بەرز . عەرەبە باوەڕدارەکان لەسەردەمی پێشوودا بەهەموو تواناکانیانەوە

هەوڵیان ئەدا بۆ بەختیاری دانیشتوانی سەر زەوی بەناوی ئاینی ئیسلامەوە بەبێ جیاوازی هیچ ڕەگەزێ ، عەرەبایەتی و ڕەگەزپەرستیان بەلاوە زۆر خراپ بوو بەدژیا ئەڕۆیشتن ، بەڵام ئەمانەی ئەم سەردەمە لاسایی جوولەکەکان ئەکەنەوە لایان وایە گەلی هەڵبژاردەی خوان هەرشتێ بکەن و باوەڕیان بەیاسای ئیسلامیش نەبێ خوا سزایان نادا ، لەهەمان کاتدا خۆیانیان کوێر و کەڕ کردووە لە ئاستی لادان لەیاسای ئیسلام ، ئەگەر یەکێ ناوی ئاین بباو بڵێ : بەیاسا و دەستوری ئیسلام کار بکرێ ئەو کەسە سەر نگون ئەکرێ و جارێ تر هیچ کەسێ نای بینێ. ئەمانە من نووسیم ناتوانم بڵێم هەموو عەرەب وان ، بەڵام کار بەدەستانیان لەوانەیش زیاتر لە خوا پێدان چاکترین مانای ئەو ئایەتە ئەو شتەیە جەعفەری کوڕی ئەبوتالیب بەنەجاشی پاشای حەبەشەی فەرموو بەئاگاداری نوێنەرەکانی بت پەرستانی دوژمنی پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ . کەنەجاشی بەوانی ووت : ئێوە چین و ئاینتان چۆنە ؟ جەعفەر فەرموی : ئێمە ئەی پاشا گەلێکی نەزان و نەفام بو ین . بتمان ئەپەرسیت . مرداربومان ئەخوارد ، داوێن پیسی نەریتمان بوو ، دراوسێیەتیمان لەبیر چوبۆوە .بەهێزەکانمان هەژارەکانمانی ئەخوارد ، ئێمە بەو جۆرە بووین هەتا خوا لەخۆمان فرۆستادەیەکی بۆ ناردین ، ئێمە بنەچەڵەکی ئەو پێغەمەرەو ڕاست گۆیی و دەست و داوێن پاکی ئەومان ئەزانی . بانگی ئێمەی کرد بۆلای پەرستنی خوایەکی تەنها ، فەرمانی پێداین لە گفتوگۆدا ڕاست بێژبن ، ئەو شتەی لامان دائەنرێ بیدەینەوە ، ئامەشۆی خزمان بکەین و لەگەڵ دراوسیدا چاکبین ، واز لەکاری نارەواو خوێن ڕێژی بهێنین و ، ئێمەی گێڕاوەتەوە لەکاری خراپ و بێز لێ کراوە و درۆکردن و لەدارایی هەتیوان خواردن و بوختان کردن بۆ بێ تاوانان . فەرمانی پێداوین خوا بپەرستین و هاوبەشی بۆ دانەنێین ، فەرمانی پێداوین بەکردنی نوێژ و زەکات دان و ڕۆژوو گرتن . بەکورتی ئەگەر خوا موحەمەدی نەکردایە بەپێغەمەر ، عەرەب نەخاوەنی مرۆڤایەتی ئەبوون و نەدەوڵەت و

نەشارستانی و نەمێژوویەکی وایـان ئـەبوو باسـی بکـرێ لـەڕوناکی ئـەو بابەتـەوە باسکران ئەتوانین تەتەڵـەی هـەموو هەرێمـەکانی موسـوڵمان بەگشـتی و عـەرەب بەتایبـەتی بکـەین، هـەتا بۆمـان ڕوون ببیتـەوە کەزۆربـەی کاربەدەسـتانی ئـەمڕۆ پەیوەندیان بەپێغەمەرەوە نیە کەمێکیان نەبێ .

لەم سەردەمەدا ڕێکەوتی ساڵی (١٤٢١) ی کۆچـی بەرانبـەر بەسـاڵی (٢٠٠٠) ی زاینی موسوڵمانان لەهەموو ڕووی سەر زەویدا (٦٤) دەوڵەتی موسوڵمان هەن (٢١)یـان عەرەبن ، ژمارەی هەموو موسوڵمانان لەملیارێ زۆرترن ، زۆربەیان خاوەنی زێڕی ڕەشـن و سامانی تری زۆرن کەئەبنە هۆی ژیانی دانیشتوانی ئەمڕۆی سەر زەوی ، بەڵام هەریەکـە لەوانە سەر بەڕژێمێکی بێ باوەڕن ، پیت و فـەڕی خۆیانیـان ئـەدەنێ بـۆ کڕینـی چـەك ، ئەوانیش وەڵامیان ئەدەنەوە چەکیان بدەنێ بەو مەرجەی بەکاری بهێنن لەدژی ئەو ڕژێمانە خۆیان بۆیانی دیاری ئەکەن و بەکاری نەهێنن بۆ هەندێ ڕژێم خۆیان بۆیان دیاری ئەکەن .

ڕژێمە بەناو موسوڵمانەکانیش ئەو چەکانە لـەبرای خۆیانـا تـاقی ئەکەنـەوە . ئێسـتاش تورکیای عیلمانی بووە بەهاوسوێندی ڕژێمی زاوێنـی بـۆ ئـەوە چاکـتر موسـوڵمانەکان و کوردەکان بکوژێ .

خوای مەزن دووبارە باسی جەنگ و خۆماندو کردن ئەکا بۆ بەرزی ئاین و ئەفەرموێ:

أَوَلَمَّآ أَصَٰبَتۡكُم مُّصِيبَةٞ قَدۡ أَصَبۡتُم مِّثۡلَيۡهَا قُلۡتُمۡ أَنَّىٰ هَٰذَاۖ قُلۡ هُوَ مِنۡ عِندِ أَنفُسِكُمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ﴿١٦٥﴾ وَمَآ أَصَٰبَكُمۡ يَوۡمَ ٱلۡتَقَى ٱلۡجَمۡعَانِ فَبِإِذۡنِ ٱللَّهِ وَلِيَعۡلَمَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿١٦٦﴾ وَلِيَعۡلَمَ ٱلَّذِينَ نَافَقُواْۚ وَقِيلَ لَهُمۡ تَعَالَوۡاْ قَٰتِلُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ

أَوِ ٱدْفَعُوا۟ قَالُوا۟ لَوْ نَعْلَمُ قِتَالًا لَّٱتَّبَعْنَـٰكُمْ هُمْ لِلْكُفْرِ
يَوْمَئِذٍ أَقْرَبُ مِنْهُمْ لِلْإِيمَـٰنِ يَقُولُونَ بِأَفْوَٰهِهِم مَّا لَيْسَ
فِى قُلُوبِهِمْ وَٱللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا يَكْتُمُونَ ﴿١٦٧﴾ ٱلَّذِينَ قَالُوا۟ لِإِخْوَٰنِهِمْ
وَقَعَدُوا۟ لَوْ أَطَاعُونَا مَا قُتِلُوا۟ قُلْ فَٱدْرَءُوا۟ عَنْ أَنفُسِكُمُ
ٱلْمَوْتَ إِن كُنتُمْ صَـٰدِقِينَ ﴿١٦٨﴾

﴿ أوَ لَمّا أصابَتْكُمْ مُصيبةٌ قَدْ اصبتُم مَثْلِيها قُلْتُمْ أنى هذا ﴾ ئایا ئێوە کردتان شتێ کردبوتان لەهەڵهاتنتان و بەجێ هێشتنی پێغەمەر بەبرینداری و ئەبوایە نەتان کردایە ؟ کاتێ تووشی ئێوە بوو ئازار و تالاو لەجەنگی ئوحودا بەڕاستی ئێوە دەستان کەوت لەجەنگی بەدردا بەدوو ئەوەندەی ئەو ئازارەی ئوحود ئێوە ووتتان لەوکاتەدا تووشی ئەو تالاوە بوون لەجەنگی ئوحودا : چۆن تووشی ئێمە بوو ئەو ئازارە خۆ ئێمە جەنگ ئەکەین لەڕێگەی ئاینی خوادا ؟ ئەبوایە تووشی ئێمە نەبوایە ئەو بەڵایە .

﴿ قُلْ هُوَ مِنْ عِندِ أنْفُسِكُمْ ﴾ تۆ بڵێ : ئەو ئازارەی تووشتان بوو لەلایەن خۆتانەوە پەیدا بوو ، چونکە بەئارەزوی خۆتان لە مەدینە هاتنە دەرەوە و هەڵهاتن و پێغەمەرتان بەجێ هێشت و بێ فەرمانی ئەوتان کرد .

بۆ ڕوون کردنەوەی چاکتر بۆ مانای ئەو ئایەتە : بەڕاستی ڕووداوی بەدر لەساڵی دووهەمی کۆچیدا ڕووی دا ، جەنگی ئوحود لەساڵی سێهەمی کۆچی دا بوو ، موسوڵمانان لەجەنگی بەدردا سەرکەوتن ، ئەوە بوو (٧٠) کەسیان لەبت پەرستان

کوشت و (٧٠) کەسیان بەدیلی گرتن . دووبارە موسولْمانان لەیەکەم پەلاماردا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا ، دوایی تووشی ئازار و شکان بوون بەهۆی بێ فەرمانی پێغەمەر و هەلْهاتنی تیر هاوێژان ، بەو بۆنەوە موسولْمانان (٧٠) کەسیان لێ کوژرا . ئەگەر ئێمە بەراوردی سەرکەوتنی موسولْمانان بکەین لەگەلْ سەرکەوتنی بت پەرستان لەجەنگی ئوحودا هێشتا سەرکەوتن هەر بۆ موسولْمانانە ، چونکە (٧٠) کوژراوی ئەمان بە (٧٠) کوژراوی ئەوان ، ماوەتەوە (٧٠) دیل بۆ قازانجی موسولْمانان تەواو ئەبێ .

پرسیار / چۆن بت پەرستان سەرکەوتن لەرۆژی ئوحودا کەچی دوژمنی خوا بوون ؟ بۆ دوو ڕوان سەرکەوتنی موسولْمانانیان لەڕۆژی بەدردا لەبیری خۆیانیان بردەوە لەگەلْ ئەوەیشدا سەرکەوتنی موسولْمانان دوو چەندانەی ڕۆژی ئوحود بوو ؟

وەلاّم / ئەو ئازار و شکاندنە هۆکەی لەموسولْمانانەوە بوو ، وەك لەمەو بەر باسمان کرد بەدرێژی و هەلْهاتن بەمەبەستی کۆکردنەوەی تالاّنی .

﴿ إنَّ اللهَ عَلى كُلِّ شيءٍ قَديرٌ ﴾ بەڕاستی خوا توانانی بەسەر هەموو شتێکا هەیە ، یارمەتی کەسێ ئەد ا پەیڕەوی خوا بکا، واز لەیارمەتی کەسێ ئەهێنێ پەیڕەوی خوا و پێغەمەر نەکا .

﴿ وَما أصابَكُم يَومَ ألتَقى الجَمعانُ فَبِإذنِ اللهِ ﴾ وەشتێ تووشی ئێوەی باوەڕدار بوو لەو ڕۆژەدا ئەو دوو کۆمەلّە هەلْتەقان بەیەکا لەڕۆژی ئوحودا ، دوایی بەدەستوورو زانستی خوا بوو ، ئادەمیزاد پێویستە فەرمانبەرداری فەرمان و دەستوری خوا بێ ، سەرکەوتن بەئامادەباشی خۆیان ئەبێ لەجەنگدا ، شکانیشیان هەلْسانە لەدژی بڕیاری سەرکردایەتی .

﴿ وَلَيَعْلَم المُؤمِنينَ وَلَيعلَم الذينَ نافَقوُا ﴾ وەئەو ئازارە تووشی موسولْمانان بوو بۆ ئەوە بو خوا دەری بخا بۆ باوەڕداران و بۆ کەسانێکی ئەوتۆ دووڕوویان کردبوو ، بزانن سەرکەوتنی موسولْمانان بەخۆڕاگرتنە لەسەر ئەو شتەی تووشیان ئەبێ ، دووڕوانیش

بەبۆنەی بێ ئارامیانەوە تووشی خراپە ئەبن ، ئەو ئازارە تووشی موسوڵمانان بوو سوودی زۆری تێدا بوو ، گرنگترین سوودیان ئەمەیە : دووڕووەکان لەبەر ڕوداوی ئوحود نەئەناسران لای دانیشتوان ، بەهۆی ئەو ڕووداوەوە دەرکەوتن لای ئادەمیزاد .

﴿ وَقِيلَ لَهُمْ تَعالوا قاتِلوا في سَبيلِ اللهِ أو ادفِعوا ﴾ وەبێژرا بەدوو ڕووەکان : ئێوە وەرن بۆ جەنگ کردن لەگەڵ بت پەرستان لەرێگەی ئاینی خوادا ئەگەر ئێوە باوەڕدارن ، یا ئێوە بەرگری بکەن لەخۆتان و لەخێزان و داراییتان ئەگەر ئێوە نیشتمان پەروەرن.

خوای مەزن ڕوونی نەکردوەتەوە چ کەسێ ئەوەی بەدوو ڕووەکان ووت ، ناوی دوو ڕووەکانیشی نەبردوە ، بەڵام زۆربەی زانایان ئەڵێن : عەبدوڵای کوڕی ئوبەی سەرۆکی دوو ڕووەکان لەگەڵ پێغەمەر چوەدەرەوە بە (٣٠٠) جەنگاوەرەوە ، لەنیوەی ڕێگەدا خۆی و دەستەکەی گەڕانەوە ، وازیان لەجەنگ هێنا بەو مەبەستە دوو دڵی پەیدا بکەن لەنێو جەنگاوەرە موسوڵمانەکاندا و لایەنی پێغەمەر بێ هێز ببێ ، لەدواییدا عەبدوڵای کوڕی جابیر یاریدەری پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ بەدوو ڕووەکانی ووت : بۆ ئەگەڕێنەوە ئەگەر خاوەن ئاین نین جەنگ بکەن بۆ پاراستنی خۆتان و خێزانتان و سامانتان ، وەئەگەر خاوەن ئاینیشن جەنگ بکەن بۆ ئاینەکەتان ناوەڕۆکی ئەو ئایەتە ئاراستەی هەر کەسێ کرابێ دووڕووەکان خۆیانیان تێ هەڵکێش کرد و وەڵامی عەبدوڵای کوڕی جابیریان دایەوە . وەك خوا ئەفەرموێ :

﴿ قالوا لَو نَعْلَمُ قِتالاً لأتبعناكُمْ ﴾ دوو ڕووەکان ووتیان : ئەگەر ئێمە دەستووری جەنگمان بزانیایە بەڕاستی دوای ئێوە ئەکەوتین ، ئەو دوو ڕوانە بۆ ئەو کارە خراپەیان دوو بیانویان هەبوو :

(١)وایان دانابوو موسوڵمانان توانای جەنگیان لەگەڵ بت پەرستان نی یە ، چونکە ئەوان چەك و جەنگاوەری زۆرن و ، موسوڵمانان کەمن و بێ هێز و بێ چەکن ، بەجگەی لەناوچون هیچ شتێکی تریان بەبەش نابێ .

(٢)ئەیان ووت : ئەم کارەی موسوڵمانان جگــە لــەخۆ پیشـاندان گومـانی تـری بـۆ نابرێ، لە پاشا موحەمەد لـەگەڵ خزمەکانی ئاشتەوابی ئـەکا و ئەگەڕێتـەوە ، دوو ڕووەکان ووتیان : هەر چۆنێبێ ئەگــەر جـەنگ دەسـتی پێکـرد لـەنێوانیانا ئێمـە ئەگەڕێینەوە بۆ جەنگ و یارمەتی موحەمەد ئەدەین .

﴿ هُمْ لِلكُفرِ يَومَئِذٍ أقْربُ لِلإيمان ﴾ ئەو دووڕووانە لەو ڕۆژەدا نزیکتر بــوون لــەخۆیان بۆلای بێباوەڕی لەباوەڕهێنان ، نزیکتر بوون بۆ یارمەتی دانی بت پەرستان ، چونکە ڕێـك ئەکەوت لـەگەڵ سوودی هاوبەشیان ، خۆیانیان دەرخست و ئابڕویان چوو ، ئەیان ویست دوو ڕوویی خۆیان بشارنەوە ، بەڵام بۆیان نەچوە سەر .

﴿ يقولـون بِأَفواهِهِمْ ما لَيسَ في قُلوبِهِمْ وَاللهُ أعْلَمُ بِما تَكْتُمُونَ ﴾ بەدەم و زمانی خۆیـان شتێ ئەڵێن لەدڵیانا ئـەو شـتە نیـە ، ئـەیان ووت ئەگــەر جـەنگمان بزانیایـە دوای ئێـوە ئەکەوتین و خوا زاناترە بەشتێ ئەوان دای ئەپۆشن لـەبێ باوەڕی بەخوا و بەپێغەمەر ﴿ﷺ﴾.

بێ بـاوەڕان لـەسـەر کـاری خراپـی خۆیـان ئـەڕۆن و هـەموو هەڵوێسـتەکانی خۆیـان دەرئەخـەن ، لەهـەوڵی ئـەوەدان پـۆلی موسـوڵمانان تـەفروتونا بکـەن و دەرونیـان بخەنـە گومانەوە ، بۆیە خوای مەزن ئەفەرموێ:

﴿ الذينَ قالوُا لإِخوانِهِم وَقَعَدوا لَو أطاعونا ما قُتِلوا ﴾ ئەو کەسانەی ئەوتۆ لـەدڵیانا ئەو شتەیان پەنهان ئەدا و ووتیان بـەبراکانیان لــەبیرو بـاوەڕدا و بەخزمـەکانیان: لــەو کاتــەدا دانیشتبوون و جەنگیان نەئەکرد : ئەگەر ئێوەی برای ئێمە پەیڕەوی ئێمەتان بکردایــە لــەو دانیشتنانە نەئەکوژران هەروەك ئێمە نەکوژراین و ڕزگارمان بوو .

﴿ قُلْ فادْرأوا عَنْ أنْفُسِكُمْ المَوتَ إنْ كُنْتُمْ صادِقِينَ ﴾ موحەمەد تۆ بڵێ : کەواتە ئێــوە بەرگری لە خۆتان بکەن لەمردن ئەگەر ئێوە ڕاست ئەکەن ئەڵێن خۆ لادان ڕێگە لــەمردن ئەگرێ . زۆر بەبێ گومان بزانن ڕزگاری لـەمردن نابـێ کەسـێ بیـەوێ ڕابکـا لـەدەسـتی مردن، خاوەنی تەفسیری کەشاف ئەفەرموێ : هەر لــەو ڕۆژەدا دوو ڕووەکـان گەڕانـەوە (٧٠) کەسیان لێ مرد .

دووڕووەکان ئەیان ووت : پەیڕەوانی موحەمەد بەخۆڕایی خۆیان ئەدەن بــە کوشــت و هیچ سودێ بەوان ناگا ، ئێمە هیچ بیروباوەڕێکمان نەزانیوە کەپلەی بەرز بدا بەکوژراوانی جەنگ بەوێنەی ئەو پلەیەی ئیسلام بۆ ئەوانی داناوە ! خوای مەزن بەڕوونی و بەبێ پــەردە گفتوگۆی ئەو دووڕوانە پاڵ پێوە ئەنێ و پوچــی ئەکاتــەوە ، ڕونــی ئەکاتــەوە بـۆ هــەموو کەسانی خاوەن ئەقڵ و ئەفەرموێ :

وَلَا تَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ قُتِلُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ أَمْوَٰتًۢا ۚ بَلْ أَحْيَآءٌ عِندَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ ﴿١٦٩﴾ فَرِحِينَ بِمَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ وَيَسْتَبْشِرُونَ بِٱلَّذِينَ لَمْ يَلْحَقُوا۟ بِهِم مِّنْ خَلْفِهِمْ أَلَّا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿١٧٠﴾ ۞ يَسْتَبْشِرُونَ بِنِعْمَةٍ مِّنَ ٱللَّهِ وَفَضْلٍ وَأَنَّ ٱللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجْرَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١٧١﴾

﴿ وَلا تَحسَبَنَّ الذينَ قُتِلوا في سَبيلِ اللهِ أمواتاً ﴾ وەتۆ گومــان مەبــەرە ئــەو کەســانەی ئەوتۆ کوژراون لەڕێگەی بەرزی ئاینی خوا مردوون وێنەی کەسانی تر کەئەمرن ، ئیتر ئەو کەسانە کوژرابن لەجەنگی ئوحودا یابەر لە ڕۆژی ئوحود یا لەدوای ئەویش بکوژرێن . بە مەرجێ لەجەنگی بەرزی ئاینا بکوژرێن .

﴿ بَلْ أحياءٌ عِندَ رَبّــهم يُرزَقــونْ ﴾ بــەڵکو ئــەو کوژراوانــە زینــدون لــەگۆڕەکانیانا و ناڕزێن، پێویســتە بزانــرێ پێغەمــەران و شــەهیدان و بــانگ دەرانــی نوێــژ و ئەوکەســانەی

قورئانیان لەبەرە هەمویان زیندون و خاك نایان خواو نارزێن ، شەهیدانی ڕێگەی خوا خواردەمەنیان ئەدرێتێ لەلایەن پەروەردەکەری خۆیانەوە لەبەهەشتەوە .

لەو ئایەتەوە ئەوەی دەرئەکەوێ شەهید لەم ڕۆژەی جیهاندا و بەر لەهاتنە دەرەوەیان لەگۆڕەکانیانا زیندوون بەڕاستی ، پێویستە لەسەرمان بڕوامان بەوە هەبێ ، بەگوێرەی دەرکەوتوی مانای ئەو ئایەتەو فەرمودەی پێغەمەرو ئەقڵیش دژی ناوەستێ چونگە بەڵگەیە بەدەستەوە نی‌یە لاماندا لەو مانا دەرکەوتوەی ئایەتەکە ، ژیان و مردن و هەموو شتێ بەدەستی خوایە ئەیان بەخشێ بەهەر شتێ بیەوێ .

لێرەدا بەباشی ئەزانم لەبارەی زیندوێتی پێغەمەران و شەهیدانەوە ئەمانەی خوارەوە ڕوون بکەینەوە :-

١- زیندو یەبتان بەرزەجنە ، یانێ زیندوێکی وایە لەنێوان جیهان و ڕۆژی دواییدایە ، زیندوو بونەوەکەیشیان وێنەی زیندوێتی جیهانە و خەونی‌یە ، بەوێنەی بونەوەرانی تر . بەڵکو خوای مەزن لەشیان ئەپارێزێ لەڕزین .

٢- لەشی پیرۆزی پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ نەك نارزێ ، لەهەندێ کاتا خودا گیان ئەکاتەوە بەلەشیا بەجۆرێکی نهێنی ، فەرمودەی پێغەمەر لەو بارەوە زۆرن ، کەخودا گیان ئەکاتەوە بەریانا بۆ وەلامدانەوەی سلاو لەسەری ، هەر کەسێ لەدوورەوە سلاویان لێ بکا بەهۆی فریشتەیەکەوە پێی ئەگا ، زیندوێتی پێغەمەر دوای مردنی ، بەوێنەی زیندوێتی کاتی جیهانی‌یە ، ئەگەر وابوایە ، کاتێ دوای مردنی هاوڕێکانی ئاژاوەیان لێ پەیدا بوو جێگە نشینی پێغەمەر و جێگەی ناشتنی لەگۆڕدا و ، بۆ میراتی فاتیمەی کچی بۆ زەوی فەدەك و ، ئاژاوەی نێوان عەلی و عائیشە و مەعاویە ، وەلامەکەی بۆیان ڕوون ئەکردەوە ، کەواتە زیندوێتی پێغەمەر و شەهید بەڕاستی نازانرێ ، بەلام ئێمە ئەبێ بڕوامان وابێ پێغەمەر لەهەموو کەس بەرێز ترە لەهەردوو جیهاندا ، هەرچەندە پیاو چاکان زۆریان ئەلێن ، پێغەمەر ئەبینین بەبێداری . بەلام ئەو بینینە بەگیانە بەتەنها ، نەك بەلەش و بەگیان ، چونکە ئەگەر

بەلەشبوایە ، ئەبوایە کەسێ تریش لای ئەوان بوایە بیانبیبایە و ، وائەبێ لەیەك کاتا بەدەیان پیاو چاك پێغەمەر ئەبینن و ، خۆ لەشی پێغەمەریش یەك لەشە ، هەموو شتێ هەر خودا ئەیزانێ .

ئەوانەی سەرەوە لەنامەی (أسنى المطالب) (في أحاديث مختلفة المراتب) نووسراوە .

ئایا شەهید چ کەسێکە و ئەشۆررێ و نوێژی لەسەر ئەکرێ یان نە ؟ لەمانای ئایەتی (١٤١) ی ئەم سورەتەدا بەو جۆرەی پێویست بێ ڕوون کراوەتەوە .

ئەو کەسانەی لەرێگەی بەرزی ئیسلامدا ئەکوژرێن خاوەنی سێ شادمانین :

١- ﴿ فَرِحِينَ بِمَا آتَاهُمُ اللهُ مِنْ فَضْلِهِ ﴾ شادمان و کەیف خۆشن بەشتێ خوا بەوانی بەخشیوە لەرێز و گەورەیی خۆیی و پاداشتی زۆری . یانێ ئەوەی خوا ئەیبەخشێ بەوان هەر لەبەر گەورەیی و بەخشندەیی خوایە نەك لەبەر چاکی ئەوان ، شەهیدان کەیف خۆشن و بەرابوردنیان بەهۆی ئەو چاکانەوە ، کەیف خۆشن لەبەر ئەوە کە ئەو چاکانە بەلگەن لەسەر ئەوەی کە خوا خۆشی ئەوێن ، ئەو خوایەی کەئەوان خۆیانیان بۆ کردووە بەفیداکار ، خاوەن دیاری دۆستی دیاری بۆ براوی خۆش ئەوێ .

٢- شادمانن لەبەرئەو برایانەیان ئەیان ناسن و نەکوژراون و نەهاتوون بۆ لای ئەوان وەك خوا ئەفەرموێ:

﴿ وَيَسْتَبْشِرُونَ بِالَّذِينَ لَمْ يَلْحَقُوا بِهِم مِنْ خَلْفِهِمْ ﴾ وەئەو کەسانەی لەرێگەی خوادا کوژراون شادمان و کەیف خۆشن بەهۆی برا باوەڕدارەکانی ئەوتۆی خۆیان بەجێیان هێشتوون بەزیندویی لەجیهاندا ، لەسەر پەیرەوپرۆگرامی خۆیان لە دوای ئەمان ، بەو شتەیش بەمان دراوە لەرێزی خوا بەوانیش ئەدرێ ، ئەو برایانەیان نەکوژراون وەدوایی بەمان ئەگەن پاش ماوەیە ، ئەڵێن : براکانمان وەك ئێمە کوژران ئەو خۆشیەی دراوە بەئێمە ئەدرێ بەوانیش کەواتە ئەو شەهیدانە پەیوەندییان بەزیندووەکانەوە نەبڕیوە .

﴿ أَنَّ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَاهُمْ يَحزَنُونَ ﴾ ئەو کەسانەی جێگەی شادمانین ترسیان لەسەر نیە لەپاشەڕۆژدا و ، خەفەتبار نین لەسەر کۆتایی تەمەنیان ، ئەو ئایەتە بەلگەی ئاشکرایە

لەسەر ئەوەی شەهید بەر لەپاشەڕۆژ زیندوون ، چونکە کـە خۆشـیان بـە پاشـەڕۆژی بـرا زیندوەکانیان ئێستا ئەبێ نەك دوارۆژ .

٣- شادمانن بەو خۆشی‌یە ئەدرێ بەهەموو باوەڕداران ، ئیتر بیان ناسن یان نەیان ناسن کەلەجەنگدا کوژرابن یا لەماڵی خۆیانا ، وەك خوا ئەفەرموێ :

﴿ يَستَبشِرونَ بِنِعمَةٍ مَنَ اللهِ وَفَضل ﴾ ئەو شەهیدانەی ڕێگەی خـوا شـادمانن و کـەیف خۆشن بەو پاداشت و چاکەیەی خوا کە دەسـتی خۆیـان و هـەموو بـاوەڕداران ئەکـەوێ لەسەر کردەوەکانیـان و ، شـادمانن بـەڕێزگرتنیان لای خـوا و بـەدوو پـات کردنـەوەی پاداشتەکانیان .

﴿ وإنَّ اللهَ لا يُضيع أجـر المؤمنـين ﴾ وەبەڕاسـتی خـوا لـەناو نابـا پاداشـتی کـرداری باوەڕداران و زۆر تریشی ئەکا .

پرسیار / لەبەر چ شتێ خوا ڕستەی ﴿ يستبشرون ﴾ ی دووپات کردوەتـەوە لەگـەڵ ووشەی ﴿ فضل ﴾ ؟

وەڵام / بەڕاستی بۆ شەهید هەیە سێ شادمانی : شادمانی یەکەمیان بەهۆی ئـەو شـتەی بەخۆیان ئەگا ، ئاماژەی بۆ ئەکا بەفەرمودەی ﴿ فرحين بما آتاهم الله من فضله ﴾ شـادمانی دووهەمیان لەبەر براکانیانە ئەیان ناسن و هێشتا بەمان نەگەیشتوون ، ئاماژەی بۆ ئـەکا بـە ﴿ يستبشرون بالذين لم يلحقوا بهم ﴾ ، شادمانی سـێهەمیان بـۆ هـەموو بـاوەڕداران بیـان ناسن یا نەیان ناسن ئاماژەی بۆ ئەکرێ بە ﴿ يستبشرون بنعمة من الله وفضله ﴾ .

پرسیار / جیاوازی لەنێوان ووشەی ﴿ فضل ﴾ وە ووشەی ﴿ نعمة ﴾ چ شتێکە ؟

وەڵام / مەبەست لـە ﴿ نعمـة ﴾ بریتی‌یـە لەپاداشـتێ شایسـتەی کـارگوزارێ بـێ بـۆ کرێکەی ، مەبەست لە ﴿ فضل ﴾ بریتیە لەوەی خوا ئەیبەخشێ هەر لەبەر گەورەیی خۆی نەك لەبەر شایانی کار گوزار .

ئەگێڕنەوە ئەبو سوفیان و هاوڕێکانی وەك لەمەو بـەر بـۆ مەبەسـتێ باسـی کـرا کاتـێ گەڕانەوە لەجەنگی ئوحود گەیشتنە (ڕەوحا) پەشـیمان بونـەوە و ویسـتیان بگەڕێنـەوە و

پەلاماری موسوڵمانان بدەنەوە ، ئەم هەواڵە گەیشتە پێغەمەر (ﷺ) خۆی ئامادەکرد بۆیان و فەرموی : جگە لەوانەی پێشوو لەگەڵم بوون کەسی ترم لەگەڵ نەیە . پێغەمەر (ﷺ) لەگەڵ ئەو کۆمەڵە چوونە دەرەوە بۆ بەرگری کردن لەبت پەرستان کەگەیشتنە (حەمرائولئەسەد) کەهەشت میل لەمەدینەوە دوورە خۆی و هاوەڵەکانی خۆیانیان ڕاگرت بۆ ئەو مەبەستە هەرچەندە ماندوو برینداریش بوون بۆ ئەوەی پاداشتیان لەکیس نەچێ ئارامیان گرت ، بێ باوەڕە بت پەرستەکان کە ئەو هەواڵەیان بیست خوا ترسی خستە دڵیان ، بۆیە خوا ئەفەرموێ :

ٱلَّذِينَ ٱسْتَجَابُوا۟ لِلَّهِ وَٱلرَّسُولِ مِنۢ بَعْدِ مَآ أَصَابَهُمُ ٱلْقَرْحُ ۚ لِلَّذِينَ أَحْسَنُوا۟ مِنْهُمْ وَٱتَّقَوْا۟ أَجْرٌ عَظِيمٌ ﴿١٧٢﴾ ٱلَّذِينَ قَالَ لَهُمُ ٱلنَّاسُ إِنَّ ٱلنَّاسَ قَدْ جَمَعُوا۟ لَكُمْ فَٱخْشَوْهُمْ فَزَادَهُمْ إِيمَـٰنًا وَقَالُوا۟ حَسْبُنَا ٱللَّهُ وَنِعْمَ ٱلْوَكِيلُ ﴿١٧٣﴾ فَٱنقَلَبُوا۟ بِنِعْمَةٍ مِّنَ ٱللَّهِ وَفَضْلٍ لَّمْ يَمْسَسْهُمْ سُوٓءٌ وَٱتَّبَعُوا۟ رِضْوَٰنَ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ ذُو فَضْلٍ عَظِيمٍ ﴿١٧٤﴾ إِنَّمَا ذَٰلِكُمُ ٱلشَّيْطَـٰنُ يُخَوِّفُ أَوْلِيَآءَهُۥ فَلَا تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿١٧٥﴾

﴿ الذينَ أستَجابوا للهِ وَالرَّسولِ مِنْ بَعْدِ ما أصابَهُمُ القَرْحُ ﴾ کەسانێکی ئەوتۆ وەڵامی خوا و نێراوی خوایان دایەوە کاتێ فەرمان دەرکرا بچنە دەرەوە لەمەدینە لە دوای ئەوەی تووشی ئەوان بوبو برینداریلەجەنگی ئوحودا .

﴿ لِلذينَ أحسَنوا مِنهُمْ وَأتّقوا أجرٌ عَظيمٌ ﴾ بۆ کەسانێکی ئەو تۆ هەیە بۆ چاکەیان کردوە لەو کەسانە پەیڕەوەی پێغەمەریان کرد و وەڵامیاندایەوە بۆلای جەنگ کردن و خۆیانیان پاراست لەگوناهو بێ فەرمانی خوا و پێغەمەر پاداشتێکی گەورە ، وەك بەهەشت . ناو بردنی ئەو پاداشتە ئەوە ئەگەیەنێ یەکجار گەورەیە ، جگە لەخوا کەس نایزانێ .

﴿ الذينَ قالَ لَهُمُ الناسُ إنَّ الناسَ قَدْ جَمَعوا لَكُمْ ﴾ کەسانێکی ئەوتۆن ووەڵامی پێغەمەریان دایەوە لەبێ فەرمانی خۆیان پاراست بەوانیان ووت هەندێ ئادەمیزاد: بەڕاستی پیاوانی مەکە لەتاقمەکانی ئەبو سوفیان پێك هاتوونو کۆبونەتەوە بگەڕێنەوە و جەنگ بکەنەوە لەگەڵتان و بنەبڕتان بکەن .

ئەو کەسانە ئەو هەواڵەیان بەموسوڵمانان ووت ، هەندێ لەزانایان ئەڵێن : بریتی بوون لەدوو ڕووەکان ، هەندێ تر لایان وایە بریتی بوون لە کاروانی هۆزی عەبدو قەیس کەتووشیان بوو بەتووشی موسوڵمانانەوە ، هەرکام لەوانە بێ مەبەستەکە ناگۆڕێ ، ئەوەی شایانێ تاقمێ بەو کارە هەڵسابوون .

﴿ فأخشَوهُمْ فَزادَهُمْ إيماناً ﴾ دوایی ئێوە لەبت پەرستان بترسن و خۆتانیان لێ بپارێزن ، چونکە ئەوان ژمارەیان زۆرە و ئێوە توانای جەنگتان نەماوە ، دوایی گفتوگۆی بێ باوەڕان موسوڵمانانی زۆر کرد بۆ باوەڕهێنان و هورەیان بەرزتر بویەوە و گوێیان لەو هەواڵە نەگرت و ئازایی خۆیانیان باشتر دەرخست .

﴿ وَقالوا حَسْبُنا اللهُ وَنِعمَ الوَكيل ﴾ وە ووتیان : ئێمە خوامان بەسە و یارمەتیمان ئەدا و ، خوا چاك کار پێ سپێراوە و هەڵسوڕێنەری ئێشی ئێمە و هەموو بوونەوەرانە .

بەکورتی باوەڕداران بەو برینداری و خوێناویەوە زۆر بەپەرۆش و خۆشیەوە ووەڵامی پێغەمەریان دایەوە و بۆ دژی بت پەرستان و لەشکرەکەیان و لەوان نەترسان کەئەیان ووت : مەچنە دەرەوە لەگەڵ موحەمەد ، بەڵکو بەگفتوگۆی ئەوان غیرەتیان پتر ئەبوو باوەڕیان زۆر تر ئەبوو لەسەر پەیڕەوی پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ ، بەجۆرێ مرۆڤێ لەهۆزی بەنی

عەبدولئەشهەل ئەلێ: من و براکەم هەردەەکمان لەگەڵ پێغەمەردابووین کاتێ جارچی پێغەمەر جاری بۆ دەرچوون بلاو کردەوە ، لەگەڵ پێغەمەر چووینە دەرەوە ، هەردوکمان بریندار بووین و برینی براکەم سەخت تر بوو هەرکاتێ دوا بکەوتایە ئەم کرد بەکۆڵەوە ، بەو شێوەیە فەرمودەی خوا تێکەڵاوی خوێنیان بوبو لەکوشتن و دیل کردن و ئازار نەئەترسان .

﴿ فأنقلبوا بنعمة من الله وفضلٍ لم يَمسَسهم سُوءٌ ﴾ دوایی موسوڵمانان گەڕانەوە بەساغی بەهۆی چاکە و گەورەیی خواوە تووشی ئەوان نەبوو هیچ خراپە و ئازارێ لەبرینداری و کوشتن .

﴿ وأتبعوا رضوان الله والله ذو فَضلٍ عَظيمٍ ﴾ وەپەیڕەوی ڕەزامەندی خوایان کرد بەهۆی ئازایی و دەرچونیان بۆ ڕێگە گرتن لەدوژمنانی خوا و ، خوا خاوەنی چاکەی زۆر گەورەیە کەترسی خستە دڵی بت پەرستان و گەڕانەوە و موسوڵمانانی سەرخست .

﴿ إنما ذلِكم الشيطانُ يُخوِّفُ أولياءَهُ ﴾ بەڕاستی ئەو پڕو پاگەندەیە بلاو کرایەوە بۆ ترساندنی ئێوە کەئەیان ووت : مەچنە دەروە ئەو شەئیتانە بوو ئەترسێنێ دۆستەکانی خۆی و کاریان تێ ئەکا نەچنە دەرەوە ، بەلام ئێوەی باوەڕدار دۆستی خوان و ترساندنی ئەو کارناکاتە سەر ئێوە .

ئەوەبوو عەبدولای کوڕی ئوبەی بەچەندین کەسەوە گەڕانەوە بۆ مەدینە لەترسانا .

﴿ فَلا تَخافُوهُمْ وَخافونِ إنْ كُنْتُمْ مُؤمِنين ﴾ دوایی ئێوە مەترسن لەدۆستانی شەیتان و ئەو کەسانەی پڕوپاگەندە بلاو ئەکەنەوە بۆ ترساندنتی ئێوە و ، ئێوە لەمن بترسن و بێ فەرمانی من مەکەن ئەگەر ئێوە باوەڕدارن ، چونکە باوەڕداری داوای ترسان ئەکا لەخوا، کۆمەڵێ لەبێ باوەڕان موسوڵمان بوون لەپاشا لەئاین وەرگەڕان لەترسی قورەیشەکان ، بەوبۆنەوە پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ تووشی خەفەت بوو ، خوای مەزن بۆی ڕوون کردەوە ، وەرگەڕانی ئەوان زیان بەتۆ ناگەیەنێ و فەرموی :

وَلَا يَحْزُنكَ ٱلَّذِينَ يُسَٰرِعُونَ فِى ٱلْكُفْرِ ۚ إِنَّهُمْ لَن يَضُرُّوا۟ ٱللَّهَ
شَيْـًٔا ۗ يُرِيدُ ٱللَّهُ أَلَّا يَجْعَلَ لَهُمْ حَظًّا فِى ٱلْءَاخِرَةِ ۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ
عَظِيمٌ ﴿١٧٦﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ ٱشْتَرَوُا۟ ٱلْكُفْرَ بِٱلْإِيمَٰنِ لَن يَضُرُّوا۟
ٱللَّهَ شَيْـًٔا وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿١٧٧﴾ وَلَا يَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟
أَنَّمَا نُمْلِى لَهُمْ خَيْرٌ لِّأَنفُسِهِمْ ۚ إِنَّمَا نُمْلِى لَهُمْ لِيَزْدَادُوٓا۟ إِثْمًا ۚ
وَلَهُمْ عَذَابٌ مُّهِينٌ ﴿١٧٨﴾

زانایان لەهۆی هاتنە خوارەوەی ئەو ئایەتانە بیریان جیاوازە ، هەندێکیان لایان وایە دەربارەی دووڕووەکان و جولەکەکان هاتۆتە خوارەوە . هەندێکیان ئەڵێن لەبارەی قورەیشی‌یەکان هاتوەتەخوارەوە ، لەوانەیشە هاتبێتە خوارەوە دەربارەی هەموو بێ باوەڕان، هەرچۆنێ بێ مەبەستەکە ناگۆڕێ .

﴿ وَلا يَحزُنْكَ الّذين يُسارعونَ في الكُفر ﴾ وەتۆ خەفەتبار نەکەن کەسانێکی ئەوتۆ پەلە ئەکەن بۆ نێو بێ‌باوەڕی و خاوەنەکانیان ، وێنەی عەبدولای کوڕی ئوبەیی و تاقمەکەی کەئەیانەوێ ڕوناکی ئایین بکوژێننەوە ، لەگەڵ ئەوانەیش خەفەتبارت ئەکەن و لەئایین وەرئەگەڕێن یا باوەڕیان لاوازە .

﴿ إِنَّهُمْ لَنْ يَضروا اللّٰهَ شيئاً ﴾ بەڕاستی ئەو کەسانە هەرگیز زیان ناگەیەنن بەئاین و دۆستانی خوا هیچ شتێ بەهۆی بێ باوەڕی خۆیان و کار و فرمانیان لەناوئەچێ و

شکۆیان نامێنێ ، بەڵام ئەو ئایینە تۆ ئەی پەرستی شان و شکۆی پەرە ئەسێنێ و وانەکانی بەرز ئەبێتەوە ، هەروایشبوو زۆری پێ نەچوو ئاینی ئیسلام گەشەی سەند و ڕیشەی داکوتا لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژ ئاوادا ، ناویان لەناودا نەما ئەو کەسانەی پەلەیان کرد بۆلای بێ باوەڕی و دوژمنایەتی خوا .

﴿ يَريدُ اللهُ ألاّ يَجْعَلَ لَهُمْ حظّا في الآخِرة وَلَهُمْ عَذابٌ عَظيمٌ ﴾ خوا ئەیەوێ نەگێڕێ بۆ ئەو کەسانە و نەیانداتێ بەشێ لەپاداشتی ڕۆژی دوایی و ، بۆ ئەو کەسانە هەیە سزایەکی زۆر گەورە لەپاشەڕۆژدا ، چونکە درێژە ئەدەن بەبێ باوەڕی و پەشیمان نابنەوە هەتا ئەمرن.

پرسیار / دەرکەوتوی مانای ئەو ئایەتە ئاماژە بۆ ئەوە ئەکا خودا خراپەی ئەوێ بۆ ئادەمیزاد ، لەبەر ئەوەی سزای دۆزەخ خراپە ؟

وەڵام / بەڵێ خوا سزای ئەوانی ئەوێ ، بەڵام دوای ئەوەی ئەو کەسانە شایستەی سزابن ، چونکە خوا فەرمانی داوە بەباوەڕهێنان ، خۆیانی ئازاد کردووە ، ئەوانیش بێ باوەڕیان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە بەخۆشی خۆیان ، بۆیە خوا سزایان ئەدا .

﴿ إنَّ الذينَ أشتَروا الكُفرَ بالإيمانِ لَنْ يَضروا اللهَ شيئاً وَلَهُمْ عَذابٌ أليمٌ ﴾ بەڕاستی کەسانێکی ئەوتۆ بێ باوەڕی ئەکڕن بەباوەڕهێنان بەخوایشتی خۆیان و پەشیمان نابنەوە هەرگیز زیان بەئاینی خوا ناگەیەنن هیچ شتێ بەهۆی ئەو ئاڵ و گۆڕینەوە و ، بۆ ئەو کەسانە هەیە سزایەکی ئازاردەر .

پرسیار / خوای مەزن دووجار لەو دوو ئایەتانەدا ناوی ﴿ لن يَضروا اللهَ ﴾ بردووە ، هۆکەی شتێکە ؟

وەڵام / مەبەست لەئایەتی یەکەم بێ باوەڕانی قوڕەیش و ئەو کەسانەیان لەشکریان کردووە بۆ جەنگ کردن لەگەڵ پێغەمەر و ئەو دوو ڕووانەیش یاریدەی ئەوانیانداوە لەدژی پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ . مەبەست لە ئایەتی دووهەم هەموو ئەو کەسانەیە باوەڕیان

نەهێناوە بەخوا بەر لە قورەیشیەکان و ئەوانەیش لەمەو پاش باوەڕنەهێنن بەخوا جەنگ کەربن یان نە ؟

لەدوایی باسی ئەو کەسانە خوای مەزن ڕوونی ئەکاتەوە تەمەن درێژی بێباوەڕان سوود نابەخشێ بەوان ، بەمەرجێ سەر بکێشێ بۆ لای بێباوەڕی خاوەنەکەی هەتا کۆتایی تەمەنیان بۆیە خوا ئەفەرموێ:

﴿ وَلا يَحسَبَنَّ الذين كَفَروا أنّما غلي لهم خيرٌ لأنفسهم ﴾ وەگومان نەبەن کەسانێکی ئەو تۆ باوەڕیان نەهێناوە لەجولەکە و گاور و بت پەرستان و دووڕووان کە بەڕاستی مۆڵەتدانی ئێمە بۆ ئەوان چاکتربێ بۆ خۆیان کەبەو تەمەنە درێژەی خۆیان پڕوپاگەندە بکەن بۆ ئایینیخوا.

﴿ إنّما غلي لهم ليزدادوا إثماً وَلَهُمْ عَذابٌ مُهين ﴾ بەڕاستی ئێمە مۆڵەتی ئەوان ئەدەین بۆ ئەوەی ئەوان گوناە زۆرتر بکەن بەسەربەستی خۆیان و بەردەوامبن لەسەر ئایینی پوچ ، بۆئەوکەسانە هەیە سزایەکی ئابڕووبەریان و بێ نرخیان ئەکا .

بەڕاستی تەمەنی ئادەمیزاد وەك سامانەکەی وایە ، ئەگەر بەجۆرێکی چاك دەستکاری بکا و دای بنێ بۆ خۆی و خێزان و بێ نەوایانی بەندەی خوا ئەبێتە هۆی چاکە و پاداشتی زۆر ، هەموو کاتێ سامانی زۆر بوو بەخشی لەپەرستنی خوادا بەو بۆنەوە پاداشتی دووپات ئەبێتەوە ، ئەگەر سامانی خۆیان بەخراپی دەست کاری بکەن و لەگوناهدا دای بنێن ئەبێ بەهۆی خراپەی زۆر بۆیان ، هەموو کاتێ سامانیان گەشە بکا خراپەی زۆرتر ئەبێ ، هەروایش تەمەنی ئادەمیزاد ئەوپەڕی مرۆڤ ئەگەیەنێ بەبەختیاری ئەگەر کاری زۆری پێ بکا بۆ چاکە ، ئەبێتە هۆی خراپە بۆی ئەگەر بەکاری نەهێنێ لەچاکەدا .

لەم جێگەیەدا ئەم پرسیارانە و وەڵامەکانیان خۆیان نیشان ئەدەن :

پرسیار / ئەگەر هەندێ لەبێ باوەڕان کردەوەی چاکی زۆریان لەڕێگەی چاکەدا ئەیان بەخشی ، هەتا تەمەنیان درێژتر بوایە بەزانست و کۆششی پاکی خۆیان سوودی زۆرتر بۆ

ئادەمیزاد هەبو، ئەوەیش دژی فەرمودەی خوایە بۆیە تەمەنیان درێژ ئەکەین هەتا خراپەی زۆر بکەن؟

وەڵام / دارِژاندنی ئەو ئایەتە مەبەستەکەی خۆی دیاری کردووە لەگوناهدا کەبەتایبەتی بریتین لە بێ باوەڕی بەتەنها ، لەو بارەوە هەتا تەمەنیان درێژبێ بێ باوەڕیان زۆرتر ئەبێ نەك لەهەموو ڕوێکەوە ، چونکە وائەبێ لەهەندێ کاریاندا چاکەکەربن .

پرسیار / ئایا پاداشتی بێ باوەڕان ئەدرێتەوە کاتێ بەباشی سوود بگەیەنن بەئادەمیزاد ، یا ئەو کارە و نەکردنی یەکسانن؟

وەڵام / ئادەمیزاد بەشێوەیەکی گشتی لەم چوار بەشانەی خوارەوە بەدەر نین :

١- ئادەمیزاد هەیانە خاوەنی باوەڕ بەخوان و کردەوەی چاکیان هەیە ، ئەو کەسانە بە گوێرەی فەرمودەی خوا مـوژدە پێدراون بەبەهەشت ، وەك لەئایەتی ﴿ ٣٠ ﴾ لەسورەتی ﴿ فعتلت ﴾ خوا ڕوونی کردوەتەوە .

٢- هەیانە خاوەنی باوەڕ نین و کردەوەی چاکیش ناکەن ، ئەو کەسانە بەگوێرەی فەرمودەی خوا شەیتان دەستەڵاتی پەیدا کردووە بەسەریانا و خوا و ئایینی لەبیردونەتەوە و بوون بەدۆستی شەیتان هەتا ئەمرن ، ئاشکرایە ئەو کەسانە تووشی سزای بێ کۆتایی ئەبن بەبەڵگەی ئایەتی ﴿ ١٩ ﴾ ی سورەتی ﴿ المجادلة ﴾ .

٣- هەیانە خاوەنی باوەڕن ، بەڵام لەتەمەنیانا کردەوەی چاکیان نەکردووە ، خۆیان بە تاوانبار ئەزانن ، ئەو کەسانە هەواڵەی میهرەبانی خوا ئەکرێن ، بەگوێرەی ویستی خۆی کاریان لەگەڵ ئەکا ، ئەگەر پەشیمان ببنەوە خوا پەشیمان بوونەوەیان لێ وەرئەگرێ بەڵگەی بۆ ئەو دوو مەبەستە ئایەتی ﴿ ١٠٣ ﴾ ی سورەتی ﴿ التوبە ﴾ و ئایەتی ﴿ ٤٨ ﴾ ی سورەتی ﴿ النساء ﴾ ە .

٤- ئادەمیزاد هەیانە بێ باوەڕن بەخوا ، بەڵام کردەوەی زۆری چاکیان هەیە بۆ سوودی گشتی ، برسیانی ئادەمیزاد تێر ئەکەن ، شەقام و خەستەخانە و خوێندنگا و

هەتیوخانە دروست ئەکەن ، هەر ڕێگەیە چاکبێ ئەوان ئەی گرنە بەر ، لەسەر بێ باوەڕی خۆیان بەردەوام ئەبن هەتا مردن ، ئەو کەسانە کردەوەی چاك و نەکردنیان یەکسانە بەچاکەکانیان پڕ بەزەوی زێڕ بێ و ببەخشن ، سزای خاوەن ئازاریان ئەدرێ بەگوێرەی ئایەتی ﴿ ٩١ ﴾ ی سورەتی ﴿ ئالی عیمران﴾ .

بەڵام لە ئەوەی خوای مەزن خاوەنی داد پەروەرییە چاکەی بێ باوەڕانیش لەخزمەتی خوادا بێپاداشت ناڕوا ، وائەبێ لەجیهاندا وەری ئگرێ بە پلەی بەرز و تووشی نەخۆشی و ئازاریان ناکا ، وایش ئەبێ لەپاشە ڕۆژدا سزای دۆزەخیان سووکترئەبێلەبێ باوەڕانی تر بەو جۆرەی پێویستبێ ئێمە لەو مەبەستە ناگەین ، واچاکە هەواڵەی زانین و داد پەروەری خوای بکەین .

خوای مەزنن نەویستی خۆی باوەڕداران و دووڕووەکان لەیەك جیا ئەکاتەوە کەبەبیانویەکی ناڕەوا خۆیانیان لەڕیزی موسوڵمانان دەرکرد ، ئەوەبو کەباوەڕداران لەجەنگی ئوحودا تووشی ئازار بوون بەهۆی بێ فەرمانی پێغەمەرەوە ﴿ﷺ﴾، بۆ ئەوە لەڕێگەدا پاك و پیسی لەیەك جیا بکاتەوە ، بۆ ئەوەیش قوڕەیشییەکان ووتیان : موحەمەد ئەڵێ : هەرکەسێ دژی من بێ ئەچێتە دۆزەخەوە و خوا لەو کەسە بەخەشمە ، هەرکەسێ لەگەڵ من بێ ئەچێتە بەهەشت و خوا خۆشی ئەوێ ، ئەگەر وایە بۆ موحەمەد هەواڵمان ناداتێ هەتا بزانین چ کەسێ باوەڕدار و چ کەسێ بێ باوەڕە خوای مەزن فەرموی :

مَّا كَانَ ٱللَّهُ لِيَذَرَ ٱلْمُؤْمِنِينَ عَلَىٰ مَآ أَنتُمْ عَلَيْهِ حَتَّىٰ يَمِيزَ ٱلْخَبِيثَ مِنَ ٱلطَّيِّبِ ۗ وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُطْلِعَكُمْ عَلَى ٱلْغَيْبِ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَجْتَبِى مِن رُّسُلِهِۦ مَن يَشَآءُ ۖ فَـَٔامِنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ ۚ وَإِن تُؤْمِنُوا۟ وَتَتَّقُوا۟ فَلَكُمْ أَجْرٌ عَظِيمٌ ﴿١٧٩﴾

﴿ ماكانَ اللهُ ليذرَ المؤمِنِينَ عَلى ما أنتُمْ عَلَيهِ حَتى يُمَيّزَ الخَبيثَ مِنَ الطَّيّب ﴾ خوا واز لەباوەڕداران ناهێنێ لەسەر شتێ ئێوەی باوەڕدار و بێ باوەڕ لەسەرینی لەتێکەڵاوی باوەڕدارە پاکەکان و دووڕووەکان هەتا جیا ئەکاتەوە پیس لەپاك بەسر وش لەلایەن خۆیەوە بۆلای پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ بەبۆنەی پەیدابوونی جەنگ ، هەر کەسێ دووڕوو بێ واز لەجەنگ ئەهێنێ ، دوژمنەکانی پێغەمەر دوو تاقمن:- یانێ بەبێ تاقیکردنەوە یەکەم جار نافەرموێ ئەو کەسەیا کەو ئەوەیا پیسە.

١- بت پەرستان :- ئەو کەسانەن بەئاشکراو بەنهێنی بێ باوەڕن ، لەیەکەم کاتەوە بڕیاری جەنگیان داوە ، کۆتایی بەدوژمنایەتی خۆیان هێنا بەکۆکردنەوەی چەند کۆمەڵ لەدژی ئیسلام ، ئامادەیان کرد بۆ جەنگ ئەوەی لەتوانایان هەبوو ، دوایی ئەوانە ناسراون و جیا ئەبنەوە لەموسوڵمانان .

٢- دووڕووەکان :- ئەو کەسانەن دوژمنی پێغەمەر و هاوڕێکانی پێغەمەرن لەپەنهانیدا و لەدڵەوە ، بەڵام خۆشەویستی خۆیان و دۆستایەتی ئاشکرا ئەکەن بۆیان ، هەموو کارە گرنگەکانیان تێك دانی ڕیزی موسوڵمانانە ، جارێ بە بەڵاو کردنەوەی پڕوپاگەندەی درۆ جارێ تر فریوی موسوڵمانان ئەدەن بەبێ فەرمانی خوا و پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ ، جارێ تر بەترساندنیان لەبت پەرستان ، لەهەندێ جەنگدا دێنە نێو موسوڵمانان و لەنیوەی ڕێگەدا وازیان لێ ئەهێنن ، پێغەمەر و هاوڕێ پاکەکانی تووشی ئازار ئەبون لەبت پەرستانەوە ، بت پەرستان جەنگیان ئەکرد بەئاشکرا و ، دووڕووەکان لەنهێنیدا فێڵیان ساختە ئەهێنا ، ئەو کارانە ڕەوشتی دووڕووانە لەهەموو کات وجێگەیەکا بۆئەو کەسانەی داوای چاکە بکەن ، ئایەتی ﴿ ١٧٣ ﴾ ﴿ ١٧٩ ﴾ ی ئەم سورەتە و ئایەتی ﴿ ١١٢ ﴾ ی سورەتی ﴿ ئەلئەنعام ﴾ باسی ئەوانەی کردووە .. پێویست کرابوو لەسەر پێغەمەر هەرکەسێ بەدەم شایەتمان بهێنێ وەك موسوڵمان تەماشای بکرێ ، خوێنی خۆیان و داراییان پارێزراو ئەبێ ،

ئەکران بە هاوبەشی تالآن لەجەنگدا ، لەبەرئەوەی هێشتا ئیسلام تازە پـەیدابوبو ، ئەگەر بکوژرانایە یادەوەریان بکردنایە مرۆڤانی ساویلکە ئـەیان ووت : موحەمـەد باوەڕدار و بێ باوەڕ بەلایەوە یەکسانە .

بی باوەڕان و بت پەرستان و دووڕووان بیانویـان بـۆ خـۆش ئـەبو بـۆ بـلاو کردنـەوە پڕوپاگەندە لـەدژی موسولـمانان و پێغەمەر ﴿ﷺ﴾. بەو بۆنەوە پێغەمەر سەرگەردان بوو بـە چ جۆرێ لەگەڵ ئەو دوو ڕووانە هەڵسێ و دلێشی زۆر تەنگ بوو ، ئەگەر وەریـانگرێ موسولـمانان تووشی گومان ئەکەن ئەگەر وازیـان لێ دێنـێ یـاریدەرانی موسـولـمانان کـەم ببنەوە وئاینی ئیسلام پەرەناسێنێ بۆیـە خـوای مـەزن فـەرمووی : خـوا واز لـەباوەڕداران ناهێنێ و باوەڕداران و دووڕووەکان لەیەك جیا ئەکاتەوە ، چرای ڕوناکی ئیسـلام چـاك و خراپ ئەناسێنێ بەدانیشتوان ئەو ئایەتە بە دووڕووان ڕائەگەیەنێ بەشایەتمان و نوێژ بەتەنـها تاقی ناکرێنەوە ، چونکە ئەوانە زۆر گران نین و تووشی ئا زار نـابن ، بـەلـکو بـەوە باشـتر تاقی ئەکرێنەوە جەنگ بکەن و خۆیان بکەن بە فیداکاری ئیسلام .

﴿ وَما كانَ اللهُ ليطلعكم عَلى الغَيبِ ﴾ وەخوا ئاگاداری هیچ کەسـێ ناکـا بـۆ زانینـی شتێ ونبێ و لەدڵدا بێ . بلێ ئەو کەسە پاکە و ئەوەیان پیسە ، بەلـکو ئێوە لەسەتانە بیـان ناسن لەکاتی تەنگانە و سەختیدا ، بەوکارەی لەجەنگی ئوحودا ڕووی دا ، کاتێ پێغەمـەر هاوڕێ بریندارەکانی بانگ کرد بچنە دەرەوە بۆ جاری دووهەم بـۆ بـەرگری لـەدوژمنان چونە دەرەوە و کوتوپڕ ، خوا هەواڵ نادا بەشـتێ لەدڵدایـە و لـەباوەڕ و لـەدووڕوویی ، فەرمان ئەدا بەفیدا کاری و دانانی دارایی لەرێگەی خوادا .

خوای مەزن هەندێ جار هەندێ لەپێغەمەران ئاگادار ئەکا لەسەر دووڕوویی مرۆڤـێ و باوەڕداری مرۆڤێ تر ، هەرئەوەیش مەبەستە لەمانای فەرمودەی کەئەفەرموێ :

﴿ وَلَكِنَ اللهَ يَجتبِي مِنْ رُسَلِهِ مَنْ يَشـاء ﴾ وەبـەلام خـوا هەلـئـەبژێرێ لـەنێردراوەکانی خۆی کەسێ ئارەزوی هەبێ هەواڵی ئە داتـێ بەپـەیام و ئاگـاداری ئـەکا لـەسـەر هـەندێ

کاری نهێنی خۆی لەبێ باوەڕی هەندێ کەس و باوەڕدارایی هەندێ تر ، ئەوەیش بەتایبەتیهەر بۆ پێغەمەرانەو شایانی کەسی تر نییە .

﴿ فآمِنوا بِاللهِ وَرُسُلِهِ ﴾ دوای ئێوه باوەڕ بهێنن بەخوا کە هەر ئەو شاراوەکان ئەزانێ بەگشتی لەباوەڕ و لەدووروویی و بێ باوەڕی ، باوەڕبەنێردراوەکانی خوا بهێنن کەئەوانە هەڵبژێردراوی خوان و شاراوەکان نازانن ، مەگەر خوا بەپەیام ئاگاداریان بکگا لەسەر هەندێ لەشاراوەکان .

﴿ فإنْ تُؤمِنوا أو تتبعوا فَلَكُمْ أجرٌ عَظيمٌ ﴾ وەئەگەر ئێوه باوەڕ بهێنن بەو جۆرەی باسکرا ، خۆتان بپارێزن لەبێ فەرمانی خوا و پێغەمەر ، دوایی بۆ ئێوه هەیە پاداشتێکی زۆر گەورە .

پاش ئەوەی خوای مەزن لەمەو بەر هانی ئادەمیزادی دا کە خۆیان بکەن بەفیداکار لەڕێگەی ئاییندا ، بۆ لەمەو دوایش هانیان ئەدا کەدارایی خۆیان ببەخشن هەر لەو ڕێگەیەدا و ئەفەرموێ :

وَلَا
يَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ يَبْخَلُونَ بِمَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ هُوَ خَيْرًا
لَّهُم بَلْ هُوَ شَرٌّ لَّهُمْ سَيُطَوَّقُونَ مَا بَخِلُوا۟ بِهِۦ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ
وَلِلَّهِ مِيرَٰثُ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ ﴿١٨٠﴾
لَّقَدْ سَمِعَ ٱللَّهُ قَوْلَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓا۟ إِنَّ ٱللَّهَ فَقِيرٌ وَنَحْنُ أَغْنِيَآءُ
سَنَكْتُبُ مَا قَالُوا۟ وَقَتْلَهُمُ ٱلْأَنۢبِيَآءَ بِغَيْرِ حَقٍّ وَنَقُولُ

ذُوقُواْ عَذَابَ ٱلْحَرِيقِ ﴿١٨١﴾ ذَٰلِكَ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيكُمْ وَأَنَّ ٱللَّهَ لَيْسَ بِظَلَّامٍ لِّلْعَبِيدِ ﴿١٨٢﴾

﴿ وَلا يَحْسَبَنَّ الذينَ يَبْخَلونَ بِما آتاهُم مِنْ فَضلِهِ هُوَ خَـيراً لَـهُمْ ﴾ وەگومـان نەبـەن کەسانێکی ئەوتۆ ڕژدو دەست و شکن بەشتێ خوا بەخشیوێتی بەوان لـەدارایی و گەورەیی خۆی چاك بێ بۆ ئەو کەسانە ، پێویست کراوە ببەخشن بەهەژاران و نانیاندەنێ .

﴿ بَلْ هُوَ شَرٌّ لَهُمْ سَيُطوقونَ ما بَخِلوا بِهِ يَومَ القيامة ﴾ بەڵکو ئەو داراییە خراپـە بـۆ ئەوان لـەمەو پاش ئەگەڕێ بەگەردانەی ملیان شتێ ئـەوان ڕژدیـان پـێ کـردووە و نـەیان گەیاندوە بەجێگەی خۆی و زەکاتەکەیان نەداوە و دایان نەناوە لـەجێگـەی سـود بەخشـدا لـەڕۆژی هەڵسانەوەیان لـەگۆڕەکانیان ، گەردانەی ملیانە و ڕسوایان ئەکا .

﴿ وَلِلّه ميراثُ السمواتِ والأَرض ﴾ وەبۆ خوایە کەلەپوری دانیشـتوانی ئاسمانـەکان و زەوی و گەنجینەی ئەوان ، دوای مردنیان لـەدارایی و جگەی دارایی ، ئادەمیزاد وەك چۆن خاوەنی هیچ شتێ نەبوون یەکەم جار کەجیهان کۆتایی پێ هـات هیـچ کەسـیان خـاوەنی هیچ شتێ نین . ئیتر بۆ ئەبێ ڕژدی بکـەن لـەو شـتەدا خـوا بەخشـیویە بـەوان ، ڕوون و ئاشکرایە ئەوەی هەیانە هەر بۆ خوایە و ئارەزوی هەبێ لـێیان ئەسێنێتەوە .

﴿ واللهُ خبيرٌ بِما تَعمَلون ﴾ وەخوا بەو شتانەی ئێوە ئەیکەن ئاگادارە و ئەزانێ ، چۆنـی دائەنێن ، ئەزانێ ئێوە ڕژدن یان ڕژد نین ، پاداشـتی کـاری خۆتـان وەرئـەگرن بـەچاك یـا بەخراپ .

لەنێو ڕووناکی ئەو ئایەتە پیرۆزە ئەمانەی خوارەوەمان بۆ دەرئەکەوێ :

١) زۆر ترین ئایەتەکانی قورئان بۆمان ئـەدرکێنن کەهـەموو سـامان و دارایـی هـەموو بونەوەرانیش و ئەوانـەیش بەدەسـتی ئـادەمیزادەوەن خـاوەنی ڕاسـتەقینەیان نـین ،

بەڵکو هەمویان هی خوان ، ئادەمیزاد کار پێ سپێراوی خوان بۆ بەکارهێنانی خۆیان و سامانیان بەگوێرەی ئەو یاسایە بۆیان دیاری کراوە و نابێ لەدەستوور دەرچن ، هەروەك ئەو کەسەی لەم ڕۆژەدا کارێکی پێ ئەسپێرێ لەلایەن کەسێ ترەوە ، پێویستە چۆنی بۆ دیاری کراوە جێبەجێی بکا و لێی لانەدا .

٢) ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ وامان پیشان ئەدەن ئادەمیزاد خاوەنی هیچ شتێ نین لەسامان و دارایی ، خاوەنەکانیان هەر خوان ، وەئەبی بزانین خاوەنێتی سامان لەم ڕۆژەدا سێ جۆرن :

أ- خاوەنێتی تاکانەیی بەرەڵایەتی بی سنوور و بی ژمارە کەبیرو بۆچوونی سەرمایەدارەکانە ، دەست بەسەر دەرامەتی وولاتان ئەگرن و جگەی خۆیان کرێکارن .

ب- خاوەنێتی بەستراوەی دیاری کراو بۆ سامانیان کەبیرو باوەڕی سۆشیالیستەکانە.

ج- خاوەنێتی کۆمەڵایەتی کەکس خاوەنی هیچ شتێ نیە و هەموو شتێ سامانی دەوڵەتە و هەر ئەو خاوەنیانە .

ئەو سێ جۆرە خاوەن دارایییە ئیسلام بڕیاری بوونیان نادا و هەموویان پووچن ، بەڵکو خوای مەزن خاوەنی ڕاستقینەیە بۆ هەموو شتێ بەتەنها ، بڕیاری داوە ئادەمیزاد کارپێ سپێردراون بۆ بەکارهێنانی ئەو سامان و دارایییەی لایانە بۆ سوودی خۆیان و خێزانیان و هەژاران بەجۆرێکی دیاری کراو بۆیان ، بەو مەرجەی ئەو سامانە بەڕێگەیەکی ڕەوا پەیدای بکا نەك بەجۆرێکی ناڕەوا ، بەفێڵ و فڕو دزی و بەرتیل پەیدای نەکا ، بازرگانی مەی و قومار کردن بەکار نەهێنن بۆ پەیدا کردنی دارایی ، کەواتە کۆکردنەوەی سامان و بەکارهێنان و بەخشینی سنورێکی دیارکراویان بۆ دانراوە .

پرسیار / هەندێ لەئایەتەکانی قورئان بەڵگەن لەسەر ئەمە کە ئادەمیزاد خاوەنی سامانی خۆیانن وێنەی ئایەتی ﴿ وَجاهِدوا بِأموالِكُم ﴾ وەئێوە جەنگ بکەن بەدرایییەکانی خۆتان .

وەڵام / ئەو خاوەنداریتی‌یە وێنەی ئەوەیە بەمیوانێ ئەبێژرێ : ئەم خانوو کەل و پەلە خۆت خاوەنیانی ، مانای وایە میوان بۆی هەیە لەوێدا بنوێ و بخوا ، مانای وانی‌یە خاوەنی ڕاستەقینەیانە .

ئاینی ئیسلام دەستوری داوە بەئادەمیزاد دەستکاری ئەو شتانە بکەن لەژێر دەستیانایە و خۆیانیان ماندوو کردووە بۆ پەیداکردنیان بەخواردن و پۆشین بۆ خۆیان و خێزانیان و هەژاران و شتی تر . لەجگەی ئەو شتانە خۆیانیان ماندوو نەکردووە بۆ پەیدا کردنیان لەدارایی جگەی خۆیان قەدەغەیە کە دەستکاری کردنیان بەبێ دەستوری خاوەنەکانیان .

زانایان ئەڵێن : کاتێ خوای مەزن ئایەتی ﴿ مَنْ ذا الذي يَقرضُ اللهَ قَرضاً حَسَناً ﴾ ناردە خوارەوە یانی چ کەسێ هەیە قەرز بدا بەخوا قەرزێکی شیرین ؟ جوولەکەکان وتیان خوا هەژارە و ئێمە ساماندارین ، خوای مەزن ئەو بیرو بۆچوونەی ئەوانی پوچ کردەوە و فەرمووی :

﴿ لَقَدْ سَمِعَ اللهُ قَولَ الذينَ قالُوا إنَّ اللهَ فَقيرٌ وَنَحنُ أغنياء ﴾ بەڕاستی خوا بیستبوی گفتوگۆی کەسانێکی ئەوتۆ ووتیان ، بەڕاستی خوا نەدارایە و ئێمە ساماندار و بێ ئیحتاجین هەرچەندە خوای مەزن ناوی ئەو کەسانەی نەبردووە خاوەنی ئەو گفتوگۆ نارەوایە بوون ، بەڵام زانایان ئەڵێن : بریتین لەجوولەکەکان وەك لەمەو بەر باسکرا و لەوانیش دوور نی‌یە. بەتایبەتی سامانداره‌کانیان بیرو بۆچوونی نالەباری زۆری لەو بابەتەیان هەیە .

بەڕاستی ئەو کەسانە ڕەخنە لەخوا ئەگرن بەزمان یا بەدڵ ، گفتوگۆی ناپەسەند دێت بەدەمیانا ، بۆ نمونە بلێن : خوا ئەو شتە بۆناکا و ئەمەیان بۆ ئەکا ؟ یا خوا هەژارە ، ئەوانە بێ باوەڕن و سزای بەتینیان ئەدرێ ، ئەو هەموو گفتوگۆ ناشایستانە لەسەریان ئەنوسرێ وەك خوای مەزن ئەفەرموێ :

﴿ سَنَكْتُبُ ما قالوا وَقَتلَهُمْ الأنبياءَ بِغَيرِ حَقْ ﴾ دوایی ئێمە ئەینوسین شتێ ئەوان ووتویانە و لای ئێمە وون نابێ ، ئەبێ بزانن ئێمە نەدارا نین و ئەوان هەژارن و پاشەڕۆژیان

زۆر ڕەشە و ، ئەیشنووسین کوشتنی پێشووەکانیان پێغەمەران بەبێ مافی ڕەوا ، هەرچەندە ئەو جولەکانەی سەردەمی پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ پێغەمرانیان نەکوشتووە ، بەڵام چونکە بەو کوشتنە ڕازین وك ئەمان کوشتبێتیانن وایە ، کوشتنی پێغەمەران بەهەموو جۆرێ ناڕەوایە بەڵام جوولەکەکان کوشتنی پێغەمەرانیان لا ڕەوایە .

﴿ وَنَقولُ ذُوقوا عَذابَ الحريق ذلِكَ بَما قَدَّمَتْ أيديكُم وأنَّ اللهَ لَيسَ بِظلّامٍ لِلعَبيد ﴾ وەئێوە بەو کەسانە ئەڵێن : ئێوە بچێژن لەپاشەڕۆژدا سزای ئاگری دۆزەخ ، ئەو سزایە بەهۆی ئەو شتەوە بۆ ئێوە خۆتان کردتان لەبێ باوەڕی و بێ فەرمانی خوا و بەدەستی خۆتان کردبوتان و ، بەهۆی ئەوەیشەوە بەڕاستی خوا ستەم لەبەندەکانی خۆی ناکا ، کەواتە لەدادپەروەری خوایە سزای پیاو خراپان بدا و چاکە لەگەڵ پیاو چاکان بکا ، خوا نەبەکەم و نەبەزۆر ستەم لەکەس ناکا .

هەندێ لەزانایان و سەرۆکەکانی جوولەکەکان هاتنە خزمەت پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ ووتیان تۆ لات وایە پێغەمەری و نامەت بۆ هاتووە ، ئێمەش خاوەنی نامەین و لەتەوراتا بەڵێنمان پێ داوە باوەڕ بە هیچ پێغەمەرێ نەهێنین ، هەتا ئەو پێغەمەرە قوربانییە ئەهێنێ ئاگرێ لەئاسمانەوە بێت و ئەو شتە بخوا و لەناوی ببا و بیسوتێنێ ، خوای مەزن بۆ ئەو مەبەستە فەرمووی :

ٱلَّذِينَ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ عَهِدَ إِلَيۡنَآ أَلَّا نُؤۡمِنَ لِرَسُولٍ حَتَّىٰ يَأۡتِيَنَا بِقُرۡبَانٖ تَأۡكُلُهُ ٱلنَّارُۗ قُلۡ قَدۡ جَآءَكُمۡ رُسُلٞ مِّن قَبۡلِي بِٱلۡبَيِّنَٰتِ وَبِٱلَّذِي قُلۡتُمۡ فَلِمَ قَتَلۡتُمُوهُمۡ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ﴿١٨٣﴾

فَإِن كَذَّبُوكَ فَقَدْ كُذِّبَ رُسُلٌ مِّن قَبْلِكَ جَآءُو بِٱلْبَيِّنَٰتِ وَٱلزُّبُرِ وَٱلْكِتَٰبِ ٱلْمُنِيرِ ﴿١٨٤﴾

﴿ الذين قالوا إن الله عَهِدَ إلَينا أن لا نؤمِنَ لِرَسولٍ ﴾ کەسانێکی ئەوتۆ ئەیان ووت : بەڕاستی خوا فەرمانی داوە بەئێمە و ئامۆژگاری کردووین کەئێمە باوەڕ بەهیچ پێغەمەرێ نەهێنین .

﴿ حتی یَأتینا بِقُربانٍ تَأكُلُهُ النار ﴾ هەتا ئەهێنێ بۆ لای ئێمە قوربانی‌یە ئاگر ئەو قوربانی‌یە بسوتێنێ . قوربانی بەهەموو شتێ دائەنرێ کە مرۆڤ کارێ بکا و بیەوێ بەو کارە لەخوا نزیك بێتەوە ، ئەو کەسانەی ئەو گفتوگۆ ناڕەوا و خراپەیان ووت بریتیبوون لەو کەسانە ئەیان ووت : خوا هەژارە و ئێمە ساماندارین .

جوولەکەکان هەتا کاتی هاتنی عیسا خوا فەرمانی پێدا بوون ئەگەر قوربانیتان کرد نابێ بیخۆن . پێویستە لەسەرتان لەجێگەیە دابنێن و چاوەڕوان بکەن ئەگەر ئاگرێ لەئاسمانەوە هاتوو ئەو قوربانی‌یەی سووتان ئەوە ئەوەئەگەیەنێ کە خوا ئەو قوربانی‌یەی وەرگرتووە ، ئەگەر ئاگرێ نەهاتایە مانای وا بوو خوا وەری نەگرتووە .

ئەو کەسانەی لەسەر کاری پوچ و ناڕەوان گومانیان وایە هەر خۆیان شایستەی هەموو شتێکن ، کارە خراپەکانی خۆیان بەدرۆ و بەدەلەسە و پڕو پاگەندە بەرگی بریقەدار ئەکەن بەبەریانا ، بەتایبەتی بە زۆری ئەو کەسانەن بازرگانی بە جەنگەوە ئەکەن و ئاگری بۆ خۆش ئەکەن لەم لاو لەولا ، بەتەنها لەبەر سوودی خراپی خۆیان زۆر جارانیش بۆ ئەو مەبەستە ژن ومناڵ و دانیشتوانی بێ‌تاوان ئەکوژن ،لەهەموو شتێ سەیر تر ئەمەیە : ئەڵێن : بەو کارانە ئاسایش ئەپارێزین . کەواتە کارێکی تازە نی‌یە جوولەکەکان بوختان و درۆ هەڵبەستن بەدەم خواوە و بڵێن : ئێمە باوەڕ بەموحەمەد ناکەین ، چونکە فەرمانمان پێ دراوە هەتا قوربانی نەهێنێ و ئاگر هەڵی نەلوشێ .

﴿ قُلْ قَدْ جاءَكُم رُسُلٌ مِنْ قَبلي بِالبَيناتِ وَبِالذي قُلْتُمْ ﴾ تۆ بلێ : بەڕاستی هات بۆ لای ئێوە چەندین نێردراوی خوا لەپێش منەوە ، وێنەی زەکەریا و یەحیا و عیسا بەچەندین نیشانە و کاری پەکخەر و ڕوون و ئاشکرا ، هاتبوون بەشتی ئەوتۆ ئێوە ووتتان و داواتان کرد کە قوربانیان دائەنا لەسەر ڕاستی خۆیان و ئاگرێ ئەهات و ئەیسوتان و باوەڕیشتان پێ نەهێنان .

﴿ فَلِمَ قَتَلْتُموهُمْ إنْ كُنْتُمْ صادِقِين ﴾ دوایی لەبەر چ شتێ ئێوە ئەو پێغەمەرانەتان کوشت ، یانێ ڕابوردووەکانتان کوشتیانن ئێوەیش بەو کوشتنە ڕازین ، ئەگەر ئێوە ڕاست ئەکەن لە داواکاری خۆتان و پەیڕەوی پێغەمەرەکانتان ئەکەن لەدەستووری قوربانی کردندا .

﴿ فإنْ كَذَّبوكَ فَقَدْ كُذِّبَ رُسُلٌ مِنْ قَبلِكَ جاؤا بِالبَيناتِ والزبر والكتاب المُنير ﴾ دوایی ئەگەر جوولەکەکان تۆیان بەدرۆخستەوە و باوەڕیانی پێ نەهێناوی ، خەفەت مەخۆ ، دوایی ئەوان بەدرۆ خراونەتەوە بە چەندین نێردراوێ لەپێش تۆ ، وێنەی نوح و هود و سالح و ئیبراهیم و جگەی ئەوان هاتبوون بۆ لای گەلەکانیان بەچەندین بەڵگەی ئاشکرا لەسەر پێغەمەرایەتی خۆیان هاتبوون بۆ لایان بەچەندین نووسراو و نامەی ڕوناکی دەر بۆیان و ئامۆژگاری کەریان ، مەبەست لەزەبور ئەو نامەیە نی‌یە هاتووە بۆ لای داوود .

پاش ئەو گفتوگۆ ناپەسەندانەی جوولەکەکان کردیان لەخزمەت پێغەمەردا ﴿ﷺ﴾ ، خوای مەزن بۆمانی ڕوون ئەکاتەوە هەموومان چاوەڕوانی مردن ئەکەین ، خوا تۆ لەجوولەکەکان ئەسێنێ کەتۆ بەدرۆ ئەخەنەوە ئەفەرموێ :

كُلُّ نَفْسٍ ذَآئِقَةُ ٱلْمَوْتِ ۗ وَإِنَّمَا تُوَفَّوْنَ أُجُورَكُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ ۖ فَمَن زُحْزِحَ عَنِ ٱلنَّارِ وَأُدْخِلَ ٱلْجَنَّةَ فَقَدْ فَازَ ۗ وَمَا ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَآ

إِلَّا مَتَٰعُ ٱلْغُرُورِ ﴿١٨٥﴾ لَتُبْلَوُنَّ فِىٓ أَمْوَٰلِكُمْ
وَأَنفُسِكُمْ وَلَتَسْمَعُنَّ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ
مِن قَبْلِكُمْ وَمِنَ ٱلَّذِينَ أَشْرَكُوٓا۟ أَذًى كَثِيرًا ۚ
وَإِن تَصْبِرُوا۟ وَتَتَّقُوا۟ فَإِنَّ ذَٰلِكَ مِنْ عَزْمِ ٱلْأُمُورِ ﴿١٨٦﴾

﴿ كُلُ نَفسٍ ذائِقَةُ المَوت ﴾ هەموو کەسێ ئەچەژێ مردن ، مردن پیاڵەیەکە ئەسوڕێتەوە بە سەر هەموو ئادەمیزادا ، پێغەمەر بن یا پیاو خراپ ، پاشا بن یا هەژار ، هەرگیز ڕاکردن لە مردن نییە .

گەورەترین کارێ پزیشك و پرۆفیسۆرەکان بیریان لێ کردەوە ئەوەبوو هەوڵ و کۆششی زۆریان دا کە بۆ ماوەیە تەمەنی ئادەمیزاد درێژ بکەن و هەرگیز بیریان لەئەوە نەکردەوە ڕێگە لەمردن بگرن . گەورەترین کۆششیان بۆ ئەو مەبەستە ئەوەبوو هەڵسان بەدەر هێنانی دڵی پیاوێکی نەخۆش و ڕوواندنی لەجێگەی دڵی پیاوێکی تردا ، ئەنجامی کۆششیان بەبێ سوود دەرچوو سەرنەکەوتن ، لەدواییدا کەوتنە بگرە و بەردە لەنێو خۆیانا . بڕیاریاندا کە دەرهێنانی دڵو چاندنی لەجێگەی دڵێ تردا گەورەترین تاوانە ، چونکە نازانرێ ئەو مرۆڤە ئەژی یان ناژی هەتا دروستبێ دڵی دەربهێنرێ ، زۆر نزیکە ئەو مرۆڤە بێ هۆش بێ و پاش ماوەیە بکەوێتە جووڵە و بۆ ماوەیە تر بژی ، زۆر جاریش وابووە ، ئەبێ بزانرێ کەدەرهێنانی تاکە گورچیلەیەکی مرۆڤێکی ساغ و ڕوواندنی لەجێگەی گورچیلەی پیاوێ ترا وێنەی دەرهێنانی دڵ نییە ، چونکە دڵ ئامێری سوڕاندنی خوێنە .

﴿ وإنَّما توفون أجوركم يَومَ القيامــة ﴾ وەبەڕاسـتی ئێـوە وەرئـەگرن پاداشـتی کـاری خۆتان لەپاشە ڕۆژدا بەبێ کەم و کوڕی . ڕستەی ﴿ توفــونَ ﴾ لەگـەڵ ووشـەی ﴿ يـومَ القيامَة ﴾ وامان پیشان ئەدەن ئادەمیزاد بەر لەپاشە ڕۆژ خوا بەشێ لەپاداشتی کارەکانیـانی داونەتێ ، لەپاشەڕۆژدا ئەو بەشەکەی تریان ئەداتێ بەتەواوی .

﴿ فَمَنْ أخرِجَ مِنَ النار وأدخِـلَ الجَنَّـةَ فَقَدْ فـاز ﴾ دوایـی هەرکەسـێ دوور خرایـەوە لەئاگری دۆزەخ و خرایە بەهەشتەوە بەڕاستی ئەو کەسە ڕزگاری بـووە و سـەرکەوتووە و بەئاواتی خۆی گەیشتووە .

﴿ وَما الحياةُ الدُنيا إلاّ متاعُ الغرور ﴾ وەژیـان و زیندەگـانی جیـهان هیـچ شـتێ نییـە ڕتبواردن و خۆشیەکی فریودەرە بۆ ئادەمیزاد ، هەر کاتێ خوا بەگـەورەیی خـۆی سـامانی بەخشی بەئادەمیزاد ئەبێ خزمەتی ئایین و مرۆڤایەتی پی بکات نەك بەکاری بهێنێ بۆ زیـانی خـۆی و ئـادەمیزاد ، ئەگـەر بـەکاری هێنـا لەوانـەدا ئەبێتـە هـۆی بـەختیاری خـۆی ، بەپێچەوانەوە ئەبێتە هۆی فریودانی .

﴿ لِتَبلونَّ في أموالِكُم وَأنفُسِكُم ﴾ سوێند بەخوا ئێوە تاقی ئەکرێنـەوە لـەبارەی دارایـی خۆتانەوە و کاتێ لێتان سەنرایەوە ئایا ئێوە ناسوپاسـی ئەکـەن یـان نـە ، ئایـا ئـەو داراییـە ئەبەخشن لەڕێگەی خوادا و ، تاقیتان ئەکاتەوە لەبارەی خۆتانــەوە کاتـێ تووشـی بـەڵا و ناخۆشی و کوشتن و برینداری و لێدان و دیل کردنتان ئایا ئێوە ئارام ئەگرن یان نا ؟ خـوا هەموو شتێ ئەزانێ ، بەڵام ئەو تاقی کردنەوەیە بۆ ئەوەیە دانیشتوان بەنیازی ئێوە بزانن .

پێغەمەر نوسراوێکی بۆ فەنحاسی کوڕی عـازورا نووسـی و بـە ئەبوبـەکردا بـۆی نـارد داوای یارمەتی لێ کردبوو بەدارایی ، ئەویش ووتی خوای ئێوە هەژارە هەتا داوای یارمـەتی بکا . دووبارە کەعبی کوڕی ئەشـرەف لەجوولـەکـەکان لەهۆنراوەیـەکدا جنێـوی دابـوو بەپێغەمەر و بت پەرستانی هاندابوو لـەسەر جـەنگ کـردن لـەگـەڵ موسـوڵمانان ، خـوای مەزن فەرمووی :

﴿ ولتسمعن مِنَ الذينَ أتوا الكِتابَ مِنْ قَبلِكُمْ وَمِنَ الذينَ أشرَكوا أذىً كثيراً ﴾ وەبەڕاستی ئێوە ببیستن لەکەسانێکی ئەوتۆ بەخشراوە بەوان نامەی خوا لەپێش ئێوەوە ، ئەمیشی ببیسێ لەکەسانێکی ئەوتۆ هاوبەشیان دائەنا بۆ خوا ئازاری زۆر بۆ ئێوە لەجنێو دان بەپێغەمەر و تانە دان لەئاین و هاندانی بت پەرستان لەسەر جەنگ لەگەڵ ئێوە و بوختان کردن بۆ خوا .

﴿ وَإنْ تَصْبروا و تَتقوا فَإنَّ ذلِكَ مِنْ عَزمِ الأمُور ﴾ وەئەگەر ئێوە ئارام بگرن و خۆتان ڕاگرن لەسەر ئەو ئازارانە تووشتان ئەبێ و لەسەر جەنگ کردن و ، خۆتان بپارێزن لەبێ فەرمانی خوا ، دوایی بەڕاستی ئارام گرتن و خۆ پاراستن لەکارە ناڕەواکان لەو کارانەیە پێویستە مرۆڤی ژێر نیازی بکا و جێبەجێیان بکا .

خوای مەزن هەڵوێستی خاوەن نامەکان دەر ئەخا کە دژی ئەو پەیمانانەن داویانە بەخوا و دژی ئەو ئامۆژگاری‌یانەن پێغەمەرەکانیان کردویانە ، بۆیە خوای مەزن ئەفەرموێ :

وَإِذْ أَخَذَ ٱللَّهُ مِيثَٰقَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ لَتُبَيِّنُنَّهُۥ لِلنَّاسِ وَلَا تَكْتُمُونَهُۥ فَنَبَذُوهُ وَرَآءَ ظُهُورِهِمْ وَٱشْتَرَوْا۟ بِهِۦ ثَمَنًا قَلِيلًا ۖ فَبِئْسَ مَا يَشْتَرُونَ ﴿١٨٧﴾

﴿ وإذا أخَذَ اللهُ مِثاقَ الذين أوتوا الكِتابَ ﴾ وە تۆ بیری ئەو کاتە بکەرە خوا وەری گرت پەیمانی کەسانێکی ئەو تۆ بەخشراوە بەوان نامەی خوا، ئەو خاوەن نامانە بریتین لە زاناکانی جولەکەو گاورو زاناکانی موسڵمانان، نامەکانیش بریتین لە تەورات و ئینجیل و قورئانی پیرۆز.

﴿ لتبَيْنه للناسّ ولا تكتمونه ﴾ بە ڕاستی ئەو پەیمانە ڕون بکەنەوە بۆ ئادەمیزادو نەی شارنەوە لەوان. ئەو پەیمانە بریتیە لە ڕون کردنەوە هەموو ئەو شتانەی لەو نامانەدان. کار

بەدەستانی دەوڵەت چەندین جێگەی بۆ موچـە خـۆران دروسـت کـردووە. بـۆ هـەمویان کاریانی بۆ دیاری کردوون، پەیمانی لیٚ وەرگرتوون ئەو کارانە بەدەست پاکی و بـە نیـازی چاکەو جیٚبەجیٚ بکەن. یاسای تایبەت بۆ سزادانیان داناوە هەر کاتیٚ لـە سنوری دیـاری کراو بۆخۆیان دەرچن.

خوا ئادەمیزادی دروست کردوە، فەرمانی پیٚ داون بەو شتانەی چاك و ئاشتی بـیٚ بـۆ ئەوان. لـەوانی قەدەغە کردووە شتیٚ زیان بگەیەنیٚ بەوان. خـوا پێغەمـەرانی هـەڵبژاردووە فەرمانەکانی خۆی ڕابگەیەنن بە بەندەکانی، فەرمانی داوە بەو پێغەمەرانە پەیمان وەرگرن لـە هەموو ئەو کەسانە ئەو پەیمان بەوان ڕائەگەیەنیٚ ئەوانیش لەلایەن خۆیانـەوە ئـەو فەرمانانـە ڕوون بکەنەوە بۆ ئادەمیزاد. کەواتە زانای ئاینی لێپرسراوە لای خوا بەوەی نێرراوە بۆسەر پێغەمەر ڕوونی بکەنەوەو دای نەپۆشن، بە تـەواوی هـەروەك موچـە خۆرانـی دەوڵـەت لیٚ پرسراون ئەمان لەبەردەم دەوڵەتاو ئەوان لەبەردەم خوادا... ئەوانیش پـەیڕەوێکی گشـتین تایبەت دار نین بۆ زانایەو جگەی زانایـەتر، بـە خـاوەن ئـایین و بـیٚ ئـایین بـە بـاوك و بـە نەوەکانیان لەو کارانەدا زانایانی ئیسلام باری سەرشانیان قورسە و نابیٚ کەمتەرخەمبن.

﴿ فَنَبَذُوهُ وَرَاءَ ظُهُورِهِمْ وَاشْتَرَوْا بِـهِ ثَمَنـاً قَلِيـلاً ﴾دوایـی ئـەو کەسـانە فەرمانەکـەیان فڕێدایە پشتی خۆیانەوەو گرنگیان پیٚ نەدا و ئاوڕیان لیٚ نەدایەوەو، ئەوان کڕییان و وەریان گرت بەو پەیمانە نرخێکی کەم لە شتە نەماوەکانی جیهان.

﴿ فَبِئْسَ ما يَشْتَرُونَ ﴾ دوایی خراپە شتیٚ ئەوان کڕیان و هەڵیان بژارد بۆ خۆیـان و بەردەوام نابیٚ، ئەو ئایتە پیرۆزە پیشانمان ئەدا جگەی زانایانی خاوەن نامـەکان لـە زانایـانی ئیسلام ئەگەر ڕاستی یاسای قورئان بشارنەوە بۆ دڵخۆش کردنی کاربەدەستان، بۆ دەسـت هێنانی پلەو پایەی جیهان و پەرە پێدانی سامان، ئەو زانایانە خۆیـان کـردووە بـە بچوکـی شەیتان بۆ کەمترین نرخی ئەمڕۆ.

هەندیٚ لە زانیان بەوانەوە ناوەستن، بگرە نامەی خواو فەرمودەی پێغەمەر ئـەگۆڕن لـە بەر ڕەزایەتی دڵی کاربەدەستان و ساماندااران بەوانا هەڵئـەدەن بـە پەخشـان و هۆنـراوەی

بریقەدارو ناپەسەند بۆ بەدەست هێنانی ماشین و کۆشك و پارەی زۆرو ئەو شتانەی قەدەغەن لای خوا، کردەوەی ئەو زانایانە وا دەرئەخەن کە باوەڕیان بە جگەی سامانی ئەمڕۆ نەبێ و قورئانیان لە تاقا داناوەو کاری پێ ناکەن.

زاناکانی جولە خۆیانیان گیف ئەکردەوە لە کاتێکا دانیشتوان ڕێزیان لێ ئەگرتن، لە خۆیان بایی ئەبوون کە بە زانایان ئەزانن، بۆ ئەو مەبەستەو مەبەستێ تر لە کردەوە خراپەکانیان خوای مەزن ئەفەرموێ:

لَا تَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ يَفْرَحُونَ بِمَآ أَتَوا۟ وَّيُحِبُّونَ أَن يُحْمَدُوا۟ بِمَا لَمْ يَفْعَلُوا۟ فَلَا تَحْسَبَنَّهُم بِمَفَازَةٍ مِّنَ ٱلْعَذَابِ ۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿١٨٨﴾ وَلِلَّهِ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۗ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿١٨٩﴾

﴿ لا تَحْسَبَنَّ الذِيْنَ يَفْرَحُونَ بِما أتَوْا وَيَحِبُونَ أنْ يُحْمَدُوا بِما لَمْ يَفْعَلُوا ﴾ موحەمەد تۆ گومان مەبە بەو کەسانەی ئەو تۆ شادمان و دڵخۆشن بە شتێ ئەیکەن لە گۆڕینی شێوەی تۆوە پێیان خۆشە باسیان بکرێ بە چاکە بەشتێ نەیان کردووە، بەوان بیێژرێ باوەڕدارن و هەژار دۆستن کەچی ئەو شتانە لەوانەوە دوورن.

﴿ فَلا تَحْسَبَنَّهُمْ بِمغازَةٍ مِنَ العَذابِ وَلَهُمْ عَذابٌ عَظِيمٌ ﴾ دوای تۆ گومان مەبە ئەو کەسانە ڕزگاریان ئەبێ لە سزاو، بۆ ئەو کەسانە هەیە سزایەکی گەورەی خاوەن ئازار.

شادمانی خۆی لە خۆیا قەدەغە نیە بە گوێرەی یاسای ئیسلام، چ کەسێکە شادمان نەبێ لە کاتی دەست کەوتنی چاکەیەو هەواڵێکی خۆشدا؟ یا ڕزگاربوونی لە ڕووداوێکی

خراپ. بەڵكو شادمانی مرۆڤ لەبەر ئەوەی جگەی خـۆی چاكەیـەكی توشبوە بەڵگەیـە لەسەر نیاز پاكی ئەو كەسە و ئایین پەروەری ئەو. ئەوە بۆ پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ شادمانی دەربڕی لە كاتی گەڕانەوەی جەعفەری ئامۆزای لە حەبەشەو نێـو چـاوانی مـاچ كـرد فـەرمووی: نازانم من بە هاتنەوەی تۆ شادمان بم یا بە گرتنی خەیبەر.

بەڵام شادمانی خراپ و بیزارو ئەمەیە: مرۆڤ شادمانبێ بە دڵپیسی و لەكەدار كردنـی خربی و بەفریودان و دەعیەزلی، یـا شـادمانبێ بـەوە پیـاوێ سـامانەكەی تـالان كـراوە یـا كوژراوە یا شادمانبێ بە خەڵـەتاندنی پیـاوانی سـاویلكەو هەڵسـان لـە دژی ئیسـلام. یـا بەكارهێنانی مەیی و ئارەق و داوێن پیسی و كاری خراپ، شادمانی بۆ ئەو شتانە گونـاهی گەورەن و لە وانەیە مۆڤێ بێ باوەر بێ.

پرسیار / خوای گەورە لەو ئایەتە مەزنەدا دووچار ڕستەی (وَلَا تَحْسَبَنَّ) دووپا كردووە هۆی چیە؟

وەڵام / لەبەر ئەوەیە گوێ كران نەكەونە دوو دڵی و گومانەوە بە هۆی درێژی ڕستەی یەكەم، بۆ ئەویش ناوەڕۆكی مانای یەكەم بە ڕستەی دووەهەم بە هێزتربێ و چاكـتر بچێتـە مێشكەوە نمونەی ئەو جۆرە باسانە زۆر بەكارئەهێنرێ، بە تایبەتی لە نوسین و لـــە پەخشـی ڕاگەیاندن و ڕادوێیدا. وەك ئەبێژرێ: گومان مەبەرە بێ باوەڕان هەر شتێ ئـەڵێن، گومـان مەبە ڕاست ئەكەن.

پرسیار / ووشەی (عذاب) لەو ئایەتەدا هۆی چ شتێكە دووجار بێژراوەو سودی چیە؟

وەڵام / جیاوازی لە نێوان ئەو دوو ڕستەیەدا هەیە، چونكە ڕستە یەكەم ئەوەمان پیشـان ئەدا ئەو كەسانە ڕزگاریان نابێ لە سزا بەبێ ئەوەی جۆری سزاكە ڕوون نەبیێتەوە، ڕستەی دووهەم ئاشكرای ئەكا سزاكە گرانە، وەك ببێژرێ: من تۆم خۆش ئەوێ، وەخۆشم ئـەوێ زۆر.

زانایان بیری جۆراو جۆریان هەیە لە هۆی هاتنە خـوارەوەی ئـەو ئایتـە جگـە لـەوەی لەمەوبەر باسی كرا، هەندێكیان ئەڵێن: مالومەكانی جولەكە هۆی هاتنـە خـوارەوەی ئـەو

ئایەتەن، چونکە باسی پێغەمەریان لە تەوراتا شاردوەتەوە پێیان خۆشبوو ناویان ببرێ بە چاکە. هەندێ تریان ئەڵێن: هۆی هاتنە خوارەوەی دوو ڕوەکانە کەوازیان لە پێغەمەر هێنا لە جەنگدا، لە خزمەت پێغەمەردا بە درۆ بیانویان ئەهێنایەوە، بەو بیانوە پێغەمەر لێیان خۆشببێ، ئەوانیش بەو لێ بوردنە شادمان ئەبوون بە چاکە باسیان بکرێ.

هەندێ تر ئەڵێن: هاتوە خوارەوە دەربارەی ئەو کەسانە پەیمانیان لێ وەرگیرابوو کەباسی پێغەمەر نەشارنەوە کەچی ئەو پەیمانەیان فڕێدایە پشتی خۆیان، شادمان بوون کە نەشیان کردوە بە چاکە باسیان بکرێ. هۆی هاتنە خوارەوەی هەرشتێ بێ مەبەستە کە ناگۆڕێ. لەوانەیشە بۆ هەموویان هاتبێتە خوارەوە، ئەو کەسانە بە هەر شێوەیە بووبن درێژەیان بە خراپەی خۆیاندابێ ڕزگاریان نابێ لە سزای خوا.

﴿ واللهُ مُلْكُ السَماواتِ والأرضِ ﴾ وە بۆ خوایە پاشایەتی و خاوەنداری ئاسمانەکان و زەوی هەر خوا هەڵیان ئەسوڕێنێ، هەڵسوڕێنەری هەموو ئەو بونەوەرانە بە لە ناویاندان لە فریشتەکان و ئادەمزادو جنۆکەو درەخت و گیاو بەرد و خاك و زێڕو زیوو ئەڵماس و ئاوو ئاگرو هەموو ئەستێرەکان. هەموو بونەوەران خوا دروستی کردوون و ئەیان مرێنێ و زیندوویان ئەکاتەوە وە پاداشت و تۆڵەیان ئەداتەوە بە گوێرەی کردەوەی خۆیان و کەس توانای خوا نیەو هاوبەشی نیە، بۆیە خوای مەزن ئەفەرموێ:

﴿ واللهُ عَلى كُلِ شَئٍ قَدِيرٌ ﴾ وە خوا توانای بەسەر هەموو شتێکا هەیە لە پاداشت دانەوەی پیاوچاکان و تۆڵە کردنەوە لە گونهباران، بە خێوکردنی هەموو بونەوەران و هەڵسوڕاندنیان، ئیتر چۆن ئەبێ ئەو کەسانە دژی خواو یاسای ئەوبن، چۆن ڕزگاریان ئەبێ لە تواناو دادپەروەری پاشا و پەروەردەکەری خۆیان.

قورەیشیەکان چونەلای جولەکەکان ووتیان: موسا بە چ کارێکی پەك خەرەوە هاتووە. ووتیان دار دەستێکی زۆر گرنگ و دەستی سپی بریقەداری پێدرابوو بۆ پەك خستنی دوژمنانی ئایین. چونەلای گاورەکان ووتیان: عیسا چ شتێکی پێدرابوو، ووتیان کەڕو لاڵ

و کوێرو بەڵەکاوی چاك کردەوەو مردوی زینـــدو ئـەکردەوە. چونـە خزمـەت پێغەمـەرو ووتیان: نۆ کێوی سەقامان بۆ بکە بە زێڕ، بۆ ئەو مەبەستە خوا فەرموی:

إِنَّ فِي
خَلْقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱخْتِلَٰفِ ٱلَّيْلِ وَٱلنَّهَارِ لَأَيَٰتٍ
لِّأُوْلِي ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿١٩٠﴾ ٱلَّذِينَ يَذْكُرُونَ ٱللَّهَ قِيَٰمًا وَقُعُودًا
وَعَلَىٰ جُنُوبِهِمْ وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلْقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ
رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَٰذَا بَٰطِلًا سُبْحَٰنَكَ فَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ ﴿١٩١﴾
رَبَّنَآ إِنَّكَ مَن تُدْخِلِ ٱلنَّارَ فَقَدْ أَخْزَيْتَهُۥ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنْ
أَنصَارٍ ﴿١٩٢﴾ رَّبَّنَآ إِنَّنَا سَمِعْنَا مُنَادِيًا يُنَادِي لِلْإِيمَٰنِ أَنْ
ءَامِنُوا۟ بِرَبِّكُمْ فَـَٔامَنَّا ۚ رَبَّنَا فَٱغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا وَكَفِّرْ عَنَّا
سَيِّـَٔاتِنَا وَتَوَفَّنَا مَعَ ٱلْأَبْرَارِ ﴿١٩٣﴾ رَبَّنَا وَءَاتِنَا مَا وَعَدتَّنَا
عَلَىٰ رُسُلِكَ وَلَا تُخْزِنَا يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۗ إِنَّكَ لَا تُخْلِفُ ٱلْمِيعَادَ ﴿١٩٤﴾
فَٱسْتَجَابَ لَهُمْ رَبُّهُمْ أَنِّي لَآ أُضِيعُ عَمَلَ عَٰمِلٍ مِّنكُم مِّن

ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ بَعْضُكُم مِّنۢ بَعْضٍ فَٱلَّذِينَ هَاجَرُواْ وَأُخْرِجُواْ مِن دِيَٰرِهِمْ وَأُوذُواْ فِى سَبِيلِى وَقَٰتَلُواْ وَقُتِلُواْ لَأُكَفِّرَنَّ عَنْهُمْ سَيِّـَٔاتِهِمْ وَلَأُدْخِلَنَّهُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ ثَوَابًا مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ عِندَهُۥ حُسْنُ ٱلثَّوَابِ ﴿١٩٥﴾

﴿ إن فِي خَلْقِ السّماواتِ والأرْضَ وَأختِلاف اللّيلِ والنَهار ﴾ به ڕاستی هەیه لە دروست کردنی ئاسمانـەکان و زەوی و ئـەو شـتانەی لـەنێو ئـەواندان و لەسـەریانن لـە فریشتەو ئەستێرەکان، لە زیندەوەران و گژوگیاوکانەکان و شتی ترو، هەیە لە گۆڕین و هـاتوچۆی شەوڕۆژ، شەو ئەڕواو ڕۆژ دێت، ڕۆژ ئـەڕواو شـەو دێـت، جـاری وا هەیـە کـاتی شـەو زۆرترەو کاتی وا ئەبێ کاتی ڕۆژ زۆرترە.

﴿ لأياتٍ لأوْلِي الألْبابِ ﴾ چەندین نیشانەی ئاشکرا لەسەر یەکێتی خوا بۆ ئەو کەسانە خاوەنی ئەقڵی تەواون و پاکن لە خراپە و گومان و خرابی پێ ئەدۆزنەوە.

لە ئایەتی (٢٢-١٦٤)ی سورەتی ئەلبەقەرە وێنەی ئەم ئایەتە باسی کرا لەگـەڵ باسـی هەندێ لەو بەڵگانە، لەبەر ئەوەی ناوەڕۆکی ئەو باسە زۆر گرنگە بۆ جـاری سـێهەم لـەم سورەتەدا دووپات کرایەوە.

لەم سورەتەدا بە شێوەیەکی کورت و بە جۆرێ تر باسی هەندێ تر بەڵگە لە سەربوون و توانای خوای مەزن ئەکرێ.

گەورەترین ڕێکە بۆ ناسینی خوای مەزن کە لەو ئایەتانەدا بۆمان دەرئەخەن مرۆڤی ژیرو خاوەن بیر ئەگەر تەماشای ئەم بوونەوەرانە بکا بە وردی بۆی دەرئەکەوێ ئەو کردارە سەر

سورهێنەرانە کە دێن و ئەڕۆن و ئەوەستن و ئەرۆێنرێن و سەوز ئەبن بەو ڕێك و پێکانە هەیانە بۆی دەئەکەوێ کە ئەو بونەوەرانە خۆیان بۆ خۆیان هەواڵ ئەدەن بە ئادەمیزاد بەو مەبەستەی بۆی هاتوون، هەموویان لە جێگەی شیاوی خۆیانا دانراون بە چاکی و بە چالاکی و کاریگەری هەڵساون لە ڕێك خستنداو هەڵسوڕاندنی ژیاندا. ئەوانە هەموویان لە خۆیانەوە نەهاتونەتە بونەوەو بە دوو شت کە ئەقڵ و هەستە بە بێ گومان ئادەمیزاد ڕائەکێشن بۆلای دروست کەرێکی تاك و تەنهای خاوەن زانست و تواناو هەمیشە زیندوو خاوەن بیستن و ئاگادار لە هەموو شت و بە توانا بۆ دانانی هەموو شتێ لە جێگەی شیاوی خۆیا... لە زۆرترین کەسەوە ئەبیسرێ و بگرە ئەوانەیش بڕوایان بە بوونی خوا نیە هەموویان بڕوایان وایە یەکەمین هۆیە هەیە بۆ پەیداکردنی ئەم بونەوەرانە و دروستکردنیان. ئێمەی موسڵمان ناوی ئەو هۆیە ئەبەین بەخوا، جگەی موسڵمانان ناوی ئەبن بە مادەو کەرەسە یا بە سروشت. تەنها هەر بەناو جیاوازن. موسڵمانان ئەڵێن: ئەو هۆیە بە ئەقڵ و بە بەڵگە ئەزانرێ نەك بە هەست و بە چاو کە ئەوە خاوەنی زیندەگانی هەمیشەیی و زانست و تواناو هەموو کارێ لە جێگەی شیاوی خۆیا دائەنێ و دادپەروەرە. بەڵام جگەی موسڵمانان لایان وایە ئەو هۆیە ئەم بوونەوەرانەی دروست کردووە بە چاوو هەست ئەبینرێ و ئەزانرێ کە مادەیە یا سروشتی کوێرو کەڕو لاڵ و بێ جوڵەیە. کەواتە جیاوازی نێوان باوەڕداران و بێ باوەڕان و خوا نەناسان بە ئەندازەی دووری نێوان زەوی ئاسمان زۆرترە.

﴿ الَّذِينَ يَذْكُرُونَ اللهَ قِياماً وَقُعُوداً وَعَلَى جُنُوبِهِمْ ﴾ کەسانێکی ئەوتۆ ناوی خوا ئەبن و یادی ئەکەن بە هەموو شێوەێ و لە هەموو کاتێکا بە تایبەتی لە نوێژەکانیان، هەرگیزێ یادی ناکەن بە وەستانەوە لە کاتی توانادا، بە دانیشتن و بە ڕاکشان و لەسەر تەنیشتیان لە کاتی بێ تواناییدا. یا یادی خوا ئەکەن لە کاتی نوێژە سونەتەکان بە دانیشتن و بە ڕاکشان، کەواتە ئەو کەسانە واز لە یادی خوا نایەرن لە هەموو کات و شێوەیەکدا.

﴿ وَيَتَفكَرُونَ في خَلْقِ السَماواتِ والأرْضِ ﴾ ئەو کەسانە بیر ئەکەنـەوە بـە ووردی لـە دروست کردنی ئاسمانەکان و زەوی بە ئەستێرەو هەواو کێوو دەشت و ئاوو ڕوبارو خۆرو مانگ و شتی تریانەوەو ئەیان کەن بە بەڵگە لەسەر توانای خوای مەزن.

جۆرەکانی بەندایێتی بۆ خوا سێ بەشن: بڕوا کردن بە دڵ. بڕیاردان بە زمان و کـردەوە بە ئەندامەکان. فـەرمودەی خـوا (يَذْكُـرُونَ) ئامـاژە بـۆلای بـەندایێتی بـەزمان ئـەکات. فەرمودەی خوا ﴿ قياماً وَقُعُوداً وَعَلَى جُنُوبِهِمْ ﴾ ئاماژە بۆلای بـەندایێتی بـە ئەندامـەکان. فەرمودەی خوا ﴿ وَيَتَفكَرُونَ في خَلْقِ السماواتِ والأرْضِ ﴾ ئاماژەیە بۆلای بەندایێتی خـوا بە دڵ و بە بیرکردنەوەو بە گیان. ئادەمیزاد لـەو سێ شـتە بـەدەر نیـە کـە بـەو سـێ شـتە بەردەوامبون لـەسەر بەندایێتی، مانای وایە بە هەموو لـەشی لـە بەندایێتیدایە.

پێشەوا شافیعی ئەفەرموێ: ووشەی (وَعَلَى جُنُوبِهِمْ) ئامـاژە بـۆ ئـەوە مرۆڤـی نـەخۆش پێویستە لـەسەریان لـە کـاتی نوێـژدا لـەسـەر تەنیشـت ڕاکێشـن. لـە باسـی پزیشـکیدا وا دەرئەکەوێ بیرکردنەوەی ئادەمیزاد لـەسەر تەنیشت چاکترە لـەسەر ئـەوەی لـەسـەر پشـت ڕاکێشێ.

بە ڕاستی ئەو کەسانە بیر بکەنەوە لە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی بڕوای بێگومـان پەیدا ئەکەن بە تاك و تەنهایی خواو زانست و توانای بێ هاوتایی ئەڵێن:

﴿ رَبَنا ما خَلَقْتَ هذا باطِلاً ﴾ ئەی پەروەردەکەری ئێمە تۆ ئەو دروسـت کراوانـە لـە ئاسمانەکان و زەوی و هەموو بونەوەران دروستت نەکردون بەبێ سود، بۆ کارێکی شیاوی لە جێگەی خۆیا دانـراودا دروسـتت کـردوون، هەریەکـەیان بـۆ کـاری تایبـەتی خۆیـان دروست کراون. پەروەردگار بە جۆرێکـی سـەر سـوڕهێنەر هـەڵیان ئەسـوڕێنێ و یاسـای ڕاستیانت بۆ داناون. ئەو بونەوەرانە بە جۆرێ پەیدا بوون لە کاری خۆیانـا بـە پرسـیارن، چۆن هاتونەتە بدنەوە ئەبێ بەرەو نەمان بڕۆن، پاداشت و تۆڵەی خۆیان وەرگـرن، کەواتـە ئێمە بیر ئەکەینەوە لە سزاو لێت ئەپاڕێینەوە ئەڵێین:

﴿ سُبْحانَكَ فَقِنَ عَذابَ النار ﴾ پاك و دوری بۆ تۆیە كە تـۆ بـەبێ سـوود بونـەوەرانت دروست كردبێ، هەموو كارێكت لـە جێگەی شیاوی خۆیا داناوە، دوایی ئێمە تـۆ بپـارێزە لـە سزای ئاگری دۆزەخ.

﴿ رَّبنا إنَّكَ مَّنْ تُدخِلَ النار فقد أخذيتَهُ وَما لِيلظالمِينَ مِنْ أنصارِ ﴾ ئەی پەروەردەكـەری ئێمە هەركەسێ تۆ ئەو كەسە بخەیتە نێو ئاگری دۆزەخ ، دوایی بەڕاستی ئەو كەسەت ڕسوا كردووە و ، نیە بۆ سـتەمكاران هیـچ كەسـێ یاریدەیـان بـدا و ڕزگاریـان بكـا . ئێمـەی موسوڵمان هەر خوا ئەپەرستین بەئارەزوی خۆمان و كەس زۆرمـان لێ ناكـا و ڕەزامـەندی خوامان ئەوێ لەهۆكارنی ڕسـواكردنی دووریـن ، هـەر كەسـێ یارمـەتی كـاری پـوچ و نارەوای دا ، ئەمرۆ پاشەكشێ بكا لەیاریدەی ڕاستی و واز لەستەمدانی ئـادەمیزاد نـەهێنێ لەپاشەڕۆژدا یارمەتی دەری نیـیە .

هەتا ئێرە ئەو پاڕانەوانەی پێشوو بۆ ئەو شتانە بوو بەبەڵگـەی ئـەقڵی ئەدۆزرانـەوە كـە بیركردنەوە بوو لـەدروست كردنی ئاسمانەكان و زەوی ، لەمەو پاش پاڕانەوەی ئـەو شتانە ئەكرێ پەیوەندیان بە بەڵگەی بیستراوە وە هەیە و ئەفەرموێ :

﴿ رَّبنا إنَنا سَمِعنا مُنادياً ينادي لِلإيمان أنْ آمَنـوا بِرَّبكـم فآمنـا ﴾ ئـەی پەروەردەكـەری ئێمە: بەڕاستی بیستبومان جاڕچی‌یە بانگی ئادەمیزاد ئـەكا بـۆ باوەڕهێنـان ، خـوای مـەزن ناوی ئەو بانگ كەرەی نەهێناوە ئایا قورئانە یا پێغەمەر ، هـەركامیانبێ جێگـەی خۆیـەتی ، كە ئێمە باوەڕبهێنین بـە پەروەردەكـەری ئێـوە ، دوایـی ئێمـە باوەڕمـان هێنـاوە بـەخوا و بەپێغەمەر و ئایینی ئیسلام .

﴿رَّبنا فأغفِر لَنا ذنوبنا وَكَفِرْ عَنّا سَيِئاتنا وَتوفنا مع الأبرار ﴾ ئەی پەروەردەكـەری ئێمـە دوایی تۆ خۆش ببە لـەگوناهە گەورەكانی ئێمەو دایبۆشەو ببورە لـە گوناهــە بچوكـەكانمان و، تۆ گیـانی ئێمـە بكێشـە لـەسـەر بـاوەڕ و لـەگـەڵ ئـەو كەسـانەی دەسـتیان و گرتـوە بەفەرمودەی قورئان و پێغەمەر ، لەپێغەمەران و پیاو چاكان .

﴿ رَبّنا وأتنا ما وعَدتنا عَلى رسلِكَ ﴾ ئەی پەروەردەکەری ئێمە ببەخشە بەئێمە شتێ تۆ بەڵێنت داوە بماندەیتێ لەسەر زمان و فەرمودەی نێرراوەکانی تۆ .

﴿ وَلا تَخزِنا يَومَ القيامة إنَّكَ لا تُخلِف الميعاد ﴾ وەتۆ ئێمە ڕسوا مەکە لەڕۆژی هەڵسانەوەمان لەگۆڕەکانمان ، بەڕاستی تۆ پێچەوانەی بەڵێندانی خۆت ناکەی ... لێرەدا باسی ئەمانەی خوارەوە ئەکەین :

١- بێگومان یادی خوا ، باوەڕهێنان بەخوا ، بەندیەتی خوا چاك و شیرینن ، بەڵام چاکتر لەیادی خوا و شەو نوێژ و ڕۆژووگرتن و کردنی کردوەی چاکە لەبەر ئادەمیزاد ، خۆ دانانە لەڕێگەی سوودی گشتی ، داواکردنی ڕێزداری لەخوا بێ فیداکاری بێ بەها و بێ نرخە .

٢- هەرچەندە دروستکردنی هەموو شتێ بێسوود نی‌یە ، ئەبێ بزانرێ هیچ شتێ لەسەر خوا پێویست نی‌یە هەرشتێ خوا بیکا ناشیرین نی‌یە ، دروستکردنی هەموو شتێ لەلایەن خواوە لەبەر هیچ هۆیەکی پێویست لەسەر خوا نی‌یە بەو جۆرەی زانایانی ئەشاعیرە ڕوونیان کردۆتەوە .

﴿ فأستَجابَ لَهُمْ رَبُّهُمْ إنّي لا أضيعُ عَمَلَ عامِلٍ مِنكُمْ مِنْ ذَكَرٍ أو أنثى ﴾ دوایی پەروەردەکەری ئەوان وەڵامی ئەوانی دایەوە و فەرمووی : کەبەڕاستی من لەناو نادەم پاداشتی هیچ کارگوزارێ لەئێوە لەپیاو و لەژن ، هەموو شتێ پەیوەندی بەکردەوەی خۆتانەوە هەیە ، نەك بەخۆتان و بەرەگەزتانەوە . ئێوە هەمووتان یەك ڕەگەز و یەك ئاینتان هەیە و بەیەك چاو سەیر ئەکرێن .

بەو ڕستەیە بەگەورەترین و بەکورت ترین شێوە مافی ڕەوای ژنانمان بۆ ئەچەسپێ شان بەشانی پیاوان بەبێ جیاوازی و زمانی دوژمنانی ئیسلام ئەبرێ ، ئەوەی دوژمنان داوای ئەکەن بۆ ژنان ئاینی ئیسلام بەر لە (١٤٢١) ساڵ مافی ژنانی داوە ، بەڵام وا دیارە لای ئەوان مافی ژنان بریتیە لەبێ باوەڕی و داوێن پیسی و بەڕلایی و تێکەڵاوی پیاوان و

گۆرانی و سووڕدۆان و ڕاپێچ کردنیـان بـۆ نـاو کارگاکـان و مـاندوو کردنیـان لـەئیش کردندا ، بەپێچەوانەی ئـاینی ئیسـلام ڕێـزی ژنـان بریتیـە لـەوە لەهـەموو ڕویێکـەوە چ ئابووری یا ڕامیاری و کۆمەڵایەتی خوێندن و خاوەنێتی سامان و هـەموو کـاری ڕەوا وەك پیاو بن بەبێ جیاوازی چونکە ،

﴿ بَعضُكُمْ مِنْ بَعضٍ ﴾ هەندێ لەئێوە لەهەندێ ترتانن ، ژن لەپیاو پـەیدا بـووە ، پیـاو لەژن پەیدا بووە وەك پیاو باوکتانە ژنیش دایکتانە ، هەردوو لاتان براو خوشك یا جوتـەی یەکترین ، هەموتان لـە ئـادەمن و ئـادەمیش لەخاکـە ، ئـەو کەسـانەی لـەنرخی ژن کـەم ئەکەنەوە لـەنرخی خۆی کەم ئەکاتەوە .

﴿ فَالذينَ هاجَروا وَأخرِجوا مِنْ ديارِهِم ﴾ دوایی کەسانێکی ئـەوتۆ کۆچیـان کـردووە لەنیشـتمانی خۆیـان و لـەبت پەرسـتان هەڵـهاتوون ، خزمـەتی پێغەمـەریان بـۆ خۆیـان هەڵبژاردووە ، دەرکراون لـە جێگە و نیشتمانی خۆیان ، بێ بـاوەڕان دەریـان پـەڕاندون ، ئەبێ لـەبیرمان نەچێ پلەی کۆچ کراوان لای خوا گەورەتر لەپلەی دەرکـراوان ، چونکـە ئەوان بەخوایشتی خۆیان پێغەمەریان هەڵبژاردووە ، ئەمان دەرکراون و ناچاریان کردوون.

﴿ وَأوذوا في سبيلي وَقاتَلوا وَقُتِلوا لَأكفرَنَّ عَنهُمْ سـيِّئاتِهِم ﴾ وەئـازاردراوان لـەڕێگـەی پەرستنی ئایینی مندا لـەوێنەی بیلالی حەبەشی و سوهەیلی ڕۆمی و هەموو موسوڵمانانی تـر بەگشتی و ، جـەنگیان کـردووە و کـوژراون بەڕاسـتی مـن دائەپۆشـم و لائەبـەم لـەوان خراپەکانیان لـەگەورە و بچوکیان .

﴿ وَلَأَدخِلَنَّهُمْ جَناتٍ تَجري مِنْ تَحتِها الأَنهارُ ثَواباًمِنْ عِندِ اللهِ واللهُ عِندهُ حُسنُ الثَواب﴾ وەبە ڕاستی من ئەو کەسانە ئەخەمە چەندین بەهەشـت ئـەڕوا بـەژێر درەختـەکانیان و بـەم لاولای کۆشکەکانیان چەندین ڕووباری ئاوی خـۆش و بـەتام ، مـن پاداشـتیان ئەدەمـەوە بەپاداشتێ لـەلایەن خواوە بەگەورەیی و میهرەبانی خۆی و ، لـەلای خوایە پاداشـتی شـیرین لـە سەربەستێ بەجۆرێ پاداشتی وا نەبینرابێ .

پاش ئەوەی زانرا هەموو پاداشتێ پەیوەستە بەکردوەی چاکەوە ، لەژنانەوە بێ یا لەپیاوانەوە ، خوای مەزن بۆمانی ڕوون کردەوە ئەو کردارانە پاداشتیان دووپات ئەکرێتەوە بۆ خاوەنەکانیان ئەم کردارانەی خوارەوەن :

١- کۆچ کردن لەجێگەیە نەتوانرێ خوا پەرستی تێدا بکرێ بەسەربەستی بۆ جێگەیە تر بتوانرێ خوا پەرستی تێدا بکرێ ، بەو بۆنەیەوە زانایان لایان وایە ئەگەر موسوڵمانان نەیان توانی بەئازادی دروشم و دەستوری ئاینی خۆیان جێبەجێ بکەن لەووڵاتی بێ باوەڕان پێویستە لە سەریان ئەو جێگەیە بەجێ بهێڵن لەهەموو کاتێکا و کۆچ بکەن بۆ شوێنێ تر کەبتوانن بەئاسایش خوا پەرستی خۆیانی تێدا بکەن ، ئەو کۆچ کردنەیش ئەبەسترێ بەتوانای خۆیان ، ئەگەر نەتوانرێ کۆچ بکەن یا هەموو شوێنێ وەك جێگەی خۆیان وابو یاخراپتر لەو کاتەدا گوناهبارنین لەکۆچ نەکردندا ، زۆر جێگەی سەرسوڕمانە لەم سەردەمەی ئێمەدا کەنیشتمانی بەو جۆەی پێویستبێ یاسای خوا بخرێتە کار ، کاربەدەستانی بەناو موسوڵمان بەبێ وێژ دانا نەڕێگەی پێ ئەکرن لەهەندێ جێگەدا ، بەپێچەوانەوە لەهەندێ نیشتمانی بێ باوەڕان بەئەوپەڕی سەربەستی خوا پەرستی تێدا ئەکرێ و باوەڕداران ئەتوانن بیروڕای خۆیان بڵاو بکەنەوە و ئازاریان نادرێ .. بەداخەوە لاوانی موسوڵمانان لەم سەردەمەی ئێمە دا لەبەرئازاری کاربەدەستان یا لەبەرشتێ تر هەڵدێن بۆ هەندێ لەنیشتمانی بێگانە ، پارەو پوولی زۆر لەگەڵ خۆیان ئەبەن بەفیڕۆی ئەدەن بەبێ سوود لەکاری خراپدا ، بەڵام هەرگیز بیر لەوەناکەنەوە لەجیاتی ئەوەی ئەچن بۆ ئەوروپا بچونایە بۆ ووڵاتی ئیسلام بەئاسایش بژینایە و خواپەرستیان بکردایە ، یابەلای کەمەوە خۆیان بەکردەوەی خراپەوە هەڵنەکێشن ، هەرچەندە ئەو جێگایانەش وائەبێ باشتر نین لەئەوروپا .

٢- هەروەها لەو ئایەتانەی پێشوودا ڕوون ئەبێتەوە ئەوکەسانەی دەرئەکرێن لەنیشتمانی خۆیان بەبێ تاوان خوای مەزن پاداشتی زۆریان پێ ئەبەخشێ ، بەوێنەی

موسوڵمانە دەرکراوەکانی سەردەمی پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ بت پەرستان لەنیشتمانی خۆیان دەریان ئەکردن ، جوولەکەکان فەلەستینیەکانیان دەرکرد ، بەفەرمانی پاشاکانی سەفەوی و هەوشاری و کەمال ئەتاتورکی ماسۆنی و ڕەزاخانی پەهلەوی بەهەزاران کوردی موسوڵمان بەبێ تاوان هەر لەبەر ئەوەی کوردن لەنیشتمانی خۆیانیان دوور خستنەوە لەساڵانی (١٩٧٧) هەتا ساڵی (١٩٧٨) کاربەدەستانی هەرێمەکانی دەوروبەری کوردستان هەزاران خانەوادەی کوردیان ئاوارە و دەربەدەر کرد ، بەدەیان شار و دێهاتەکانیان بەمزگەوتەوە ڕووخاند ، قورئانی پیرۆزیان سووتاند و پەڕەکانی ئەچوو بەئاسماندا ، لەکاتی فەرمانڕەوایی بەعسیەکاندا.

٣- ئەو کەسانەی ئازاریان ئەدرێن لەڕێگەی بڵاو کردنەوەی یاسای قورئاندا خوای مەزن پاداشتی زۆریان ئەداتێ . ڕوون و ئاشکرایە ئەو کەسانەی پەیڕەوی یاسای قورئان ئەکەن ئازاری زۆریان ئەدرێ لەلایەن کاربەدەستانی ستەمکارەوە لەکۆن و تازەدا بەتایبەتی لەم سەردەمەی ئێمە دا بەکوشتن و گرتن و بەندو ئازار بەئامۆژگاری بێگانە .

٤- ئەو کەسانەیش خۆیان ئەکەن بەفیداکار بۆ فەرمودەی خوا و پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ خۆیان ئەدەن بەکوشت خوای مەزن زۆرتر لەهەمویان پاداشتی گەورەیان ئەداتێ ، ئەو چوار بەشە هەموویان خوا گوناهەکانیان لەسەر لائەبا ، سەرباری ئەوەیش پاداشتی گەورەیان پێ ئەبەخشێ .

ئەوە جێگەی داخ و دەردە بۆ باوەڕداران لەم سەردەمەی ئێمەدا شوێنێکمان دەست ناکەوێ کۆچی بۆ بکەین و بەسەربەستی خوا پەرستی تێدا بکەن و زمانی خۆمانی تێدا بکەینەوە ، بەیاسای قورئان کار بکەین ، چونکە کاربەدەستانی موسوڵمانان بەشناسنامە موسوڵمانن و بێ نوێژو بەیاسای قورئان کار ناکەن ، یاسای دەست کرد بۆخۆیان دروست ئەکەن و کەمێکیان نەبێ دژی فەرموودی خوان ، هەر بۆ ئەوەی ئەو پلە و پایەی ئەمڕۆیان لەکیس نەچێ ، قورئان ئەخەنە پشتیانەوە ئەو موسوڵمانانە دژی بیروباوەڕیانن

کوژراون و بەند کراون لەناوبراون . مێژوو شایەتە کەعبەیان داوەتە بەر تیشکی ساروخ و ئاگریان تێ بەردا بۆ کوشتنی دوژمن بەبیروباوەڕیان .

ئەو دەوڵەتانەی دراوسێی کوردستانن ئەوەندە ڕەگەز پەرستن لایان وایە خۆیان هەڵبژاردەی گەلی خوان ، نایەڵن بەزمانی کوردی بنووسن و هەندێکیان زمانەکەیشیان لێ قەدەغەکردوون ، هەموو کەس لای ئەوان مافی چارەنووسینی خۆی هەیە جگەی کوردان.

ڕەگەز پەرستان لەنێو خۆیاندا دژی ڕەگەزی یەکترین کەچی بۆ دژی کوردان هاوسوێند و هاوبەشن و یارمەتی یەکتر ئەدەن بۆ دژی کورد و ئاوارەکردنیان .

بت پەرستان بەهۆی مامەڵەو بازرگانیەوە سامانی زۆریان پەیدا کردبوو بەخۆشی و تێر و تەسەلی ئەژیان ، هەندێ لەموسولمانان ووتیان ، دوژمنانی خوا لەو گوزەرانەدا ئەژین و ئێمەیش خەریکین لەبرسانا بمرین ، خوای مەزن ڕووی کردە پێغەمەر و دڵخۆشی دایەوە فەرمووی :

لَا يَغُرَّنَّكَ تَقَلُّبُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ فِى ٱلْبِلَـٰدِ ﴿١٩٦﴾ مَتَـٰعٌ قَلِيلٌ ثُمَّ مَأْوَىٰهُمْ جَهَنَّمُ ۚ وَبِئْسَ ٱلْمِهَادُ ﴿١٩٧﴾ لَـٰكِنِ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْا۟ رَبَّهُمْ لَهُمْ جَنَّـٰتٌ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَـٰرُ خَـٰلِدِينَ فِيهَا نُزُلًا مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ ۗ وَمَا عِندَ ٱللَّهِ خَيْرٌ لِّلْأَبْرَارِ ﴿١٩٨﴾

﴿ لا يغرنَّكَ تقلب الذين كفروا في البلاد ﴾ فریوی تۆ نەدا گەڕان و ڕۆیشتنی کەسانێکی ئەوتۆ باوەڕیان نەهێناوە بۆ بازرگانی و پەیداکردنی سامانی زۆر لەشارەکاندا .

﴿ مَتاعٌ قَليل ثُمَّ مأواهُمْ جَهَنَمَ وَبِئسَ المِهاد ﴾ ئەو گەڕانەیان و پێکەوەنانی دارایی و خۆشی و سود و ڕابواردنێکی کەمە و زوو لەناو ئەچێ ، لەپاشا جێگەی گەڕانەوەی ئەوان لەپاشەڕۆژدا ئاگری دۆزەخە ، خراپ ژێرە خەرێکە ئامادەیان کردووە بۆ خۆیان .

خوای مەزن ئادەمیزادمان بە دووبەشەوە بۆ باس ئەکا :

١- ئەو کەسانەن سامان و ڕابواردنی جیهان بۆ خۆیان هەڵئەبژێرن و واز لەئایین و بەزەیی وداد پەروەری ئەهێنن ، دڵیان هەر بۆ لای سوودی خۆیان ئەکەوێتە خورپە، جوولەکەکان و شاگردە چاو چنۆکەکانیان لەهەموو سەردەمێکا ، ئەو بەشەیان خوا بەبێ باوەڕی داناون و جێگەیان دۆزەخە ، لەو ئایەتەدا پیشانی داین کە نرخ بۆ ڕاستی دانانێن .

٢- ئەو کەسانەی ئایین و خوا پەرستی و ترسان لەخوای مەزن بۆ خۆیان دا ئەنێن و خاوەنی باوەڕن و لەخەشم و گوناهی بێ فەرمانی خوا خۆیان ئەپارێزن ، ئەم بەشەیان جێگەیان بەهەشتە و میوان و خۆشەویستی خوان و بەم شێوەیە بۆمان ئەفەرموێ :

﴿ لكِنَّ الذين أتقوا ربهم لَهُمْ جَناتٍ تَجري مِنْ تَحْتِها الأَنهارُ خالِدينَ فيها ﴾ بەلاّم کەسانێکی ئەوتۆ لەسزای پەروەردەکەری خۆیان ترساون و خۆیان لەگوناه پاراستووە ، کالاّو والاّی دڵ فرێن و ڕابوردنی ئەمڕۆ فریوی نەداون لەڕێگەی نارەوادا سامانی خۆیانیان دانەناوە بۆ ئەو کەسانە هەیە چەندین بەهەشتی وا ئەڕوا بەژێر درەخت و کۆشکەنیاندا چەندین ڕوبار و جۆگەی ئاوی شیرین و بێ خەوش و بەتام بەردەوامن لەنێو ئەو بەهشتانەدا و لە خۆشیدا ئەژین و دڵخۆشن.

﴿ نُزُلاً مِنْ عِندِ اللهِ وَما عِندِ اللهِ خيرٌ لِلأبرار ﴾ شێوەی ئەو بەهشتانە بەجۆرێکە ئامادە کراوە خواردن و خواردنەوە لەواندا بۆ کەسانێ ئەچنە ناویان و میوانداری چاکیان بۆ ئەکرێ و پێش کەشیان ئەکەن ، بەوان ئەبێژرێ دابەزن بەو دابەزینە ڕێزگیراوە لەلایەن خواوە شتێ لای خوایە لەڕێزگرتن و خواردەمەنی بەردەوام چاکترە بۆ خاوەنی چاکەکان لەو شتانەی خراپەکاران پاڵ و پشتی تێدا ئەکەن لەبەرکەمی و نەمانیان بەگورجی .

ئەو کەسانە کار و کردەوەیان هەر بۆ جیهان و سامان زۆرکردنە ، هەموو کاتێ لەهەوڵدان بۆ پەیداکردنی دارایی و سڵ لەقەدەغەکراوەکان ناکەنەوە ، زۆر ئاسانە سامانی زۆریان بۆ کۆ بکرێتەوە ، ئەو کەسانە لەخوا ئەترسن و پەلاماری ڕێگەی ناڕەاو نادەن بۆ پەرەپێدانی سامان و زۆرکردنی ، برسێتی هەڵئەبژێرن و قازانج و سوودی دانیشتوانیان مەبەستە ئەو کەسانە بۆیان ناگونجێ سامانی زۆر بۆ خۆیان دابین بکەن .

بەو ئایەتەی پێشوو ئەو گومانە ناڕەوانەی دوژمنان سەرنگون ئەکا کەلەلای هەندێ کەس وا ئەزانن ڕژاندنی زۆر و هۆی ڕابواردن بەسەر بێ باوەڕاندا چاکترە بۆیان و لەبەرئەوە خاوەن ڕێزن لای خوا ، وایش ئەزانن دارایی کەم و گوزەرانی تەسك و تروسك نیشانەی خراپی و بێ نرخیە ، بەو بۆنەوە خوای مەزن بەو ئایەتانەی پێشوو ئەو گومانە خراپەی پوچ کردەوە .

کاتێ هەواڵی کۆچی دوایی نەجاشی پاشای حەبەشە گەیشتە خزمەت پێغەمەر فەرموی بابچین نوێژی مردوی لەسەر بکەین ، دوورووەکان ووتیان : ز ۆر سەیرە و جێگەی سەرسوڕمانە بۆ قەشەیەکی پیروکۆن نوێژ ئەکا و نایناسێ . خوای مەزن ئەو باسە ڕوون ئەکاتەوە و ئەفەرموێ :

وَإِنَّ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ لَمَن يُؤْمِنُ بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْكُمْ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْهِمْ خَٰشِعِينَ لِلَّهِ لَا يَشْتَرُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ ثَمَنًا قَلِيلًا ۗ أُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ

سَرِيعُ ٱلْحِسَابِ ﴿١٩٩﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱصْبِرُوا۟ وَصَابِرُوا۟ وَرَابِطُوا۟ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿٢٠٠﴾

﴿ وَإنّ مِنْ أهلِ الكِتاب لمن يؤمن بالله وَما أنزلَ إلَيكم ﴾ وەبەڕاستی لەخاوەن نامەکان کەسێ بڕوا ئەهێنێ بەشتێ نێراوەتە خوارەوە بۆلای ئێوە ، ناڵێن عیسا و عوزێر کوڕی خوان و خوا بەتەنها ئەزانن و کوڕو هاوبەشی نیە .

﴿ وَما أنزلَ إلَيهِم خاشعين لله ﴾ وەباوەڕ ئەهێنن بەشتێ نێرراوە بۆ لای خۆیان لەتەورات و ئینجیل ئەترسن بەکزۆڵیەوە بۆ خوا و مل کەچی فەرمودەی خوان زۆر بەڕێزەوە ، نیشانەی ترسانیان لەخوا و جوێ بونەوەیان لەبێ باوەڕان ئەمەیە .

﴿ لايشترون بآيات ثمناً قليلاً ﴾ ئەو خاوەن نامانە ناکڕن بەئایەتەکانی نامەکانی خوا و فەرمودەی خوا بەنرخێکی کەم ، ناو و نیشانەی پێغەمەر ناشارنەوە هەتا بەو بۆنەوە بەرتیل و پارە و پول بەدەست بهێنن ، شا گردەکانیان لەم سەردەمەیشدا زۆرن . بەداخەوە لەمەوبەر زاناکانی گاور و جولەکەکان وابوون ، ئێستایش هەندێ لەو کەسانە خۆیان بە زانای موسوڵمانان دائەنێن پەخشان و هۆنراوە لەبەردەم کاربەدەستاندا ئەخوێننەوە بۆ بەدەست هێنانی دارایی و سامان .

﴿ اُلئِك لَهُم أجرُهُم عند ربهم إن الله سريع الحساب ﴾ ئەو کەسانە بۆیان هەیە پاداشتەکانیان لەلای پەروەردەکەری خۆیان و بۆیان ئامادەکراوە ، بەڕاستی خوا لە پرسیارکردندا زۆر بەگورجی جێبەجێ ئەکا ، بەئاسانی پاداشتی باوەڕداران و سزای بێ باوەڕان ئەداتەوە لەماوەی کەمترین چرکەدا .

ناوەرۆکی ئەو ئایەتانەی پێشوو هەموو خاوەن نامەکان ئەگرێتەوە باوەڕ بەپێغەمەر بهێنن لەهەرکاتێکا بێ ، بەتایبەتی ئەوانەی سەردەمی پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ وەك نەجاشی و عەبدوڵای

کورلاّی سەلام ، چونکە کە خوای مەزن باوەڕ لەبت پەرستان و کەسانی تـر کـەباوەڕیان بەهیچ نامەیەك نەبێ وەرئەگرێ ، بەچاکتر لەخاوەن نامەکانی وەرئەگرێ بەتایبەتی ئەوانەیان واز لە ئاینە پوچەکەی خۆیان هێنابێ .

﴿ یا أیها الذین آمنوا أصبروا ﴾ ئەی کەسانێکی ئەو تـۆ ، باوەڕتـان هێنـاوە ئێـە ئـارام بگرن و خۆتان ڕاگرن لەسەر ئازاری بیرکردنەوەتان و خۆماندوکردنتـان بـۆ دۆزینـەوەی بەڵگە لەسەر ناسینی خواو ناردنی پێغەمەر و باوەڕهێنان بەڕۆژی دوایـی . خۆتـان ڕاگـرن لەسەر ماندوو بونتان بۆ بـەجێ هێنـانی فەرمانـە پێویسـت کراوەکـانی خـوا ئەوانەیشـیان پێویست نین و چاك وایە بکرێن ، خۆتان ڕاگـرن لەسـەر ناخۆشـی و خۆپاراسـتنتان لـەو کارانەی قەدەغەکراون لەلایەن خوای مەزنەوە خۆتان ڕاگـرن لەسـەر ئـازاری هـەژاری و نەخۆشی و گرانی و جەنگ و ترس و شتی تر .

﴿ وَصابِروا ﴾ وەئێوە ئارام بگرن بەرامبەر بەدوژمنانی خوا لەجەنگدا و لەئارام گرتندا و بێ ئارامتر مەبن لەوان ، خۆتان ڕاگرن لەسەر ئازاری خێزانەکانتان و دراوسێکانتان .

ئـادەمیزاد چـەندە ڕەوشـتی خـراپ و پەسـتیان تێـدا بـێ لـەڕق و خۆبـایی بـوون و چاوچنۆکی و دووڕوویی پێویستە خۆیانی لێ بپارێزن ، ئـەبێ خۆڕاگربـن بـۆ پـەیداکردنی دژەکانیان ، ئەگەر بەو شێوەیە نەبن بەو جۆرە شایانبێ خۆڕاگـر نـەبوون و لەسـەرئازاری خۆیان و جگەی خۆیان .

زانایان ئەڵێن : (الصبر والمصابرة) بەمانا یەکن ، بێژراوە (الصبر) ئـارام گرتنـە لەسـەر ناخۆشییە لەهیچ کەسێکەوە تووشی مرۆڤ نەبێ . (المصابرة) ئارام گرتنە لەسـەر خراپەیـە لەجگەی خۆیانەوە تووشیان ببێ وەك بریینداری .

﴿ وَرابِطوا ﴾ وەئێوە بەردەوامبن لەسەر جـەنگ و خۆتـانی بـۆ ئامادەبکـەن بەچـەك و تفـاقی پێویسـت ، هـەرگیز سـەنگەرەکانتان چـۆڵ مەکـەن ، نـەوەك لـەناکاودا دوژمـن پەلامارتان بدەن و هورەتان نەمێنێ ، لەهەموو کار و کردەوەتانا پێویستە هەرلەبـەر ترسـی خوابێ هەتا پاداشتان زۆرتربێ و سەربکەون ، بۆیە خوا ئەفەرموێ :

﴿ وَأتقوا اللّهَ لَعَلَّکُم تفلحون ﴾ وەئێوە لەخوا بترسن و خۆتان ڕاگرن بۆ ئەوەی ئێوە ڕزگارتان ببێ و سەرکەون لەهەردوو جیهاندا و تووشی سزای خوا نەبن .

لەقورئانی پیرۆزدا لەزۆر جێگەدا خوا ئەفەرموێ : سەرکەوتن و سەربەستی هەر بۆ ئەو کەسانەیە لەخوا ئەترسن . بێگومان ئادەمیزاد تووشی خۆشی و چاکەو پاداشتی لای خوا نابن بەبێ خۆڕاگرتن و ئارام و ترسان لەخوا ، ئەگەر بەو جۆرە نەبن تووشی لێ بوردن و بەزەیی خوا نابن خۆراگرتن لەسەر ئازاری خۆیی و ئازاری دوژمنانی ئایین و لەسەنگەرەکان و چاودێری سنوور و پاسەوانانی بۆ ئەویە نەوەك لەناکاو دوژمن پەلاماری نیشتمان بدا ، ئەو خۆڕاگرتنە دەستوری هەموو دەوڵەتانە و بەردەوامە .

سورەتی نیساء هاتوەتە خوارەوە لەمەدینە ، دوای هاتنە خوارەوەی سورەتی (ئەلمومتەحینە) ژمارەی ئایەتەکانی (١٧٦) ئایەتن .

ئەم سورەتە بەم جۆرانەی خوارەوە ناوەرۆکەکەی باس ئەکرێ .

١- لەسەرەتای سورەتەکەدا خوا فەرمان ئەدا بەهەموئادەمیزاد نەرم و لەسەرخۆ و خاوەن بەزەیی بن لەگەڵ خێزانی خۆیان و ژنان و هەتیوان ، تورە بەکارنەهێنن لە گەڵیانا ، چاودێریان بکەن و مافی خۆیان بدەنە دەستیان و دارایی و سامانیان بپارێزن.

٢- لەکۆتایی سورەتەکەدا خوای مەزن ، باسی ئەو کەسانەمان بۆ ئەکا ئەمرن و باوك و دایك و منداڵ و نەوەیان لێ بەجێ نامێنێ ، ناوی ئەو کەسانە ڕوون ئەکاتەوە میراتەکەی ئەیەن .

٣- لەناوەڕاستی سورەتەکەدا خوا فەرمان ئەدا بەئادەمیزاد لەگەڵ بێ باوەڕان و بت پەرستاندا جەنگ بکەن بۆ ئەوەی ئەو کارانەی لەسەر ئادەمیزاد گران و ناخۆشن نەمێنێ، خوای مەزن لەسەرەتای سورەتەکەدا باسی کارێکمان بۆ ئەکا کەبەهۆی ئەو کارەوە نەبێ ئادەمیزاد ناتوانن ئەو کارو داوایانە جێبەجێ بکەن ، ئەو هۆیەش لەپەروەردەکەری خۆیان بترسن ، بۆیە خوا ئەفەرموێ :

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ﴿١﴾

﴿ بسم الله الرحمن الرحيم ﴾

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿ يا أيها الناس أتقوا ربَّكُمْ ﴾ ئەی ئادەمیزاد ئێوە خۆتـان بپارێزن لـەخەشـم و سـزای پەروەردەکەری خۆتان و لـەخوا بترسـن ، سـەرپێچی لـەفەرمانـەکانی مەکـەن ، پـەلاماری پێویست کراوەکانی بدەن و دوورە پەرێز بن لـەقەدەغەکراوەکانیان .

خوای مەزن بەو ئایەتە ڕوو ئەکاتـە ئـەو کەسـانە لـەو سـەردەمەدا بـوون و ئەوانـەیش لـەمەوپاش دروست ئەکرێن لـەپیاوان و لـەژنان ، ئەوانە ناگرێتەوە بەر لـەهاتنی ئاینی ئیسـلام دروست کراون ، بەبەڵگەی ئەوە دەستوری ئیسلام نابێتە دەستور بۆ ئەوان و کاتی ئـەوان بەسەرچوە، بەگوێرەی یاسای ئەو کاتەی خۆیان پەرستنیان کردووە ، زۆر شـتی وابـوە بـۆ ئەوان ڕەوا بووە و بۆ ئێمە قەدەغەیە ، بەپێچەوانەیشەوە .

ئەم سورەتە پەیوەندی زۆر پتەوی بەسورەتی پێشـەوە هەیـە ، چونکـە سـورەتی پێشـوو کۆتایی پێهاتووە بەڕستەی ﴿ وأتقوا الله ﴾ ، ئەم سورەتەیش دەستی پێ کردووە بەڕسـتەی ﴿ يأيها الناس أتقوا ربَّكُم ﴾ بەشێوە وەك یەك سورەت بن وایە ، هەردوو لایان ڕوکردنـی

گشتیه بۆ هەموو ئادەمیزاد .. ئادەمیزاد چۆن ئەبێ لەخوا نەترسن کەخوای مەزن بەبێ ئەندازە خاوەنی توانا و میهرەبانیه بۆیان ، ئەوەتا خوا ئەفەرموێ :

﴿ الذي خلقكم من نفس واحدة ﴾ پەروەردەکەرێکی ئەوتۆیە ئێوەی دروست کردووە بەتوانا و میهرەبانی خۆی لەنەبونەوە بەو هەموو ڕەنگ و شێوە و زمانە جیاوازانەوە هەتانە ، لەیەك کەسی تەنها کەبریتیە لەئادەمی باپیرە گەورەتان . مەبەست لەو کەسە ئەو ئادەمەیە بەتەنها کەبیروڕای زۆربەی زانایانەو باوەڕیان وایە خوای مەزن یەك ئادەمی دروست کردوە کەئەویش باوکی هەموو ئادەمیزادە .. هەندێکی کەم لەزانایانێ بڕوا بەوان نەکرا و گومانیان وایە کە بەر لەئادەم کەباپیرەی ئێمەیە بەدەیان ئادەمی تری دروست کردوە ، بەجۆرێ لەوانەیە هەندێ لەمانەی ئێستا نەوەی یەکێ‌لەوانە بن ، ئەو بیرە ناپەسەندە دژی دەرکەوتووی فەرمودەی خوا و پێغەمەرن ، بگرە هەندێ لەزانایانی بڕوا پێ‌کراو لایان وایە ئەو کەسە بیری وابێ جگەی یەك ئادەم ئادەمێ تر دروست کراوە ئەو بیرە ئەبێ بەهۆی بێ باوەڕی .. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ خوای مەزن بەر لەئادەمی باپیرەی ئێمە زیندەوەرانی زۆری دروست کردووە ، وەك فریشتەکان و جنۆکە و گیانەوەرانی تر جگە لەخوا کەسە نایانزانێ ، زۆریان بنەبڕبوون .

﴿ وخلق منها زوجها ﴾ وەپەروەردەکەر دروستی کردووە لەو کەسەتەنهایە ژنە هاوجوتەکەی خۆی کەحەوای دایکە گەورەی هەموو ئادەمیزادە .

زانایان هەندێکیان ئەڵێن : حەوا دروست کراوە لەپەراسویەکی ئادەم ، هەندێ تریان لایان وایە ئادەم و حەوا هەردوکیان دروست کراون لەیەك شت ئەویش بریتیە لەخاك ، هەر چۆنێ بێ خوا حەوای دروست کردووە بۆ هاودەمی ئادەم و حەسانەوەیان بەیەکەوە و زاوزێ بکەن بۆ فراوانی ئادەمیزاد.

﴿ وَبَثَ مِنها رجالاً كَثيراً وَنِساءً ﴾ وەپەروەردگار بڵاوی کردەوەتەوە لەو کەسە و لەهاوجوتەکەی چەندین پیاو و چەندین ژنی زۆر ، ئەوەندە زۆربوون هەموو گۆشە

وکەناری زەویان گرتوەتەو زاوزێیان کردوە چین بەچین و جێگەی یەکتریان گرتوەتەوە ، بەجۆرێ ژمارەی ئادەمیزاد لەم سەردەمەدا لەشەش ملیار زۆرترن ، تەنها چین لەملیارێ زۆرترە .

﴿ وأتقوا الله الذي تساءَلون بِهِ والأرحامَ ﴾ وەئێوە خۆتان بپارێزن لەخواو بێ فەرمانی خوا مەکەن ، ئەو خوایە لەکاتی تەنگانەدا ئێوە بەهۆی ئەوەوە هەندێکتان داوای یارمەتی لەهەندێ ترتان ئەکەن و ئەڵێن : لەبەرخوا ئەو شتەمان بدەنێ ، ئەو کارەمان بۆ بکەن . ئازارمان مەدەن و ، خۆتان بپارێزن لەمافی خزمە ئازیزەکانتان ، واز لەسەردانیان مەهێنن . ئەوەتا ئێوە ئەڵێن: لەبەرخزمایەتی ئاگاتان لێمان بێ ، خۆ ئێمە خزمین ، سەرمان لێ بدەن ، لەسەرمان بێنە وەلام و دوژمنانمان لێ دورخەنەوە .

بەکورتی خوای مەزن داوامان لێ ئەکا لەم ئایەتەدا لەخەشم و سزای بترسین ، چاکە لەگەڵ خزمەکانمان بکەین ، خۆمان لەوان بەگەورەتر نەزانین و خاوەنی هەرپلەیە بین ، ستەم لەخزمانمان نەکەین ، هەمومان لەیەك ڕیشوین و لەیەك کەسین و ئەویش لەخاکە ، بۆیە لەکۆتایی فەرمودەکەیدا ئەفەرموێ :

﴿ إنَّ اللهَ كانَ عَلَيكُمْ رَقيباً ﴾ بەڕاستی خوا ئاگادارە بەسەرتانەوە ، پرسیار لەئێوە ئەکا لەو شتەی فەرمانی داوە پێتان لەمافی خزمەکانتان ، بەهەموو کاری نهێنی و ئاشکرای ئێوە ئەزانێ ، بۆیە پێویستە بێ فەرمانی خوا نەکەن و ئاگاتان لەخزمانی خۆتان بێ ، ئەو کەسەی لای خۆشە خوا دارایی زۆری بداتێ سەر لەخزمانی بدا.

خوای مەزن دوای ئەوەی فەرمانی دا بەخوا پەرستن و بەجێ هێنانی خزمایەتی باسی جۆری ترمان بۆ ئەکا لەپەرستنی خوا کەبریتیە لەهەوڵدان بۆ فراوانی زۆرکردنی دارایی و سامانی هەتیوان ، ئامۆژگاری ئادەمیزاد ئەکا بەچ شێوەیە لەگەڵ هەتیوان ڕەفتار بکەین دەربارەی دارایی و سامانیان . ئەفەرموێ :

﴿ وَءَاتُواْ ٱلْيَتَٰمَىٰٓ أَمْوَٰلَهُمْ ۖ وَلَا تَتَبَدَّلُواْ ٱلْخَبِيثَ بِٱلطَّيِّبِ ۖ وَلَا تَأْكُلُوٓاْ أَمْوَٰلَهُمْ إِلَىٰٓ أَمْوَٰلِكُمْ ۚ إِنَّهُۥ كَانَ حُوبًا كَبِيرًا ﴾ (٢)

﴿ وآتوا اليتامى أموالهم ﴾ وەئێوە بدەنەوە بەهەتیوەکان داراییەکانی خۆیان هەر کاتێ بالّغبوون کەلەوەوبەر درابونە دەستی ئێوە بەشێوەیەکی کاتی.

پێویستە ئەو کەسانەی هەتیون و سامانیان هەیە ، کاربەدەستان یاپیاوانی ئەو جێگەیە بۆ پاراستنی ساماناکانیان مرۆڤێکی ژیرودەست پاك و داوێن پاك دابنێن بۆ چاودێری کردنی ئەو سامانە و پەروەردەکردنی هەتیوەکان ، بەجۆرێ بن سوود و زیان بناسن بۆ ئەو سامانە.

ئەگێڕنەوە کارێ سپێراوی هەتیوان کاری ناشایستەیان لەگەڵ ئەکردن ، بۆنمونە مەڕێکی لاوازی خراپی خۆیانیان ئەگۆڕیەوە بەمەڕێکی قەڵەوی هەتیوان ، ئەیان ووت: چ خراپەیەکی تێدایە مەڕ هەر مەڕە ، بەهەڕەشەوە خوا ئەفەرموێ:

﴿ وَلا تبتدلوا الخبيث بالطيب ﴾ وەئێوە مەگۆڕنەوە ئەو شتە پیسەی ئەوتۆ خوا قەدەغەی کردووە لەسەرتان لەدارایی هەتیوان بەوشتە پاکەی ئەوتۆ خوا بۆئێوەی ڕەوا کردووە لەدارایی خۆتان ، لەدارایی ئەوان ڕابوێرن و بیخۆن و واز لەدارایی خۆتان بهێنن ، دارایی بێ نرخی خۆتان بگۆڕنەوە بەدارایی چاکی ئەوان بەبیانوی پوچ و لاواز ، پێویستە لەسەرتان چاودێریان بکەن.

﴿ ولا تأكلوا أموالهم إلى أموالِكُم ﴾ وەئێوە مەخۆن دارایی هەتیوان لەگەڵ دارایی خۆتان و تێکەڵاوی یەکیان بکەن و چاك و خراپی خۆتان و ئەوان بخۆن ، پیشەی ئێوە

ئەوەیە لەپاراستنی دارایی ئەوان دەرنەچن ، پێویستە مامەڵەیان پێوە بکەن بۆ فراوانی بونیان و پەرەپێدانی داراییەکانیان.

﴿ إِنَّهُ كَانَ حُوباً كَبِيراً ﴾ بەڕاستی خواردنی دارایی هەتیوان و گۆڕینەوە بەدارایی خراپ گوناهێکی گەورەیە ، هەر کاتێ ئێوە لەسنوور دەرچوون گوناهبار و تاوانبارن.

بەڕاستی ئادەمیزاد پاڵ ئەدەن بەلایەکەوە لەفەرمانەکانی خوای مەزن و بەجێگەی خۆیانیان ئەگەیەنن ، بەڵام لایە تر بەرئەدەن و وازی لێ ئەهێنن نوێژەکانیان بەتوندی ئەگرن، بەڵام مەی ئەخۆنەوە ، ئەبێ بزانرێ مانەوەی ئاینیان پەرەناسێنێ بەهەردوو لایان نەبێ ، بەجێ هێنانی هەموو یاسای قورئان پێویستە لەهەموو لایەکەوە ، هەڵسوارندنی پێویستەکانی ئاین بەبێ جیاوازی وێنەی پێویستەکانی جیهانە ، ئەگەر خوێندکارێ لەخوێندنگادا کۆشش لەڕێزمان و ژمێرەدا بکا و زانیاری و دوو وانەی واز لێ بهێنێ لەکۆتایی ساڵدا بێ بەش ئەبێ لە لەبەڵێن نامەبێ بەش ئەبێ لەهەموو وانەکاندا و بەروبومی تەمەڵی خۆی وەرئەگرێ هەروەها کاربەدەستان ئەگەر گوێ نەدەنە چاك کردنی ڕێگەو بان و ئاوبارە ، پاشەڕۆژی خۆیان و وڵاتیان و ڕژێمیان ئەڕوا و لەناو ئەچن ، ئەبنە جێگەی نەفرەتی مێژوو ، ئیتر با لەلاکانی ترەوە سەرکەوتوو بن. پەیڕەو پرۆگرامی کۆمەڵایەتی قەوارەیەکی ڕێك و پێکە . بەبێ جیاوازی وێنەی قەبارەی لەشی مرۆڤە ، ئەندامێك لەئەندامەکانی توشی ئازاربێ هەموو ئەندامەکانی تری ئەو ئازار ئەچێژێ لەئەنجامدا هەموو ئەندامەکانی پەکیان ئەکەوێ و کارناکەن.

ئەو کەسانەیش لەکاتی هەڕەشەی قورئاندا لەبەرترسی خوا دارایی هەتیوان ناخۆن کە دراونەتە دەستی ، بەڵام خۆیان لەداوێن پیسی و کوشتن و ستەم ناپارێزن ، ئەو کارەیان ئەوە ئەگەیەنێ باوەڕیان بەهەندێ لەیاسا بێ و باوەڕیان بەهەندێ تری نەبێ ، ئەو کەسانە بەبێ گومان لەڕیزی بێ باوەڕاندا دانانرێن .

خوای مەزن چۆن خواردنی سامانی هەتیوانی قەدەغە کردووە ، داوێن پیسی و کوشتن و هەموو کاری نارِەوای قەدەغەکردووە ، هەروەها قەدەغەیە بەجۆرێکی نائاسایی و نارِەوا کچە هەتیوەکان مارە ببرِن ، ئەو کەسانەی کچانی هەتیویان لایە لەبەر قۆزی و جوانی و سامان مارەیان ئەبرِن لەخۆیان بەمارەیەکی کەم ، لەدواییدا زۆربەناپەسەندی لەگەڵیان ئەجولێنەوە ، چونکە لەکەس ناترسن ئەیانزانی کەس گومان ناباتە سەریان کەرێگە بگرێ لەستەمیان.

خوای مەزن لەوبارەیەوە ئەفەرموێ:

وَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تُقْسِطُوا۟ فِى ٱلْيَتَٰمَىٰ فَٱنكِحُوا۟ مَا طَابَ لَكُم مِّنَ ٱلنِّسَآءِ مَثْنَىٰ وَثُلَٰثَ وَرُبَٰعَ ۖ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا۟ فَوَٰحِدَةً أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُكُمْ ۚ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰٓ أَلَّا تَعُولُوا۟ ﴿٣﴾ وَءَاتُوا۟ ٱلنِّسَآءَ صَدُقَٰتِهِنَّ نِحْلَةً ۚ فَإِن طِبْنَ لَكُمْ عَن شَىْءٍ مِّنْهُ نَفْسًا فَكُلُوهُ هَنِيٓـًٔا مَّرِيٓـًٔا ﴿٤﴾

﴿ وإن خِفْتُمْ ألا تَقسْطَوا في اليَتافي ﴾ وە ئەگەر ئێوە ئەترسان کە دادپەروەری ناکەن لە مارە برِینی ژنە هەتیوەکان، ئەترسان بە دادپەروەرانە کاریان لەگەڵ نەکەن بەو جۆرەی خۆیان تەنهان و هیچ کەسێ بەرگری لەوان ناکا، بە گوێرەی یاسا مارەییەکانیان نادەنێ دوایی واز لەو ژنە هەتیوانە بهێنن و جگەی ئەوان مارە بکەن و خوا گێراویە بۆ ئێوە رزگارتان ببێ لەو هەتیوانە و بەوە خوا چوار ژنی بەرِەوا داناوە بۆتان ، وەك خوا ئەفەرموێ :

﴿ فأنكحوا ما طاب لكم من النساءِ مثنى وثلاثَ وَرُباع ﴾ دوایی مارە بكەن كەسێكی ئەوتۆ پاك و ڕەایە بۆئێوە لەژنان و دووان سێیان و چوار ، خۆتان ئازادن بۆ هەڵبژاردنی هەركام لەو ژمارانە ، بەو مەرجەی لەكاتی هێنانی زۆرتر لە یەك ژن دادپەروەری لەنێوانیان بەكار بهێنن و ستەمیان لێ نەكەن ، وەك خوا ئەفەرموێ :

﴿ فَإن خِفتُمْ أنْ لا تَعدِلوا فَواحِدةً ﴾ دوایی ئەگەر ئێوە ترسان كەدادپەروەر نەبن لەنێوانیانا لەبەرگ و لەجێگەی دانیشتن و ئاموشۆكردنیان ئێوە یەك ژن مارە بكەن بەتەنها.

﴿ أو مامَلَكَتْ أيمانُكُم ﴾ یا ئێوە هەڵبژێرن بۆخۆتان كارەكەرێكی ئەوتۆ بەدەستی خۆتان پەیداتان كردوە ، بەخێو كردنیان ئاسانترە لەژنانی سەربەست.

﴿ ذلِكَ أدنى ألاّ تعدلوا ﴾ ئەو تاكە ژن هێنانە و هەڵبژاردنی كارەكەر نزیكترە كە ئێوە ستەم نەكەن لەنێوان زۆرتر لەیەك ژن و ، لەڕاستی لانەدەن.

ئەو ئایەتە ئەوە ناگەیەنێ زۆرتر لەچوار ژن قەدەغەبێ ، بەڵام فەرمودەكانی پێغەمەر و پێك هاتنی كۆڕی موسوڵمانان بەگشتی لەیەكەم جارەوە هەتا ئێستا چین بەچین بڕیاریانداوە كەزۆرتر لەمارەبڕینی چوار ژن قەدەغەیە ، هەڵسان بەپێچەوانەی ئەو بڕیارە بێ باوەڕیە .

عەبدوڵای كوڕی عومەر ئەگێڕێتەوە : غەیلانی كوڕی سەلەمەی سەقەفی موسوڵمان بوو (١٠) ژنی هەبوو هەمویان لەگەڵیان موسوڵمان بوون. پێغەمەر فەرمووی: چواریان بۆخۆت هەڵبژێرە ئەوانی تریان قەدەغەن ، هەروەها قەیسی كوڕی حاریس موسولمان بو (٨) ژنی هەبو پێغەمەر فەرموی : چواریان هەڵبژێرە ئەوانی تریان قەدەغەن هەروەها چەند ڕووداوی تر لەو بابەتە ڕوی داوە . بەڵام زۆرتر لە چوار ژن بۆ پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ ڕەوا بووە.

مەبەست لەداد پەروەری هەڵسانە لەگەڵ ئەو ژنانە بەیەكسانی لەبەرگ و خواردن و لاخەوتن و شوێنی حەسانەوە و هەمو شتانەی لەتوانای ئادەمیزادان . نەك ئەو شتانەی

لـەتوانا و دەسـەلاّتی ئـەواندا نـەبێ ، وەك خواسـت و هەسـتی خۆشەویسـتی دڵ کەلەژێردەسەلاّتی ئەواندا نەبێ بۆ یەکێ لـەو ژنانـە ، باسـی ئـەم خواسـتەی دڵ لەئایـەتی (١٢٨) ی ئەم سورەتەدا دێت لەوێدا بەدرێژی باسی دەکەین.

بێ باوەڕان و دوژمنانی ئیسلام ئەو کەسانەی بەئاوی خراپی ئەوان پـەروەردە کـراون ، بەرانبەر بەیاسای ئیسلام بۆ مارەکردنی هەتا چوار ژن،ئەو کەسانە پڕوپاگەندەی ناپەسەندی زۆریان بلاّوکروەتەوە و ئەیشی کەن، بەبێ ئەوەی لەپێویستی و سوودی دانیشـتوان وورد ببنەوە کەتوشی کاری ناهەموار ئەبن ، ئەوکەسانە ئەیانەوێ ئـادەمیزاد وەك ئـاژەڵ وابـن و بێن و بڕۆن و بخۆن بەبێ پەروەردە و بەبێ ئابڕو ئارەزوی ژن و مێردی خۆیان بـەبێ سـنور و بەبێ یاسا دیاری کراو ساردبکەنەوە لەهەرکەسێ‌بێ ڕەوابێ یا قەدەغە. بـەبێ دەسـتوری ڕێك کەوتوو لـەگەڵ سروشتی ئادەمیزادا جیهان بەسەر ببەن.

خوای گەورە خۆی ئادەمیزادی دروست کردوە ، زۆر بەباشـی سروشـتیان ئەناسـێ ، هەرخوایش ئەزانێ چ یاسایە سوود بەخشە بۆیان و لەڕەوشت دەرناچـێ و خـوی ئـاژەڵی ناگرن، بۆیە ئاینی ئیسلامی بەیاساو پەیڕەو و پرۆگرام و دەسـتور هەتاهەتایـە ، چەسپاوی پەسەندە لەگەڵ ژیان و سروشتیانا . ئاینی ئیسلام بێگومان ئادەمیزاد بـەرەلاّناکا بـە هـەمو شێوەیە ئارەزوی ئاژەڵی خۆیان بچەسپێنن ، هـاتوە بۆئـەوەی سنورێکیان بۆدیـاری بکـا . وازیان لێ‌ناهێنێ هەموو کارو ڕەوشتی پەسەند بخەنە ژێر دەسەلاّتی خراپی پیاوان ، چۆنیـان ویسـت دەسـتکاری مـافی خۆیـان بکـەن . بەتایبـەتی لـەبارەی ژن و مـێردی و نـەریتی کۆمەلاّیەتی ، بۆیە ئاینی ئیسلام بۆیانی دیاری کردووە بـۆ سـوودی پیـاوان و ژنـان و بـۆ پاراستنی ناموسیان ڕەوایە بۆیـان مـارەکردنی ژنـان هـەتا چـوار ژن لـەبـەر ئـەم هۆیانـەی خوارەوە :

بەڕاستی ئاینی ئیسلام پەیڕەوی ئاسایی و سروشتی بێ پۆخلّەیـە بـۆ ئـادەمیزاد لـەگـەڵ بەڕێوەبەردنی پێویست و ڕوداوی گـۆڕڕاوی ژیانیـان ڕێـك ئەکـەوێ لەهـەموو جێگـە و لەهەموو کاتێکا .

ئایین پەیڕەوی پەیدا بووی بێ خراپەیە ، ئەیەوێ ئادەمیزاد لەسروشتی ئاژەڵی وێنە و نەزانین و پەستیەوە لایان بدا و بەرزیان بکاتەوە بۆ وەرگرتنی پەیڕەوێکی وا ڕەوشتی پاك و زانین و ڕێز پەرە بسێنێ لەناویانا ، بەجۆرێ سروشتی بێگەردی خۆیانیان لەبیر نەچێتەوە ، بەخواست و خوایشتی خۆیان ئەو ڕەوشتە هەڵبژێرن .

ئاینی ئیسلام لەسەر جێگەیەکی هەڵدێر و بۆش و چەپ و بەرەڵایی و بێ ڕەوشتی و ئەفسانە بازی و جادوپەرستی و ئاواتی خەو و وێنە نەوەستاوەکە لەکات و چرکەیەکدا بڕوخێ و بکەوێ . یا بچێ بەگژی ڕەوشتی سروشتی ئادەمیزادا ، لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەیاندا بدەن لەیەکتری ، وەك هەموو بیرو باوەڕی ڕابوردو کەناوی لەمێژوودا نەمێنێ ، وك ئەوان گڕبسێنێ و ببێ بەدوکەڵ و هەوا و بڵاو بێتەوە بەئاسماندا و نەمێنێ .

ئاینی ئیسلام دەستورێکە چاودێری ڕەوشتی ئادەمیزاد و پاکی کۆمەڵ ئەکا ، ڕێگە نادا بەوە کۆمەڵێکی مایە پوچ و هەوەس و کەڕەسە پەرست ، خوی بێ ڕەوشت وا پەیدابێ خاوەنەکەی ڕەوشتی دابەزێ و کۆمەڵ پیس بکەن. وەك ئەم سەردەمەی ئێمە کاربەدەستان کۆڕ و کۆمەڵ بۆ خۆیان دروست ئەکەن بەزۆر و هەڕەشە کچان و ژنانی قەشەنگ لەکۆلیج و لەپەیمانگا و خوێندنگاکان ئەڕازێننەوە ، پۆشاکی جوان ئەکەنە بەریان ، ئەیان بەنە دەرەوە لەسەر شەقامە گشتیەکان دەستیان پێ ئەکەن بەسوڕدان و گۆرانی وتن و دەهۆڵ و زوڕنا لێدان وێنەی ئاژەڵ سەیریان ئەکەن ، بەشەویشدا ئەیان بەن و کوڕیان پێ ئەڕازێننەوە و پەرداخی مەیان پێ ئەگێڕن ، ئەو مایە پەرست و بێ ڕەوشتانە بەچەکوش ژیان و ناموس و ئاینیان لەسەردەزگای ئاسن ئەکوتنەوە لەئاژەڵ پەست تر تەماشای کچ و کوڕیان ئەکەن.

ئاینی ئیسلام ئەیەوێ هەموو کاتێ یاسای قورئان دابەزێنێ و یاریدەی ئادەمیزاد بدا بۆ پاراستنی ڕەوشتی بەرزی ئادەمیزاد ، کۆمەڵێکی داوێن پاك و خاوەن کردەوە دروستبێ ، هەریەکە لەوان بەکەمترین ماندووبون زۆرترین و گەورەترین سود بەکۆمەڵگای ئادەمیزاد ببەخشن.

ئەگەر ئێمەی ئادەمیزاد لەگەڵ ئەو کارە پێویستانەدا بڕۆین کەپەیڕەوی ئاینی پیرۆزمـان بۆی داناوین ، زۆر بەدادپەروەرانە و چاوی ڕونەوە تەماشای کارەساتی مێژوی ناهەموار بکەین کەئەبێتە هۆی زۆربوونی ژمارەی ژنان و کەمبونەوەی پیاون ئەمانەی بۆ ڕوون ئەبێتەوە .

بێگومان چەند کارەساتی وائەبێ لەزۆر کۆمەڵگای تایبەتیدا کەمێژووی ڕابوردوو ئێستایش پێمان ئەناسێنێ لەهەندێ جێگەدا ڕێژەی ژمارەی ژنان زۆرترە لەژمارەی پیاوان بەهۆی هەندێ کارەساتی جەنگی ناڕەوا ، بگرە وایش ئەبێ ڕەوابێ ، هەردوو لایشیان شیاوی ژن و مێرد بن لەهەموو شتێ گرنگتر بەگوێرەی مێژوو لێکۆڵینەوەی پسپۆڕانی ژمارەناس لای ژووروی زۆری ڕێژەی ژنان لەچوار ئەوەندەی پیاوان تێپەڕ ناکا لەهیچ کۆمەڵێکا و هەرگیز لەو سنورە درنەچووە هەر لەو ڕێژەدا سوڕاونەتەوە ، هەر لەبەرئەوەیشە خوا هەتا چوار ژنی بەڕەوا داناوە و لەوە زۆرتر قەدەغەیە ، کەواتە لەو کاتانەدا کەژنان زۆرتربن تیماری ئەو برینانە بەچ ڕێگەیە بکەین ؟ کەزۆر جاران دووپات ئەبێتەوە ، کەسیش ناتوانێ دژی ئەو ڕاستیە ڕاوەستێ ، لەلای هەموو کەس ڕوون و ئاشکرایە ئەو کارەساتە ناڵەبارانە تووشی پیاوان ئەبن بەزۆری و تووشی ژنان نابن ، بەتایبەتی جەنگ ئەبێتە هۆی لەناو چوون کوشتن و ونبونی ژمارەیەکی زۆر لەپیاوان ، بۆ نمونە لەیەکەم کاتی دەست پێکردنی جەنگ لە نێوان عێراق و ئێراندا تاساڵی (١٩٩٠) بەلای کەمەوە (٣٠) هەزار پیاو لەعێراقدا و (٥٠) هەزار لەئێراندا کوژراون ، جگە لەوانەیان بێ سەرو شوێنن کەژمارەیان هەتا ئێستا نەزانراوە ، لەو جەنگەدا بەدەگمەن ژنان ژمارەیەکی کەمیان کوژراون . لەو کاتانەدا ناگونجێ بۆ ڕێزی ئادەمیزاد واز لەو کۆمەڵە ژنە بهێنرێ کەخۆیان چۆنیان بۆهاتە پێشەوە بەبێ یاسا و دەستوور بەبەرەڵایی و دوور لەناموسەوە خۆیان بەگوێرەی هەوەس تیماری ئەو برینە بکەن کەئەوەیش هیچ مرۆڤێکی خاوەن دایك و باوك و بەناموس کەڕێزی خۆیانیان لاگرنگبێ و ئادەمیزادیان لابەڕێز بێ

بەو کارە ڕازی نین . پێویستە لەو کاتانەدا یاسا و دەستورێ هەبێ بۆ چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشی و ئەو ڕوداوە ناهەموارە . ئێمە لەئاستی ئەو ڕوداوانەدا ڕووبەڕوی ئەم چوار شتانەی خوارەوە ئەبین بمانەوێ و نەمانەوێ :

١- هەریەکە لەپیاوان تەنها ژنێ بهێنن ، ژنەکانی تر تەمەنی خۆیان ببەنە سەر بەڕۆژی ڕەش و سەختیانەوە و ئاگری بی مێردی بییان سوتێنێ ، ئەو کارەیش دژوارە و دژی سروشت و توانای ژنانە کەلەتەمەنی خۆیانا مێردی خۆیان نەناسن بەجۆرێکی ڕەوا ، بەبیرو بۆچونی کەسانی ئەقڵ پوچ ئەو نەخۆشیە چارەسەرناکرێ بەوەی ژنان بەهۆی کارکردنیانەوە لەکارگا و دەزگاکاندا ئەتوانن خۆیان بژێنن و پێویستیان بەمێرد نەبێ ئەو برینە بەوە دەرمان ناکرێ ، چونکە ژنان بۆئەوە شوناکەن بخۆن و بژین ، هەزاران کار کردن و سامانی زۆر ناتوانن ژنان لەسروشتی خۆیان بشۆرنەوە ، تاکە پێویستی ژنان لەمێرد کردنیانا کوژانەوەی هەوەسی سروشتی خۆیانە . لەو کاتەدا کەپیاوان بەگوێرەی یاسای لاواز تاقە ژنێ مارە بکەن ، لەوانەیە ژنەکانی تر لەژێرەوە دۆستێ بۆخۆیان پەیدا بکەن بۆ کوژانەوەی ئاگری سروشتیان ، یا پیاوان ئەیان کەن بەیەدەك و لەگەڵیان ڕائەبوێرن . بەو بۆنەوە بەهەزاران منالی مردوو فڕێ ئەدەنە نێو زێرابەکانەوە، یا بەزیندویی لەکۆڵان و لەشەقامەکاندا بەبێ بەزەیی وبەبێ باوك بلاویان ئەکەنەوە، ئەبنە هۆی بارگرانی بەسەر دانیشتوانەوە ، لەپاشەڕۆژدا بەزەییان بەکەسدا نایەتەوە، هەموو کەس بەدوژمنی خۆیان ئەزانن و ئەبنە دڕندە .

٢- ژن و پیاو وەك ئاژەڵ بێن و بڕۆن و کەسیان مێرد و ژنی خۆیان نەناسن و تێکەڵاوی یەك بن ، هیچ کەس باوکی خۆی نەناسێ و کەس بۆ کەس خاوەنی بەزەیی نەبێ بەو جۆرەی شایانی سروشتی ئادەمیزادە ، بێگومان ئەو کەسەی خاوەنی ئەقڵ و ڕێزبێ بەو جۆرە کارانە ڕازی نابێ مەگەر ببێتە ئاژەڵ و بیر لەکۆمەڵایەتی و ڕەگەز و خزم و خوێش نەکاتەوە .

ئاینی ئیسلام بەو دووبڕگانەی سەرەوە ڕازی نابێ ، هەرکەسێ خاوەنی ئەقڵ و هۆشـبێ سەر بۆ ئیسلام شۆڕئەکا بۆ ئەوبڕیارە و مەبەستە هەیەتی ، یاسای ئیسـلام ئـەو دووبڕگانـە بەدژی مرۆڤایەتی و ڕوی پاکی ئیسلام و داوێن پـاکی دائـەنێ ، خـاوەنی ئـەو دووبڕگانـە لایان گرنگ نیـە داوێـن پیسـی پەرەبسـێنێ لەناوکۆمـەڵدا بەمـەرجێ بەهەوەسـی خراپـی خۆیانبـێ. ئـەو کەسـانە دژی یاسـای خـوا ڕاوەسـتاون بـەناڕەوایی و کەسـیش دژیـان ڕانەوەستێ، بگرە کار بەدەستان و زۆربـەی لاوان و خـاوەن سـامان ڕێگـەیان بـۆ خـۆش ئەکەن و یارمەتیان ئەدەن هەرچەندە هـەڵگرانی ئـاینی پـاك لـەدژی هـەمویان ئەوەسـتن و هەتاڕادەیە توانیویانە کە بەبەردەوامی یاسای ئیسـلام پەرەبسـێنێ ، زۆریـان لـەومەبەسـتەدا بەپلەی شەهادەت گەیشتوون ، بەڵام دوژمنانی ئیسلام لەپڕوپاگەندەی خۆیان ناوەستن .

٣- ئەبێ هەموو ئادەمیزاد بزانن چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشیە شـێرپەنجەیە بـەم جـۆرە ئەبێ پیاوان بەگشتی یاهەندێکیان زۆرتر لـەیەك ژن مارەبکەن ، ئـەو بۆشـاییە بـۆ ژنـان پڕبکەنەوە ، بەو جۆرە ژنان هەمویان مێردی خۆیان ئەناسن . بەڕواڵەت دۆستی کەسـی ناپاك و یەدەکی مرۆڤی ناهەموار نابن ، لەتاریکیدا پاك و بـەڕێز و داوێـن پـاك ئـەبن . سەر بەرز و خاوەن بەرز و خاوەن بەزەیی و میهرەبان ئەبن بۆ گـەل و مـێرد و نـەوە و نیشتمانی خۆیان ... ئەو جۆرە چارەیە ئیسلام بۆخۆی هەڵبژاردوە و کردویێتی بەیاسا و دەستوری کاری خۆی ، هەرکاتێ زانرا ڕادەی ژمارەی ژنان بەرانبـەر ژمـارەی پیاوانـە قەدەغەیە لـە سەریان مارەکردنی زۆرتر لـەیەك ژن بەو مەرجەی بەر لـەمارەکردنی زۆرتر چاوەڕوانی بێدادی بکا . بێگومان ترسو چـاوەڕوانی بێـدادی هەیـە و هەرئـەبێ . بـەو جۆرە باسکرا دژی پڕوپاگەندەی ستەمکاران و داوێن پیسان ئەوەستین . یاسای ئیسلام هەڵبژێردراوە هەتا لـەگەڵ سوودی ئادەمیزاد بەبێ‌گیروگرفت و بەبێ تەگـەرە بـڕوا بـە جۆرێ شیاوی سروشت و ژیانبێ لـەگـەل چـاودێری ڕەوشـتی بـەرز و داوێـن پـاکی کۆمەڵدا هەتا لـە بێ ناموسی و بەرەڵایی بیانپارێزێ و بیانخاتـە پۆیـەی پلـەی پەسـەند و سودبەخش بەجۆرێکی ئاسان و بێ شورەیی .

پاش ئەوانەی باسکران ئەبینرێ لەنێو کۆمەڵی ئادەمیزادا ، لەکۆن تازەدا ، لەئەمڕۆ و دوێنێ و پاشەڕۆژدا شتێکی وا هەیە کەس ناتوانێ دژی ئەو شتە بوەستێ یا خۆی لێ گێل بکا ئەویش ئەمەیە : بۆیە ڕەوایە پیاوان هەتا چوار ژن بخوازن ، چونکە لەپیاوانا هێزی تۆوی زاوزێ درێژە ئەکێشێ هەتا تەمەنی حەفتا ساڵی و بگرە زۆرتریش . بەلاّم لەژناندا لەتەمەنی پەنجا ساڵیدا هێزی زاوزێ ئەوەستێ بگرە کەمتریش . کەواتە لە ماوەی ئەو بیست ساڵەدا لەساڵانی زاوزێدا بۆژیانی پیاوان ئەو ژنانە هەیانە بە کەڵکی زاوزێ نایەن و گومانی تێدا نیە ئامانجی ڕاستەقینەی هاوڕێیەتی ژنان و پیاوان پەرەپێدانی ئادەمیزادە ، پەرەپێدانی ڕەگەز یان جارێ بەژن و جارێ تر بەپیاو هەر بۆمەبەستی مانەوەی ئادەمیزادە ، هەر منالّیشە ئەبێتە هۆی خۆشەویستی نێوان پیاوان و ژنان ، هەر بەپەرەپێدانە ڕەگەزی ئادەمیزاد ئەتوانێ زەوی ئاوەدان بکەنەوە و بلاّو ببێتەوە بەسەر زەویدا ، کەواتە شایانی پلەی پیاوان نییە لەوماوەیەدا کەتاقە ژنەکەی لەمنالّبوون کەوتووە ڕۆژ و شەو ببەنەسەر کەئەوەیش دژی سروشت و فراوانی ژمارەی ئادەمیزادە ، جا بەو بۆنەوە پێویستە دەستور و یاسایە هەبێ ڕێك بکەوێ لەگەڵ هەموو کاتی تەمەنی ئادەمیزادا . نەپیاوان توشی زیان ببن و نەژنانیش ، بەتۆبزی یاسایەکی دەستکرد نەسەپێنرێ بەسەر هەردوو لایاندا ، ئەو یاسایەش کەبریتییە لەیاسای پاکی خاوەن دادی ئیسلام و بەڕەوا دانانی مارەکردنی زۆرتر لەیەك ژنە .

هەندێ ڕوداو و کاری وا بۆ ئادەمیزاد پەیدا ئەبێ کەپەیوەندی بەوانەی پێشەوە هەیە کەباسکران و ئەوانەیش ئەمانەن : زۆر جاران ژن و پیاو ئارەزوی تەواویان هەیە بۆ سارد کردنەوەی پیشەی ژن و مێردی ، زۆر چاك و خۆشە لایان ژیانی ژن و مێردی ببەنەسەر و لەیەك جیا نەبنەوە ، بەلاّم وائەبێ تەمەنی زۆری ژیان یا نەخۆشی ڕێگە ئەبەستێ لەوە کە بتوانن مێرد لەخۆیان ڕازی بکەن لەوکاتەدا ئەمانەی خوارەوەمان بەرەنگار ئەبێ :

١- پیاوان سەرکوت بکەین و پیشەی ژن و مێردی لەوان قەدەغە بکەین بەهۆی یاسای دەست کردەوە نە پیاو بتوانێ ژن و مێردی بکا لەگەڵ تاکە ژنی لەبەر نەخۆشی

و پیری ، وەنەرێگە بدەین ژنێ تر بخوازێ ، لەو کاتەدا ئەبێ پیاوان لەئاگری هەوەسی ژن و مێردیدا پاڵ و پشت بکەن ، ژنە هەژارەکەیش بەچاوێکی بێ میهرەبانی تەماشا بکرێ لەبەرئەوەی ناتوانێ پیاوەکەی خۆی تێر بکا لەژن و مێردی و ژیان بەناخۆشی ببەنە سەر لەگەڵ مێردەکەیانا .

٢- پیاوان ئەو ژنانە بەرەڵا بکەن دۆستی نهێنی بۆخۆیان بگرن و بەدزیەوە لەگەڵیانا بژین بەدژی سروشتی ڕەوای ئادەمیزاد و لای مرۆڤێ ژیر و خاوەن ناموس . بەتایبەتی لای یاسای ئیسلام و ڕێزی خۆیانیان لەکیس بچێ و خۆیان لەئاژەڵ بۆ جیا نەکرێتەوە.

٣- پیاوان بۆیان ڕەوابێ بەگوێرەی پێویست زۆرتر لەیەك ژن بخوازن و خۆیان ڕزگار بکەن لەبەرەڵاکردنی ژنە پێشوەکەی خۆی و زۆریەڕێزەوە خزمەتی بکا و ستەمی دەربارە نەکا و خۆشەویستی کۆنی لەبیر نەچێتەوە بەخواستی ژنی تازەی خۆی خۆی نەکاتە جێگەی خەشم و سزای خوای مەزن ، بێگومان تەنها چارەیە کەبتوانرێ وەڵامی پێویستی سروشتی پاکی ئادەمیزاد بداتەوە و هاوپێچ لەگەڵ بیر و بۆچونی خاوەن ئەقڵان و ڕێزی خۆیی و پلەی ژنان و بەتایبەتی ژنە کۆنەکەی تێدابێ و بەرچاو بکرێ هەر ئەو لەوکاتەدا ژن پیرن یا نەخۆشن زۆرتر لەیەك ژن بخوازێ .

٤- ئەگەر ڕێگە بدرێ بەپیاوان لەکاتی نەزۆکی و نەخۆشی و تەمەنی زۆری ژناندا تەڵاقیان بدرێ و لەپاشا ژنێ تر بهێنێ، جگە لەوە ئەو پیاوانە کەمیهرەبانی و شایانی پیاوەتی خۆیانیان پێشێل کردووە ئەبنە هۆی نەفرەتی خوا بۆیان لەلای هەموو دانیشتواندا بەسەر شۆڕی تەماشا ئەکرێن ، بەزۆری ئەبنە هۆی دڵگرانی خزمانی ئەوژنە بەرەڵاکراوانە ، بەتایبەتی دڵگرانی ئەو ژنە شوێنی چەند ساڵەی خۆی بەسەردا ئەڕوخێ بەبێ پاداشت ئەوانە لەلایەکەوە و لەلایەکی ترەوە زۆر ژنی نەزۆك و پیر و نەخۆش لەوکاتەدا ژنیان بەسەر دێ بەرەڵا ناکرێن بەگوێرەی بەزەیی سروشتی خۆیان ئەوپەڕی میهرەبانی خۆیان بەکار ئەهێنن بۆ خزمەتی مناڵانی ژنانی تازەی مێردەکەیان ،

بەو بۆنەوە بەبێ ستەم و ناخۆشی ژنەکان بەیەکەوە لەگەڵ پیاوەکانیان ئەژین ، ئیتر بۆ ئەبێ زۆرتر لەیەك ژن قەدەغەبێ ، ئەبێ بزانین ئاینی ئیسلام بەناوەرۆکی ژمارەی یەك و دووی پێشەوە ڕازی نین و بڕیاری لەسەر نادا .

لەمەوبەر باسمان کرد ئەگەر ئێوە ترسان و نەتان توانی داد پەروەری دابەزێنن لەنێو زۆرتر لەیەك ژن پێویستە لەسەرتان یەك ژن بخوازن ، یا هەڵبژێرن بۆخۆتانکارەکەرێکی ئەوتۆ بەدەستی خۆتان پەیداتان کردووە ، لەمەوپاشیش باسی ئەوە ئەکەین هەڵبژاردنی کارەکەر بۆ ئەوە مەبەستە چ کاتێ دروستە و لەلایەن یاساوە ئەبێ چۆن مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ ؟

کاتێ دروستە هەڵبژاردنی کارەکەر نەتوانرێ کارەکەری جگەی خۆیان بخوازن بەگوێرەی یاسای ئیسلام ، لەمەودوا باسی مەرجەکانی مارەکردنی کارەکەری جگەی خۆ ئەکەین.

خواستنی کارەکەری جگەی خۆتان و هەڵبژاردنی کارەکەری خۆتان بۆ ژن و مێردی ئەوپەڕی گەڕانەوەی ڕێز و سەربەستیە بۆیان پاش کۆیلە کردنیان ، بەو بۆنەوە ئەبنە جێگەی ئازاد بوونی پاشەڕۆژیان ، ئیتر خاوەنەکانیان پێیان خۆش بێ یان نا ؟ چونکە ئەو کارەکەرانە لەیەکەم کاتی منداڵبونیانەوە بەگوێرەی یاسای ئیسلام ئەبنە دایکی منالان و قەدەغەیە خاوەنەکانیان بیان فرۆشن ، پاش مردنی خاوەنەکانیان کوتوپڕ ئەبنە ئازاد و سەربەست ، منالەکانیان لەوەبەر هەر سەربەست بوون ، کەواتە خواستنی کارەکەری جگەی خۆ و هەڵبژاردنی کارەکەری خۆتان هەردوو لایان بەو کارە ئەبنە جێگەی ڕێز و بەرەو ڕێبازی ئازادی ئەڕۆن کە ئیسلام زۆری پێ خۆشە و هەربۆ ئەو مەبەستەیە ئەوانەی ڕەوا کردووە .

دوژمنانی ئیسلام دەربارەی ڕێبازی بەندایەتیو کۆیلە کردن دەم درێژی زۆریان کردووە بەنیازی خراپی خۆیان ئاینی ئیسلام ڕێزی ئادەمیزادی نەگرتووە ، ئەو نیازە خراپەیان بەمانەی خوارەوە پوچ ئەکرێتەوە :

١- ڕژێمی بەندایەتی ئیسلام دای نەمەزراندووە ، بەهەزاران ساڵ بەر لەئاینی ئیسلام کراوە بەدەستور ، ئاینی ئیسلام کە خوا کردی بەیاسا بۆ موسوڵمانان و ئادەمیزادی سەر زەویی یەکسەر ڕژێمی بەندایەتی قەدەغە نەکردووە ، چونکە لەبەرزۆری بەندە و بڵاو بونەوەی لەهەموو ڕوی زەوی بۆ موسوڵمانان ئاسان نەبوو قەدەغە کردنی یەك جار. بەڵام ئاینی ئیسلام ئادەمیزاد هان ئەدا بۆ ئازاد کردنی کۆیلەکان . لەهەندێ ڕوداویانا پێویستی کردووە بەندەیەك ئازاد بکەن ، بۆ نمونە ئەو کەسەی پیاوێ بکوژێ بەهەر بیانویە بێ ئەبێ بەندەیە ئازاد بکا . هەرکەسێ سوێندی خوارد و ویستی سوێندەکەی بشکێنێ ئەبێ لەهەندی جارا بەندەیە ئازاد بکا ، هەرکەسێ بەڕۆژوو بێ لەمانگی ڕەمەزاندا و بەچونە لای ژنەکەی ڕۆژووەکەی شکاند پێویستە لەهەندێ جاردا بەندەیە ئازاد بکا ، هەرکەسێ بەژنی خۆی بلێ : تۆ وەك پشتی دایکم وای یا وەك دایکم و خوشکم وای پێویستە لەسەری بەندەیە ئازاد بکا ، هەرکەسێ بەشێکی زۆر لەبەندەی خۆی ئازاد بکا ، هەموو بەندەکەی ئازاد ئەبێ . ئەوانە و ئاینی ئیسلام پاداشتی زۆری دیاری کردووە بۆ هەرکەسێ بەندەیە ئازاد بکا .

٢- زۆر جاران موسوڵمانان توشی جەنگ ئەبن لەگەڵ بێ باوەڕاندا ، بەناچاری یا بۆبەرگری لەخۆیان ، یا بۆ پەرەپێدانی ئاینی ئیسلام جەنگیان تووش ئەبێ ، زۆر ڕوون و ئاشکرایە ئەنجامی هەموو جەنگێ بمانەوێ یا نەمانەوێ دیلی زۆری تێدا ئەگیرێ لەوکاتانەدا ئەو دیلانە بۆ ماوەیەکی کەم و تایبەتی ئەکرێن بەبەندە بەگوێرەی سودی موسوڵمانان و لەو کاتانەیشدا بەناچاری بەش ئەکرێن بەسەر جەنگاوەراندا بەخێویان بکەن بەیەکەوە بژین و بەگوێرەی یاسا و شایانی گەورەکانیان و خۆیان بکەونە کار بۆ ژیان ، پێویستە لەسەر گەورەکانیان ستەمیان لێ نەکەن و بەگوێرەی یاسا لەگەڵیان هەڵسن ، ئەو ژنانەیش ئەکرێن بەدیل ئەبن بەهاوجوتی پیاوە دیلەکان ، دوایش ئەبێ گەورەکانیان ژن و مێردیان لەگەڵ ئەکەن بەومەرجەی یاسا بۆی داناون بەو بۆنانەوە ئەو

بەندانە ڕێزی خۆیانیان بۆ ئەگەڕێتەوە ڕۆژێ لەڕۆژان ئاینی ئیسلام بەندایەتی خۆش نەویستووە و خۆشی ناوێ .

٣- ئەو کارە ناپەسەندانە لەهەندێ کاتا و لەنێو هەندێ کاربەدەستان و ساماندارا ن کەبەندەو کارەکەری زۆریان کۆکردۆتەوە بەکڕین و فرۆشتن ، ڕاپێچیان کردوون بۆ کۆشکی بۆگەنی خۆیان ، بەکاریان هێناون بەجۆرێکی نارەوا بۆ ڕابواردنی خۆیان و ساردکردنەوەی هەوەسی پیسی خۆیان ، شەویان پی کردوون بەڕۆژ بەسەماکردن و سوڕدان و گۆرانی ووتن لەکاتی سەرخۆشیدا ، ئیتر ئەوانە ڕاستبن یا پڕوپاگەندەبێ کە لەناو موسوڵمانانندا بووبێ وەك باسمان کرد ، ئەو کەسانە بەو جۆرە شایانبێ پەیڕەو و یاسای ئیسلامیان پێشێل کردووە و لەو یاسایانە لایانداوە ، ئەو کەسانە شایستەنین دانرێن بەئیسلام ، ئەو کارانە لادانە لەیاسای پیرۆزی ئیسلام .

بێگومان یاسای ئیسلام زۆر ڕوون و ئاشکرایە و سەربەخۆیە لەهەموو خولێکا و ژێردەستەی هیچ کەس نیە ، سەردار و پێشەوا و فەرمانڕەوای هەمو ئادەمیزادە ، ئیسلام شتێکە و موسوڵمانانیش شتێ ترن و زۆر لەیەکەوە دوورن ، موسوڵمانان ئیسلامیان دروست نەکردووە ، ئیسلام وەك ڕیشوو وایە و موسوڵمانان لقی ئەون ، لەئیسلامەوە ئەبێ تەماشای موسوڵمانان بکرێ ، ئەگەر یاسای ئیسلامیان تێدا بینرا ئەو کاتە موسوڵمانی ڕاستەقینەن ، نابێ لە موسوڵمانانەوە تەماشای ئیسلام بکری ، ئەگەر موسوڵمانان ستەمکار و دەست بڕوداوین پیسبون ئەو کەوسانە بەناو موسوڵمانن و لەناوەڕۆکا موسوڵمان نین ، کەواتە لەو کاتانەدا ئیسلام لەلایەکەوە بەناو موسوڵمانان لەلایەترن و پەیوەندیان بەیەکەوە نیە .

لەبیرمان نەچێ لەمەوبەر باسمان کرد ئەگەر پیاو بەر لەژن هێنانی زۆرتر لەیەك ژن چاوەڕوانی ئەکرد و ئەترسا توشی بێدادی ببێ پێویستە یەك ژن بهێنێ بێگومان ئەو ترسەیش هەیە ، زۆرجارارن دیومانە بنەماڵەیە بەهۆی هێنانی ژنی زۆر تووشی ڕوخانی بنەماڵەی بووە ، کوڕانی ژنەکان یەکتریان کوشتووە.

ئەگـەر پیـاوێ ویسـتی کارەکـەری جگـەی بخـوازێ پێویسـتە ئـەم مەرجانـەی تێـدا ڕەچاوبکرێ . پیاوانی ئازاد قەدەغەیە لەسەریان ژنی کۆیلە بخوازن مەگەر توانـای ئـەوەیان نەبێ ژنانی سەربەست و ئازاد بخوازن ، وەبترسن توشی داوێن پیسـی بـبن . بـەر لـەهاتنی ئیسلام پیاوان کچی خۆیانیان بدایە بەمێرد خۆیان مارەییەکانیان وەرئەگرت و ئەیان خوارد . خوای مەزن ئەو کارەی لەسەر ئادەمیزاد قەدەغەکرد و فەرموێ :

﴿ وأتوا النساء صدقاتهن نحلة ﴾ وەئێوە بدەن بەژنەکان مارەییەکانی خۆیان و نابێ بیان خۆن بەدە ستوری ژنەکان نەبێ ، ئەو مارەییانە دیارییە کە خوا ناوی بردووە ، ئەبێ بـدرێ بەژنان ، نابێ ئێوە وەری بگرن .

﴿ فإن طبن لكم عن شيءٍ منه نفساً فكلوه هنيئاً مرئياً ﴾ دوایی ئەگەر ئەو ژنانـە پێیـان خۆشبوو شتێ لەو مارەییە بدەن بەپیاوان لەخۆیانـەوە بـەبێ لـەڕوودامان ، دوایـی ئێـوەی پیاوان ئەو شتە بخۆن و وەری بگرن ڕەوایە بۆتان و گوناهی تێدا نیـە ، نۆشـی گیانتانبـێ و ئازارتان پێ ناگا .

لەکۆتاییدا واچاکە ئێمە بزانین ژن هێنـان زۆربـێ یـا کـەم پێویسـت نـەکراوە لەسـەر ئادەمیزاد بەتایبەتی زۆرتر لەیەك ژن دەستورێکە بۆ چەند ڕووداوێك باسـیان کـرا ، بـەڵام دوژمنانی ئیسلام بەگوێرەی ئارەزوی خۆیـان ئەیکـەن بـەتاوانج بـەبێ ئـەوەی چاودێـری مەرجەکانی بکەن . لەکاتێکا ئیسلام بڕیاری نـەداوە بەخواستی زۆرۆ لەیـەك ژن مەگـەر چاوەڕوان بکا ستەم و بێدادی پەیدا نەبێ کەچی هەندێ لەژنانی ئەوروپا و ئەمریکا هەندێ جار پەیوەندی ئەکەن بەپیاوانی ترەوە زۆر جاران بەئاگاداری مێردەکانیـان لەگـەڵ ئـەوەدا مێردەکەی یەك ژنی هەیە .

خوای مەزن لەمەوبەر باسی ئـەو هەتیوانـەی بـۆ کردیـن کـە پێویسـتبو سـامانەکانیان بدرێتەوە بەدەست ئەوانەیان ژیر و باڵغ و هوشیارن ، ئێستایش باسی ئـەو هەتیوانـەمان بـۆ ئەکا دروست نی‌یە سامانەکانیان بدرێتە دەست لەبەرگێلی ئەوان ، ئیتر ئەو هەتیوانە نێرینـە بن یا مێیینە ، ئەفەرموێ :

وَلَا تُؤْتُوا۟ ٱلسُّفَهَآءَ أَمْوَٰلَكُمُ ٱلَّتِى جَعَلَ ٱللَّهُ لَكُمْ
قِيَـٰمًا وَٱرْزُقُوهُمْ فِيهَا وَٱكْسُوهُمْ وَقُولُوا۟ لَهُمْ قَوْلًا مَّعْرُوفًا ﴿٥﴾ وَٱبْتَلُوا۟
ٱلْيَتَـٰمَىٰ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغُوا۟ ٱلنِّكَاحَ فَإِنْ ءَانَسْتُم مِّنْهُمْ رُشْدًا فَٱدْفَعُوٓا۟
إِلَيْهِمْ أَمْوَٰلَهُمْ ۖ وَلَا تَأْكُلُوهَآ إِسْرَافًا وَبِدَارًا أَن يَكْبَرُوا۟ ۚ وَمَن كَانَ
غَنِيًّا فَلْيَسْتَعْفِفْ ۖ وَمَن كَانَ فَقِيرًا فَلْيَأْكُلْ بِٱلْمَعْرُوفِ ۚ فَإِذَا
دَفَعْتُمْ إِلَيْهِمْ أَمْوَٰلَهُمْ فَأَشْهِدُوا۟ عَلَيْهِمْ ۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ حَسِيبًا ﴿٦﴾

﴿ وَلا تؤتوا السفهاء أموالكُم ﴾ وەئێوە مەدەن بەو کەسانە گێلن و دەست بڵاون و دارای خۆیان دا نانێن لەجێگەی شیاوی خۆیا لەمناڵان و ژنان داراییەکەی خۆیان کەلەژێر چاودێری ئێوەدان ، فەرمودەی خوا ڕوی خۆی ئەکاتە ئەو کەسانە سەرپەرشتیاری دارای ئەوانن ، ئیتر هەرکەسێ بن .

﴿ التي جَعَلَ لَكُمْ الله قياماً ﴾ داراییەکی ئەوتۆ خوا گێڕاوێتی بەهۆی ژیان و گەشەپێ کردن و مانەوەی خۆتان و خێزان و مناڵەکانتان ، ئەو داراییانە ئێوە سەرپەرشتی ئەکەن و لاتانە ، بۆیە خوا ئەفەرموێ ﴿ أموالكم ﴾ .

﴿ وأرزقوهم وأكسوهم وقولوا لهم قولاً معروفاً ﴾ وەئێوە خواردەمەنی بدەن بەوان لەو داراییەی خۆیان و ، ئێوە ئەوان پۆشتە بکەنەوە ، ئێوە گفتوگۆ لەگەڵ ئەوان بکەن بەگفتوگۆیەکی چاك و دڵخۆش کەر بۆیان بەگوێرەی یاسا و ئەقڵ شایانی ئەوانبێ ، ئەو

خواردەمەنی و پۆشاکەی شیاوی ئەوان و کات و جێگە بێ ، بەوان بڵێن ئێمە خۆمان ماندو ئەکەین ، هەرکاتێ زانیتان ئیش و کاری خۆتان بەڕێوە ببەن دارایییەکانتان ئەدەینەوە بەخۆتان .

خوای مەزن لەو ئایەتەدا قەدەغەی کردوە دارایی نەدرێتە دەست گێل و دەست بڵاو . لەناوەرۆکی ئەو ئایەتەوە بۆمان دەرئەکەوێ پێویستە سامانی گەل و دارایی وولات نەدرێتە دەست کاربەدەستانی ستەمکار و گێل و گاوارەی وا بۆ سودی خۆیان و سودی دوژمنان بەکاری بهێنن ، خاوەنی سامانی بەروبومی نیشتمان برسی و ڕوتبێ ، ژێر دەستەی داگیر کەرانبن . وەك ئەمانەی سەردەمی ئێمە بەرهەمی وولاتانی ئیسلام ئەخۆن و ئەیدەن بەزایۆنی و وولاتانی ڕۆژئاوا و ئەمەریکا ، ئەبێ چ کەسێ گێل تر بێ لەو کەسانەی سامانی برای خۆیان بدەن بەفیڕۆ و بیبەخشن بەخوێن مژی گەلان بەتایبەتی خوێن مژی موسوڵمانان؟ بێگومان لای هەموو کەس ڕوون و ئاشکرایە کاربەدەستانی موسوڵمانان سامان و پارەی خۆیان ئەنێرن بۆ بانکەکانی ڕۆژئاوا ، ئەوانیش ئەیانخەنە کار و بەقازانجەکەی چەك و فرۆکە و تۆپ و بۆنبای پێ دروست ئەکەن و وولاتانی موسوڵمانی پێ خاپوور ئەکەن ، بەخۆیانیان ئەفرۆشن و مەرجیان لێ وەرئەگرن کە هەر لەدژی موسوڵمانانی برای خۆیان بەکاری بهێنن ، بۆ ئەبێ کاربەدەستانی موسوڵمانان بیر نەکەنەوە لەو بێ شەرمیە بەکاری ئەهێنن بۆ دژی برای خۆیان و سودی دوژمنان .

﴿ وابتلوا اليتامى حتى إذا بلغوا النكاح ﴾ وەئێوە هەتیوەکان تاقی بکەنەوە بەر لەبالغ بونیان و بزانن ئەتوانن و ئەزانن کاری خۆیان هەڵسوڕێنن بەبێ زیان ، ئیتر ژن بن یا پیاو هەریەکەیان بەگوێرەی کاری شایستەی خۆیان لەکاری هەردوو جیهانیان بەبێ جیاوازی ، هەتا ئەو کاتە ئەگەنە کاتێ شایستە بن بدرێن بەمێرد و ژنیان بۆ بهێنن . لای شافعیەکان کاتی بالغ بوونی کوڕان پانزە ساڵە یا شەیتانی ببێ ، بۆ ژنان پازدە ساڵە یا خوێنی حەیزی پێدا بێ ، لای حەنەفیەکان بەتەمەن ئەبێ بگەنە هەژدە ساڵی .

﴿ فإن آنستم مِنهُم رُشداً فَادفعوا إليهم أموالَهُم ﴾ دوایی ئەگەر ئێوە بینیتـان و زانیتـان لەوانەوە شارەزایی لەفرمانی هەردوو جیهاندا و ئەتوانن بەتەنها کاری خۆیـان هەڵسـوڕێنن پاش باڵغ بونیان دوایی ئێوە بدەن بەوان داراییەکانیان کەلەلای ئێوەن بەبێ دواکەوتن هـەتا خۆیان بیان خەنە کار . ئەو ڕستەیە بۆمان دەرئەخا واز هێنـان لەفەرمانـەکانی ئـاین وەکـو نوێژ و ڕۆژوو زەکات و شارەزایی لەمامەڵەکردندا وەك یەك وان بەبێ جیـاوازی ، ئەگـەر نوێژ نەکا وەك نەشارەزا وایە و بەگێل ئەژمێرێن لەلای ڕێبازی شـافعیەکان ، بـەڵام لـەلای ڕێبازی پێشەواکانی تر و هەندێ لەزانایانی شافعیەکان شارەزایی بریتیە لەشارەزایی بـەڕێوە بردنی دارایی بەتەنها .

﴿ وَلا تَاکلوها إسرافاً وَبِداراً أنْ یکبروا ﴾ وەئێـــوە دارایـی ئـەوان مـەخۆن و لــەناوی مەدەن بە دەرچوون لەسنور بەدەست کـاری درارایـی و بـەکردەوەی ناپەسـەند و مـەیان خەڵەتێنن و ، داراییان مەخۆن ، پەلە بکەن کەگەورە ئەبن داراییەکان لـەئێوە ئەسـێننەوە و سوودی دارایی ئەوانتان لەکیس ئەچێ ، ئەو کارانە تاوان و گوناهن .

﴿ وَمَن کانَ غَنیاً فَلیَستَعفِفْ ﴾ وەهەرکەسێ لەهەڵسوڕێنەری دارایـی هـەتیوان ئەگـەر ساماندارە دوایی ئەو کەسە خۆی قەدەغە بکا لەخواردنی دارایی هەتیوان و خۆی تـەرخان بکا بۆ خزمەتیان لەبەر پاداشتی پاشە ڕۆژ ، هەرچەندە بۆی هەیە بەئەندازەی مـزەی خـۆی لەدارایی ئەوان هەڵگرێ ، ئیتر ئەو هەڵسوڕێنەرە باباوك و باپیریش بێت .

ئەگەر هەڵسوڕێنەری دارایی هەتیوان ئەترسـان لەسـتەمکاران سـامانی هـەتیوان داگـیر بکەن ئەتوانن ئەندازەیە لەو سامانە بدەن بەو سـتەمکارانە بـۆ پاراسـتنی پاشمـاوەی دارایـی هەتیوەکان .

﴿ وَمَن کانَ فقـیراً فلیـأکل بـالمعروف ﴾ وەهەرکەسـێ هـەژارە و دارایـی هـەتیوەکان ئەپارێزێ دوایی ئەو کەسە بالەدارایی هەتیوەکان بخوا بەگوێرەی یاســاو دەسـتور جێگـە و کات . بەئەندازەی پێویستی خۆی لەخواردن و بەرگ و لەوێنەی مزەی خۆی دەرنەچێ .

﴿ فإذا دفعتم إليهم أموالهم فأشهدوا عليهم وكفى بالله حسيباً ﴾ دوایی ئێوە هەرکاتێ گەڕانتانەوە بۆ لای هەتیوەکان دارایییەکانیان و ئەو مەرجانەی پێشوو هاتەدی دوایی شایەتی بگرن لەسەر هەتیوەکان کەدارایی خۆیانیان وەرگرت هەتا لەپاشەڕۆژدا توشی گێرە و کێشە نەبن ، ئەو فەرماندانە بەشایەتی گرتن پێویستە لای پێشەوایان شافیعی و مالیك ، لەلای پێشەوا حەنەفی پێویست نیە ، بەڵام واچاکە شایەت بگرن و خوا بەسە بۆ ئاگاداری و پرسیارکردن لەکارو کردەوەی هەموتان . بەتایبەتی سەرپەرشتی کەری سامانی هەتیوان ، بۆیە پێویستە سەرپێچی لەفەرمانەکانی خوا نەکەن ، هەر خوا بەسە بۆ پاداشت و سزای هەموتان .

عەرەبەکان بەر لەهاتنی ئاینی ئیسلام میراتیان بەژنان و منالاّن نەئەدا ، لایان وابو ئەبێ ئەو کەسە میرات وەرگرێ توانای جەنگ کردنیان هەبێ ، ئەو دەستورە بەردەوامبوو هەتا ئەوسی کوڕی سابیت مردو ژنێك و سێ کچ و دوو ئامۆزای هەبوو ئامۆزاکانی هەموو میراتیەکەی ئەوسیان برد ، ژن و کچەکانیان بێ بەش کرد بەگوێرەی دام و دەزگای کۆن. ژنەکەی ئەوس هاتە خزمەت پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ و شکاتی کرد . پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ فەرمووی : بڕۆرەوە بزانین خوا چ شتێکمان بۆ ڕەوانە ئەکا ، بۆ ڕوون کردنەوە بەشەکانیان لەمیرات خوا فەرموی :

لِّلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِّمَّا تَرَكَ ٱلْوَٰلِدَانِ وَٱلْأَقْرَبُونَ وَلِلنِّسَآءِ نَصِيبٌ مِّمَّا تَرَكَ ٱلْوَٰلِدَانِ وَٱلْأَقْرَبُونَ مِمَّا قَلَّ مِنْهُ أَوْ كَثُرَ نَصِيبًا مَّفْرُوضًا ﴿٧﴾ وَإِذَا حَضَرَ ٱلْقِسْمَةَ أُوْلُواْ ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَٰمَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينُ فَٱرْزُقُوهُم مِّنْهُ وَقُولُواْ لَهُمْ قَوْلًا مَّعْرُوفًا

﴿٨﴾ وَلْيَخْشَ ٱلَّذِينَ لَوْ تَرَكُوا۟ مِنْ خَلْفِهِمْ ذُرِّيَّةً ضِعَـٰفًا
خَافُوا۟ عَلَيْهِمْ فَلْيَتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَلْيَقُولُوا۟ قَوْلًا سَدِيدًا ﴿٩﴾
إِنَّ ٱلَّذِينَ يَأْكُلُونَ أَمْوَٰلَ ٱلْيَتَـٰمَىٰ ظُلْمًا إِنَّمَا يَأْكُلُونَ فِى
بُطُونِهِمْ نَارًا ۖ وَسَيَصْلَوْنَ سَعِيرًا ﴿١٠﴾

﴿ للرجالِ نصيب مما ترك الوالدين والأقربون ﴾ بۆ پیاوان هەیە گەورە بن یان نە ، جەنگاوەربن یان نە بەشێ لەشتی باوك و دایك و خزمەكان بەجێیان هێشتووە لەدارایی و سامان لەدوای مردنیان بەو جۆرەی یاسا دیاری كردووە . مەبەست لەخزمان لەو ڕستەیەدا و لەڕستەی دواییدا ئەو كەسانەن میرات لەیەك ئەگرن و بێبەش ناكرێن لەمیرات جگەی باوك و دایك نێر بن یان مێ ، گەورە بن یان منالْ ، هەریەكەیان بەگوێرەی بەشی دیاری كراو بۆیان .

﴿ وَلِلنساءِ نصيب مّما تـرَكَ الوالِدانِ وَالأقربون ﴾ وەبۆ ژنان هەیە بەشێ بەجێیان هێشتووە باوك و دایك و خزمەكانیان دوای مردنیان .

﴿ مَمّا قَلَّ مِنهُ اَو كَثُرَ نصيباً مفروضاً ﴾ لەشتێ لەوەی بەجێیان هێشتووە كەمبێ یا زۆر بەو جۆرەی خوا بۆی دیاری كردوون بەشێكی دیاری كراوی پێویست كراوە و نابێ سەرپێچی لێ بكرێ .

كاتێ ئەو ئایەتەی پێشوو هاتە خوارەوە پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ هەردوو ئامۆزاكەی ئەوسی كوڕی سابیتی بانگ كرد و بەم جۆرەی خوارەوە میراتەكەی لێ بەش كردن : هەشت یەكی سامانەكەی دا بەژنەكەی. دووسێیەكی دا بەكچەكانی . پاش ماوەكەی دابەهەردوو

ئامۆزاکەی . بەگوێرەی یاسا بەم جۆرەی خوارەوە بەشەکانیان دیاری ئەکەین و پرسیارەکە شیتەڵ ئەکەین :

ئەوسی کوڕی سابیت مرد : ژنێك و سێ کچ و دوو ئامۆزای هەبوو .

ژنەکەی ١ . کچەکانی ٢ ئەبن ، ئەوەی ئەمێنێتەوە ئەدرێ بە دوو ئامۆزاکەی .

٨ ٣ ئەسڵی پرسیارەکە لە ٢٤ = بیست و چوار .

بەم جۆرەی خوارەوە بەشەکانیان دیاری ئەکرێ .

لە ٢٤ . ٣ بۆ ژن .

١٦ بۆ سێ کچ بەش ناکرێ بەسەریانا .

٥ بۆ دوو ئامۆزا بەش ناکرێ بەسەریانا .

ژمارەی کچەکان = ٣ × ٢ = ژمارەی ئامۆزاکان و = ٦ .

٦ × ٢٤ = ١٤٤ ٦ × ٣ = ١٨ بۆ ژن .

٦ × ١٦ = ٩٦ بۆ سێ کچ .

٦ × ٥ = ٣٠ بۆ دوو ئامۆزا .

خوای مەزن بەو ئایەتەی پێشوو بە هۆی کارکردنی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ بۆ بەش کردنی میراتی ئەوسی کوڕی سابیت بەو جۆرەی ڕابوردو زۆربەی خزمانی مردووی بێ بەش کردووە لەمیرات بردن ئەوە لەلایە ، لەلایە ترەوە ئاینی ئیسلام هاتوە بۆ بڵاو کردنەوەی چاکە و دادپەروەری و ڕێز بۆ هەموو ئادەمیزاد بەتایبەتی خزمان و هەتیوان و هەژاران . سەرەتای ئەم سورەتە ڕوون ترین بەڵگەیە لەسەر ئەو مەبەستەی دادپەروەریە ، هەتا ئادەمیزاد بەگشتی و بەدڵخۆشی بەیەکەوە بژین و بەیەکەوە ئەندامەکانی خۆش گوزەرانبن ، چونکە هەمومان لەئادەمین و لەیەك خوێنین و ئەندامی یەکترین .

بۆئەوە ئەو کەسانەیش بەشیان بۆ د یاری نەکراوە بەو ئایەتە خوا فەرمانی دا جگەی ئەوانەی بەشیان بۆ دیاری کراوە بەشیان بدرێ لەمیراتی مردوو ، بۆئەوەی هەموو لایە بەخۆشی بژین ، فەرموی :

﴿ وَإذا حَضَرَ القسمة أولوا القربى واليتامى والمساكين فارزقوهم ﴾ وەهەرکاتێ خزمانی مردوو هەتیوان و هەژاران کەبەشیان بۆ دیاری نەکراوە ئامادەی ئەو بەش کردنە بون و لەوێ بوون ، دوایی ئێوە خواردەمەنی بدەن بەوان شتێ لەو میراتە بەش کراوەی مردوو ، هەتا ئەوانیش دڵخۆش بن و هەست بکەن بەو چاکەیە لەگەڵیان ، بڕوایان بەخزمایەتی و برایانی خۆیان بەتین ببێ ، لەکاتێکا ئەوشتەیان بدەنێ میرات بەرەکان گەورە و ژیر بن ، کاتێ منالبوون خوا بەڕستەی دوایی ئامۆژگاری و شارەزاییمان ئەکا و ئەفەرموێ:

﴿ وَقولوا لهم قولاً معروفاً ﴾ وەئێوەی سەرپەرشتی کەری منالان و بەشکردنی میرات بلێن بەو کەسانەی ئامادەی بەشکردنەکەن گفتوگۆیەکی پەسەند و بیانوی بەش نەدانیان بۆ ڕوون بکەنەوە : ئێمە ناتوانین بەشتان بدەین ، چونکە ئەو میرات بەرانە منالّ و نەزانن . ئێمە خۆمان هیچ شتێکمان نی‌یە و ئەو سامانە هەمووی دارایی ئەو منالّ و نەزانانەن ، ئەگینا بێ بەشمان نەئەکردن و داواکارین دڵگران نەبن .

زۆربەی زانایان لایان وایە ئەو فەرماندانە بەبەخشینی شتێ لەدارایی مردوو بەو کەسانە ئامادەی بەش کردنەکەن و بیانو هێنانەوە بۆیان بەووتەی پەسەند ، ئەو فەرمانە بۆ پێویست نی‌یە ، بەڵکو واچاکە بەشیان بدرێ لەو سامانە . بەتایبەتی ئەگەر میراتبەرەکان گەورە و ژیر بوون ، ئەگەر منالّ بوون بەووتەی خۆش و پەسەند دڵخۆش بکرێن ئەو خزم و هەتیو و هەژارانە. پاش ئەوەی خوای مەزن باسی ئەو کەسانەی کرد ئامادەی بەشکردنی میراتی مردوو بوون بۆ جارێ تر ئەگەڕێتەوە بۆلای باسکردنی هەتیوان . بەهەڕەشەوە بەسەرپەرسشتی کەرانیان ئەفەرموێ:

﴿ وليخش الذين لو تركوا من خلفهم ذرية ضفافاً خافوا عليهم ﴾ وەبابترسن کەسانێکی ئەوتۆ سەرپەرشتی منالّی ووردی جگەی خۆیان ئەکەن ئەگەر بەجێ بهێلّن لەدوای خۆیان و مردنیان چەندین بێچولەی لاواز ترسیان هەبێ لەسەریان کەئەوان هەژار و بێ توانا بن کەلەناو بچن ، ئەگەر بکەونە ژێر چاودێری کەسێکەوە دوای خۆیان ،

کەواتە ئێستایش کەئەوان منالّ و خێزانی جگـەی خۆیانیـان لایـە بـۆ چـاودێری پێویسـتە لەسەریان ئەو منالّ و خێزانانە بە باشی پەروەردە بکەن و بـەخێویان بکـەن ، سـامانەکانیان بخەنە گەڕ بۆقازانج و نەی خۆن. بیانخەنـە قوتابخانـە و فـێری خوێندنیـان بکـەن و ئـەوەی پێویستە لەسەریان بۆیان بکەن هەتا جگەی ئەوانیش منالّی لاوازی ئەوان بەباشی پـەروەردە بکەن .

﴿ فلیتقوا الله ولیقولوا قولاً سدیداً ﴾ دوایی با سەرپەرشتی کـەرانی هـەتیوان لـەخوا و سزای خوا بترسن لەپـەروەردەکردنی جگـەی منـالاّنی خۆیـان و ، بائـەوان بلّێـن بـەوان وتەیەکی پەسەند و شایان ، وێنەی ئەو گفتوگۆیانـەی کـە بـەمنالاّنی خۆیـان ئـەلّێن بـەبێ جیاوازی و بەنەرم و نیانی و میهرەبانی و بەزەیی و پەروەردەکردن و ئامۆژگاری .

لەدواییدا خوای مەزن ئەو کەسانە ئەترسێنێ سەرپەرشتی هەتیوان ئەکەن و سـتەمیان لێ ئەکەن و سامانیان ئەخۆن و بەفیڕۆی ئەدەن ئەفەرموێ:

﴿ إن الذینَ یَأکلونَ أموال الیتامی ظُلماً إنَّما یَأکلونَ في بطونِهِم ناراً وَسَیَصلونَ سعیراً ﴾ بەڕاستی کەسانێکی ئەوتۆ ئەخۆن و لەناوی ئەدەن دارایی هـەتیوان بەسـتەم و نـاڕەوایی و لەڕێگەی بێ دادی بەڕاستی ئەو کەسانە ناخۆن و بیکەنە وورگیان مەگرە ئاگر و لەمەودوا ئەو کەسانە ئەگەن بەئاگری گەرمی سوتێنەری دۆزەخ ، یـانی خواردنـی دارایـی هـەتیوان ڕایان ئەکێشێ بۆ نێو ئاگری دۆزەخ . بۆیە پێغەمـەر ﴿ﷺ﴾ ئەفـەرموێ : کۆمـەلّێ کـەس لەگۆڕکانیانەوە لەپاشەڕۆژدا ئاگر لەدەمیانەوە گڕ ئەسێنێ و دێتە دەرێ ، ئەیفەرموو: ئـەو کەسانە ئەوانەن سامانی هەتیوان ئەخۆن.

بەر لەهاتنی ئاینی ئیسلام هۆکانی میرات بردن بریتی بـوون لەخزمایـەتی و پـەیمان دان بەیەکتری ، خزمانیش جگە لەوپیاوانە جـەنگ کـەر بـوون کەسـی تـر بەشـیان لـەمیرات نەئەدان . هەندێ جار دوو کەس لەنێوان خۆیانا بەلّێنیان ئەدا بەیەکتری ، هەریەکێ لەئێمـە مرد ئەوی ترمان میراتەکەی ببا ، هەندێ کەسیش کوڕی جگـەی خـۆی ئـەکرد بـەکوڕی خۆی و پاش مردنی ئەو کوڕە میراتەکەی ئەبرد ، کاتێ ئاینی ئیسلام خوای مـەزن کـردی

بەیاسا بۆ ئادەمیزاد ئەو هۆیانەی پێشووی هەموویان پوچ کردەوە . فەرمانی دا بەوە کەهەموو خزمان لەژن و پیاو لەگەورە و منالّ ، جەنگاوەر بن یان نا هەمویان میرات ئەبەن بەگوێرەی ئامۆژگاری خوا . جەنگ کردن و بەلێن دان و بەکوڕکردنی جگەی خۆ نابنە هۆی میرات بردن . خوای مەزن هۆکانی میرات بردنی ڕوون کردەوە بەچوار هۆی سەرەکی : خزمایەتی تایبەتی . ژن و مێردی . گەورەیی و بەندەیی . موسولّمانەتی . هەریەکەیان بەگوێرەی یاسای دیاری کراو بۆیان . بەم ئایەتانەی خوارەوە بەشێوەیەکی ڕوون و درێژ باسی ئەو کەسانەمان بۆ ئەکا خاوەنی بەشن لەمیراتا .

يُوصِيكُمُ ٱللَّهُ
فِىٓ أَوْلَٰدِكُمْ ۖ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ ٱلْأُنثَيَيْنِ ۚ فَإِن كُنَّ نِسَآءً
فَوْقَ ٱثْنَتَيْنِ فَلَهُنَّ ثُلُثَا مَا تَرَكَ ۖ وَإِن كَانَتْ وَٰحِدَةً فَلَهَا
ٱلنِّصْفُ ۚ وَلِأَبَوَيْهِ لِكُلِّ وَٰحِدٍ مِّنْهُمَا ٱلسُّدُسُ مِمَّا تَرَكَ إِن
كَانَ لَهُۥ وَلَدٌ ۚ فَإِن لَّمْ يَكُن لَّهُۥ وَلَدٌ وَوَرِثَهُۥٓ أَبَوَاهُ فَلِأُمِّهِ ٱلثُّلُثُ ۚ
فَإِن كَانَ لَهُۥٓ إِخْوَةٌ فَلِأُمِّهِ ٱلسُّدُسُ ۚ مِنۢ بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصِى
بِهَآ أَوْ دَيْنٍ ۗ ءَابَآؤُكُمْ وَأَبْنَآؤُكُمْ لَا تَدْرُونَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ لَكُمْ
نَفْعًا ۚ فَرِيضَةً مِّنَ ٱللَّهِ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴿١١﴾

۞ وَلَكُمْ نِصْفُ مَا تَرَكَ أَزْوَٰجُكُمْ إِن لَّمْ يَكُن
لَّهُنَّ وَلَدٌ فَإِن كَانَ لَهُنَّ وَلَدٌ فَلَكُمُ ٱلرُّبُعُ مِمَّا
تَرَكْنَ مِنۢ بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصِينَ بِهَآ أَوْ دَيْنٍ
وَلَهُنَّ ٱلرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْتُمْ إِن لَّمْ يَكُن لَّكُمْ وَلَدٌ
فَإِن كَانَ لَكُمْ وَلَدٌ فَلَهُنَّ ٱلثُّمُنُ مِمَّا تَرَكْتُم
مِّنۢ بَعْدِ وَصِيَّةٍ تُوصُونَ بِهَآ أَوْ دَيْنٍ وَإِن كَانَ
رَجُلٌ يُورَثُ كَلَٰلَةً أَوِ ٱمْرَأَةٌ وَلَهُۥٓ أَخٌ أَوْ أُخْتٌ فَلِكُلِّ
وَٰحِدٍ مِّنْهُمَا ٱلسُّدُسُ فَإِن كَانُوٓا۟ أَكْثَرَ مِن ذَٰلِكَ
فَهُمْ شُرَكَآءُ فِى ٱلثُّلُثِ مِنۢ بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصَىٰ بِهَآ
أَوْ دَيْنٍ غَيْرَ مُضَآرٍّ وَصِيَّةً مِّنَ ٱللَّهِ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَلِيمٌ
١٢

خوای مەزن فەرمان ئەدا لەبارەی میراتەوە کاتی مردنی خاوەن میرات ، پێویستە بەش کردنی میرات بەم جۆرەی خوارەوە بێ ، بەڵام پاش دانەوەی قەرزەکەی و بەجێ هێنانی

سپاردە کەیشی کەبەر لەمردنی کردویەتی ، بەمەرجێ لەسێیەکی سامانەکەی زۆر تر نەبێ، ئەو بەشکردنە خوا پێویستی کردووە لەسەرمان بەوجۆرەی خوارەوە فەرمانی داوە باوکان و کوڕان بەگوێرەی ڕوون کردنەوەی یاسا میرات وەرئەگرن بەیەکسانی ، بەش کردنی میرات بەو جۆرە لەم ئایەتانەی خوارەوەدا ڕوون کراونەتەوە و بەش ئەکرێ ، بەمەرجێ هەندێ شت پەیدا نەبێ ئەبنە هۆی میرات نەبردن وەك کوشتنی خاوەن میرات لەلایەن میرات گرەوە و جیاوازی ئایین و بەندایەتی ، وەك خوا ئەفەرموێ:

﴿ یوصیکم اللهُ فی أولادِکُم لِلذکر مثل حظِ الأنثیین ﴾ خوا ئامۆژگاری ئێوە ئەکا و فەرمان بەئێوە ئەدا لەبارەی میراتی منالّەکانتان بۆ نێریان هەیە وێنە بەشی دوو مێینە ، ئەگەر کەسێ مردوو جگەی کوڕ و کچ میراتبەری تری نەبوو سامانەکەی ئەدرێ بەوان و کوڕێك دوو ئەوەندەی کچ ئەبا لەو سامانە ، ژمارەیان چەندەبێ هەریەکەیان بەشی خۆیان وەرئەگرن . ئەگەر مردووەکە هەریەك کوڕی هەبوو میراتەکە بەتەواوی وەرئەگرێ ، بۆنموونە کەسێ مردو کوڕێك و کچێکی هەبوو بەم جۆرە میراتەکەی بەش ئەکرێ لەنێوانیانا لەژمارەی سێدا ڕوون ئەبێتەوە .

٣

٢ بۆ کوڕ

١ بۆ کچ .

ئەگەر دوو کوڕ و یەك کچی هەبوو لەژمارە پێنج دا بەشەکانیان ڕوون ئەکرێتەوە :

٥

٤ بۆ دوو کوڕ

١ بۆ یەك کچ .

ئەگەر کوڕێك و دوو کچی هەبوو لە ژمارە چواردا بەشەکەیان ئاشکرا ئەبێ :

٤

٢ بۆ یەك کوڕ

٢ بۆ دوو کچ .

ئەگەر کەسێ مرد و جگە لەمناڵ میرات بەری تری هەبوو هەریەکەیان بەگوێرەی خۆیان لەمیراتەکە وەرئەگرن و ئەوەی ماوەتەوە ئەدرێ بەمناڵەکانی لەکوڕ و لەکچ ، کچ نیوەی کوڕ ئەبا .

بۆ نمونە پیاوێ ئەمرێ ژنێك و کوڕێك و کچێکی هەبوو لەژمارە بیست و چواردا بەشەکانیان ڕوون ئەبێتەوە : یەکەم جار لەژمارە (٨):

٨

١ بۆ ژن

٧ بۆ کوڕ و کچ بەش ناکرێ بەسەریانا .

ژمارەی کوڕ و کچ کە کوڕ بەدوو کچ دائەنرێ :

٣ × ٨ = ٢٤

٣ بۆ ژن .

١٤ بۆ کوڕ .

٧ بۆ کچ .

ژنێ ئەمرێ مێردێك و کوڕێك و کچێکی هەیە لەژمارەی چواردا بەشەکانیان ڕوون ئەبێتەوە :

٤

١ بۆ مێرد

٢ بۆ کوڕ

١ بۆ کچ .

ئەگەر کەسێ مرد و باوك و کوڕێك و کچێکی هەبوو لە ژمارەی هەژدەدا بەشەکانیان ئاشکرا ئەبێ :

٦

١ بۆ باوك

٥ بۆ کوڕ و کچ .

ژمارەی کوڕ و کچ ٣ × ٦ = ١٨ .

٣ بۆ باوك .

١٠ بۆ کوڕ

٥ بۆ کچ .

ئەگەر لەجیاتی باوك دایکی هەبوو هەروەك پێشەوە بەش ئەکرێ .

ئەگەر کەسێ مرد و باوك و دایك و کوڕێك و کچێکی هەبوو لەژمارە هەژدەدا بەشەکانیان ڕوون ئەبێتەوە :

٦

١ بۆ باوك

١ بۆ دایك

٤ بۆ کوڕ و کچ .

ژمارەی کوڕ و کچ ٣ × ٦ = ١٨

٣ بۆ باوك .

٣ بۆ دایك .

٨ بۆ کوڕ .

٤ بۆ کچ .

هەموو پێشەوایانی ئایینی پێك هاتوون لەسەر ئەمەی ئەگەر کەسێ مرد و کوڕ و کوڕەزای لێ بەجێ ما ، لەم کاتەدا کوڕەزا بەشی نادرێ و هەموو سامانەکەی ئەدرێ بەکوڕەکەی ، کوڕەزاکەی نێربێ یان مێ بێ .

ئەگەر کەسێ مرد و کوڕی لێ بەجێ نەما و کچی هەبوو ، لەو کاتەدا ئەگەر یەك کچی هەبوو نیوەی سامانەکەی ئەبا ، ئەگەر دوو کچ یا زۆرتری هەبوو دوو سێیەکی سامانی مردووەکە ئەبەن ئەوەی ماوەتەوە لەپاش میراتی ئەو کچانە ئەدرێ بەجگەی ئەوان

لەمیراتبەرانی بەو جۆرەی یاسا دیاری کردووە ، بەلاّم لای شیعەکان هەموو میراتەکەی ئەدرێ بەکچەکانی و بەشی کەسی تر نادرێ ، لەم ڕستانەی خوارەوەدا ئەو مەبەستە ڕوون ئەبێتەوە . ئەفەرموێ:

﴿ فإنْ كُنَّ نِساءً فوق اثنتين فَلَهُنَّ ثلثا ما ترك ﴾ دوایی ئەگەر منالّەکان هەموویان ژن بوون و کوڕی مردوەکەیان لەگەڵ نەبوو لەسەرەوەی دوو کچ بوون ، یا دوو کچ بوون بەلای زۆربەی زۆری موسولّمانان ، دوایی بۆ ئەو کچانە هەیە دووسێیەکی ئەو سامانەی مردوەکە بەجێی هێشتووە هەرچی لەوان مایەوە ئەدرێ بەجگەی ئەو کچانە لەمیراتبەرەکان بەجۆرێ یاسا دیاری کردووە .

﴿ وَإن كانَتْ واحِدة فَلَها النصف ﴾ وەئەگەر منالّی مردووەکە یەك کچ بوو بەتەنها و کوڕ و کچی تری نەبوو ، دوایی بۆ ئەو کچە هەیە نیوەی سامانی ئەو مردووە ، پاش ماوەکەی ئەدرێ بەمیراتبەرانی تر بەو جۆرەی یاسا دیاری کردووە .

ئەگەر کەسێ مردوو جگە لەمنالّی مێینە میراتبەری تری نەبوو ، لەو کاتەدا ئەگەر یەك کچی هەبوو نیوەی سامانی مردووەکەی ، ئەگەر دووکچی هەبوو یان زۆرتر سێیەکی سامانەکەی وەرئەگرن ، ئەوەی لەوان مایەوە ئەدرێتەوە بەوان ، بەگوێرەی ژمارەی خۆیان، ئەگەر میراتبەری تریان لەگەڵ بوو کچەکان بەشی خۆیان وەرئەگرن و ئەو کەسەیش لەگەڵیانە بەشی خۆی وەرئەگرێ ، دوایی پاش ماوەکەی بەش ئەکرێ بەسەر کچەکان و ئەو میراتبەرەی لەگەڵیانە بەمەرجێ جگەی ژن و مێرد بن ، بۆ نمونە کەسێ ئەمرێ دوو کچ و دایکی هەیە ، دوو کچەکەی دوو سێیەکی سامانەکە وەرئەگرن و ، دایك شەش یەك وەرئەگرێ ، ئەوەی لەوان ماوەتەوە ئەدرێتەوە بەوان بەگوێرەی ڕێژەی بەشی کچەکان و دایك ، لەژمارە شەشدا بەشەکانیان ڕوون ئەبێتەوە :

٦

٤ بۆ دووکچەکان

١ بۆ دایك

١ ماوەتەوە

ڕێژەی بەشی دایك لەگەڵ بیەشی کچەکان بەپێنج یەکە

کەواتە ٥ × ٦ = ٣٠

٢٠ بۆ دووکچ

٥ بۆ دایك

٥ ماوەتەوە بەگوێرەی ڕێژەی بەشەکانیان ئەدرێ بەو دووکچە و بەدایك ٤ + ٢٠ =

٢٤ بۆ دوو کچ

ئەو جۆرە بەش کردنە پێی ئەبێژرێ (الرد) ١ + ٥ = ٦ بۆ دایك .

﴿ ولأبويه لكل واحد منهما السدس مّما اترك إن كان له ولداً ﴾ وەهەیە بۆ هەریەکە لەباوك و لەدایکی مردوو شەش یەك لەشتێ مردووەکە بەجێی هێشتووە ، ئیتر باوك و دایك هەردوکیانبن یا هەریەکێکیانبێ ئەگەر بۆ ئەو مردوە هەبێ منالٚ ، ئیتر نێرینە بن یا مێینە . زۆر بن یان کەم ، تەنها بن یا تێکەڵاو لەنێر و مێ ، یا کوڕەزا بن ، لەدوای بەشی باوك و دایك ئەوەی ماوەتەوە منالّی مردووەکە ئەیبەن .

﴿ فإن لَمْ يَكُنْ لَهُ وَلَد وَوَرِثَهُ أبواه فلأمه الثلث ﴾ دوایی ئەگەر مردووەکە منالّی نەبوو لە نێرینە و لەمێینە نەزۆر و نەکەم ، دایك و باوکی مردووەکە میراتیان وەرگرت ، بۆ دایکی مردوەکە هەیە سێ‌یەکی سامانی مردووەکە ، ئەوەی مایەوە هەموی ئەدرێ بەباوکی مردوەکە .

﴿ فإن كان له إخوة فلأمه السدس ﴾ دوایی ئەگەر بۆ مردوەکە هەبو چەند برایەك یا چەند خوشکێ لەیەك بەرەو ژوور ، ئیتر دایك و باوکی بن یا باوکی ، یا دایکی ، کۆبونەوە لەگەڵ دایکی مردووە، لەو کاتەدا دایکی مردووەکە شەش یەکی سامانی مردووەکە ئەبا ، لەو کاتەدا ئەگەر باوکی مردووەکە زیندو بوو ئەوەی ماوەتەوە لەبەشی دایك ئەدرێ بەباوکی مردوەکە و براکانی هیچ شتێ نابەن ، ئەگەر باوکی نەبوو ئەوەی ماوەتەوە ئەدرێ بەبراکانی و خوشکەکانی ، برای باوکی لەگەڵ برای باوك و دایکی

بەشی نادرێ ، بەجۆرێکی ڕوون و درێژتـر باسـی کۆبوونـەوەی بـرا و خوشـکان کـراوە لەنامە یاساییەکاندا لەگەڵ چۆنێتی بەش بردنیان لەمیراتی مردوو ، هەر یەکەیان بـەگوێرەی بەشی دیاری کراوی خۆیان .

﴿ مِنْ بعد وصية يوصى بها أو دين ﴾ ئەو بەشانە کاتێ ئەدری بەو میراتبەرانە باسکران لەدوای جێبەجێ کردنی سپاردەی مردوەکە و لەدوای دانەوەی ئەو قەرزەی لەلایەتی .

هەرکاتێ مردوو دارایی بەجێهێشت ، یەکەم جار پێش هەموو شتێ ئەوەی پێویست بێ لەکفن و شۆردن و بردنی بۆ گۆڕستان ئەدرێ بەجێگـەکانی خۆیـان ، دوایـی قـەرزەکانی ئەدرێتەوە بەزەکات و بەحەجەوە ، دواتر لەسپاردەکانی لەسێیەکی میراتەکەی دەرئەکرێ، دوای ئەوانە هەموو ئەوەی ماوەتەوە ئەدرێ بەمیراتبەرەکان بەو جۆرەی بەشیان بـۆ دیـاری کراوە .

پرسیار / ئەگەر دانەوەی قەرز پێویستە بەر لەسپاردە بێ بۆچـی لەوڕستەیەدا لـەدوای سپاردەوە بێژراوە؟

وەڵام / ووشەی (أو) بۆ تەرتیب نی‌یە و داوای دواکەوتن یا پێش کەوتنی شتێ لەدوای خۆیەتی نایکا .

﴿ آباؤكم وَأبناؤكم لاتدرون أيهم أقرب لَكُمْ نَفعاً ﴾ باوکەکانی ئێوە و کوڕانی ئێـوە ، ئێوە نازانن کام لایان نزیکترن بۆ ئێوە لەلایەن سودەوە ، زۆر جاران ئێـوە گومانتـان وایـە یەکێ لەباوك یا کوڕ لەپاشەڕۆژدا خاوەنی سودن بۆتان لەبەر ئەوە ئێوە بەشی زۆرتر ئەدەن بەو یەکە کەچی دژی گومانی ئێوە دەرئەچن ، کەواتە هەر خوا ئەزانێ کـام لایـان سـوود بەخشن بۆیە نابێ لەئامۆژگاری خوا دەرچن بەهەر جۆرێ خوا بەشی بۆ دیـاری کـردوون میراتیان بدەنێ ئەگەر ئەو شتانە بداتە دەستی ئێوە سەرگەردان ئەبن و نازانن بـەکامیان زۆر بدەن .

﴿ فريضة من الله إنَّ الله كان عليماً حكيماً ﴾ خوا بەو جۆرەی باسـکران بـەش بـدرێ بەمیراتبەران پێویستی کردووە بەپێویست کردن و نابـێ لابـدرێ لـێیـان بـەهیچ جـۆرێ ،

بەڕاستی خوا بەسوودی ئێوە نـەزانێ ، هـەموو شتێ لەجێگـەی شـیاوی خۆیـا دائـەنێ ، بەتایبەتی دیاری کردنی بەشی میراتبەران .

﴿ وَلَكُم نصف ماترك أزواجكم إن لم يكن لهن ولـد ﴾ وەبـۆ ئێـوە هەیـە نیـوەی شـتێ ژنەکانتان بەجێی ئەهێڵن لەسامان ئەگەر نەبێ بۆ ژنەکانتان منالْ زۆر بن یان کەم لەکوڕ و کوڕی کوڕ لەهەر مێردێکی بێ ، لەدوای جێبەجێ کردنی سپاردە و دانەوەی قەرز .

﴿ فإن كان لهُنَّ وَلَد فلكم الربع مما تركن من بعد وصية يوصـين بـها أو ديـن ﴾ دوایـی ئەگەر هەبوو بۆ ژنەکانتان منالْ لەکوڕ و کوڕەزا و کچ ، دوایـی بـۆ ئێـوەی مـێرد هەیـە چواریەکی شتێ ژنەکانتان بەجێیان هێشتووە لەسامان لـەدوای جێبـەجێ کردنی سـپاردەیە ڕایان سپاردووە لەدوای دانەوەی قەرزێ لەلایەتی .

﴿ وَلَهُنَّ الربع مِما تركتم إن لَمْ يَكن لَكُمْ وَلَـد ﴾ وەبـۆ ژنـان چواریـەکی شـتێ ئێـوە بەجێتان هێشتووە لەسامان ئەگەر بۆ ئێوە هـەبێ منـالْ لـەکوڕ و کـوڕەزا و کـچ لەهـەر ژنێکیان بێ و زۆربن یان کەم .

﴿ فإن كان لَكُم وَلَدٌ فَلَهُنَّ الثمنُ مِما تركتم من بعد وصية توصون بِها أو دين ﴾ دوایی ئەگەر بۆ ئێوە هەبوو منالْ بەو جۆرەی لەپێشەوە باسکرا ، دوایی بۆ ژنەکانتان هەیە هەشت یەکی شتێ ئێوە بەجێتان هێشتووە لەسامان لەدوای جێبەجێ کردنی سپاردەیە ئێـوە ڕاتـان سپاردووە و لەدوای دانەوەی قەرزێ لەلاتانە .

﴿ وإن كان رَجُلٌ يـورَث كلالـه أو امـرأةٌ ﴾ ئەگـەر پیـاوێ مـرد و مـیراتی لێ ئـەگیرا بەخزمایەتی جگەی باوك و منالْ لەبراو خوشکی دایکی ، مەبەسـت لەووشـەی (کلالـه) میراتبەرێکە جگەی باوك و منالْ ئەو کەسانەی بەهۆی ئەوانـەوە ئـەبن بـەخزمی مردوەکـە لەبرای باوك و دایکی و مام و ئامۆزا .

﴿ وَلَهُ أخ أو أخت فلكل واحـدٍ منـهما السـدس ﴾ وەهـەبو بـۆ ئـەو مـردووە بـرا یـا خوشکی دایکی ، دوایی هەیە بۆ هەموو یەکێ لـەو بـراو خوشـکە شـەش یـەکی سـامانی مردووەکە .

﴿ فإن كانوا أكثر من ذلك فهم شركاء في الثلث من بعد وصية يوصى بها أو دين غير مضار ﴾ دوایی ئەگەر ئەو براو خوشکە دایکیانە زۆر تر بوون لەیەك کەس ، دوایی ئەوانە بەهەمویانەوە هاوبەشن لەسێ یەکی سامانی مردووەکە ، ئیتر هەموویان برای دایکی بن یا خوشك یا هەردوولایان بن . لەدوای جێبەجێ کردنی ڕاسپاردەیە ڕای سپاردووە و دوای دانەوەی قەرزەکەی ، ئەو ڕاسپاردەیە جۆرێ نەبێ زیان بدا لەمیراتبەران و زۆرتر نەبێ لەسێ‌یەکی سامان و مەبەستی ئەوە نەبێ بەتەنها زیان بدا لەمیراتبەران و ڕاسپاردە بۆ قەرزێ نەبێ کەلەلای نەبێ .

﴿ وصية من الله والله عليم حليم ﴾ ئەو ئامۆژگاری‌یە خوا ئەیکا ئامۆژگاری کردنە لەلای خواوە دروست نی‌یە گۆڕانی و، خوا ئەزانێ بەچاکەی بەندەکانی خۆی و بەزیانیان لەفەرماندانیدا ، خوا خاوەنی مۆڵەتە و پەلە ناکا لەسزادانی گوناهباران.

ئەو زانایانەی مانای قورئانی پیرۆزیان کردووە ئەڵێن : مەبەست لەخوشك و برا لەو ئایەتەدا بریتی‌یە لەخوشك و برای دایکی ، هەندێ لەزانایان خوێندویانەتەوە ﴿ وَلَهُ أَخٌ أو أختٌ مِنَ الأم ﴾ . بەڵام میراتی برای دایك و باوکی یا باوکی لەکۆتایی ئەم سورەتەدا باسی ئەکرێ ، هەروەها زانایان پێك هاتوون کەتاکەکەسێ لەبرا و خوشکی دایکی شەش یەکی میرات ئەبەن ، زۆر تر لەیەك سێ‌یەك ئەبەن نێربن یان مێ .

تِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ ۚ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ يُدْخِلْهُ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا ۚ وَذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿١٣﴾ وَمَن يَعْصِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَتَعَدَّ حُدُودَهُۥ يُدْخِلْهُ نَارًا خَٰلِدًا فِيهَا وَلَهُۥ عَذَابٌ مُّهِينٌ ﴿١٤﴾

﴿ تِلكَ خدود الله ﴾ ئەوانەی باسکران ، لەڕوون کردنەوەی فەرمانی دارای هەتیوان و ژن ومێردی و باسی میراتی مردوان سنورە دیاری کراوەکانی خوان و نابێ لێیان دەرچن و ئەبێ جێبەجێ بکرێن .

﴿ وَمَنْ يَطِعِ اللهَ وَرَسولَهُ يُدخِلهُ جَناتٍ تَجري مِنْ تَحتِها الأنهارُ خالِدينَ فيها وَذلِكَ الفوزُ العظيمُ ﴾ وەهەرکەسێ فەرمان بەرداری خوا و فروستادەی خوابێ خوا ئەیخاتە نێو چەندین بەهەشتێ ئەڕوا بەژێر درەختەکانی و ئەم لاولای کۆشکەکانیا چەندین ڕوباری ئاوی ڕوون و شیرین ، ئەو کەسانە بەردەوامن لەنێو ئەو بەهەشتانەدا ، چونە نێوی ئەو بەهەشتانە ڕزگاربونێکی گەورەیە .

﴿ وَمَنْ يَعصِ اللهَ ورسُلَهُ ويتعد حدودهُ يُدخِلهُ ناراً خالِداً فيها وَلَهُ عَذابٌ عَظيم ﴾ وەهەرکەسێ بێ فەرمانی خواو نێردراوی خوا بکا و تێپەڕی لە سنورەکانی خودا و فەرمانەکانی بەجێ نەهێنێ بەتایبەتی لەبەش کردنی میراتا خوا ئەو کەسە ئەخاتە ئاگری دۆزەخەوە و بەردەوامە لەنێویدا ، بۆ ئەو کەسە هەیە سزایەکی ئابڕوبەر بۆی .

بەش کردنی میرات گرنگی زۆری پێدراوە لەلایەن ئاینی ئیسلامەوە ، لەگەورەترینی بەشەکانی زانیاریدا دانراوە لەلایەن پلەو پایەوە ، بەرێزترین توێشوە بۆ کۆمەڵایەتی لەنێو ئادەمیزادا ، بەرزترین زانیارییە لەبارەی باسەکانیەوە ، پایەیەکی گەورەی بۆ دانراوە لەنێو هەمویاساکانی ئیسلامدا ، لقێکە لەلقە هەرە بەرزەکانی ئیسلام ، بۆیە هاوڕێکانی پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ زۆریان نرخاندووە فێربونی یاسای میرات بەشکردن لەیەکەم کاتی ئیسلامەوە بەر لەهەموو زانیارییەکانی تردا و هەموو کون و قوژبنی یاساکانی بەش کردنی میراتیان ڕوون کردوەتەوە ، هەموو یاساکانیان بەگوێرەی یاسا دەستنیشان کردووە ، بەسە بۆ بەرزی پلەی زانینی بەش کردنی میرات خوای مەزن خۆی بۆخۆی بەشکردنی میراتی دیاری کردووە بەجۆرێکی کورت هەموو باسەکانی میراتی لەقورئانی پیرۆزدا بەتێکڕایی لەجێگەی خۆیانا ڕوون کردوەتەوە و دایناوە . بەچەند ئایەتێکی کەم لەپێنج ژمارە

تێناپەڕێ کەبەهەزاران نامە زانایان ئەو باسەیان بەتەواوی بۆ نەکراوە ، هەموو باسەکانیان لەمانای ئەو ئایەتانە دەرناچێ .

پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ ئامۆژگاری موسوڵمانانی کردووە و هانی داون بۆ فێر بوونی بەش کردنی میرات ئەفەرموێ : بەش کردنی میرات فێر بن و جگەی خۆشتان فێر بکەن و منتان بۆ نامێنێ ، لەکۆتایی فەرمودەیە ترد ائەفەرموێ : بەش کردنی میرات هەڵئەگیرێ و نزیکە کەدوو کەس دەمەقاڵەیان بێ لەبەشکردنی میراتا و کەسیان دەست ناکەوێ وەڵامیان بداتەوە ، ئەوانە و چەندین فەرمودەی تر .

میراتبەران لەپیاواندا (١٥) کەسن : کوڕو کوڕی کوڕ هەتا بەرەو خوار بڕوا ، باوك و باوکی باوك هەتا بەرەو ژوور ئەڕوا ، برای باوکی و دایکی ، برای باوکی ، برای دایکی ، کوڕی برای باك و دایکی ، کوڕی برای باوکی ، مامی باوك و دایکی ، مامی باوکی ، کوڕی مامی باوك و دایکی ، کوڕی مامی باوکی ، مێرد ، پیاوێ بەندەی خۆی ئازاد کردبێ .

میراتبەر لەژناندا (١٠) کەسن : کچ و کچی کوڕی هەتا بەرەو خوار ئەڕوا ، دایك و دایکی دایك ، دایکی باوك هەتا بەرەو ژوور ئەڕۆن ئەو نەنکانە ، خوشکی باوك و دایکی، خوشکی باوکی ، خوشکی دایکی ، ژنی مێرد مردوو ، ژنێ بەندەی خۆی ئازاد کردبێ.

ئەو شتانەی ئەبنە هۆی میرات گرتن چوار شتن : خزمایەتی بە گوێرەی دیاریکراوی یاسا ، ژن و مێردی ، سەرۆکایەتی بەهۆی ئازادکردنی بەندەوە ، موسوڵمانان.

شەش کەس هەن هەرگیز بێبەش ناکرێن لەمیراتبردندا : باوك ، دایك ، کوڕ ، کچ ، ژن ، مێرد .

ئەو بەشانەی دیاریکراون بۆ هەندێ لەمیراتبەران شەش بەشن :

١- نیوەیی (٢\١) ، بەشی مێردە بەمەرجێ کوڕ و کوڕزای میراتبەری نەبێ ، بەشی تاقەکچێك و تاقە کچی کوڕە ، بەشی یەك خوشکی باوك و دایك و یەك خوشکی باوکی بەمەرجێ برای خۆیانیان لەگەڵ نەبێ .

٢- چواریەك ($\frac{١}{٤}$) بۆ مێردە بەمەرجێ ژنە مردووەكە منالّی میراتبەری هەبێ لەهەر مێردێكی تر ، بۆ ژنێكە میراتبەری نەبێ لەهیچ مێردێكی .

٣- هەشت یەك ($\frac{١}{٨}$) تەنها بۆ ژنە بەمەرجێ مێردەكەی منالّی میراتبەری هەبی لە هەر ژنێكی بێ .

٤- دووسێیەك ($\frac{٢}{٣}$) بۆ دووكچ یا دووكچی كوڕ و زۆرتر ، بۆ دوو خوشكی باوك و دایكی و زۆرتر ، بۆ دووخوشكی باوكی و زۆرتر ، بەمەرجێ برایان لەگەلّ نەبێ .

٥- سێیەك ($\frac{١}{٣}$) بەشی دایكی مردووە بەمەرجێ مردوەكە منالّی میراتبەری نەبێ ، یازۆرتر لەدووبراو خوشكی نەبێ ، ئیتر ئەو براو خوشكانە باوك و دایكی یاباوكی یا دایكی بن . بۆ نەنكە هەندێ جار كەزۆرتر لەبرای مردویان لەگەلّ بێ .

٦- شەش یەك ($\frac{١}{٦}$) بەشی باوك و باپیرە بەمەرجێ مردووەكە منالّی میراتبەری هەبێ، بۆدایكی مردوو ئەگەر مردووەكە منالّی میراتبەری هەبێ یا زۆرتر لەیەك برا و لەیەك خوشك بۆ مردوو هەبێ ، بۆ نەنكە بەمەرجێ نەگاتە مردووەكە بەپیاوێ لەنێوان دووژندا ، وەك دایكی باوكی دایك ، بۆ كچی كوڕە یا زۆرتر بەمەرجێ لەگەلّ كچ بێ یا لەگەلّ كچی كوڕ كە زۆرتربن لەیەك ، بۆ خوشكی باوكی یا زۆرتر بەمەرجێ لەگەلّ خوشكی باوكی و دایكی دابن، بۆتەنها خوشكی دایكیە.

باسی كۆبونەوەی میراتبەران لەگەلّ یەكتری و میراتنەبردنی هەندێكیان بەبۆنەی كۆبونەوەی یان لەگەلّ یەكتری :

باوك و دایك و مێرد و ژن و كوڕ و كچ هەمو كاتێ میرات ئەبەن و هیچ كەس ڕێگەیان پێ ناگرێ . لەكاتی كۆبونەوەی كوڕ و كوڕی كوڕدا كوڕی كوڕ میرات نابا ، بەبونی كوڕی كوڕی نزیكتر كوڕی كوڕی دورتر میرات نابا ، باوكی باوك بەباوك یا بەباوكی باوكی نزیكتر بێ بەش ئەبێ لەمیرات ، برای مردوو لەهەموو لایەكەوە بەباوك وكوڕ وكوڕی كوڕی بێ بەش ئەبن لەمیرات. برای باوكی بە باوك و بەكوڕ و كوڕی كوڕ

بەبرای باوك و دایكی بێ بەش ئەبێ لەمیرات . برای دایكی بە باوك و بەباپیر بەمناڵی میراتبەری مردوو بێ بەش ئەبن لەمیرات ، كوڕی برای باوك و دایكی بەباوك و بەباپیر و بەكوڕ و بەكوڕی كوڕ و بەبرای دایك و باوكی و بەبرای باوكی بێ بەش ئەبن. كوڕی برای باوكی بەباوك و بەباپیر و بەكوڕو بەكوڕی كوڕ و بەبرای باوك و دایكی و بەبرای باوكی و كوڕی برای باوك و دایكی بێ بەش ئەبن لەمیرات ، مامی باوك و دایكی بەباوك و بە باپیر و بەكوڕ و بەكوڕی كوڕ و بەبرای دایك و باوكی و برای باوكی و بەكوڕی برای باوك و دایكی و بەكوڕی برای باوكی بێ بەش ئەبن لەمیرات . مامی باوكی بەوانەی ڕابوردن و بەمامی باوك و دایكی بێ بەش ئەبن لەمیرات . كوڕی مامی باوك و دایكی بەوانەی پێشەوە و بەمامی باوكی بێ بەش ئەبێ لەمیرات ، كوڕی مامی باوكی بەوانەی ڕاوبوردن و بەكوڕی مامی باوك و دایكی بێ بەش ئەبن لەمیرات .

كچانی كوڕ بە كوڕ و بەزۆرتر لەیەك كچ بێ بەش ئەبن لەمیرات ، بەمەرجێ كچانی كوڕ بە تەنها بن و برای خۆیانیان لەگەڵ نەبێ ، ئەگەر لەگەڵیان بوون بێ بەش نابن لەمیرات ، بەڵكو كچان دووسێ‌یەكی میرات ئەبن و كچی كوڕ ئەبێ بەهاوبەشی براكەی یا ئامۆزاكەی لەوەی ماوەتەوە لەمیرات لەبەشی كچان ، دایكی دایك بەدایك بێ بەش ئەبێ لەمیرات ، دایكی باوك بە باوك و بەدایكی مردوو بێ بەش ئەبێ لەمیرات . نەنكی مردوو بەنەنكی نزیكتر بێ بەش ئەبێ لەمیرات لەهەردوو لای باوك دایكەوە ، نەنكی دوور لەلایەن باوكەوە بەنەنكی نزیكتری لەلایەن دایكەوە بێ بەش ئەبێ لەمیرات ، بەڵام نەنكی دوری لایەنی دایك بەنەنكی نزیكتری لایەنی باوك بێ بەش نابێ لەمیرات .

خوشك وەك برا وایە لەهەموو ڕویەكەوە ، كەواتە خوشكی باوك و دایكی بەباوك و بەكوڕ بەكوڕی كوڕ بێ بەش ئەبن لەمیرات . خوشكی باوكی بەوانەی پێشوو بەبرای دایك و باوكی بێ بەش ئەبێ ، خوشكی دایكی بەباوك و بەباپیرو بەمناڵی میراتبەر بێ بەش ئەبن لەمیرات . خوشكی باوك و دایكی یا باوكی بێ بەش ناكرێن لەمیرات لەگەڵ ئە م

میراتبەرانەی بەشی دیاری کراویان هەیە وەك مێرد و دایك و دوو خوشكی دایكی و خوشكێكی باوكی ، بەڵام برا لەگەڵیانا بێ بەش ئەبێ ، بۆ ئەو مەبەستە تەماشای نامەكان بكەن . خوشكانی باوكی بەدوو خوشكی باوك و دایكی یا زۆرتر بێ بەش ئەبن لەمیرات ، ئەو میراتبەرانەی بەشی دیاركراویان نیە هەموو میراتی مردووەكە یا ئەوەی ئەمێنێتەوە لەمیراتبەرانی بەشدار ئەیبەن .

باسی كۆبونەوەی مناڵانی مردوو لەگەڵ یەكتری و چۆنێتی میراتبردنیان :

كوڕی مردوەكە هەموو سامانی مردوو یا ئەو شتەی ئەمێنێتەوە لەمیراتبەرانی تر ئەیبەن. تەنها كچێ نیوەی سامان ئەبا ، زۆرتر لەكچێ دووسێیەكی سامانی مردوو ئەبەن وەك باسمان كرد . كوڕ و كچ كۆبونەوە لەگەڵ یەكتری كوڕێك بەئەندازەی دووئەوەندەی بەشی كچ ئەبا ، منالّی كوڕ وەك منالّی مردوەكە وان ، منالّی كوڕ لەگەڵ كوڕ یا لەگەڵ كوڕ و كچ دا بەش لەمیرات نابا ، منالّی كوڕ لەگەڵ كچدا ئەو شتەی مایەوە لەنیوەی میرات یا دووسێیەك ئەیبەن ، كوڕی كوڕ ئەو كچەی لەپلەی خۆیدا لەخوشكی خۆی یا كچی مامی ئەیكا بەهاوبەشی خۆی لەمیرات بردندا ، هەروەها كچی سەرەوەی خۆی وەك كچی مامی و كچی مامی باوكی ئەیكا بەهاوبەشی لەمیرات بردندا ، بەڵام كچی كوڕ ئەگەر شەش یەكی برد و كوڕی كوڕی كوڕ ئەو كچەی كوڕ ناكا بە هاوبەشی خۆی لەمیرات بردندا ، ئەوەی مایەوە كوڕی كوڕی كوڕ ئەیبا . بۆ نمونە كەسێ ئەمرێ و كچ و كچی‌كوڕ وكوڕی كوڕی كوڕی هەیە لەژمارەی(٦)دابەشەكان ڕوون ئەبێتەوە: $\frac{١}{٢}$ = ٣ بۆ كچ $\frac{١}{٦}$ = ١ بۆ كچی كوڕ پاش ماوەكەی = ٢ بۆ كوڕی كوڕی كوڕە . كەواتە منالّی كوڕ ئەگەر مێینە بوون یەك بن یان زۆرتر لەگەڵ كچی پشتیدا شەش یەك ئەبا ، لەگەڵ زۆرتر لەكچێ هیچ شتێ نابا و بێ بەش ئەبێ . هەر بەو جۆرەی باسكرا هەموو چینێ لەمنالّی كوڕی مردوو نزیك و دووریان وێنەی منالّی پشتین.

باسی میرات بردنی باوك و باپیر و میرات بردنی دایك لەهەندێ كاتا :

باوك میرات ئەبا بەفەرز لەگەڵ منالی نێری میرات بەر . بەتەعسیب بەش ئەبا لەگەڵ نەبونی منالی میراتبەری نێرینەی مردوو ، بەفەرز و بەتەعسیب میرات ئەبا لەگەڵ منالی مێینەی میراتبەر ... دایك لەگەڵ باوك و یەكێ لەژن و مێرد سێیەكی ئەوەی ماوەتەوە ئەیبا . باپیر وەك باوك وایە بەڵام دایك ناگێڕێتەوە بۆ سێیەكی ئەوەی ماوەتەوە . باپیر برای دایك و باوكی و برای باوكی بێ بەش ناكا لەمیرات بردن و دایكی باوكیش بێ بەش ناكا.

پێویستە بزانرێ مەبەست لە (العصبة) ئەو میراتبەرانەن بەشی دیاری كراویان نیە . عەسبە بەسێ جۆرن ، عەسبە خۆی بۆ خۆی ، وەك كوڕ و برا و مام ، عەسبە بەهۆی جگەی خۆی ، وەك كچ لەگەڵ كوڕ و خوشك لەگەڵ برا ، عەسبە لەگەڵ جگەی خۆی، وەك خوشكی باوك و دایكی لەگەڵ كچ یاكچی كوڕ .

باسی میراتی جگەی باوك و باپیر و منال ، وەك برا و برازا و مام و ئامۆزا :

برا و خوشكی باوك و دایكی وێنەی منالی مردو وان لەمیرات بردندا . برای باوكی وەك برای باوك و دایكی وان لەمیرات بردندا لەجگەی مەسەلەی موشتەرەكەكە بریتین لەمە ژنی ئەمرێ ئەمانە میراتی لێ ئەبەن : مێرد و دایك و برا یا خوشكی دایكی و برای باوك و دایكی هەیە ، لەو كاتەدا برای باوك و دایكی ئەبێ بە هاوبەشی برا و خوشكە دایكییەكاندا لەمیرات بردندا ، ئەگەر لەجیاتی برای باوك و دایكی برای هەبو بێ بەش ئەكرێ لەمیرات بردندا .

كۆبونەوەی برای باوك و دایكی و برای دایكی و برای باوكی وەك كۆبونەوەی كوڕ و كوڕی كوڕ وان ، ئەگەر برای باوك و دایكی بەتەنها لەگەڵ خوشكیدا بو برای باوكی بێ بەش ئەكەن لەمیرات بردندا . هەمو كاتێ كۆبونەوەی برای باوك و دایكی وەك كۆبونەوەی كوڕ و كوڕی كوڕن . بەڵام خوشك جگەی برای خۆی نایكا بەعەسبە . خوشكی باوك و دایكی یاخوشكی باوكی لەگەڵ كچی مردودا كچی كوڕ عەسبەن

کەواتە خوشکی باوك و دایکی لەگەڵ کچدا برای باوکی بێبەش ئەکەن لە میرات بردندا. کوڕی برای باوك و دایکی و کوڕی برای باوکی وەك باوکی خۆیان وان بەیەکەوە بن یا تەنها بن هەمو میراتەکە ئەبەن ، ئەگەر کۆبونەوە بەیەکەوە کوڕی برای باوکی بەکوڕی برای باوك و دایکی بێ بەش ئەبێ لەمیرات بردندا . هەمو کاتێ کوڕی برای باوك و دایکی و کوڕی برای باوکی وەك باوکی خۆیانن بەڵام ئەمان دایك لەسێ یەکەوە ناگێڕنەوە بۆلای شەش یەك بردن و میرات نابەن لەگەڵ باپیردا و جگەی خوشکی خۆیان ناگێڕن بەعەسبە و لەمەسەلەی موشتەرەکیشدا بێ بەش ئەکرێن لەمیرات بردندا . مام بەوێنەی براوان بەتەنها بن یا مامی باوك و دایکی کۆبیبێتەوە لەگەڵ مامی باوکی ، هەروەها عەسبەکانی تریش وەك ئەوان وان وەك ئامۆزا و ئامۆزازا .

باسی میرات بردن بەهۆی ئازاد کردنی بەندەوە :

ئەگەر کەسێ مرد و میراتبەری پشتی نەبوو ، هەمو میراتەکەی یا ئەوەی ئەمێنێتەوە ئەدرێ بەئازادکەری مردوەکە ئەگەر بەندە بوو ، دوای ئەو ئەدرێ بەعەسەبەی بەخۆ بو بەعەسەبە لەپشتا بەوێنەی کوڕ و برا ، دوورەکانیان بەنزیکترینیان بێ بەش ئەبن لەوەرگرتنی میرات . کوڕی کوڕی ئازاد کەر بەکوڕی ئازاد کەر بێ بەش ئەکرێ لەبردنی میرات . بەڵام برای ئازاد کەر و کوڕی برای ئازادکەر پێش ئەخرێن لەمیرات بردندا لەسەر باپیری ، ئەگەر ئازاد کەری نەبوو میراتەکەی ئەدرێ بە ئازاد کەری ئازادکەری دوایی ئەدرێ بەعەسبەکانیان بەوێنەی عەسبەی پشتی . ئەگەر هیچ کەسی نەبوو میراتی ئەو مردووە ئەدرێ بەموسوڵمانان ، ژن میرات نابا بەهۆی ئازاد کردنەوە مەگەر ئازاد کراوی خۆی یا ئەو کەسەی ئازاد کراوەکەی پاڵی پێوە ئەدەن لەپشتا و لەئازاد کردندا .

باسی میرات بردنی باپیر و برای مردوو لەکاتی کۆبونەوەیاندا:

بۆ باپیر هەیە لەگەڵ برای باوکی و دایکی و خوشکی باوکی و دایکی و لەگەڵ برای باوکی و خوشکی باوکی زۆرتر لەسێ یەکی میراتی مردوو بەش کردنی میرات وەك برا

بەمەرجێ خاوەن بەشی دیاریکراویان لەگەڵ نەبێ ، بۆ باپیر هەیە لەگەڵ برای باوك و دایکی و خوشکی باوکی لەگەڵ برای باوکی و خوشکی باوکی لەشەش یەك و سێیەکی ئەوەی ئەمێنێتەوە لەدوای بەش بردنی میرات بەران و بەش کردنی میرات وەك برا بەمەرجێ میراتبەری بەش بۆ دیاری کراویان لەگەڵ بێ . دوایی ئەگەر لەشەش یەك نەمایەوە باپیر ئەبێ هەر شەش یەك وەربگرێ با بەعەو لیش بێ و لەوکاتەدا براکان و خوشکان بێ بەش ئەبن لەمیرات چونکە هیچ شتێ لەمیرات نامێنێتەوە هەتا ببیەن ، هەروەها بۆ باپیر هەیە زۆرتر لەسێیەکی دارایی مردوو بەش کردنی میرات وەك برا ئەگەر خاوەن بەشی دیاری کراویان لەگەڵ بێ ، زۆرتر لەشەش یەك و ئەوەی ئەمێنێتەوە و بەش کردنی وەك برا لەگەڵ برای باوك و دایکی و برایباوکی و خوشکی باوك و دایکی و خوشکی باوکی ، لەو کاتەدا برای باوك و دایکی برای باوکی و خوشکی باوکی ئەکا بەهاورێ بۆ خۆی لەسەر زیانی باپیر لەبەشکردندا، دوایی ئەگەر برای باوك و دایکی یا براو خوشك یا خوشك لەگەڵ کچ یا کچی کوڕ هەبون ئەو کاتە برا و خوشکی باوکی بێ بەش ئەکرێن لەمیرات . ئەگەر برای باوك و دایکی نەبو ، دوایی یەك خوشکی باوك و دایکی هەتا نیوەی دارایی ئەبا ، زۆرتر لەیەك خوشکی باوك و دایکی هەتا دوو سێیەکی دارایی ئەبەن ، زۆر جار لەدوو سێیەك هیچ نامێنێتەوە ، کەم جار لەنیوەی دارایی شتێ ئەمێنێتەوە ئەدرێ بەبرا و خوشکی باوکی . بۆ باشتر زانینی ئەم باسە تەماشای نامەکان بکە.

بەش دانانرێ بۆ خوشکی باوك و دایکیٰ یا خوشکی باوکی لەگەڵ باپیردا لەجگەی (ئەکدەریەدا) ئەویش ئەمەیە ژنێ ئەمرێ مێرد و دایك و خوشکی دایك و باوکی و باپیری هەیە ، لەو کاتەدا بەشەکانیان بەعەولەوە ئەچێتە ژمارە (٢٧) . یەکەم لەشەشە و عەولی تێدا ئەکرێ بۆ لای نۆ ، دوایی ٣ × ٩ = ٢٧ ٦ بۆ دایك ٩ بۆ مێرد ٨ بۆ باپیر ٤ بۆ خوشك .

باسی ئەو شتانەی ئەبنە هۆی وەرنەگرتنی میرات .

بێ باوەڕان میرات لەیەكتری ئەبەن با ئاینەكانیان جیاواز بن ، بەڵام بێ باوەڕی جەنگ كەر و بێ باوەڕی هاوپەیمان لەگەڵ موسوڵمانان میرات لەیەكتری ناگرن ، بێ باوەڕ و موسوڵمان میرات لەیەكتری ناگرن . دووكەس كەمیرات لەیەكتری ئەگرن ئەگەر بەیەكەوە خنكان و نەئەزانرا كامیان لەپێشەوە مردووە میرات لەیەكتری ناگرن ، ئەوكەسەی لەئاین وەرگەڕێ میرات لەكەس وەرناگرێ و میراتیشی لێ وەرناگیرێ ، بەوێنەی كەسێ هیچ ئاینێ نەپەرستێ ، پیاوێ كەسێ بكوژێ ئەو كەسە میرات لەكوژراوەكە وەرناگرێ بازامنی خوێنەكەیشی نەبێ .

ئەگەر كەسێ ونبو هەواڵی نەئەزانرا ، دەست لەدارایی ئەو كەسە نادرێ هەتا دوو شایەت شایەتی ئەدەن لەسەر مردنی یا دادوەر فەرمانی بۆ مردنی ئەدا بەڕۆیشتنی ماوەیە بەگوێرەی كات زۆر تر لەوماوەیە نەژی ، دوایی میراتەكەی ئەدرێ بەمیراتبەرانی خۆی . ئەو باسە زۆری ماوە باس بكرێ ، چاك وایە تەماشای نامەكان بكرێ بۆ فێربوونیان . باسی چۆنێتی بەش كردنی میرات و بنچینەی ژمارەی بەشكردن و باسی ئەو ژمارانە عەولیان تێدا ئەكرێ .

ئەگەر میراتبەران هەمویان بەشی دیاری كراویان نەبوو ئەو كاتە میراتەكە بەش ئەكەن لەنێوان خۆیانا وەك سێ برا كە خوشكێكیان لەگەڵ نەبێ . ئەگەر برا و خوشك بەیەكەوە كۆبوونەوە برایە بەدوو خوشك دائەنرێ ژمارەی بەشكردنیان بەئەندازەی ژمارەی خۆیانە . ئەگەر خاوەنی بەشی دیاری كراویان لەگەڵ بوو وەك نیوەی یا دوو میراتبەری بەش دیاری كراویان لەگەڵ بوو ژمارەكانیان وەك یەك وابوو ، بەوێنەی دوو نیوەیی وەك كەسێ بمرێ و مێرد و خوشكی هەبێ ژمارەی بەشكردنی میراتەكەیان لە (٢) : ١ بۆ مێردەكەی و ١ بۆ خوشكەكەی . ئەو ژمارانە ژمارەی دەچوونی بەشكردنیان لێ دەربهێنرێ ئەمانەن :

$\frac{١}{٢}$ ژمارەكەی = بە (٢) . $\frac{١}{٣}$ و $\frac{٢}{٣}$ ژمارەكانیان = بە (٣) . $\frac{١}{٤}$ ژمارەكەی = (٤) . $\frac{١}{٦}$ ژمارەكەی = (٦) . $\frac{١}{٨}$ ژمارەكەی = بە (٨) .

ئەگەر ژمارەی بەشی میراتبەران جیاواز بوون و ژمارە زۆرەکەیان بەژمارە کەمەکەیان کۆتایی پێ ئەهات لەو کاتەدا ژمارەی بەشکردنەکەیان ژمارە زۆرەکەیانە .

بۆنموونە : شەش یەك و سێ یەك لەمانەدا کە میراتبەران : کەسێ ئەمرێ دایك و دووبرای دایکی و برایەکی باوکی یا باوك و دایکی هەیە لەژمارەی (٦) دا بەشەکانیان دیاری ئەکرێ ، $\frac{١}{٦}$ بۆ دایك . $\frac{١}{٣}$ بۆ برا یا بۆ خوشکە دایکی‌یەکان ، ماوەکەی = ٣ بۆ برا باوکی‌یەکان یا بۆ برا باوك و دایکی‌یەکان .

ئەگەر ژمارەی بەشی میراتبەران هاوبەش بوون لەکەرتێکا و بەژمارەیەکی سێهەم کۆتاییان پێ هات ، ژمارەیە بەشی میراتبەران دیاری بکا بریتیە لەکەرتی یەکێ لەو ژمارانە لەتەواوی ئەوی تریان . بۆ نموونە : پیاوێ ئەمرێ دایك و ژن و کوڕی هەیە ، ئەسڵی ئەو مەسەلەیە ژمارەی (٢٤) ە ، دایك $\frac{١}{٦}$ ئەبا ، ژن $\frac{١}{٨}$ ئەبا ، ژمارەی ٣ یا ٤ × لەوی تریان = ٢٤ . ٤ بۆ دایك ، ٣ بۆ ژن ، ١٧ بۆ کوڕ .

بۆ زانین کاتێ بێژرا ژمارەی کەرتی هاوبەش ، مەبەست لەکەرت ئەمانەن : $\frac{١}{٢}$ و $\frac{١}{٣}$ و $\frac{١}{٤}$ و $\frac{١}{٥}$ و $\frac{١}{٦}$ و $\frac{١}{٧}$ و $\frac{١}{٨}$ و $\frac{١}{٩}$ و $\frac{١}{١٠}$.

ئەگەر ژمارەی بەشی میراتبەران دژی یەکتری بوون بەجۆرێ بەژمارەی کەم کۆتایی بەژمارە زۆرەکە نەئەهات و کەرتی هاوبەشیان نەبوو ، ئەسڵی مەسەلەکە بریتی‌یە لە × یەکێ لەو ژمارانە لەوی تریان . بۆ نموونە : پیاوێ ئەمرێ دایك و ژن و برای دایك و باوکی یا برای باوکی هەیە ، دایك $\frac{١}{٣}$ ئەبا ، ژن $\frac{١}{٤}$. ٣ یا ٤ × لەوی تریان ئەکا = ١٢ . ٤ بۆ دایك. ٣ بۆ ژن . ٥ بۆ برا.

دوایی ئەبێ بزانرێ ئەسڵی هەموو مەسەلەکانی میرات یانی ئەو ژمارانە بەشی میراتبەرانی تێدا ڕوون ئەبێتەوە بریتین لەم ژمارانە : ٢ - ٣ - ٤ - ٦ - ٨ - ١٢ - ٢٤ . سێ ژمارە لەو ژمارانە عەولیان تێدا ئەکرێ ، ژمارەی شەش عەولی تێدا ئەکرێ بەتاك و بەجوت بۆ لای ژمارەی (١٠) ، ٦ بۆلای ٧ بۆلای ٨ بۆلای ٩ بۆلای (١٠) کەواتە چوار عەولی تێدا ئەکرێ .

١- ژنێ ئەمری مێرد و خوشکی دایك و باوکی یا باوکی هەیە ، مەسەلەکەیان لەژمارەی ٦ دا عەولی تێدا ئەکری بۆ لای ژمارەی ٧ ، ٣ بۆ مێرد ، ٤ بۆ خوشکەکان ، لەبەشی هەمویان حەوت یەکێ کەم ئەکرێتەوە .

٢- ژنێ ئەمرێ مێرد و دوو خوشك و دایکی هەیە ، مەسەلەکەیان لەژمارە ٦ - عەولی تێدا ئەکری بۆ لای ژمارە ٨ ، ٣ بۆ مێرد ٤ بۆ خوشکەکان ، ١ بۆ دایك ، ئەم مەسەلەیە پێی ئەوترێ (المباهلە) تەماشای شەرحی مەنهەج بکە بۆ زانیاری ئەوانە .

٣- ژنێ ئەمرێ مێرد و دوو خوشکی باوك دایکی یا باوکی و برای دایکی هەیە ، مەسەلەکە لەژمارەی ٦ عەولی تێدا ئەکرێ بۆ لای ژمارە ٩ ، ٣ بۆ مێرد ، ٤ بۆ خوشکانی باوك و دایکی یا باوکی ، ١ بۆ دایك ، ١ بۆ برای دایك .

٤- ژنێ ئەمرێ مێرد و دوو خوشکی باوك و دایکی یاباوکی و دایك و دوو خوشکی هەیە ، مەسەلەکە لەژمارەی ٦ عەولی تێدا ئەکرێ بۆ لای ژمارە (١٠) ، ٣ بۆ مێرد ، ٤ بۆ خوشکەکانی ، باوك و دایکی یا باوکی ١ بۆ دایك ٢ بۆ دووخوشکی دایکی.

ژمارەی (١٢) عەولی تێدا ئەکرێ سێ جار بەتاك ، بۆ لای ژمارە (١٣) ، بۆ لای ژمارە (١٥) ، بۆ لای ژمارە (١٧) .

١- پیاوێ ئەمرێ ژن و دایك و دوو خوشکی باوك و دایکی یا باوکی هەیە ، ئەسڵی مەسەلەکە لە ژمارەی (١٢) ٥ ، ٣ بۆ ژن ، ٢ بۆ دایك ، ٨ بۆ خوشکەکان ، عەولی تێدا کراوە بۆ لای ژمارە (١٣) .

٢- پیاوێ ئەمری ژن و دایك و دوو خوشکی باوك و دایکی یا باوکی و برایەکی دایکی هەیە ، عەولی تێدا ئەکرێ لەژمارە (١٢) ٥ بۆ لای ژمارە (١٥) ، ٣ بۆ ژن ، ٢ بۆ دایك ، ٨ بۆ خوشکەکان ، ٢ بۆ برای دایکی .

٣- پیاوی ئەمرێ ژن و دایك و دوو خوشکی دایك و باوکی یا باوکی و دووبرای دایکی هەیە . مەسەلەکە لە (١٢)٥ عەولی تێدا ئەکرێ بۆ لای ژمارە (١٧) ، ٣ بۆ ژن ، ٢ بۆ دایك ٨ بۆ دوو خوشکی باوك و دایکی یا باوکی ، ٤ بۆ برا دایکیەکان .

ژمارە (٢٤) عەولی تێدا ئەکرێ بۆ لای ژمارە (٢٧) یەك جار بەتاك : پیاوێ ئەمرێ دوو کچ و دایك و باوك و ژنی هەیە. ئەسڵی مەسەلەکە لەژمارەی (٢٤) عەولی تێدا ئەکرێ بۆلای ژمارە (٢٧) ، (١٦) بۆ دوو کچەکان ، (٨) بۆ باوك و دایك (٣) بۆ ژن .

بۆ زانین : جیاوازی نێوان (الرد والعول) ڕەد بریتیە لەزۆرکردنیۆ بەشی میراۆتبەر و کەم کردنەوەی ژمارەی میراتبەران ، عەول بریتیە لەکەم کردنەوەی بەشەکان و زۆرکردنی ژمارەی میراتبەرەکان .

باسی شی کردنەوەی مەسەلەکان و ناسینی بەشی هەموو میراتبەرێ لەو ژمارەیەی بۆی دانراوە ئەگەر یەشەکانی میراتبەران لەو ژمارەیەی بۆی دیاری کراوە بەش ئەکرا بەسەریانا بەبێ کەرت ، ئەوە ئاشکرایە و ماندو بونی ناوێ ، بۆ نمونە ژنێ ئەمرێ مێرد و سێ کوڕی هەیە ، مەسەلەکەیان لەژمارەی (٤) ، $\frac{١}{٤}$ بۆ مێرد ، $\frac{٣}{٤}$ بۆ سێ کوڕ ، بەشەکانیان بەبێ کەرت بەش ئەکرێ بەسەریانا .

ئەگەر ژمارەی مەسەلەکە بەبێ کەرت بەش نەئەکرا بەسەر تاقمێ لەمیراتبەران ، دوایی بەشەکانیان دژی ژمارەی میراتبەران بوو یانێ هاوبەش نەبوون لەکەرتێکا ، ژمارەی میرات بەران × لەتەواوی ژمارەی دیاری کراو بۆ بەش کردنیان ، بۆ نمونە: ژنێ ئەمرێ مێرد و دووبرای هەیە ژمارە بەش کردن بۆیان = بە (٢) $\frac{١}{٢}$ بۆ مێرد ، ئەوە ماوەتەوە = بە ١ – بەش ناکری بەسەر دووبرادا . ژمارەۆی براکان = ٢ × ٢ = ٤ ، دوو بەش بۆ مێرد ، دووبەشەکەی تری بۆ براکان . ئەو مەسەلەیە عەولی تێدا نیە ، وائەبێ مەسەلەیە عەولی تێدا هەیە ، وەك ئەمەی ژنێ ئەمرێ مێرد و پێنج خووشکی باوك و دایکی یا باوکی هەیە ، مەسەلەکەیان = بە ٦ ، نیوەی بۆ مێرد ، $\frac{٢}{٣}$ ی بۆ خوشکەکان عولی تێدا ئەکرێ بۆلای ژمارە (٧) ، ٣ بۆ مێرد ، چواری بۆ خوشکەکان بەش ناکرێ بەسەر ژمارەیاندا کە پێنج ژمارەن ×٧ = ٣٥ ، (١٥) بۆ مێرد ، ٢٠ بۆ خوشکەکان هەریەکەیان چوار بەش ئەبەن .

ئەگەر ژمارەی دیاری کراو بۆ بەش کردن هاوبەشبوون لەگەڵ ژمارەی میراتبەران لەکەرتێکا ، ئەو کەرتە × لەژمارەی بەشی دیاری کراو بۆیان ، دوایی بەهەر ژمارەیە گەیشت ئەو ژمارەیە ژمارەی دیاری کراوە بۆ بەش کردن ، بۆ نمونە : کەسێ ئەمرێ دایك و چوار مامی باوك و دایکی یا باوکی هەیە ، مەسەلەکەیان بەبێ عەول = بەژمارەی ۳ ، $\frac{۱}{۳}$ بۆ دایك ئەوەی ماوەتەوە = ۲ ، بەش ناکرێ بەسەر چوار مامدا ، کەرتی هاوبەش = ۲ × ۳ = ٦ ، ۲ ژمارەی بۆ دایك ، ٤ بەشیان بۆ چوار مام .

ژنێ ئەمرێ مێرد و باوك و دایك و شەش کچی هەیە ، مەسەلەکەیان لە (۱۲) ، $\frac{۱}{٤}$ بۆ مێرد $\frac{۲}{٦}$ بۆ باوك و دایك ، $\frac{۲}{۳}$ بۆکچەکان ، بەعەولەوە ئەچێتە (۱٥) ، ۳ بۆ مێرد، (٤) بۆ باوك و دایك ، (۸) بۆ شەش کچ ، کەرتی هاوبەش = ۳یا ٤ × ۱٥ = ٤٥ –۹ بۆ مێرد ، ۱۲ی بۆ باوك و دایك ، ۲٤ بۆ کچەکان .

ئەوانەی سەرەوە بۆ ژمارەیە بو کەبەبێ کەرت بەش نەکرێ بەسەر میراتبەراندا ، ئێستایش باسی ژمارەیە ئەکەین کەبەبێ کەرت بەش ئەکرێ بەسەر دوو تاقم لەمیراتبەران.

ئەگەر ژمارەی دیاری کراو بۆبەش کردن بەسەر میراتبەراندا بەش ئەکرا بەسەر ژمارەی زۆرتر لەیەك تاقم ، لەم کاتەدا چوار جۆرە بەش کردن لەماندا ڕەچاو ئەکرێ .

۱– ئەو میراتبەرانە ئەگەر بەشەکانیان هاوبەشبوون لەگەڵ کەرتێ لەژمارەکانیان ، هەریەکە لەژمارەی میراتبەران ئەگێڕێتەوە بۆلای کەرتی هاوبەش ، دوابی ئەگەر ژمارەی تاقمەکان وەك یەك وابون ژمارەی یەکێ لەو میراتبەرانە × لەتەواوی ژمارەی بەش کراو بۆیان . بەهەر ژمارەیە گەیشت ئەبێ بەژمارەی بەشکردن .

۲– ئەگەر ژمارەی میراتبەران یەکێکیان کۆتایی بەئەوی تریان ئەهێنا جارێ یازۆر ، ژمارە زۆرەکەیان × لەژمارەی دیاری کراو بۆ بەش کردن . بەهەر ژمارەیە گەیشت ئەبێ بەژمارەی ڕاستی بۆ بەشکردنی میراتی میراتبەران.

۳– ئەگەر ژمارەی تاقمەکانی میراتبەران هاوبەش بوون لەکەرتێکا ، کەرتی یەکێکیان × ئەوی تریان تەواوەکەی × ژمارەی دیاری کراو بۆ بەش کردنیان ، بەهەر ژمارەیە گەیشت ئەبێ بە ژمارەی تەواوی بەشکردنی میراتبەران .

٤- ئەگەر ژمارەی تاقمــەکانی میراتبـەران دژی یـەکتری بـوون ، یـانی نـەوەك یـەك وابوون، یەکێکیانیش زۆرتر نەبوو لـەوی تریان ، کەرتی هاوبەشیشیان نەبوو ، تـەواوی ژمارەی یەکی لـەمەیراتبەران × ئەوی تریان ، تەواوەکەی × ژمارەی دیـاری کـراو بـۆ بەش کردنی میراتی میراتبەران.

نمونەیە بۆ ئەوچوار خالآنەی پێشوو:

١- کەسێ ئەمرێ دایك و شەش برای دایکی و دوازدە خوشـکی بـاوك و دایکـی و یاخوشکی باوکی هەیە . مەسەلـەکەیان لـەژمارەی (٦) بەعەولـەوە ئەچیچتـە (٧) ، $\frac{1}{6}$ بۆ دایك ، $\frac{1}{3}$ بۆ برادایکیەکەکان ، $\frac{2}{3}$ بۆ خوشکە باوك و دایکی یا باوکی‌یەکان. ژمارەی براکان و خوشکەکان دوای گەڕانەوەیان بۆ کەرتی هاوبەش بۆیـان = ٣ × ٧ = ٢١ ، ٣ بۆ دایك ، ٦ بۆ براکان ، ١٢ بۆ خوشکەکان .

٢- کەسێ ئەمرێ سێ کچ و سێ برای باوك و دایکی یا باوکی هەیە ، مەسـەلـەکەیان = یە (٣) ، (٢) بۆ سێ کچ . (١) بۆ سێ برا ، ژمارەکانیـان وەك یـەك وایـە × ٣ = (٩) ، ٦ بۆ کچەکان ، ٣ بۆ براکان .

٣- کەسـێ ئـەمرێ شـەش کـچ و سـێ بـرای بـاوك و دایکـی یـا بـاوکی هەیــە ، مەسەلـەکەیان لـە (٣) دوای گەڕانەوەی ژمارەی کچەکان بـۆ لای کـەرتی هاوبـەش = (٣) لـەگەڵ ژمارەی براکان وەك یەك وان ، یەکێکیان ×٣ = (٩) ، ٦ بۆ کچــەکان ، ٣ بۆ براکان .

٤- کەسێ ئەمرێ سێ ژن و چوار برای هەیە ، مەسەلـەکەیان لـە (٤)٥ ، (١) بۆ سـێ ژن ، (٣) بـۆ چـوار بـرا ، ژمـارەی ژنـەکان و براکـان دژی یـەکترین و کـەرتی هاوبەشیشیان نی‌یە ، ژمارەی ژنەکان × ژمارەی براکان = ١٢ × ٣ = ٣٦ ، ١٢ بـۆ سێ ژن ، ٢٤ بۆ چوار کوڕ .

هەروەك ئەوەی باسکرا کەژمارەی دیاری کراو بۆ بەشکردنی میرات بەش نەکری بەسەر یەك تاقمدا یا بەسەر دوو تاقمدا ، ئەو کردەوەیە بۆ ئەوان کرا بۆ ژمارەیەکە بـەش نـەکرێ بەسەر سێ تاقمدا یا چوار تاقمدا ، وێنەی ئەو کردەوەیەش لـەگەڵ ئەمانیشدا ئەکرێ .

ئەگەر ویستت بزانی بەشی هەریەکە لـەتاقمی میراتبـەر چـەندە لەتـەواوی ئـەو ژمارەیـە دیاری کراوە بۆ بەش کردنی میرات ، هەر ژمارەیە × لەمەسەلەکە یا × بکە لـەیەکەیـەکی بەشی میراتبەران ، ئەو کاتە بەشی هەمویان ڕوون ئەبێتەوە .

بۆ زانین : لـەمەوپاش باسی موناسەخات ئەکەین ، موناسەخات کـۆی نەسـخە ، نەسـخ : لێرەدا ئەمەیە یەکێ لـەمیرات بەر بمرێ بەر لـەبەش کردنی میرات .

ئەگەر کەسێ مرد و چەند میراتبەرێکی هەبوو ، دوایی بەر لـەوەی میراتەکە بـەش بکـرێ یەکێ لـەو میراتبەرانە مرد ، ئەگەر جگـەی ئەوانـەی ماونەتـەوە مـیراتگری تـری نـەبوو ، میراتەکەی نەگۆڕابو وا دائەنرێ هەر نەبوە ، وەك ئەوەی کەسێ بمرێ و چوار برای هـەبێ بەر لـەوە میراتەکە بەش بکرێ یەکێکیان ئەمرێ و هەر ئەو سێ برایەی لێ بەجێ ئەمێنێ .

ئەگەر یەکێ لـەمیراتبەران مـرد بـەر لـەوەی میراتەکـە بـەش بکـرێ ، جگـەی ئەوانـەی ماوەتەوە میراتبەری تر بوو بەهاوبەش لـەو میراتـە یـا ئـەو میراتبەرانـە ماونەتـەوە میراتیـان ئەگرت ، بەلام میراتەکەیان وەك میراتی پێش مردنی ئـەو کەسـە نـەبوو ، دوایـی هـەردوو مەسەلـەکە بەگوێرەی یاسا دروست ئەکەین و بەشی میراتبەران لەهەردوو مەسەلـەکە دیاری ئەکەین ، دوایی ئەگەر بەشی میراتبەری مردوو لـەمەسەلـەی یەکـەمدا بـەش ئـەکرا بەسـەر میراتبەرەکانیدا لـەمەسەلـەکەی خۆی ، ئەو کاتە زۆر چاکە ، بۆ نمونە: ژنێ ئـەمرێ مـێرد و دووخوشکی باوك و دایکی یا باوکی هەیە ، بەر لـەبـەش کردنـی میراتەکـەی یـەکێ لـەو برایانە ئەمرێ و ئەو برای ترەی هەیە لـەگەڵ کچێکا ، مەسەلـەی یەکەم لە ژمارەی شەشە ، بەعەولـەوە ئەچێتە حەوت ، مەسـەلـەی دووهـەم لـەژمارەی دوو دا تـەواو ئـەبێ ، بەشـی مردووەکە لـەمەسەلـەی یەکەمدا = بە (٢) ، $\frac{١}{٢}$ بەشی کچەکەیە ، ئەوەی ماوەتەوە = بـە (١) ئەدرێ بەخوشکەکە و بەبێ کەرت بەسەریانا بەش ئەکرێ .

ئەگەر کەسێ مرد و میراتەکەی بەش نەئەکرا بەسەر میراتبەراندا ، ئەگەر بەشـی مـردوی دووهەم لـەمەسەلـەی یەکەمدا بەش نەئەکرا بەسەر میراتبەرانیدا ، ئـەو کاتـە ئەگـەر بەشـی

مردوی دووهەم لەگەڵ مەسەلەی دووهەمدا کەرتی هاوبەشیان بو ، ئەو کەرتە لە مەسەلەی دووهەمدا × ئەکرێ لەمەسەلەی یەکەمدا . بۆ نمونە : کەسێ ئەمرێ و دوو نەك و خوشکێکی باوك و دایکی و خوشکێکی باوکی و خوشکێکی دایکی هەیە ، بەر لەبەش کردنی میراتەکە خوشکە دایکیەکە ئەمرێ و خوشکێکی دایکی کە خوشکە دایك و باوکیەکە لە مەسەلەی یەکەمدا و دوو خوشکی باوك و دایك و نەنکی لێ بەجێ ئەمێنێ کەیەکێکە لەو دوو نەنکەی مەسەلەی یەکەم ، دوایی مەسەلەی یەکەم لەژمارەی (٦) و لەژمارەی (١٢) بەتەواوی بەبێ کەرت بەش ئەکرێ . مەسەلەی دووهەم لە (٦) بەشی مردووی دووهەم لەمەسەلەی یەکەمدا = (٢) لەگەڵ مەسەلەی دووهەمدا لەکەرتی نیوەیدا هاوبەشن ، نیوەی مەسەلەی دووهەم = ٣ × ١٢ = (٣٦) ، هەموو یەکێ لەنەنکەکان (٣) بەشیان هەیە = بە (٦) یەکێ لەنەنکەکان لەمەسەلەی دووهەمدا بەشی تری هەیە هەموی = بە (٤) دوو خوشکە باوك و دایکیەکان لەمەسەلەی یەکەمدا (١٨) بەشیان هەیە و لەمەسەلەی دووهەمدا (١) بەشی هەیە ، هەمووی = (١٩) ، خوشکی باوکی لەمەسەلەی یەکەمدا (٦) بەشی هەیە دوو خوشکە باوکیەکان لەمەسەلەی دووهەمدا (٤) بەشیان هەیە ، هەمووی = بە (٣٦) . ئەگەر بەشی مردووی دووهەم لەمەسەلەی یەکەمدا لەگەڵ مەسەلەی دووهەمدا هاوبەش نەبون لەکەرتێکا هەموو مەسەلەی دووهەم × لەمەسەلەی یەکەم ، ئەو کاتە بەهەر ژمارەیە بگا بەبێ کەرت میراتەکە بەش ئەکرێ بەسەر میراتبەراندا لەهەردوو مەسەلەکەدا . بۆ نمونە : پیاوێ ئەمرێ ژنێك و سێ کوڕ و کچێکی هەیە بەر لەوەی میراتەکە بەش بکرێ کچەکە ئەمرێ ، دایك و سێ برا پێشوەکانی هەیە کە کوڕەکانن لەمەسەلەی یەکەمدا ، مەسەلەی یەکەم لەژمارەی (٨) تەواو ئەبێ ، کوڕەکان هەمویان شەش بەش ئەبەن ، ژنەکە یەك بەش ئەبا ، کچەکە یەك بەش ئەبا . مەسەلەی دووهەم لەژمارەی (١٨) تەواو ئەبێ ، بەشی کچە مردووەکە لە مەسەلەی یەکەمدا = بە (١) لەگەڵ مەسەلەی دووهەمدا دژایەتیان هەیە لەهاوبەشی کەرتا، کەواتە (١٨) × (٨) = (١٤٤) ژنەکە لەمەسەلەی یەکەمدا (١٨)

بەشی هەیە و لەمەسەلەی دووهەمدا (٣) بەشی هەیە هەموی = (٢١) کوڕەکان هەریەکەیان لەمەسەلەی یەکەمدا (٣٦) بەشیان هەیە و لەمەسەلەی دووهەمدا هەریەکەیان (٥) بەشیان هەیە = بە (٤١) ، هەموویان = (١٤٤) ، ئەو مەسەلەیە هەردوو مەسەلەکەی تێدا بەش ئەکرێ وەك مەسەلە وایە ، دوایی کەسێ تری سێهەم یا چوارەم مرد بەو جۆرەی ڕابورد میراتەکانیان بەش ئەکرێ .

خوای مەزن کاتێ لەئایەتەکانی پێشوودا باسی فەرماندانی پێداین کەچاکە بکەین لەگەڵ ژنان و ڕابواردن لەگەڵیان بەچاکی ، باسی ئەمەیشمان بۆ ئەکا کە توند و تیژ بین لە لەگەڵیان لەو کاتەدا دەستیان دایە داوێن پیسی ، چونکە لەڕاستیدا ئەو توند و تیژیەش چاکەیە لەگەڵیان ، نەوەك وابزانرێ فەرماندان بەچاکە لەگەڵیان ئەبێتە هۆی ئەوەی سنوری خوایان بەسەردا نەسەپێ ، هەتا بکەونە نێو چەندین خراپە و گوناهی زۆرەوە بەبۆنەی ئەو فەرمانانەوە ، بۆ ئەوەیش بزانرێ چۆن تۆڵەی خراپەکردنیان لێ بسێنرێ ، فەرمانی خوا خزمایەتی و دۆستایەتی تێدا نیە ، ڕەوڕەوەی ئەم دەستورە لەسەر داد پەروەری و خۆ پاراستنە لەڕێگەی خوار و خێچ ، بۆیە ئەفەرموێ :

وَٱلَّٰتِي يَأۡتِينَ ٱلۡفَٰحِشَةَ مِن نِّسَآئِكُمۡ فَٱسۡتَشۡهِدُواْ
عَلَيۡهِنَّ أَرۡبَعَةٗ مِّنكُمۡۖ فَإِن شَهِدُواْ فَأَمۡسِكُوهُنَّ فِي
ٱلۡبُيُوتِ حَتَّىٰ يَتَوَفَّىٰهُنَّ ٱلۡمَوۡتُ أَوۡ يَجۡعَلَ ٱللَّهُ لَهُنَّ سَبِيلٗا
﴿١٥﴾ وَٱلَّذَانِ يَأۡتِيَٰنِهَا مِنكُمۡ فَـَٔاذُوهُمَاۖ فَإِن تَابَا
وَأَصۡلَحَا فَأَعۡرِضُواْ عَنۡهُمَآۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ تَوَّابٗا رَّحِيمًا
﴿١٦﴾

﴿ واللاتي يأتين الفاحشة مِنْ نِسائِكُم فاستَشهِدوا عَلَيهنَّ أربَعةً مِنْكُم ﴾ دوایی کەسانێکی ئەوتۆ لەژنەکانی ئێوە کارێکی بێز لێکراو و خراپیان کرد لەداوێن پیسی، دوایی ئێوەی کاربەدەست و دادوەر داوای چوار پیاو لەخۆیان بکەن شایەتی بدەن لەسەر ئەو کارە خراپەی ژنەکانتان کردویانە، ئیتر ئەو ژنانە ژنی خۆتان بن یان نە؟ بەچاوی خۆیان ببینن کەخەنجەر لەکێلانا بوە.

ئەو کارە بێزلێکراوانە دەر ناکەوێ بەدوو مەرج نەبێ:

١- ئەو ژنانە یا ئەو پیاوانە ئەو کارە خراپەیان کردووە خۆیان بەدەمی خۆیان بڵێن: ئەو کارە خراپەمان کردووە.

٢- چوار پیاوی موسوڵمان و دادپەروەر و بێگوناه شایەتی بدەن کە ئەو پیاوە وئەو ژنە ئەو کارە خراپەیان کردووە ئەندامی پیاوەکەمان بینی لەنێو ئەندامی ژنەکەدا، ئەگەر شایەتەکان لەچوار پیاو کەمتر بوون، یا شایەتی دانەکەیان دژی یەکتری بوون و لەیەك جوێ بوون هەمو یەکێ لەو شایەتانە ئەبێ هەشتا داریان لێ بدرێ، ئەو کەسەش بوختان بەکەسێکا بکا و چوار شایەت نەهێنێ هەشتا داری لێ بدرێ.

ئەو باسە بۆمان دەرئەخا کەئادەمیزاد بەرێزە و نابێ ناموسی بڕوشێ، چونکە دەرخستنی خراپە سەرئەکێشێ بۆ لای خراپەی کۆمەڵگا و لەناو چوونی بنەماڵە، بەناڕەوا نابێ ڕێزیان پێشێل بکرێ.

﴿ فإن شَهِدوا فأمسكوهنّ في البيوت ﴾ دوایی ئەگەر شایەتەکان شایەتیان دا و داوێن پیسیەکە دەرکەوت، ئێوە ئەو ژنانە بەند بکەن لەنێو خانوەکاندا وە نەچنە دەرەوە، نەوەك جارێ تر توشی کاری خراپ بن و تەمێ خوار بن، بەندیان بکەن.

﴿ حتى يتوفاهن الموت أو يجعل الله لهن سبيلاً ﴾ هەتا مردن گیانەکانیان وەرئەگرێ، یا هەتا فریشتە گیانیان وەرئەگرن لەکاتی دیاری کراو بۆ مردۆنیان، یا هەتا خوا ڕێگەیە بۆ ئەو ژنانە ساز ئەکا و سنوریان بۆ دیاری ئەکا و ڕزگاریان ئەبێ لەبەندیخانە.

ئەوئایەتە ئاماژە بۆ ئەوە ئەکا کە خوا ئەو بەندکردنەی نەگێڕاوە بەیاسای بەردەوام بەڵکو گێراوێتی بەدەستور بۆ ماوەیەکی دیاریکراو و کاتی، لەپاشا دەستورێکی بەردەوام

پەیدا ئەکا ، هەروایشبوو چونکە ئەو یاسایە گۆڕدرا ، بەردەباران کرا بەسزا بۆ کەسانێ ژنیان هێنابێ و شویان کردبێ ، بۆ کەسانێ ژنیان نەهێنابی یا شویان نەکردبێ سزاکەیان لێدانی سەد دارە لەوان ، لەسورەتی (نور) دا بەدرێژی باسی ئەکرێ ، خوا یاریدەربێ .

﴿ واللذان يأتيانها منكم فآذوهما ﴾ وەئەو دووکەسانەی ئەوتۆ ئەو کارە خراپە ئەکەن لەئێوە ، دوایی ئێوە ئازاری ئەو دوو کەسانە بدەن ، بەوان بڵێن : ئێوە بۆ شەرمتان نەکرد؟ بۆ لەخوا نەترسان ؟ ئەو کارە بێز لێ‌کراوەتان کرد .

زانایان لەمەبەست لەو دووکەسانە بیریان جیاوازە ، زۆرتریان لەسەر ئەوەن مەبەست لەو دووکەسانە ئەو پیاو و ژنەن داوێن پیسیان کردووە ، بەڵام تێبینی ئەکرێ لەسەر ئەوبۆچونە بەجۆرێکی ئاشکرا ، چونکە ووشەی (اللذان) بۆ دوونێرینەیە بەزاراوەی عەرەبی و یاسای ئازاردانی ژن لەپێشدا باسی کراوە و هۆی دووپات کردنەوەی نیە ، ئەوەی ڕاستی بێ مەبەست لەو دووکەسە دوو پیاوە کە ئەو کارە بێز لێکراوە لەگەڵ یەکتری بکەن ، دووبارە ووشەی (منكم) کەئەویش بۆ پیاوانە بەڵگەیە لەسەر ئەو بیرو بۆچوونە ، سزای لیواتە کە ئازاردانە بەسەرزەنشت کردنیان گۆڕاوە هەروەك سزای داوێن پیسی ژن و پیاو گۆڕاوە ، سزای ئەو دوو پیاوە ئەو کارە بێز لێ کراوە لەگەڵ یەکتری ئەکەن : سەربڕینە یا سوتاندنیانە بەئاگر ، یا لەکێوێکی بەرز فڕێ بدرێنە خوارەوە ، یا دیوارێ بەسەریانا بڕوخێنرێ ، چونکە ئەوتاوانە زۆر خراپترە و مرۆڤایەتی و پیاوەتی ناهێڵێ .

﴿ فإن تابا وأصلَحا فأعرضوا عَنهُما إنَّ اللهَ كانَ تواباً رحيماً ﴾ دوایی ئەگەر ئەو دووکەسانە دوای ئەو کارە خراپە پەشیمان بونەوە و خۆیانیان چاك کرد بەکردەوەی چاك بەڕاستی ئێوە وازیان لێ بهێنن و ئازاریان مەدەن و کردەوەکانیان لەبیربەرنەوە . بەڕاستی خوا ئەبورێ لەگوناهی ئەوان ، خاوەن بەزەیی و میهرەبانیە بۆیان .

خوای مەزن لەو ئەایەتەدا فەرموی : بەڕاستی خوا لەگوناهی خراپەکاران ئەبورێ و میهرەبانە بۆیان ، بۆیشمان ڕوون ئەکاتەوە مەرجەکانی پەشیمان بوونەوە چ شتێکن و ئەفەرموێ:

إِنَّمَا ٱلتَّوْبَةُ عَلَى ٱللَّهِ لِلَّذِينَ يَعْمَلُونَ ٱلسُّوٓءَ بِجَهَٰلَةٍ
ثُمَّ يَتُوبُونَ مِن قَرِيبٍ فَأُوْلَٰٓئِكَ يَتُوبُ ٱللَّهُ عَلَيْهِمْ وَكَانَ
ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴿١٧﴾ وَلَيْسَتِ ٱلتَّوْبَةُ لِلَّذِينَ
يَعْمَلُونَ ٱلسَّيِّـَٔاتِ حَتَّىٰٓ إِذَا حَضَرَ أَحَدَهُمُ ٱلْمَوْتُ
قَالَ إِنِّي تُبْتُ ٱلْـَٰٔنَ وَلَا ٱلَّذِينَ يَمُوتُونَ وَهُمْ كُفَّارٌۚ
أُوْلَٰٓئِكَ أَعْتَدْنَا لَهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا ﴿١٨﴾

﴿ إنّما التوبة على الله لَلذين يعمَلونَ السوء يَجَهالـة ﴾ بەڕاستی وەرگرتنی پەشیمان بوونەوە لەسەر خوا و لێبوردن لەگوناه بۆ کەسانێکی ئەوتۆیە خراپە بکەن بەنەزان و نەفامی بەواز هێنان لەڕانمویی بۆ لای گومڕایی .

﴿ ثُمَ يَتوبونَ مِنْ قَريبٍ فأوِلَكَ يَتوبُ اللّهُ عَلَيهِمْ ﴾ لەپاشا ئەوکەسانە پەشیمان ئەبنەوە لەکاتێکی نزیکا و بەر لەمردنیان و ژیانی ئەمڕۆیان هەرچەندە دوور بێ هەر نزیکە ، دوایی ئەو کەسانە خوا پەشیمان بونەوەیان لێ وەرئەرگرێ و لەوان ئەبورێ ، بەمەرجێ لەڕاستیدا بگەڕێنەوە بۆ لای خوا .

پرسیار / بەگوێرەی دەرکەوتووی مانای ئەو ئایەتە پێویستە لەسەر خوا پەشیمان بونەوە وەربگرێ لەوانە پەشیمان ئەبنەوە ، هیچ شتێ لەسەر خوا پێویست نی‌یە ؟

وەڵام / مەبەست ئەوەنىيە هیچ کەسێ شتێ پێویست بکا لەسەر خوا ، بەڵکو مەبەست ئەمەیە : خوا بەگەورەیی و بەخشندەیی خۆی وەرگرتنی پەشیمان بوونەوەی لەسەر خۆی پێویست کردووە و بەڵێنی داوە لەوان ببورێ ، پێچەوانەی بەڵێنی خوا ناچێتە ئەقڵەوە .

﴿ وَكان اللهُ عَليماً حَليماً ﴾ وەخوا ئەزانێ بەپەشیمان بوونەوەی ڕاستی و پەشیمان بوونەوەی پوچ ، هەموو شتێ لەجێگەی شیاوی خۆیا دائەنێ بەتایبەتی وەرگرتنی پەشیمان بونەوەی گوناهباران.

﴿ وَلَيسَتْ التوبة لِلذينَ يَعمَلونَ السيئات حتى إذا حَضَرَ أَحَدهُمُ الموت﴾ وەپەشیمان بونەوە بۆکەسانێکی ئەوتۆ نىيە چەندین خراپەئەکەن بەبەردەوامی هەتا ئەگا بەیەکێ لەوان مردن و لەسەرەمەرگدان و گیانیان نزیکە بکێشن .

﴿ قالَ إني تُبتُ الآن﴾ ئەو یەکە ئەڵێ : بەڕاستی ئێستا من پەشیمان ئەبمەوە لەگوناهەکانم . ئەو پەشیمان بونەوەیە وەرناگیرێ لەو کاتەدا ، چونکە دەستی لەهەموو لایە بڕاوە و چاری نەماوە .

﴿ وَلا الذين يَموتونَ وَهُمْ كفار أولئِكَ اعتدنا لَهُمْ عَذاباً أليماً ﴾ وەپەشیمان بونەوە بۆ کەسانێکی ئەوتۆ نیە بمرن و ئەوان بێ باوەڕبن و بەردەوامبن لەسەر بی باوەڕی هەتا کاتێ ئەمرن . ئەو کەسانە ئێمە ئامادەمان کردووە بۆیان سزایەکی خاوەن ئازار لەڕۆژی دواییدا.

بەر لەهاتنی ئاینی ئیسلام ئەگەر کەسێ بمردایە و ژنی ببوایە ئەو ژنە بەمیرات دائەنرا ، دوایی کوڕی ئەو مردووە لەژنێ تری ، یا خزمی ئەو پیاوە کراسی خۆیانیان ئەخستە سەر ژنەکەی . لەپاشا ئەگەر بیان ویستایە ئەو ژنە مارەبکەن بۆ خۆیان ئەیان کرد ، یا ئەوژنەیان ئەدا بەکەسێ تر و مارەییەکەیان ئەخوارد ، ئەو کارە نارەوایە هەروەك خۆی مایەوە هەتا ئەبولقەیسی کوڕی ئەلئەسلەت مرد ، کوڕەکەی کراسەکەی خۆی خستە سەر باوەژنەکەی کەچی وازی لێ هێنا و بەخێوی نەئەکرد ، بۆیە ئەو ژنە چوە خزمەت پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ ئەو ڕوداوەی گێڕایەوە بۆ پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ ، خوا پەیامی ناردە سەر پێغەمبەر و فەرمووی:

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ
ءَامَنُواْ لَا يَحِلُّ لَكُمْ أَن تَرِثُواْ ٱلنِّسَآءَ كَرْهًاۖ وَلَا تَعْضُلُوهُنَّ
لِتَذْهَبُواْ بِبَعْضِ مَآ ءَاتَيْتُمُوهُنَّ إِلَّآ أَن يَأْتِينَ بِفَٰحِشَةٍ
مُّبَيِّنَةٍۚ وَعَاشِرُوهُنَّ بِٱلْمَعْرُوفِۚ فَإِن كَرِهْتُمُوهُنَّ فَعَسَىٰٓ
أَن تَكْرَهُواْ شَيْـًٔا وَيَجْعَلَ ٱللَّهُ فِيهِ خَيْرًا كَثِيرًا ﴿١٩﴾
وَإِنْ أَرَدتُّمُ ٱسْتِبْدَالَ زَوْجٍ مَّكَانَ زَوْجٍ وَءَاتَيْتُمْ
إِحْدَىٰهُنَّ قِنطَارًا فَلَا تَأْخُذُواْ مِنْهُ شَيْـًٔاۚ أَتَأْخُذُونَهُۥ
بُهْتَٰنًا وَإِثْمًا مُّبِينًا ﴿٢٠﴾ وَكَيْفَ تَأْخُذُونَهُۥ وَقَدْ أَفْضَىٰ
بَعْضُكُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ وَأَخَذْنَ مِنكُم مِّيثَٰقًا
غَلِيظًا ﴿٢١﴾

﴿ يا أيها الذين آمنوا لا يحل لكم أن تَرِثـوا النسـاء كُرهـاً ﴾ ئـەی کەسـانێکی ئـەوتۆ باوەڕتان هێناوە ڕەوانی‌یە بۆ ئێوە ژنانی مردووەکانتان بکەن بـەمیرات بەوێنـەی دارایـی تـر بەزۆر و بەبێ پێ‌خۆشبونی ئەوان ، هەرچەندە لایان خۆشبی هەر دروسـت نی‌یـە کردنیـان بەمیرات.

هەندێ لەزانایان مانای ئەو ڕستەیەیان بەم جۆرە کردووە : ڕەوا نی‌یە بۆ ئێوە بکەن بەمیرات دارایی ژنان بۆخۆتان بەزۆر ، ئەو مانایە لەوەوە هاتووە ژنان خاوەن دارایی بوون ، براکانیان یا میراتبەرانی تر نەیان ئەهێلا شوبکەن و بەتەمای دارایی ئەوان ئەبون ، بەلایانەوە وابوو ئەگەر شوبکەن داراییەکانیان ئەبێ بەمیراتی مێرد و مناڵەکانیان ، بۆیە ئیسلام فەرمانی دا بەسەربەستی ژنان بۆ شوو کردنی خۆیان . هەرکام لەو دوومانایە بێ یا هەردوکیان بی خراپەیان تێدا نی‌یە ، دژی ناوەرۆکی هەردوو ماناکە قەدەغە و ناڕەوایە .

﴿ وَلا تعضلوهن لتذهبوا به ببعض ما أتيتموهن﴾ وەئێوە تەنگ هەڵمەچنن لەژنان و ئازاریان بدەن بۆ ئەوەی مارەییەکانیان ببەخشن بەئێوە یا بەنیازی ئەوەی تەلاقیان بدەن لەسەر پارەیە و ئێوە وەری بگرن لەوان ، یا بۆ ئەوەی ئێوە وەربگرن لەوان هەندێ لەو شتەی ئێوە داوتانە بەوان . ئەوانەی باسکران قەدەغەن و ژنان خۆیان سەربەستن لەدەستکاری کردنی سامانی خۆیان .

﴿ إلاّ أن يأتين بفاحشةٍ مبتيةٍ ﴾ مەگەر ئەوژنانە بەڕوونی و بەئاشکرا کارێکی بێز لێکراو بکەن ، جۆری ئەو کارە خراپەیە ڕوون نەکراوەتەوە ، زانایان هەندێکیان ئەڵێن ئەو کارە بریتیە لەوە ئەو ژنانە بێ فەرمانی مێردەکانیان بکەن و ڕەوشتیان چاك نەبێ و ئازاری مێردەکانیان بدەن ، هەندێ تریان ئەڵێن : لەداوێن پیسی ، هەندێ تریان لایان وایە بریتی‌یە لەهەموو کارێ بەگوێرەی یاسا ناڕەوابێ لەو کاتانەدا مێردەکانیان بۆیان هەیە ژنەکان ناچار بکەن هەتا هەموو ئەو شتانەی مێردەکانیان داویانە بەوان وەری بگرنەوە . بەلام بیرو بۆچوونی هەندێ لەزانایان وایە مێردەکانیان بۆیان نیە بە جگەی داوێن پیسی ژنەکان ناچار بکەن ئەگەر وانەبێ پەیڕەوی ژیان تێك ئەچێ .

ئەوەی شایانی باسبێ دادوەر بۆی دروست نی‌یە فەرمان بدا بەلابردنی مارەیی ژنێ دەرکەوتبێ داوێن پیسی کردووە ، چونکە ئەو کارە پەیوەندی بەمێردەوە هەیە بەتەنها .

هەندێ لەپیاوان بەجۆرێ یاسا بۆی دیاری کردوون لەگەڵ ژنەکانیانا ڕابوێرن ، خوا فەرمووی :

﴿ وَعاشِروهنَّ بالمعروف ﴾ وەئێوە ڕابوێرن و بژین لەگەڵ ژناندا بەجۆرێ ناسراوە و دیاری کراوە لەلایەن یاساوە ، دادپەروەربن لەخەوتنی شەوانە لەگەڵیان و بەخێو کردنیان و گفتوگۆی شیرین لەگەڵیان ، ژنان چۆنن لەگەڵ ئێوە ئێوەش لەگەڵ ئەوان وابن .

﴿ فإنْ كَرهتموهنَّ ﴾ دوایی ئەگەر ئێوە ژنەکانتان خۆش نەئەویست و هاوڕێیەتی ئاوانتان پێ چاك نەبوو ئەتان ویست لەوان جیا ببنەوە لەبەر هەر هۆیە بێ ، بۆئێوە واچاکە ئارام بگرن

﴿ فَعَسى أنْ تَكرهوا شيئاً وَيَجعَل اللّهُ فيه خيراً كَثيراً ﴾ دوایی شایانە و لەوانەیە کەئێوە شتێکتان پی ناخۆشە ، وك تێکەڵاوی هاوڕێیەتی ژنێ ، خوا ئەگێڕێ لەو شتەدا چاکەی زۆر ، نزیکە لەوژنە منالێکی زانا و بەسوود بۆئێوە و بۆ گەل و نیشتمان لەو ژنە پەیدا ببێ، بەو بۆنەوە خۆشەویستی لەنێوانتانا زیا دببێ و خوای مەزن پاداشتی ئارام گرتنەکەتان ئەداتەوە .

مرۆڤ نابێ پەلە بکا لەکاری ڕۆژانەی خۆی و خوای مەزن فەرمانی داوە بەئارام گرتن، ئەبی بزانرێ زۆر جاران پیاو ژنی خۆی تەلاق ئەدا و ئارام ناگرێ ، لەپاشە ڕۆژ بیر ناکاتەوە ئەو ژنەیش بی تاوانە جگە لەوە ئەو پیاوە لەبەرچەند هۆیەکی نەگونجا و ئەو کارە ئەکا و ئەچێ ژنێ تر ئەخوازێ کەچی ئەم ژنە لەوەی پێشوو زۆر خراپترە و کاری ناڕەوای زۆرتر ئەکا ، لەداوییدا پەشیمان ئەبێتەوە بەڵام لەدوای چی .

زۆرجاران دیومانە زۆرکەس خاوەنی خواردەمەنی ڕۆژێ نیە ، ئەبێ بەبار بەسەر جگەی خۆیەوە ، کارێکی بۆ پەیدا ئەبێ خۆی بژێنێ و ڕزگاری ببی لەبۆڵەی جگەی خۆی ، دوایی واز لەو کارە ئەهێنێ بەبیانوی ئەوە ئەو کارە شایستەی ئەونیە و ئەیەوێ کار و پلەی بەرزتری دەست کەوێ ، خوا گیرۆدەی کارێکی خراپتری ئەکا بۆ تەمێ دانانی ، سزای خۆ بەبەرز دانانی ئەدا و توشی خەفەت ئەبێ کەئەوکارەی نەکردووە .

هەروەها دیومانە هەڵگری بەڵێن نامەی بەرز ڕازی ئەبێ بەکارێ بۆی ئەلوێ بەئاسانی بەنوسەری یا کەمتر ، چاوەڕوانی هەلێ ئەکا و پشت بەخوا ئەبەستێ ، زۆری پێناچێ ووردە ووردە بەرز ئەبێتەوە بۆ لای بلند ترین پلە و پایە .

دوای ئەوەی خوا هانی پیاوانی دا کە کردەوەیان چاکبێ لەگەڵ ژنان . هەندێ کەس پەیدا بوبون ئەیان ویست ژنێ تر بخوازن ، دەستیان کرد بەبوختان کردن بەژنەکانیانا بۆ ئەوەی ئەو ژنە ستەم لێکراوە ناچاربێ ئەو سامان و مارەییەی دراوە بەو بیداتەوە بەمێردەکەی و ئەویش دەستی لێ هەڵگرێ . خوای مەزن بۆ قەدەغە کردنی ئەو کارە فەرمووی :

﴿ وَإِنْ أَرَدتُّمْ استبدال زوج مكان زوج ﴾ وەئەگەر ئێوە ویستتان بەهۆی خۆش نەویستنی ژنەکانتانەوە ، بێ ئەوەی ئەو ژنانە داوێن پیسی و شتی خراپیان لێ ببینرێ دابنێن ژنێ تر لەجێگەی ئەو ژنانەی هەتانە و تەڵاقیان بدەن بۆ ئەوەی ژنێ تری تازە بخوازن.

﴿ وآتيتم إحداهُنَّ قنطاراً فلا تأخذونه منه شيئاً ﴾ وەئێوە بەخشیبوتان بەیەکێ لەو ژنانە ئەتانەوێ تەڵاقیان بدەن دارایی و مارەیی زۆر گەورە ، دوایی ئێوە وەرمەگرنەوە لەو مارەییە زۆرە هیچ شتێ ، زانایان بۆ دیاری کردنی مانای (قنطار) بیریان بۆ (١٠) مانا کردۆتەوە .

﴿ أتأخذونه بهتاناً وإثما مبيناً ﴾ ئایا ئێوە وەرئەگرن ئەو شتە بەزۆرو بەدرۆ و بوختان و ستەم کردن و بەگوناهێکی ئاشکرا و ڕوون . بەڕاستی نابێ ئەو کارە ناڕەوایە بکەن .

زانایان لایان وایە ئە و ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوە دروستە دانانی مارەیی زۆر و گەورە بۆ ژنان ، جارێ عومەری کوڕی خەتاب ویستی ئەندازەی مارەیی ژنان دیاری بکا ژنێ لەعومەر ڕاپەڕی و ووتی : ئەو کارە بەدەستی تۆ نی‌یە و خوا دیاری کردووە و پەیوەندی بەژنانەوە هەیە .

﴿ وكيف تأخذونه وقد أفضى بعضكم إلى بعض ﴾ وەئێوە بەچ بەڵگەیە وەرئەگرن ئەوشتە و ، بەڕاستی ئێوە هەندێکتان گەیشتونەتە لای هەندێ ترتان و ژن و مێردتان لەگەڵ یەکتری کردوە ، بەدەیان گفتوگۆی جۆراوجۆر لەنێوانتانا ڕوی داوە، چاکەی زۆرتان لەگەڵ یەکتری کردوە ، جێگەی سەرسوڕمانە ئەو کارە ئەکەن و نابێ بیکەن .

﴿ وَأخذنَ مِنكُمْ ميثاقاً غَليظاً ﴾ وەئەوژنانە وەریان گرتووە لەئێوە پەیمانێکی زۆر بـەهێز و توند کەمافی هاوڕێیەتی و تێکەڵاویە و لەلاتانبن بـەگوێرەی یاسـای قورئـان و خراپـەیان لەگەڵ نەکـەن ، ژن و مێردایـەتی گۆڕینـەوەی گیـان بـەگیان و بەسـتنی خۆشەویسـتی و بەزەییە لەنێوان ژن و مێردا ، لەش و دارایی ژنان سـامانی خۆیانـە پـەیوەندیان بەپیاوانـەوە نی‌یە .

پاش ئەوەی خوای مەزن باسی چۆنێتی ژیان و گوزەران و هەڵسانی لەگەڵ ژنـان کـرد ئێستایش دەست ئەکرێ بەڕوون کردنەوەی ئەو ژنانە قەدەغەیــە مارەکردنیـان و ئەوانـەی ڕەوایە مارەکردنیان و ئەفەرموێ:

وَلَا تَنكِحُوا۟ مَا نَكَحَ ءَابَآؤُكُم مِّنَ
ٱلنِّسَآءِ إِلَّا مَا قَدْ سَلَفَ ۚ إِنَّهُۥ كَانَ فَٰحِشَةً وَمَقْتًا
وَسَآءَ سَبِيلًا ﴿٢٢﴾ حُرِّمَتْ عَلَيْكُمْ أُمَّهَٰتُكُمْ
وَبَنَاتُكُمْ وَأَخَوَٰتُكُمْ وَعَمَّٰتُكُمْ وَخَٰلَٰتُكُمْ وَبَنَاتُ
ٱلْأَخِ وَبَنَاتُ ٱلْأُخْتِ وَأُمَّهَٰتُكُمُ ٱلَّٰتِىٓ أَرْضَعْنَكُمْ
وَأَخَوَٰتُكُم مِّنَ ٱلرَّضَٰعَةِ وَأُمَّهَٰتُ نِسَآئِكُمْ
وَرَبَٰٓئِبُكُمُ ٱلَّٰتِى فِى حُجُورِكُم مِّن نِّسَآئِكُمُ
ٱلَّٰتِى دَخَلْتُم بِهِنَّ فَإِن لَّمْ تَكُونُوا۟ دَخَلْتُم بِهِنَّ

فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ وَحَلَٰٓئِلُ أَبْنَآئِكُمُ ٱلَّذِينَ
مِنْ أَصْلَٰبِكُمْ وَأَن تَجْمَعُوا۟ بَيْنَ ٱلْأُخْتَيْنِ
إِلَّا مَا قَدْ سَلَفَ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٢٣﴾

﴿ ولا تنكحوا ما نكح آباؤكم من النساء إلا ما قد سلف ﴾ وەئێوە مارە مەکەن کەسێ مارەی کردووە باوکەکانتان لەژنان ، چونکە ئەو ژنانە وەك دایکی ئێوەن مەگەر ژنێ ڕابوردبێ و ئێوە مارەتان کردون بۆ ئەوانە چاوپۆشیتان لێ ئەکرێ و سزاتان نادرێ .

﴿ إنهُ كانَ فاحِشةً ومقتًا وسا سبيلاً ﴾ بەڕاستی مارەکردنی ژنی باوکتان کارێکی بێزلێکراوەیەو نارەوایە ، لەهیچ ئاینێکا ڕەوانەبووە ، ئەبێتە جێگەی خەشمی خوا و ، خراپ ڕێگەیەکە ئەو کارە . ئەو ئایەتە قەدەغەی کردووە مارەکردنی مارەبڕاوی ژنی باوك ئیتر چوبێتە لای یان نە ، بەڵام لای حەنەفیەکان پیاوێ داوێن پیسی کردبی لەگەڵ ژنێکا قەدەغەیە کوڕی ئەو پیاوە ئەو ژنە مارە بکا .

﴿ حرمت عليكم أمهاتكم وبناتكم وأخواتكم ﴾ قەدەغە کراوە لەسەر ئێوە مارەکردنی دایکانی خۆتان ، دایکی دایك و دایکی باوك وەك دایکی خۆتان وان لەقەدەغەکردندا و ، قەدەغە کراوە مارە کردنی کچانی خۆتان ، کچی کوڕ و کچی کچ وێنەی کچی پشتی خۆتان وانە لەقەدەغەکردندا و ، قەدەغەیە مارەکردنی خوشکانی خۆتان ، خوشکی باوك و دایکی بن یا باوکی یا دایکی .

﴿ وعماتكم وخالاتكم﴾ وەقەدەغەکراوە خوشکانی باوکتان ، خوشکی باوکی باوك وەك خوشکی باوك وان لەقەدەغە کردندا و ، قەدەغەکراوە خوشکانی دایك ، خوشکی دایکی دایك وەك خوشکی دایك وان .

﴿ وبنات الأخ وبنات الأخت ﴾ وەقەدەغەکراوە مارەکردنی کچانی برای دایك و باوکی و برای باوکی و برای دایکی ، کچی کچی براکان وێنەی کچانی بران و ، قەدەغە کراوە مارەکردنی کچانی خوشکی باوك و دایکی و خوشکی باوکی و خوشکی دایکی ، کچی کچی خوشك و کچی کوڕی خوشك قەدەغەن بەوێنەی کچی خوشك .

﴿ وأمهاتكم اللاتي أرضعنكم وأخواتكم من الرضاعة ﴾ وەقەدەغە کراوە لەئێوە مارە کردنی دایکەکانتان ئەوانەی ئەوتۆ شیریان داوە پێتان ، هەرژنێ بەهۆی پشتەوە قەدەغە کرابێ بەهۆی شیریشەوە قەدەغە کراوە و ، قەدەغە کراوە خوشکەکانی ئێوە لە لایەن شیرەوە ، نەنکی شیری و خوشکەزای شیری بەوێنەی دایکەکانیان قەدەغەن .

بۆ قەدەغە کردنی ژنان پێویستە ئەم دوو مەرجانە بێنەدی : لای شافعیەکان و حەنبەلیەکان پێویستە ئەو شیردانە لەپێنج جار کەمتر نەبێ ، لای حەنەفیەکان و مالیکەکان شیردان کەمبێ یا زۆر ئەبێتە هۆی قەدەغەکردنی ، مەرجێ تر ئەمەیە ئەو منالە تەمەنی نەگەیشتبێتە دوو ساڵان.

﴿ وأمهات نسائكم ﴾ وەقەدەغە کراوە دایکانی ژنەکانتان ، نەنکی ژنەکانتان وەك دایکی ژنەکانتان قەدەغەیە مارەکردنیان. بەمارەبڕینی ژنەکانتان دایکی ژنەکانتان قەدەغەیە ئیتر ژن و مێردیتان لەگەڵ کردبن یان نە ؟

﴿ وربائبكم اللاتي في حجوركم من نسائكم اللاتي دخلتم بهن ﴾ وەقەدەغەکراون کچانی ژنەکانتان لە مێردێ تریان ئەو کچانەی ئەوتۆ لەژێر چاودێری و بەخێوەکردنی ئێوەدان لەو ژنانەی ئەوتۆی ئێوە ژن و مێردیتان لەگەڵ کردبن .

قەدەغەکردنی ئەو کچانە مەرج نیە هەر بەخێو کراوەکانی ئێوە بن ، بەڵکوئەوانەیش ئێوە بەخێوتان نەکردبن هەرقەدەغەن ، بەڵام بەزۆری ئێوە بەخێویان ئەکەن بۆیە هەرباسی ئەوان کراوە .

﴿ فإن لم تكونوا دخلتم بهن فلا جناح عليكم ﴾ دوایی ئەگەر ئێوە بەو جۆرە نەچوبونە لای دایکی ژنەکانتان و ژن و مێردیتان لەگەڵ نەکردبوون دوایی مارەی بڕینیان ، دوایی

هیچ گوناهێ لەسەر ئێوە نیە بۆ مارە بڕینی ئەو کچانە بەمەرجێ دایکەکانیان بەیەکجاری تەڵاق بدرێن یا بمرن بەر لەوەی ئێوە بچنە لایان ، لای شافعیەکان و حەنبەلیەکان بەدەست لێدان و ماچ کردنی ژنەکانتان قەدەغە نابن ، بەڵام لای حەنەفیەکان و مالیکەکان ئەوانە ئەگەر بەئارەزوی ژن و مێردی بێ کچەکانیان قەدەغە ئەکەن بەوێنەی چوونە لایان .

﴿ وحلائل أبنائكم الذين من أصلابكم ﴾ وەقەدەغە کراون ژنانی کوڕانی ئێوە ئەو کوڕانەی ئەوتۆ لەپشتی ئێوە پەیدا بوون ، نەك ئەوانەی جگەی کوڕی خۆتان و بیان کەن بەکوڕی خۆتان ، ژنی کوڕی شیری وەك ژنی کوڕی پشتی قەدەغەیە .

﴿ وان تجمعوا بين الأختين إلا ماقد سلف ﴾ وەقەدەغەکراوە کە ئێوە دوو خوشك بەیەکەوە کۆبکەنەوە لەژنێتیدا لەیەك کاتا ، بەلام ئەگەر یەکێکیانتان تەڵاق دا بەیەکجاری یا مرد ئێوە بۆتان ڕەوایە خوشکەکانیان مارە بکەن .

شافعیەکان لایان وایە ژنێ تەڵاق درا بەتەڵاقی ڕەجعی بۆ ئەوکەسە دروست نییە خوشکی ئەو ژنە بهێنێ هەتا عیدەکەی تەواو نەبێ ، ئەگەر بەبائینە تەڵاقی دا دروستە خوشکی ئەو ژنمارە بکا لەکاتی عیدەدا چونکە تەڵاقی بائیتە کۆتایی بەژن و مێردی ئەهێنێ . بەڵام لای مەزهەبەکانی تر ئەبێ کۆتایی بەعیدە بهێنن بەبێ جیاوازی لەنێوان تەڵاقی ڕەجعی و بائیتە .

بۆ زانین : هەموو زانایانی ئیسلام پێك هاتوون لەسەر ئەوەی چوونە لای ژنێ بەگومانی ئەوە کەژنی ڕەوای خۆیە بەوێنەی مارەکردنی ڕاستی دائەنرێ ، کەواتە دایك و کچ و ئەو ژنانەی تر قەدەغە کرابون لەمارەکردنی ڕاستیدا قەدەغە ئەکرێن .

﴿ إن الله كان غفوراً رحيماً ﴾ بەڕاستی خوا لێبوردن و بەزەیی زۆرە .

کۆتایی بەنوسینی جزمی چوارەم هات بە ١١ / ١٠ / ١٩٩٨ ی زاینی

بەرانبەر بە ساڵی (١٤١٩) ی کۆچی .

تەفسیری زمناکۆیی

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

سوپاسی بێپایان بۆ خوای هەموو بونەوەران .

درودی بێژمارە لەسەر پێغەمەر و یار و یاوەرانی

خوای مەزن قەدەغە کردنی مارە برینی ئەو ژنانە خاوەنی مێردن بەر لەتەلاقدانیان و کۆتایی عیدەکانیان ڕون کردەوە. بەلام ئەو ژنانەی لەجەنگی بێ باوەڕاندا بەدیل ئەگیرێن ، ئەوانەیشیان خاوەنی مێردبن بەدیل کردنیان نیکاحی مێردە بێ باوەڕەکانیان پوچ ئەبێتەوە ، دوایی بەکارەکەر کردنیان و کڕینیان دوای شۆردنی یەك حەیز دروستە ژن و مێردیان لەگەڵ بکری ، بۆ ڕوون کردنەوەی ئەو مەبەستە خوا ئەفەرموێ :

وَٱلْمُحْصَنَٰتُ مِنَ ٱلنِّسَآءِ إِلَّا مَا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُكُمْ ۖ كِتَٰبَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ ۚ وَأُحِلَّ لَكُم مَّا وَرَآءَ ذَٰلِكُمْ أَن تَبْتَغُوا۟ بِأَمْوَٰلِكُم مُّحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَٰفِحِينَ ۚ فَمَا ٱسْتَمْتَعْتُم بِهِۦ مِنْهُنَّ فَـَٔاتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ فَرِيضَةً ۚ وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا تَرَٰضَيْتُم بِهِۦ مِنۢ بَعْدِ ٱلْفَرِيضَةِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴿٢٤﴾ وَمَن لَّمْ يَسْتَطِعْ مِنكُمْ طَوْلًا أَن يَنكِحَ ٱلْمُحْصَنَٰتِ ٱلْمُؤْمِنَٰتِ فَمِن مَّا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُكُم مِّن فَتَيَٰتِكُمُ ٱلْمُؤْمِنَٰتِ ۚ وَٱللَّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَٰنِكُم ۚ بَعْضُكُم مِّنۢ

بَعۡضٖۚ فَٱنكِحُوهُنَّ بِإِذۡنِ أَهۡلِهِنَّ وَءَاتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ بِٱلۡمَعۡرُوفِ مُحۡصَنَٰتٍ غَيۡرَ مُسَٰفِحَٰتٖ وَلَا مُتَّخِذَٰتِ أَخۡدَانٖۚ فَإِذَآ أُحۡصِنَّ فَإِنۡ أَتَيۡنَ بِفَٰحِشَةٖ فَعَلَيۡهِنَّ نِصۡفُ مَا عَلَى ٱلۡمُحۡصَنَٰتِ مِنَ ٱلۡعَذَابِۚ ذَٰلِكَ لِمَنۡ خَشِيَ ٱلۡعَنَتَ مِنكُمۡۚ وَأَن تَصۡبِرُواْ خَيۡرٞ لَّكُمۡۗ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ٢٥

﴿ والمحصنات من النساء ﴾ وەقەدەغە كراون مارەكردنی ئەو ژنانە سەربەستن و خاونی مێردن و پارێزراون لەداوێن پیسی بەهۆی مێردەكانیانەوە ، هەروەك ئەوەی مێردەكانیان پارێزراون لە لەداوێن پیسی بەهۆی ژنەكانیانەوە .

﴿ إلا ماملكت أيمانكم ﴾ مەگەر ژنێ بەدیل گیرابێ و كرابێ بەتالانی و مێردی هەبێ مێردەكەی باوەڕی نەهێنابێ و بكرێ بەدارایی بۆ ئێوە ، ئەو ژنە مارەكردنی قەدەغەنیە بامێردەكانیان مابن ، چونكە ئەو ژنە بەدیل كردنەكەی پەیوەندی ژن و مێردی لەنێوان خۆی و مێردەكەی هەڵئەگیرێ ، بەلام ئەبێ ژن و مێردی لەگەڵ نەكرێ هەتا حەیزێ ئەشۆری ، ئەگەر سكی هەبوو نابێ بچێتە لای هەتا منالەكەی ئەبێ ، ئەگەر ئەو ژنە دیل كراوە هەرگیز حەیزی پێدا نەهاتبوو یا لەحەیز وەستابوو پێویستە مانگێ سەرجەم چاوەڕوان بكرێ ئەنجا بچنە لای ، حەنەفیەكان لایان وایە ژن و مێرد بەیەكەوە دیل كران پەیوەندیان لەیەك ناپچڕێ و بەردەوامە نابێ خاوەنەكانیان بچنەلایان بەلام لای شافعیەكان و مالیكەكان ژن و مێردیان ئەپچڕێ .

موسوڵمان ئەبێ خاوەنی ژن بەدوو هۆ ، یانێ ژنانێ سەربەست نەبن :

١- کاتێ جەنگی ئایینی پەیدا ببی لەنێوان موسوڵمانان و بێ باوەڕاندا و موسوڵمانان سەرکەوتن ئەوکاتە بێ باوەڕان بەژنیان و منالّ و داراییان ئەبن بەتالاّنی بۆ موسوڵمانان، ژنی بێ باوەڕان بەدیل کردن لەمێردەکانیان جیا ئەبنەوە بەلای هەموو زانایانەوە .. ئەو فەرمانە جێبەجی کراوە لەجەنگەکانی پێشوی ئیسلامدا ، لەبەر گەڕانەوە لەبێ باوەڕی و هاندانیان بۆ ئیسلام بوون . بەلاّم ئەوەی شایانبی هەر لەبەر پەرستنەو، خوا خۆی ئەزانێ بەسودی ئەوکارە.

٢- موسوڵمان ئەبێ بە خاوەنی ژن بەکڕینی کارەکەرێ ، دوایی مارەی بکا لە کەسێ. دوای مارەکردنی بفرۆشرێ بەکەسێ تر بەلای ئیبنومەسعودەوە بەوفرۆشتنە لەمێردەکەی جیا ئەبێتەوە وەمارەکردنەکە پوچ ئەبێتەوە ئەو کەسەی ئەی کڕێ بۆی هەیە بچێتە لای ئەو کارەکەرە پاش یەك حەیز

﴿ کتاب الله علیکم ﴾ قەدەغەکردنی ئەو ژنانە سەربەستن و خاونی مێردن و قەدەغەکردنی ئەو تاقمە ژنانەیش لەئایەتی (٢٢) و (٢٣) سورەتی نیساء دا لەکۆتایی جزمی چواردەمدا خوا پێویستی کردووە بەپێویست کردن .

﴿ واحل لکم ماوراء ذلکم ﴾ وەڕەوا کراوە بۆ ئێوە ژنێ جگەی ئەو ژنانە باسکران کە قەدەغەن مارەکردنیان ، بەومەرجەی مارە بڕێن بەگوێرەی یاسای دیاری کراو ، مارەیەکەیان بدرێتێ بەرانبەر بەو مارەکردنە نەك بەکرێ لەسەر داوێن پیسی وەك خوا ئەفەرموێ:

﴿ ان تبتغوا باموالکم محصنین غیر مُسَافِحِینَ ﴾ کەئێوە داوایان بکەن و مارەیان بکەن بەگوێرەی یاسا و بەدارایی خۆتان و بیکەن بەمارەیی بۆیان بەجۆرێ مارەیان بکەن بەداوێن پاکی بی جگەی داوێن پیستان ، ئیتر ئەو ژنانە سەربەستبن یا بەندەبن و خاون مێرد نەبن ، ئەگەر خاوەن مێرد بوون نابێ بچنە لایان بەدەستوری مێردە کانیان و بەخۆشی ئەوان بەگوێرەی نەریتی بەر لەئیسلام هەتا منالّەکەی ڕەسەنبێ .

بۆ زانین : ژنێ سێ بەسێ تەڵاق درابێ قەدەغەیە ئەو مێردەی مارەی بکاتەوە هەتا مێردێ تر نەکا پاش تەواو بوونی عیدەی مێردە تەلاق دەرەکەی ، دوایی مێردەکەی تەلاقی بدا و عیدە کۆتایی پێ بێ ئینجا مێردی پێشووی مارەی بکاتەوە . ئەم ژنانەیش قەدەغەن مارە بکرێن .

١- ژنێ لەعیدەی پیاوێکا بێ قەدەغەیە مارەکردنی هەتا عیدەکەی کۆتایی پێ نەیە .

٢- ئەگەر یەکێ لەو ژنانەی قەدەغەن مارەبکرێن تێکەڵاو بەژمارەیەکی دیاری کراو لەژنانی تر بوو ، بۆ نمونە : کچی پیاوی تێکەڵاوی بیست ژن بوو قەدەغەیە مارە کردنی هەموو ئەو ژنانە هەتا ڕوون نەبێتەوە ئەو کچە کامیانە .

٣- ئەو ژنانە مارە ئەکرێن بە (نکاح الشغار) قەدەغەن و مارە بڕینەکەیان پووچە ، وەك ئەوەی پیاوێ بڵێ بەمرۆڤێ تر : من مارەم کرد لەتۆ کچەکەی خۆم لەسەر ئەوەی تۆیش کچەکەی خۆتم لێ مارە بکەی و کچێتی هەریەکەیان مارەیی ئەوی تریان بێ .

٤- ژنێ لەئاینی ئیسلام وەرگەڕێ قەدەغەیە مارەکردنی هەتا نەگەڕێتەوە بۆ لای ئاینی ئیسلام .

٥- ئەو ژنانەیش بۆ ماوەیە مارە بکرێن قەدەغەن ، وەك بیێژرێ ئەو کچەی خۆمم لێ مارە کردی بۆ ماوەی ساڵێ یا مانگێ.

٦- ئەو ژنانەو ئەو پیاوانە ئیحرامیان بەحەج بەستبی لەو کاتەدا مارەکردن و ژن هێنان قەدەغەن و پوچە.

٧- ئەو ژنانە گومانیان لێ پەیدا بکرێ ئایا سکیان هەیە یان نە ؟ قەدەغەیە مارە کردنیان هەتا ڕاستی دەرئەکەوێ .

٨- ژنانی بێ باوەڕان لەجگەی خاوەن نامەکان قەدەغەیە مارەکردنیان بەوێنەی ئەو ژنانەی بت پەرستن .

﴿ فما أستمتعتم به منهن فاتوهنَّ أجورهنّ فريضــةً ﴾ دوایی ژنێ ئێوە ڕاتانبواردووە لەگەڵی دوای مارەبڕینی لەو ژنانەی ڕەوایە مارەکردنیان ، دوای بیبەخشن بەو ژنانە

کەمارەییەکانیان ، مافێکە پێویست کراوە لەلایەن خواوە نەك ئێوە وابزانن چاکەیان لەگەڵ ئەکەن و پێویست نی‌یە .

﴿ ولا جناحٌ عَلَيكُمْ فيما تَراضَيْتُمْ بـه مـن بعـد الفريضـة ﴾ وەهیـچ گوناهـێ لەسـەر ئێوەنی‌یە لەشتێکا ئێوە لەنێو خۆتانا ڕازی ئەبن بەو شتە لەدوای پێویست کردنی مارەییەکە و لەدوای مارەبڕینی ژنەکان ، یانی هەرکاتێ مارەبڕینی ژن لەسەر مارەییەکی دیاری کـراو بوو لەکاتی مارەبڕینەکەدا ئەو مارەییە مافێکی پێویست کراوە بۆ ئەو ژنە و ئەتوانێ دەست کاری بکا لەوەو دوا بەهەر جۆرێ خۆی بیەوێ ، بەڵام دوایی قەدەغـە نی‌یـە ژن و مـێرد لەنێو خۆیانا پێك بێن لەسەر واز هێنانی هەموو مارەییەکە یاهـەندێکی یـا زۆرتـری بکـەن لەئەندازەی دیارکراو ، هەروەك قەدەغە نی‌یـە ڕازی بـبن لەسـەر جۆری خواردەمـەنی و بەخێو کردن و ئەندازەی یارێك بکەون لەسەر تەلاقدان .

﴿ إن الله كان عليماً حكيماً ﴾ بەڕاستی خـوا ئـەزانێ بەهـەموو شـتێ بـەر لەدروسـت کردنیان ، هەموو شتێ لەجێگەی شیاوی خۆیا دائەنێ کەپێویستی کـردوە مـارە بڕیـن بـۆ پاراستنی بنەماڵە .

بۆ زانین : شیعە ئیمامیەکان ئەو ئایەتەی پێشویان کردوە بەبەڵگە لەسەر دروست بوونی موتعە (زواج المتعه) ، بۆیە پێویستە بزانین (زواج المتعه) چۆنە . بەڵگـە لەسـەر دروسـت نەبونی چ شتێکە ، بەڵگەی ئیمامیەکان چ شتێکە بۆ دروستبونی؟

(زواج المتعه) ئەمەیە : پیاوێ ژنێ مارە ئەکا بەم ڕستانە و بەو ژنە ئەڵێ : من ڕائـەبوێرم لەگەڵ تۆ بۆ ماوەی (١٠) ڕۆژ یا مانگێ یا سـاڵێ ، یـا بـەماوەی دانیشـتنم لـەم شـارە ، ژنەکە ئەڵێ : قبوڵم کرد . دوای کۆتایی پێهاتنی ئەو ماوەیە یا نەمانی پیاوەکە لەو شارەدا، مێردەکە لەژنەکە جیا ئەبێتەوە و ژن و مێردی لەنێوانیانا کۆتایی پێ دێ ، وایش ئەبێ ئـەو ماوەیە دیاری ناکرێ .

موسوڵمانان بیروڕایان جیاوازە لەبارەی مارەکردنی موتعە : زۆربەی هاوڕێکانی پێغەمەر و زانایـانی یاسـازانی موسـوڵمانان ئـەڵێن : نیکـاحی موتعـە پوچـە و هیـچ فـەرمانێ

لەفەرمانەکانی ژن و مێردی پەیدانابێ لەسەری و قەدەغەیە ، چونکە بوخاری و موسلیم ووتویانە : پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ نیکاحی موتعە و خواردنی گۆشتی گوێ درێژی خۆماڵی قەدەغە کردووە لەڕۆژی گرتنی مەکەیا جەنگی ئەوتاس یا جەنگی خەیبەر ، لەبەر ئەوەی مەبەست لەنیکاحی موتعە جێبەجێ کردنی ئارەزوی دەرونی و ڕابواردنی کاتی‌یە ، ئەوەیش دژی مەبەستی مارەکردنی یاسای ئیسلامە کەبەردەوامی نێوان ژن و مێردە و ژیانیان بەیەکەوە و پەیداکردنی بنەماڵەی خێزانی و بەخێو کردنی منالانە ، پرسیار کرا لەعەبدوڵای کوڕی عومەر لەبارەی موتعەوە ، فەرموی : موتعە داوێن پیسی و زینایە .

بەڕاستی گێڕاوەتەوە قەدەغەکردنی نیکاحی موتعە لەپێشەوایان ئەبی جەعفەر موحەمەد ئەلباقیر و ئەبی عەبدوڵا جەعفەری سادیق کە دووپێشەوای ئیمامیەکانن ، بەسامی سەیرەفی پرسیاری کرد لەئەبا عەبدوڵا لەبارەی موتعەوە بۆی باس کرد ، فەرمووی : ئەوە زینایە .

لەنامەی ئەلکافیدا هاتووە لەحەسەنی کوڕی یەحیای کوڕی زەید زانا و یاسا زانی عێراقی ئەڵێ : بەڕاستی خانەوادەی پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ پێك هاتوون لە سەر پێ‌ناخۆش بوونی موتعە و قەدەغەیان کردووە ، ئەوانیش دوای پێشەوای ڕانموویی عەلی کوڕی ئەبو تالیب کەتوون فەرمووی : ناهێنرێتە لای من ئەو ژن و پیاوەی موتعەیان کردبی مەگەر من بەردەبارانیان ئەکەم ، وەك فەرموی بەئیبنو عەباس کاتێ بەو گەیشت فەتوای داوە بەدروست بوونی موتعە : تۆ پیاوێکی سەرگەردانی بەڕاستی پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ نیکاحی موتعەی پوچ کردوەتەوە .

بەڕاستی گێڕاویەتی‌یەوە بەیهەقی لە ئیبنوشەهابی زەهریە : کەبەڕاستی ئیبنوعەباس کۆچی دوایی نەکردووە هەتا گەڕاوەتەوە لەو فتوایەی داوێتی لەبارەی ڕەوا بوونی موتعە . ئەوانەی ڕابوردن بیرو بۆچوونی زۆربەی زۆری هاوڕێکانی پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ و زانایانی یاسا زانی موسوڵمانانە جگەی ئیمامیەکان.

بەڵام شیعە ئیمامیەکان ئەڵێن : نیکاحی موتعە ڕاستە و ڕەوایە، ناوی ئەبەن بە نیکاحی کاتی ، چونکە قورئان ئەفەرموێ : ﴿ فما أستمتعتم به منهن فاتوهنَّ أجورهنّ فريضةً ﴾ زۆربەی زانایان ئەو بەڵگەیەی ئەوانیان پوچ کردۆتەوە بەمەی ئەو ئایەتە هاتووەتەخوارەوە بۆ ڕوون کردنەوەی نیکاح ، باسی موتعەی هەرگیز تێدا نەکراوە ، چونکە بەر لەوە باسی ئەو ژنانەی کردووە مارەکردنیان قەدەغەیە لەپاشا ئەفەرموێ :﴿ وأحل لكم ما وراء ذلكم أن تبتغوا بأموالكم محصنين غير مسافحين فما استمتعتم به منهن فآتوهن اجورهن ﴾ لەپاشا لەدوای ئەوە ئەفەرموێ : ﴿ ومن لم يستطع مِنكُمْ أن ينكح المحصنات المؤمنات فمّا ملكت أيمانكم من فتيانكم المؤمنات ﴾

هەروەها شیعەکان ئەڵێن : بەڵگە لەسەر ڕەوایی موتعە پێکهاتنی کۆمەڵی موسوڵمانانە بەگشتی ، جگەی ئەویش پێویستی بەموتعە لە ئیسلامدا هەیە لەسەر بونی و کاریشی پی کراوە ، ئەوانەیش لایان وایە ڕەوا بونی نیکاحی موتعە پوچ کراوەتەوە قەدەغە کراوە لەپاش ڕەوا بونی بەڵگەکانیان جیاوازن و هەریەکێکیان بەجۆرێ باسی ئەکەن ، ئەوەیش نابێتە بەڵگەی بێگومان. ئەوپەڕی ئەوەیە ئەکرێ بەبەڵگە لەسەر میرات نەگرتن و تەڵاق نەدان و بەتەواو بونی ماوەکە پێویست بەتەلاق نی‌یە.

بێگومان ئەو بەڵگەیە پوچ کراوەتەوە چونکە داواکەیان بۆ پێك هاتنی موسوڵمانان بەگشتی لەسەر ڕەوابونی موتعە دا نەبەستراوە ، چونکە ئەوکەسانەی پاش پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ فەرمویانە بەگشتی نیکاحی موتعە قەدەغەیە ، جگەی ئیبنو عەباس ئەویش پەشیمان بوەتەوە لەفتوای خۆی لەبەرئەوەی پێویستی نەماوە لەئیسلامدا .

بۆ زانین : شیعەکان زۆربەیان نیکاحی موتعە کاری پێناکەن ، زانای بەناوبانگ (جواد مغنیە) ئەڵێ : شیعەکانی لوبنان و سوریاو عێراق نیکاحی موتعە بەکار ناهێنن هەرچەندە بروایان بەڕەوا بوونی هەیە ، دادگای لوبنان دەستوریان نەداوە بەکردنی موتعە لەکاتی پێکهێنانیان هەتا ئەمڕۆ ، بەڵای یاسای مافەکانی خێزانی لوبنانی لەژمارەی (٥٥) دا بڕیاری داوە لەسەر ئەوەی نیکاحی موتعە پوچە و قەدەغەیە .

ژن هێنان بەر لەئاینی ئیسلام بەچوار جۆر بووە بەم شێوانەی خوارەوە :

١- پیاو خوازبێنی ژنی ئەکرد لەخزم و کەس و کاری و مارەیی بـۆ دیـاری ئـەکرا و مارە ئەکرا بەگوێرەی یاسای ئەوکاتە ، یاسای ئیسلام ئەم جۆرەی پەسەند کردووە و بـۆ خۆی هەڵبژاردووە .

٢- پیاو بەر لەئاینی ئیسلام بەژنی خۆی ئەووت بەخۆشیەوە هەر کاتـێ لەحـەیز پـاك بویتەوە بچۆرە لای فلان پیـاو و داوای لێ بکـە بێتـە لات ، پـاش ئـەو کـارە مێردەکـە نەئەچووە لای ژنەکەی هەتا ئاوسی ژنەکەی بۆ دەرئەکـەوت ، دوایـی ئەگـەر ئـارەزوی هەبوایە ئەچووە لای ژنەکەی . ئەو کارە ناپەسەندەیان بۆ یە ئەکرد هـەتامناڵێکی ڕەسـەن و جوان و قۆزی ببوایە .

٣- وایش ئەبوو کەمتر لە (١٠) پیاو ئەچونە لای ژنێ ، ئەگەر ئەو ژنە ئاوس ببوایـە و مناڵێکی ببوایە پاش تێپەڕ بوونی چەند ڕۆژێ بەسـەرمناڵ بونیـا پیاوەکـانی بـانگ ئـەکرد بۆلای خۆی و مناڵەکەی ئەچەسپاند بەسەریەکێ لەو پیاوانەدا ، پیاوەکەیش بەبێ وورتەو چەندو چوون مناڵەکەی وەرئەگرت و بەخێوی ئەکرد بۆ خۆی .

٤- وایش ئەبو ژنێ جێگەیەکی بۆ خۆی دیاری ئەکرد بۆ داوێن پیسـی و بـەیداخێکی هەڵئەکرد ، بەبێ ژمارە پیاوان ئەچونە لای ، کاتێ مناڵی بەو کارە نارەوایە بۆ پەیدا ببوایـە نیشانی پیاوێکی شێواز ناسی ئەدا ، بەگوێرەی بیرو بۆچونی ئەوپیاوە ئـەو مناڵـە شـێوەی لەهەرکەسێ لەو پیاوانە بچوایە مناڵەکەیان ئەدا بەسەریا ، ئەو کەسەیش مناڵەکەی ئـەبرد بۆ خۆی و ئەبوو بەمناڵی ئەو کەسە .

ئاینی پاکی ئیسلام بەشی یەکەمی هەڵبژاردووە بۆ موسوڵمانان ، چونکە لەداوێن پیسی دوورە ، ئەو سی بەشەکانی تری قەدەغە کردووە و خراوەتە زبڵدانەوە .

هەتا ئێستا باسی ژن هێنانی سەربەستمان کرد ، ئێستایش باسی مارەکردنی ژنـی بـەندە ئەکەین ، ئەگەر توانای مارەکردنی ژنی سەربەسـتی نـەبو ، مەرجـەکانی مـارەکردنی ژنـی بەندە ئەمانەی خوارەوەن :

١- نەتوانێ مارەیی ژنی سەربەست پەیدا بکا لەبەر ئەوەی مارەیی ئەوان زۆر گرانبێ ، مارەیی بەندەکان سووکتر و کەمتر بێ و پێویستە خزمەتی گەورەکەیشی بکا .

٢- ترسی داوێن پیسی هەبێ ، ئەم مەرجانە بیرورای هەڵبژێردراوی کۆمەڵێکە لەهاورێکانی پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ ، وەبیرورای شافیعی و ئەحمەدیشە ، بەڵام لای ئەبوحەنیفە مەرجی یەکەم لای پێویست نی‌یە و مرۆڤی سەربەست و خاوەن سامان ئەتوانێ ژنی بەندە بخوازێ ئەگەر ژنی سەربەستی نەبێ ، لای ئەبوحەنیفە مەرج نی‌یە ئەو بەندەیە باوەڕداربێ، بەڵکو ئەتوانێ بەندەی خاوەن نامە بخوازێ .

ئەو مەرجانە بۆیە پێویستە بۆ مارەکردنی ژنی بەندە لەبەر ئەوەیە هەرمناڵێ لەو ژنە بەندەیە پەیدا ببێ ئەبێ بەبەندەی خاوەنی‌دایکەکەی ، خوای مەزن بۆ ڕوون کردنەوەی ئەو مەبەستە فەرمویەتی :

﴿ و من لم یستطع منکم طولاً أن یَنکحَ المُحصنات المؤمنات ﴾ وەهەرکەسێ لەئێوە توانای سامانێکی وای نەبو مارە بکا ژنانی سەربەستی باوەڕدار .

﴿ فمن ما ملکت أیمانکم من فتیاتکم المؤمنات ﴾ دوایی مارە بکا ژنێ لەو ژنانە دارایی و کارەکەری برای باوەڕداری هاو ئاینی خۆتانن لەژنە لاوە باوەڕدار و کارەکەرەکانی خۆیان .

﴿ والله أعلم بایمانکم بعضکم من بعضٍ ﴾ وەخوا زاناترە لەهەموو کەسێ بەئایین و باوڕهێنانی ئێوە و کام لاتان لەئێوەی سەربەست و لەبەندەکان باوەڕتان بەهێزترە ، زۆر جاران ژنێکی بەندە باوەڕی بەهێزترە لەباوەڕی ژنێکی سەربەست ، ژنی وایش هەیە باوەڕی بەهێزترە لە پیاو ، کەواتە نابێ بێز بکەنەوە لەمارەکردنی ژنانی بەندە هەندێ لەئێوە لەهەندێ ترتان. دروست بوون بەبێ جیاوازی لەنێوان سەربەست و بەندە ، هەموتان لەیەك ڕەگەزن و لەئادەمنو ئادەمیش لەخاکە .

﴿ فانکحوهنَّ بإذنِ أهلِهنَّ ﴾ دوایی ئێوە مارەبکەن ئەو کارەکەرانە بەدەستوری خاوەنەکانیان بەمەرجێ لەیەك کارەکەر زۆرتر مارە نەکەن و ترسی داوێن پیسیتان هەبێ و

باوەڕداربێ وەك لەمەو بەر باسكرا ، بەمەرجێ ئەو پیاوەش یا هەرژنی نەبێ یا ژنی هەبێ و بۆ ژن و مێردی دەست نەدا .

﴿ وأتوهن أجورهن بالمعروف محصنات غير مسافحات ولا متخذات اخدانٍ ﴾ وەئێوە ببەخشن بە خاوەنی كارەكەرەكان مارەییەكانیان ، داوێن پاك بن و داوێن پیس نەبن بەئاشكرایی لەجێگەی دیاری كراودا ، وەلەنهێنیدا دۆستیان بۆ خۆیان وەرنەگرتبێ كاری خراپیان لەگەڵ بكەن ، ئەو كارە خراپانە بەر لە ئیسلام ڕەوشتیان بووە و قەدەغە كراون .

﴿ فإذا أحصن فإن أتين بفاحشةٍ فعليهن نصف ما على المحصنات من العذاب ﴾ دوایی كاتی ئەو كارەكەرانە پارێزران لەداوێن پیسی بەهۆی شوكردنیانەوە ، دوایی ئەو ژنە بەندە كارەكەرە كاری بێزلێكراو و داوێن پیسیان كرد ، دوایی لەسەریانە نیوەی شتێ لەسەر ژنانی سەربەستە لەسزا بەو جۆرە یاسا دیاری كردووە كەبریتیە لەپەنجا دار نەك بەردەباران چونكە نیوەی بەردەباران ناگونجێ ، بەندە كوڕبن یان كچ مێردیان كردبێ یان نە ، هەر پەنجا داریان لێ ئەدرێ .

﴿ ذلك لمن خشي العنت منكم ﴾ ئەو مارەكردنەی كارەكەرەكان لەكاتی بێ دارایی پیاواندا بۆ كەسێكە بترسێ لەداوێن پیسی لەلایەن ئێوە و ئارەزوی ژن و مێردی تەنگی پێ هەڵچنیبێ.

﴿ وأن تصبروا خيرٌ لَكُمْ والله غفورٌ رحيمٌ ﴾ وەئارام گرتنی ئێوە و مارەنەكردنی كارەكەرەكان چاكترە بۆ ئێوە لەبەرئەوەی ئەگەر منالێكتان لەو كارەكەرانە بۆ پەیدا ببێ ئەگەڕێن بەبەندە و خاوەنی دایكەكانیان هەڵیان ئەسوڕێنن لەكاری خۆیانا لەدەروە و لەناوەوە ، بەهەرچۆنێ بێ چاك وایە كارەكەر مارە نەكن . خوا خاوەنی لێ خۆشبوونە بۆ كەسێ ئارام نەگرێ ، میهرەبانە بۆ كەسانێ دەستوری پێدراوە كارەكەر بخوازێ .

پاش ئەوەی خوای مەزن ڕوونی كردەوە ئەو ژنانەی قەدەغەن مارەكردنیان و ئەوانەی ڕەوان ڕونیشی ئەكاتەوە كە ئەوانە هەمویان بۆ سودی ئادەمیزاد و بەرژەوەندیانە و ئەفەرموێ :

يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيُبَيِّنَ لَكُمْ وَيَهْدِيَكُمْ سُنَنَ ٱلَّذِينَ
مِن قَبْلِكُمْ وَيَتُوبَ عَلَيْكُمْ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿٢٦﴾
وَٱللَّهُ يُرِيدُ أَن يَتُوبَ عَلَيْكُمْ وَيُرِيدُ ٱلَّذِينَ يَتَّبِعُونَ
ٱلشَّهَوَٰتِ أَن تَمِيلُواْ مَيْلًا عَظِيمًا ﴿٢٧﴾ يُرِيدُ ٱللَّهُ أَن يُخَفِّفَ
عَنكُمْ وَخُلِقَ ٱلْإِنسَٰنُ ضَعِيفًا ﴿٢٨﴾

﴿ يريد الله ليبين لكم ويهديكم سنن الذين من قبلكم ﴾ خوا ئەیەوێ ڕونی بکاتەوە بۆ ئێوە ئەو شتانەی ڕەوان و ئەوانەی قەدەغەن و ئەوشتانەی پەنهانن لەئێوە ئەوانە خاوەنی سودن بۆتان لەکردەوە بەرزەکانتان و ، خوا ئەیەوێ ڕانموویی ئێوە بکا و شارەزای پرۆگرام و دەستوری کەسانێکی ئەوتۆتان بکا لەپێش ئێوەوە بوون لەخاوەن شارەزاکان هەتا ئێوە ڕێگەکانیان بگرن بۆ ئەو شتانە ڕەوان و ئەوانەی قەدەغەن هەر لەکاتی ئیسماعیلەوە هەتا سەردەمی ئادەم .

﴿ ويتوب عليكم والله عليم حكيم ﴾ خوا ئەیەوێ یاریدەیئێوە بدا لەسەر پەشیمان بوونەوەتان و لەگوناهەکانتان خۆش بێ و هانتان بدا لەسەر پەشیمان بونەوە ، لابدا لەسەرتان ناکۆکی نێوانتان و ، خوا ئەزانێ بەو شتانەی سوودی ئێوەی تێدایە ، هەموو کارێ لەجێگەی شیاوی خۆیا دائەنێ .

﴿ والله يريد أن يتوب عليكم ويريد الذين يتبعون الشهوات أن يميلوا ميلاً عظيماً ﴾ وەخوا ئەیەوێ یاریدەی ئێوە بدا لەسەر پەشیمان بوونەوە ، ئەیەوێ کەسانێکی ئەوتۆ دوای ئارەزوی ناپەسەندەکانی خۆیان کەوتوون کەئێوە لابدەن لەڕاستی و قەدەغەکراوەکان

بەڕەوا دابنێن ، بەلادانێکی زۆر گەورە و بتان خەنە هەڵەوە کەمارەکردنی خوشکی باوکی دروستە .

پرسیار / خوای مەزن لەدوو ئایەتا یەك لەدوای یەك ڕستەی (یتوبوا) ی دووبارە کردۆتەوە سوودی چ شتێکە ؟

وەڵام / یەکەمیان بۆ ڕوون کردنەوەی ئەو ژنانەیە ڕەوان مارەکردنیان و قەدەغەن بێ ئەوەی خوا فەرمان بدا بەپەشیمان بوونەوەو بیەوێ ، دووهەمیان بۆ ئەوەیە خوا فەرمان بە پەشیمان بونەوە ئەدا و ئەیەوێ بەوازهێنان لەقەدەغەکراوەکان .

ئەو کەسانەی ئەوتۆ پەیڕەوی ئارەزوو هەوەسی خراپی خۆیان ئەکەون کە ئازاد بن لە زنجیرەی یاسای ئاین و ڕەوشتی بەرز ، بەرەڵا بن و بڕۆن لەگەڵ ئارەزوی دەرونی ، بۆ هەرلایە ڕویان پێ‌بکا ئەوانە لەهەمو کاتێکا هەن هەر لەکۆنەوە هەتا ئێستا . هەرچەندە جۆری ئارەزوەکانیان جیاوازبن بەگوێرەی کات و جێگە .

لەم سەردەمەی خولی بیستەمدا بەناوی سەربەستی و گۆڕانکاری و پێش کەوتنەوە لەسنوری ئاینی و مرۆڤایەتی دەرچوون بە هورو رۆژانی ئارەزوو هەوەس لەڕێگەی فلیم و چیرۆکی دەست کرد و بەڕووت بونەوەی ئەندام و جم و جوڵ و سوڕدان ، بێگومان ئەوەیە لادانی گەورە لەڕاستی و کاری پەسەند .

﴿ یرید الله أن یخفف عنکم ﴾ خوا ئەیەوێ کە سوك بکا لەسەر ئێوە فەرماندانەکانی خۆی لەڕەوا کردنی هەندێ لەژنان بۆ ئێوە و بگرە لەهەموو کارێکا لەکاتی ناچاریدا .

بەکورتی ئەو کەسانەی دوای ئارەزو هەوەسی خۆیان ئەکەون ئەمانەی خوارەوەن :

١- تاقمێك هەن لەنێو ئیسلامدا ئەوانە بریتین لەمانە : داوێن پیسان ، قومار کەران ، مەی خۆران ، بەرتیل دەران ، بەرتیل وەرگران ، دۆستە بێ‌شەرمەکانی ڕۆژئاوا کە ئەوروپاییەکان ئەیان کەن بەداردەستی خۆیان و ئەیان کەن بەهۆی تالآن کردنی دەرامەت و پیتی وولاتی ئیسلام ، ئەیان کەن بەبەندەی خۆیان بۆ چەوسانەوەی موسوڵمانان و مژینی خوێنیان .

٢- تاقمێ تریان هەن لەدەرەوەی وولاتی ئیسلامان لەدانیشتوانیئەوروپا ، ئەوانە بەچاوچنۆکی خۆیان پەلاماری وولاتانی ئیسلام ئەدەن بەهۆی بەکرێگیراوە بەناو موسولمانەکانەوەو دانیشتوانی وولاتی ئیسلام داگیر ئەکەن و ئابووری و سامانیان ئەخۆن بەتایبەتی زێری ڕەشیان ، بەنهێنی دەرامەتی موسولمانان ئەدزن و ئەی خۆن ، ئەوانە بۆ سودی خۆیان و ریان ئەگرن ، کەچی دانیشتوانی وولاتی ئیسلام هەموو ئاواتیان بریتیە لەمانە : بەرگ و پۆشاکی نایاب ، خواردن و خواردنەوە ، ڕابواردنیان لەگەڵ ژنانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلات ، خۆیان لەموسولمانان جیا ئەکەنەوە و تێکەلاوی جولەکەکان ئەکەن و واز لەبرای خۆیان ئەهێنن فیزیان بەسەردا ئەکەن و خۆیان بەگەورە تر ئەزانن و ئەلێن : ئێمە ڕۆشنبیر و پێشکەوتوین .

هەرێمەکانی ئیسلام ئەوانەیان ئێمە ئەیان ناسین و ئەیان بیستین ، بەتایبەتی عێراق و سوریا و تورکیاو لوبنان و میسر و مەراکیش ، کارەبەدەستەکانیان و بەتایبەتی کاربەدەستانی سعودی و میرنشینەکانی کەنداو بەحرەین و کوەیت ، خوێندەوار و ساماندارەکانیشیان و هەندێ تریان بەهیچ شتێ خۆشی و ئارەزویان ناجولێ و تەواو نابێ مەگەر بەخواردن و خواردنەوە و بەرگ و ڕابواردن و دانیشتنیان لەسەر مێز و چێشتخانە و گازینۆ و ئوتێلی ئەوروپا نەبێ ، بەمەی و قوماركردن جێگەکانیان ئەڕازێننەوە و لاسایی ئەوروپاییەکان ئەکەنەوە لەهەموو کارو فرمانیانا بەتایبەتی داوێن پیسی کردن لەگەڵ کوڕان و ژنانیانا .

ئەو کارە ناپەسەندانە ئێمە ئەیان بینین و ئەیان بیستین ئەگەر باوك و باپیرەکانمان و پێشووەکانمان بیاندیایە شێت ئەبوون و خەفەت دای ئەگرتن و لەداخانا ئەمردن . ئەوروپاییەکان و گاورو جولەکەکان و لەئاین وەرگەڕاوەکان دێنە ولاتانی ئیسلام بەڕوتی و بەهەژاری و بەبێ سامان کەچی زۆری پێ ناچێ ئەبنە خاوەنی کۆشك و سامانی زۆر ، ئەبێ ئەوانەیان چۆن پەیدا کردبێ ؟ پەیدایان کردووە بەپەرداخی پڕ لەئاوی ژەهراوی

کەدەرخواردی دانیشتوانی وولاتانی ئیسلامیان ئەدەن و سەرخۆشیان ئەکەن و پارەی زۆریان لێ ئەسێنن لەمەی خانەکان و قومار خانەکان و مێزیان بۆ ئەڕازێننەوە و بێ هۆشیان ئەکەن و قومارەکانیان پێ ئەدۆڕێنن و باخەڵی خۆیانیان لێ پڕ ئەکەن ، زۆر کاری تری نارەوای تریان پێ ئەکەن .

﴿ وخلق الإنسان ضعيفاً ﴾ وەئادەمیزاد دروست کراون بەلاوازی و بێ توانا ، خۆڕاگر نین و تووشی ئازاری زۆر ئەبن ، خۆیان ڕاناگرن لەسەر پەرستنی خوا ، بەتایبەتی بەرانبەر بەژنان و هەژاری و ڕووداوو کارەساتی ناکاو و نەخۆشی و زۆر شتی تر .

ئادەمیزاد هەرچەندە بێ توانان لەکار و پەرستنی ئاییندا لەشێر ئازاترن بۆ کاری جیهانی بەزەوی ڕازی نابن و ئەفرن بۆمانگ و ئەستێرەکانی تر و ڕامیان ئەکەن بۆ سوودی خۆیان .

خوای مەزن لەمەو بەر بۆمانی ڕوون کردەوە ئەو ژنانەی مارەکردنیان قەدەغەن ، ئێستایش باسی ئەو دارایی و سامانانەمان بۆ ئەکا قەدەغەن لەهەندێ ڕێگەوە ، داوامان لێ ئەکا جۆرێ کاری کۆمەڵایەتیمان بۆ ڕوون بکاتە بەهۆی ڕوون کردنەوەی هەندێ لەمامەڵەدا .

يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ
ءَامَنُواْ لَا تَأْكُلُوٓاْ أَمْوَٰلَكُم بَيْنَكُم بِٱلْبَـٰطِلِ إِلَّآ أَن
تَكُونَ تِجَـٰرَةً عَن تَرَاضٍ مِّنكُمْ ۚ وَلَا تَقْتُلُوٓاْ أَنفُسَكُمْ ۚ
إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا ﴿٢٩﴾ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ عُدْوَٰنًا
وَظُلْمًا فَسَوْفَ نُصْلِيهِ نَارًا ۚ وَكَانَ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ
يَسِيرًا ﴿٣٠﴾

﴿ يا أيها الذين آمنوا لا تأكلوا أموالكم بينكم بالباطل ﴾ ئەی کەسانێکی ئـەوتۆ ئێـوە باوەڕتان هێناوە ئێوە مەخۆن دارابیەکانی خۆتان لەنێوان خۆتانا بەجۆرێکی پوچ و نـاڕەوا و بە گوێرەی یاسـا نـەبێ ، وەك سـود و قومـار و دزی و بەسـوێندی درۆ و بـەرتیل و درۆ بەکارهێنان لەدادگاکاندا و بەمامەڵەی پوچ و مەرجەکانی نەهاتبێتە دی .

﴿ إلا أن تكون تجارة عن تراض منكم ﴾ مەگەر ئەو دارابیانە بەبازرگانیە بێ بەدەستوور و ڕەزایەتی نێوان خۆتان بێ ، بەمەرجێ ئەو بازرگانیە لەسنور دەرنـەچێ بەگوێـەی یاسـا و نەبێتـە هـۆی تێـك چونـی ڕەوڕەو و بـەرژەوەندی دانیشـتوان بـــەهۆی بـــەرتیلدان بـــە کاربەدەستان ، مەرج نیە نرخی کاڵای هـەردوولایان وەك یـەك وابـن ، چونکـە لەوانەیـە نرخی کاڵای یەکێکیان زۆرتربێ لەو کاتەدا ئەو لایەنە بۆی هەیە ئەو زۆرەیش ببا بەمەرجێ مامەڵەکە بەڕەزابەتی هەردوو لابێ و درۆی تێدا نەکرێ .

پرسیار / ئەگەر بازرگان پڕوپاگەندە بکا بـۆ پارچـە و کـاڵای خـۆی بـۆ ڕەواج پـەیدا کردن ئایا ئەو کارە خواردنی دارایی دانیشتوانە بەجۆرێکی ناڕەوا؟

وەڵام / ئەو کارە قەدەغە نیە بەمەرجێ ئەو پڕوپاگەندەیە بـەو جـۆرە بـێ کردوبێتـی ، ئەگەر بەو جۆرە نەبوو بۆ کڕیـار هەیـە مامەڵکـە پـوچ بکاتـەوە و فرۆشـراوەکە بداتـەوە بەخاوەنەکەی و نرخەکەی وەربگرێتەوە.

﴿ ولا تقتلوا أنفسكم ﴾ وەئێوە خۆتان مەکوژن بەناڕەوا و ستەم ، هـەندێکتان هـەندێ ترتان مەکوژن ، ئەو ڕستەیە ئاماژەیە بۆ ئەوە ئادەمیزاد بەوێنەی یـەك کـەس وان کوشـتنی یەکێ لەوان وەك خۆی کوشتبێ وایە ، ئەو خۆکوشـتنە وەك ئـەوەی مـرۆڤ خـۆی بخاتـە خوارەوە لەسەر کێوێ یا خۆی بسـوتێنێ ، بەتایبـەتی جـەنگێ ببێتـە هـۆی کوژرانـی زۆر لەنێوانتانا ، وەك جەنگی نێوان عێراق و ئێران کەزۆرتر لەیەك ملیۆن ئێرانی و نیو ملیـۆن عێراقی تێدا کوژرا .

﴿ إن الله كان بكم رحيماً ﴾ بەڕاستی خوا میهرەبان و خاوەن بەزەییە بۆ ئێوە ، فـەرمان بەهەر شتێ بدا و هەرشتێ قەدەغە بکا بـۆ سـودی ئێوەیـە کـەچی ئێـوە خۆتـان بـەزەییتان بەخۆتانا نایەتەوە یەکتری ئەکوژن و دارایی خۆتان ئەدەن بەدوژمنی خۆتان .

﴿ ومن يفعل ذلك عدواناً وظلماً فسوف نصليه ناراً وكان ذلك على الله يسيراً ﴾
وەهەرکەسی بیکا خواردنی دارایی خۆتان و کوشتنی خۆتان لەبەر دەست درێژکردن و لادان لەسنور و لەبەر ستەم کردن لەیەکتری نەك بەهەڵەکردن و تۆڵەسەندنەوە ، دوایی ئێمە ئەو کەسە ئەخەینە ئاگر و تووشی سزای ئەکەین ، وەخستنی ئەو کەسە بۆ نێو ئاگر زۆر ئاسانە لەسەر خوا و کەس ناتوانێ ڕێگە لێ بگرێ بەهەرجۆرێ بێ لەبیرچوون و هەڵەکردن و زۆر لێکراو کارەکانیان بەستەم و بەسنوور دەرچوون دانارێن .

لەبەر ئەوەی ئەو ئایەتەی پێشوو وای دەرئەخا ئێمە بەهیوای بەزەیی خوا نەبین و لێمان نابورێ بۆ دڵدانەوەمان ئەفەرموێ:

إِن تَجْتَنِبُوا كَبَائِرَ مَا تُنْهَوْنَ عَنْهُ نُكَفِّرْ عَنكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ وَنُدْخِلْكُم مُّدْخَلًا كَرِيمًا ﴿٣١﴾

﴿ إن تجتنبوا كبائرما تنهون عنه ﴾ ئەگەر ئێوە دوور بکەونەوە و خۆتان بپارێزن لەگوناهە گەورەکانی ئەوتۆ ئێوە قەدەغە کراون لەکردنیان .

﴿ نكفر عنكم سيئاتكم وندخلكم مدخلاً كريماً ﴾ ئێمە ئەشۆرینەوە گوناهەکانی ئێوە و لێتان خۆش ئەبین و ، ئێمە ئێوە ئەخەینە جێگەیەکی بەڕێز و گەورە لەڕۆژی دواییدا کەبریتیە لەبەهەشت.

قورئانی پیرۆز گوناهی کردووە بەدوو بەشەوە : گوناهە بچوکەکان و گوناهە گەورەکان ، هەرکاتێ ئێمە زانیمان گوناهە گەورەکان چین و کامانەن ، دوایی بۆمان دەرئەکەوێ گوناهە بچوکەکان کامانەن و چین .

زانایان بیریان جیاوازە دەربارەی گوناهە گەورەکان ، ئەوەی لەهەموو شتێ نزیکتربێ هەر گوناهێ سنور و حەدی بۆ دیاری کرابێ یا بەئاشکرا هەڕەشەی تێدا بێ لەلایەن خواوە

قەدەغە کرابێ گوناهی گەورەن بەڵام گوناه نابێ بەگەورە لەگەل داوای لێ بوردندا ، گوناه لەگەڵ بەردەوامیدا بەپچوك دانانرێ . چاکترین بیرو بۆچوون ئەوەیە گوناه لەخۆیا هەموویان گەورەن ، بەڵام هەندێ گوناه لەهەندێ تریان بچوکترن ، بۆ نمونە : تەماشاکردنی ژنی بێگانە بەگومانەوە گەورەیە لەخۆیا ، بچوکە بەرانبەر بەماچ کردن ، ماچ کردن بچوکترە بەرانبەر بەداوێن پیسی ، خواردن لەسەر مێزی مەی خواردنەوە بچوکترە لەخواردنەوەی مەی ، هەروەها .

هەندێ لەگوناهە گەورەکان ئەمانەن ، لەهەموو گوناهێ گەورەتر هاوبەش دانانە بۆ خودا ، دوایی بێ ئومێدی لەبەزەیی خوا ، ئەمین بونەوە لەسزادانی خوا ، ئازاردانی باوك و دایك ، کوشتنی ئادەمیزاد بەناڕەوا ، بوختان کردن بەداوێن پاکاندا ، خواردنی دارایی هەتیوان پشت کردنە جەنگی بێ باوەڕان ، خواردنی سود ، جادوکردن ، داوێن پیسی ، سوێندی درۆ ، خواردنەوەی مەی ، نوێژ نەکردن بەدەستی ئەنقەست ، بچڕاندنی خزمایەتی، زەکات نەدان ، شایەتی درۆ ، ڕۆژو نەگرتن ، گۆشتی بەراز خواردن ، حەج نەکردن ، دارایی خواردنی خەڵکی بەستەم ، ئەوانە و هەندێ تر و لەوانەیە بگەنە حەوت سەد.

نوێنەرانی ژنان چوونە خزمەت پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ ووتیان بەپێغەمەر : ئایا خوا خوای ژنان و پیاوان نیە ؟ تۆیش پێغەمەری هەموویان نیت ؟ بۆچی خوا هەرناوی پیاوان ئەبا ؟ ئێمە ئەترسین چاکمان تێدا نەبێ و خوا پێویستی بەئێمەی ژنان نیە ، ئوموسەلمە ووتی : ئەی فروستادەی خوا پیاوان لەڕێگەی خوادا جەنگ ئەکەن ،ئێمە جەنگ ناکەین ، خۆزگایە ئێمەش وەك پیاوان بوینایە . بۆ دڵخۆش کردنی ژنان خوا فەرمووی :

وَلَا تَتَمَنَّوْا۟ مَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بِهِۦ بَعْضَكُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ ۚ لِّلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِّمَّا ٱكْتَسَبُوا۟ ۖ وَلِلنِّسَآءِ نَصِيبٌ مِّمَّا ٱكْتَسَبْنَ ۚ

وَسْـَٔلُوا۟ ٱللَّهَ مِن فَضْلِهِۦٓ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمًا ﴿٣٢﴾ وَلِكُلٍّ جَعَلْنَا مَوَٰلِىَ مِمَّا تَرَكَ ٱلْوَٰلِدَانِ وَٱلْأَقْرَبُونَ ۚ وَٱلَّذِينَ عَقَدَتْ أَيْمَـٰنُكُمْ فَـَٔاتُوهُمْ نَصِيبَهُمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدًا ﴿٣٣﴾

خوای مەزن کاتێ قەدەغەی کرد لەئایەتەکانی پێشوودا خواردنی دارایی هاونیشتمانان بەنارەوایی و کوشتنی خۆیان ، خوا فەرمانمان پێ ئەدا لـەم ئایەتـەی دواییـدا بەشتێ تـری ئاسان و ڕەوا هەتا واز بهێنین لەو شتانەی قەدەغە کراون ئـەویش ئەوەیە هـەموو کەسێ ڕازی بێ بەو شتەی خوا پێی بەخشیوە لەدارایی و پلە و پایە و بەتـەمای سـامانی خـەڵکی نەبێ ، هەتا بەوبۆنەوە دارایی یەکتری نەخۆن و یەك نەکوژن ، بۆیە خوا ئەفەرموێ:

﴿ ولا تتمنوا ما فضل الله به بعضكم على بعض ﴾ وەئێوە ئاوات مەخوازن بۆ شتێ خوا ڕێزی هەندێ لەئێوەی داوە بەسەر هەندێ ترتانا بەهۆی ئەو شتەوە کەدارایی زۆر و پلـە و پایەی بەرزی پێداون ، لاتان خۆشبێ ئەو شتانەی ئەوان بۆ ئێوەبێ ، ئەوانە بەدەستی ئێوەنین و خوا پێی بەخشیون وەك پێغەمەرایەتی و زانیاری و جوانی و سامان .

بۆ زانین : ئاوات خواستن بۆ دارایی دوو جۆرە :

١- (الغبطه) یانی داواکردنی وێنەی شتێ خوا بەخشیوێتی بەکەسێ کە خوا بەویشـی ببەخشێ و ئەو شتە خوا لـەو کەسەی تری نەسـتێنێتەوە ، ئـەو جـۆرە ئاواتـە ڕەوایـە و قەدەغە نیە .

٢- (الحسد) یانی داواکردنی شتێ خوا بەخشـیوێتی بەکەسـێ و خـوا لـەو کەسـەی بسێنێتەوە و بیدا بەم بەتەنیا ، ئـەو جۆرەیـان قەدەغەیـە و مەبەسـتە لەفـەرماندانی خـوا بەوڕستەیە .

بەگوێرەی فەرمودەی خوا جۆری یەکەم ڕەایە کەئەفەرموێ : ﴿ ربنا أتنا في الدنيا حسنة وفي الآخرة حسنة ﴾ ئەی پەروەردگاری ئێمە تۆ ببەخشە بەئێمە لە جیهاندا چاکە و لەدوارِۆژ و چاکەی گەورە.

﴿ للرجال نصيب مما أكتسبوا وللنساء نصيب مما أكتسبن ﴾ بۆ پیاوان هەیە بەشێك و پاداشتێ لەشتێ پیاوان خۆیان کردویانە ، بۆ ژنان هەیە بەشێك و پاداشتێ لەشتێ خۆیان کردویانە ، بۆ هەموو ئادەمیزادێ هەیە پاداشتی کردەوەی خۆیان ، دروست نیە دەرونی خۆیان خەریك بکەن بەئاواتی خراپ و دڵپیسی .

﴿ واسألوا الله من فضله إن الله كان بكل شيء عليماً ﴾ وەئێوە داوابکەن لەخوا وێنەی شتێ خوا بەخشیوێتی بەجگەی خۆتان و داوای نەمانی شتێ مەکەن خوا بەخشیوێتی بەوان، گەنجینەی خوا کۆتایی پێنەهاتووە ، بەتەمای دارایی جگەی خۆتان مەبن ، بەراستی خوا بەهەموو شتێ ئەزانێ جێگەی شایستەیە ئەوەی ئەیدا بەکەسێ ، ئاگای لەوانی تر هەیە .

پرسیار : فەرماندان بەداواکردن لەخوا وای دەرئەخا ئەو داوایە وەربگیرێ کەچی ئادەمیزاد هەمویان یا زوربەیان بەپەرۆشەوە ئەپاڕێنەوە لەخوا و ، خوا وەڵامی داواکەیان ناداتەوە ؟

وەڵام : زۆر ڕاستە خوا فەرمانی داوە بەپاڕانەوە ، بەڵام لەهەمان کاتدا فەرمانی داوە بەکۆشش و کارکردن و نابێ مرۆڤ بەتەمەڵی دانیشێ و هەر شتێ بەدڵیا هات خوا بیداتێ، ئەگەر بەو جۆرە خوا وەڵامی مرۆڤ بداتەوە گەردون کاول ئەبێ ، چونکە وائەبێ دوو کەس لەیەك کاتا داوای دووشتی دژ بەیەکتری بکەن هەرکەسێ داوای شتێ بکا و بەتەمەڵی دانیشێ ئەبێ بە خەفەتەوە بمرێ .

﴿ ولكلٍ جعلنا موالي مما ترك الوالدان والأقربون ﴾ وەبۆ هەموو کەسێ لەپیاوان و ژنان ئێمە بۆ ئێوەمان گێڕاوە و بۆمان دیاری کردووە چەندین میراتبەر لەشتێ بەجێی هێڵاوە باوك و دایك و خزمەکانتان لەماڵ و برا و مام و کەسانی تر .

ووشەی (موالی) بەشەش مانا هاتووە :

(١)ئازاد کەری بەندە کە میراتی ئازادکراوەکەی خۆی ئەبا .

(٢)بەندە ئازاد کراو چونکە پەیوەندی بەسەر دارایی خۆیەوە هەیە .

(٣)ئامۆزایان ، چونکە ئەوان سەرداری پاراستنی هەموو کارەساتێکی خزمانی خۆیانن .

(٤)هاوسوێند ئەبێتە بەڕێوەبەری کـاری هاوسـوێندەکەی بـەهۆی دابەسـتنی سـوێندەوە یاریدەی یەکتری ئەدەن لـەهەموو ڕوداوێکا.

(٥)دۆستانی خوا چونکە خوا یاریدەریانە.

(٦)میراتبەران ، مەبەست لەم ووشەیە لەم ئایەتەدا میراتبەرانە .

﴿ والذين عقدت ايمانكم فاتوهم نصيبهم ﴾ وەکەسانێکی ئەوتۆ بووبـن بەهاوسـوێندی یەکتری بۆ ئەوەی میرات لـەیـەکتری بگـرن ، دوایـی ئێـوە ببەخشـن بـەوان بەشـەکانیان بەگوێرەی گرێ بەندەکەتان ، بەر لـەهاتنی ئـاینی ئیسـلام هاوسـوێند میراتیـان لـەیـەکتری ئەگرت ، بەڵام بەئایەتی ﴿ وأولوا الأرحام بعضـهم أولى ببعضٍ ﴾ وەخـاوەن خزمـەکانتان هەندێیان چاکترن لەهەندێ تریان بۆ ئێوە و نزیکترن لـەئێوەوە مانکەی گۆڕاوە .

لای ئەبو حەنیفە ئەگەر پیاوێ موسوڵمان بو لـەسەر دەستی پیاوێ تر و پەیمانیان بەسـت کە میرات لـەیەکتری بگرن ئەو کارە دروستە .

بۆ زانین : پەیمان بەستن ئەمانەیش ئەگرێتەوە : گرێ بەندی نێوان ژن و مێردی ، گـرێ بەندی سەرداری نێوان ئازاد کەر و ئازادکراو ، گرێ بەندی ئیسـلامەتی کەسـێ بمـرێ و میراتبەری نەبێ‌موسوڵمانان میراتەکەی ئەبەن .

﴿ إن الله كان على كل شيء شهيداً ﴾ بەڕاستی خوا بەسەر هەموو شـتێکا ئاگـادارە و بەنهێنی و ئاشکرای هەموو شتێ ئەزانێ .

لـەبەرئەوەی پەیمانی دۆستایەتی و خۆشەویستی بەستراوە لـەنێوان ژنان و پیاواندا ، خـوا پێویستی کردوە ئەو دۆستایەتی‌یە بتەوتربێ لـەنێوانیانا بـەگوێرەی سروشـت خـوا پێویسـتی کردووە لـەسەر پیاوان ستەم لـەژنان نەکەن و لـەسنور دەرنـەچن ، بـۆ ئـەو مەبەسـتە خـوا ئەفەرموێ :

ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ بِمَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بَعۡضَهُمۡ
عَلَىٰ بَعۡضٖ وَبِمَآ أَنفَقُواْ مِنۡ أَمۡوَٰلِهِمۡۚ فَٱلصَّٰلِحَٰتُ
قَٰنِتَٰتٌ حَٰفِظَٰتٞ لِّلۡغَيۡبِ بِمَا حَفِظَ ٱللَّهُۚ وَٱلَّٰتِي تَخَافُونَ
نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَٱهۡجُرُوهُنَّ فِي ٱلۡمَضَاجِعِ
وَٱضۡرِبُوهُنَّۖ فَإِنۡ أَطَعۡنَكُمۡ فَلَا تَبۡغُواْ عَلَيۡهِنَّ سَبِيلًاۗ
إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيّٗا كَبِيرٗا ﴿٣٤﴾ وَإِنۡ خِفۡتُمۡ شِقَاقَ
بَيۡنِهِمَا فَٱبۡعَثُواْ حَكَمٗا مِّنۡ أَهۡلِهِۦ وَحَكَمٗا مِّنۡ أَهۡلِهَآ إِن
يُرِيدَآ إِصۡلَٰحٗا يُوَفِّقِ ٱللَّهُ بَيۡنَهُمَآۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا خَبِيرٗا
﴿٣٥﴾

﴿ الرجال قوامون على النساء بما فضل الله بعضهم على بعضٍ ﴾ پیاوان دانراون بەسەر ژنانی خۆیانەوە بۆ بەخێو کردن و دەست گرتنیان و یاریدانیان و جێبەجێ کردنی کارەکانیان . پیاو و ژن بنچینەی سەرەکین بۆ ژیانی ئادەمیزاد هیچ یەکی لەوان بەبێ ئەوی تریان کار و فەرمانیان ناڕوا بەڕێوە ، بەڵام جۆرە جیاوازییەك هەیە لەگەڵ ژنان ، ئەگەر وەك یەك وابن لەهەمو لایەکەوە پێویستی بەدروست کردنی هەردوکیان نەئەبوو ئەگونجا

هەر یەکێکیانبێ، ئەوکاتە بوون نەبونی ئەوی تریـان یەکسـان ئـەبوو ، دوایـی داواکردنـی بۆلای یەکسانی نێوانیان دژی گفتوگۆی ژیانی جیهانـە ، پیـاو ڕێزدارتـرە لـەژنان بـەهۆی چەند شتێکەوە . خوا ڕێزی هەندێ پیاوی داوە بەسەر هەندێ ژنانا ، خـوا ڕێـزی هـەموو پیاوانی نەداوە بەسەر هەموو ژناندا ، زۆر ژن هەن بـەڕێزتر و گـەورەترن لـەهـەزاران پیـاو هەر لـەبەرئەوە خوا نەی فەرموە ﴿ بما فضلهم عليهن ﴾ کەکورت تریشە .

زۆرکەس لـەژنان و یاریدەدەرەکانیان ئەڵێن : مەبەستمان ئەوەیە ژنان و پیاوان یەکسانبن لەهەندێ مافەکان و پێویستیەکانیان ، نەك یەکسان بـن لەگـەڵ پیـاوان لـەهـەموو شـتێکا کەلـەوانەن منالبوون و شیردان . لـەوەڵامدا جیاوازی دروستبونی ئەندامانی ژنان بێگومـان داوای ئەوە ئەکەن جیاواز بن ژن و پیـاو لەهـەندێ مـاف و پێویسـتیدا ، بگـرە جیـاوازن لـەئارەزوی ژن و مـێردا ، ئـەو کەسـەی بلـێ : یەکسـانن لەهـەموو لایەکـەوە لـەمافو پێویستیدا وەك ئەمەوایە بڵێ : ئەبێ جیاواز بن لـەهەموو شتێکا ، ئەوەی ڕاسـتی بـێ ژن و پیاو هاوبەشن لـەزۆر مافدا ، گرنگتر لـەهـەموان یەکسـانن لـەبـەردەم خـوادا و سەربەسـتن لـەدەستکاری کردنی داراییداو لەهەڵبژاردنی هاوبەشی خۆیانا ، جیاوازن لـەهەندێ مافدا ، لـەئایەتی (٢٢٨) ی سورەتی ئەلبەقەرەدا باسی (١٠) جیاوازی نێوان ژن و پیاویان کردوە لـەیاسای ئیسلامدا ، مەبەستی ئەو ئایەتەی ئێرەیش ئەمانەمان بۆ ڕوون ئەکاتەوە :

١- پیاو سەردارە لـەسەر ژنـان : مەبەسـت لـەپیاوان بەتایبـەتی مێردەکانـە ، لـەژنان بەتایبەتی ژنانێ مێردارن ، مەبەست لـەسـەردار بەسـەر ژنانـەوە دەسـەڵاتداری پیـاوان نیـە بەبەرەڵایی بەجۆرێ پیاو سەردارێکی دیکتاتۆربێ و ژن بچوکی پیاوبـێ و هـیچ توانایـەکی بەرانبەر پیاونەبێ ، بەڵکو مەبەست جۆرە سەرداریەکی کەمە ، یاسازانان بۆ پیاوانی دیـاری کردووە کە تەڵاقدان دراوەتە دەست پیاوان ، پێویستە ژن پەیرەوی پیاو بکا بـۆ خـەوتن ، لـەجێگەی مێرد دەرنەچێ بەبێ دەستوری پیاو ، ژن و پیاو لـەجگەی ئـەو شـتانە وەك یـەك وان و یەکسانن .

٢- خوا دوو هۆی داناوە بۆ سەرداری پیاوان ، ئاماژەی بەیەکمیان کردووە بە ﴿ بما فضل الله بعضهم علی بعضٍ ﴾ وەئاماژەی کردووە بۆ هۆی دووهەم کەئەفەرموێ: ﴿ وبما أنفقوا من أموالهم ﴾ وەپیاوان دانراون بەسەر ژنانەوە سەرداریانن بەهۆی شتێ پیاوان ئەیبەخشن بەژنان لەمارەیی و بەخێو کردنیان .

خوای گەورە جۆری ڕێزداری پیاوانی ڕوون کردوەتەوە ، هەرئەوەندە ئەفەرموێ ﴿ بما فضل الله ﴾ زانایان و ئەو کەسانەی مانای قورئانیان کردووە ئەڵێن : پیاو لەژن بەهێزتر لەدروستبوونی ئەندامەکانی ، زانایان درێژەیان داوە بەدیاریکردنی ڕێزداری پیاوان ، بەو جۆرەی ئێمە ئەیبینین کارە گەورە و بەسودەکانی ئاینی و زانیاری و ڕامیاری زۆربەی هەرە زۆریان لەپیاوانەوە ئەبینری و کەم جاران لەژنانەوە ، زۆرتر لەهەموو شتێ ژنان گرنگی بەرگ و ڕازاناوەی لەشیان و هوروژانی هەستی ژنایەتی ئەدەن ، وائەبێ لەمانگێکا ژن بەهۆی حەیزەوە ناتوانێ کاری ڕامیاری بکا .

ئەوەی شایانی ئاماژە بێ بۆ لای فەرمودەی خوا ﴿ وبما أنفقوا من أموالهم ﴾ هەرکاتێ پیاو ژنی بەخێو نەکرد سەرداری پیاو بەسەر ژنانەوە نامێنێ ، لەو کاتەدا ژن بۆی هەیە لای دادوەر داوای تەڵاقدان بکا بەگوێرەی یاسا ئەگەر پیاو سەرپێچی کرد دادوەر لەجیاتی پیاو تەلاقی ئەدا .

بەلای مالیك و شافیعیەوە ، ژنان ئەکرێن بەدوو بەشەوە :

١- ﴿ فالصالحات قانتات حافظات للغیب بما حفظ الله ﴾ دوایی ژنانی کردەوە چاك ئەو ژنانەن پەیڕەوی فەرمودەکانی خوا ئەکەن و بەو جۆرەی خوا بۆی دیاری کردوون پەیڕەوی مێردەکانیان ئەکەن ، پارێزەری ئەو کارانە ئەکەن لەبەرچاونین و ناموسی خۆیان و دارایی مێردەکانیان ئەپارێزن .

بەهۆی پاراستنی خوا بۆ ژنان ، بەو بۆنەوە خوا فەرمانی پێداون کارە نهێنیەکان بپارێزن، فەرمانی داوە بەپیاوان مارەییەکانیان بدەنێ و ژنەکانیان بەخێو بکەن و لەڕووداوی خراپ بیان پارێزن .

بەڕاستی ژن و پیاو یەکسانن وەك باسکرا ، بەڵام لەمانەی خوارەوە یەکسان نین :

١- خوێنی ژنان نیوەی خوێنی پیاوانە .

٢- تەڵاقدان و گەڕانەوەی ژنان بـۆ لای نیکـاحی پیـاوان لەهـەندێ جـۆری تـەڵاقدا بەدەستی پیاوانە نەك ژنان .

٣- بۆ ژن قەدەغەیە نەچێتە لای مێردی خۆی بۆ خەوتن .

٤- نوێژی هەینی پێویست نی‌یە لەسەر ژنان .

٥- نابێ ژنان بکرێن بەسەرۆکی باڵای موسوڵمانان ، لای جگەی ئـەبی حەنیفـە نابـێ بکرێن بەدادوەر . بەڵام لەمافەکانی ئادەمیزادا نەك مافەکانی خوا .

٦- بۆ ژنان دروست نیە ببن بەپێشەوای نوێژی بەکۆمەڵی پیاوان ، پیاو دروسـتە بـۆی ببێ بەپێشەوای پیاوان و ژنان .

٧- شایەتی ژنان لەجگەی داراییدا وەرناگیری . بەڵام شایەتی دانی ژنان بۆ منـاڵبوون و کچایەتی و بێوەژنی وەرئەگیرێ و دوو ژن بەپیاوێ دائەنرێ لەشایەتی دانان .

٨- ژنان نیوەی پیاو ئەبەن لەمیرات وەرگرتندا .

٩- پێویستە لەسەر ژنان هەموو ئەندامانی خۆیان داپۆشـن بەرانبـەر بـەپیاوان جگـەی دست و ڕومەتیان .

١٠- داوا لەژنان ناکرێ بچن بۆ جەنگ کردن لەگەڵ بێباوەڕان ، سەرانە لەژنانی بـێ باوەڕ ناسەنرێ و لەجەنگدا نابێ بکوژرێن مەگەر جەنگاوەربێ .

١١- بۆیان نیە ژن مارە بکەن بۆ کوڕی مناڵیان و بۆشیان نیە بکرێن بەسەرداری دارایی مناڵان ، بۆ باوك دروستن .

١٢- غاردانی چارەوێ و تیربازی بۆ ژنان ڕەوانی‌یە .

١٣- خزمێکی ژنان بەهەڵەو نەزانین پیاوێ بکوژێ هاوبەشی خوێندانەکەی نیە لەگەڵ پیاواندا ، ئەو کارە پێی ئەوترێ (العاقلە) .

١٤- ژنان پێویستە پیاوان بەخێویان بکەن و زۆر شتی تریش لەسەر پیاوان پێویسـتە و لەسەر ژنان پێویست نی‌یە.

٢- بەشی دووهەمی ژنان : ژنان هەیانە گوناهبارو چەقەچرۆ لەپێویستی سەر شانی خۆیان لایانداوە دەربارەی پیاوان ، ئەم بەشەیان لەرستەی دواییدا خوا فەرمانی خۆی بۆ دیاری کردوون .

پیاوان و ژنان بۆیەکتری چاکترین چاکەی خوان بەمەرجێ خۆشەویستی نێوانیان نەپچرێ ئەگەر خۆشەویستی پچرا ئەبنە شێرپەنجە بۆ یەکتری نەختە نەختە یەکتری لەناو ئەبەن.

لەهەندێ ئایندا هاتوە خوا لەپاشەرۆژدا سزای تاوانباران بەئاگر و پاداشتی چاکەکاران بەبەهەشت ناداتەوە ، بەڵکو تاوانباران ئەکا بەمێردی پیرژنێکی ناشیرینی ڕەوشت خراپ بەو بۆنەوە ئازاری ئەدا ، پیاوچاك ئەکا بەهاوسەری ژنێکی جوانی ڕەوشت چاك و بەپێچەوانەیشەوە .

﴿ واللاتي تخافون نشوزهن فعظوهن ﴾ وەژنانێکی ئەوتۆ ئێوە ئەترسان لەلادانیان لەسنوورو هەڵنەسان بەمافی ژن و مێردایەتی و لەئاژاوەی نێوانیان ، دوایی ئێوە ئامۆژگاری ئەو ژنانە بکەن بەنەرم و نیانی و گفتوگۆی خۆش ، بڵێن ئێوە لەخوا بترسن و واز لەکاری خراپ بهێنن ، مافی پیاوان لای خوا بەسەرتانەوە زۆرە ، خواش پاداشتتان ئەداتەوە .

﴿ واهجروهن في المضاجع ﴾ وەئێوە واز لەژنەکان بهێنن و لەگەڵیان مەخەون و ژن و مێردیان لەگەڵ مەکەن ، ئەگەر بەوانەوازیان نەهێنا .

﴿ وأضربوهن ﴾ وەئێوە بدەن لەژنەکان ، بەڵام لێدانێکی سوك و برینداریان نەکەن و ئەندامەکانیان نەشکێنن و ڕوومەتیان نەڕۆشێنن .

ئەو فەرمانە پێویست نەکراون لەسەر پیاوان و هەرئەبێ بکرێن لەگەڵ ژنان ، زانایان بەگشتی لایان وایە لێ نەدانی ژنان چاکتر و گەورەترە لای خوا، هەروەك پێك هاتوون ئەگەر ژنان بەسوکترین شتێ گەڕانەوە بۆلای یاسا قەدەغەیە کاری سەخت تریان لەگەڵ بکرێ ، ئارام گرتنی مێرد لەسەر ئازاری ژنان لای خوا پاداشتی زۆر گەورەی هەیە .

ئەو شتانەی ئەبنە هۆی لێدانی ژنان چوار شتن :

(١)خۆجوان نەکردنیانە بۆ مێردەکانیان .

(٢)وەڵام نەدانەوەی مێردەکانیان بۆ خەوتن لەگەڵیان .

(٣)نوێژ نەکردن و لەش پیسی دەرنەکردن .

(٤)چونە دەرەوە بەبێ ئاگادرای مێردەکانیان و بەبێ بیانوی ڕەوا .

﴿ فإن أطعنكم فلا تبغوا عليهن سبيلاً ﴾ دوایی ئەگەر ژنەکان پەیڕەوی ئێوەیان کرد بە یەکێ لەو سێ فەرمانانە یا بەهەمویان ، دوایی ئێوە ڕێگەیە داوا مەکەن لەسەر ئەو ژنانە بۆ ئازاردانیان و بڕو بیانوی پوچیان بۆ دروست بکەن با خۆشیشتانەوێن ، نابێ نەبە زمان و ، نەبەکردەوە ئێوە ئازاری ژنان بدەن ، ژن هاوڕێگەی ژیانی خۆشیتانە قەدەغەیە ئازاردانیان.

﴿ إن الله كان علياً كبيراً ﴾ بەڕاستی خوا پایەی بڵندە و کەس ناتوانێ پایەی بۆ دیاری بکا و ستەم کردن لەژنان خۆشنابێ و چاو پۆشیتان لێ ناکا زۆر گەورەیە و پێویستی بەکەس نیە .

خوای مەزن لەئایەتی پێشوودا باسی سەرچەوتی ژنانی کرد ، لەم ئایەتەی دواییدا باسی سەرچەوتی ژنان و پیاوان ئەکا لەیەك کاتا ، هیچ لایەکیان مافی ئەوی تریان جێبەجێ نەکەن بۆ دیاری کردنی یاسای نەهێشتنی ناکۆکی نێوانیان خوا ئەفەرموێ:

﴿ وأن خفتم شقاق بينهما فابعثوا حكماً من أهله وحكماً من أهلها ﴾ وەئەگەر ئێوەی کاربەدەستان ترسان لەبەردەوامی ئاژاوەی نێوان ژن و مێرد ، دوایی ئێوە بنێرن بۆ ڕوون کردنەوەی سەرچەوتی ئەوان و هۆی ئاژاوەی نێوانیان پیاوێ لەخزمان و دۆستی پیاو شیاوی ئەو بێ فەرمان بدا و بتوانێ ئاشتی ساختەبهێنێ و ، پیاوێ تر لەخزمان و دۆستی ژن کەئەویش شایستەدادوەری بێ ، هەتا بۆیان دەربکەوێ شاراوەی دڵی ژن و مێرد و هۆی ئاژاوەی نێوانیان و بتوانن گێرە و کێشەکەیان چارەسەر بکەن .

مەبەست لەچاك کردنی نێوان ژن و مێرد پاراستنی بنەماڵە و ترسی لەناوچونی منداڵەکانە ، مەرج نی‌یە ئەو پیاوە ناوبژی کەرە خزمبێ چونکە مەبەست نەهێشتنی ئاژاوەی

نێوانیانە هەرچەندە خزم باشتر نهێنی دڵیان ئەزانێ و بەبەزەیی تره بۆیان و بۆ ناردنی ڕاپۆرتە بۆ دادوەر .

﴿ إن يريد إصلاحاً يوفق الله بينهما إن الله كان عليماً خبيراً ﴾ ئەگەر ئەو دووپیاوە ناوبژی کەرانە مەبەستیان چاك کردنی نێوان ژن و مێردبێ خوا یاریدەی ئاشتبونەوەی نێوان ژن ومێرد ئەدا ، بەڕاستی خوا ئەزانێ مەبەستی ناوبژی کەران و ئاگای لەستەمکار هەیە .

خوای مەزن باسی لادانی ژنی لەیاسا کرد و دواییش باسی لادانی ژن و مێردی کرد بەیەکەوە . باسی لادانی مێردی نەکرد بەتەنها ، زانایان ئاماژەیان بۆ کردووە ، ووتویانە : هەرکاتێ مێرد لەسنور لای‌دا و هەندێ لەمافی ژنی زەوت کرد ، ژنەکە ئامۆژگاری مێردەکەی بکا ، بۆی نیە لەگەل مێردەکەی نەخوێ و لێی بدا ، چونکە ئەوانە پێویستە خوا دەستوری پێدابێ‌و نەیشی داوە . بەلام بۆژن هەیە داواکاری خۆی باتە لای دادوەر و دادوەر بەگوێرەی یاسا ئاژاوەکەیان نەیەڵێ بەلێدانی مێرد یا بەند کردنی یا تەلاقدانی ژنەکەی .

زانایان لەناردنی ناوبژی کەران بیریان جیاوازە : هەندێکیان ئەلێن : ناوبژی‌کەران بۆیان هەیە لەپاش سەرنەگرتنی کۆششیان ژن و مێرد لەیەك جیا بکەنەوە بەتەلاقدان . پێشەوا مالیك و قوتابی و هاورێکانی ئەم بۆچونەیان پەسەند کردووە ، فەرمودەیەکی پێشەوا شافیعی لەگەڵ ئەو بۆچونەیە ، کەواتە ناوبژی کەران دەسەلاتی دادوەریان دراوەتێ. هەندێ تر لەزانایان ئەلێن : ناوبژی کەران وەکیلی ژن و مێردن بۆیان نیە جیاکردنەوەی نێوان ژن و مێرد بەتەلاقدانی ژن ، کەواتە مێرد ناوبژی کەری خۆی بکا بە وەکیل بۆخۆی بۆتەلاقدانی ژنەکەی لەسەرپارە ، ژنەکەیش ناوبژی‌کەری خۆی بکا بەوەکیل بۆ وەرگرتنی تەلاق لەسەر پارە .

کاتێ خوای مەزن فەرمانی دا بەرەوشتی چاك لەگەڵ ژنان و هەتیوان و خێزان ، ئێستا باسی ئەو شتانەمان بۆ ئەکا زۆر بەرێز و گەورەن . بەر لەهەمویان فەرمان ئەدا بەپەرستنی خوا و ئەفەرموێ :

وَٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ وَلَا تُشْرِكُوا۟ بِهِۦ شَيْـًٔا ۖ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَٰنًا وَبِذِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَٰمَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينِ وَٱلْجَارِ ذِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْجَارِ ٱلْجُنُبِ وَٱلصَّاحِبِ بِٱلْجَنۢبِ وَٱبْنِ ٱلسَّبِيلِ وَمَا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُكُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ مَن كَانَ مُخْتَالًا فَخُورًا ﴿٣٦﴾

﴿ وأعبدوا الله ﴾ وەئێـوە خـوا بپەرسـتن ، پەرسـتنی خـوا بەجـەنگ کـردن لـەگـەڵ بێباوەڕان و خۆ کردن بەقوربانی بۆ ئاین لەهـەموو پەرستنێ گـەورەترە لـەبـەر ڕاسـتی و سەربەستیو مرۆڤایەتی گەڕان بەشوێن زانیاری و خۆمـاندوکردن بـۆ ژیـان و گـوزەران و یارمەتی دانی پەیدا بوونی شتێ چاکەی تێدا بێ و ئاشتەوایی پەیداکردنی نێـوان دانیشـتوان گەورەترن لەنوێژ و ڕۆژ وو کە هەر سودی تایبەتیان تێدایە .

﴿ ولا تشرکوا به شیئاً ﴾ وەئێوە هیچ شتێ مەکەن بە هاوبەش بۆ خوا لـەپەرسـتندا وەك بت و جگەی بت ، باوەڕ نەبوون بەبونی خوا بێ ئاینیە و پێی ناوترێ هاوبەشدانان ، بـەڵام هاوبەش دانان بۆ خوا دوو جۆرە :

١) هاوبەشدانان لەخوایەتیدا ، وەك ئـەوەی کەسـێ بـڕوای وابـێ دروسـت کـەری بونەوەران و ڕۆژدەریان لـەیەك کەس زۆرترن ، لەو جۆرەیانە بڕوابوون بەمەی خوا شـالیار و ڕاوێژکار و هاوبەشی لەپەرستندا هەیە .

٢) جۆرێکە لەهاوبەشدانان خۆشەویسـتی دادوەر و کاربەدەسـتی تاوانبـار و هـەموو کەسانی تر شایانی ئەوە نەبن فەرمان ڕەوای ئادەمیزادبن .

﴿ وبالوالدين احساناً ﴾ وەئێوە چاکە بکەن لەگەڵ باوك و دایکتانا ، خوای مەزن چاکە کردنی لەگەڵ باوك و دایکا بەرانبەری کردووە لەگەڵ پەرستنی خۆیا لەزۆر ئایەتەکانی قورئاندا ، ئەوەیش ئەوە ئەگەیەنێ باوك و دایك پلەی بالآیان هەیە لای خوا بۆ چاکە کردن لەگەڵیان .

﴿ وبذي القربى واليتامى والمساكين ﴾ وەئێوە چاکە بکەن لەگەڵ ئەو کەسانەی خاوەنی خزمایەتی نزیکن لەبراو مامەکانتان ، سەریان لێ بدەن و هاتوچۆیان بکەن و ، چاکە بکەن لەگەڵ هەتیوان و یارمەتیان بدن و چاکە بکەن لەگەڵ هەژاران و بێ کاران و پەك کەوتوان و دەست گیرۆییان بکەن ، بەلآم ئەو کەسانەی توانای کارکردنیان هەیە و بەتەمەڵی دائەنیشن تاوانە یارمەتی دانیان و هانیان بدەن بۆ کارکردن .

﴿ والجار ذي القربى والجار الجنب ﴾ وەئێوە چاکە بکەن لەگەڵ دراوسێ نزیکەکان ، ئیتر هاوئاینتان بن یان نە ، چاکە بکەن لەگەڵ دراوسێ دوورەکانتان . زانایان ئەڵێن چل خانوو لەهەر چوارلاوە بەدراوسێ دائەنرێن .

﴿ والصاحب بالجنب وابن السبيل وما ملكت أيمانكم ﴾ وەئێوە چاکەبکەن لەگەڵ هاورێ و هاوکارتان لەهاورێی خوێندتان لەکاروان و لەجگەی کاروانداا ، چاکە بکەن لەگەڵ کەسانێ لەکارواندان و دەستیان ناگاتە سامانی خۆیان ، یا هەرسامانیان نیە بەهۆی خوێندنەوە و ، چاکە بکەن لەگەڵ ئەوانەی کردونتان بەدارایی خۆتان لەکۆیلەکان نێر بن یان مێ ، سوپاس بۆ خوا ئێستا بەندە و کۆیلە نەماون ، چاکەکردن لەگەڵ ئەوانەی پێشوو تەنها هەر بەدارایی نیە ، بەڵکو نەرم ونیانی لەگەڵیان و رێز گرتنیان و هەوڵدان بۆ جێبەجێ کردنی کاریان و ئامۆژگاری کردنیان و پرس پێکردنیان و چاو داخستن لەئاستی ناموسیان و بلآو نەکردنەوەی خراپەبان ئەوانە هەمویان ئەگەرێتەوە بۆلای چاکە کردن .

﴿ إن الله لا يحب من كان مختالاً فخوراً ﴾ بەراستی خوا خۆشی ناوێ هەرکەسێ خۆی بەگەورە بگرێ بەرانبەر خزم و دراوسێ و چاودێریان نەکا ، کەسێ خۆی هەڵکێشێ و

پلە و پایەی خۆی بژمێرێ و چاکەی خۆی باس بکـا ، چونکـە ئـەو شـتانە بـێ سوپاسـی خوان.

خوای مەزن لـەئایەتی پێشوودا باسی فەرمانداني بەچاكەكردن كرد لـەم ئایەتەی دواییـدا باسی ئەو كەسانە ئەكا ئەو شتانەی خوا پێویستی كـردوە لـەسـەریان نایگەیـەنن بەجێگـەی خۆیان وئەفەرموێ :

ٱلَّذِينَ يَبْخَلُونَ وَيَأْمُرُونَ
ٱلنَّاسَ بِٱلْبُخْلِ وَيَكْتُمُونَ مَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ
مِن فَضْلِهِۦ ۗ وَأَعْتَدْنَا لِلْكَـٰفِرِينَ عَذَابًا مُّهِينًا ﴿٣٧﴾
وَٱلَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ رِئَآءَ ٱلنَّاسِ وَلَا يُؤْمِنُونَ
بِٱللَّهِ وَلَا بِٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ ۗ وَمَن يَكُنِ ٱلشَّيْطَـٰنُ لَهُۥ قَرِينًا فَسَآءَ
قَرِينًا ﴿٣٨﴾ وَمَاذَا عَلَيْهِمْ لَوْ ءَامَنُوا۟ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ وَأَنفَقُوا۟
مِمَّا رَزَقَهُمُ ٱللَّهُ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ بِهِمْ عَلِيمًا ﴿٣٩﴾

﴿ الذین یبخلون ویأمرون الناس بالبخل ﴾ ئەو كەسانەی خۆ هەڵئەكێشـن كەسـانێكی ئەوتۆن ڕژدن و نابەخشن بەدانیشـتوان ئـەو شـتانەی خـوا پێویسـتی كـردووە لـەسـەریان لـەزەكات و جگەی زەكات و ، فەرمان ئەدەن بەئادەمیزاد بەرژدی و نەدانی پێویسـتیەكان وەك خۆیان نایدەن بەهەژاران .

﴿ ویكتمون ما آتـاهم الله مـن فضلـه ﴾ وەئەشـارنەوە شـتێ خـوا بەخشـیوێتی بـەوان لەچاكەی خۆی ، وەك دارایی و زانایاری و دارایی خۆیان نادەن بە هەژاران و دانیشـتوان فێری زانیاری ڕاستیان ناكەن ، بێگومان شاردنەوەی دارایی و زانســت قەدەغـەن و ئـەبێ بلاو بكرێنەوە بەنێو ئادەمیزادا .

﴿ وأعتدنا للكافرین عذاباً مهیناً ﴾ وەئێمە ئامادەمان كردووەبۆ بـێ بـاوەڕان سـزایەكی بێنرخ كەریان ، ئەو كەسانەی باسكران وێنەیان ئێستا زۆرن لـەنێوموسولـْمانانـدا .

ئەو كەسانەی هاوبەشی موسولـْمانان ناكەن لـەكاتی جەنگدا و بەجۆرێ سود بگەیەنن بە گەل و بەكۆمەڵی ئیسلام و پیتاك نادەن بەكۆمەڵگای چاكەویستان و یارمـەتیان نـادەن بـۆ دروست كردنی مزگەوت و نەخۆشخانە و پەیمانگا و كرینی پاپۆڕ و چەك وێنـەیان زۆرن ، بەوانەیشەوە ناوەستن ، بەڵكو پڕوپاگەندەیش بـلاو ئەكەنـەوە لـەنێوان ئـادەمیزاد لـەدژی موسولـْمانان هەتا یارمەتیان نەدرێ ، ئەو كەسانەی سامان و زانیاری خۆیان ئەشارنەوە كـە خوا بەگەورەیی خۆی بەوانی بەخشیوە بەڕاستی شایستەی سەرزەنشت و تاوانن .

﴿ والذین ینفقون اموالهم رئاءَ الناس ﴾ وەكەسانێكی ئەوتۆش ئەیبەخشن دارایی خۆیـان لەبەرئەوەی ئادەمیزاد ببینن ، ئەو شتەی ئەیبەخشن خۆیـانی پێـوە هەڵكێشـن و مەبەسـتی تریان نیە ، ئەو كەسانە لـەم ڕۆژەدا وێنەیان زۆرە كاتێ ویستیان شتی ببەخشن داوا ئەكـەن ناویان لـەگۆڤار و ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلـەفزیۆندا بلاو بكرێتەوە . مزگەوت و نەخۆشـخانە و خوێندنگا و پردێ دروست ناكەن هەتا ناویان لـەسەر دەرگاكانیان نەنوسرێ بەو بۆنـەوە سامانی زۆردائەنێن كەچی خزمەكانیان وە دراوسێ و هەژارەكان ڕووت و برسین .

بگرە خێزان و منالـّەكانیان ئەوپەڕی پێویستیان بەو سامانە هەیـە و نایـان دەنـێ چونكـە كەس ناویان نابا و باسیان ناكرێ ، بۆیە خوای مەزن ئەفەرموێ:

﴿ ولا یؤمنون بالله ولا بالیوم الآخر ﴾ وە باوەڕیش بەخوا ناهێننو بروایش بەپاداشـت و سزای پاشەڕۆژ ناهێنن ، ئەگەر ئەو كەسانە باوەڕ بەخوا و بەپاشەڕۆژ بهێنن مەبەستیان هـەر

خوا ئەبو ، بەڵام ئەوان مەبەستیان ئەوە بوو جگـەی خـوا بیاندیبایـە ئـەوەی ئەیبەخشـن و خۆیانی پێوەهەڵئەکێشن ، بێگومان ئەو کەسانە بڕوا بەخوا و ڕۆژی دوایی نـاهێنن دۆسـت و هاوڕێی شەیتانن .

﴿ ومن یکن الشیطان له قریباً فساء قریناً ﴾ وە هەرکەسێ شەیتان هاوڕێی ئەوبێ دوایی ئەو هاوڕێتیەی شەیتانە خراپە بۆیان ڕێگەی خراپەیان بۆ خۆش ئەکا .

هەمو کەسی ڕێگە و کردەوەی خراپ بڕازێنێتەوە و هانی دانیشتوان بدا بۆ لای خراپـە و گومڕایی تۆ بۆت هەیە ناوی ببەی بەشەیتان ، لەبەرئەوە زۆر کەس هەن زۆر شت ئەکەن و ئەیلێن بە سروشی شەیتانەوە ، وائەزانن خوا بۆیان ئەکا ، خراپترین کەسە ئەوەیـە خـۆی بەپیرۆز بزانێ و خۆی نەناسێ و بەرگی پیاوچاکان بکاتە بەری خۆی .

شەیتان تاقمی زۆرن و هەریەکەیان کارێکی پێ سپاردووە هەیانە هانیان ئەدا بۆ ڕژاندنی خوێنی ئادەمیزادانی بێ تاوان ، هەیانە هانیان ئەدا بۆ کردنی گوناھ و داوێن پیسی ، هەیانـە هانیان ئەدا بەرگی پیاو چاکان بپۆشن و مرۆڤی ساویلکە بەوان ڕاو بکـا . ئەگـەر شـەیتان پیاو چاکانی بۆ نەخەڵەتا بەوە ڕازی ئەبێ لەوان گفتوگۆیە بکەن لەسـەر داوای شـەیتان ، ئەگێڕنەوە شەیتان ووتی بەعیسا : تۆ بڵێ ﴿ لا إله إلا الله ﴾ عیسا فـەرموی : مـن ئـەیلێم نەك بەفەرمانی تۆ ، بەڵام لەبەرئەوەی ڕاستە ، شەیتان سەر شۆڕ بوو .

﴿ وماذا علیهم لو آمنوا بالله والیوم الآخر وانفقوا مما رزقهم الله وکان الله بهم علیماً ﴾ وە چ شتێکی زیان بەخشە توشی ئەوان ئەبێ و لەسەر بێ باوەڕان ئەکـەوێ ئەگـەر ئـەوان باوەڕیان بەخوا و بەڕۆژی دوایی بهێنایە و ئەوان بیاندایە بەهەژاران لەشتێ خوا بەخشیبوی بەوان .

خوای مەزن پەیوەستی کردووە بەخشینی دارایـی بـەباوەڕ بـەخوا و بـەڕۆژی دوایـی ، چونکە لە ئایەتی پێشوودا فەرموی : مرۆڤـی ڕژد بـاوەڕی بـەخوا و ڕۆژی دوایـی نیـە و بەخشین بەڵگەیە لەسەر باوەڕ بـەخوا و ، خـوا ئـەزانێ بـەکاروکردەوەی ئـەو کەسـانەی دارایی خۆیان بۆ بەرچاوی ئەبەخشن و پاداشتیان ئەداتەوە بەسزای خۆی .

پاش ئەوەی خوا فەرمانی دا بەپەرستنی خۆی و بەچاکەکردن لەگەڵ باوك و دایك و ئەوانەی تر باسیان کرا ، باسی ئەوانەی کرد خۆیان هەڵئەکێشن و بۆ بەرچاو دارایی ئەبەخشن و باسی ئەو کەسانەی کرد چاکەی خوا ئەشارنەوە ، باسی ئەمەیشمان بۆ ئەکا پاداشتی ئادەمیزاد کەم بونەوەی تێدا ناکرێ و ئەفەرموێ:

إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَظۡلِمُ مِثۡقَالَ ذَرَّةٖۖ وَإِن تَكُ حَسَنَةٗ يُضَٰعِفۡهَا وَيُؤۡتِ مِن لَّدُنۡهُ أَجۡرًا عَظِيمٗا ﴿٤٠﴾ فَكَيۡفَ إِذَا جِئۡنَا مِن كُلِّ أُمَّةِۭ بِشَهِيدٖ وَجِئۡنَا بِكَ عَلَىٰ هَٰٓؤُلَآءِ شَهِيدٗا ﴿٤١﴾ يَوۡمَئِذٖ يَوَدُّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَعَصَوُاْ ٱلرَّسُولَ لَوۡ تُسَوَّىٰ بِهِمُ ٱلۡأَرۡضُ وَلَا يَكۡتُمُونَ ٱللَّهَ حَدِيثٗا ﴿٤٢﴾

﴿ إن الله لا يظلم مثقال ذرة ﴾ بەڕاستی خوا ستەم ناکا لەهیچ کەسێ کێشانە و قورسایی ئەو شتەی دەرئەکەوێ لەکاتی ڕوناکیدا لەکلاو ڕۆچنەوە ، کێشانەی ئەو شتە بەتەرازوی ئاسایی ئێمە دەرناکەوێ . هەندێ لەزانایان ئەڵێن : ووشەی (ذرة) بەمانا مێرولەی سوری زۆر بچوکە .

﴿ إن تك حسنة يضاعفها ﴾ ئەگەر ئەندازەی کێشانەی ئەو زەڕەیە چاکە هەبێ لەناو نامەی کرداردا ، خوا پاداشتەکەی دوو پات ئەکاتەوە بەچەندین ئەندازەی خۆی .

﴿ ويؤتِ من لدنه أجراً عظيماً ﴾ وەخوا ئەبەخشێ بە خاوەنی ئەو چاکەیە پاداشتێکی گەورە لەلایەن خۆیەوە کە بریتیە لەشتێ هەر خوا ئەندازەی ئەزانێ .ئەو ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی نەبەخشینی پاداشت و کەم کردنەوەی قەدەغەیە ، بەڵگەیشە لەسەر ئەوەی خوا توانای هەیە بەسەر ستەم کردندا و نایکا ، بۆیە شایستەی سوپاس کردنی زۆرە ، پاداشتی چاکەکەی خوا تەنها هەر بەهۆی چاکەکردنی خوایە و لەسەری پێویست نی‌یە .

کاتێ خوای مەزن ڕونی کردەوە بۆمان لەڕۆژی دواییدا ستەم لەکەس ناکرێ و بەبێ گومان پاداشتی چاکەکەران ئەداتەوە بەزۆرتر لەبەشی خۆیان ، لەم ئایەتەی دواییدا بۆمان ڕوون ئەکاتەوە ئەو بەهرە گەورە و پاداشتە دێت و ئەڕوا و ئەدرێ بەئادەمیزا بەهۆی شایەتی‌دانی پێغەمەرانەوە کەبەڵگەی خوان لەسەر بونەوەران هەتا بەو بۆنەوە بێ باوەڕان زۆر تر توشی خەفەت ببن ،باوەڕدارانیش زۆر دڵخۆش ببن بۆیە بەو بۆنەیەوە خوا ئەفەرموێ :

﴿ فكيف إذا جئنا من كل أمةٍ بشهيدٍ ﴾ دوایی ئەبێ چۆنبێ بەسەرهاتی بێباوەڕان و ستەم کاران کاتێ ئێمە بهێنین لەهەموو نەتەوەی پێغەمران شایەتێ لەپێغەمەرانی خۆیان ، شایەتی بدەن لەسەر کار و کردەوە و گفتوگۆیان لەبارەی باوەڕی پوچی بێ باوەڕان .

﴿ وجئنا بك على هؤلاء شهيداً ﴾ وەئێمە تۆ بهێنین لەسەر ئەو نەتەوانە شایەتی بدەی چ لایەکیان باوەڕدارن و کامەیان بێ باوەڕن ، دەری بخەی بۆیان پێغەمەرەکانیان ڕاستن لەبەجێ هێنانی گەیاندنی فەرمانەکانی خوا ، لەباسی ماناکردنی ئایەتی (١٤٣) لەسورەتی ئەلبەقەرەدا باسی ئەوەمان کردوە کەزانایانی ئیسلام شایەتی ئەدەن کەپێغەمەر فەرمانی خوای گەیاندووە ، پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ شایەتی ئەدا زانایانی ئیسلام بەو جۆرە پێویستبێ پەیامی ئیسلامیان ڕاگەیاندووە .

﴿ يومئذٍ يود الذين كفروا وعصوا الرسول ﴾ ئەو ڕۆژە کەڕۆژی دواییە و پێغەمەران شایەتی تێدا ئەدەن ئاوات ئەخوازن و داوائەکەن کەسانێکی ئەوتۆ باوەڕیان نەهێناوە وەبێ فەرمانی فروستادەی خوایان کردوە لەو شتانەی فەرمانی داوە بەوان .

﴿ لو تسوى بهم الأرض ولا يكتمون الله حديثاً ﴾ بخرانایە نێو زەوی و تـەخت بکرایـە بەوا زیندو نەکرانایەوە توشـی ئـەم نەگبەتی‌یـە نەبونایـە و ئـەوان ناشـارنەوە لـەخوا هیـچ ڕوداوێ پەیدا بووە لەخۆیان و لـەتوانایان نیـە شـاردنەوەی هیـچ شـتێ لـەخوا و هـەموو ئەندامەکانیان شایەتیان لێ ئەدەن جگە لەشایەتی دانی پێغەمەران .

کاتێ خوای مەزن لەئایەتە پێشووەکاندا فەرمانی دا بەپەرستنی خوا ، ئێستا لەم ئایەتـەی دواییدا فەرمان ئەدا بەگـەورەترین پەرسـتن کـە بریتیـە لـەنوێژ بـەوجۆرەی باسـی ئـەکا ، بەرێکەوت عەبدولرەحمانی کوڕی عـەوف بـانگی هـەندێ لەگـەورە پیـاوانی هاورێکـانی پێغەمەری کرد بۆ نان خواردن ، لەوکاتەدا مەی خواردنەوە قەدەغە نەکرابوو ، خواردیـان و خواردیانەوە سەرخۆش بوون ، کاتی نوێژ هات یەکێکیان بوو بە پێشـەوای نوێـژ ، ئـەو کەسە بەسەرخۆشیەوە ئاگای لەخۆی نەبوو لەجیاتی ئەوەی بڵێ : ﴿ لاأعبد ما تعبـدون ﴾ ووتی ﴿ أعبد ماتعبدون ﴾ ، بۆ قەدەغە کردنی ئەو جۆرە کارانە خوا فەرمووی :

يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَقۡرَبُواْ ٱلصَّلَوٰةَ
وَأَنتُمۡ سُكَٰرَىٰ حَتَّىٰ تَعۡلَمُواْ مَا تَقُولُونَ وَلَا جُنُبًا إِلَّا عَابِرِي
سَبِيلٍ حَتَّىٰ تَغۡتَسِلُواْۚ وَإِن كُنتُم مَّرۡضَىٰٓ أَوۡ عَلَىٰ سَفَرٍ أَوۡ جَآءَ
أَحَدٞ مِّنكُم مِّنَ ٱلۡغَآئِطِ أَوۡ لَٰمَسۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَلَمۡ تَجِدُواْ مَآءٗ
فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدٗا طَيِّبٗا فَٱمۡسَحُواْ بِوُجُوهِكُمۡ وَأَيۡدِيكُمۡۗ إِنَّ
ٱللَّهَ كَانَ عَفُوًّا غَفُورًا ﴿٤٣﴾

﴿ يأيها الذين آمنوا لاتقربوا الصلاة وأنتم سكارى ﴾ ئەی کەسانێکی ئەوتۆ باوەڕتان هێناوە ئێوە نزیکی نوێژ کردن مەکەون و ، ئێوەلەو کاتەدا سەرخۆش بن بەهۆی هەر شتێکەوە بێ .

﴿ حتى تعلموا ما تقولون ﴾ هەتا ئێوە ئەزانن بەشتێ ئێوە ئەیلێین لەقورئان و لەجگەی قورئان و ئەزانن بەماناکانیان .

﴿ ولاجنوبا إلاّ عابري سبيل حتى تغتسلوا ﴾ وەئێوە نزیکی نوێژ کردن مەمکەون لەکاتی لەش پیسیتانا لە هەموو کاتێکا مەگەر ئێوە کاروانی بن و بەڕێگە دا بڕۆن هەتا ئێوە خۆتان ئەشۆرن بەگوێرەی یاسای دیاری کراو .

هەندێ لەزانایان مانای ڕستەی ﴿ ولاجنوبا إلاّ عابري سبيل ﴾ بەم جۆرە کردوە :

ئێوەنزیکی نوێژ کردن مەکەون لەکاتێکا لەشتان پیسبێ دانیشتوبن و لەکاروانا نەبن .

بۆ زانین : هەندێ لەزانایان مانای ووشەی (عابری سبیل) بەجێگەی نوێژ کردوە یانێ ئێوە نزیکی جێگە نوێژ کردن مەکەون مەگەر تێپەڕ بکەن و نەوەستن بەگوێرەی فەرمودەی شافیعی . بەڵام لای ئەبو حەنیفە ڕۆیشتن بەمزگەوتا دروست نی‌یە بۆ کەسانێ لەش پیس بن مەگەر ئاو لەنێو مزگەوتا بێ یا ڕێگەی هاتوچۆ بەنێو مزگەوتابێ . خوای مەزن لەم ڕستانەی دواییدا باسی چوار هۆمان بۆ ئەکا ئەگەر ئاومان دەست نەکەوت ئێمە تەیەموم بکەین :

١- ﴿ وإن كنتم مرضى ﴾ وەئەگەر ئێوە نەخۆش بوون ، بەبەکارهێنانی ئاو ئێوە ئەمردن لەکاتی تووشبونتان بەهەندێ نەخۆشی وەك ئاوڵەیە برینەکانی گەورە بی ، یا توشی ئازارێ ئەبون یا نەخۆشیەکەتان درێژەی ئەکێشا یا ئەترسان تووشی ناشیرینی ببن بەگوێرەی ئامۆژگاری پزیشکی تایبەتی .

٢- ﴿ أو على سفر ﴾ یا ئێوە لەسەر ڕۆیشتن بوون لەکارواندا بوون ، ئیتر ماوەی کاروانی درێژ بێ یا کورت و ئاوتان دەست نەئەکەوت .

٣- ﴿ أو جاء أحد منكم من الْغائِطْ ﴾ یایاکێ لـەئێوە هاتـەدەرەوە لـەئەدەبخانـە و بـێ دەست نوێژ بوو بوو بەهۆی هاتنە دەرەوەی شتێ لـەپاشەوە یا لـەپێشەوە مەبەست لـەووشەی (الغائط) جێگەیەکی نزمە ئامادەبکرێ بۆ جێبەجێ کردنی پێویستی .

٤- ﴿ أو لامستم النساء ﴾ یا ئێوە بەڕوتی و بـەبی پـەردە لـەشتان کـەوت لـەلـەشـی ژنانی بێگانە زانایان لـەمەبەستی مانای ڕستەی (لامستم) بیریـان جیـاوازە : هـەندێکیان ئەلێن بە مانای چونە لای ژنانە ، هـەندێ تریـان ئـەلێن بـەمانای لـەیـەکدانی لـەشـی ژن و پیاوانی بێگانەیە ئیتر بەچونە لای ژن بێ یان نا ؟

﴿ فلم تجدوا ماءً فتيمموا صعيداً طيباً ﴾ دوایی ئـەو چوارهۆیانـە ئێـوە ئاوتـان دەسـت نەکەوت و یا ئاو هەبو . بەڵام نەتان ئەتوانی و نەئەگونجا بـەکاری بـهێنن لـەبـەر نەخۆشـی یاپێویستان بەو ئاوە هەبو بۆ خواردنەوەی خۆتان و ئەو گیان لـەبەرەی لـەگەڵتانـە ، دوایـی ئێوە تەیەموم بکەن بەخاکێکی پاك . یانی ئێوە نیازی خاکێکی پاك بکەن و دستی لێ بدەن .

﴿ فأمسحوا به وجوهكم وايديكم ﴾ دوایـی ئێـوە دەسـتی خـۆڵاوی بـهێنن بەڕومـەتو بەهەردوو دەستەکانتان هەتا ئەگاتە هەردو ئانیشکتان .

﴿ إن الله كان عفواً غفوراً ﴾ بەڕاسـتی خـوا لـێبوردنـی زۆرە و ئاسـان کـەری کـار و فرمانتانە ، خۆش ئەبێ لـەهەڵە و ناتەواویتان .

ئەگەر کەسێ ڕەوەند بوو نەخۆش نەبوو ، بەڵام ئاوی دەست نەئەکەوت نوێژەکانی بکا ئایا ئەو کەسە تەیەموم بکا بۆ کردنی نوێژەکانی ، یا لـەبنەڕەتا نوێژی لـەسەر هەڵئەگیرێ ؟

هەموو پێشەوایان جگە لـەپێشەوا حەنەفی لایان وایە تەیەموم بکا و نوێژەکانی بکا لـەبەر ڕێزی کاتی نوێژ ، لـەدواییدا ئاوی دەسـت کـەوت نوێژەکـانی بکاتـەوە ، بـەڵام پێشـەوا حەنەفی لای وایە لـەبنەڕەتا نوێژی لـەسەر هەڵئەگیرێ .

وەك باسمان کرد هەر شتێ لـەپاشەوە و لـەپێشەوە بێتە خـوارەوە دەسـت نوێـژ ئەشـکی جگەی شاوەت ، ئەگەر ئاوی دەست نەکەوت پێویستە تەیـەموم بکـا و نوێژەکـانی بکـا ،

بەڵام شاوەت لەش پیس ئەکا و پێویستە خۆی بشۆرێ و دەست نوێژی هەیە بەمەرجێ بەشتێ تر دست نوێژی نەشکابێ .

لەشی ژن و پیاو لەیەك کەوتن و بێگانەبوون لەیەکتری دەست نوێژیان ئەشکێ ، ئیتر دەست لێدەربێ یا دەست لێدراو ، بەڵام پێشەوایان مالیك و ئەحمەد لایان وایە دەست لێدان بەبێ ئارەزو دەست نوێژ ناشکێنێ . بەلای پێشەوا حەنەفیەوە بەلەیەکدانی شەرمگەی ژن و پیاو نەبێ دەست نوێژ ناشکێ ، بەهەرچۆنێ بێ ئەگەر ئاویان دەست نەکەوت پێویستە لەسەریان تەیەموم بکەن بۆ بێ دەست نوێژی و دەرکردنی لەش پیسی دوایی نوێژەکانیان بکەن .

چۆنیەتی تەیەموم کردن و مەرجەکانی تەیەموم پێنج شتن :

(١) پەیدا نەبوونی ئاو بەهۆی کاروانەوە یا نەگونجێ بەکارهێنانی ئاو لەبەر نەخۆشی و پێویستی تر .

(٢) هاتنی کاتی نوێژ .

(٣) داواکردن و گەڕان بەشوێنی ئاودا لەکاتی نوێژدا .

(٤) نەتوانری ئاو بەکار بهێنرێ لەبەر ئەو هۆیانەی باسکران .

(٥) خاکێکی پاك و خاوەن تۆز . نەك بەگەچ و بەرد و شوشە و زێڕ و زیو .

مالیکەکان لایان وایە بەهەرشتێ بەرز بێتەوە لەزەوی تەیەمومی پێ دروستە ، وەك خاك و لم و بەرد ،نەك بەردی سوتا و زێڕ و زیو لەکانگاکانیانا بن . لای حەنەفیەکان هەرشتێ لەڕەگەزی زەوی بێ تەیەمومی پێ دروستە جگەی شوشە لۆلۆ و گەچ و پوش درەخت و باوەکو بەردێکی لوسبێ . لای حەنبەلیەکان ئەبێ تەیەموم بەخاکێ بکری تۆزەکەی بلکێ بەدەستەوە .

پێویستەکانی تەیەموم چوار شتن :

(١) نیازی تەیەموم کردن بەو خاکە و بەڕەوا کردنی نوێژ .

(٢) هاوردنی تۆوزی ئەو خاکە بەڕومەتا بۆیەکەم جار بۆی هەڵگرێ .

(٣) دووهەم جار تۆز هەڵبگرێ و بیهێنێ بەهەردوو دەستیا هەتاکۆتایی هەردوو ئانیشکی.

(٤) یەك لەدوای یەك بەو جۆرە باسکران ، یانی یەکەم جار نیاز ، دووهەم جار ڕومەت ، سێهەم جار هەردوو دەست بەگوێرەی فەرمودەی شافیعەکان و ئەحمەدیەکان ، لای جگەی ئەوان تەرتیب و ڕێز مەرج نیە .

بەلای ئەوکەسانەوە تەرتیب لایان پێویستە نابێ بەر لەتەواوی شۆردنی ئەندامی یا تەیەموم کردنی بچێ بۆلای ئەندامێ تر ، یانی ئەگەر جێگەیە لەڕوومەت بریندار بوو ، ئەوەی ساغە بشۆرێ ، پاش وشك کردنەوەی تەیەمومی بۆ بکرێ ، دوایی دەست بکری بەشۆردن و تەیەمومی ئەندامێ تر .

ئەو شتانەی تەیەموم پوچ ئەکەنەوە سێ شتن :

(١) ئەو شتانەی دەست نوێژ پوچ ئەکەنەوە .

(٢) چاوپێکەوتنی ئاو بەر لەدەست کردن بەنوێژ .

(٣) لەئاینی ئیسلام وەرگەڕان .

ئەوکەسەی تەختەی نابێتە سەر ئەندامێکی تەیەموم لەبەر شکان وەك ڕومەت و دەستەکان ئەوەی ساغە بیشۆرێ و دەستی تەڕ بەسەر تەختەکەدا بهێنرێ ئەگەر نەئەگونجا تەختەکە لابری لەبەر ترسی زیان و ئازار ، پاش ئەوانە تەیەموم بکا و ئەندامەکانی تری بشۆرێ ونوێژەکانی بکا و نەیان کاتەوە ، ئەگەر تەختەکە لەسەرپاکی دانرابو دوای دەست نوێژ ، ئەگینا ئەبێ نوێژەکانی بکاتەوە .

هەرکاتێ لەبەر بێ ئاوی تەیەموم کراو کاروانی نەبو ، ئەگەر بەگوێرەی تاقی کردنەوە بە زۆری ئاو لەو جێگەیە پەیدا نەئەبوو ، نوێژەکانیان بکەن و نەیان گێڕنەوە ، ئەگەر بەزۆری ئاوی تێدا دەست ئەکەوت بەوێنەی ناو شار و ناو دێهات نوێژەکانیان بگێڕنەوە بەیەك تەیەموم دوو نوێژی فەرز ناکرێ ، کەواتە بۆ هەموو نوێژێ ئەبێ تەیەمومێ بکرێ .

ئەو شتانەی ئەبنە هۆی لەش پیسی شەش شتن :

(١) چونە ناو جێگەی خەتەنەی ژن و پیاو بۆ ناویەکتری .

(٢) هاتنە خوارەوەی شاوات بەهەر جۆرێ بێ .

(٣) مردن .

(٤) خوێنی حەیز.

(٥) خوێنی پاش منالْ .

(٦) منالْبونی ژنان .

پێویستەکانی لەش پیسی دەرکردن سێ شتن :

(١) نیازی دەرکردنی لەش پیسی .

(٢) لابردنی پیسی بەسەر لەشەوە ئەگەر هەبوو بەر لەنیاز .

(٣) گەیشتنی ئاو بەهەموو لەشدا بەگۆشت و موویشەوە .

قەدەغەیە لەسەر لەش پیسی چوار شت :

(١) نوێژ کردن بۆ ژن و بۆپیاو و ڕۆژو گرتن بۆ ژنانی خاوەن خوێنی حەیز و پاش منالْ .

(٢) خوێندنی قورئان و دەست لێدانی و هەلْگرتنی .

(٣) گەڕان بەدەوری کەعبەدا .

(٤) وەستان لەمزگەوتا .

قەدەغەیە لەسەر بێ دەست نوێژی سێ شت :

(١) نوێژ کردن .

(٢) گەڕان بەدەوری کەعبەدا .

(٣) دەست لێدانی قورئان و هەلْگرتنی .

کاتێ خوای مەزن باسی ئەو فەرمانانەی فەرموو پێویستە کردنیان ، پاشان هەڕەشە لەو کەسانە ئەکا بۆ دژی ئەو فەرمانانە بانگی دانیشتوان ئەکەن و ئەفەرموێ :

أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ نَصِيبًا مِّنَ
ٱلْكِتَٰبِ يَشْتَرُونَ ٱلضَّلَٰلَةَ وَيُرِيدُونَ أَن تَضِلُّوا۟ ٱلسَّبِيلَ ﴿٤٤﴾
وَٱللَّهُ أَعْلَمُ بِأَعْدَآئِكُمْ ۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَلِيًّا وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ نَصِيرًا ﴿٤٥﴾
مِّنَ ٱلَّذِينَ هَادُوا۟ يُحَرِّفُونَ ٱلْكَلِمَ عَن مَّوَاضِعِهِۦ وَيَقُولُونَ
سَمِعْنَا وَعَصَيْنَا وَٱسْمَعْ غَيْرَ مُسْمَعٍ وَرَٰعِنَا لَيًّۢا بِأَلْسِنَتِهِمْ
وَطَعْنًا فِى ٱلدِّينِ ۚ وَلَوْ أَنَّهُمْ قَالُوا۟ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا وَٱسْمَعْ وَٱنظُرْنَا
لَكَانَ خَيْرًا لَّهُمْ وَأَقْوَمَ وَلَٰكِن لَّعَنَهُمُ ٱللَّهُ بِكُفْرِهِمْ فَلَا يُؤْمِنُونَ
إِلَّا قَلِيلًا ﴿٤٦﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ ءَامِنُوا۟ بِمَا نَزَّلْنَا
مُصَدِّقًا لِّمَا مَعَكُم مِّن قَبْلِ أَن نَّطْمِسَ وُجُوهًا فَنَرُدَّهَا
عَلَىٰٓ أَدْبَارِهَآ أَوْ نَلْعَنَهُمْ كَمَا لَعَنَّآ أَصْحَٰبَ ٱلسَّبْتِ ۚ وَكَانَ أَمْرُ
ٱللَّهِ مَفْعُولًا ﴿٤٧﴾

﴿ ألم تر إلى الذين أوتوا نصيباً من الكتاب ﴾ ئایا تۆ هەواڵت پێ نەدراوە و نەتڕوانیوە بۆ لای کەسانێکی ئەوتۆ بەخشراوە بەوان بەشێ لەزانینی نامەکەیان لەتەورات و فێربوونی

ئەو شتانە لەسەر پێغەمەرایەتی و وێنە و ڕەنگی تۆ .

﴿ یشترون الضلالة ﴾ ئەو کەسانە گومڕایی ئەکڕن بەشارەزایی و تۆ بەدرۆ ئەخەنەوە و بۆ خۆیانی هەڵئەبژێرن ، ئەو شتەی دەری ئەبرن لەژێرەوە و لەدەرونیاندا ئەوەیان مەبەست نیە ، بەڵکو مەبەستیان جنێو دان و گاڵتە کردنە بەتۆ لای هاوڕێکانی خۆیان ، ئـەیان ووت بۆچی ئێوە نازانن ئێمە جنێو و گاڵتەمان مەبەستە بەوڕستانە ئێمــە ئـەیلێین . خـوای مـەزن مەبەستەکانیان بۆ پێغەمەرو دەرئەخا وئاگاداری ئەکا:

﴿ ویریدون أن تضلوا السبیل ﴾ وەئەیانەوێ کە ئێوەی موســوڵمان لابـدەن لەڕێگـەی ڕاست بەو جۆرەی خۆیان لایانداوە ، ئەو ڕێگەیە ئێوە ئەگەیەنێ بەڕاستی و ڕێگە نومایی .

﴿ والله اعلم بأعدائکم وکفی بالله ولیـاً وکفـی بـالله نصـیراً ﴾ وەخـوا زانـاترە لـەئێوە بەدوژمنەکانتان و بۆتانی ڕوون کردۆتەوە و هەواڵی پێداون بـۆ ئـەوەی ئێـوە خۆتانیـان لێ بپارێزن و ، بەسە خوا بۆ دۆستایەتی و سەرداری ئێوە و بەسە خوا یاریدەرتانبێ و ســەرتان بخا بەسەر دوژمنانی خۆتان و نرخ بۆبێ باوەڕان دامەنێن .

دوای ئەوانەی پێشوو خوا ڕونی ئەکاتەوە ڕەوشتەکانیان و ئەفەرموێ:

﴿ مِنَ الذینَ هادُوا یُحَرِفُونَ الْکَلَمَ عَنْ مَواضِعِهِ ﴾ هەندێ کۆمەڵ هـەن لـە کەسـانێکی ئەوتۆ خاوەنی ئایینی جولەکەکان ئەگۆڕن فەرموودەکانی خواو لایان ئەبەن ئەوەی خۆیـان بیانەوێ ئەیخەنە جێگەکانیان، مانایان ئەکەن بە گوێرەی ئارەزۆی خۆیان.

﴿ وَیَقُلُونَ سَمِعْنا وَعَصَیْنا ﴾وە ئەو کەسانە ئەڵێن: ئێمە گفتوگۆی تۆ ئەبیسـین و، ئێمـە بێ فەرمانی تۆ ئەکەین و باوەڕت پێ ناهێنین.

﴿ وَأسْمَعْ غَیْرَ مُسْــمَعٍ وراعنـا لیـاً بِألْسِـنَتِهِمْ وَطَعناً في الدیـن ﴾ وەئـەیان ووت: تـۆ گفتوگۆی ئێمە ببیسە، بە جۆرێ وڵامــت نەدرێتـەوە بـە چاکـە و، چـاودێری ئێمـە بکـە، ئەوانەیان ئەووت: لەبەر ئەوەی بە زمانی خراپی خۆیان ڕاستی لابدەن بۆلای کـاری پـوچ و، لەبەر ئەوەی تانەیدەن لە ئاین.

زانایان ئەڵێن: جولەکەکان مەبەستی نهێنیان لە ڕستەی (راعنا) جنێودانبوو پێغەمبەر چونکە لە زمانی عیبریدا بە مانا نەفام و ئەحمەقە. ئەو شتانەیان ئەووت لەبەر ئەوەی بە زمانی خۆیان ئەم لاولای پێ بکەن و ڕاستی بشارنەوە، ئەوەی دەریان ئەبڕی کە گوایا چاودێری کردنیان مەبەستە لە دەرونیانا ئەوە نەبوو بەڵکو مەبەستیان نەفامی، و ئەو شتانەیان ئەووت لەبەر ئەوەی تانە بدەن لە ئاینی ئیسلام و سوکایەتی پێ بکەن.

بۆ زانین: خاوەنی تەفسیری ئەلمەنار ئەفەرموێ: زانایان دەریان خستوە گۆڕینی نامەکانی پەیمانی کۆن و پەیمانی تازە بە چەندین بەڵگەی زۆر...... لە نامەی (إظهار الحق) دانراوی شێخ ڕەحمە تولاّی هیندی سەد بەڵگەی لەسەر گۆڕینیان هێناوە بە ووشەو بە ماناکانەوە. شێخ جەوادی بەلاّغی نامەیەکی بە نرخی لە بارەی گۆڕینیانەوە داناوە ناوی ناوە (الرّحلة المدرسّية).

﴿ وَلَوْ أَنَّهُمْ قالُوا سَمِعْنا وَأَطَعْنا وَأنْظُرْنا لَكانَ خَيْراً لَهُمْ وَأَقْوَمَ ﴾ وە ئەگەر جولەکەکان بیان ووتایە ئێمە فەرمودە تۆ ئەبیستن و پەیڕەویت ئەکەین و، بیان ووتایە تۆ چاوەڕوانی ئێمە بکە، لە باتی ئەوەی هەر ووشەی (وَأَسْمَعْ) یان بووتایە بەبێ (غير مُسْمَعٍ) بە ڕاستی ئەمانە چاکتر بۆ ئەوان و ڕاستر و شایستە تر بۆیان لەوانەی پێشویان.

﴿ وَلَكِنْ لَعَنَهُمْ اللهُ بِكُفْرِهِمْ ﴾ وەبەلاّم لەبەر ئەوەی ئەوان هەر ئەو ڕستانەیان ئەووت خۆیان مەبەستیان بوو، بەردەوامبوون لەسەری خوا ئەوانی دورخستەوە لە بەزەیی و میهرەبانی خۆی بە هۆی بێ باوەڕی خۆیانەوە.

﴿ فَلا يُؤْمِنونَ إلاّ قَلِيلاً ﴾ دوایی ئەو کارانە ئەوان باوەڕ ناهێنن مەگەر کەمێ لەوان باوەڕ ئەهێنن، وەك عەبدولاّی کوڕی سەلام و هاوڕێکانی.

ئەو ڕستەیە بۆمان دابین ئەکا جولەکەکان کەمێکیان باوەڕ ئەهێنن لەمەوبەرو لەمەو دووایش. بەلاّم جگەی ئەوان لە کۆن و لە تازەدا هەموو نەتەوەو خاوەن ئاینەکان پۆل پۆل ئەهاتن و ئەیشدێن باوەڕ ئەهێنن، ئەوەیش هەواڵێکی نهێنی‌یە خوا هەواڵی پێداوە. بەداخەوە کار بەدەستان بەبێ جیاوازی دوژمنی خۆیان ناناسن یا خۆیانی لێ گێل ئەکەن لە پاش ئەو

کردارەی جولەکەکان، خوا ڕوئەکاتەوە بۆلای خاوەن نامەکان و هەڕەشەیان لێ ئەکاو ئەفەرموێ:

﴿ یاأیها الذینَ أوتُوا الکِتابَ أمنوا بِما نَزَّلنا مُصَدِّقاً لِما مَعَکُمْ ﴾ ئەی کەسانێکی ئەوتۆ بەخشراوە بە ئێوە نامەی خواکە تەوراتە ئێوە باوەڕبهێنن بەشتێ ئێمە ناردومانە بۆ سەر موحەممەد کە بریتیە لە قورئان بە ڕاست گێڕە لە بۆشتێ لەگەڵ ئێوەدایە کە تەوراتە، ناوەڕۆکیان یەکە لە سەرچاوەدا لە چیرۆکە مێژوەکاندا لە هەڕەشەکردن و موژدەداندا بە ئادەمیزاد هەردوکیان یەکێتی تەنهایی خوا بلاّو ئەکەنەوە، داوای دادپەروەری ئەکەن لەنێو ئادەمیزادا، لە قەدەغەکردنی گوناهەکان. ئەگەر جیاوازیان هەبێ لە هەندێ یاسادا لەبەر بەرژەوەندی سوودی ئادەمیزادەبە گوێرەی کات و جێگە، ئەوەیش بەشێکە لە میهرەبانی خوا بۆیان بەلاّم لە بیروباوەڕی بنچینەکاندا جیاوازیان نیە.

قورئانی پیرۆز لە سەرەتای ئیسلامەوە هەتا ڕۆژی دوایی بانگی هەموو ئادەمیزاد ئەکا بەبێ جیاوازی بە تایبەتی خاوەن نامەکان بە باوەڕ هێنان بە ئایینی پاکی ئیسلام کە ڕاستەو لەلایەن خواوە هاتووە. بە دەیان بەڵگەی ڕون جار لە دوای جار بۆیانی دوپات ئەکاتەوە، بەلاّم بێ باوەڕان لە ڕاستیەوە دوورن. ئەوان جگە لە قازانجی تایبەتی و کۆکردنەوەی دارایی بڕوایان بە هیچ شتێ تر نیە، لە ئاینی ئیسلامدا ئەو قازانجەیان بۆ دەست نادا، ئەو جۆرە کەسانە جگە لە تالاّن و دەست بڕین مەبەستی تریان نیە، لەم سەردەمەدا بەکرێ گیراوی زۆریان هەیە. ئەی ئەو کەسانەی خاوەنی نامەن ئێوە باوەڕ بهێنن بە قورئان کە ڕاست گێری نامەکانتانە.

﴿ مِنْ قَبْلَ أنْ نَطْمِسَ وُجُوهاً فَنَرُدَّها عَلی أدْبارِها ﴾ لە پێش ئەوەی کە ئێمە نەخشەو نیشانەی ڕومەتەکان بگۆڕین و چاوودەم و و برۆو گوێچکە و لوتیان نەیەڵێن، دوایی ئێمە ڕومەتەکان بگێڕین لەسەر وێنەی پشتەوەیان، چۆن لە پشتەوە هیچ نابینن، لە پێشەوەیش هیچ شتێ نابینن.زانایان مانای جیاوازی زۆریان کردووە بۆ ئەو ڕستانە لە هەموویان بەهێزترە بەم جۆرەیە... یانێ ئێوە باوەڕ بە قورئان بهێنن لە پێش ئەوەی ئێمە ڕێگەتان لێ

وون بکەین بە جۆرێ نەتوانن ڕو بکەن بۆلای نیازو مەبەستەکانی خۆتـان، بـە وێنـەی ئـەو کەسانەی بەرەو پاش بڕۆن هەموو کاتێ بیانەوێ بەرەو پێش بڕۆن ئەکەون بەدەما.

﴿ أو نَلْعَنَهُمْ كما لعنا أصْحابَ السبت وَكانَ أمْرُ اللهِ مفعُـولاً ﴾ یـا ئێمـە ئـەو خـاوەن نامانە دور ئەخەینەوە لـە بەزەیی و میهرەبانی خۆمان، وەك دورمان خسـتەوە یـارانی ڕۆژی شەممە، یارانی ڕۆژی شەممە کەسانێ بوون لـە جولـەکەکان ئایینیان گـۆڕی و لـە سنووری خوا دەرچوون خوا تۆڵەی لێ کردنەوە لـە جیهانداو کردنی بە مەیمون و بەراز، بەرگی بـێ نرخی ئەکەینە بەریان، گوێچکەیان کەڕ ئەکەین ڕاستی نەبیسن، چاویان کوێر ئەکەین ڕێگە نادۆزنەوە.

خوای مـەزن بـەو ئایەتـە جولـەکـەکان ئەترسـێنێ ئەگـەر واز نەیـەنن لـە گومڕایـی و گومڕاکردن چۆن پێشوەکانیان کران بە مەیمون ئەمانیش وەك ئەوان بێ هۆش و بێ گـۆش ئەکەین.

فەرمانی خوا بە سزادانیان کراوەو براوەتەوەو کەس ناتوانێ بەر هەڵستی فـەرمانی خـوا بکا.

ئەگێڕنەوە کە وەحشی و هاوڕێکانی هەمزەیان کوشت پەشـیمان بوونـەوە لەسـەر ئـەو کوشتنە، لەو باوەڕەوە نامەیان بۆ پێغەمەر نوسی و پەشـیمان بونـەوەیان دەربـڕی، ووتیـان ئێمە بیستومانە لـە جەنابتەوە هەرکەسێ پیاو کوژبێ و هاوبەشی بۆ خوا دانابێ باوەڕهێنـانی لێ وەرناگیرێ، بەو بۆنەیەوە خوا فەرموی:

إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ
ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ۚ وَمَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱفْتَرَىٰٓ إِثْمًا عَظِيمًا
٤٨ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ يُزَكُّونَ أَنفُسَهُم ۚ بَلِ ٱللَّهُ يُزَكِّى مَن يَشَآءُ

وَلَا يُظۡلَمُونَ فَتِيلًا ﴿٤٩﴾ ٱنظُرۡ كَيۡفَ يَفۡتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلۡكَذِبَۖ وَكَفَىٰ بِهِۦٓ إِثۡمٗا مُّبِينًا ﴿٥٠﴾

﴿ إن الله لا يَغفرِ أنَ يُشرَكَ بهِ ويغفر ما دونَ ذلِكَ لِمَنْ يَشاءَ ﴾ بە ڕاستی خـوا خۆشـی نابێ لـە کەسێ هاوبەشی بۆ خوا دانابێ لـە پەرستنی ئەگەر بمـرێ باوەڕنەیـەری و پەشـیمان نەبێتەوە لـە هاوبەشدانان و، خوا خۆش ئەبێ لـە جگەی هاوبەشدانان لـە گوناهە گـەورەکان و لـە گوناهە بچوکەکان، بە میهرەبانی خۆی پەشیمان بونەوە وەرئـەگرێ. بـەڵام نـەك بـۆ هەموو کەس. بەڵکو بۆ کەسێ ئارەزۆی هەبێ بە هۆی پەرستنی خواوە ئەو لێـی خۆشـبونە وا ئەبێ بەر لـە سزادانەو وائەبێ دوای سزادانی گوناهەکانە، وایش ئەبێ بە هۆی پاڕانەوەی دوستێکی خوا ئەبێ، وا ئەبێ بە هۆی پەشیمان بوونەوە ئەبێ بە تەنها، وا ئەبێ خـوا خۆش بێ بە مەرجێ باوەڕی ڕاستی لـە بەندەوە پەیدا بێ.

مەبەست لـە هاوبەشدانان لـەو ئایەتەدا بریتییە لـەوە بڕوای وابێ چەند خوابـێ هـەن، یـا هەر بڕوای بە بوونی خوا نەبێ.

﴿ ومَنْ يُشْرِكْ بِالله فَتَرِ أفْترى إثما عظيمـاً ﴾ وە هەرکەسـێ هاوبـەش بـۆ خـوا دابنـێ، دوایی بە ڕاستی ئەو کەسە هەڵی بەستووە گوناهێکی گەورە، هەموو درۆیێ بەرانبـەر ئـەو درۆیە بچوك و لاوازە، چونکە ئەو کەسە باوەڕی بەشتێ هەیە نەبووەو نایشبێ.

بەهێزترین بەڵگە لـەسەر یەکێتی خوا ئەمەیە: ئەگەر لـە ئاسما ن زەوی‌دا جگەی خوا خوا تر ببوایە ئاسمان و زەوی ڕانەئەوەستان و خۆیان و ئەو شتانەی بەسەریانەوەن و ئـەوەی لـە ناویانا پوچ ئەبوون و نە ئەمان و هیچ کارێ ساختەی نەئەهات، ئەو کارەیەش زۆر ڕاسـتە، چونکە ئەگەر دوو خوا هەبێ ئەبێ هەردووکیان خاوەن توانابن، بە گوێرەی توانای خۆیـان یەکێ لـەو خوایانە ئەیەوێ شتێ ببێ دژی ئەو شتەبێ ئەویی تریان ویستوێتی یانێ یـەکێکیان

بیەوێ شتێ دروست بکا، ئەوی تریان بیەوێ دروستی نەکا، ئەگەر هەردوو ویستە کە بێتە دیی بە یەکەوە لەیەك کاتا بوون و نەبوون کۆ ئەبنەوە بەیەکەوە، ئەوەیش نابێ و ناگونجێ، ئەگەر خوا ستی یەکێکیان بێتە دیی، ئەبێ ئەوی تریان بێ توانای ئەبێ، بێگومان بێ توانابێ بۆ خوا نابێ، ئەگەر ویستی هەردووکیان نەیەنەدیی ئەبێ هەردووکیان بێ توانابن. ئەوەی باسکرا پوختەی فەرمودەی (لَوْكَانَ فِيها آلِهَةٌ إلاّ اللهُ لَفَقَدْنا).

پرسیار/ ئەگەر ببێژرێ: خوا یەکە. بەڵام سێ ئوقنومە: باوك. کوڕ. روحولقودس. ئایا ئەو ووشانە چۆن مانا ئەکرێن؟ ئایا لەو بابەتەیە ببێژرێ خوا یەکە یا لەو بابەتەیە ژمارەی خوا زۆربن؟

وەڵام/ ئەبێ پرسیار لە بویژەکەی بکرێی مەبەستی چ شتێکە؟ ئەگەر مەبەستی لەو ئوقنومانە چەندین شێوەبن بۆشتێ. وێنەی (الرّحمن الرّحيم الغفار) ئەوە لەو بابەتەیە ببێژرێ خوا یەکە، ئەگەر مەبەستی سێ کەسی سەربەخۆ یاسێ بنچینە ئەمەیان لەو بابەتەیە ببێژرێ هاوبەش دانانە بۆ خوا. بەڵام بەکارهێنانی کوڕو باوك ئەوەمان پیشان ئەدا لەیەك جوێی بن... ئەوە لەلایەوە لەلایی ترەوە ئوقنوم بە مانا ئەسڵەبا بە مانا کەسێکە، ئەوەیش ئەوە ئەگەیەنێ خوا زۆربن، سەرەڕای ئەوانە هەڵواسینی وێنەی مەریەمە لە پەرستگاناو چەندین وێنەی ترو هەڵگرتنی مەریەمە منالێ کە ئاماژە بۆ عیسا ئەکا ئەومان پیشان ئەدا خوا زۆربن...

پاپای ئەم سەردەمەی ساڵی (١٩٨٧) زایینی لە گفتوێکی ساڵانەیدا بە بۆنەی سەری ساڵیانەوە ووتی: ئێمەو موسڵمانان ئاینەکەمان یەك سەرچاوەیان هەیە. بەڵام بە داخەوە موسڵمانان ناڵێن: عیسا کوڕی خوایە، ئەو وتەی پاپایە ئەوە ئەگەیەنێ خوا لای ئەوان زۆربن.

﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يُزَكُّونَ أَنْفُسَهُمْ بَلِ اللهُ يُزَكِّي مَنْ يَشَاءُ ﴾ ئایا تۆ هەواڵت پێ نەدراوەو نەنراو نیوە بۆلای کەسانێکی ئەوتۆ خۆیان ئەپاڵێون و خۆیان بە چاك ئەزانن و ئەڵێن پەرستن و خۆ پارێزیمان لە خراپە زۆرن ئەو داوایەی ئەوان بڕوای پێ ناکرێ، بەڵکو

خوا پاك ئەكاو ئـەپالێوێ کەسـێ ئارەزۆی هـەبێ و شـایانی ئـەوەبێ پـاکی بکاتـەوە لـە گوناه.جولـەکەکان خۆیانیان پاك ئەکردەوە لـە خراپەو ئەیان ووت ئێمە گەلی هـەڵبژاردەی خواین و خوا هەر خوای ئێمەیە بە تەنها، ئادەمیزاد هەموویان بەندەی ئێمەن. چـەند ڕۆژێ ئەچینە دۆزەخ. سـەرەڕای ئەوانـەبێ شـەرمانە ئـەیان ووت: خـوا هـەژارەو ئێمـە خـاوەن سامانین. خۆ بەچاك زانین بەو جۆرەی باسکرا زۆر خراپە. بەڵام ئەگـەر کەسـێ بـە نیـازی پاکەوە بڵێ: من باوەڕدارم ئەوە بە خراپ دانانرێ، بگرە هەواڵدانە بەو شتەی خوا بـەوی داوە، جۆرە سوپاسێکە بۆ خوا.

هـۆی هاتنـە خـوارەوەی ئـەو ئایەتـە ئـەوەبوو، هـەندێ لـە پیاوەکـانی جولەکـە بـە منالەکانیانەوە هاتنە خزمەت پێغەمەر ووتیان: ئایا ئەم منالانە کوناهبارن پێغەمەر فـەرمووی: گوناهبارنین. ووتیان: بەخوا سـوێند ئـەخۆین ئێمـە وەك ئـەو منالانـە بـێ گونـاهین، ئـەو گوناهەی بەڕۆژا ئەیکەن لە شەودا خوا لـەسەرمان هەڵدەگرێ، ئەوەی بە شەو بیکـەن لـە ڕۆژدا لـێمان ئەبورێ، خوای مەزن بەو ئایەتە وەڵامی درۆکانیانی دایەوە.

﴿ وَلا یُظْلَمُونَ فَتیلاً ﴾ وە ئەو کەسانەی بە نارەوا خۆیان بەبێ گوناە دائـەنێن سـتەمیان لێ ناکرێ بـە ئـەندازەی ئەدەزولـەیـە لـە نێـو چـالایی دەنکـە خورمادایـە، هـەروەها ئـەو کەسانەیش خوا پاکیان ئەکاتەوە ستەمیان لێ ناکرێ.

ئەو ئایەتە هەرچەندە دەربارەی جولەکەکان هاتوەتـە خـوارەوە. بـەڵام هـەموو کەسـێ ئەگرێتەوە خۆی بەبێ گوناە دابنێ. تاقی کردنەوە بۆمانی دەرخستووە هەرکەسـێ چاکـەی خۆی بڵێ هۆی نەزانین و لـێی تێك چوونێتی، یا خراپەیـەکی تێدایـە ئەیـەوێ بـە درۆ ئـەو خراپەیە بشارێتەوە.

﴿ أنْظُرْ کَیْفَ یَفْتَرُونَ عَلَى اللهِ الْکَـذِبَ وَکَفـى بـهِ إثْمـاً ﴾ تـۆ تەماشـا بکـە چـۆن ئـەو جولـەکانە درۆو بوختان دروست ئەکەن و ئەیدەنە بەسـەر خـوادا ئـەڵێن: ئێمـە لای خـوا پاکین و گەلی هەڵبژاردەی خواین و کوڕو خۆشەویسـتی خوایـن و، بەسـە ئـەو گومـان و بەختانانە لـەلایەن گوناهەوە هیچ گوناهێ لەو گوناهە گەورەترنیە.

جولەکەکان زۆر جاران دەستیان ئەکرد بە خراپە ووتن دەربارەی ئایینی ئیسلام کە بە گورجی پەرەی سەندبوو، بە جۆرێکی ناپەسەند ڕێزی پت پەرستیان ئەدا بەسەر پەرستنی خواداو ئەیشیان زانی درۆ ئەکەن، بۆ نموونە کەعبی کوڕی ئەشرەف لەگەڵ کۆمەڵێ لە جولەکەکان چون بۆ مەکە بۆ ئەوەی بن بە هاوسوێندی قوڕەیشیەکان لەدژی پێغەمەرو هاوڕێکانی پێغەمەر ﴿ﷺ﴾، لەگەڵیان جەنگ بکەن لە دژی موسڵمانان، لە کاتی سوێندخواردندا قوڕێشیەکان ووتیان: ئێوە کە خاوەنی نامەن لە موحەممەدەوە نزیکترن، لە فێڵی ئێوە ئاسودە نین، بۆ ئەوەی ئێمە بڕواتان پێ بکەین ئەبێ کوڕنوش بۆ پتەکان ببەن، جولەکەکان کوڕنوشیان بردە بەر بتەکانیان کە یەکێ لەو بتانە ناوی (جبت) بوە کاتێ ئەبو سوفیان ووتی: ئێمە ئاژەڵەکانمان سەر ئەبڕین و گۆشتەکانیان دەرخواردی میوانی ئەم خانەی خوایەی ئەدەین و میوان ڕائەگرین و دەست گیرۆیی هەژاران ئەکەین و سەر لە خزمانمان ئەدەین، خانەی خوا تازە ئەکەینەوەو بە دەوریا ئەسوڕێینەوە، ئێمە خێزانی ئەم خانە پیرۆزەین، موحەممەد وازی لە ئایینی باو باپیرانی خۆی هێناوە، وازی لە سەردانی خزمانی خۆی هێناوە، خانەی خوای بەجێ هێشتوە، ئایینی ئێمە کۆنەو ئایینی موحەممەد تازەیە، کەعبی کوڕی ئەشرەف ووتی: بەخوا سوێند ئەخۆم ڕێگەی ئێوە ڕانمویی ترە لەوەی موحەممەد لەسەرێتی. خوا لە وەڵامی ئەواندا فەرموی:

أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ نَصِيبًا مِّنَ ٱلْكِتَٰبِ يُؤْمِنُونَ بِٱلْجِبْتِ وَٱلطَّٰغُوتِ وَيَقُولُونَ لِلَّذِينَ كَفَرُوا۟ هَٰٓؤُلَآءِ أَهْدَىٰ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ سَبِيلًا ﴿٥١﴾
أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَعَنَهُمُ ٱللَّهُ ۖ وَمَن يَلْعَنِ ٱللَّهُ فَلَن تَجِدَ لَهُۥ نَصِيرًا ﴿٥٢﴾

﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى الذِينَ أُوتُوا نَصِيبا مِنَ الْكِتابِ يُؤمِنُون بِالْجِبْتِ ﴾ تۆ هەواڵت پێ نەدراوە نەتڕوانیوە بۆلای کەسانێکی ئەوتۆ بەخشراوە بەوان بەشی لە نامەی خوا کە تەوارتە باوەڕ ئەهێنن بە بتەکان و بە هەموو شتێ بپەرسترێ لە جگەی خواو باوەڕ ئەهێنن بەو بتانە قوڕەیشیەکان ئەیان پەرستن.

﴿ وَالطاغُوتِ ﴾ و باوەڕ ئەهێنن بە هەموو پەرستراوێکی پوچ و بڕوا ئەهێنن بە شەیتان. ئەو کەسانە ئەو پەڕیان گرتووە لەبێ فەرمانی خواداو یاریدەی قوڕەیشیەکان ئەدەن لە دژی ئایننی خوا، ئەبنە هاوکاریان لە پەرستنی ئەو شتە پوچانەو کوڕنوشیان بۆ ئەبەن، هەر لەبەر دڵی بت پەرستان و ئەیشزانن پوچ و بێ نرخن.

﴿ وَيَقُولونَ للذِينَ كَفَرُوا هؤلاء أَهْدى مِنَ الذينَ أمَنُوا سَبيلاً ﴾ وە جولەکەکان ئەڵێن بە کەسانێ باوەڕیان نەهێناوە لە قوڕێشیەکان: ئەو بت پەرستانەی قوڕیش دانیشتوی مەکەن شارەزاو ڕانمویی ترن بۆ ڕاستی لەو کەسانەی باوەڕیان هێناوە بە موحەمەد لەلاین دۆزینەوەی ڕێگەی ڕاست.

﴿ أوْلئِكَ الذيْنَ لَعَنَهُمُ الله ﴾ ئەو جولەکانەی ئەوتۆ بە دووڕوی بڕوایان هێنا بە بتەکان هەر لەبەر دوژمنایتی موسڵمانان کەسانێکی ئەوتۆن خوا بێ بەشی کردون لە بەزەیی و میهرەبانی و ڕیسوای کردوون.

﴿ وَمَنْ يَلْعَنِ الله فَلَنْ تَجِدَ لَهُ سَبيلاً ﴾ وەهەر کەسێ خوا دووری بخاتەوە لە بەزەیی خۆی دوایی دەستی ناکەوێ بۆ خۆی هیچ ڕێگەیە بۆ ڕزگارکردنی لە سزای خوا.

خوای مەزن لە ئایەتی (٤٤) دا باسی جولەکەکانی بە گومڕای و بە گومڕاکردنی ئادەمیزاد کردووە، لە ئایەتی (٤٥)دا باسی کردن بە دوژمنایتی کردنی موسڵمانان. لە ئایەتی (٤٦)دا باسی کردن بە گۆڕینی نامەکان و پێچدانی زمانیان بەم لاوبەولادا. لە ئایەتی (٤٩)دا باسی کردن بەوە خۆیان پاك ئەکردەوە لە گوناە. لە ئایەتی پەنجادا باسی کردن بە هەڵبەستنی بوحنان. لە ئایەتی (٥١)دا باسی کردن بەوە ڕێزی بت پەرستیان ئەدا بەسەر خواپەرستیدا.

لەم ئایەتی دواییدا باسیان ئەکا بەوەی تەماشای پێغەمەرو هاورێکانی پێغەمەر ئەکەن بەدڵ پیسی و ڕقەوە ئاواتیان ئەخواست ئەو کارە چاکەی دراوە بە پێغەمەر بدرایە بەوان، ئەیان ووت: ئێمە شایستەترین بۆ پێغەمەرایەتی، بۆیە خوای مەزن وەڵامیان ئەداتەوەو ئەفەرموێ:

أَمْ لَهُمْ نَصِيبٌ مِّنَ الْمُلْكِ فَإِذًا لَّا يُؤْتُونَ النَّاسَ نَقِيرًا ﴿٥٣﴾ أَمْ يَحْسُدُونَ النَّاسَ عَلَىٰ مَا آتَاهُمُ اللَّهُ مِن فَضْلِهِ ۖ فَقَدْ آتَيْنَا آلَ إِبْرَاهِيمَ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَآتَيْنَاهُم مُّلْكًا عَظِيمًا ﴿٥٤﴾ فَمِنْهُم مَّنْ آمَنَ بِهِ وَمِنْهُم مَّن صَدَّ عَنْهُ ۚ وَكَفَىٰ بِجَهَنَّمَ سَعِيرًا ﴿٥٥﴾

﴿ أمْ لَهُمْ نَصيبٌ مِنَ الْمُلْكِ ﴾ ئایا چۆن ئەبێ بۆ ئەو جولەکانە هەبێ بەشێ لە پاشایەتی و سامان لە جیهاندا. ئەو فەرمودەی خوایێ لەوەوە هاتووە جولەکان ئەیان ووت: ئێمە شایستەترین بە پاشایێتی و پێغەمەرایێتی، ئێمە پەیڕەویی موحەممەد ناکەین:

﴿ فَأذا ألاّ يُؤْتُونَ الناسَ نَقيراً ﴾ دوایی ئەگەر بۆ ئەوان هەبێ پاشایێتی و سامان ئەو کاتە نایدەن بە هیچ کەسێ لە ئادەمیزاد بە ئەندازەی قوڵای پشتی دەنکێ خورما کە ئەو جێگەیە خورمای لێ ئەڕوێ. ئەو ئاواتەیان بهاتایەتەدی موسڵمانانیان لەناو ئەبردو نەیان ئەهێشت ئاینی ئیسلام پەرە بسێنێ. کارێکی تری خراپی جولەکەکان ئەمەیە کە خوا ئەفەرموێ:

﴿ أمْ يَحْسُدُونَ النّاسَ على ما أتاهُمْ اللهُ مِنْ فَضْلِهِ ﴾ بەڵکو جولەکان حەسادەت ئەبن بە ئادەمیزاد لەسەر شتێ خوا بەخشیویەتی بەوان لە گەورەیی خۆیی و بەخشینی

پێغەمەراێتی بە موحەممەدو پەرەسەندنی ئایینی ڕاست و موسڵمانان، ئەیان ووت: چۆن ئەبێ موحەممەد نۆ ژنی هەبێ ئەگەر پێغەمەربێ فەرمانی خوا وازی پێ ئەهێنا لە ژنان و خەریك نەئەبوو بەکاری ژنانەوە. خوای مەزن وەڵامییان ئەداتەوەو ئەفەرموێ:

﴿ فَقَدْ آتَيْنا آلَ إبْراهِيمَ الْكِتابَ وَالنُّبوة ﴾ دوایی ئێمە بە ڕاستی بەخشیومان بە منالەکانی ئیبراهیم نامەی خوا کە تەوراتە بۆ موساو زەبوورە بۆ داود، وە پێمان بەخشیون پێغەمبەرایەتی.

﴿ وآتَيْناهُمْ مُلْكاً عَظِيماً ﴾ وە ئێمە پێمان بەخشیون پاشایەتی و سامانی زۆر بە وێنەی داودو سولەیمان و یوسوف، ئەوانە بەو دەسەڵاتە زۆرەوە لەکاری پێغەمەرایەتی ئەوانی کەم نەکردەوە. ئیتر بۆ ئەبێ ئێوە بە دووری بزانن پێغەمەراێتی و ژن هێنان دژی یەکتری بن.

پاش ئەوەی وڵامی جولەکەکان و درایەوە بەوانەی پێشوو، خوای گەورە باسی ئەمەیشمان بۆ ئەکا جولەکەکان و هەموو نەتەوەی پێغەمەرەکان ئەبن بە دوو بەشەوە:

﴿ فَمِنْهُمْ مَنْ آمَنَ بِهِ وَمِنْهُمْ مَنْ صَدَّ عَنْهُ وكَفى بِجَهَنَمَ سَعِيراً ﴾ دوایی هەندێ لە جولەکەکان و لە پەیڕەوانی پێغەمەرەکانی تر باوەڕیان هێناوە بە موحەممەدو بە پێغەمەرەکانی ترو، هەیانە وازیان هێناوە لە پێغەمەرو لە پێغەمەرانی ترو باوەڕیان پێ ناهێنن و، بەسە دۆزەخ بە ئاگرێکی سوتێنەرو گڕدار کە سزای ئەوانەی پێ بدرێ باوەڕ بە موحەممەدو پێغەمەرانی تر نایەنن.

بۆزانین: موسڵمانان دەسەڵاتیان پەیدا کرد. بەسەدان ساڵ درێژەی کێشاو بڵاوبوویەوە بە ڕۆژهەڵات و بە ڕۆژئاوادا. جولەکەکان هەندێ بوون لەژێر دەستەی موسڵمانان، لەو کاتەدا دادپەروەری باڵی کێشا بوو بەسەریانا و ئەوپەڕی چاودێری ئەکران ئەوان و خاوەن نامەکانی تریش بە جۆرێ زانایانی خاوەن ویژدان بە زەقی باسی ئەو مەبەستەیان کردووە (غوستاف لوبون) زاناو مامۆستای کۆمەڵایەتی فەرەنساوی ئەڵێ: هیچ نەتەوەیەکی سەرکەوتوم نەناسیوە میهرەبانترو خاوەن بەزەیی تربێ لە موسڵمانان بۆ ژێر دەستەی خۆیان. جگەی ئەو زانای زۆرتر هەن ئەو شایەتیە بدەن.

لەمەوبەر، باسی باوەڕداران و بێ باوەڕان کرا ئێستایش موژدەو هەڕەشەکردن بۆ باوەڕداران و بێ باوەڕان ڕون ئەکرێنەوە، یەکەم جار باسی بێ باوەڕان و جۆری سزاکانیان ئەکاو ئەفەرموێ:

إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِنَا سَوْفَ نُصْلِيهِمْ نَارًا كُلَّمَا نَضِجَتْ جُلُودُهُم بَدَّلْنَٰهُمْ جُلُودًا غَيْرَهَا لِيَذُوقُواْ ٱلْعَذَابَ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَزِيزًا حَكِيمًا ﴿٥٦﴾ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ سَنُدْخِلُهُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا لَّهُمْ فِيهَآ أَزْوَٰجٌ مُّطَهَّرَةٌ وَنُدْخِلُهُمْ ظِلًّا ظَلِيلًا ﴿٥٧﴾

﴿ إن الذينَ كَفَرُوا بآياتِنا سوفَ نُصْلِيْهِمْ ناراً ﴾ بەڕاستی کەسانێکی ئەوتۆ باوەڕیان نەهێناوە بە نیشانەو بەڵگەکانی ئێمە لەسەر یەکێتی ئێمەو ڕاستی قورئان و پێغەمەرو بوونی فریشتەکان و دۆزەخ و بەهەشت و بە پێویست بوونی نوێژو ڕۆژو و زەکات و لەسەر قەدەغەکردنی داوێن پیسی و مەی خواردن و بێ فەرمانیەکانی تر ئێمە ئەیان خەینە نێو ئاگرو ئەیان بژێنین بەو ئاگرە، بەڵام چۆن ئاگرو سزایە؟.

﴿ كُلَما نُضْجَتْ جُلُودُهُمْ بَدَلْنا جُلوداً غَيْرَها لِيَذُوقُوا الْعَذابَ ﴾ هەموو کاتێ پێستەکانیان سوتاو دارزاو توایەوەو وایان لێ هات نیشانەیان نەما ئێمە ئەگۆڕین بۆ ئەو کەسانە چەندین پێستی تر جگەی پێسە سوتاوەکانیان و لەشەکانیان هەروەك خۆیان ماونەتەوە لەبەر ئەوەی ئەو کەسانە بچێژن سزاو ئازاری ئەو ئاگرە بە سەختی و بە گرانی.

﴿ إنَّ اللهَ كانَ عَزيزاً حَكِيماً ﴾ بەڕاستی خوا زۆر گەورە بەدەسەلاتە و کەس ناتوانێ ڕێگەی لێی بگرێ بۆ سزادانی بێ باوەڕان هەموو شتێ لە جێگەی شیاوی خۆیا دائەنێ و شیاوی سزادانن.

ئەو جۆرە سزایانە لەو ئایەتەدا باسکرا بۆ ئەو کەسانەیە لایان وایە خوا هەرنیەو بۆ ئەو کەسانەیشە هاوبەش بۆ خوا دائەنێن و ئادەمیزاد لە خراپەیان ئەترسن، خاوەن زاناکان ئەڵێن: ئەو کەسانەی ئەچنە دۆزەخ هەرگیز نایەنە دەرەوە شەش تاقمن:

١- ئەو کەسانەی داوای خوایێتی ئەکەن، وەك فیرعەون و نەمرود.

٢- ئەو کەسانەی باوەڕیان بە بوونی خوا نیە.

٣- ئەو کەسانەی هاوبەش بۆ خوا دائەنێن لە پەرستنیدا.

٤- ئەو کەسانەی دووڕون.

٥- ئەو کەسانەی بە نارەوای بێ تاوانان ئەکوژن و بە قەدەغەی نازانن (٦) ئەو کەسانەی بروایان بەو شتانەبێ خوا پێویستی کردوون یا قەدەغەی کردون وەکو نوێژو داوێن پیسی زۆر ڕوون ئاشکرایە ئەو کاسانەی دووڕوون لە هەموان خراپترن. هەروەها خراپتر لە هەمووان ئەو کەسانەن کە جەنگ ساز ئەکەن و دەستی دانیشتوانی پێوە ئەکەن بە بیانوی خراپی خۆیان ئاسایش ئەپارێزن کەچی لە ناوڕۆکا مەبەستیان ئەوەیە گەلان بکەن بە بەندەی خۆیان بە ناوی پاراستنی سەربەستی و سامان و دارایی ئەخۆن بە ناوی بوژانەوەی ڕادەی ژیانیان بەو ناوەو داوێن پیسی و بێ ناموسی بلاوئەکەنەوە بە گومانی ژەهراوی خۆیان پێش کەوتن و گەشەکردن و شارستانیەتە.

خوای مەزن لە پاش باسی بێ باوەڕان و ئاگری دۆزەخ باسی باوەڕداران و بەهەشتمان بۆ ئەکا ئەفەرموێ:

﴿ وَالَّذِين آمنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحاتِ ﴾ وەکەسانێکی ئەوتۆ باوەڕیان هێناوە بە قورئان و موحەمەد بەڵگە ڕونەکانی خوا، باوەڕیان بەو کارانە هەیە بە جگەی پێغەمەر ﴿ ﷺ ﴾ناکرێن

و باوەڕیان بە هەموو پێغەمەران و نامەکانی خوا هێناوەوو کردەوە چاکەکانیان کردووە بە گوێرەی ئەو فەرمانەی پێیان سپێردراوە.

﴿ سَنُدْخِلُهُمْ جَنَاتٍ تَجْرِی مِنْ تَحْتِهَا الأَنْهارُ خالِدِينَ فِيها أَبَدا ﴾ ئێمە لەمەوداو لە ڕۆژی دوایدا ئەیان خەینە نێو چەندین بەهەشت ئەچێ بە ژێر درەختەکانی و ئەم لاو لای کۆشکەکانیدا چەندین ڕووباری ئاویی شیرین و ڕون بەردەوامن لەنێو بەهەشتانەدا هەتا هەتایە و نایەنەدەرەوە.

﴿ لَهُمْ فِيها أَزْواجٌ مُطَهَرَةٌ ﴾ بۆ ئەو باوەڕدارانە هەیە لەنێو ئەو بەهەشتانەدا چەندین هاوسەرو ژنانی پاکۆکراو لەو شتانەی بێزیان لێ ئەکرێتەوە، لە چڵك و چەپەڵی و خوێنی حەیزو پاش منداڵ و بۆنی ناخۆش و لە کینەو دڵ پیسی و هەوێی سازی و شتی خراپی تر.

﴿ وَنُدْخِلُهُمْ ظِلاً ظَلِيلاً ﴾ وە ئێمە ئەو باوەڕدارانە ئەخەینە نێو سێبەرێکی چڕی بەردەوام خۆر لایناباو گەرما ئازاریان نادا، باخانەکانی ئەو بەهەشتانە پڕن و لقەکانیان چوون بەناویەکاو بۆشیاییان تێدانیە و فێنك و خۆش، نەسەرمایان ئەبێ و نە گەرما، جگەی سێبەری بەهەشت هیچ سێبەرێ تر بەو جۆرە نین.

کاتێ پێغەمەرو هاورێکانی شاری مەکەیان گرت و چونە نێو حەوشی کەعبە عوسمانی کوڕی تەلحەی کوڕی عەبدولاّ قاپی کەعبەی لێی پێوەدان و کلیلی کەعبەی هەڵگرت، پێغەمەر داوای کلیلەکەی کردو نەیدایە ووتی: ئەگەر بم زانیایە فروستادەی خوای کلیکەکەم ئەدایتێ، عەلی کوڕی ئەبی تالب دەستی پێچ داو کلیلەکەی لێ سەند.

پێغەمەر چوە نێو کەعبەوەو دوو ڕکات نوێژی کرد، لەو کاتەدا عەباسی مامی پێغەمەر داوای لە پێغەمەر کرد کلیلەکەی بداتێ و ببێتە کلیلەوانی کەعبەو ئاوپێدانی حاجیەکان و ببێتە لێپرسراوی هەردووکیان. بەڵام لە دواییدا خوای گەورە فەرمانی دابە پێغەمەر کلیلەکە بداتەوە بە عوسمانی کوڕی تەلحە. پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ فەرمانی دابە عەلی بیداتەوە بە عوسمان و بیانوشی بۆ بهێنێتەوە، ئەو ڕوداوە بو بە هۆی باوەڕهێنانی عوسمان، خوای

گەورە پەیامی نارده خوارەوە کە زێوان و کلیل بەدەست و خزمەت کردنی کەعبە هەتا هەتایە بەدەست عوسمان و نەتەوەکەیەوە بێ، هەتا ئەم کاتەی سەردەمی ئێمە هەر بەدەست ئەوانەوەیە، بۆیە خوا ئەفەرموێ:

إِنَّ
ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تُؤَدُّواْ ٱلۡأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهۡلِهَا وَإِذَا حَكَمۡتُم بَيۡنَ
ٱلنَّاسِ أَن تَحۡكُمُواْ بِٱلۡعَدۡلِۚ إِنَّ ٱللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُم بِهِۦٓۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ سَمِيعَۢا
بَصِيرٗا ﴿٥٨﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي
ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ
تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا ﴿٥٩﴾

﴿ إن الله يأمُرُكُمْ أنْ تَؤَدوا الأماناتِ إلى أهْلِها ﴾ بەڕاستی خوا فەرمان ئەدا بە ئێوە کە ئێوە بگێڕنەوە بۆلای خاوەنەکانیان ئەو شتەی لاتان دانراوەو کەلیلەکە بدەنەوە بە عوسمان.

بۆزانین: مەبەست لە (الأمانات) لەو ئایەتەدا بریتی نیە لەو شتانە ئەبینرێن، وەك دارایی و نامەو کلیلی دەرگا. بەڵکو هەموو شتێ ئەگرێتەوە پێویست کرابێ لەسەر ئادەمیزاد لە سامان و ئەو کەسانەی خراونەتە ژێر چاودێری کار بەدەستان و لەبەش کردنی دارایی گەنجینەی ئیسلام بەسەر دانیشتواندا و لە گەڕانەوەی ئەوانەی بەستەم داگیرکراوە لە

خەڵکی، دادپەروەری لە فەرماندانا، لە نوێژو ڕۆژو زەکات و هەموو پەرستنەکانی تر، ئەوانە هەموویان پێویستە جێبەجێبکرێن. زانین ئەمانە تەلای زانایان، مافی دراوسێ ئەمانەتە، مێردو ناموس ئەمانەتە لەلای ژن، ژن و خێزان ئەمانەتەن لەلای خێزان، قوتابی ئەمانەتە لەلای مامۆستایان نەخۆشەکان ئەمانەتن لای پزیشکەکان.

خوای گەورە فەرمان ئەدا کە دادپەروەربین لە فەرمان دەرکردندا بۆ نەهێشتنی گیرگرفتی نێوان ئادەمیزاد، بۆ وەڵامدانەوەیان لە هەموو پرسیارکردنیان لە هەموو ڕویەکەوە، بۆ ئەو مەبەستانە هەموویان خوا ئەفەرموێ:

﴿ وإذا حَكَمْتُمْ بَيْنَ الناسِ أنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ ﴾ وەهەرکاتێ ئێوە فەرمانتان دابوو لە نێوان ئادەمیزادا بۆ نەهێشتنی کێشەو ئاژاوە یا وەڵامدانەوە پرسیار پێویستە کە ئێوە فەرمان بدەن بە دادپەروەری و یەکسانی و لایەنی هیچ لایەنێ نەگرن، ئیتر ئەو ئادەمیزادانە باوەڕداربن، یان بێباوەڕ، خزمبن یان بێگانە.

پێویست کردنی دادپەروەری تەنها بۆ دادوەران نییە، بەڵکو کاربەدەستان بە گەورەو بچوکیانەوە لەسەرەوە بۆ خوارەوە لە هەموو ڕوبێکی ژیانەوە لە تەندروستی و ڕۆشن بیری و گوزەران و سەربەستی بۆ هەموو گەل ئەگرێتەوە، بەر لە هەموو شتێ پێویستە لەسەر کار بەدەستان ڕێگە بگرن لە چاوچنۆکی ستەمکاران بێگانەبن یا خۆماڵی کە ڕێگەیە بگرن ببێتە هۆی ستەم و دەست درێژی لە دانیشتوان و گاڵتە بکەن بە هەست و نەستیان.

بێگومان ئەو کارەساتە نالەبارانە دیومانە بە خۆمانەوە بەسەرمان هاتووە هەموویان سەرچاوەکانیان لەلایەن کار بەدەستانەوە پەیدا بووە. ئەو هەمووە نەگبەتی و شین و هاوارەی بەسەرمان سەپاوە کە لەلایەن ئەو کۆمەڵە کاربەدەستە جەردانەوە توشمان بووە، سەرەتاو هێزی دەسەڵاتیان بەهۆی داگیرکردن و ستەم و ئاگرەوە بووە، بە ناشایستە چونەتە پۆپەی دەستەڵاتەوەو خۆیانیان کردووە بەکاربەدەست، وێنەی کاربەدەستانی ئەم سەردەمەی ئێمەی بە زۆری.

بۆ زانین: دادپەروەری دادوەرەکان بە مانای خوارەوە ئەبێ: بەیەك چاو تەماشای داواکارەکان بکا. هەموو مافێ بداتەوە بەدەست خاوەنەکانیانەوە، تەماشای ئاین و بڕواو خزم و دۆست و دوژمن و گەورەو بچوك نەکا...

ئەبێ ئەوەیش بزانین بە گوێرەی تاقیکردنەوو شایەتی دانی بێگانە و مێژوو هیچ یاسایێکی جیهان نەبینراوە کە دادوەرتربێ لەو دەستورە ئیسلام داینـاوە، چونکە هەرەشەی زۆری کردووە لە دادوەرەکان دەربارەی دادپەروەری و دانەبەزینی دادپەروەری. چاودێری و پشکنینی کاری دادوەران یەکجار توندو سەختە.

﴿ إن اللهَ نِعِمّا يَعِظُكُمْ ﴾ بە ڕاستی خوا چاك شتێکی ئەوتۆیە ئامۆژگاری ئێوە ئەکا بەو شتە کە دانەوەی ئەو سپاردانەیە ئەبێ بیدەنەوە بە خاوەنەکانیان و، چاکە ئەو فەرمانەی خوا پێتانی ئەدا بە دادپەروەری فەرماندانتان بە نەهێشتنی ئاژاوە، قەدەغەکردنی ئەو شتانە نارەواو نا دروستن لەسەرتان.

﴿ إن اللهَ كانَ سَمِيعاً بَصيراً ﴾ بە ڕاستی خوا هەموو گفتوگۆیە ئەبیستێ. بەتایبەتی کە عوسمانی کوڕی تەلحە ووتی: ئەو کلیلە سپاردەو ئەمانەت بێ لەلاتان، هەموو شتێ ئەبینێ بە تایبەتی گەڕانەوەی کلیل بۆلای عوسمانی کوڕی تەلحە.

کاتێ خوای مەزن فەرمانیدا بەکاربەدەستان و هانی دان بۆ دانەوەی سپاردەو مافی ژێر دەستەکانیان و یەکسانی دانان لە نێو دانیشتوانا، فەرمانیش ئەدا بە گەل و ژێر دەستەکانیان و هانیان ئەدا بۆ گوێ گرتن و پەیڕەوی کاربەدەستان و پێشەواکانیان، هەرگیرو گرفتێ ڕووی تێ کردن پەنابین بۆلای کاربەدەستان بۆ چارەسەرکردنی.

بەم ئایەتەی دوایش بۆمان ڕون ئەکاتەوە کە سەرچاوەی یاساو دەستوری ئیسلام چوارشتن:

١- نامەی خوا (الکتاب) وەك خوای مەزن ئەفەرموێ:

﴿ يا أيُّها الذينَ أمنوُا أطيعُوا اللهَ ﴾ ئەی کەسانێکی ئەوتۆ بڕواتان هێناوە ئێوە فەرمان، بەرداری خوابن، یانێ ئەو شتانەی خوا پێویستی کردووە لە نامەی خۆیا لەسەرتان بە جێیان بهێنن، ئەوانەیش خوا قەدەغە کردوون لەسەرتان خۆتانی لێی دوربخەنەوەو مەیکەن.

٢- ﴿ وَأَطِيعُوا الرَسُولَ ﴾ و فەرمان بەرداری فروستادەی خوابن و هەر شتێ فـەرمانی پێ ئەدا پێویستە ئێوە بە گوێرەی فەرموودەکانی بەوانە هەڵسن لە هەموو ڕۆلێکەوە.

٣- کۆبونەوەی موسڵمانان و بڕیاردانیان لەسەر شتێ بە هۆی ڕاوێژەوە لەو کەسانەی خاوەنی گرێ دان و کردنـەوەی کـاری موسـڵمانانن کـە پـێ‌ی ئـەوترێ (الأجمـاع) وەك ئەفەرموێ:

﴿ وَأُوْلِي الأَمَرِ مِنْكُمْ ﴾ وە فەەرمانبەرداری کەسانێ بن خاوەنی فەرمان و کار بەدەسـتن لە ئێوەو لە خۆتانن و موسڵمانن، هەر شتێکتان پێ ئەڵێن ئەبێ ئێوە جێ‌بەجێی بکەن، بـەو مەرجەی لە یاسای ئیسلام دەرنەچێ، ڕاست گۆو دادپەروەرو ئـایین و نیشـتمان پـەروەبن ووشە (منکم) بەڵگەی ئاشکرایە کاربەدەستانی موسڵمانان پێویستە موسڵمانبن و هـەرگیز دروست نی‌یە لە جگەی موسڵمانان بن.

٤- سەرچاوەی یاسای ئیسلام بەراوردکردنی هۆی کارێکە بۆ پـەیدابوونی ئـەو هۆیـە لەشتێ تردا کە پێ‌ی ئەوترێ: (القیاس) وەك خوا ئەفەرموێ:

﴿ فَإِنْ تَنازَعْتُمْ فِي شَيء فَرُدُّوُهُ إِلى اللهِ وَإِلى الرَّسُولِ ﴾ دوایی ئەگەر ئێوە ئاژاوەتان بـوو لە شتێکا باسی هـۆی فـەرمان پێدانـی نـەکرابوو لـە نامـەی خـواداو لـە فـەرموودەکانی پێغەمەردا (الکتاب والسّنە) دوایی ئێوە زانینی ئـەو شـتە بگێڕنـەوە بـۆلای نامـەی خـواو فەرموودەی پێغەمەر. یانێ ئەگەر پێغەمەر لە ژیاندا بوو بچن بـۆلای بـۆ ڕوون کردنـەوەی ئەو کارە، ئەگەر کۆچی دوایی کردبـوو تەماشـای نامـەی خـوا بکـەن، دوایـی تەماشـای فەرمودەی پێغەمەر بکەن و بەراوردی بکەن لەگـەڵ هـۆی فـەرمودەکانیان بـۆ شـتێ تـرو بیکەن بە یاسا بۆ خۆتان، بە گوێرەی بەراوردی خۆتان.

﴿ إِنَ كُنْتُمْ يُؤْمِنُونَ بِاللهِ وَالْيَوْمْ الأَخِير ﴾ ئەگەر ئێوە بـڕوا ئـەهێنن بـە خـواو بـە ڕۆژی دوایی. بێگومان باوەڕ هێنان پێویستی ئەکا لەسەرتان هەرشتێ ئێوە ئاژاوەتـان لـەوا پـەیدا کرد بیگێڕنەوە بۆلای فەرمودەکانی خواو پێغەمەر ﴿ﷺ﴾.

﴿ ذٰلِكَ خَيْرٌو أحْسَنُ تأوْيلاً ﴾ گەڕانەوە بۆلای زانینی ئەو شتانە، بۆلای فــەرمودەکانی خواو پێغەمەر چاکترە بۆ ئێوەو شــیربن و چاکــترە ئەنجامەکـەی و ماناکـەی لــەوەی نـەی گێڕنەوە بۆلای خواو پێغەمەر، شایستەترە بۆ ئێوەو توشی هەڵە نەبن.

بۆ زانین: ناوبردنی کاربەدەستان لە دوای فروستادەی خوا ئەمەمان پیشان ئەدا پێویستە کاربەدەستان دادپەروەربن و ستەم کارنەبن، چونکە ستەم کاران شایستەی ئـەوە نـین ببنـە سەرۆك و پێشەوای موسڵمانان، ئەگەر وابن ئەو ستەمکارانە بە زۆر خۆیانیــان سـەپاندووە بۆ سەرۆکایێتی دانیشتوان بەبێ ڕەزامـەندی ئـەوان هـاتوون، خۆینیـان ئـەمژن و سـامانیان فەرهوت ئەکەن.

کابەدەستان دوای ئەوەی ئەبێ موسڵمانبن و ستەم کار نەبن ئەمانە هــەموو ئەگرێتـەوە: سەرەك کۆمار و پاشا و شالیار و جێگەداری ئەوان لــە شـارو لـە دێـهات و لـە هـەموو جێگەکاندا، هەروەها دادوەران و زانایان و فەرماندەی لەشـکرو گـەورە پیـاوانی ئـایین و بەڕێوەبەران و هەڵسوڕێنەری کارو فەرمانی دانیشتوان ئەگرێتەوە. ئەگەر ئەوانە بە کۆمـەڵ بڕیارێکیان دەرکرد لەژێر ڕوناکی یاسای ئیسلامدا پێویسصتە جێبەجێ بکـرێ، بەمـەرجێ شیاوی ئـەوەبن سـپاردەو ئەمانـەتیان بخرێتـە سەرشـان و دژی فـەرمودەی خـواو پێغەمـەر هەڵنەسن و لـە فەرماندانیدا سەر بە خۆبن و کـەس زۆریـان لێ نـەکا، سـەرباری ئەوانـەیش ستەم کار نەبن.

بۆ زانین: کار بەدەستان بە تەنها بریتی نین لـە پێشەوایانی بێ گونـاە، بـەو جـۆرەی کـە ڕافزیەکان و تاقمی دووازدە پێشەوا پەرستەکان بە گومانی خۆیــان ئـەیلێن لەبـەر سـودی جیهانی خۆیان دروستیان کردووە، مەرج نی‌یە بێ گوناە بن و ئەبێ بناسرێن و خۆیــان بـۆ دانیشتوان دەرخەن، لەبەر ئەمانەی خوارەوە:

١– پەیڕەویی و فەرمانبەرداری ئەوان کاتێ پێویستە ئەو پێشەوایانە بناسـرێن و بگونجـێ دانیشتوان بچنە لایان و خۆیان نەشارنەوە، وەك ڕافزیەکان دەربارەی موحەمــەدی کـوڕی عەلی ئەیلێن: کە خۆی پەنـهانداوە لــە کێـوی (رضوية) و، دووازدە ئیمامیـەکان ئـەیلێن

دەربارەی ئیمامەکانیان بە تایبەتی بۆ ئیمامی دووازدەهەم، کە هەرگیز کەس نەی دیوە، چونکە ئەگەر نەناسرێن ناتوانن داوای پێشەوایی بکەن و نازانرێ چ کەسێ فەرمانیان بۆ دەرکاو دەنگیان بۆبدا. ئەگەر بش ناسرێن مەرج نیە هەر ئەوان پێشەوابن کە خۆیان بۆ خۆیانیان دیاری کردووە، خوای مەزن لەو ئایەتەدا ئەو فەرمانبەرداریيەی نەبەستوە بە چەند کەسێکی تایبەتەوەو بە بەرەڵایی باسی کاربەدەستانی کردووە.

٢- کار بەدەستان لەو ئایەتەدا بە کۆمەڵ باسی کردووە نەك بۆ تاکە کەسێ لە جێگەی پێغەمەر، کەچی لای ڕافزیەکان و دووازدە ئیمامیەکان پێویستە هەر یەك کەسێ بە دژی فەرموودەی خوا.

٣- خوای مەزن لە کۆتایی ئایەتەکەدا ئەفەرموێ: ئەگەر ئاژاوەتان لێ پەیدا بوو لە کارێکا، زانینی ئەو کارە بگێڕنەوە بۆلای خواو فروستادەی خوا، لەو کاتەدا ئەگەر مەبەست لە خاوەن فەرمانەکان یەك کەس بوایە بە تەنها ئەبوایە بیبێژرایە:

بیگێڕنەوە ئەو شتە بۆلای خواو فروستادەی خواو خاوەن فەرمان کەواتە مەرج نیە هەر تاکەکەسێ بێ و خۆی ئاشکرا نەکا...

پیاوی لە جوولەکەکان و پیاوێ تر لە دوو ڕووەکان کەوتنە ئاژاوە لە نێوان خۆیانا، لە دوایدا جوولەکە ووتی: ئەچین بۆلای موحەمەد، چونکە ئەیزانی پێغەمەر بەرتیل وەرناگرێ و ستەم ناکا لە فەرماندانیا، پیاوە دوو ڕوەکە ووتی: ئەچین بۆلای کەعبی کوڕی ئەشرەف کە جولەکە بوو، چونکە ئەیزانی بەرتیل ئەخوا، بۆیە خوا لەو ئایەتەدا باسی کار بەدەستانی کردووەو فەرمانی داوە بە دانیشتوان فەرمانبەرداریانین، دوای ئەوە باسی دوو ڕوەکان ئەکاو ئەفەرموێ:

﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ ءَامَنُوا۟ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُوٓا۟ إِلَى ٱلطَّٰغُوتِ

وَقَدْ أُمِرُوٓاْ أَن يَكْفُرُواْ بِهِۦ وَيُرِيدُ ٱلشَّيْطَٰنُ أَن يُضِلَّهُمْ
ضَلَٰلًۢا بَعِيدًا ﴿٦٠﴾ وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْاْ إِلَىٰ مَآ أَنزَلَ
ٱللَّهُ وَإِلَى ٱلرَّسُولِ رَأَيْتَ ٱلْمُنَٰفِقِينَ يَصُدُّونَ عَنكَ
صُدُودًا ﴿٦١﴾ فَكَيْفَ إِذَآ أَصَٰبَتْهُم مُّصِيبَةٌۢ بِمَا
قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ ثُمَّ جَآءُوكَ يَحْلِفُونَ بِٱللَّهِ إِنْ أَرَدْنَآ إِلَّآ
إِحْسَٰنًا وَتَوْفِيقًا ﴿٦٢﴾ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ يَعْلَمُ ٱللَّهُ مَا
فِى قُلُوبِهِمْ فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ وَعِظْهُمْ وَقُل لَّهُمْ فِىٓ
أَنفُسِهِمْ قَوْلًۢا بَلِيغًا ﴿٦٣﴾

﴿ أَلَمْ تَرَ إِلى الذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَهُمْ أمنُوا بِما انْزِلَ إِليْكَ وَما أنْزِلَ مِنْ قَبْلِكَ ﴾ ئایا تۆ هەواڵت پێ نەدراوەو نەتڕوانیوە بۆلای کەسانێکی ئەوتۆ گومان ئەبەن کە ئەوان بە ڕاستی باوەڕیان هێناوە بە شتێ نێرراوەتە خوارەوە بۆلای تۆ بە وێنەی قورئان، گومانیان وایە باوەڕیان هێناوە بەشتێ نێرراوەتە خوارەوە لە پێش تۆو بۆلای پێغەمەرانی، وەك تەورات و زبور و ئینجیل، تۆ نازانی ئەو کەسانە چ شتێ ئەکەن.

﴿ يُرِيدُونَ أنْ يَتَحاكَمُوا إِلى الطّاغُوتِ ﴾ ئەو کەسانە ئەیانەوێ لەگەڵ ئەوەیشدا ئەڵێن: باوەڕمان هێناوە کە داواکاری خۆیان ببن بۆلای یاخیەکان لە خوا لە کاتی ئاژاوەیانا بە

تایبەتی بۆلای کەعبی کوڕی ئەشرەف. تاغوت بریتیە لە هەموو پەرستراوێکی پوچ لە بت و لە ئادەمیزاد بە تایبەتی کار بەدەستانی ستەم کار.

﴿ وَقَدْ أُمِرُوا أَنْ يَكْفُرُوا بِهِ ﴾ وە بە ڕاستی ئەو کەسانە فەرمانیان پێ دراوە کە باوەڕ بە تاغوت نەبەرن و یەخەیان لێ هەڵکێشن.

﴿ وَيُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَنْ يُضِلَّهُمْ ضَلالاً بَعِيداً ﴾ وە شەیتان ئەیەوێ ئەو کەسانە لابدا لە ڕێگەی ڕاست وەریان گێڕێ بۆلای تاغوت بە گومڕاییێکی دوورو بەردەوامبێ هەتا کاتی مردنیان و نەگەڕێتەوە بۆلای ڕاستی.

ئەو ڕووداوانە کە قورئانی پیرۆز بۆمانی ئەگێڕێتەوە کە ڕووی داوە لە نێوان جولەکەو دوو ڕووەکاندا وانەیەکی زۆر گرنگمان فێرئەکا: ئەو جولەکەیە بڕوای بە پێغەمەر نەبوو کە ئەیووت بۆنەمانی ئاژاوە بچین بۆلای موحەمەد، دوو ڕوەکەیش بڕوای بە کەعبی کوڕی ئەشرەف نەبوو کەچی ئەیووت: بچین بۆلای کەعب. جا ئەو کارە گرنگە ئێمە لەو ڕووداوەدا ئێمە فێری ببین ئەمەیە: ئەو نهێنیە هەردوولایان پەنایان داوە سوودی تایبەتی خۆیانە، خۆیان بە خۆیان بە درۆ ئەخەنەوە، بۆیە پێویستە لەسەرمان هەر کەسێ بیەوێ سوودی تایبەتی خۆی بە هۆی ئایین و باوباپیرانەوە دەست بکەوێ جێگەی بڕواو متمانە نیە لە پڕوپاگندەی خۆیانانە بۆ خۆی و، نەبۆ ئایین و بیروباوەڕی هەتا نەی یالێوبی و تاقی نەکرێتەوە.

بە ڕاستی زۆر کەس هەن و بە چاوی خۆمان ئەیان بینین بە دەیان کۆشك و بە هەزاران دینارو دۆلار ئەنێین بەیەکەوە بە هۆی ئایین و بیروباوەڕەوە، دانیشتوان بێ هۆش ئەکەن و خۆیان بە بەختیاری لەم ڕۆژەدا ئەژین، ئەو شتانەیان دەست نەکەوتووە بە جگە ئەوە نەبێت دانیشتوانی ساویلکە بە ئایین پەروەری و بە پیاو چاکی و بە نیشتمان پەروەریان دابنێن. دانیشتوانی ژیرو ئایین پەروەر ئەزانن، ئەو کەسە پارەو پول و چەکی زۆر لە دوژمنان وەرئەگرن بۆ کپ کردنەوەی هۆشی موسڵمانان، پارەکان بۆ خۆیان هەڵئەگرن و بە

چەکەکان دانیشتوانیان پێ ئەکوژن بە هۆی بە کرێ گیراوانی خۆیانەوە، بە بیانوی ئەوە گوایە ئەوان دژی کاربەدەستانن هەرکەسێ لە دانیشتوان بگوژرێ ئەندازەیە لەو پارەیە لە کاربەدەستان وەرئەگرن ئەیدەن بەکەس و کاری کوژراوەکان. ئەو کەسانە زۆرن و ناویان بە ڕاوێژکارو هەندێکیان ناوی خۆیانیان ناوە بە پیرانی تەریقەت، کۆشکی گران بەهاوو ماشینی یەکجار بە نرخ بۆ خۆیان ساز ئەکەن، هەموو کەس بە چاوی خۆی ئەبینێ کوڕەکانیان پیاو کوژو مەی خۆرو قومارچی و داوێن پیسن و کچەکانیان ڕوت و بەرەڵاو بە مودێلی ڕۆژانەوە خەریکن لە بەرگو خشڵ و بۆن و قژبڕین و شتی تریش.

﴿ وَإذا قِيْلَ لَهُمْ تَعالَوْا إلى ما أنْزَلَ اللهُ وَإلى الرَّسُولِ ﴾ وەهەر کاتێ بیێژرێ بەو کەسانە: وەرن بۆلای شتێ خوا ناردبێتەخوارەوەو فەرمانی پێداوە لە نامەی خۆیاو، بۆلای پێغەمەرو ئەو شتانەی ڕای ئەگەیەنێ بە ئادەمیزاد.

﴿ رَأيْتَ المُنافِقِيْنَ يَصُدُّونَ عَنْكَ صُدُوداً ﴾ تۆ ئەو دووڕوانە ئەبینی واز لە تۆ ئەهێنن و ڕوئەکەن بۆلای جگەی تۆ لە دوژمنانی خوا بەوازهێنانی زۆر گەورە، ئەو کەسانە بڕوایان بە هیچ شتێ جگە لە سوودی خۆیان نییە، بەهەرجۆرێ بۆیان بلوێ سەریان پێوە نیەە.

﴿ فَكَيْفَ إذا أصابَتْهُمْ معية بِما قَدَمَتْ أيْدِيهِمْ ﴾ دوایی چۆن ئەبێ ژیانیان و چ شتێ ئەکەن ئەو دووڕووانە. کاتێ تووشی ئەوان ببێ سزاو، تاڵاوێ بە هۆی شتێکەوە خۆیان پێشیان خستوە وازیان هێناوە لە یاسا خواو چوون بۆلای تاغوت وکارە پوچەکان بۆ نەهێشتنی ئاژاوەکانیان.

گەورەترین تاڵاو تووشی ئەو دووڕوانە ئەبێ و ئابڕویان بچێ ئەو کارە خراپانە دەرئەکەوێ بۆ دانیشتوان، دزی و نادروستی و درۆو فێڵ و ترسنۆکی و بێ تەباییان ڕوون ئەبێتەوە.

﴿ ثُمَ جاؤُكَ يَحْلِفونَ باللهِ إن أرَدْنا إلاّ إحْساناً وَتَوْفيقا﴾ لە پاشا دێن بۆلای تۆو زمانی بیانو هێنانەوە درێژ ئەکەن و سەردائەخەن بە بۆنەی کارە ناڕەواکانیانەوە سوێند ئەخۆن

ئێمە هیچ شتێکمان مەبەست نەبووە لە بردنی ئەو ئاژاوەیە بۆلای جگە تۆ مەگەر چاکەکردن نەك خراپە کردن و، مەگەر پێك هاتنی ئاشتەوایمان و بەردەوامی خۆشی نێوانمان. خواو پێغەمەرو دانیشتوان ئەزانن ئەو دوڕانە درۆزنن.

﴿ أُولَئِكَ الذِيْنَ يَعْلَمُ اللهُ ما فِي قُلُوبِهِمْ فأعْرِضْ عَنْهُمْ وَعِظْهُمْ﴾ ئەو تاقمە دوو ڕوانە کە بە درۆ سوێند ئەخۆن و ئەڵێن: ئێمە چاکەکردنمان مەبەستەو ئەمانەوێ پێك بێین، کەسانێکی ئەوتۆن خوا ئەزانێ بە شتێ لە دڵیانا لە دوو ڕوویی لە سوێندنی بەدرۆخواردن، کەواتە ڕوویان لێ وەرگێڕە و بیانویان لێوەرمەگرە نەوەك بەکاری بهێنن لە سودی خۆیاناو، تۆ ئامۆژگاری ئەوان بکەو سزایان مەدە بۆ ئەوە واز لە خراپە بهێنن و با لەم ڕۆژەدا بژین.

﴿ وَقُلْ لَهُمْ فِي أَنْفُسِهِمْ قَوْلاً بَلِيْغا﴾ وە تۆ بڵێ بەوان گفتۆیکی زۆر ڕەوان، کار بکاتە سەر دەرونیان و بیان ترسێنە لە سزای خواو لەوانەیە ئەوان لەسەر ئەو دوو ڕووییە بکوژرێن.

زانایان چەندین مانایان بۆ (البلاغە) کردوە: هاتوە بە مانای گەیاندنی، مانا بە شیرینترین جۆری ووشە. بە مانای شێوەی گفتوگۆ لەگەڵ ڕاستی ماناکەیدا. بە مانای کورتی ووشە بۆ گەیاندنی مانا بەبێ ئازارو ماندوکردنی گوێی گران. بە چەندین مانای تریش هاتووە.

پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ بە جۆرێ ئامۆژگاری ئەکردن شەرمەزار ئەبوون و خۆیان هەستیان بە درۆی خۆیان ئەکرد، ئەوان ئەبوایە هەوڵیان بدایە دەرونی خۆیانیان پاك بکردایەوەو پەشیمان بونایەتەوەو ئەو دوو ڕوییە لە دەرونیانا نەمایە. ئەو جۆرە سەرچاوەیە بۆ ئامۆژگاری کردن لە پێغەمەرەوە بینراوە سەرچاوەی یاسای ئیسلامە بەرانبەر هەموو تاوانبارێ و نابێ کوتوپڕ سزایان بدرێ. بەڵکو هەموو ڕێگەیە بەکاربهێنرێ بۆ چاك کردنیان.

دوای ئەوەی ئەو دووڕوانە ئەو کارانەیان کرد خوای مەزن سەرزەنشتیان ئەکاو تانەیان لێ ئەدا لەسەر ئەوەی فەرمانی خواو پێغەمەریان واز لێی هێنا، ڕوونی ئەکاتەوە مەبەست لە ناردنی پێغەمەران فەرمانبەرداری و پەیڕەوی کردنی ئەوانە و ئەفەرموێ:

وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا
لِيُطَاعَ بِإِذۡنِ ٱللَّهِۚ وَلَوۡ أَنَّهُمۡ إِذ ظَّلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ
جَآءُوكَ فَٱسۡتَغۡفَرُواْ ٱللَّهَ وَٱسۡتَغۡفَرَ لَهُمُ ٱلرَّسُولُ
لَوَجَدُواْ ٱللَّهَ تَوَّابٗا رَّحِيمٗا ﴿٦٤﴾ فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤۡمِنُونَ
حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيۡنَهُمۡ ثُمَّ لَا يَجِدُواْ
فِيٓ أَنفُسِهِمۡ حَرَجٗا مِّمَّا قَضَيۡتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسۡلِيمٗا ﴿٦٥﴾
وَلَوۡ أَنَّا كَتَبۡنَا عَلَيۡهِمۡ أَنِ ٱقۡتُلُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ أَوِ ٱخۡرُجُواْ مِن
دِيَٰرِكُم مَّا فَعَلُوهُ إِلَّا قَلِيلٞ مِّنۡهُمۡۖ وَلَوۡ أَنَّهُمۡ فَعَلُواْ مَا يُوعَظُونَ
بِهِۦ لَكَانَ خَيۡرٗا لَّهُمۡ وَأَشَدَّ تَثۡبِيتٗا ﴿٦٦﴾ وَإِذٗا لَّأٓتَيۡنَٰهُم مِّن
لَّدُنَّآ أَجۡرًا عَظِيمٗا ﴿٦٧﴾ وَلَهَدَيۡنَٰهُمۡ صِرَٰطٗا مُّسۡتَقِيمٗا ﴿٦٨﴾
وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَعَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِم
مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلصِّدِّيقِينَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَٱلصَّٰلِحِينَۚ وَحَسُنَ

أُوْلَـٰٓئِكَ رَفِيقًا ﴿٦٩﴾ ذَٰلِكَ ٱلْفَضْلُ مِنَ ٱللَّهِ ۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ عَلِيمًا ﴿٧٠﴾

﴿ وَما أرْسَلْنا مِنْ رَسُولٍ إلا لِيُطاعَ بأذْنِ اللهِ ﴾ وە ئێمە ڕەوانەمان نەکردووە هیچ فروستادیە لە فرودستادەکان بۆلای بەندەکانی ئێمە مەگەر بۆ ئەوە کەپەیڕەویی بکرێن و فەرمانبەرداربن بە هۆی، دەستورو فەرمانی خواو فەرمانی پێ داون، ئادەمیزاد پەیڕەویان بکەن و گۆیان لێ بگرن. بەو ڕستەیە بۆمان دەرئەکوێ ئەو کەسەی بە فەرمانی خوا ڕازی نەبێ با باوەڕیش بهێنێ ئەو کەسە هەر بێ باوەڕەو شایستەی کوشتنە، چونکە مەبەست لە ناردنی پێغەمەران پەیڕەویی کردنە بە جۆرێ بە فەرمانی خوا ڕازی بن لە هەموو ڕوێکەوە.

﴿ وَلَو أنَهُمْ ظَلَمُوا أنْفُسَهُمْ ﴾ وەئەگەر بە ڕاستی ئەو دووڕوانە کاتێ ستەمیان کرد لە گیان و لەشی خۆیان بە دژایێتی کردنی پێغەمەر ﴿ ﷺ ﴾ چونیان بۆلای تاغوت و بێ باوەڕان خۆیانیان کرد بە نیشانە بۆ لەناوچوون بە هۆی گوناە کردنیانەوە، دڵ و دەرون و دەمیان وەك یەك نەبوون.

﴿ جاؤكَ فأسْتَغْفِرَوا اللهَ وَأسْتَغْفَرَ لَهُمْ الرّسُولُ لَوَجَدُوا والله تَواباً رَحِيماً ﴾ هاتن بۆلای تۆ بۆ ئەوەی لە دووڕوی خۆیان پەشیمان ببنەوەو بە ڕاستی باوەڕیان بەتۆ هێنا، دوایی داوای لێی خۆشبوونیان کرد بو لە خواو، فروستادەی خوایش داوای لەخوا کردبوو لەوان خۆش ببێ و بیانوی ئەوانی پەسەند کرد، ئیتر با تاوانەکانیان گەورەبێ بەڕاستی خوایان دەست ئەکەوێ بە وەرگرتنی پەشیمان بوونەوەیان، میهرەبان و خاوەنی بەزەییە لەگەڵیان. خوا دەرگای پەشیمان بوونەوەی بۆ هەموو کەس کردوەتەوە.

پرسیار/ ئەگەر یەکێ بە دڵیا بێت ئەو ڕستەیە دژی بیروباوەڕی ئیسلامە کە ئادەمیزاد ئەتوانێ بەبێ وابەستەو میانجیگەری پەیوەندی بە خواوە بکا، ئیتر داوای لێ خۆشبوونی ناوێ لەلایەن هیچ کەسێکەوە.

وەلام / زۆر ڕاستە میانجگەری پێویستە. بەلام لە شتێکابێ پەیوەندی بە مافەکانی خواوە هەبێ و لە سنوری ئەو مافانە دەرچێ. بەلام ئەو مافانە پەیوەندیان بە ئادەمیزادەوە بێ ئەبێ خۆیان لە مافی خۆیان خۆش بىن نەك جگەی خۆیان. بێگومان دوورِوەکان ئازاری پێغەمەریان داوەو دەست درێژیان کردووەتە سەر مافی پێغەمەر، بۆیە ئەبێ دوای پەشیمان بوونەوەیان داوای لێبوردنیش لە پێغەمەر بکەن و لە مافی خۆی خۆش بێ.

زوبەیری پورزای پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ لەگەڵ پیاوێکی یاریدەران کەوتنە ئاژاوە لەسەر ئاودانی باخەکانیان، بۆ ئەو مەبەستە چوونە خزمەت پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ ، پێغەمەر فەرمووی: بە زوبەیر، تۆ زەویەکەی خۆت ئاوبدەو لە پاشا ئاوەکە بەرەلابکە بڕوا بۆ باخی دراوسێکەت، پیاوە یاریدەر کە ووتی بە پێغەمەر ﴿ﷺ﴾: مـن وات ئەبینم پورزاکەتت خۆش ئەوێ، پێغەمەر ڕەنگی گۆڕاو، ووتی بە زوبەیر باخەت ئاو بدەو، دوایی ئاوەکە بگرە هەتا ئەگاتە دیواری باخەکەت، بەو بۆنەوە خوا فەرموی:

﴿ فَلا وَرَبِّكَ لا يُؤمِنُونَ حَتى يُحَكِّمُوكَ فيما شَجَرَ بَيْنَهُمْ ﴾ دوایی ئەو کارە بەو جۆرە نی‌یە ئەوان گومانیان بردووە، بە پەروەردگاری تۆ سوێندبێ ئەو کەسانە بە ڕاستی باوەڕ ناهێنن هەتا تۆ نەکەن بە دادوەر لە شتێکا ئاژاوەی پەیدا کردووە لە نێوانیانا و لێیان تێك چووە.

﴿ ثُمَ لا يَجِدُوا في أَنْفُسِهِمْ حَرَجاً مِما قَضَيْتَ وَيُسَلِموا تَسْلِيما﴾ لەدوای فەرماندانی تۆ پەیدا نەکەن لە دەرونی خۆیانا دڵ تەنگی و دڵ گرانی لە شتێ تۆ فەرمانت پێ داوەو، خۆیان بدەن بە دەستەوە بۆ ئەو فەرماندانەی تۆ بە خۆو دەستانێکی بێ گومان و مل کەچ بن بۆی.

ئەو ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەو کەسانە فەرمانێ لە فەرمانەکانی خواو پێغەمەر وەرنەگرن و کاری پێ نەکەن ئەو کەسانە باوەڕدارنین و لە ئایینی ئیسلام وەرگەراون، ئیتر بە گومانەوەبێ یا بە وەرگەران لە ئایینی ئیسلام، پێویستە ئیسلام جەنگیان لەگەڵ بکا بە کوشتن و دیل کردنی خۆیان و خێزانیان.

ئەو کاربەدەستانەی ئێستا کە یاسای دەست کرد دائەنێن لەبەر سودی تایبەتی خۆیـان، کارو کردەوەو نەهێشتنی ئاژاوەیان بە قورئان نـەبێ پـەیوەندیان بـە ئیسـلامەوە نامێنـێ بـە گوێرەی فەرموودەی ئەو ئایەتەی پێشوو.

سابیتی کوڕی قەیس کوڕی شەماس لەگـەڵ جولەکەیـەکدا خۆیانیـان هەڵئەکێشـا لـە دووایدا جولەکە ووتی: خوا پێویستی کرد کە ئێمـە خۆمـان بکوژیـن، لـە وەڵامـدا ئێمـە دەستمان کرد بە کوشتنی خۆمان و ژمارەی زۆرمان لەیەك کوشت. سابیتی کوڕی قـەیس ووتی: ئەگەر خوا پێویستیشی بکا لەسەر ئێمە، ئێمەیش خۆمان ئەکوژین، بەو بۆنەوە خـوا ئەفەرموێ:

﴿ وَلَوْ أردنا كَتَبْنا عَلَيْهِمْ أنِ أقْتُلُوا أنفُسَكُمْ ﴾ وەئەگەر ئێمە پێویستمان بکردایە لەسـەر ئەو دووڕوانە ئێوە خۆمان بکوژن، یانێ بچن بۆ جەنگ کردن هەتا بکوژرێن. وەك کوڕانی ئیسرائیل.

﴿ أو أخرُوا مِنْ يُاركُمْ ما فَعَلُوهُ إلاّ قَلِيلٌ مِنْهُمْ ﴾ یا پێویستمان بکردایە کـە ئێـوە بچنـە دەرەوە لـە نیشتمانی خۆتان بە ڕووتی، وەك پێویستمان کرد لەسەر گوێرە کە پەرسـتەکان ئەوانەیان نەئەکرد ، مەگەر کەمێ لەوانەیان نیاز پاکن بـە وێنـەی سـابیتی کـوڕی قـەیس، چونکە ئەوانە دوو ڕوون بەڕاستی ئایینی ئیسلام ئاسانەو چاکی ئەوێ، داوای شتێ ناکا لـە تواناد نەبێ و سوودی هەردوو جیهانی تێـدا نـەبێ، ئـەو شـتانە خـوا داوای لـە کوڕانـی ئیسرائیل کرد شایستە بو بۆ کوشتنیان.

﴿ وَلَوْ أنهُمْ فَعَلُوا ما يُوعَظُونَ بِهِ لكان خَيْراً لَهُمْ ﴾ وەئەگەر بە ڕاستی ئـەو دوو ڕوانـە بیان کردایـە شتێ ئامۆژگـاری ئـەوانی پـێ کرابـوو لـە پـەیڕەوی کردنـی فروسـتادەی خوابەخوایشتی خۆمان، بە ڕاستی کردنی ئەو شتە چاکترە بۆ ئەوان لە هەردوو جیهاندا.

﴿ وأشَدُ تِثْبيتاً ﴾ توندترو نزیکتر بوو بـۆ ڕاوەسـتانیان لەسـەر بـەردەوامی باوەڕیـان و دورتر ئەبوو لە خشانی باوەڕیان. ئایا ئەگەر ڕاوەستانایە چ شتێ بۆ ئەوان ئەبوو.

﴿ وَإذا إلاَّ تَبْناهُمْ مِنْ لَدُنَّا أجْراً عَظِيماً ﴾ وە ئەو کاتە ئێمە ئەمانبەخشی بەوان لەلایەن خۆمانەوە پاداشتێکی گەورەو فراوان و بێ کۆتایی.

﴿ وَلَهَدَيْناهُمْ صِراطاً مُسْتَقِيماً ﴾ وە بە ڕاستی ئێمە ڕانموییی ئەو کەسانەمان ئەکرد بۆ ڕێگەیەکی ڕاست کە بە ئاواتی خۆیانیانی ئەگەیان.

خوای مەزن فەرمانی دا بە پەیڕەوکردنی خواو فروستادەی خوا لەمەوبەر، لە دوایدا پوچی کردەوە ڕێ ڕەوی ئەو کەسانە کە تاغوت ئەکەن بە فەرمان ڕەوایی خۆیان، بە ئایەتی (٦٠-٦١) پاش ئەوانە پەیڕەوی کردنی فروستادەی خوا دووپات کردەوە بە ئایەتی (٦٤)، ئەو پەیڕەوی کردنەی خواو پێغەمەرەی بەهێزترکرد بەم ئایەتەی خوارەوە:

ئەگێڕنەوە لە کۆمەڵی لە زانایانەوە کە سەوبانی بەندەی ئازادکراویی پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ پێغەمەری زۆر خۆش ئەویست، بەبێ بینینی پێغەمەرئارامی نەبوو، جارێ هات بۆلای پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ ڕەنگی تێك چوبوو، لەشی لاوازو بێ هێز، بە جۆرێ خەفەت، لەنێو چاوانیا دەرئەکەوت پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ پرسیاری لێ کرد بۆچی وات لێ هاتوە؟ ووتی: کە تۆ بینم ئارامم لێ ئەبرێ و بیری ڕۆژی دوایی ئەکەمەوە ئەگەر من بە هەشتی بم، پایەو پلەی من پلەو پایەی پێغەمەر کەمترە لەوانەیە نەت بینم، ئەگەر نەچمە بە هەشتەوە ئەوا هەرنات بینم بەو بۆنەوە خوا فەرمووی:

﴿ وَمَنَ يُطِعِ اللهَ وَالرَسُولَ فأولئِكَ مَعَ الذينَ أنْعَمَ اللهُ عَلَيْهِمْ ﴾ وەهەرکەسێ پەیڕەوی خواو نێرراوی خوا بکاو فەرمانەکانیان جێبەجێ بکا و مل کەچی ئەوانبێ لە هەموو ڕوێکەوە دوایی ئەو کەسانە لە بەهەشتا لەگەڵ کەسانێکی ئەوتۆن خوا چاکەی خۆی ڕژاندوە بەسەریانا کە گەورەترینی دروست کراوانی خوان و پلەیان زۆر گەورەیە.

﴿ مِنَ النَبيّينَ وَالصدنين ﴾ لە پێغەمەران. پێغەمەران ئەو کەسانەن خاوەنی گەیشتنن بە هەموو چاکەیە بە هۆی تەواوی زانین و ڕەوشتی چاکیانەوە ئەو پەریان گرتووە لە پلەو پایەی بەرزدا بۆ بەختیاری و ئاسودەیی ئادەمیزاد بە گشتی و، لە ڕاست ویژان: ڕاستو یژان ئەو کەسانەن گیانی پاکیان گەشەی کردووە بە جۆرێ ڕاست و خراپ جویێ ئەکەنەوە تەنها یەکەم جار ڕابگەیەنرێن بەسەریانا، بەر لە هەموو کەس باوەڕیان بە

پێغەمەران هێناوە، دەرونیان بەرزبۆتەوە بۆلای ئایین بە گفتوگۆو بەکارو کردەوە یان بە پاکی و بە ڕاستی.

﴿ والشُهَداءِ وَالصّالِحِينَ وَحَسُنَ أولئِكَ رَفِعاً ﴾ وە لە شەهیدان: شەهیدان ئەو کەسانەن لە ڕێگەی خوادا گیانی خۆیانیان بەخت کردووە بە نیازی پاکەوە، خوا ئەوانی گەیاندووە بە پلەو پایەیە بوون بە خاوەن دادپەروەری و لای ڕاستی ئەگرن، شایەتی ئەدەن لەسەر گوناهباران و، لە پیاوچاکان: پیاو چاکان ئەو کەسانەن تەمەنی خۆیانیان کۆتایی پێ هێناوە لە پەرستنی خوادا، سامانی خۆیانیان داناوە بۆ ڕەزامەندی خواو بەرزی ئایین، بیروباوەڕو نیازیان پاکەو، شیرین و چاکە ئەوانە لەلایەن هاوڕێتی و تێکەڵاوی کردنیانەوە.

﴿ ذِلكَ الفضْلُ مِنَ اللهِ وَكَفى باللهِ عَلِيماً ﴾ ئەو هاوڕێتەی پێغەمەران و ڕاست گۆیان و شەهیدان بە خیباری و ڕێزێکە بۆیان لەلایەن خواوە ئەدرێ بەوان و، بەسە خوا بزانێ بە مەبەست و نیازی ئەو کەسانە و پاداشتی پەرستنیان بداتەوە.

خوای مەزن پاش هاندانی ئادەمیزاد بۆ فەرمانداری خواو پێغەمەرو پەرستنی خوا دووبارە فەرمان ئەدا بە دانانی گیانیان لە ڕێگەی خوادا کە گرنگترین پەرستن و گەورەترینفرمانە بۆ پتەوکردنی ئایین و بانگ کردن و تاقی کردنەوەی هەموو ئادەمیزاد، بۆ ئەومەبەستە خوا ئەفەرموێ:

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ خُذُواْ حِذۡرَكُمۡ
فَٱنفِرُواْ ثُبَاتٍ أَوِ ٱنفِرُواْ جَمِيعٗا ﴿٧١﴾ وَإِنَّ مِنكُمۡ لَمَن لَّيُبَطِّئَنَّ
فَإِنۡ أَصَٰبَتۡكُم مُّصِيبَةٞ قَالَ قَدۡ أَنۡعَمَ ٱللَّهُ عَلَيَّ إِذۡ لَمۡ أَكُن مَّعَهُمۡ
شَهِيدٗا ﴿٧٢﴾ وَلَئِنۡ أَصَٰبَكُمۡ فَضۡلٞ مِّنَ ٱللَّهِ لَيَقُولَنَّ كَأَن

لَمْ تَكُنْ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُۥ مَوَدَّةٌ يَٰلَيْتَنِي كُنتُ مَعَهُمْ فَأَفُوزَ فَوْزًا عَظِيمًا ﴿٧٣﴾

﴿ يا أَيُّها الذيْنَ أمنُوا خُذُوا حِذْرَكُمْ ﴾ ئەی کەسانێکی ئەوتۆ باوەڕتان هێناوە هۆشیارو ئامادەبن بۆ پاراستنی خۆتان لە دوژمنانتان، چەك و تفاقی جەنگ وەرگرن و پەلاماری بێ باوەڕان بدەن بە باوەڕی تەواوی خۆتانەوە.

﴿ فأنْفِرو ثُباتٍ أو أنْفِرُوا جَميعاً ﴾ دوایی ئێوە بچنە دەرەوە بۆ جەنگ کردن تاقم لە دوایی تاقم و لە هەموو لایەکەوە بەبێ جیاوازی، یا ئێوە بڕۆنە دەرەوە هەمووتان لەگەڵ پێغەمەر بەیەك باوەڕەوە، پاشە کێشی مەکەن و خۆتان مەشارنەوە نەوەك سامتان نەمێنێ لەو کاتانەدا پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ ئەچێتە دەرەوە بۆ جەنگ کردن.

ئەو ئایەتە هەرچەندە هاتوەتە خوارەوە دەربارەی جەنگی بێ باوەڕان. بەڵام پەلاماردان بۆ هەموو کارێکی چاکە ئەگرێتەوە بەهەر جۆرێ بگونجێ، هەر ئەو ئایەتە یەکێکە لەو ئایەتانە هانمان ئەدا بۆ جەنگی بێ باوەڕان، چەندین ئایەتی تر لەمەو بەرو لەمەو پاشیش هانی داوین و هانیشمان ئەدەن بۆ ئەو مەبەستە پیرۆزە. بەڵام ئەو ئایەتە جگەی هاندانیش پێویستی کردووە دەرچون بە گشتی بۆ جەنگ کردن. بە کوردی (ڕەش بگیر). ئەگەر ئەو ئایەتە بەڵگەیەبێ لەسەر شتێ بەڵگەیە لەسەر ئەمەو بۆمان ڕون ئەکاتەوە ئیسلام دوژمنی زۆرە، بەدەیان دوژمن خۆیان مەلاس داوەو دانراون بۆ ئەوە موسڵمانان لادەن لە ئایینی خۆیان، هەتا ئێستاو ئەم ڕۆیش ئیسلام و موسڵمانان دوژمنانی بێ باوەڕی زۆربوون. کەواتە ئێمە پێویستە ئاگامان لەخۆمانبێ، زۆر ڕاست و سروشتیە و بەجێیە خوای مەزن هەموو کاتێ موسڵمانان هان بدا بۆ خۆئامادەکردن و چەك هەڵگرتن زۆر بە هۆشیاریەوە، هانیشمان ئەدا بۆ ناسین و دیاری کردنی هێزی دوژمنان و ئەندازەی جۆری چەکەکانیان هەتا لەسەر ئەو ڕۆشناییە چەکی زۆرترو بە تواناتر پەیدا بکەن.

بۆ ئاگاداری: جەنگی لەمەوپێش بە پیاوان و سەربازو ڕەش بگیر بووە. بەڵام زانیاری ئەمرۆ پەرەی سەندووە لە هەموو ڕوییێکەوە، بە جۆرێ شمشێرو ڕم و تیروکەوان و ئەسپ و جگەی ئەوانیش گۆڕڕاون بە ساروخی دوورهاوێژو فڕۆکەی بۆنبا فڕێدەرو ژێر دەریا و ئۆتۆم و دەبابەو قەیاخی تیژڕەو هەڵگرانی فڕۆکە و گازی ژهراویی، ڕۆژبەڕۆژ هێنراوی تازەی سەر سوڕهێنەرو دروست کردنی ئامێر بۆ بشکنینی ژێر دەریاو ناویی هەواو وشکایی سەر زەویی و چون بۆ سەر ئەستێرە دوورەکان، چەند چەکی تری لەمەودوا بۆ ڕوخاندن و کاول کردنی شارستانیەت، خوا ئەزانێ چ شتی تریش پەیدا ئەبێ، ئێستا لەم ڕۆژەدا زۆرتر لە چل مانگی دەست کرد بەم لاولای زەویدا ئەسوڕێنەوە، تەنها بۆ تاقی کردنەوەی بۆشایی.

بەتەنها ئەمەریکا (٣٠) کەشتی هەوایی هەیە بۆ جاسوسی لەگەڵ دوو هەزار ئیزگەی لەسەر زەویی هەر بۆ ئەو مەبەستە، ئیتر جگە لە ڕوسیاو فەرەنساو چین و وولاتەکانی تر وێنەی ئەڵمانیا، بگرە لەوانەیش زۆرتر هەن.

بازرگانانی جەنگ بەوانەی پێشەوە ناوەستن، ئەیانەوێ بە هەزاران میکرۆبی نا لەبارو سەر لێ شێواوی بلاوبکەنەوە بۆ لادانی موسڵمانان لە باوەڕی خۆیان. بەسەدان ترس و بیم ئەخەنە دەرونی باوەڕداران بە پڕوپاکەندەی ژەهراویی پاراو. بەوبۆنەوە بێ ڕەوشتی وداوێن پیسی و شتی تری بێزلێ کراو بەنجیان ئەکاو بیر لە خۆیان ناکەنەوە کەچی بێ باوەڕان لە ئایین و ئەفسانەی پڕوپوچی خۆیان وازنایەنن کەچی موسڵمانان واز لەو ئایینە پاك و بەڕێزەی خۆیا ئەهێنن و ئەی فرۆشن بە مەیی و قومار و داوێن پیسی و بچوکی کردنی دوژمنانی خۆیان، ئەو هەموو چەك و پڕو پاگەندەیە بۆ ئەوەیە گەلانی هەژار داگیر بکەن و پیت و سامانیان بخۆن، بە تایبەتی موسڵمانان.

ئەوانەی ناومان بردن لەو چەکانەی دوژمنانمان جەنگی پێ ئەکەن لەگەڵمان، ئایا ئێمە چ شتێکمان بۆ ئامادەکردوون و بە چ شتێ بەرانبەریان بکەین، ئایا بە جنێودان و بە گریان و خەفەت خواردن و دەمەقاڵە قیرەقیرو ناکۆکی نێوان خۆمان کە بەوان چاکتر لاوازو بێ هێز ئەبین؟

پێویستە بەر لە هەموو شتێ ئێمە دوژمنانی ناوخۆو تابوری پێنچەمی دوژمنانی دەرەوەی خۆمان بناسین و بزانین توانایان هەتا چ ئەندازەیەکە، بەو بۆنەوە کوێرانە هەنگاو نەنێن و ڕیزی لە کیس چوویی خۆمان و نیشتمانی داگیرکراویی خۆمان لە چنگی پیسی بەکرێ گیراوان دەربهێنین، بە هەموو سەر زەوی بناسێنین کە کاربەدەستانمان لە ئەلقە لە گوێی دوژمنانی ئیسلامدا بوون، بۆیە ئێمە ئەو تالاّوەمان چێشتوە. کەواتە بەیەك لەش و یەك دەست پەلاماری دوژمنان بدەین، هەوڵی زانین و زانیاری و چەك دروست کردن بدەین، ئەبێ بشزانین چەکی خواناسین گەورەترین و تیژترین و بەهێزترین چەکن بۆ:

دۆزینەوەی زانیاری تازەو پەیداکردنی ئامیاری ئێستا، ئەبێ بزانین بێ توانایی موسڵمانانی ئێستا هۆی ناکۆکی و دووبەرەکی نێوان خۆیانە، بۆیە پارچە پارچەبوون و ڕژێمی زۆریان لێ پەیدا بووە، بە خۆیانەوەو بۆ سوودی تایبەتی خۆیان خەریکن، دوژمنی خۆیانیان لەبیرچۆتەوە، هەریەکەیان لە گیای بانێ ئەلەوەڕێن.

خوای مەزن ڕوئەکاتە لەشکرەکەی پێغەمەر ﴿ ﷺ ﴾ بە باوەڕدارو دووڕوەکان و ڕاراکەرانیاوە ئەفەرموێ:

﴿ وَإِنَّ مِنكُمْ لَمَنْ لَيُبَطِّئَنْ ﴾ وە بە ڕاستی هەندێکە لە ئێوە کەسێ بە ڕاستی تەمەڵی ئەکا لە چونە دەرەوە بۆ جەنگ و خۆی دوا ئەخاو سستی ئەکاو سوێند ئەخوا کە بیانوی هەبووە، ئەو کەسانە ئەوانەبوون کە کوڕەکەی ئوبەی پەشیمانی کردنەوەو کە چوون بۆ جەنگی ئوحود لەگەڵ پێغەمەر ﴿ ﷺ ﴾.

﴿ فَأنْ أصابَتْكُمْ مُصِبَةٌ قالَ قَدْ أنعمَ اللهُ عَلَى إذْ لَمْ أكُنْ مَعَهُمْ شَهِيْداً ﴾ لە دواییدا ئەگەر توشی ئێوە ببوایە ئازارێ لە کوشتن و ڕوخان ئەڵێ ئەو کەسەی تەمەڵی کردو نەچووە دەرەوە بە ڕاستی خوا چاکەی بەسەرمندا ڕژاندا کە نەچوومە دەرەوە تووشی ئازا ببم، چونکە من لەگەڵ ئەوانە نەبووم چوبوونە دەرەوە.

پرسیار/ ئەو کەسە کە ئەڵێ: خوا چاکەی بەسەردا ڕێژام ئەوە ئەگەیەنێ بڕوای بە بوونی خوا هەیە، بۆ ئەبێ لە ڕیزی دووڕواندا بژمێردرێ؟

وەڵام/ ئەو کەسە دووڕووە بە دوڕوی باوەڕی بە ئیسلام و بە موحەمەد ﴿ ﷺ ﴾ دەبڕی بوو لە دڵیا بێ باوەڕ بووە، ئەوەیش دژی ئەوە نیە بڕوای بەخوا هەبێ، وا ئەبێ بە زۆری کەسانێ باوەڕیان بە خوا بێ و باوەڕیان بە پێغەمەر نەبێ.

﴿ وَلَئِنْ أصابَتْكُمْ فَضْلٌ مِنَ اللهِ لِيَقُولَنَ كَأنَ لَمّ يَكُنْ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُ مَوَدَّةٌ ﴾ وە ئەگەر تووشی ئێوە ببوایە چاکەیەکی بەرێز لە تاڵان و سەرکەوتن لەلایەن خواوە ئەو کەسەی نەچووە بۆ جەنگ بە خەفەتەوە ئەڵێ وەك نەبوبێ لە نێوان ئێوەو لە نێوان ئەو کەسەدا دۆستایی و ناسراویی، بە جۆرێ ئەیلێ‌نە ئێوە ئەوتان بینیبێ و وە نەئەو ئێوەی بینیبێ.

﴿ يالَيْتَنِي كُنْتُ مَعَهُمْ فأفُوْزَ فَوْزاً عَظِيماً ﴾ خۆزگایە من لەگەڵ موسڵمانانادا بومایە لەو جەنگەداو منیش بەشداربومایە دوایی پیرۆزی تاڵانی گەورە ئەبوو بە بەشم و وەرم ئەگرت ئەو کەسانەی وێنەی ئەو دووڕوانەن لە کاتی ناخۆشی و تەنگانەدا لەگەڵ موسڵمانانادا نەبن، لەکاتی ئاسایش و خۆشیدا لەگەڵیا نابن، ئەو کەسانە فڕیان بە ئیسلامەوە نیە، ئەگەر موسڵمان بن وەك خۆیان ئەیلێن ئەبوایە لە هەموو کاتێکا لەگەڵیانا بونایە لە ناخۆشی و لە خۆشیدا.

خوای مەزن لە ئایەتی پێشودا باسی ئەو تاقمانەی کرد لە جەنگدا دووا ئەکەون و ڕاڕان، هەیشیان بوو نەیان ئەهێشت هەندێ کەس بچنە دەرەوە، دڵی موسڵمانانیشی سارد ئەکردەوە بە پڕوپاگەندە، بەم ئایەتەی دوا هانی موسڵمانانی پاك ئەدا بۆ جەنگ کردن لەگەڵ بێ باوەڕانداو ئەفەرموێ:

فَلْيُقَـٰتِلْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱلَّذِينَ يَشْرُونَ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا بِٱلْـَٔاخِرَةِ ۚ وَمَن يُقَـٰتِلْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ فَيُقْتَلْ أَوْ يَغْلِبْ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا ﴿٧٤﴾

وَمَا لَكُمْ لَا تُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱلْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ ٱلرِّجَالِ
وَٱلنِّسَآءِ وَٱلْوِلْدَٰنِ ٱلَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَآ أَخْرِجْنَا مِنْ هَٰذِهِ ٱلْقَرْيَةِ
ٱلظَّالِمِ أَهْلُهَا وَٱجْعَل لَّنَا مِن لَّدُنكَ وَلِيًّا وَٱجْعَل لَّنَا مِن لَّدُنكَ
نَصِيرًا ﴿٧٥﴾ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟
يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِ ٱلطَّٰغُوتِ فَقَٰتِلُوٓا۟ أَوْلِيَآءَ ٱلشَّيْطَٰنِ إِنَّ كَيْدَ
ٱلشَّيْطَٰنِ كَانَ ضَعِيفًا ﴿٧٦﴾

﴿ فَلْيُقاتِلُ فِي سَبِيلِ اللهِ الذيْنَ يَشْرونَ الْحَياةَ الدُنْيا بِالأخِرَةِ﴾ دوای پێویسە باوەڕداران جەنگ بکەن لە ڕێگەی پەرستنی خوادا لەگەڵ کەسانێکی ئەوتۆی دوژمنانی ئیسلام ژیانی براوەی جیهان بە بەهاو پاداشتی نەبڕاوەی پاشەڕۆژ ئەکرن.

ئەو ڕستانەی پێشوو گەورەترین بەڵگەی بێگومانن لەسەر ئەوەی ئیسلام جەنگ ناکا بۆ داگیرکردنی زەوی، بۆ خوێن مژینی دانیشتوان و چەوسانەوەیان. جەنگ ناکا بۆ پەیدا کردنی کەرەسەی خاو بۆ خستنەگەڕی کارخانەی پیشەسازی، بۆ فراوان کردنی بازاڕو بۆ زۆرکردنی دەست کەوت، یا بۆ ئەوەی موسڵمانان ببنە سەرمایەدارو بەکارهێنانی مایەکانیان بۆ داگیرکردنی هەرێمەکان و خواردنی سامانیان، یا بۆ داگیرکردنی هەندێ لە وولاتانی تر بۆ نیمچە داگیرکردنیان، وەك ئێستا کە ڕێژێمە گەورە بێ باوەڕەکان وولاتانی ئیسلامیان داگیر کردووە پیت و فەڕیان ئەخۆن کەچی کاربەدەستە بەگرێ گیراوەکانیان بێ شەرمانە بڵاوی ئەکەنەوە کەسەربەخۆن، هەر بۆ خەڵەتاندنی دانیشتوان.

بە ڕاستی موسڵمانان جەنگ ناکەن بۆ خۆشی و ڕابواردنی تاکە کەسێ یا خۆشی خێزانێ یا چینێ یا کیشوەرێ یا نەتەوەیە. بەڵکو ئیسلام جەنگ ئەکا لە ڕێگەی پەرستنی خوادا بە تەنها، بۆ بەرزکردنەوەی فەرموودەی خوا لەسەرانسەری جیهاندا، بۆ جێگە گرتنی بیروباوەڕی یاسای خواداو بەکارهێنانی لە گۆڕانی ڕۆژانەی ئادەمیزاد، بۆ ئەوەی بەبێ ترس مرۆڤایەتی دابەزێ و بە خۆشی بژین لەژێر ئاڵای بیروباوەڕداو دادپەروەری لە نێوان دانیشتوانی سەر زەویی بە گشتی، بۆ ئەوی هەموو کەس سەربەستبێ بتوانێ بیروباوەڕێ بۆ خۆیان هەڵبژێرن، بە ئازادانە بە ئارەزووی خۆیان بگەن و یاسای قورئان جێگەی خۆی دیاری بکا.

﴿ وَمَنْ يُقاتِلْ فِي سَبيْلِ اللهِ فَيُقْتَلْ أوْ يَغْلِبْ ﴾ وەهەرکەسێ جەنگ بکا لە ڕێگەی پەرستنی خوادا، دوایی بکوژرێ و بە پلەی شەهادەت بگا، یا سەرکەوێ بەسەر دوژمناندا پیرۆزی وەردەگرێ.

﴿ فَسَوْفَ نُؤتِهِ أجراً عَظِيماً ﴾دوایی ئێمە ئەبەخشین بەو کەسە پاداشتێکی زۆر گەورەی بێ ئەندازە، مەگەر خوا بیزانێ ئەندازەی.

مێژوو ناسانی سەر زەوی بە گشتی هەر بیرو باوەڕێکیان بوبێ پێك هاتوون لەسەر ئەوەی کە هۆی بلاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام ئەوە بووە بیروباوەڕێکی یەکجار پاکیان هەبووە، وایان بڕیارداوە بۆخۆیان هەرجۆرێ بن خاوەنی قازانج و سوودن، ئەگەر بکوژرێن پاشەڕۆژیان بەرەو بەهەشتە، ئەگەر بکوژن ووشەی ڕاستی و دادپەروەری لە ڕوی زەویدا بلاوئەبێتەوە، هەر لایکیان بە بەشبێ ئاوات و مەبەستیان هاتۆتە دیی، باوەڕیشیانو ایە تەمەنی ئادەمیزاد کاتی دیاری کراویی لەلایەن خواوە بۆ دیاری کراوە، پاش و پێشی نابێ بە چرکەی کات ژمێرێ.

﴿ وَمالَكُمْ لا تُقاتِلُونَ فِي سَبِيلَ اللهِ والْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ الرجّالِ وَالْنِساءِ وَالْولْدانِ ﴾ وە چ شتێکە بۆ ئێوەی موسڵمانان و بیانوتان چیە ئێوە جەنگ نەکەن لەگەڵ دانیشتوانی مەکە

لە ڕێگەی پەرستنی خواداو پەرەپێدانی ئایینی خواو، بۆ ڕزگارکردنی بێ چارەو بێ هێزان گیریان خواردوە بە دەست بێ باوەڕانی مەکەوە کە باوەڕیان هێناوەو کۆچیان نەکردوە بۆ مەدینە و ڕێگەیان لێی بەستراوە لە پیاوان وەك سەلەی کوڕی هیشام و وەلیدی کوڕی وەلیدو عەباسی کوڕی ئەبی ڕەبیعەو ئەبی جەندەو جگەی ئەوانیش و، لە ژنان بە وێنەی ئوموشورەبك و جگە ئەویش و، لە منالان وەك عەبدولای کوڕی عەباسی ئامۆزای پێغەمەر ﴿ﷺ﴾.

پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ لە مەکەوە کۆچی کرد بۆ مەدینە لەگەڵ هەندێ موسڵمانان کە خاوەنی توانابوون، ئەوانەیان توانایان نەبوو لە پیاوان و ژنان و منالان لە مەکە مانەوە، پت پەرستان زۆریان ئازار ئەدان و توانای بەرگریان لە خۆیان نەبوو، یاریدەرو پیشتوانیان نەبوو، کاتێ دەستیان لە هەموو شتێ بڕابوو، پەنایان برد بۆلای خوا بە کزۆڵییەوە لە خوا پاڕانەوە، خوای مەزن بەم ئایەتە وەڵامی دانەوە ئەفەرموێ:

﴿ الَّذِيْنَ يَقُولُونَ رَبَنا أَخْرِجْنا مِنْ هٰذِهِ القَرْيَةِ الظّالِمِ أَهْلُها ﴾ ئەو هەژارانە کەسانێکی ئەوتۆن کە بە زمانی پاڕانە ئەڵێن: ئەی پەروەردەکەری ئێمە تۆئێمە دەربکەو ڕزگارمان بکە لەم گوندە دانیشتوانەکەی ستەمکارن کە مەکەیە، ئازاری زۆری ئێمە ئەدەن، ئەم پت پەرستانەی دانیشتووی ئەو جێگەیەن.

﴿ وَأَجْعَلْ لَنا مِنْ لَدُنْكَ وَلَيا وَّاجَعَلْ لَنا مِنْ لَدُنَّكَ نَصِيراً ﴾ وەتۆ بسازێنە بۆ ئێمە لەلایەن خۆتەوە سەردارێ سەرپەرشتیمان بکاو ڕزگارمان بکا لە دوژمنان و، ساختەبێنی بۆ ئێمە یاریدەرێ یارمەتیمان بداو ڕزگارمان بکا لەم ستەم و تالاوە.

خوای مەزن پاش پاڕانەوەی ئەو بێ چارانە وەڵامی پاڕانەوەکانی دایەوە، دەرفەتی کردەوە هەندێکیان هۆی چونە دەروەیان بۆ ڕەخسا، ئەوانەیان لە مەکە مانەوەخوای مەزن سەردارێکی وەك پێغەمەری بۆ ناردن لە ڕۆژی گرتنی مەکەدا، دڵنەوایی زۆری کردن و کەسێ لە خۆیانی هەژاری بۆ کردن بە سەرۆك و پارێزەریان کە ناوی عەتابەی کوڕی ئوسەید بوو کە پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ کردی بە فەرمانداری مەکە.

خوای مەزن لە ئایەتی (٧١)ی ئەم سورەتە فەرمانی دا بە تاقمێ بە دەرچوونیان بە تەنها یا بەدەرچونی هەموویان بۆ جەنگ کردن، لە ئایەتی (٧٤)دا فەرمانی دا بە جەنگ کردن لە رێگەی ئایینی خوادا، لە ئایەتی (٧٥)دا فەرمانی بە هاندانی موسڵمانان بۆ رزگارکردنی بێ چارەو هەژاران لە مەکە، لەم ئایەتەی دواییدا ئادەمیزاد ئەکا بە دوو تاقم:

تاقمێکیان جەنگ ئەکەن لەبەر خواو دادپەروەری و راستی. تاقمێ تریان بێ باوەڕن و جەنگ ئەکەن بۆ تالان کردن و چەوسانەوەی دانیشتوان و ئەفەرموێ:

﴿ الذِيْنَ آمَنُوا يُقاتِلُونَ فِي سَبِيْلِ اللهِ ﴾ کەسانێکی ئەوتۆن باوەڕیان هێناوە بە خواو بە پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ جەنگ ئەکەن لە رێگەی ئایین و پەرستنی خواو بۆ دادپەروەری هەتا بگەن بە رەزامەندی خوا.

﴿ والّذِيْنَ كَفَرُوا يُقاتِلُونَ فِي سَبِيلِ الطّاغُوتِ ﴾ وەکەسانێکی ئەوتۆ باوەڕیان نەهێناوە جەنگ ئەکەن لە رێگەی پەی رەوی شەیتان و یاخی بووان لە خوا.

خوای مەزن فەرمان ئەدا بە باوەڕداران جەنگ بکەن لەگەڵ بێ باوەڕاندا، چونکە جەنگ کردن لەگەڵ بێ باوەڕان، ئەبێتە هۆی چاکەو خۆشی بۆ مرۆڤایەتی، دۆستایەتی بێ باوەڕان ئەبێتە هۆی خراپە بڵاوکردنەوەی خراپە. بە کورتی پێویستە موسڵمانان توندو تیژو خۆڕاگربن بەرانبەر بە نەهێشتنی ستەمی بێ باوەڕان کە ئەیانەوێ دانیشتوان بچەوسێننەوە، بۆیە خوا ئەفەرموێ:

﴿ فَقاتِلُوا أوْلِياءَ الشّيْطانِ إنَ كَيْدَ الشّيْطانِ كَانَ ضَعِيفاً ﴾ دوایی ئێوە دۆستانی خوا پێویستە جەنگ بکەن لەگەڵ دۆستانی شەیتان، لە فێڵ و تەڵەکەی ئەوان مەترسن.

بەڕاستی فێڵی شەیتان و پەیداکردنی دوودڵی شەیتان لاوازو بێ هێزەو پراگەندە ئەبێ پێویستە فریویی پێ نەخۆن و پاشەڕۆژی پوچە.

پرسیار / ئەو ئایەتە وا ئەگەیەنێ خاوەن راستی‌یەکان و باوەڕ داران هەموو کاتێ سەر ئەکەون کەچی زۆرجاران پێچەوانەکەی ئەبینرێ، ئەبێ هۆی چ ستێ بێ؟.

وەلام/ گومانی تێدانی‌یە چرۆجانەوەری ژهراویی پیس ناژی و پەرەناسێنێ بەبێ پیسایی و چڵك و شیاکەو شتی تری بۆگەن. شەیتانیش جێگە بۆ فێڵ و تەڵەکەی خۆی دەست ناکەوێ و نایدۆزێتەوە مەگەر لەلای ئەو کەسە خراپەو دوو دڵی بلاوئەکەنەوە، لەوانەوە فێڵەکانی چاو ئەتروکێنێ و گەشە ئەکەن، دوایی خراپی خۆی لەوانەوە پڕ ئەکا.

لەم سەردەمەی ئێمەدا دۆستان و تاقمی شەیتان زۆرن، خاوەنی هێزن. فێل و فریان بلاوبۆتەوە، خۆیانیان چەقاندووە، نێچیری خۆیانیان دۆزیوەتەوە، داوی خراپی خۆیانیان داناوەو ڕاوی موسلمانانی پێ ئەکەن، داوەکەشیان داوەتە دەست کارەبەدەستانی بە ناو موسڵمان، جگە لە هەندێکیان ئەوانیش جێگای مەترسین.

لەم سەردەمەدا دەبینین هەزاران پشتیان شکاوە بە دەست ستەمکارانەوە، سامانداران سوپاسی خوا ناکەن و بێ سوپاسان زۆرن، چاوبرسیەکانیش بەرانبەر بە مافی پێویست کراوانی خوا لە ئەوپەڕی چاوبرسیدان و بەشی هەزاران نادەن. هەر لە ئاین وەرگەڕاوەکان ئەبینرێن و گوێچکەیان وەك پڕبوبێ لە قورقوشم هیچ چاکەیە نابیسن.

هەندێ لە باوەڕداران بەر لەوەی کۆچ بکەن بۆ مەدینە سکالایان بردە خزمەت پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ لە مەکە، وتیان بە پێغەمەر: پت پەرستان بەبێ بیانوو ئازاری زۆرمان ئەدەن، فەرمانمان پێ بدە جەنگیان لەگەڵ بکەین، پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ فەرموی: جارێ من فەرمانم پێ نەدراوە لەلایەن خواوە، واز بهێنن نوێژەکانتان بکەن و زەکاتەکانتان بدەن، ئەو کەسانە داوایان لە پێغەمەر کرد، دوای کۆچ کردنیان بۆ مەدینە کە فەرمانی جەنگ کردن هاتە خوارەوە هەندێکیان چونە دەرەوەیان بۆ جەنگ کردن لاگرانبوو بۆ ڕون کردنەوەی ئەو مەبەستە خوا فەرمووی:

أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ قِيلَ لَهُمْ كُفُّوٓا۟ أَيْدِيَكُمْ
وَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُوا۟ ٱلزَّكَوٰةَ فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيْهِمُ ٱلْقِتَالُ إِذَا فَرِيقٌ

مِّنْهُمْ يَخْشَوْنَ ٱلنَّاسَ كَخَشْيَةِ ٱللَّهِ أَوْ أَشَدَّ خَشْيَةً ۚ وَقَالُوا۟ رَبَّنَا لِمَ
كَتَبْتَ عَلَيْنَا ٱلْقِتَالَ لَوْلَآ أَخَّرْتَنَآ إِلَىٰٓ أَجَلٍ قَرِيبٍ ۗ قُلْ مَتَٰعُ ٱلدُّنْيَا
قَلِيلٌ وَٱلْءَاخِرَةُ خَيْرٌ لِّمَنِ ٱتَّقَىٰ وَلَا تُظْلَمُونَ فَتِيلًا ﴿٧٧﴾

﴿ الَمْ تَرَ إلى الذيْنَ قِيلَ لَهُمْ كفُوا أيْدِيكُمْ ﴾ ئایا تۆ هەواڵت پـێ نـەدراوەو نـەتڕوانیوە بۆلای کەسانێکی ئەوتۆ پەلەیان ئەکرد بۆ جەنگ کردن لە مەکە بێژرا بەوان: ئێوە دەستی خۆتان بگرن بۆ جەنگ کردن و خۆتان ڕاگرن هەتا خوا فەرمان ئەدا بە جەنگ کردن.

﴿ وَأقِمُوا الصّلاَةَ وَأتوُا الزّكاة ﴾ وە ئێوە نوێژەکان پیادە بکەن و ڕایان بگـرن و، ئێـوە زەکاتەکان بدەن بە هەژاران. خۆتان خەریك مەکەن بە شـتێکەوە فـەرمانتان پـێ نـەدراوە. ئێوە هەتا ئێستا فەرمانتان بە نوێژکردن و بە زەکاتدان پێ دراوە.

﴿ فَلَما كُتِبَ عَلَيْهُمْ القِتالُ إذا فَرِيقٌ مِنْهُمْ يَخْشَوْنَ النّاسَ ﴾ دوایی کاتێ پێویسـت کـرا لەسەریان جەنگ کردن لەگەڵ بێ باوەڕان کوتوپـڕ تاقمـێ لـەو کەسـانە داوای جـەنگ کردنیان کرد ئەترسن لە جەنگ کردن لەگەڵ بێ باوەڕان وابت پەرستان ئەترسن لــەوەی بکوژرێن، بەڵام نەك بە جۆرێ گومان پەیدا بکەن لە ئاینداء باسی ترسـی گیـانی خۆیانیـان هەبوو.

﴿ كَخَشْيَةِ اللهِ أوْ أشَدُّ خَشْيَةً ﴾ ئەترسان لە بت پەرستان بە وێنەی ترسان لە خواو لــە سزای خوا بەڵکو زۆرترو سەخت تر لە ترسان بۆخوا.

﴿ وَقالُوا رَبنا لِمَ كَتَبْتَ عَلَيْنا الْقِتالَ ﴾ وە ئەو کەسـانە ووتیـان: ئـەی پەروەردەکـەری ئێمە بۆچی تۆ پێویستت کرد لەسەر ئێمە جەنگ کردن لەم کاتەدا.

﴿ لَوْلا أخَرْتنا إلى أجَل قَرِيب ﴾ بۆ تۆ ئێمـەت دووانەخسـت بـۆلای مـاوەیکی نزیـك بۆلای ئەو کاتەی دیاری کرابو بۆ مردنمان، ئـەو کەسـانە بریتـی بـوو لـە دوو ڕوەکـان و شایستەی باوەڕداران نیە ئەو داوایە بکەن.

خوای مەزن وولامی دانەوە فەرمووی: هەرچەندە ژیانی جیهان سودی زۆرە لە هەندێ لاوە بەلام زۆر کەمە بەرانبەر بە ژیانی پاشەڕۆژی دوایی. فەرمووی:

﴿ قُلْ مَتاعُ الدُنيا قَلِيلٌ وَالأخِرَةُ خَيْرٌ لِمَنِ أتقى وَلا تُظْلَمُونَ فَتِيلاً ﴾ تۆ بلێ ئەو کەسانە ئەترسن و دڵیان بە جیهانەوە بەستراوە سودو ڕابواردنی جیهان کەمەو زۆر ئەبڕێتەوەو کۆتایی پێ دێی و، پاداشت و خۆشی پاشەڕۆژ چاکترە بۆ کەسێ واز لە بت پەرستی بهێنێ و لە خوابترسێ، بە تایبەتی بۆ ئەوکەسانە جەنگ ئەکەن لەگەڵ بێ باوەڕان. کەواتە ئەو کەسەی ژیربێ ئەو شتە هەڵئەبژێرێ بۆخۆی بەردامبێ و پاداشتی زۆر بێ بانەختێ دڕۆیشبێ، ئەو شتەی کۆتایی پێ بێنایکا بەبەشی خۆی با ئێستایش وەری گرێ و، ئێوە سەتمتان لێ ناکرێ بە ئەندازەی ئەو تاڵە تەنکەی ڕاکشاوە بەسەر دەنکە خورمادا، هیچ لە پاداشتی ئێوە کەم نابێتەوە، بە تایبەتی پاداشتی کوشتنتان لە جەنگی بێ باوەڕاندا.

لە دوای ئەو باسانەی پێشوو خوای مەزن هانی جەنگاوەران ئەدا بۆ جەنگ کردن لەگەڵ بێ باوەڕان و ئەفەرموێ:

أَيْنَمَا
تَكُونُوا يُدْرِككُّمُ الْمَوْتُ وَلَوْ كُنتُمْ فِي بُرُوجٍ مُّشَيَّدَةٍ وَإِن تُصِبْهُمْ
حَسَنَةٌ يَقُولُوا هَٰذِهِ مِنْ عِندِ اللَّهِ وَإِن تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌ يَقُولُوا
هَٰذِهِ مِنْ عِندِكَ قُلْ كُلٌّ مِّنْ عِندِ اللَّهِ فَمَالِ هَٰؤُلَاءِ الْقَوْمِ لَا يَكَادُونَ
يَفْقَهُونَ حَدِيثًا ﴿٧٨﴾ مَّا أَصَابَكَ مِنْ حَسَنَةٍ فَمِنَ اللَّهِ وَمَا أَصَابَكَ مِن
سَيِّئَةٍ فَمِن نَّفْسِكَ وَأَرْسَلْنَاكَ لِلنَّاسِ رَسُولًا وَكَفَىٰ بِاللَّهِ شَهِيدًا ﴿٧٩﴾

﴿ أَيْنَ ما تَكُونُوا أيْدرِكْكُمُ الْمَوْتُ وَلَوْ كُنْتُمْ فِي بِرُوُجِ مُشَيَدَةٍ ﴾ ئێوە لەهەر جێگەیە بن مردنتان پێ ئەگا لە مەکەبن یا لە مەدینە و لە جێگەیە تربێ و، با ئێوە لە نێو چەندین کۆشك و قلاّی سەخت و بەرزدابن. لە ئایەتی (١٤٥)ی سورەتی ئالی عمیراندا لەسەر ئەو باسە ڕۆیشتووین کە مردنی ئادەمیزاد بەستراوە بە کاتی دیاری کراوی خۆیەوە، هیچ پەیوەندیکی بە جەنگ و بە شتی ترەوە نیە، پەیوەندی بە جێگەی سەخت و نزم و بەرزو ئاسانەوە نیە، جەنگ لە تەمن کورت ناکاتەوە، ئاستی تەمەن درێژ ناکا. بەڵکو مردن پەیوەستە بەو کاتەوە بۆی دانراوە ئاوات خواستن بۆ دووا خستنی جەنگ و ترسان لە کوشتن جێگەی خۆی نیەو بێ مانایە.

﴿ وإنْ تُعبُهُمْ حَسَنَةٌ يَقُوالُوا هذِهِ مِنْ عِنْدِ اللهِ ﴾ وەئەگەر تووشی دوو ڕوەکان ببوایە لە هەرزانی و سەرکەوتن بەسەر دوژمناندا بە وێنەی جەنگی بەدر ئەڵێن: ئەو چاکەیە لەلایەن خواوەیە، ئەیدەنە پاڵ خوا.

﴿ وإنْ تُصِبْهُمْ سَيِئَةٌ يَقُوالُوا هذِهِ مِنْ عِنْدِكَ ﴾ وەئەگەر تووشی ئەوان بێ خراپەیە لە گرانی و تەنگانەو کوشتن بە وێنەی جەنگی ئوحود: ئەڵێن: ئەوخراپە لەلایەن تۆویێ موحەمەد هەر شتێ ئادەمبزاد بە لایانەوە چاکبێ بە چاکەی دائەنێن، هەر شتێ لایان خراپێ بەلایانەو خراپە، بە گوێرەی بیروباوەڕی خۆیان، ئیتر با ئەنجامەکەی بە گوێرەی سروشت پێچەوانەی بیروباوەڕە یانێ چاکە وائەبێ هەموو کەس ئەگرێتەوە، وائەبێ یەك کەس ئەگرێتەوە، وێنەی بەختیاری مرۆڤ لە نێو خێزانی خۆیدا، وێنەی هەرزانی بۆ هەموو کەسەو بۆ هەمووانە و بەختیاری نێو خێزان تایبەتیە، هەروەها گرانی بۆ هەموو کەسەو گیر خواردن بە دەست خێزانی خراپ تایبەتیە، مەبەست لە چاکەو لە خراپە لەو ئایەتەدا بریتیە لە چاکەو خراپەی سروشت کە هەمووان ئەگرێتە وەك باران لافاو هەزارنی و گرانی.

دووڕوەکان بە وێنەی جولەکەکانن: چاکەیان ئەدایە پاڵ خواو، خراپەیان ئەدایە پاڵ پێغەمەرەکانیان، بە مانەی خوارەوە مەبەستی دووڕوەکان ڕون ئەبێتەوە:

١-ئەیان ووت: پێغەمەر نەگبەتە، بۆیە بارانمان بۆنابارێنێ و گرانی یەخەمان پێ ئـەگرێ. بە پێچەوانەوە ئەگەر ئاسودەیی و خۆشی توشیان ببوایە ئەیان ووت: ئەو چاکەیە خوا ئـــەی نێرێ.

٢-ئەو دوو روانە هەر بە دەستیان قەس ئەیان ویست پێشەوایی پێغەمبەر (د.خ) بریندار بکەن لـەو شتانەی پێغەمەر فەرمانی پێ ئەدان، بە تایبەتی لـە کاتی جەنگ کردندا لـە بریتـی ئەوەی بیان ووتایە: ئێمە خۆمان ترسنۆکین ئەو گفتوگۆ خراپانەیان ئەووت کە باسکران.

٣- ئەو دوورِوانە بەو جۆرە پێویست بوایە بیریان لـە فەرمودەی خواو پێغەمەرو کـاری سروشتی نەئەکردەوە، بیریان لـە پرِوپاگەندەی خراپی خۆیان ئـەکردەوە، زۆر بـە نـارِەوایی بیریان لـەبەسەرهاتی ئادەمیزاد و کارەساتی سورشتیان نەئەکردەوە.

﴿ قُلْ كُلّ مِنْ عِنْدِ اللهِ ﴾ تۆ بلێ: هــەموو شــتێ لـەلایـەن خـواوە دێـی وەرگرتنـەوەی بەروبووم و پەرەپێدانی خۆشی گوزەران و هەرزانی و گرانــی و بـێ سـامانی و کوشـتن و ئاسایش و هەژاری هەمویان خوا ئەیکا.

﴿ فَما لِهٰؤُلاءِ الْقَوْمِ لايكادُونَ يَفْقَهُونَ حَدِيثاً ﴾ دوایی چ شتێکەو چ رِوداوێکە بۆ ئـەو تاقمەی جولـەکەو دوورِوەکان نزیك نیـە لـە هیـچ کفتوگـۆو رِوداوی بگـەن و بیـانزانن، چونکە ئەگەر تێگەیشتوبونایە و لـە مانای قورئان وردبونایە وە بە رِاسـتی ئـەیانزانی هـەموو شتێ لـەلایەن خواوە پەیدا ئەبێ، بۆیان دەرئەکەوت کە گرانی و بومەلــەرزەو کانگاکـان و هەموو رِداوی سەر زەوی لـە نیشانەو پێویستی سروشتین، هەر خوایشە سروشتی دروسـت کردووەو هێناویێتیە بوونەوە. گەواتە ئەبێ هەموو شتێ بدەنە پاڵ خوا لـە چاکەو لـە خراپەی سروشت، پەیوندیان بە یغەمەرەوە نیە، پەیوندیان بە کەسی تریشەوە نیەو دەسەڵاتیان بەسەر رِووداوی سروشتەوە نی‌یە. بۆ نموونە: کاتێ ئیبراهیمی کورِی پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ کۆچی دوایی کرد خۆر گیرا، فەرموی مانگ و خۆر نیشانەی خوان دێن دەرِۆن بە فـەرمانی خـواو مـل کەچن، لـەبەر مردن و ژیانی هیچ کەسێ ناگیرێن.

پرسیار / بۆچی خوا سروشتی بەبێ خرایە و ناخۆشی دروست نەکردووە، بە شێوەیە هەر چاکەو خۆشی تەنها بونایە، ئادەمیزاد بەبێ دەردە سەری بحەسانایەوە وە توشی ئەم هەموو چەرمەسەریە نەبونایە؟.

وەڵام / ئەو پرسیارە زۆر جاران لە زۆر کەسەوە کراوە، بە هەزاران ساڵە بوە بە گرێ کوێرەی زانایان، هەریەکەیان بە جۆرێ هەوڵیانداوە ئەو گرێ کوێرەیە بکەنەوە، لە ئەنجامدا زۆریان توشی هەڵەو هەڵخلیسکان بوون، بگرە هەندێکیان توشی ئەوەبوون هاوبەشیان بۆ خوا داناوە، وتوویانە: خوای چاکەو خوای خراپە جیاوازن، ئەوەی ڕاستی بێ و گومانی تێدا نەبێ بە مانەی خوارەوە وولامیان ئەدرێتەوە:

خوای مەزن ئەم بونەوەرانەی دروست کردووە، پێکی هێناون لە چەندین ڕەگەزی دژی یەکتری، هەریەکێکیش لەوبونەوەرانە زۆر شتی دژی یەکتریان لەنێودایە، بە گوێرەی کارامەی خوا شان بەشانی یەکتری ئەڕۆن و دەست درێژی لە یەکتری ناکەن، ئەو ڕەگەزانە لە جم و جولێکی بەردەوامدان لە هاوردن و بردن و ڕاکێشان و پاڵ بە یەکەوە نان، لە کارکرندان لەگەڵ یەکتری، لەو کارانەیاندا چەندین ڕوداویی سروشتی پەیدا ئەبن لە هەورە گرمەو ڕەشەباو باران و بەفرو تەرزەو گەرماو سەرما، ئاسایش و ئازارو شتی تر لە چاك و لە خراپ بە گوێرەی بیری ئادەمیزاد بۆیە بەڵگەی زانایانی سروشت ناس ئەڵێن: هەموو بەشێك لە بەشەکانی سروشت گەورە وبچوکیان هێزێکی پەیداکەر (الموجبة) وە هێزی تری لەناوبەر (السالبة) لە ناویاندایە، بەمانایەکی تر گەرم سادیان تێدایە.

ئەو کەسانە ئەڵێن: بۆچی خوا ئەم سروشتانەی بەبێ خراپەو زیان دروست نەکردوە؟

لەوێنەی ئەوەیە بلێن: بۆچی خوا ئاگری بەبێ گەرمایی دروست نەکردووە؟ بەفری بەبێ ساردی و ئەقڵی بەبێ زانست و زیندەوەری بێ جم و جوڵ دروست نەکردون. کەواتە خوای مەزن بونەوەرانی دروست کردوە بە گوێرەی چاکەو خراپەو ئازارو ئاسایش و شتی تریان تێدایە بەڵام لەگەڵ ئەوانەیشدا ئەقڵیشی دروست کردوەو بەخشیوێتی بە

ئادەمیزاد، بەهۆی ئەو ئەقڵەوە سروشت ئەگۆڕن بە چاکە و خزمەتی مرۆڤایێتی پێ ئەکەن، ڕێگەی دووری پێ نزیك ئەکەنەوە، گەرما ئەگۆڕن بۆلای فێنکی، سەرما ئەگۆڕن بۆلای گەرما، تاریکی ئەگۆڕن بۆلای ڕوناکی، بنەوان و ئاو بارەو پردو دروست ئەکەن بۆ مانەوەی ئاوی باران، لەلایە ترەوە بۆ بەرگری لە لافاو. بەڵام هەندێ کارەساتی سروشتی هەن لە توانای ئادەمیزادانین، نەبۆ بونیان و نەبۆ بەرگری کردنیان، وەك بومەلەرزەو پەیدابوونی کێوی ئاگرین و ڕاکێشانی زەویەکان، ئەوانە لە کاتی پەیدابونیانا بەزەییان بە هیچ کەسدا نایەتەوە لە پیرو منداڵ و لە لاو، لە موسڵمان و لە بێ باوەڕان، لە پاك و لە پیس. لەو بارەوە خوا هەر شتێ بکا پرسیاری لێ ناکرێ. کارو کرداری خوا بەرانبەر بە سودو ئاواتی ئادەمیزانیە.

بە کورتی نەپێغەمەران و نە کسی تر دەستیان لە هیچ شتێکی خراپەو چاکەدا نیە هیچ شێوەیە، لە توانایانا نیە بەرگری لە زۆرترین ڕوداوی سروشتیدا بکەن.

ئەو بێ باوەڕو دووڕوانە لە نەزانین و نەفامیدا وێنەی ئاژەڵەوان لە هیچ شتێ ناگەن بۆیە ئەڵێن:

﴿ ما أصابَكَ مِنْ حَسَنَةٍ فَمِنَ اللهِ وَما أصابَكَ مِن سيئَةٍ فَمِنْ نَفْسِكَ ﴾ هەر شتێ تووشی تۆ بووە لەلایەن خواوەیە لە ساماندارى و لەسەرکەوتن بەسەر دوژمندا، هەرشتێ توشی تۆ بێ لە خراپە لە خۆتەوەیە لە کوشتن و شکانی هاوڕێکانت ئەی موحەممەد.

هەندێ لە زانایان مانای ئەو ڕستانەی پێشوویان بەم جۆرەی خوارەوە کردووە:

هەرشتێ توشی تۆ بووە ئەی ئادەمیزاد لە چاکە لە خواوەیە بە هۆی گەورەی و میهرەبانی خۆیەوەو، هەر شتێ تووشی تۆ ببێ، ئادەمیزاد لە خراپە لە خۆتەوەیە لە خراپەو لە ڕوداوی نالەبارو بە هۆی گوناهی خۆتانەو توشتان ئەبێ، خوا بۆتانی دروست ئەکا.

کەواتە مانای ئەو ڕستانە بە هەر جۆرێ بێ نارێك و دژنین لەگەڵ مانای ڕستەکانی پێشودا کە خوا ئەفەرموێ لەوێدا (هەموو شتێ لەلایەن خواوەیە). نابێ بپێژرێ: بە چ

جۆرێ مانای ئەو ڕستانەو مانای ڕستەکانی پێشەوە کۆئەبنەوە بەیەکەوە؟ مەبەست لە چاکەو لە خراپە لە ئایەتی پێشودا چاکەو خراپەی سروشتین زۆر بەجێییە هەردوولایان بدرێتە پاڵ خوا، چونکە دروست کراویی خوان. بەڵام مەبەست لە چاکەو لە خراپەیەکە توشی ئادەمیزاد ئەبن، سەرکەوتن توشبوونی چاکەیان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا لە کاری ئایینی و جیهانیدا ئەوانە بە دەستی خوان، توشبوونی خراپەو ژێرکەوتنیان بە هۆی خۆیان و گوناهیانەوەیە، ئەوانە ئادەمیزاد بە ئارەزوی خۆیان کردویانە بۆیە شیاوی سزادانن.

چاکەی خوا بەسەر ئادەمیزادەوە زۆرن و نامێژرێن، هەندێکیان بریتین لە ناردنی تۆ ئەی موحەمەد بۆلایان کە گەورەترین میهرەبانی خوایە بۆ ڕانموییی کردنی ئادەمیزاد، ئادەمیزادیش خراپەیان زۆرە لە هەموویان خراپتر دژایەتی کردنیانە لەگەڵ تۆو مل کەچ نەکردنیانە بۆ فەرمانی تۆ، بۆیە خوا ئەفەرموێ:

﴿ وَأَرْسَلْنَاكَ لِلنَّاسِ رَسُولاً وَكَفَى بِاللهِ شَهِيداً ﴾ وە ئێمە تۆمان ڕوانە کردووە بۆلای ئادەمیزاد بە فروستادەو نێردراو بەوانی ڕابگەیەنی فەرمانەکانی ئێمە، بۆیان دەرنجەی چاکەو خراپەکانیان تەنها بە دەست خوایەو، بەسە خوا بۆتۆ بە ئاگاداری کە تۆ ڕاست ئەکەی و بەڵگەت داناوە بۆ ئەوەی بڕوات پێ بکەن.

لە پاش باس کردنی ئەو شتە گرنگانەی پێشوو خوا هانی ئادەمیزاد ئەدا بۆ فەرمان بەرداری کردنی پێغەمەر و مل کەچ کردن بۆ فەرمودەکانی، خوا ئەفەرموێ:

مَّن يُطِعِ ٱلرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ ٱللَّهَ ۖ وَمَن تَوَلَّىٰ فَمَآ أَرْسَلْنَٰكَ
عَلَيْهِمْ حَفِيظًا ﴿٨٠﴾ وَيَقُولُونَ طَاعَةٌ فَإِذَا بَرَزُوا۟ مِنْ
عِندِكَ بَيَّتَ طَآئِفَةٌ مِّنْهُمْ غَيْرَ ٱلَّذِى تَقُولُ ۖ وَٱللَّهُ يَكْتُبُ

مَا يُبَيِّتُونَ فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ وَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَكِيلًا
﴿٨١﴾ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلْقُرْءَانَ وَلَوْ كَانَ مِنْ عِندِ غَيْرِ ٱللَّهِ لَوَجَدُوا۟
فِيهِ ٱخْتِلَـٰفًا كَثِيرًا ﴿٨٢﴾

﴿ مَنْ يَطِعُ الرَسُولَ فَقَدْ أطَـاعَ اللهَ ﴾ هەرکەسێ فەرمانبەرداری فروستادەی خوابێ بەڕاستی فەرمانبەرداری خوای کردووە. یانێ پێغەمەر ڕاگەیانەری فەرمودەی خوایەو ئەو فەرمانی پێداوە.

هۆی هاتنە خوارەوەی ئەو ئایەتە ئەمە بووە: پێغەمەر فەرموی: هەر کەسێ منی خۆش ویستبێ بەڕاستی خوای خۆش ویستووە، هەرکەسێ فەرمانبەرداری من بێ بە ڕاستی فەرمانبەرداری خوای کردووە، لەو کاتەدا دوڕوەکان ووتیان: بەڕاستی موحەمەد خۆی کردووە بە هاوبەشی خوا کەچی خۆیشی قەدەغەی ئەکا. ئەیەوێ بیکەن بە خوا بە وێنەی گاورەکان عیسایان کردوە بە خوای خۆیان، بەو بۆنەوە ئەو ئایەتە هاتە خوارەوە.

﴿ وَمَنْ تولى فَما أرْسَلْناكَ عَلَيْهِمْ حَفِظاً﴾ وەهەرکەسێ پشت بکاتە فرمانی تۆو واز لە پەیڕەوی کردنی تۆ بهێنێ دوایی ئێمە تۆمان ڕەوانە نەکردووە پاسەوانبی بەسەر ئەوانەوەو پرسیار بکەی لەوان لەسەر کردارەکانیان.

بە ڕاستی پیشەی فروستادەو ووشەی فروستادە ماناکەی ڕون ئەکاتەوەو دیاری ئەکا بە وێنەی دیاری کردنی ووشەی خۆر بۆ مانای خۆر، واتە پیشەی پێغەمەر ڕاگەیاندنەو بەس، پرسیارو سزا پەیوەندی بەوەوە نیە و پەیوەندی بە خواوە هەیە بە تەنها.

﴿ وَيَقُولُونَ طاعةٌ ﴾ وە ئەوان ئەڵێن: فرمان و کاری ئێمە پەیڕەوی کردنە لەلایەن ئێمەوە مل کەچ بن بۆ فەرمانەکانی تۆ، تۆیش فەرمان دەرکەر بە.

﴿ فَأذا بَرَزُوا مِنْ عِنْدِكَ بَيَّتَ طائِفَةٌ مِنْهُمْ غَيْرَ الذي تَقُـول ﴾ دووایـی هـەر کاتـێ ئـەو دووڕووانە چونە دەرەوە لەلای تۆ ئامادە ئەکـەن تاقمـێ لـەوان لـە شـەواو دەری ئەخـەن جگەی شتێکی ئەوتۆ تۆ ئەیڵێ بەوان.

﴿ واللهُ يَكْتُبُ ما يُبَيِّتُونَ ﴾ وە خوا ئەینوسێ لە نامەی کرداریانا شتێ ئـەوان ئامادەیـان کردووە لە پەنهانیداو گۆڕیویانە و سزایان ئەدا لەسەر دووڕوی بوختان کردنیان.

﴿ فَأعْرِضْ عَنْهُمْ وَتَوَكَّلَ عَلَى اللهِ وَكَفى بِـاللهِ وَكيـلاً ﴾ دوایـی تـۆ واز لـەوان بهێنـەو لۆمەیان مەکە بە بۆنەی کردارەکانیانەوە کە بە ڕواڵەت ئـەوان ئـەڵێن: باوەڕمـان هێنـاوە، چونکە فەرمانی کوشتنیان نەهاتوەتە خواروە، تـۆ پشـت ببەسـتە لەسـەر خـوا بـە تایبـەتی دەربارەی کردەوەی ئەوان، ئیشی خۆت بکـەو گوێیـان مـەدەرێ، کـاری شـیاوی خـوا پێویستی کردووە لەسەر تۆ کە خراپەی ئـەوان ئاشـکرا نەکـەی و ناویـان نەبـەی، بـەڵام متمانیشیان پێ نەکەی، وەك متمانە بە موسڵمانە ڕاستەکان ئەکەی ڕۆژانی داهاتوو هـەموو کارێکیان دەرئەخا. لە باسی ماناکردنی ئایەتی (٣٦)ی ئەم سورەتەدا بۆ ئەم مەبەستە باسـی تریش کراوەو، بەسە خوا یاریدەرو پارێزەر بێ بۆتۆ، تۆڵەیش لەوان ئەسێنێ.

﴿ أفَلا يَتَدَبَّرُونَ القُرآنَ وَلَوْ كانَ مِنْ عِنْدِ غَيْرِ اللهِ لَوَجَدُوا فيهِ أخْتِلافاً كَثيراً ﴾ ئایا دوایی بۆ ئەوان بیر ناکەنەوە لە مانای قورئان لەوکارە بەکەس نەکراوانە لە نێو قورئـانـدان؟ هـەتا بۆیان ڕون ببێتەوە کە بە ڕاستی فەرمودەی خوایەو، ئەگـەر ئـەو قورئانـە لەلایـەن جگـەی خواوە بهاتایە بە ڕاستی دەستیان ئەکەوت لەو قورئانەدا جیاوازی زۆر لە نێوان ماناکـەیدا، بێگومان جیاوازیان دەست ناکەوێ کەواتە فەرمودەی خوایـە بـە تەنـها. لـە سـورەتی لـە ئەلبەقەرەدا لە باسی مانای ئایەتەکانی (٢٣) و ئایەتی (٢٤) ئـەو مەبەسـتە و کـاری پـەك خراوی قورئان باس کراوە وەك لەلای هەموو کەسێ ئاشکرایە زانایانی موسڵمان لەیەکەم کاتی هاتنە خوارەوەی قورئانی پیرۆز هەتا ئەم سەردەمەی ئێستا نامەو پەرتوکی زۆریان پـڕ کردۆتەوە لەسەر باسی کردنی ئەو نهێنیانەی قورئان ڕونـی کردونەتـەوە، هەریەکـەیان بـە

گوێرەی زانیاری خۆیان و ڕێکەوتی کات ئەوەی لە توانایانا هەبوەو بۆی چوبون نهێنی قورئانیان دەرخستووە، هەروەچاخ و ڕۆژگاری داهاتوو ڕەگەزو نیشانەی بەکارن بۆ دەرخستنی مانای قورئان و نهێنیەکانی قورئان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، بۆیە عەبدوڵای کوڕی عەباس ئەفەرموێ: لە قورئاندا چەندین مانا هەن لەمەو پاش کاتەکان ماناکانی ڕون ئەکەنەوە.

لە دوای نزیکەی ساڵی (١٣٨١) خوای مەزن بە ئایەتی (٥٣) ئەم سورەتە لە قورئاندا نهێنی‌یەکی بۆ هەموو دانیشتوانی سەر زەویی دەرخستوە کە لەو ئایەتەدا ئەفەرموێ ئەگەر جولەکەکان ببنە خاوەنی دەستەڵات و سامان لە جیهاندا نایبەخشن بەئادەمیزاد بە ئەندازەی قۆپتکەی سەری دەنکێ لە خورما. ئەو ئایەتە بەڵگەی بێگومانە لەسەر پێغەمەرایەتی پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ لەسەر ڕاستی ناردنی ئەو بۆ ڕانومای کردنی ئادەمیزاد، چونکە لە کاتێکا خوا ئەوەی فەرموە بە جولەکەکان پەرتەوازەی ڕوی زەوی بوون و بێ هێزو بێ جێگە بوون، خوا بۆمانی دەرخستووە کە جولەکەکان دوژمنی مرۆڤایەتین، بە تایبەتی بۆ موسڵمانان، نیشانەی خراپەکارین لەگەڵ مرۆڤایەتیدا، ئەوەتا ئێستا ڕژێمی نارەواو ستەمکاریان ئێستا لە خاکی پیرۆزی فەلەستینی موسڵماناندا پەیدا بووەو گەورەترین بەڵگەی ئەو مەبەستەیە.

زانایان تێکڕا پێك هاتوون کە هەندێ کەس لە دانیشتوانی مەدینە هەواڵی ئاسایش و ترسیان ئەبیست کە پەیوەندی بە هێزی سەربازی موسڵمانانەوە هەبوو، ئەو هەواڵانەیان بڵاوئەکردەوە، ئەو کەسانەیش لەوانە بوون باوەڕیان لاواز بوو بە ئایین، بە تایبەتی دوورڕوەکان، هیچ شتێ لەوە خراپتر و خاوەن زیان نیە هەواڵ و باسی نهێنی سەربازی و جەنگ بڵاوبکرێتەوەو دوژمنان بیزانن: چونکە کار ئەکاتە سەر ئاسایشی نهێنی ناوخۆو دەرەوەی موسڵمانان، دوژمنان برەوی پێ ئەدەن و پڕوپاگەندەی پێوە ئەکەن و ئەبێتە هۆی زیانی گەورەو دوودڵی موسڵمانان بۆ ڕون کردنەوەی ئەو مەبەستە خوا ئەفەرموێ:

وَإِذَا جَآءَهُمۡ أَمۡرٞ مِّنَ ٱلۡأَمۡنِ
أَوِ ٱلۡخَوۡفِ أَذَاعُواْ بِهِۦۖ وَلَوۡ رَدُّوهُ إِلَى ٱلرَّسُولِ وَإِلَىٰٓ أُوْلِي
ٱلۡأَمۡرِ مِنۡهُمۡ لَعَلِمَهُ ٱلَّذِينَ يَسۡتَنۢبِطُونَهُۥ مِنۡهُمۡۗ وَلَوۡلَا فَضۡلُ
ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ وَرَحۡمَتُهُۥ لَٱتَّبَعۡتُمُ ٱلشَّيۡطَٰنَ إِلَّا قَلِيلٗا ٨٣

﴿ وَإِذا جاءَهُمْ أمْرٌ مِنَ الأمن أو الخَوْفِ أذاعُوابِهِ ﴾ وەهەر کاتێ بهاتایەو بگەیشتایە بەو کەسانە باوەڕیان لاوازبو کارێکی گرنگ لە کاری سەربازی و هەواڵی ناردنی ئەو تاقمانە ئەنێردران بۆ جەنگ. بە تایبەتی ئەوانەی پێغەمەر (د.خ) ئەیناردن بۆ وەرگرتن و هاوردنی دەنگ و باسی بێ باوەڕان و هەڵتەقاندنیان بەیەکا لەو کارانە ئەبونە هۆی ئاسایش و ئاسودەیی، وێنەی بڕیارێکی پێغەمەر (د.خ) بۆ سودی تاقمێ یا سەرکەوتنی موسڵمانان، یا کارێکی وا بووایە بە هۆی ترس و خەفەت، وەك کۆبونەوەی دوژمنان، یا توشبوونی زیانی ئەو تاقمانە ئەنێردران بۆ ڕونکردنەوە چۆنیەتی هێزی بێ باوەڕان ئەوان ئەو هەواڵانەیان بڵاوئەکردەوە، بێ ئەوەی بزانن ئەو کارەساتانە چۆن بووە؟

بەو بۆنەوە زیان و ترس لە نێو کۆمەڵانی موسڵماناندا پەیدا ئەبوون، چونکە ئەو هەواڵانە ئەگەر ڕاست بونایە ئەبون بە هۆی لاوازی موسڵمانان و ەپەرێشانیان و، ئەبونە هۆی ئامادەکردنی دوژمنان و خۆیان ئامادە ئەکرد بۆ جەنگ، ئەگەر ئەو هەواڵانە، درۆ بونایە ئەبونە هۆی دوودڵی باوەڕداران و خەفەت خواردنیان.

﴿ وَلَوْ رَدُوهُ إلى ارَسُولِ وأوْلِ الأمْرِ مِنهُمْ ﴾ وەئەگەر ئەوان ئەو هەواڵانە گفتوگۆیان لێ ئەکرد بیان گێڕایەتەوە بۆلای نێرراوی خواو ئەو بڕیاری لەسەر بدایەو، بۆلای هەندی لە

خاوەن فەرمانەکانی هاوڕێکانی پێغەمەر لە خۆیان، ئەگەر بیانزانیبایە بڵاوکردنەوەی خاوەن سودە فەرمانیان ئەدا بە بڵاوکردنەوەی، ئەگەر بیان زانیبایە زیا بەخشە بڵاویان نەئەکردەوە، هەرچۆنێ بێ پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ بە چاکی بیزانیبایە ئەی‌کردو موسڵمانان توشی ناخۆشی نەئەبوون.

﴿ لَعَلِمَهُ الذينَ يَسْتَنْبِطُونَهُ مِنْهُمْ ﴾ بە ڕاستی ئەو هەواڵەیان ئەزانی چۆن باسی بکەن کەسانێکی ئەوتۆ دەری بخەن ئەو هەواڵەو ئەنجامەکەی بۆ پاشەڕۆژ، چونکە ئەو کەسانە خاوەن زانست و زیرەك و کارامەن و خاوەن تاقی‌کردنەوەن بە کاروباری سەربازی پێویستی جەنگ کردن.

چاکترین کار ئەوە بوو ئەو کەسانە ئەو شتەی ئەیان بیست لە هەواڵی سەربازی بڵاویان نەکردایەتەوەو خۆیانیان بگرتایەو ڕایان گەیاندا بەسەر پێغەمەرو پیاوە گەورەکانی سەربازی کە ئەوان باشتر هەواڵ و پێویستی سەربازیان ئەناسی.

﴿ وَلَوْ لا فَضْلُ اللهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ لا تَبَعْتُمُ الشَّيْطانَ إلاّ قَلِيلاً ﴾ وەئەگەر مەزنی خوا نەبوایە بەسەر ئێوەوە کە پێغەمەری بۆ ناردون لێتان بورو، بەزەیی و میهرەبانی خوایش نەبوایە قورئانی بۆ ناردون و فێری خوناسینی کردن بە ڕاستی ئێوە پەیڕەوی شەیتانتان ئەکردو گومڕای ئەکردن مەگەر کەمێ دوای شەیتان نەکەوتنایە، خوا پاراستنی لەپەژادو دوودڵی شەیتان بە هۆی ژیری خۆیانەوە، ئەو کەسانەیش وێنەی قەسی کوڕی ساعیدە. وەرەقەی کوڕی نەوفەل. زیدی کوڕی عەمر بو حەیرای ڕاهیب. سەیفی کوڕی زی‌بەزن. کەسانی تری وێنەی ئەوان کە باوەڕیان بە یەکێتی خواو ناردنی پێغەمەر هەبوو بەر لەڕوانە کردنی بۆ سەر ئادەمیزاد.

پاش جەنگی ئوحود ئەبو سوفیان بە پێغەمەری ووت: وادەمان کاتی جەنگی بەدربێ لە ساڵی داهاتوودا جەنگێ تر ئەکەینەوە. کە ساڵ کۆتایی پێ هات و وادە کەهات و کەوتنەی مانگی زیلقە عیدە پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ دانیشتوانی بانك کرد بۆ چونە دەرەوەو جەنگ کردن، هەندێ لە دانیشتوان ئەو جەنگەیان لاگرانبوو. پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ فەرمووی:

ئەگەر خۆم بە تەنها چومەتە دەرەوە ئەڕۆم، لە پاشا خۆی و حەفتا کەس چوونە دەرەوەو گەیشتنە شوێنی دیاری کراو، توشی هیچ خوایە نەبوون، خوا بە گەورەیی خۆی و پاراستنی و بەبێ وەیی و بەسەر بەرزی گەڕانەوە بەبێ جەنگ، بۆ ئەو مەبەستە خوا فەرموی:

فَقَٰتِلْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ لَا تُكَلَّفُ إِلَّا نَفْسَكَ وَحَرِّضِ ٱلْمُؤْمِنِينَ عَسَى ٱللَّهُ أَن يَكُفَّ بَأْسَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَٱللَّهُ أَشَدُّ بَأْسًا وَأَشَدُّ تَنكِيلًا ﴿٨٤﴾

﴿ فَقاتِلْ فِي سَبِيْلِ اللهِ لا تُكَلَفُ إلاّ نَفْسَكَ ﴾ دوایی تۆ جەنگ بکە لە ڕێگەی ئایینی خوادا ئەگەر بەتەنهایشبی و وازت لێ بهێنن، بۆ پاراستنی ڕاستی و مافی ئایین داوا لە تۆ ناکرێ مەگەر هەر خۆت بۆ جەنگ کردن و ئەو کەسانەی وولامی تۆ ئەدەنەوە بۆ چونە دەرەوە بۆ جەنگ کردن، تۆ واز لەو کەسانە بهێنە واز لەتۆ ئەهێنن، پرسیاری ئەوانت لێ ناکرێ، هەرخۆت پرسیار لێ کراوی.

﴿ وَحَرِضِ المُؤمِنِينْ ﴾ وەتۆ هانی باوەڕداران بدە بۆ جەنگ کردن، ئامۆژگاریان بکە بەوەی پاداشت و تۆڵەو سەرکەوتن و بە دەست هێنانی پلەو پایە بە پەیڕەوی کردنی تۆیە هەر ئەوانەت لە سەرەو بەس، توندو تیژی لەگەڵیان مەکە.

وەك باسمان کرد پاش ئەوەی پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ هانی باوەڕدارانی دا خۆی و حەفتا کەس چونە دەروە بۆ جەنگ.

﴿ عَسى اللهُ أنْ يَكُفَّ بَأسَ الذينَ كَفَرُوْا ﴾ بۆ ئەوەی شایستەبێ بۆ ئێوە کە خوا قەدەغە بکا هەڵمەت و ئازایی کەسانێکی ئەوتۆ باوەڕیان نەهێناوەو ترسی ئێوە بخاتە دڵیان.

هەروایشبو بت پەرستانی قورەیش ترس کەوتە دڵیان و لە کـاتی دیـاری کـراودا نەهاتنـە دەرەوە، پێغەمەرو هاوڕێکانی بەسەر بەرزی گەڕانەوە.

﴿ والله أشَدُّ بأساً وَأشَدُّ تَنْكيلاً ﴾ وە خوا هەڵمـەتی گـەورەترو سـەخت تـرە لـە پـت پەرستان وەسزای سەختەو گەورەترە بۆبێ باوەڕان.

لە پاش ئەوەی زانرا کە پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ خـوا هـەر داوای لـە خـۆی کـردو خـۆی لێ پرسراویی خۆیتی، خوای گەورە بۆیشمان ڕون ئەکاتەوە کە بـە ڕاسـتی بـۆ پێغەمـەر هەیـە بەشێکی زۆر فراوان و زۆر لە پاداشت، بە هۆی خۆماندو کردنی لە هاندانی موسڵمانانـدا بۆ جەنگ کردن لەگەڵ بێ باوەڕان. ئەفەرموێ:

مَّن يَشْفَعْ شَفَٰعَةً حَسَنَةً يَكُن لَّهُۥ
نَصِيبٌ مِّنْهَا ۖ وَمَن يَشْفَعْ شَفَٰعَةً سَيِّئَةً يَكُن لَّهُۥ كِفْلٌ مِّنْهَا ۗ
وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ مُّقِيتًا ﴿٨٥﴾ وَإِذَا حُيِّيتُم بِتَحِيَّةٍ فَحَيُّوا۟
بِأَحْسَنَ مِنْهَآ أَوْ رُدُّوهَآ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ حَسِيبًا ﴿٨٦﴾
ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۚ لَيَجْمَعَنَّكُمْ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ لَا رَيْبَ فِيهِ ۗ
وَمَنْ أَصْدَقُ مِنَ ٱللَّهِ حَدِيثًا ﴿٨٧﴾

﴿ مَنْ يَشْفَعْ شَفاعَةَ حَسَنَةَ تِكُنْ لَهُ نَصيبٌ مِنْها﴾ هەر کەسێ یاریدەی کەسێ بدا، پێش نیاری چاك بکا بۆ ئەوەی مافێکی ڕەوا پێك بێت و کەسێ سـوودی لێ وەربگـرێ، یـا بـۆ ئەوەی زیان و ئازار هەڵگرێ، بۆ ئەو کەسە داخـوازی کـەرە ئـەبێ بەشـێکی گـەورە لـە پاداشتی ئەو پێش نیازەی بۆ ئەبێ.

﴿ وَمَنْ يَشْفَعْ شَفاعَةً سَيِّئَةً يَكُنْ لَهُ كُفْلٌ مِنْها﴾ وەهەرکەسێ پێشنیازێکی خراپ بکا بۆ ئەوی مافێکی ڕەوا لە دەست بچێ و زیان بە کەسێ بگا، بۆ ئەو کەسە ئەبێ بەشێ لە تۆڵەو سزای ئەوپێش نیازە خراپەی کردوێتی.

﴿ وَكانَ اللهُ عَلى كُلِّ شَيءٍ مُقيماً ﴾ وەخوا دەسەلاتی بەسەر هەموو شتێکا هەیە، ئاگاداری هەموو شتێکە، پاداشتی چاکەی خاوەن چاکە ئەداتەوە، تۆڵە لە داواکەری خراپە ئەسێنێ.

ئەو ئایەتە هەرچەندە هاتۆتە خوارەوە دەربارەی هاندانی جەنگ کردن لە ڕێگەی خوادا بەڵام هەموو داواکاری و داخوازی‌یە ئەگرێتەوە لە چاك و لە خراپ. ئایینی پیرۆزی ئیسلام پیرۆزبایی لە هەموو کارێکی چاکە ئەکا، ئیتر پەیڕەوی کردنی کارێکی چاکبێ با لە کەسێکی بێ باوەڕەوە دەرچێ. کەواتە ئەوەی گرنگبێ لای ئیسلام ئەمەیە ئەو شتە بە چاکە ناوبرێ لای ئیسلام و زیانی کەسی تێدا نەبێ، ئەبێ ئەمەیشمان لەبیر نەچێ چاکە بەهەر شێوەبێ و لەهەر کەسێکەوە دەرچێ، لە باوەڕدارێکەوە بێ یا بێ باوەڕێکەوە ئەو شتەی لەبەر ئەوەی چاکەو بەسوودە بە پەیڕەوەکانی ئیسلام دائەنرێ، هەروەها ئیسلام نەفرەت ئەکا لە هەموو خراپەو ستەمێ لەهەرکەسێکەوە ڕوبدا.

خوای مەزن پاش باس کردنی ئەو مەبەستانە فەرمان ئەدا بە داواکردن و پاڕانەوە بۆ پایەداری خۆشی و دۆستایێتی لە نێو ئادەمیزادا بە بڵاوکردنەوەی سڵاو لە یەکتری (التحية) وە بە وەڵامدانەوەی ئەو سڵاوە بە وێنەی خۆی یا بەزۆرتر لەو سڵاوە، وە ئەفەرموێ:

﴿ وَإذا حُيِّيتُمْ بِتَحِيةٍ فَحيُّوا بِأحْسَنَ مِنْها أوْرُدّوها﴾ وە هەر کاتی ئێوە داوای ژیان و زیندویتان بۆ کرا بەهەر شتێ بێ، یانێ بە ئێوەیان ووت: خوا ژیان و مانەوەتان بداتێ، دووایی ئێوە لە وەڵامی ئەو کەسەدا ژیان و زیندویی لەوان بکەن بە شیرینتر لەو ژیان باشییەی ئەو یا ووڵامیان بدنەوە بە ئەندازەی وێنە ڕۆژ باشی ئەوان. واتە ئەگەر بێژرا بە

ئێوە. (السّلام علیك) ئێوەیش وەڵامی بدنەوەو بە شیرینتر لەوەی ئەوان و بڵێن: (علیك السلام ورحمه الله) یا ووڵامیان بدنەوە بە ئەندازەی سڵاوی ئەوو بڵێن: (علیك السلام).

بەو جۆرەی باس کرا مەبەست لەو ئایەتە سڵاوکردن و، وڵامدانەوەیە. بەڵام لای ئەو کەسانە سەر بە حەنەفیەکانن ئەڵێن: مەبەست لە (التحیة) دیاری بردنە بۆ یەکتری. یانێ ئەگەر کەسێ دیاری بۆ ئێوە هێنا، پێویستە دیاری بۆ بنێرنەوە بە ئەندازەی ئەو دیاریە یا زۆرتر لەو دیاریە.

ئادەمیزاد لە کاتی گەیشتن بە یەکتری مەرحەبایی یەکتری ئەکەن، هەر نەتەوەیە بە ڕستەیەو بە ووشەیەو بە شێوەیەکی تایبەتی مەرحەبایی ئەکەن، هەندێکیان بە زمان و بە ووشەی تایبەتی، هەندێ تریان بە کردارو بە جم وجوڵێکی تایبەتی.

عەرەبەکان ئەڵێن: (صباح الخیر، مساء الخیر، حیاك الله، أنعم صباحا، صبح الله بالخیر، مساك الله بالخیر، السلام علیك، مرحبا الله بالخیر) ئەوانە بە زمانن، هەندێکیان باوەش بە یەکتریدا و یەکتری ماچ ئەکەن، قاچی کەسێ ماچ ئەکەن. چەند شێوەیەتر. نەتەوەی کورد ئەڵێن: ڕۆژباش. مەرحەبا. السلام علیك. ئەم کاتەت باش. ئەوانە بە زمان ئەیڵێن. لەگەڵ ئەوانەیشدا وائەبێ باوەش ئەکەن بەیەکتریدا، هەندێ یەکتری ماچ ئەکەن، وایش ئەبێ دەستی یەکتری ماچ ئەکەن، بە تایبەتی بۆ زانایان و پیاوچاکان. قاچ ماچ کردن بۆ یەکێ تر، بە تایبەتی بۆ پیرانی تەریقەتیان لەلایەن پەیڕەوەکانیانەوە، هەندێ جاریش سەرشۆڕکردن.

هەروەها نەتەوەکانی تریش هەریەکەیان بە زمانی خۆیان، بە جۆری ڕستەی باوی نێو خۆیان ڕۆژباش لە یەکتری ئەکەن. بە تایبەتی نەتەوەیی فارس سەرشۆڕکردن. بۆ یەکتری. بە زۆری دەستی ئاخونەکانیان ماچ ئەکەن.

بەڵام ئەوانەی پێشوو زۆربەیان پەسەندنین، بە تایبەتی سەرشۆڕکردن و قاچ ماچ کردن بۆ هەموو کەس و دەست ماچ کردنی پیاوانی ستەمکارو یەك ماچ کردن بە تایبەتی کوڕانی بێمو، ئەوانە هەمویان لای ئیسلام قەدەغەن.

ئیسلام هەروەك ڕستەی (لا إله إلا الله، محمد رسول الله)ی كـردوە بـە دروشمـی ئـایینی خۆی بە گوێرەی بیروباوەڕ، هەروەها (السـلام علیـك) ی كـردوە بەمەرحـەباو ڕۆژبـاش بۆخۆی لـەگەڵ دەست گوشینی یەكتری لـەبەر ئەمانەی خوارەوە:

(١) بۆ ئەوەی ڕونی بكاتەوە بۆ ئەوەی پرۆگرامی خۆی و بەو ڕستەیە بڵاوبكاتـەوە بـە نێوو دانیشتوانا.

(٢) ئاشتی خوازیی و بەرگری لە دەست درێژی (٣) بۆئەوەی هەموو كاتێ ناوی خوا لـەسەر زمانیانبێ، چونكە (السلام) ناوێكە لـە ناوەكانی خوای مەزن.

﴿ إنّ الله عَلى كُلِّ شَيْءٍ حَسِيباً ﴾ بە ڕاستی خوا پرسیاركەرە لـەسەر هـەموو شتێ بـە تایبەتی سڵاو كردن و وولامدانەوەی. كەواتە چاودێری باویی سڵاو بكـەن بـەو جـۆرەی ئیسلام فەرمانی پێداوە، وەخوا بەسە بۆ هەموو بونەوەران.

بۆ زانین: سڵاوكردن چاكەی زۆرە بۆ پەرەپێدانی خۆشەویسـتی لـە نێـوان ئـادەمیزاد، پێویست نەكراوە لـەلایەن ئایینەوە، ئەگەر لـەنێو كۆمەڵێكدا یەكێكیان سـڵاویی كـرد ئـەو كەسانە هەمویان چاكەیان بۆ ئەنوسرێ، هەرچەندە چاكتر بـۆ هـەموویان ئەوەیـە هـەمویان سڵاوبكەن، ووتنی سڵاو بە دەنگی بەرز چاكترە. بـەڵام وولامدانـەوەی سـڵاو پێویسـتەو وولام نەدانەوەی گوناهە، ئەگەر سڵاو لە كۆمەڵێ كرا یەكێكیان وولامی دایەوە گوناهبـار نابن، هەرچەندە چاك وایە هەموویان وەلامی سڵاو بدنەوە.

جۆری سڵاوكردن لە یەكتری: كەسێ سواری شتێ بێ سڵاو، لە پیادە بكا. ڕاوەسـتاو لە دانیشتوان ژمارەی كەم لە ژمارەی زۆر بچوك لـە تەمەنی زۆرتر لە خـۆی. قوتـابی لـە مامۆستا. زوربەی دانیشتوان لـە زانایان :

ئەمانە چاك وایە سڵاویان لێ نەكری. ئەو كەسانە دەست بە ئاو ئەگەیەنن. ئـەو كەسـانە خۆیان ئەشۆرن لـە گـەرماداو، لـە خـەوتوەكان ووەنـەو زدەران، نوێژكـەران و قورئـان خوێنیان و بانگ دەرانی نوێژو ئامۆژگاری كـەران، لـەوانـە ووتوەكـان و خوتبـە خوێنـانی

هەینی.ئەوانە هەموویان وا چاکە پێش دەستی نەکرێ لە سڵاوکردن لێیان، مەگەر وا پێویستبێ سڵاوبکرێ لەوان لەبەر هەندێ هۆی پێویستی، ئەگەر ئەوان لە پێشەو سڵاویان کرد وولاّمدانەوەیان پێویست نیە.

﴿ اللهُ لا إله إلاّ هُوَ لَيَجْمَعَنَكُمْ إلى يَوْمَ الْقِيامَةِ ﴾ خوا کەسێکە هیچ خوایە نیە پەرستنی بۆ بکرێ و شایانی پەرستنبێ مەگەر هەر ئەو خوایە تاك و تەنهایە بە ڕاستی خوا ئێوە کۆئەکاتەوە بۆلای ڕۆژی هەڵسانەوەتان لە کورەکانتان و بۆلای پاشەڕۆژ.

﴿ لارَيْبَ فِيهِ وَمَنْ أصْدّقُ قَوْلاً مِنَ اللهِ ﴾ گومان لە هاتنی ئەو ڕۆژەدانیە کە ئێوەی تێدا کۆئەکرێتەوە. بەڵگە لەسەر بوونی ڕۆژی دووایی زۆرن لای ئەو کەسانەی ژیرو دادپەروەرن ئەو کەسەی ئەم بونەوەرانەی دروست کردووە لە نەبوونەوە. بە تایبەتی ئادەمیزاد بەبێ کەرەسەی پێشەکی، خاوەنی توانایە بۆ جارێکی تر لە پاشا زیندوویان بکاتەوە لەسەر ئەو کەرەسە پێشوانەو، چ کەسێکە ڕاست گۆتر لەخوا لەلایەن هەواڵدان و موژدەدان و هەڕەشە کردنەوە. بێگومان فەرموودەو بەڵێنی خوا ڕاستە.

کۆمەڵێ لە عەرەبەکان هاتن بۆ مەدینەو باوەڕیان هێنابە سەرزارەکی، لە دووابیدا کە گەڕانەوە بۆ مەکە بونەوە بە بت پەرست. لە پاشا چون بۆ وولاّتی یەمامە بۆ بازرگانی، موسڵمانان لەو کاتەدا بون بە دووپارچە. هەندێکیان وتیان: جەنگ لەگەڵ ئەو کەسانە ناکەین، چونکە باوەڕیان هێناوە، هەندێ تریان وتیان: ئەو کەسانە بوونە تەوە بە بت پەرست و ئەچین و جەنگیان لەگەڵ ئەکەین. خوای مەزن بۆ ڕون کردنەوەی ئەو مەبەستە ئەفەرموێ:

فَمَا لَكُمْ فِي ٱلْمُنَٰفِقِينَ
فِئَتَيْنِ وَٱللَّهُ أَرْكَسَهُم بِمَا كَسَبُوٓا۟ أَتُرِيدُونَ أَن تَهْدُوا۟ مَنْ

أَضَلَّ ٱللَّهُۚ وَمَن يُضۡلِلِ ٱللَّهُ فَلَن تَجِدَ لَهُۥ سَبِيلٗا ﴿٨٨﴾ وَدُّواْ لَوۡ
تَكۡفُرُونَ كَمَا كَفَرُواْ فَتَكُونُونَ سَوَآءٗۖ فَلَا تَتَّخِذُواْ مِنۡهُمۡ أَوۡلِيَآءَ
حَتَّىٰ يُهَاجِرُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِۚ فَإِن تَوَلَّوۡاْ فَخُذُوهُمۡ وَٱقۡتُلُوهُمۡ
حَيۡثُ وَجَدتُّمُوهُمۡۖ وَلَا تَتَّخِذُواْ مِنۡهُمۡ وَلِيّٗا وَلَا نَصِيرًا ﴿٨٩﴾
إِلَّا ٱلَّذِينَ يَصِلُونَ إِلَىٰ قَوۡمِۭ بَيۡنَكُمۡ وَبَيۡنَهُم مِّيثَٰقٌ أَوۡ جَآءُوكُمۡ
حَصِرَتۡ صُدُورُهُمۡ أَن يُقَٰتِلُوكُمۡ أَوۡ يُقَٰتِلُواْ قَوۡمَهُمۡۚ وَلَوۡ شَآءَ
ٱللَّهُ لَسَلَّطَهُمۡ عَلَيۡكُمۡ فَلَقَٰتَلُوكُمۡۚ فَإِنِ ٱعۡتَزَلُوكُمۡ فَلَمۡ يُقَٰتِلُوكُمۡ
وَأَلۡقَوۡاْ إِلَيۡكُمُ ٱلسَّلَمَ فَمَا جَعَلَ ٱللَّهُ لَكُمۡ عَلَيۡهِمۡ سَبِيلٗا ﴿٩٠﴾

﴿ فَما لَكُمْ فِي المُنافِقِينَ فِئَتَيْنِ ﴾ دوایی چ شتێ بۆ ئێوە پەیدابووە لە فرمان و کاری نێو دووڕووەکان ئێوە بوون بە دووتاقم: هەندێکیان لاتان وایە ئەوان موسڵمانن، هەندێ ترتان لاتان وایە بێ باوەڕو دووڕون، پێویست و شایستە وایە، بۆ ئێوە ئەوەیە لە نێو خۆتان نەکەونە ئاژاوە. بەڵکو پێویستە لەسەرتان یەك بیرو یەك باوەڕتان هەبێ و، وا بزانن ئەو کەسانە لە ئایین وەرگەڕاونەتەوە، بۆیە خوا ئەفەرموێ:

﴿ وَاللهُ أَرْكَسَهُمْ بِما كَسَبُوْا ﴾ وەخوا فەرماندانی ئەو کەسانەی گێڕاوەتەوە بۆلای فەرماندانی بێ باوەڕە جەنگ کەرەکان لەوەی دروستە کوشتنیان و دیل کردنیان، لەبەر

ئەوەی وێنەی بێ باوەڕە جەنگ کەرەکانن یازیانیان زۆرترە بە هۆی ئەو شتەی کردویانە لە مانەوەیان لەنێو بت پەرستان و سودیان بۆ ئەوان هەیە بە تەنها.

﴿ أتُرِيدُونَ أنْ تَهْتَدُوْا مَنْ أضَلَّ اللهُ فَلَنْ تَجِدَ لَهُ سَبِيْلاً ﴾ ئایا ئێوە ئەتانەوێ کە ئێوە ڕانموویی کەسێ بکەن خوا ڕێگەی ڕاستی لێ وون کردوەو، هەرکەسێ خوا ڕێگەی لێ وون بکا و لە ڕێگەی ڕاست لای بدا، دووایی تۆ دەستت ناکەوێ ڕێگەیە بۆ ڕانموویی کردنی و شارەزایی کردنی بۆلای ڕێگەی ڕاست.

پرسیار / لە ڕستەی پێشودا خوای مەزن فەرموی: خوا ئەو ڕووداوانەی گێڕاوەتەوە بۆلای بێ باوەڕی بە هۆی کردەوەی خۆیان و هەڵبژاردەی خراپی خۆیان کەچی لەم ڕستەیەدا ئەفەرموێ: خوا ڕێگەی لێ تێکداون، گومڕایی ئەوانی داوەتە پاڵ خۆی، دوای ئەوەی لە پێشەوەدا بویە پاڵ خۆیان، هۆی کۆبونەوەی ئەو دوو ڕستەیە چۆن ئەبێ؟

وەڵام / مەبەست لە گومڕای کردنی خوا ئەوەنیە خوا گومڕای لەواندا دروست ئەکا، چونکە خوا میهرەبانەو کاری وا لەگەڵ بەندەکانی خۆی ناکا. بەڵکو مەبەست ئەوەیە ئەو کەسانە لە ڕێگەی ڕاست و وەرگرتنی ڕانموویی لایانداوە بە ویستی خۆیان، ڕێگەی پوچیان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە. بێگومان خوا وازیان لێ ئەهێنێ و کاری خۆیان، بە خۆیان ئەسپێرێ، ئەوەیش جۆرە خەشمێکی خوایە لەوان، بێگومان بە هەوەس و سەربەستی خۆیان جگە لە گومڕای شتێ تریان بۆخۆیان هەڵنەبژاردووە.

بە شێوەیە تری ڕوون ترو وەڵامی ئەو پرسیارە ئەدرێتەوە: هەر کەسێ ڕێگەی ڕاستی گرت بە ویستی خۆی خوای مەزنیش میهرەبانی خۆی ئەڕێژێ بەسەریاو بێگومان بۆ سەرکەوتن چاودێری ئەکا، ئەو میهرەبانیەی خوا بەو شێوەیە پێی ئەبێژرێ ڕانموی سەرکەوتن و سەرداری خوای مەزن. هەرکەسێ بە ویستی خۆی ڕێگەی پوچی گرت بێگومان خوا وازی لێ دێنێ و، بە زۆرو تۆپزی نای گێڕێتەوە بۆلای ڕانموویی و هەموو ڕێگەیەکی تری لێ نابەستێ هەتا بگەڕێتەوە بۆلای ڕانموویی و ڕێگەی ڕاست. کەواتە خوا هیچ کەسێ گومڕاناکاو نەیشی کردوەو نایشی کا.

بۆ زانین: میهرەبانی خوا پێویستی ئەکا کە خاوەنی بەزەیی بێ بۆ بەندەی خۆی و وازی لێ نەهێنێ بە تەواوی، وێنەی دایك لەگەڵ منالّی خۆی، بگرە خوا میهرەبانی زۆرترە، مەگەر بەندەی خوا خۆی وا لێ بکا کە خوا میهرەبانی خۆی نەڕێژێ بەسەریا بە هۆی ئەو شتەی خۆی بۆ خۆی هەڵی بژاردوە لە نە پەرستنی خوا، بەو بۆنەوە خۆی ئەخاتە نێو گێژاوی قوڵ و پانی گوناهەوە، دایکیش واز لە منالّی خۆی ئەهێنێ لەو کاتەدا دەست بدانە ئازاردانی دایکەکەی، ئەوەیش زۆر ڕونە لامان.

﴿ وَدّوا لَوْ تَكْفُرُونَ كَمَا كَفَرُواْ فَتَكُونُونَ سَوَاءً ﴾ وە ئەو کەسانە وەرگەڕاون لە ئایین و بە ڕاستی باوەڕیان نەهێناوە پێیان خۆشەو ئاوات ئەخوازن بۆبێ باوەڕکردنی ئێوە بەو جۆرەی خۆیان باوەڕیان نەهێناوە، دوایی ئێوە یەکسان بن لەگەڵ ئەوان لە بێ باوەڕی و گومراییدا کەواتە ئەو کەسانەی بێ باوەڕی جگەی خۆی پێ خۆشبێ نیشانەی ئەوەیە خۆی لەژێرەوەو لە دڵیا بێ باوەڕە، ئیتر بە ڕواڵەت با باوەڕیش بهێنێ، ئەویش زۆر ڕاستە کە هەموو کەسێ لای چاکە هەموو ئادەمیزاد لەسەر شێوازی خۆی بێ لە بیروباوەڕدا پاش ئەوەی پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ کۆچی کرد بۆ مەدینە پێویستی کرد لەسەر هەموو موسڵمانان کۆچ بکەن بۆ مەدینە مەگەر توانای کرچیان نەبێ، یا پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ فەرمانی مانەوەیان بدا لەبەر سودی گشتی موسڵمانان، کۆچ کردن لە مەکە بەردەوامبوو هەتا شاری مەکە لەلایەن موسڵمانانەوە وەگیرا. بۆیە ئەفەرموێ:

﴿ فَلا تَتخِذُوا مِنهُمْ أَوْلِياءَ حَتى يهاجروا فِي سَبيلِ الله ﴾ دوایی ئێوە وەرمەگرن ئەو دووڕوانە بە دۆستی خۆتان و داوای یارمەتی و کۆمەکیان لێ مەکەن بۆ هیچ شتێ هەتا ئەوان کۆچ ئەکەن لە ڕێگەی پەرستنی خواداو بەس، خۆیان وەك ئێوە لێ ئەکەن لە قازانج و زیاندا.

﴿ فَاِنْ تَوَلُوا فخذوهم وَأَقْتُلُوهُمْ حِيْثُ وَجَدْتُمُوهُمْ ﴾ دوایی ئەگەر ئەو کەسانە وازیان لە جێگەی بێ باوەڕان نەهێناو کۆچیان نەکرد بۆ مەدینەو باوەڕیان نەهێناو خۆیانیان

نەگەیاندە لای پێغەمەرو موسڵمانان، دوایی ئێوە پێویستە ئەوان بگرن و بیان گوژن لە هەر جێگەیە ئەوانتان دەست کەوت ئەگەر توانیتان لەمەکەی پیرۆزبێ لە مەدینەیا لە دەروبەری ئەوانبێ.

﴿ وَلا تَتخِذُوا مِنهُمْ وَلِیاً وَلا نَصِیراً ﴾ وە ئێوە ئەو دووڕوانە وەرمەگرن بە دۆست و یاریدەری خۆتان، مەیشیان کەن بە هاوسوێندی خۆتان، بە تەواوی وازیان لێ بهێنن بە هەموو جۆرێ.

پرسیار / بێگومان ئایینی ئیسلام ئایینی سەربەستی و چاوپۆشی کردنە لەگەڵ هەموو خاوەن ئایین و خاوەن پەیڕەوانی تر، یاساو نەریتیان پارێزراوە لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەیاندا، خۆیان و مافیان و داراییان ئەپارێزرێ خاوەنی هەر بیرو باوەڕو ئایینی بن. ئەوە بۆچی لێرەدا خوا فەرمانی داوە بە دیل کردن و کوشتنی دوو ڕوەکان لەهەر جێگەیەبن؟

وەڵام/ هەموو تیرەو خاوەن ئایینەکان، بگرە ئەوانەیش بڕیاری نەبوونی خوا ئەدەن ئەتوانن بیرو باوەڕی خۆیان دەربڕن، بەو مەرجەی دژایەتی دانیشتوانی ئادەمیزاد نەکەن و زیانیان بۆ ڕەوانە بینن، فێڵ و فڕنەسازێنن و یاریدەی کاری پوچ و نارەوا نەدەن و خۆیان بەبێ لایەن بگرن، ئەوانە ئەتوانن بەبێ جیاوازی وەك موسڵمانان بژین. بەڵام ئەو دووڕووانە بە ڕواڵەت باوەڕ دەرئەبڕن لەبەر پاراستنی خۆیان، لە وولاتی بێ باوەڕاندا دائەنیشن و ئەیانەوێ فێڵ لە موسڵمانان بکەن و کاری خراپەیان بۆ بسازێنن و یاریدەی دوژمنانی ئیسلام بدەن، ئەو کەسانە پێویستە تۆڵەی خۆیان وەربگرن، فەرماندان بە گرتن و کوشتنیان لەبەر ئەو هۆیانەیە. کەواتە ئەو دووتاقمە هەریەکەیان پاداشتی کرداری خۆیان وەرئەگرن.

پرسیار / لە ئایەتی (٦٣) ئەم سورەتەدا ئەفەرموێ و فەرمان ئەدا بە چاو پۆشیی کردن لەگەڵ دوو ڕوەکاندا وێنەی تیرەو خاوەن بیروباوەڕەکانی تردا لەبێ باوەڕان کەچی لەم ئایەتەدا بڕیاری داوە بە گرتن و کوشتن و دیل کردنی بێ باوەڕە دووڕوەکان.

وەلآم / ئایەتی (٦٣) هاتوەتە خوارەوە دەربارەی ئەو دووڕووانە لەگەڵ پێغەمەردابوون لە مەدینەو، توانای ئەوەیان نەبووە یارمەتی بت پەرستان ودوژمنانی پێغەمەر بدەن لە بەردوری ئەو دووڕووانە لە وولآتی بت پەرستان و نزیکیان لە پێغەمەرو هێزی موسڵمانان.

بەڵام ئایەتی (٨٩) ی ئێرە هاتوەتە خوارەوە دەربارەی ئەو دووڕووانە لە وولآتی بت پەرستانن و دورن لە پێغەمەرەوە ئەتوانن فێڵ بکەن لەگەڵ موسڵماناندا، ئەو کەسانە مافی دوژمنایێتی خۆیان وەرئەگرن. موسڵمانان بەر لەوەی خاوەنی توانابن فەرمانیان پێ درابوو بە ئارام گرتن لەگەڵ بێ باوەڕانی مەکەیش، وەك لە ئایەتی (٧٧) ی ئەم سورەتەدا فرمانیان پێ درابوو، ئێستا موسڵمانان خاوەنی هێزو توانان.

خوای مەزن پاش ئەوەی فەرمانی دا بە تۆڵە سەندن لەو دووڕووانە دوژمنی کاری گەری موسڵمانن، دوو تاقمی تر لەو دوو ڕووانەی دەرکرد، پێویستە چاوپۆشیان لێ بکرێ و وازیان لێ بهێنرێ.

١- ﴿ إِلاَّ الذينَ يَصِلُونَ إلى قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ مِثاقٌ ﴾ مەگەر کەسانێکی ئەوتۆ پەنا ببەنە لای تاقمێ و بچنە لایان کە لە نێوان ئێوەو لە نێوان ئەواندا پەیمانی جەنگ وەستان هەبێ وەك هۆزی خوزاعە. یا بەنی بەکرو بەنی سەلیم کە پێغەمەر ﴿ ﷺ ﴾ بڕیاری دابوو هەرکەسێ پەنابات بۆلای ئەوان دەستی بۆ نەبرێ بە دیل کردن یا بە کوشتن، چونکە ئەو کەسە وازی لە دوژمنایێتی موسڵمانان هێناوە. ئەو ئایەتە موژدەیێکی زۆر گەورەیە بۆ باوەڕداران لە جێگەیە ئەو کەسانە پەنایان بردووە بۆلای ئەو کەسانە هاوسوێندی موسڵمانانن کە دیل و کوشتنیان لەسەر هەڵئەگرێ کەچی هەردوولایان بێ باوەڕن، ئەبێ چاکتر سزا لەسەر ئەو کەسانە هەڵگیرێ باوەڕداران و پەنا ئەبەن بۆلای خۆشەویستی خواو پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ لە ڕۆژی دوواییدا.

٢- ﴿ أوْ جاءَكُمْ حَصِرَتْ صُدُرُهُمْ أن يُقاتِلُوكُمْ أوْيُقاتِلُوا قَوْمَهُمْ ﴾ یا مەگەر ئەو کەسانەی هاتوون بۆلای ئێوە دڵیان تەنگەولایان ناخۆشە کە جەنگ لەگەڵ ئێوە بکەن و

یاریدەی خزمانی بت پەرستانی خۆیان بدەن، یا جەنگ بکەن لەگەڵ ئێوەدا لە کاتی جەنگ کردنی ئێوە لەگەڵ خزمانی خۆیان، هاتونەتە لای پێغەمەر ﴿ ﷺ ﴾ داوایان کردووە لە پێغەمەر بەبێ لایەنی ئەوەستن نە لەگەڵ ئێوەبن و نەلەگەڵ دوژمنانی ئێوەبن، وەك هۆزی بەنی مەدلەج کە پەیمانیان دابوو بە پێغەمەر ﴿ ﷺ ﴾ نە جەنگ لەگەڵ ئەو بکەن، نەلەگەڵ خزمانی بێ باوەڕی خۆیان. ئەو دوو تاقمەیش کە ئاوابێ لایەنین پێویستە ئێوە وازیان لێ بهێنن و نەیان گرن و نەیان گوژن و دیل نەکرێن. ئەبێ لەبیرمانبێ چ شتێ بێ لەوە ڕونتر کە ئیسلام ئاشتی خوازە لەگەڵ ئاشتی خوازان، جەنگاوەرە لەگەڵ جەنگەران.

﴿ وَلَوْ شاءَ اللهُ لَسَلَّطَهُمْ عَلَيْكُمْ فَلَقـاتَلُوكُمْ ﴾ وە ئەگەر خوا ئارەزووی هەبوایە بە ڕاستی ئەوانی زاڵ ئەکرد بەسەر ئێوەدا، دڵی ئەوانی بەهێز ئەکردو ترسی ئێوە لە دڵیانا نەئەماو وازیان لە ئێوە نەئەهێنا، دوایی ئەوان بە ڕاستی جەنگیان ئەکرد لەگەڵ ئێوە. بەڵام خوا ئارەزووی نەکردبوو، بۆیە جەنگیان لەگەڵ ئێوە نەکرد.

﴿ فَإنِ أعْتَزَلُوكُمْ فَلَمْ يُقاتِلُوكُمْ وألْقَوْا إلَيْكُمْ السَّلَم ﴾ دوایی ئەگەر ئەوان وازیان لە ئێوە هێناو جەنگیان لەگەڵ نەکرد، ئێوە ئەیشتانزانی ئەتوانن جەنگتان لەگەڵ بکەن و، فڕەیاندا بۆلای ئێوە ئاشتەوایی و بە ئێوەیان ڕاگەیاند خۆ بەدەستەوە دان و مل کەچی بۆ ئیسلام.

﴿ فَما جَعَلَ اللهُ لَكُمْ عَلَيْهِمْ سَبيلاً ﴾ دوایی خوا نەی گێڕاوە بۆ ئێوە ڕێگەیە بۆلای جەنگ کردن لە گەڵیان، دەستوری نەداوە گرتن و دیل کردنیان و کوشتنیان.

ئەو ئایەتە پیرۆزەو چەندین ئایەتی تر نیشانەی ئاشکران کە ئایینی ئیسلام بانگی هەموو ئادەمیزاد ئەکا بۆلای بڵاوکردنەوەی خۆشیویستی وئاشتی و برایێتی و یەکسانی و یارمەتیدانی یەکتری و بۆلای هەموو شتێ کە چاکەو سودی ئادەمیزادی تێدابێ لە هەمو وگۆشەو کەناری ئاوەدانیدا، لە هەموو شتێ دەرکەوتووتر ئەمەیە: ئیسلام کارکردن بە چەسپاندنی مرۆڤایێتی لە ناخی دڵییەوە هەڵقوڵاوەو بەشێکە لە بیروباوەڕی و یەکەمین

ڕێگەیە بۆ خواپەرستی، بە گوێرەی کات و شوێن و ڕامیاری گۆڕانی بونیەو هەمیشە پایەدارە.

لە دوای ئەوانەی پێشوو خوا بۆمانی ڕون ئەکاتەوە کە هۆزی ئەسەدو غەتفان و عەبدولدار نوێنەریان هاتن بۆ مەدینە، بە ڕواڵەت موسڵمان بوون و باوەڕیان هێنا هەتا لە هەڵمەتی موسڵمانان ڕزگاریان ببێ، لە پاش گەڕانەوەیان بێ باوەڕ بوونەوە، هەرکاتێ خزمەکانیان داوایان بکردنایە بۆ جەنگ کردن لەگەڵ موسڵمانان وولامیان ئەدانەوەو لەگەڵیان ئەچوون بۆ جەنگ لە دژی موسڵمانان.

بۆ ئاگادارکردنی موسڵمانا لەسەرکردەوەی خراپییان خوا ئەفەرموێت:

سَتَجِدُونَ ءَاخَرِينَ يُرِيدُونَ أَن يَأْمَنُوكُمْ وَيَأْمَنُواْ قَوْمَهُمْ كُلَّ مَا رُدُّوٓاْ إِلَى ٱلْفِتْنَةِ أُرْكِسُواْ فِيهَاۚ فَإِن لَّمْ يَعْتَزِلُوكُمْ وَيُلْقُوٓاْ إِلَيْكُمُ ٱلسَّلَمَ وَيَكُفُّوٓاْ أَيْدِيَهُمْ فَخُذُوهُمْ وَٱقْتُلُوهُمْ حَيْثُ ثَقِفْتُمُوهُمْۚ وَأُوْلَٰٓئِكُمْ جَعَلْنَا لَكُمْ عَلَيْهِمْ سُلْطَٰنًا مُّبِينًا ﴿٩١﴾

﴿ سَتَجِدُونَ آخَرِينَ يُرِيدُونَ أنْ يُأمَنُوكُمْ وَيأمَنُوا قَوْمَهُمْ ﴾ لەمەو دوا ئێوە تاقمێ ترتان دەست ئەکەوێ ئەیانەوێ کەمترسیان لە ئێوە نەبێ و دڵنیابن بە هۆی ئەوەی بە دووری باوەڕ ئەهێنن هەتا خۆیان و سامانیان پارێزراوبێ و ترسیشیان لە خزمەکانی خۆیان نەبێ بەدەر برینی بێ باوەڕیش لای ئەوان، هەتا ئەوانیش پەلاماریان نەدەن.

﴿ كُلَما رُدُوا إلى الْفِتْنَةِ أرْكِسُوا فيها ﴾ هەموو کاتێ ئەو تاقمە بانگیان بکرایە بۆلای بت پەرستی ئەگەڕانەوە بۆلای بێ باوەڕی، یا بانگ بکرانایە بۆ جەنگ کردن لەگەڵ

موسڵمانان سەریان پێوەنەبوو، وولاّمیان ئەدانەوە ئەگەڕانەوە بۆ ناو بێ باوەڕی. ئەو کەسانە زۆر خراپترن لە جارانی پێشوو، هەموو گفتوگۆیکی ناپەسەند بە موسڵمانان ئەڵێن.

ئایەتەکانی پێشوو چەندین وێنەی جۆربەجۆری خراپی ئەو کەسانە بۆ دەرخستین کە پێغەمەر توشی چەندین ڕەنگی فێڵ و فڕی هەڵگەڕانەوە یان لە ئاینی خوا لەوانەوە پەیدا ئەبوو. لەم ئایەتەیشدا چەندین جۆری خراپتر لە کردەوەی نالەباری ترمان بۆ ڕون ئەکاتەوە کە ژمارەو وێنە خراپەیان تەنها لەهەرکاتێ پێغەمەردا نەبووە، بەڵکو لە هەمو کات و جێگەیەکدا زۆربەی ئادەمیزاد خاوەنی ئەو کارە خراپانەن. مەبەستیش لەو تاقمە ئەو کەسانەن لەسەر یەکبارنین، هەموو ڕۆژێ خۆیان بە جۆرێ نیشان ئەدەن، باوەڕیان بە هیچ ڕەوشتێ نیە، کاتی وا هەیە خۆیان بە موسڵمان ئەنوێنن، زۆری پێ ناچێ خۆیان بە بیروباوەڕێ تر دەرئەخەن و پڕوپاگەندە لە دژی ئیسلام ئەکەن. هەرچەندە کاتی وا هەیە ڕوداوێکی تایبەتی پاڵ ئەنێ بە هەندێ کەسەوە لە شێوەیەکەوە بۆلای شێوەیە تر بڕۆن بە ناچاری، نەك بە خوایشتی خۆیان، ئەو کەسانە ژمارەیان زۆر کەمن و خاوەنی بیانون. بەڵام ئەو تاقمە نارەسەنانە خۆ ئەگۆڕن بە هەزاران ڕەنگ کە هەمویان دژی یەکن، کاتیش هەر ئەو کاتەیەو نەگۆڕاوە، هەر ڕۆژە خاوەنی بیروباوەڕێکن لەهەر جێگەیەکەوە با بێت ئەوان شەن ئەکەن، هەموویشی بۆ پول و پارەیەو خۆ پاراستن لە ئایین و ناموس و نیشتمانی خۆیان ئەفرۆشن بە بێگانە. لەم سەردەمەی ئێمەدا ئەو تاقمە زۆرن و خۆ دورخستنەوە لەوان زۆر پێویستە.

ئەو تاقمە بەهەر جۆرێ بن و بگەنە هەر ڕادەیە لە پەستی و نامەردی، لە ڕاڕای و لە بێ باوەڕی و باوەڕهێنان، پێویستە موسڵمان وازیان لێ بهێنن با بەنا مەردی خۆیانەوە بژین. بە مەرجێ دەست درێژیی و کوشتن و دزی و بێ ڕەوشتی بەکارنەیەرن لەگەڵ دانیشتواندا ئەگەر ئەو شتانەیان کرد ئیسلام فەرمان ئەدا بە لەناوبردنیان و کوشتنیان و دیل کردنیان لەهەر جێگەیە بن، بۆیە خوا ئەفەرموێ:

﴿ فَإِنْ لَمْ يَعْتَزِلُوكُمْ وَيُلْقُوا إِلَيْكُمُ السَّلَمَ وَيَكُفُّوا أَيْدِيَهُمْ ﴾ دوایی ئەگەر ئەو تاقمە وازیان لە ئێوە نەهێناو دەستیان لە جەنگ کردن لە گەڵتان نەگێڕایەوەو، فڕێیان نەدا بۆ لای ئێوە ئاشتیو ملیان بۆ ئێوە کەچ نەکردو داوای ئاشتیان نەکرد لێتان و، دەستی خۆیان لە جەنگ قەدەغە نەکرد بەردەوام بون لە سەر جەنگ.

﴿ فخذوهُمْ وأقتلوهم حيثُ ثقفتُموهم ﴾ دوایی ئەو تاقمە بگرن و بیان کوژن لە هەر جێگەیە ئێوە ئەوانتان دەست گیر کرد.

ئەو ئایەتە بەڵگەیەکە لە دەیان بەڵگە کە قورئانی پیرۆز ئەیخاتە بەردەم خوینەواران، فەرمودەو کردەوەکانی پێغەمبەریش بۆیان ڕون ئەکەنەوە کە نەخشەی بنچینەیی ئیسلام کوشتن و جەنگیان لا ڕەوا نیە، یەکەم جار بەرپای ناکا مەگەر بۆ سەرکوت کردنی ئەو کەسانە کە دەستیان داوەتە جەنگ و بڵاوکردنەوەی خراپەکاری لە سەر زەویدا لەو کاتەدا بۆ بەرگری لە خۆیان ئەتەقنەوە بەدەم جەنگ کەراندا. کەواتە ئیسلام کاتێ جەنگ بەرەوا دائەنێ کەلەلای هەموو یاساو دەستورێ لە کۆن و تازەدا و لە هەمو جێگەیەکدا وایان دانابێ جەنگ ڕەوایە بە هەموو ئەقڵێکەوە. کەچی لەگەڵ ئەو بەڵگانەدا ئاینی ئیسلام ئەیان خاتە ڕوو، دوژمنانی ئیسلام بەبێ شەرمانە واز ناهێنن و ئەڵێن: ئیسلام و ئاینەکەی بریتیە لە شمشێرو تیرو ئاگرو هەڵگیرسانی جەنگ.

﴿ وَأُولَئِكُمْ جَعَلْنَا لَكُمْ عَلَيْهِمْ سُلْطَاناً ﴾ وە ئەو تاقمە پیاوە جەنگ کەرانە ئێمە گێڕاومانە بۆ ئێوە بەسەریانەوە بەڵگەیەکی ڕون و ئاشکرا بۆ بەرگری لە خۆتان، خوا فەرمانی داوە بە گرتن و کوشتن و دیل کردنیان، بەو بۆنەوە بێ باوەڕی و دوژمنایەتی و بێ باوەڕی و خراپی ئەوان لە ئەندازە تێنەپەڕیوە.

دوای ئەوەی خوای مەزن باسی کوشتنی بێ باوەڕە دووڕووەکانی کرد. باسی ئەوانەی کرد لەگەڵ موسڵمانا پەیمانی ئاشتیان بەستوە، باسی ئەو تاقمانەیش کرد کە خاوەنی فێڵ و ناپاکین لەگەڵ موسڵماناندأن پاش ئەوانە هەموو یاسای کوشتنی ئەو کەسانەمان بۆ ئەوکاو

بۆمانی دیاری ئەکاتەوە کە کوشتنیان دروست نیيە لە باوەڕداران و ئەو کەسانەی هاوپەیمانی موسڵمانانن لە بێ باوەڕان و لەوانەیش خاوەنی نامەن و لەژێر سێبەری موسڵماناندان. ئەو تاقمانە نە بە دەستیان قەس و، نە بە هەڵە کوشتنیان بە فیڕۆو بەبێ خوێندن ناڕەوا، بەو جۆرەی لەمەو پاش باسی ئەکرێ:

بە ڕێکەوت عەباسی کوڕی ئەبی ڕەبیعە کە برای باوکی ئەبو جەهل و برای باوك و دایکی حاریسبو موسڵمان بوبو کۆچی کرد بۆ مەدینە، دایکی زۆری بیرکرد سوێندی خوارد ناچمە سێبەرەوە هەتا عەباسی کوڕم نەبینم، لەبەر دڵنەوایی دایکی ئەبو جەهل و حاریس چوون بۆ مەدینە و هەواڵی بەسەرهاتی دایکیان دا بە عەباس، داوایان لێ کرد زۆر پەرۆشەوە بگەڕێتەوە بۆ مەکە لەبەر چاوپێ کەوتنی دایکی. لە پاشا بە خۆشی بەدرەقەی بکەنەوەو بێتەوە بۆ مەدینە. ئەویش لەگەڵیان ڕۆیشت کەچی هەر لە مەدینە دەرچوون گرتیان و پێوینان کردو سەد داریان لێ دا بە یارمەتی دانی پیاوێك لە هۆزی کەنانە.

عەباس زۆر ئێشی پێ گەیشت و سوێندی خوارد: هەرکاتێ بۆم لوا ئەو پیاوە ئەبێ بکوژم، لەدوای بردنەوەی بۆ مەکە عەباسیان بەندکرد، هەروەها لە بەندا مایەوە هەتا کاتێ مەکە داگیرکرا لەلایەن موسڵمانانەوە، لە ئەنجامدا ئەویش بەرەڵا کرا، دوایی توشی کابرای کەنانی بوو، دەستی کرد بە لێدانی وازی لێ نەهێنا هەتا کوشتی، نەیزانی موسڵمان بووە، بەو بۆنەیەوە ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە فەرموی:

وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ أَن يَقْتُلَ مُؤْمِنًا إِلَّا خَطَـًٔا ۚ وَمَن قَتَلَ مُؤْمِنًا خَطَـًٔا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ وَدِيَةٌ مُّسَلَّمَةٌ إِلَىٰٓ أَهْلِهِۦٓ إِلَّآ أَن يَصَّدَّقُوا۟ ۚ فَإِن كَانَ مِن قَوْمٍ عَدُوٍّ لَّكُمْ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ ۖ وَإِن كَانَ

مِن قَوۡمِۭ بَيۡنَكُمۡ وَبَيۡنَهُم مِّيثَٰقٞ فَدِيَةٞ مُّسَلَّمَةٌ
إِلَىٰٓ أَهۡلِهِۦ وَتَحۡرِيرُ رَقَبَةٖ مُّؤۡمِنَةٖۖ فَمَن لَّمۡ يَجِدۡ
فَصِيَامُ شَهۡرَيۡنِ مُتَتَابِعَيۡنِ تَوۡبَةٗ مِّنَ ٱللَّهِۗ وَكَانَ
ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمٗا ﴿٩٢﴾ وَمَن يَقۡتُلۡ مُؤۡمِنٗا
مُّتَعَمِّدٗا فَجَزَآؤُهُۥ جَهَنَّمُ خَٰلِدٗا فِيهَا وَغَضِبَ
ٱللَّهُ عَلَيۡهِ وَلَعَنَهُۥ وَأَعَدَّ لَهُۥ عَذَابًا عَظِيمٗا ﴿٩٣﴾

﴿ وَما كانَ لِمؤمِنٍ أنْ يَقْتَلُ مُؤمِناً إلاّ خَطأً ﴾ وە دروست نی‌یە بۆ هیچ باوەڕداریێ کە بکوژێ باوەڕداریێ بە وێنەی خۆی بە ناڕەوا مەگەر بە هەڵەو بە ڕێکەوت.

﴿ وَمَنْ قَتَلَ مُؤمِناً خَطأً فَتَحْريرُ قَبَةٍ مُؤمِنَةٍ وَدَيَةٌ مُسَلَمَةٌ إلى أهْلِهِ ﴾ وە هەر کەسێ بکوژێ پیاوێکی باوەڕدار بە کوشتنێکی هەڵە، ئیتر کوژراوەکە پیاوی بێ یان ژن گەورە بێ یا بچوك، لە وولاتی موسڵماناندا کوژرابێ.. کوشتن بە هەڵە جۆری زۆرەو ناژمێرێ بەو مەرجەی نیازی کوشتنی لەگەڵ نەبێ هەڵەیە، دوای کوشتنی پێویستە لەسەری ئازادکردنی بەندەیەکی باوەڕداری بێ شورەیی و، پێویستە لەسەری خوێنێکی تەواوبدا بە میراتیەرانی ئەو کوژراوە، ئەوانەیش بە گوێرەی یاسا بەشی دیاری کراویی خۆیانیان ئەدرێتێ، بۆ ئەوەی دڵیان پاك ببێتەوە، برینی کوژراوەکە لە دڵیانایە سارێژ ببێ بە وەرگرتنی ئەو خوێنە.

﴿ إلاّ أنْ يَصَدَّقُوا ﴾ مەگەر ئەو خاوەن مردووانە کە چاکە بکەن لەگەڵ پیاو کوژەکەو لەبەرخوا دەست لە خوێنەکەی هەڵ بگرن و گەردنی ئازاد بکەن بەو مەرجەی مناڵ و شێت و گێل نەبن.

﴿ فَإِنْ كانَ مِنْ قَوْمٍ عَدُوٍّ لَكُمْ وَهُوَ مُؤمِنٌ فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤمِنَةٍ ﴾ دوایی ئەگەر کوژاراوەکە لە تاقمێ بوون دوژمن بە ئێوە بوون و بێ باوەڕبوون و، کوژارووەکە باوەڕداربوونە ئەزانرا باوەڕی هێناوە، پێویستە لەسەر بکوژە موسڵمانەکە ئازادکردنی بەندەیێکی باوەڕدار بە تەنهاو خوێنی لەسەر نیە، چونکە خزمەکانی باوەڕدارنین و میراتیان نادرێتی و ئەگەر خوێنیان بدرێتێ بێ باوەڕان بەو خوێنە خۆیان بەهێز ئەکەن.

﴿ وَإِنْ كانَ مِنْ قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ مِيثاقٌ فَدِيَةٌ مُسَلَّمَةٌ إِلى أَهْلِهِ وَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤمِنَةٍ ﴾ وەئەگەر کوژاروەکە کەسێ بوو لە تاقمێ لە نێوان ئێوەو ئەواندا پەیمانی ئاشتی هەبوو، کوژراوەکە بێ باوەڕێکی پەیمان پێ دراوبوو لەژێر سێبەری ئیسلامدا ئەژیا، دوایی پێویستە لەسەر پیاوکوژەکە خوێنی بدابە خاوەنە میراتبەرەکانی کوژراوەکەو، پێویستە لەسەریشی ئازادکردنی بەندەیێکی باوەڕداری بێ شورەیی، ئەو کوژراوە وەك موسڵمان تەماشا ئەکرێ.

﴿ فَمَنْ لَمْ يَجِدْ فَصِيامُ شَهْرَيْنِ مُتَتابِعَيْنِ تَوْبَةً مِنَ اللهِ وَكانَ اللهُ عَلِيماً حَكِيماً ﴾ دوایی هەر کەسێ لە پیاو کوژ دەستی نەکەوت بەندەیە بەو جۆرەو نەخۆی هەیبوو، نەی توانی بەندەیە بکرێ، یا بەندە هەر پەیدا نەئەبوو، دوایی پێویستە لەسەری ڕۆژو گرتنی دوو مانگ بەبێ ووچان و ڕۆژەکانی یەك لە دووای یەکبن لەبەر ئەوەی ئەو ڕۆژگرتنە ببێ بە پەشیمان بونەوەی لەسەر ئەو شتەی لەوەوە پەیدا بووەو خوا ئەزانێ بە نیازی ئەو کەسە ئایا ئەو کوشتنەی بە هەڵە بوەیانە، هەموو شتێ لە جێگەی شیاوی خۆیا دائەنێ و فەرمانی پێ ئەدا لە خوێن و لەوەی خوا دیاری کردووە.

ئەگێڕنەوە قەیسی کوڕی سەبابەی کەنانی خۆی و هیشامی برای موسڵمان بوون. لە پاش ماوەیە هیشامی برای کوژرا لەنێو هۆزی بەنی نەجاردا، بۆ ئەو ڕووداوە قەیس چوە خزمەت پێغەمەر ﴿ ﷺ﴾ ئەویش زوبەیری کوڕی عەیازی ئەلئەزهەری لەگەڵ قەیسدا نارد بۆلای هۆزی بەنی نەجار کە فەرمانیان پێ ڕاگەیەنێ ئەگەر ئەزانن چ کەسێ کوشتوێتی بیدەنە دەستی لە بریتی برای بیکوژێ، ئەگەر نازانن چ کەسێکە؟ خوێنەکەی بدەنێ. ووتیان نازانین چ کەسێ کوشتوێتی. مل کەچین بۆ فەرمودەی پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ ، سەد

هوشتریان دایە لە بریتی خوێنەکەیا، لەو سەرەوە گەڕانەوە قەیس بە دڵنیا هات ئەم وەرگرتنی خوێنە بە تەنها شورەییە بۆی، بەردێکی دا بەسەر زوبەیرداو کوشتی، سواری یەکێ لە هوشترەکانبووگەڕایەوە بۆ مەکە، لە ئایین وەرگەڕایەوە، خوای مەزن بەو بۆنەوە فەرموی:

﴿ وَمَنْ يَقْتُلْ مُؤْمِناً مُتَعَمِداً فجزاؤه جَهَنَمُ خالداً فِيها ﴾ وەهەرکەسێ باوەڕداری بکوژێ بەدەستیان قەس و نیازی کوشتنی بکاو نارەوایشبێ و بە ڕەوای دانێ، دوایی پاداشتی ئەو کەسە دۆزەخە بەردەوامە لە نێوی دۆزەخدا.

فەرماندانی ئەو ڕستەیە بۆ کە سێکە ئەو کوشتنە بە ڕەوا دانێ بە گوێرەی باوەڕی خۆی، بەردەوامیشبێ لەسەر بێ باوەڕی و پەشیمان نەبێتەوە، ئەگەر باوەڕی هێنایەوە، بە ڕاستی پەشیمان بویەوە لەو گوناهە خوای مەزن ئەگەر ئارەزۆی هەبوو بە میهرەبانی خۆی لەو کەسە خۆش ئەبێ، ئەگەر ئارەزۆی هەبوو سزای ئەدا.

﴿ وَغَضِبَ الله عَلَيْهِ وَلْعَنَهُ وَأعَدَ لَهُ عَذاباً عَظِيماً ﴾ وە خوا خەشمی خۆی بەسەر ئەو کەسەدا ئەڕێژی و، دوریشی ئەخاتەو لە میهرەبانی خۆی و نەفرەتی لێ ئەکاو، ئامادەی کردووە بۆی سزایێکی گەورە، بە بۆنەی ئەوەوە گوناهێکی گەورەی کردووە.

کوشتن بە شێوەیەکی گشتی سێ بەشە:

١- نیازی پەتی بۆ کوشتن (عمد محض)، ئەمەیە پیاوێ پەلاماری کەسێ بدا بە نارەوا دەست بکا بە لێدانی بە هۆی شتێکەوە کە بە زۆری کوشندەبێ، لەگەڵ ئەوانەیشا نیازی کوشتنی ئەو کەسە بکات. لەو کاتانەدا ئەو پیاو کوژە لە بریتی کوژراوەکەدا ئەکوژرێتەوە ئەگەر میراتبەرەکانی نەبورن لە کوشتنی، ئەگەر لە کوشتنی بوردن پێویستە خوێنێکی گران و قورس لە ماڵی ڕوتی خۆی بە میراتبەرانی کوژراوەکەبدا.

خوێنی قورس بریتی‌یە لە سەد هوشتر (٣٠) سەریان پیان نابێتە چوار ساڵی، (٣٠) سەریان پێیان نابێتە پێنج ساڵی (٤٠) سەریان ئاوسین بە ئاشکرایی. ئەگەر هوشتر پەیدا نەبوو پێویستە نرخی تەواوی ئەو سەد هوشترانە بەو جۆرەی باسکران بدرێ بە میراتبەرەکان.

٢- کوشتن بە هەڵەی ڕوت (خطأ محض)، ئەوەیە کەسێ بە هەڵەو بێ نیازی کوشتن کەسێ بە بەردێ یان تیرێ یا گولـەیە بە ئاڕاستەی شتێ جگەی ئادەمیزاد بکا کەچی بەری پیاوێ بکەوێ و بیکوژێ، لەو کاتانەدا ناکوژرێ. بەڵام پێویستە لەسەر خزمانی میراتبەری پیاو کوژەکە لە جگەی باوك و منالانی خوێنێکی سوك بدەن بە میراتبەرانی کوژراوەکە... خوێنی سوك بریتیە لە سەد هوشتر (٢٠) سەریان پێیان نابێتە چوار ساڵە (٢٠) سەریان پێیان نابێتە پێنج ساڵە (٢٠) سەریان پێیان نابێتە سێ ساڵی مێینەیشبن (٢٠) سەریان نێربن و پێیان نابێتە سێ ساڵی (٢٠) سەریان پێیان نابێتە دوو ساڵی، جگەی ئەو (٢٠) سەرە ئەبێ هەموویان مێ بن، ئەگەر هوشتر نەبوو ئەبێ نرخەکەیان بدرێ لە خوێنا، ئەو بەشە خوێنە ئەکرێ بە سێ کەرتەوە بۆ ماوەی سێ ساڵ لە کۆتایی هەر ساڵێکا بەشێکیان ئەدرێ بە میراتبەرانی کوژراوەکە.

٣- نیازی هەڵە، یانی وێنەی نیازی کوشتن (شبه العمد) یا (عمد خطأ)ئەمەیە کەسێ پەلاماری کەسێ تر بدات بۆ لێدانی، نەك بە نیازی کوشتن بەهۆی شتێکەوە بە زۆری نەبێتە هۆی کوشتن، وەك تۆڵە دارێکی بچوك یا بەردێکی زۆر بچوك کەچی بەو شتە ئەو پیاوە کوژرا، لەو کاتانەدا ئەو پیاوانە ناکوژرێتەوە. بەڵام پێویستە لەسەر خزمانی بە وێنەی بەشی دووەم واتە (العاقلة) خوێنێکی گران وەك لە بەشی یەکەمدا باسکرا بیدەن بە میراتبەرانی کوژراوەکە لە ماوەی سێ ساڵدا.

بۆ زانین: خوێنی ژن نیوەی خوێنی پیاوە. خوێنی جگەی موسڵمان لە گاورو لە جولەکە سێیەکی خوێنی موسڵمانە، خوێنی ئاگر پەرست پێنج یەکی خوێنی موسڵمانانە.

خوێن لەم سێ جێگانەدا هەر ئەبێ خوێنی گرانبێ (١) کوشتن لەنێو شارەوانی مەکەی پیرۆزدا (٢) کوشتن لە مانگەکانی زیلقەعیدە. زیل حجە. موحەڕەم. ڕەجەب. یانێ (الأشهر الحرام) (٣) خزمان وێنەی براو مام و ئامۆزا ئەبێ خوێنی گرانیان بۆ بدرێ.

کوشتن بەهەر شێوەیە بێ پێویستە لەسەر پیاو کوژ بەندەیێکی باوەڕداری بێ شورەیی ئازادبکا، ئەگەر بەندەی دەست نەکەوت ئەبێ دوو مانگ لەسەر یەك بەڕۆژو بێ، ئەگەر نەیتوانی ڕۆژو بگرێ لەبەر پیری و نەخۆشی پێویستە لەسەری خواردن بدا بە شەست کەسی هەژاری باوەڕدار جگەی نەوەکانی هاشم و موتەلیب.

پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ دەستەیە لە هاوڕێکانی خۆی بە سەرۆکایەتی ئوسامەی کوڕی زیدی ناردنی بۆلای هۆزی بەنی زەمر توشیان بوو بە تووشی پیاوێکەوە ناوی میرداسبو لەگەڵ ژمارەیە مەڕدا وایان زانی بێ باوەڕە. میرداس سڵاوی لێ کردن بە ووشەی درۆشمی ئیسلام و باوەڕی هێنا کەچی ئەوان کوشتیان. بە بیری خۆیان وایان ئەزانی میرداس ئەیەوێ بەو ووشانە خۆی ڕزگار بکا لە کوشتن و بە دڵ بڕوای نەهێناوە.

کاتێ پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ بەو ڕوداوەی زانی زۆری لاگرانبوو، لۆمەی زۆری کردن. فەرمووی: دڵتان دڕی بزانن درۆ ئەکا. بەو بۆنەوە خوا فەرموی:

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا ضَرَبْتُمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ فَتَبَيَّنُواْ وَلَا تَقُولُواْ لِمَنْ أَلْقَىٰٓ إِلَيْكُمُ ٱلسَّلَٰمَ لَسْتَ مُؤْمِنًا تَبْتَغُونَ عَرَضَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا فَعِندَ ٱللَّهِ مَغَانِمُ كَثِيرَةٌ كَذَٰلِكَ كُنتُم مِّن قَبْلُ فَمَنَّ ٱللَّهُ عَلَيْكُمْ فَتَبَيَّنُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا ﴿٩٤﴾

﴿ يا أيها الذينَ آمَنوا إذا ضَرَبْتُمْ في سَبيلِ الله فَتَبَيَّنوا ﴾ ئەی کەسانێکی ئەوتۆ باوەڕتان هێناوە هەرکاتێ ئێوە ڕۆیشتن بەسەر زەویداو چونە دەرەوە بۆ جەنگ کردن لە ڕێگەی ئایینی خوادا، دوایی ئێوە داوایی ڕونکردنەوەی ئەو شتە بکەن توشتان ئەبێ و پرسیاری

چۆنێتی ئەو شتانە بکەن، پەلە مەکەن و لەسەر خۆبن لە هەموو کارێکا، گومانتان لەکەسێ پەیدا کرد کوتوپڕ مەی کوژن وابزانن بێ باوەڕە.

﴿ وَلا تَقُولُوا لِمَنْ أَلْقى إِلَيكُمُ السَّلام لَسْتَ مُؤمِناً ﴾ وە ئێوە مەڵێن بە کەسێ فڕێ ئەدا بۆلای ئێوە سلاّو کردن: تۆ باوەڕدارنیت، بە وێنەی موسڵمانان تەماشایان بکەن لە قازانج و لە زیاندا لەم جیهانەدا، نهێنی ئەو کەسانە پەیوەندی بە خواوە هەیە بە تەنها.

﴿ تَبْتَغُوا عَرَضَ الْحَياةِ الدُنْيا ﴾ ئێوە داوای دارایی بڕاوەی جیهان بکەن بەو کارانەتان. ئەو فەرمودانەی پێشو وامان پیشان ئەدەن ئەو شتانە پاڵی بەوانەوە ناوە بۆ کوشتنی ئەو پیاوە دەست بەسەرا گرتنی سامانیکەی بووە، بە زۆری ئادەمیزاد بۆیان دەرکەوتووە زۆربەی ئەو کارانە ئەکرێن لەلایەن هەندێ کەسەوە زۆر لە چاکەو ڕاستیەوە دوورن کەچی وا پێویستە پشت بە خوای مەزن ببەستن و وابزانن ئەو سامانەی لای خوایە نایەنە ژمارە، وەك خوا ئەفەرموێ:

﴿ فَعِنْدَ اللهِ مَغانِمُ كَثِرَةٌ ﴾ دوایی لای خوا هەیە سامان و پیت و فەڕی زۆر کە پێتان ببەخشێ، ئەبوایە چاوتان نەبڕیایە ئەو دارایە کەمەی ئەو پیاوەتان لەسەر کوشت کە بە بیری خۆتان واتان دانابو بێ باوەڕەو ئەیەوێ خۆی ڕزگار بکا بەو سلاّوە.

لەم سەردەمەی ئێمەدا کاتێ جەنگی ئێران و عێراق دەستی پێ کردبوو، جەردەو بەکرێ گیراوانی هەردوولا شەوانە دەرئەچون و دانیشتوانی بێ تاوانیان ئەکوشت شناسنامەو ناونیشانی ئەو کوژراوانەیان ئەهێناوە بۆلای کار بەدەستانی خۆیان، جاری وایش ئەبوو سەرەکانیان ئەهێنا بۆیان تەنها بۆ ئەوە ئەندازەیێکی کەم پارەیان بدەنێ، بەو بۆنەوە ئەو هەژارانەیان ئەکوشت گۆیا دوژمنی کاربەدەستانی خۆیانن. بەلاّم فڕیان بە دوژمنەوە نەبوو بەڵکو دۆستیانبوون، زۆر جاران دەرئەکەوت کە خزمی خۆیانن.

﴿ كَذالِكَ كُنْتُمْ مِنْ قَبْلُ ﴾ ئێوە هەروەك ئەو پیاوە بوون لەمەبەرو بت پەرستبوون، لە پاشا ئێوە چوونە نێو ئیسلامەوە بەو یەنەی ئەو ووشەیە ئەو پیاوە کوژراوە ووتی، پێغەمەر

﴿ﷺ﴾ ئەو گفتوگۆیەی لێ وەرگرت، دوایی خوێنی پارێزراو دارایــی دەســت لێ نەئــەدرا. ئەبوایە ئێوە وەرتان بگرتایە لەو کوژراوە شتێ پێغەمــەر وەری گــرت لــە ئێــوە. زۆرتریـن کەس داوا ئەکەن لە جگەی خۆیان بەبەشێ ڕازی بن، کەچی خۆیان بــە بەشـی زۆر نـەبێ ڕازی نابن.

﴿ فَمَنَ اللّٰهُ عَلَيْكُمْ فَتَبَيَّنُوا إنَّ اللّٰهَ كانَ بِما تَعْمَلُونَ خَبِيرًا ﴾ دوای باوەڕهێنانی ئێــوە خـوا چاکەو بەخشندەیی خۆی دا بەسەر ئێوەدا بــە وەرگرتنـی ئیســلامیتان و ئێـوەی کـرد بـە هاوڕێی پێغەمەر تەنها بە ووشەی شایەتیمان، خوێن و دارایتان پارێزراو بیانوتان وەرگـیرا، دوایی ئێوە بۆ لەمەو پاش پەلەمەکەن و هەموو شتێ ڕوون بکەنــەوە، سـزای هیـچ کەسـێ مەدەن بە گومان و بە گۆترەکاری.

بەڕاستی خوا ئاگادرە بە شتێ ئێوە ئەیکەن، ئەزانێ چ شتێ پاڵی بە ئێوەوە ناوە، ئــەزانێ ئێوە شایەنی چ جۆرە پرسیارێکن.

زانایان لەم ئایەتە پیرۆزەدا دوو فەرمانی دەستووری و یاساییان دەرهێناوە:

١- پێویستە ڕون کردنەوەی هەموو شــتێ، بــە تایبــەتی ئــەو کارانــەی پــەیوەندیان بـە فەرمانەکانی ئایینەوە هەیە، بە تایبەتی تر لە ڕژاندنی خوێنی ئادەمیزادو دارایی ئەوانەوە.

٢- هەرکەسێ ووشەی دیاری کراوی ئیسلامی بەدەمدا هات و ووتی: من موســڵمانم، ئەو کەسە بە موسڵمان دائەنرێ، وەك موسڵمانان تەماشا ئەکرێن لــە بــارەی ژن هێنــان و میرات وەرگرتن و شتی ترەوە لەو شتانە پەیدا ئەبن لەسەر ئاشکراکردنی ئیسلامەتی. بەڵام نهێنی دڵی ئەو کەسە ئەدرێتەوە دەست خوای مەزن.

خوای مەزن لە ئایەتی پێشوودا سەزەنشتی ئەو کەسانەی کرد ئەو پیاوەیان کوشت لەو کاتەدا باوەڕی خۆی دەربڕی بە سڵاوکردن. لەمەو دوایش باسی گەورەی جــەنگمان بـۆ ئەکا لەبەر ئــایینی ئیســلام، بـۆ ئــەوەی پاداشــتی گــەورە لــە کیـس خۆیـان نـەدەن کـە جەنگاوەران ئەیاندرێتێ، پلەو پاییەی ئایینیان کــەم نەبێتــەوە، باســی ئەوەیشــمان بـۆ ئــەکا

هەندێ لە هاوڕێکانی پێغەمەر ﴿ ﷺ ﴾ لە جەنگی تەبوکدا دواکەوتن، بیانویش لەو کەسانە وەرگیرا کە بیمارو نەخۆش بوون و پەك کەوتەبوون. بۆ ڕون کردنەوەی ئەو مەبەستانە خوا فەرموێ:

لَّا يَسْتَوِي الْقَاعِدُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ غَيْرُ أُولِي الضَّرَرِ وَالْمُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ ۚ فَضَّلَ اللَّهُ الْمُجَاهِدِينَ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ عَلَى الْقَاعِدِينَ دَرَجَةً ۚ وَكُلًّا وَعَدَ اللَّهُ الْحُسْنَىٰ ۚ وَفَضَّلَ اللَّهُ الْمُجَاهِدِينَ عَلَى الْقَاعِدِينَ أَجْرًا عَظِيمًا ﴿٩٥﴾ دَرَجَاتٍ مِّنْهُ وَمَغْفِرَةً وَرَحْمَةً ۚ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٩٦﴾

موسڵمانان لە بارەی جەنگ کردن لە ڕێگەی خوادا سێ بەشن:

١- ئەو کەسانە دوواکەن لە جەنگ لەسەر بیانوێکی تایبەتی و دەستوری، وەك کوێری و شەلی و پیری و نەخۆشی و چەندین هۆی تر، خاوەنی ئەو بیانوانە بیانویان لێ وەرئەگیرێ و پاداشتیان ئەدرێتەوە بە مەرجێ باوەڕداری بێ خەوشبن سەرکەوتن و خاوەنی چاکەیان لا خۆشبێ لە ناخی دەرونیانەوە، بە ڕاستی لایان وابێ ئەگەر ساغ بوونایە هاوبەشی جەنگاوەرانەیان ئەکرد لە جەنگدا.

٢- ئەو کەسانە ساغن لە موسڵمانان. بەڵام لەلای پێشەوای ئایین و سەرۆك بەرگرییەکانەوە بانگی هەموو موسڵمانان کراوە بە هەڵسان بۆ جەنگی بێ باوەڕان، لەبەر هۆی تایبەتی موسڵمانان پێویست کراوە هیچ کەس لەوانە ساغن و منالّ نین نابێ خۆیان.

دوابخەن لە جەنگ کەچی هەندێ لەو کەسانە خۆیان ئەشارنەوە لە جەنگ کردن، ئەو جۆرە کەسانە بیانویان لێ وەرناگیرێ، پێویستە سەرزەنشت بکرێن و شایستە سزایشن، لەبەر ئەوەی پشتیان کردۆتە جەنگی ڕەواو یاخی بوون لە فەرمانی پێشەوای خۆیان، ئەو جۆرە کەسانە هیچ جۆرە ڕێزێکیان بۆ دانانرێ بەرانبەر ئەو کەسانە جەنگیان کردووە بە هیچ شێوەیە.

٣- ئەگەر جەنگ کردن پێویست نەکرابوو لەسەر هەموو موسڵمانان و فەرمان بۆ جەنگ دەرنەکرابوو لەلایەن پێشەوای موسڵمانانەوە. بەڵام ئەبوایە هەندێکیان خۆیانییان ئامادەبکردایە بۆ جەنگ گردن و مەبەستەکە بەوان پێك ئەهات و پێویستی بە هەموو موسڵمانان نەئەکرد لەو کاتەدا بیانو لەو کەسانە وەرئەگیرێ ناچن بۆ جەنگ کردن لە کاتێکدا هەندێ تریان بۆ ئەو پێویستە جەنگیان کردوە ئەوانە جەنگیان کردووە ڕێزیان ئەدرێ بەسەر دانیشتواندا هەر چەندە گوناهباریش نابن، چونکە ئەو دانیشتوانە تەمەڵیان نەکردوە کە خۆییانیان لە جەنگ کەنار دابێ. خوای مەزن لە بارەی هەردوو تاقمەکەوە ئەفەرموێ:

﴿ لا يَسْتَوِي الْقَاعِدُونَ غَيْرُ أُولِي الضَّرَ ﴾ بەرانبەرو یەکسان نین ئەو کەسانەی ساغن و دانیشتون لە خانەی خۆیانا و باوەڕداریشن و پێویست نیە لەسەریان جەنگ کردن جگەی ئەو کەسانە خاوەن ئازارن وێنەی نەخۆش و شەل و کوێرو پەك کەوتوەکان.

﴿ وَالْمُجاهِدُونَ فِي سَبِيْلِ اللهِ بِأَمْوالِهِمْ وَأَنْفُسِهِمْ ﴾ وەکەسانێ جەنگ ئەکەن و خۆیان ماندوو ئەکەن، بە تایبەتی جەنگیان لەسەر پێویست نییە. بەڵکو پێویستە لەسەر ئەمان و جگەی ئەوانیش. بەڵام ئەمان بە دڵسۆزی زۆرتری خۆیان بە تەنها بەو پێویستە هەڵساون و پێویستەکەیان بە ئەنجام گەیاندووەو موسڵمانان مەبەستەکەیان بۆ ئەنجام دراوە، بە بۆنەوەی دڵسۆزی ئەوانەوە پێویستە کە لەسەر دانیشتوانیش هەڵگیراوەو جەنگیان کردووە بە تەنها لە ڕێگەی خوادا بە دارایی و چەك و تەفاقی خۆیان کە بۆ جەنگاوەرانیان ئامادەکردووەو،

بە لەشی خۆشیان کە لە پاش جەنگدا خوێنیان دەرخستوە بۆ کوشتن، بەلای کەمەوە بۆ برینداری، ئەو کەسانە بەم شێوانەوە چۆن بەرانبەر ئەکرێن لە پاداشت و رێزداو لەگەڵ ئەو کەسانەدا لەش پەروەرن و بە تەمەڵی دانیشتوون. لە بارەی ئەو کەسانەوە جەنگیان بە دارایی و بە لەشی خۆیان خوا ئەفەرموێ:

﴿ فَضَلَ اللهُ الْمُجاهِدِينَ بأمْوالِهِمْ وَأنْفُسِهِمْ عَلَى الْتاقِدِينَ دَرَجَةً ﴾ خوا رێزی ئەو کەسانەی داوە جەنگ کەرن بە دارایی و بە لەشی خۆیان، بە تەنها لەسەر ئەوان پێویست نیە. بەلام دڵسۆزی خۆیان دەرئەبرِن بەسەر ئەو کەسانەی دانیشتوون و نەچوون بۆ جەنگ کردن بە پلەو پایەیێکی زۆر گەورە، وەك دەست کەوتنی تالآن و سەرکەوتنیان بەسەر دوژمنانی خۆیاناو پاداشتێکی زۆر گەورە لە پاشە رۆژدا، ئەو رێزەیش لەبەر ئەوەیە کە بە تەنها پەلاماری دوژمنانی ئیسلامیان داوە، هەرچەندە تاقمە دانیشتوانەکانیش سزایان نادرێ لەو کاتەدا تاقمە خاوەن رێزەکان بەو پێویستە هەڵساون و بە مەبەستەکە گەیشتوون.

﴿ وكُلاَ وَعَدَ اللهُ الْحُسْنى ﴾ وە هەموو تاقمێ لە دانیشتوان و لە جەنگ کەران خوا بەڵێنی داوە پێیان پاداشتێکی شیرنتر کە ئەویش چونیانە بۆ بەهەشت. بەلام پلەی زۆرتر بۆ یەکێکیان لەبەر ئەوەیە کردەوەیان زۆرترە لە رێگەی ئایینی خوادا، بۆیە خوا دووپاتی ئەکاتەوە، بۆ ئەوە باشتر خۆیان ئامادەبکەن بۆ جەنگ کردن و خۆیان پەنانەدەن، ئەفەرموێ:

﴿ وَفَضَلَ اللهُ الُمجاهِدِيْنَ عَلَى العاقِدِيْنَ أجراً عَضِيماً دَرَجاتٍ مِنْهُ ومغفره وَرَحْمَةً وَكانَ اللهُ غَفُوراً رَحِيماً ﴾ وە خوا رێزی جەنگ کەرانی داوە بەسەر دانیشتواندا بە پاداشتێکی گەورە کە بریتی‌یە لە چەندین پلە لە جێگاکانی بەهەشتیانا، پلەیەێکی تەنها لەلای خواوە چاکترە لە هەموو جیهان و ئەو شتانەی لەودایە. کەواتە چەندین پلە ئەبێ چەندە چاکتربێ. خوا لەوان خۆش ئەبێ بە لێ خۆشبونێکی زۆر گەورە، میهرەبانیان لەگەڵ نەکا بە میهرەبانێکی زۆر گەورەو، خوا خۆش ئەبێ لە گوناهی بەندەکانی خۆی، میهرەبانە رێزی بەندەکانی خۆی ئەگرێ بەشتێ بەڵێنی داوە بەوانی بدا.

موسڵمانان دوو کۆچیان لە مەکە کردووە: یەکەمیان بۆ حەبەشە بە پێنج ساڵ دوای بوونی پێغەمەر بە فروستادەی خوا، دووهەمیان بۆ مەدینە سێزدە ساڵ. دوای بوونی بە پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ هۆی ئەو کۆچ کردنانەیش ئەوەبو کە باوەڕداران دوربخرێنە لە ناوچون و بچنە جێگەیە بە ئاسودەیی بژین، هەتا بتوانن نەخشەییکی ڕێك و پێك دامەزرێنن بۆ جەنگ کردن لە ڕێگەی ئایینی خواداو، نەهێشتنی کاری خراپ لە زەویدا، بەو کۆچ کردنە ڕێزی ئیسلام سەرکەوێ بەسەر دوژمناندا، ئەگەر کۆچ کردن نەبوایە ڕوناکی ئیسلام ئەکوژرایەوەو ئەبوو بە خۆڵە مێش و با ئەی برد، هەر لەبەر مەبەستی سەرکەوتنی ئایینی ئیسلام پێغەمەر کۆچی کرد لە مەکەوە بۆ مەدینە، فەرمانی دا بە موسڵمانانیش بۆکۆچ کردن، زۆربەیان کۆچیان کرد، تاقمێکیان لە مەکە مانەوە بۆ پاراستنی دارایی و سودی خۆیان، چونکە بت پەرستان هەرکەسێ کۆچی بکردایە نەیان ئەهێشت هیچ شتێ لە سامانی خۆیان ببنە دەرەوە، ئازاری زۆریشیان ئەدان، ئایینی خۆیانیان لێ قەدەغە ئەکردن، ئەوانیش نەیان ئەتوانی بەرگری لە خۆیان بکەن. بەڵام لە لایێکی ترەوە ئەیان توانی خۆیان ڕزگار بکەن و کۆچ بکەن و بەسەر بەستی بژین و نەیان چەوساندنایەوە، بە تەواویش ئایینی خۆیانیان ببردایەتە سەر بەهۆی کۆچ کردنەوە لە وڵاتی دوژمنانەوە بۆلای وڵاتی موسڵمانان و جێگە ئاسایش، لە مەدینە لە خزمەت پێغەمەردا بحەسێنەوە، لەبەر ئەوانەی پێشوو خوا قەدەغەی کرد لەسەریان مانەوەیان لە وڵاتی بێ باوەڕاندا، لەسەر زمانی فریشتەی گیان کێش سەرزەنشت ئەکرێن و خوا ئەفەرموێ:

إِنَّ ٱلَّذِينَ تَوَفَّىٰهُمُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ ظَالِمِىٓ أَنفُسِهِمْ قَالُوا۟ فِيمَ كُنتُمْ ۖ قَالُوا۟ كُنَّا مُسْتَضْعَفِينَ فِى ٱلْأَرْضِ ۚ قَالُوٓا۟ أَلَمْ تَكُنْ أَرْضُ ٱللَّهِ وَٰسِعَةً فَتُهَاجِرُوا۟ فِيهَا ۚ فَأُو۟لَٰٓئِكَ مَأْوَىٰهُمْ جَهَنَّمُ ۖ وَسَآءَتْ مَصِيرًا ﴿٩٧﴾ إِلَّا ٱلْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ ٱلرِّجَالِ

وَٱلنِّسَآءِ وَٱلْوِلْدَٰنِ لَا يَسْتَطِيعُونَ حِيلَةً وَلَا يَهْتَدُونَ سَبِيلًا (٩٨)
فَأُو۟لَٰٓئِكَ عَسَى ٱللَّهُ أَن يَعْفُوَ عَنْهُمْ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَفُوًّا غَفُورًا (٩٩)
وَمَن يُهَاجِرْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ يَجِدْ فِى ٱلْأَرْضِ مُرَٰغَمًا كَثِيرًا وَسَعَةً ۚ
وَمَن يَخْرُجْ مِنۢ بَيْتِهِۦ مُهَاجِرًا إِلَى ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ثُمَّ يُدْرِكْهُ ٱلْمَوْتُ
فَقَدْ وَقَعَ أَجْرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا (١٠٠)

﴿ إنَ الذينَ تَوَفاهُمُ الْمَلائِكَةُ ظالِمِي أنْفُسِهِمْ ﴾ بە ڕاستی کەسانێکی ئەوتۆ فریشتەکان گیانی ئەوانیان کێشاوە ئەو کەسانە ستەمیان لە خۆیان کردووە بە وازهێنان لە جەنگ کردن و لە گۆچ کردن بۆ وڵاتی ئیسلام و مانەوەیان لە وولاتی بێ باوەڕی بەسەر شۆڕی و بەزیان گەیاندن لە پێویستیەکانی ئایین.

﴿ قالُوا فِيما كُنْتُمْ ﴾ فریشتەکان بەو کەسانەیان ئەووت کۆچیان نەکردبوو بە سەرزەنشت کردنیان: لە شتێکا بوون لە بارەی ئاینتانەوە لە تاقمی موسڵمانان بوون یالە تاقمی بت پەرستان؟

ئەو پرسارەی فریشتەکان لە ناوەڕۆکا بۆ ئەوە نیە فریشتەکان نایزانن وولامیان ئەوێ. بەڵکو بۆ سەرزەنشت و کپ کردنیانە لەسەر ئەو کردارە لەسەری بوون کە دواکەوتوون لە کۆچ کردن لەگەڵ کۆچ کەران کە فەرمانبەرداری پێغەمەربوون لە نەخشەی لە ناوبردنی بت پەرستان و بەرزکردنەوەی فەرمودەی خوا.

پرسیار/ ئایا سەرزەنشت کردنی ئەو فریشتانە لە کاتی گیان کێشاندا بووە یا لە پێشەوە یا لە دوای گیان کێشان؟

وەڵام/ زانینی ئەو پرسیارە خوای مەزن ڕوونی ئەكردووەتەوە، چاك وایە ئێمەش بێ دەنگ بین بڕوای بێگومانمان هەبێ بە بوونی ئەو پرسیارە هەر كاتێ بوبێ.

﴿ قالُوا مُسْتَضعفينْ في الأرضِ ﴾ كۆچ نەكردووەكان وەڵامی فریشتەكانیان دایەوەو ووتیان: ئێمە لاواز بووین و نەمان توانی كۆچ بكەین لە زەویی بێ باوەڕان، نەمان ئەتوانی پێویستیەكانی ئایین دابەزێنین، چونكە بت پەرستان ئازاریان ئەدایین، دوایی فریشتەكان ئەو بیانوەیان وەرنەگرت لەوان.

﴿ قالُوا الَمْ تَكُنْ أرضُ اللهِ واسِعَةً فَتُهاجِرُوا فِيها ﴾ فریشتەكان لە ڕووی كپ كردنەوەی دەنگیان ووتیان: ئایا زەویی خوا فراوان و زۆرترنەبوو، دوایی ئێوە كۆچتان بكردایە لە زەوی مەكە بۆلای هەرێمێ تر كە بتان توانیبایە ئایینی خۆتانتان ڕاوەستانایە، وێنەی كۆچ بۆ حەبەشەو مەدینە. ئەو گفتوگۆیە لە نێوان فریشتەكان و ئەو كەسانەدا باسكران گەورەترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی خوای مەزن سزای تاوانباران نادا لە پاش سەلماندن و تەواكردنی بەڵگە نەبێ بەسەریانەوە بە جۆرێ بێ تاوانباران بیانویان بە دەستەوە نەمێنێ جگەی میهرەبانی خوا كە هەموو بونەوەران ئەگرێتەوە.

﴿ فأولئِكَ مأواهُمْ جَهَنَمُ وَساءَتْ مَصِيراً ﴾ دوایی ئەو تاقمە كۆچیان نەكردووە جێگەی ئەوان لە ڕۆژی دوایدا دۆزەخەو، دۆزەخ خراپ جێگەیە كە ئەگەڕێنەوە بۆلای.

پاش ئەوەی خوای مەزن هەڕەشەی كرد لەو كەسانە دواكەوتوون لە كۆچ كردن، ئەو كەسانە دەرئەكا لەو هەڕەشەیە كە خاوەنی بیانوون لەبەر نەخۆشی و نەبوونی تفاق بۆ كۆچ كردن، وەك خوا ئەفەرموێ:

﴿ إلاّ الْمُسْتَضْعِفينَ مِنَ الّرجالِ وَالْنِساءِ والوِلْدانِ لا يَسْتَطِعُونَ حِيلَةً وَلا يَهْتَدُونَ سَبيلاً ﴾ مەگەر ئەو كەسانە سزایان نادرێ لاوازو بێ هێزن لە پیاوان و منداڵان توانای چارەیەكیان نەبێ بیدۆزنەوە بۆ دەرچون و كەرەسەی كۆچ كردنیان بۆ پێك نایەو، وە ڕێگە شارەزاین و بۆیان هەڵناسوڕێ لە مەكەوە دەرچن بۆلای مەدینە، نە لەلایەن خۆیانەوە، وە نە لایەنێ ترەوە ڕێگەیان دەست ناكەوێ بۆ كۆچ كردن.

﴿ فأولئِكَ عَسى اللهُ أنْ يَعْفُوَ عَنْهُمْ وَكانَ اللهُ عَفُواً غَفُوراً ﴾ دوایی ئەو بێ تواناو خاوەن بیانوانە شایستەیە خوا لەوان ببورێ. ووشەی لێ بوردن ئەوەمان پیشان ئەدا کە وازهێنان لە کۆچ کردن یەك جار ترسناکە بە جۆرێ ئەوانیش خاوەنی توانانین جێگەی مەترسین ئەگەر لێ بوردنی خوا نەبێ و، خوا لێ بوردن و لێ خۆشبوونی زۆرە بۆ ئەو کەسانەی خاوەنی بیانون. زانایان لایان وایە ئەو ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە موسڵمانان قەدەغەیە لە وولاتی بێ باوەڕاندا دانیشن لەو کاتانەدا نەیان ئەتوانی خۆیان ڕاوەستێنن، ئیتر با ئەو جێگەیە نیشتمانی خۆیانبێ، سامان و دارایی زۆریشیان لەوێ دا هەبێ.

بەڵام ئەمڕۆ بە ئاگاداری هەموو دانیشتوان و هەموو موسڵمانان جێگەیە دەست ناکەوێ کۆچی بۆ بکرێ و چاکتربێ لە شوێنی خۆی بۆ ئایین پەروەری، چونکە بە گوێرەی تاقیکردنەوە، کاربەدەستانی ئێستای بە ناو موسڵمان بە هیچ شێوەیە بەرگری لە یاسای قورئان ناکەن، بگرە لە کۆششدان بۆ ڕوخاندنی دەستوری ئیسلام، ئایین باوی نەماوە لایان.

هەموو ئاواتیان ڕەگەز پەرستی و نەتەوەو هەرێم پەرستنە. ئەوانەیان ئوروپاین ئوروپایێتی ئەکەن لەگەڵ جگەی خۆیان، هەرێم پەرستی ئەکەن لەگەڵ هەرێمە عەرەبەکاندا جگەی عەرەبەکانیش هەرێم پەرستی ئەکەن، بە تایبەتی ئێرانی‌یەکان ئەو کەسەی شیعە نەبێ بە موسڵمانی دانانێن. ڕژێمی تورك تورك پەرستی ئەکەن، ئاینی ئیسلام ئاینی ڕەسمی ڕژێمەکەیان نیە، بیروباوەڕی ماسۆنیە زاوییەکانیان کردووە بە پەیڕەو پرۆگرام بۆ خۆیان، زوربەی ڕژێمی موسڵمانان بیروباوەڕی بێگانەکان و بت پەرستان و خاچ پەرستانیان کردووە بە یاسا بۆخۆیان. کاربەدەستانیان وێنەی شیوعیەکان پارە پەرستن، ڕژێمی زاوێنی لەبیروباوەڕدا لە بت پەرستەکانەوە نزیکن. کەواتە ئەوەی مابێتەوە بۆ ئادەمیزادانی ژێر ئەمەیە: قورئان و فەرمودەی پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ بکەن بە یاسا بۆخۆیان. پێویستە لەسەر هەموو کەسێ لەهەر وولاتێ هەن خوا پەرستی خۆیان بکەن بەو جۆرەی خواو پێغەمەر فەرمانیان

پێ داوە ئەگەر واز لە ئایینی ئیسلام بهێنن هەر خۆیان بەرپرسیارن لای خـوا. بـەڵام هـەر شتێ لە توانایا هەیە لە ئامۆژگاری کۆتایی لێ نەکەن بەو جۆرەی بۆیان ئەلوێ.

پرسیار/ ئەگەر کەسێ ئەیزانێ لە وولاتی موسڵمانانێدا یا جگەی شوێنی خـۆی دانیشـێ لەوانەیە سەربکێچشێ بۆلای واز هێنان لە پێویستە ئایینیـەکان. نـەك هـەر لـەبـەر ئـەوەی قەدەغەی لێ بکەن . بەڵکو چەند هۆیە تر ئەبوونە هۆی وازهێنـان لـە پێویسـتیەکانی ئـایین لەبەر لاوازی بەرگری و بوونی شتێ ڕێگە بگرێ لە کاری پێویستی ئـایینی وەك جێگـەی کاری خراپە کردن، ئایا پێویستە لەسەری کۆچ بۆ جێگەیە تر بکا؟

وەڵام/ هەر کاتێ ئەزانرێ کە بەڕاستی کۆچ کردن و ڕۆیشتن بۆ هەر شوێنێ بـێ، ئیـتر وولاتێ بێ باشارێ، بازاڕێ با کۆڕگایە، ئەبنە هۆی واز هێنان لە پێویستیەکانی ئاین، ئـەبێ ئەو کەسە نەچێ بۆ ئەو جێگەیە، ئەگەر لەو جێگەیەدا ئەی توانێ کـاری ئـایین ڕاوەستێنێ کۆچی بۆ بکا.

ئەگێڕنەوە پیاوێ ناوی جەندەی کوڕی زەمرە بوو، کاتێ بیسـتی ئایـەتی کـۆچ کـردن هاتۆتە خوارەوە ووتی بە کوڕەکانی سوێندم بە خوا شەو لە مەکە ناکەمـەوە، ئـەبێ بچمـە دەرەوە من لێرە ئەترسم، نەخۆشێگی گرانی گرتبوو کوڕەکانی بردیانە دەرەوەو لە ڕێگادا مرد. بەو بۆنەوەی خوای مەزن فەرموی:

﴿ وَمَنْ يُهاجِرْ فِي سَبِيْلَ اللهِ يَجِدْ فِي الأرضِ مُراغماً كَثيراً وَسَعةً ﴾ وەهەر کەسـێ کـۆچ بکا بۆلای ڕێگەی پەرستنی خوا، ولامـی فـەرمودەی خـوا بداتـەوە وواز لـە ولاتـی بـت پەرستان بهێنێ لەبەر پەرستنی خواو بەشـداری کردنـی موسـڵمانان، ئـەو کەسـە دەسـتی ئەکەوێ جێگای زۆرو ئارامگا لە زەویدا و ئاشکراکردنی ئایین، لە دوژمنان جوێی بێتـەوە وە بالای ئەوانیش گرانبێ، ئەو زەوییە مەدینەیەو، دەستیشی ئەکـەوێ خواردەمـەنی و زۆر ئەتوانێ ئایینی خۆی دەربڕێ. بە ڕاستی ڕۆزی و فەڕو پیتی خوا پـەیوەندی بـە جێگەیـەکی تایبەتەوە نیە، کۆچ کردن نابێتە هۆی بێ بەش بوون لە ڕۆزی خوا، وڵاتـی خـوا بـەربڵاوە

ڕۆزی خوا لە هەموو جێگەیە هەیە، بەخشندەی خوا نایەنە ژمارە، هەزارانی وا هەن دارایی و سامان و پلەی وایان دەست ئەکەوێ لەو جێگانە کۆچی بۆ ئەکەن کە لە ولاتی خۆیانا بە خەویش نەیاندیوە. نمونەی ئەو جۆرە کەسانە زۆرن نایەنە ژمارە. کەواتە ئەوانەی دانیشتوی مەکە بوون کۆچیان بکردایە ڕۆزی و سامان و پلەو ڕێزی زۆرتریان دەست ئەکەوت. بە لوت سۆڵانەوەی بت پەرستان کەچی کۆچیان نەئەکرد بەبێ نرخی و سەرشۆڕی چەوسانەوەی دوژمنان ڕازی بون، ئەو شتانەیان بە چاکتر ئەزانی لە لێ بوردنی خوا.

﴿ وَمَنْ يَخْرُجْ مِنْ بَيْتِهِ مُهاجراً إلى اللهِ وَرَسُولِهِ ثُمَ يُدْرِكْهُ الْمَوْتَ ﴾ وەهەر کەسێ بچێتە دەرەو لە خانەو نیشتمانی خۆی کۆچ بکا بۆلای خواو بۆلای فروستادەی خوا لە پاشا بەر لەوەی بگاتە جێگەی مەبەستی خۆی ئەو کەسە مرد لە ڕێگەدا یا لە بەردەرگای خۆیابێ.

﴿ فَقَدْ وَقَعَ أجرُهُ عَلَى اللهِ ﴾ دوایی بەڕاستی پاداشتی ئەو کۆچکەرە پەیدابووە بەهۆی بەڵێنی خوا بۆی. پاداشتێ خوا بیدا بەو کەسە ئەبێ چەندە زۆربێ بە هۆی کۆچ کردنیەوە پاداشتی کەوتوەتە سەر میهرەبانی خوا.

﴿ وَكانَ اللهُ غَفُوراً رَحِيماً ﴾ وە خوا لێ خۆشبوونی بێ پایانی هەیە بۆ گوناهباران، بە تایبەتی بۆ ئەو کەسانە کۆچیان دواخستوە، خاوەنی بەزەیی و میهرەبانەو بۆ ئەو بەندانەی خۆی نیازیان پاکە.

فەرماندانی ئەو ئایەتە تەنها کۆچ کردن ناگرێتەوە. بەڵکو ئەو کەسانەیش ئەگرێتەوە خۆیان ماندو بکەن بە نیازی بێ گەردەوە بۆ کردنی هەمو چاکەیەو بۆیان نەلوێ بیکەن. بێگومان خوا بە تەواوی پاداشتیان بۆ ئەنوسێ بە هۆی گەورەیی و میهرەبانی خۆیەوە.

هەندێ کەس گومانیان وایە مەبەستی یەکەم لە کۆچی پێغەمەرو موسڵمانان هەر تەنها بۆ ئەوە بووە ڕابکەن و هەڵبێن بە ئاینەکەیانەوە کە خوا لە چنگی بت پەرستان و ئازاردانی ئەوان ڕزگاریان بکا کە ڕێگەیان لێ ئەگرتن بۆ بەجێ هێنانی پێویستە ئاینییەکان. واتە بە

وێنەی ئەو کەسانە خوا پەرستی ئەکەن و پەنا ئەبەنە مزگەوت بۆ نوێژ کردن هەتا گوێیان لە قیرە قیرو گالّە گالّ نەبێ پێویستە ئەو گومانبەرانە بزانن کۆچ کردنی پێغەمەر ﴿ ﷺ ﴾ دورترو قوڵ ترە لەو شتەی ئەوان ئەیزانن، ئەو کۆچ کردنە سەرباری ئەو شتانە بە چاو ئەبینران بۆ نەخشەیێکی داڕێژراوبوو پێشەکیەکەی پێغەمەر ﴿ ﷺ ﴾ بیری لێ کردبووە کە ببێتە هۆی بنەبڕکردنی بێ باوەڕی و لە ناوبردنی بت پەرستی، بۆ پەرەسەندنی ئاڵای ئیسلام، نەك لەبەر ترس و بیرکردنەوە.بەڵکو وێنەی لەشکرێ بەکارەمایی پێشەواکەی لە پەنای گەرمەی جەنگدا لەلایێکەوە بۆلایەتر بڕوا، لەناوکاودا دوژمن پێ ئەزانێ و پەلامارێکی پێچەوانەو چاوەڕووان نەکراو بداو دوژمن تەفروتونا بکا بە جۆرێ جارێ تر سەر هەڵنەدەنەوە.

ئەوەبوو پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ کە گەیشتە مەدینە پەیمانی برایەتی لە نێوان هاوڕێکاندا بەست، ئەو دڵانەی لەوەو بەر ناکۆك بوون لەگەڵ یەکتری بە هۆی ڕەگەز پەرستی و هۆز پەرستیەوە هەیان بوو بەستنی بە یەکەوە کردنی بە برای ئایینی، لە دوایدا پێغەمەر (د.خ) هانی موسڵمانانی دا بۆ جەنگ کردن و بەرگری لە خۆیان و بوون و باوەڕیان. بەڵێنی دانێ بە بەهەشتی بەرین بۆ کوژراوانی جەنگ ئەبێ، ڕێزو سەربەستیش بۆ ئەو کەسانەیە ناکوژرێن.

کاتێ وانەو فەرمودەکانی پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ جێگەی خۆی گرت لە دەرونی بێ گوماناندا دەستی کرد بە چەکدار کردنیان و پێك هێنانیان بە دەستەو لق و فەرماندەو هێزی سەربازی، ئەی ناردن بەم لاو بەولادا، زۆرجاران پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ خۆی پێشەوایی ئەکردن، ئەو کارانەیش هەموویان بۆ ئەوەبوو ئاسایش و خۆگرتن و بۆ موسڵمانان پەیدابێ، خۆشی و ئاسایشی بت پەرستان بکەوێتە لەرزین، لە دوای ئەوانە جەنگی فراوان و بەربڵاوی دابەزان، بەو بۆنەوە موسڵمانان خۆیان و داراییان لەو ڕێگەیەدا بەخت کرد، دەستی یارمەتی و سەرکەوتنی خوا پەرەی سەند بۆیان، ووشەی بێ باوەڕی سەرەو نخون بوو، ووشەی خوا هەڵگڕاو سەرکەوت.

پێویستە ئەو کاربەدەستانە خۆیان بە موسڵمان ئەزانن، بیر لـە ئامۆژگـاری و نەخشـەی پێغەمەر بکەنەوەو پەیڕەوی بکەن و بیکەن بە ڕوناکی بەردەمی خۆیان، دەست بدەنە برایێتی یەکتری. دڵی خۆیان پاك بکەنەوە لە کینەو لەبێ باوەڕی و خۆ هەڵکێشـان و دۆسـتایەتی بێ باوەڕان، ڕەگەزو هەرێم و چینایەتی پەرستن لە دڵیایانا فڕێ بـدەن، گفتوگـۆی خۆیـان بەرانبەربە دوژمنانی خۆیان بکەن بەیەك، واز لە خاچ و چەکوش و ئەستێرەی شەش سـوچ پەرستن بهێنن، جیاوازی نێوان عەرەب و کوردو تـورك و فـارس و ئـورو واز لێ بـهێنن و ڕوبکەنەوە قورئان، خۆ ئەگەر لە یاسای قورئان لابدەن توشیان ئەبێ بـە توشـی دوژمنـانی خۆیانەوە، بەو بۆنەوە دوژمن بە ئاواتی خۆیـان ئەگـەن، ئیـتر بیانـەوێ‌یان نەیانـەوێ، خـوا ئابڕویان ئەباو خۆیان بە خۆیانەوە خەریك ئەکەن.

ناکۆکی نێوان ڕژێمەکانی عەرەب لە دژی خۆیان و ناکۆکی ئەوان و ڕژێمەکانی تـری موسڵمان، بە تایبەتی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عـێراق و ئـێران گـەورەترین بەڵگـەی ئابڕوچونیانە، نازانرێ کاربەدەستان چ سودێکیان دەست کەتووە لـە پشـت کردنیـان بـۆ ئایینی خواو لە ڕوکردنیان بۆلای خاچ و چەکوش و ئەستێرەی شەش سوچ؟!!.

ڕژێمی بەعسی عێراق نزیکەی (١٨٠) هەزار ژن و مناڵ و پـیرو بـێ چـەکی کـوردی بەناو ئەنفالـەوە زیندە بـەچاڵ‌کردووە، نزیکـەی پێنـج هـەزار شـارو دێـهاتی کـوردی بـە مزگەوتەوە ڕوخاندو، جگەی ئەوەی زۆر لە هەزاران بنەماڵەی لە کـەرکوك و خانـەقین و موسڵدا دەرکردووە ئاوارەی کردوون بە بیانووی ئەوەوە کوردن.

تاقمێ لە هۆزی بەنی نەجار پرسیاریان لە پێغەمەر کرد، ووتیـان: ئێمـە بەسـەر زەویـدا ئەسوڕێینەوە نوێژەکانمان بە چ شێوەیە بکەین. خوای مەزن وەڵامی دانەوەو فەرموی:

وَإِذَا ضَرَبْتُمْ

فِي الْأَرْضِ فَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَن تَقْصُرُوا مِنَ الصَّلَاةِ إِنْ خِفْتُمْ

أَن يَفْتِنَكُمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ ۚ إِنَّ ٱلْكَـٰفِرِينَ كَانُوا۟ لَكُمْ عَدُوًّا مُّبِينًا ﴿١٠١﴾
وَإِذَا كُنتَ فِيهِمْ فَأَقَمْتَ لَهُمُ ٱلصَّلَوٰةَ فَلْتَقُمْ طَآئِفَةٌ
مِّنْهُم مَّعَكَ وَلْيَأْخُذُوٓا۟ أَسْلِحَتَهُمْ ۖ فَإِذَا سَجَدُوا۟ فَلْيَكُونُوا۟
مِن وَرَآئِكُمْ وَلْتَأْتِ طَآئِفَةٌ أُخْرَىٰ لَمْ يُصَلُّوا۟
فَلْيُصَلُّوا۟ مَعَكَ وَلْيَأْخُذُوا۟ حِذْرَهُمْ وَأَسْلِحَتَهُمْ ۗ وَدَّ ٱلَّذِينَ
كَفَرُوا۟ لَوْ تَغْفُلُونَ عَنْ أَسْلِحَتِكُمْ وَأَمْتِعَتِكُمْ فَيَمِيلُونَ
عَلَيْكُم مَّيْلَةً وَٰحِدَةً ۚ وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِن كَانَ بِكُمْ
أَذًى مِّن مَّطَرٍ أَوْ كُنتُم مَّرْضَىٰٓ أَن تَضَعُوٓا۟ أَسْلِحَتَكُمْ ۖ
وَخُذُوا۟ حِذْرَكُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ أَعَدَّ لِلْكَـٰفِرِينَ عَذَابًا مُّهِينًا ﴿١٠٢﴾
وَخُذُوا۟ حِذْرَكُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ أَعَدَّ لِلْكَـٰفِرِينَ عَذَابًا مُّهِينًا ﴿١٠٢﴾
فَإِذَا قَضَيْتُمُ ٱلصَّلَوٰةَ فَٱذْكُرُوا۟ ٱللَّهَ قِيَـٰمًا وَقُعُودًا وَعَلَىٰ
جُنُوبِكُمْ ۚ فَإِذَا ٱطْمَأْنَنتُمْ فَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ ۚ إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ
كَانَتْ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ كِتَـٰبًا مَّوْقُوتًا ﴿١٠٣﴾

﴿ وَإذا ضَرَبْتُمْ فِي الأرضِ فَلا جُناحَ عَلَيْكُمْ أنْ تَقْصُرُوْا مِنَ الصَلاةِ ﴾ وەهەر کاتێ ئێوە چونەوە دەرەوەو چون بەسەر زەویدا بۆ کاروان و کۆچتان کرد، یا چون بۆ جەنگ کردن، یا بۆ بازرگانی، ئەو چونە دەرەوەیەشتان گوناهی تێدانەبوو، دوایی هیچ کوناهێ لەسەر ئێوە نیە کە ئێوە هەندێ لە نوێژەکانتان کورت بکەنەوە کە چوار ڕکاتی بن.

﴿ إنَ خِفْتُمْ أن يفقنكم الذين كفرُوا ﴾ ئەگەر ئێوە ئەترسان زیان بە ئێوە بگەیەنن کەسانێکی ئەوتۆ باوەڕیان نەهێناوە بە کوشتن و پەلاماردانتان.

بۆ زانین: ترسان مەرج نیە بۆ کورت کردنەوەی نوێژ، باسکردنی ترس لێرەدا بە تایبەتی بۆ ڕون کردنەوەی هۆی هاتنە خوارەوە ئایتەکانە، چونکە بە زۆری لەو کاتانەدا ترسیان لە پەیدابوونی دوژمن هەبووە پەلاماریان بدەن لە دەرەوەی مەدینەوە، ئەگینا کاتی گەران بە زەویدا کورت کردنەوەی نوێژ دروستە ترس هەبێ یانە؟ بە گوێرەی فەرمودەی پێغەمەر ﴿ ﷺ﴾.

﴿ إنَ الكافِرِينَ كانُوا لَكُمْ عَدُوّاً مُبِيناً ﴾ بە ڕاستی بێ باوەڕان دوژمنی ئاشکران بۆ ئێوە ئاگاداربن زۆر بە هۆشیارانە.

﴿ وَإذا كُنْتَ فِيهِمْ فَأقَمْتَ لَهُمْ الصَلاة طائِفَةٌ مِنْهُمْ مَعَكَ وَلَيأْخُذُ وَأسْلِحَهُمْ ﴾ وەهەر کاتێ تۆ لەنێو هاوڕێکانتای بوی کاتێ ترسان لە دوژمن، دوایی تۆ ویستت بۆ ئەوان نوێژت بکەی بە کۆمەڵ، لەشکرەکە بکە بە دووبەشەوە، دوای ئەوە پێویستە بەشێکیان لەگەڵ تۆ ڕاوەستن و نوێژەکانیان بۆ بکەی، وە ئەو نوێژەکەرانە پێویستە چەکەکانیان هەڵگرن لەبەر دڵنیایی بونیان لە دوژمن.

﴿ فَإذا سَجَدُوا فَلْيَكُونُوا مِنْ وَرائِكُمْ ﴾ دوایی کاتێ نوێژ کەرەکان سوجدەیان برد پێویستە ئەو بەشەکەی تریان نوێژ ناکەن لە پشتی ئێوەوە بن و پاسەوانیتان بکەن، دوای ئەوەی تاقمە نوێژکەرەکان لەنوێژ بونەوە بچنەوە بۆ نێو کوڕی لەشکرەکە.

﴿ وَلْتأتِ طائِفَةٌ أخرى لَمْ يَصلُوا فَلْيُصَلُوا مَعَكَ ﴾ وە پێویستە بڕۆن بەشەکەی تریان نوێژیان نەکردوەو پاسەوانیان کردووە، دوایی ئەوانیش پێویستە نوێژ لەگەڵ تۆ بکەن.

﴿ وَلْيأخُذُوا حِذْرَهُمْ وأسْلِحَهُمْ ﴾ وە پێویستە ئەوان وەربگرن شتێ خۆیان پێ بپارێزن لە دوژمن و چەکەکانیشان هەڵگرن و دای نەنێن.

﴿ وَالذّيْنَ كَفَرُوا لَو تَغْفُلُـونَ عَـنْ أسْلِحَتِكُمْ فَيَمِيلُـونَ مَيْلَـةً واحِـدَةً ﴾ ئاواتـە خـوازن کەسانێکی ئەوتۆ باوەڕیان نەهێناوە ئەگەر ئێـوە ئاگاتـان لـە چەکـەکان و تفـاق و کـەل و پەلـەکانتان نەبوو دوایی ئەوان هەڵمەتتان بدەنێ بەیـەك هەڵمـەت و بـە هەموویانـەوە، لـە ناکاودا پەلامارتان بدەنێ و بتان کوژن و لەناوتان بدەن. کەواتە نابێ بەیەکەوە نوێژ بکەن، چونکە دوژمنان خۆیانیان مەڵاس داوەو چاوڕووانی هەل ئەکەن زیانتان پێ بگەیەنن.

﴿ وَلا جَناحَ عَلَيْكُمْ إنْ كانَ بِكُمْ أذىً مِنْ مَطَـرٍ أوْ كُنْتُـمْ مَرْضـى ﴾ وە هیـچ گوناهـێ لەسەر ئێوە نییە ئەگەر ئێوە ئازارتان توش ئەبوو لەبەر سەختی باران چەکـەکان و کـەل و پەلـەکانتان تەڕ ئەبوون و قورس ئەبوون و نەتان ئەتوانی هەڵیان گرن، یا ئێـوە نەخۆشـبوون لەبەر لاوازی چەکەکانتان بۆ هەڵنەگیرا.

﴿ أنْ تَضَعُوْا أسْلَحِتَكُمْ وَخُذُوْا حِذْرَكُمْ إنَ اللهَ أعَدَّ لِلكـافِرِينْ عَذابـاً مُـهِناً ﴾ کـە ئێـوە دابنێن چەکەکانتان و هەڵیان نەگرن، بە بۆنەی ئازارو نەخۆشیەوەو، ئێوە وەرگرن بێـداری خۆتان و هوشیاری خۆتانبن نەوەك دوژمن پەلامارتان بدەن. بەڕاستی خوا ئامادەی کردووە بۆبێ باوەڕان سزایێکی ئابڕو بەر بۆیان. ئەو ڕستەیە بەڵێنە بۆ باوەڕداران کە سـەر ئەکـەون بەسەر بێ باوەڕاندا. کەواتە ئەبێ باوەڕداران دڵیان بەهێزبێ، وا نەزانن کە خـوا فـەرمانیان پێ ئەدا ئاگایان لـە خۆیانبێ مانای وایە بێ باوەڕان سەرئەکەون.

﴿ فَإذا قَضَيْتُمُ الصَلاةَ فَاذْكُرُ اللهَ قِياماً وَقُعُوداً وعَلَى جُنُوبِكُمْ ﴾ دوایـی کاتـێ ئێـوە لـە نوێژ بوونەوە دوایی ئێوە یادی خوا بکەن بەڕاوەستانەوەو بە دانیشتن و بە ڕاکشـانەوەو لـە هەموو کاتێکاو یادی خوا هەر بەتەنها بە نوێژ نییە.

﴿ فإذا أطْمأنَتُمْ فَأقِيمُوا الصَلاةَ إنَ الصَلاةَ كانَتْ على المُؤمِنِـينَ كِتابـاً مَوْقُوتـاً ﴾ دوایـی کاتێ ئێوە پشتوتانداو ترستان نـەما، دوایـی نوێژەکانتـان بـەجێ بـهێنن و دای بـەزێنن بـە تەواوی بە چوار ڕکاتەوە بە هـەموو مەرجەکانیانـەوە. بەڕاسـتی نوێـژ لەسـەر بـاوەڕداران

پێویستێکی خاوەن کاتە، هەموو نوێژێ کاتێکی تایبەتی بۆ دانراوە، پێویستە لەو کاتانەدا بکرێن و کۆتایی پێ نەیەو بیان کەن.

بۆ زانین: لە هیچ کاتێکا بە هیچ شێوەیە نوێژ نەکردنی بۆ نیە، هەتا لە کاتی جەنگ و نەخۆشیو ترسیشدا پێویستە هەموو ئادەمیزادێکی باڵغ و ژیر بە گوێرەی توانای خۆیان نوێژەکانیان بکەن بەپاوەستانەوە بێ یا بە دانیشتنەوە و بە پاڵەوەبێ.

بۆ ئاگاداری: دروستە بۆ کاروان و گەڕۆك کورت کردنەوەی نوێژی چوا ڕکاتی بەم پێنج مەرجانەی خوارەوە:

١- پێویستە ماوەی کاروانی گەشتەکەی یەك سەر لە (٤٨) میل کە یەکسانە بە (٨١)کیلۆمەتری تەواو بەبێ کەمی.

٢- پێویستە ئەو نوێژانە کورت ئەکرێنەوە لە کاتی خۆیانا بن، کاتەکەیان بەسەر نەچوبێ یانێ نوێژێ نەکراو لەکاتی دانیشتندا لە کارواندا کورت ناکرێتەوە، نوێژێ نەکرا لەکاتی کاروانیدا کورت ناکرێتەوە لە کاتی دانیشتندا. نوێژی مەغریب و بەیانی کورت ناکرێتەوە.

٣- پێویستە ئەو گەشت و کاروانە بۆ کاری گوناە نەبێ، وەك چونە دەرەوە بۆ دزی و بۆ جەردەیی ئیتر بۆ هەر شتێ تر بێ زیانی نیە، وەك خوێندن و حەج و سەردانی خزم و بازرگانی و شتی تر.

٤- پێویستە نیازی کورت کردنەوەی نوێژ بهێنێ لە کاتی ووتنی (الله أکبر) ی دابەستنی نوێژ.

٥- پێویستە نوێژ دانەبەستێ بە کۆمەڵ لەگەڵ پێشەوای نوێژێ نوێژ بە چوار ڕکات بکات.

هەروەك دروستە نوێژ کورت بکرێتەوە دروستیشە کۆکردنەوەی دوو نوێژ بەیەکەوە بەم مەرجانەی خوارەوەیە:

١- کە نوێژی عەسری هێنا بۆلای نوێژی نیوەڕۆ (جمع التقدیم) پێویستە نوێژی نیوەڕۆ لە پێشەوە بکرێ و لەکاتی دابەستنی نوێژی نیوەڕۆ نیاز بهێنێ بۆ کردنی نوێژی عەسر لە دوای نوێژی نیوەڕۆ، لە دوای کردنی نوێژی نیوەڕۆ بەبێ دواکەوتن بە گورجی نوێژی عەسر بکا، بۆی هەیە چوار چوارو دوو دوو هەردووکیان بکا، ئەیشتوانی یەکێکیان چوار ڕکات بێ و ئەویی تریان دووڕکات بێ.

٢- ئەگەر نوێژی نیوەڕۆ برایە لای نوێژی عەسر (جمع التأخیر) پێویستە لەکاتی نوێژی نیوەڕۆدا نیاز بهێنی لە کاتی نوێژی عەسردا نوێژی نیوەڕۆش بکا، ئیتر ئەتوانرێ نوێژی عەسر لە پێشەوە بکا یا نوێژی نیوەڕۆ بکا، مەرج نیە بەیەکەوە بکرێن.

٣- نوێژی مەغریب ئەبرێتە لای نوێژی عیشا، نوێژی عیشا ئەهێنرێتە لای نوێژی مەغریب بەو مەرجانەی لای کۆبونەوەی نوێژی نیوەڕۆو عەسردا باسکران. بەلاَم نوێژی مەغریب کورت ناکرێتەوە.

بۆ زانین: لە کارواندا کورت کردنەوەی نوێژ چاکترە لەوەی چوا ڕکات بکرێ.

بۆ ئاگاداری: وەك دروستە کۆکردنەوەی نوێژ لە کاتی کارواندا، دروستیشە کورت کردنەوەیان بە هۆی باران بە قوڕو لیتە وەبەم سێ مەرجانە: (١) ئەبێ ئەو مەرجانەی بۆ کاروانی باسکران بێتە دیی بە جگەی کاروانی (٢) پێویستە نوێژەکان بە کۆمەڵ بکرێن نەك بە تەنها (٣) پێویستە نوێژەکان لە مزگەوتا بکرێن و لە کاتی نوێژی یەکەمدا بن (جمع التقدیم). پێویستەو مەرجە بۆ ئەو کۆکردنەوەیە پەیدا بوونی باران لە کاتی هەردوو نوێژەکانداو لە کاتی سلاَودانەوەیاندا.

کورت کردنەوەی نوێژ لای شافعیەکان (رخصتە) یانێ ئەتوانرێ کۆبکرێنەوەو بۆیان هەیە کورت نەکرێنەوە، هەرچەندە کورتکردنەوە چاکترە. بەلای حەنەفیەکانەوە کورت کوردنەوەی نوێژ (عزیمە) واتە نوێژ لە کارواندا پێویستە دوو ڕکات بکرێ و پێویستە نوێژی چوار ڕکاتی بکرێ بە دوو ڕکات. لای حەنەفیەکان نوێژ کۆکردنەوە لە هیچ کاتێکا دروست نی‌یە جگە لە عەرەفەو موزدەلیفە بۆ ئەو کەسانە خەریکی حەج کردنن.

لای زانایان بە گشتی نوێژی ترس بە سێ جۆر ئەکرێ:

١- ئەمەیە: دوژمن لەلای ڕوانگەوە بن، لەو کاتەدا پێشەوای نوێژ لەشکرەکە ئەکا بە دوو تاقم: تاقمێکیان ڕووبەڕووی دوژمن ئەوەستن و ئەبنە پاسەوان، تاقمەکەی تریان لە پشتی پێشەواکەوە ئەوەستن و ڕکاتی نوێژ بە کۆمەڵ لە گەڵیا دائەبەستن، دوای هەڵسانەوەی پێشەوا بۆ ڕکاتی دووەهەم ئەو تاقمە نوێژکەرە نیازی جیابونەوە بهێنن لەگەڵ پێشەوادا، دوایی خۆیان بۆ خۆیان ڕکاتی تر بکەن و سلاو بدەنەوە بچن لە بەرانبەر دوژمندا ڕاوەستن، تاقمەکەی تری پاسەوان بێن بۆلای پێشەوای نوێژ، نوێژی لەگەڵدا دابەستن لەگەڵی بن هەتا نزم ئەبێتەوە بۆلای تەحیبات ئەم تاقمەش نیازی جوێبوونەوە لە پێشەوا بهێنن و ڕکاتی تر نوێژ بکەن و لەگەڵ پێشەوادا سلاوبدەنەوەو پێشەوا چاوەڕووانیان بکا.

٢- دوژمن لەلای ڕووانگەوە ئەبێ: لەو کاتەدا پێشەوای نوێژ لەشکرەکە بکا بە دوو تاقم هەردوو تاقمەکە لەگەڵ پێشەوادا نوێژ دابەستن هەتا پێشەوا ئەچێ بە سوژدەدا تاقمێکیان لەگەڵیا سوژدە ببەن، ئەو تاقمەکەی تریان ڕاوەستن بۆ پاسەوانی کە پێشەوا هەڵسایەوە بۆ ڕکاتی دووهەم تاقمە پاسەوانەکان بچن بە سوژدەدا و بگەنەوە بە پێشەوا، هەردوو تاقمەکە تەحیات لەگەڵ پێشەوادا بخوێنن و سلاو لە گەڵیا بدەنەوە.

٣- ئەمەیە: موسڵمانان لە ئەوپەڕی گرانی مەترسیدان و لەگەڵ دوژمندا تێك ڕژاون. لەو کاتەدا هەریەکە بۆ خۆی نوێژی خۆی بکا بە هەر چۆنێ بۆی گونجا، بە ڕاوەستان یا بە سواری، ڕوبەڕوی ڕووانگە بێ‌یانە؟ لە ڕاکردندا بن یانە؟ بیانوی جم و جوڵ و هاتووچۆیان لێ وەرئەگیرێ. کەواتە واز هێنان لە نوێژ بە هیچ جۆرێ دروست نیە.

خوای مەزن پاش ئەوەی باسی ئەو فەرماندانانەی خۆی کرد کە پێویستە لە کاتی جەنگدا بیانزانن، دووبارە ئاوڕی ئەداتەوە بۆلای هاندان بۆ جەنگ کردن و ئەفەرموێ:

وَلَا تَهِنُوا فِي ٱبْتِغَآءِ ٱلْقَوْمِ ۖ إِن تَكُونُوا۟ تَأْلَمُونَ فَإِنَّهُمْ يَأْلَمُونَ كَمَا تَأْلَمُونَ ۖ وَتَرْجُونَ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا يَرْجُونَ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴿١٠٤﴾

﴿ وَلا تَهِنُوا في ٱبْتِناءِ الْقَوْمِ ﴾ وە ئێوە بێهێز مەبن و سستی پیشان مەدەن لە بۆ داواکردنی کۆمەڵێ بێ باوەڕان و جەنگ کردن لەگەڵیان.

﴿ إنَ تألَمُونَ فَإنَهُمْ يَألَمُونَ كما تألَمُونَ ﴾ ئەگەر ئێوەی موسڵمان ئازارو ئێشتان پێ بگا بە هۆی برینداربونتان بە دەستی بێ باوەڕان، دوایی ئەوان بە ڕاستی ئازار و ئێشیان پێ ئەگا بە هۆی بریندار بونیانەوە بە وێنەی شتێ ئێوە ئازرتان پێ ئەگا.

﴿ وَتَرْجُونَ مالا تَرْجُونَ ﴾ وە ئێوە بە ئومێدی شتێکن ئەوان بە ئومێدی ئەو شتەنین، وەك پاداشتی گەورەو چونتان بۆ نێو بەهەشت لە ڕۆژی دووایدا، یارمەتیدانتان لەم ڕۆژەدا، یانێ ئێوەو ئەوان لە ئازارو ئێشدا وەك یەکوان، پەیوەندی بە لایەکتانەوە نیيە، ئێوە بە تەمای بەشێکن ئەوان بە تەمای نین. کەواتە پێویستە ئێوە چاکتر ئارەزۆتان بۆ جەنگی ڕەوا هەبێ و بە ئارامتربن.

﴿ وكانَ اللهُ عَلِيماً حَكِيماً ﴾ وە خوا بە کردەوەی ئاشکراو بە نهێنی دەرونتان ئەزانێ، هەمو شتێ لە جێگەی شیاوی خۆیا دائەنێ لە پێویست کردنی هەندێ شت و قەدەغەکردنی هەندێ تر.

زانایان ئەڵێن: توعمەی کوڕی ئەبو یریق لە هۆزی بەنی زوفەرزرێکی قەتاوەی کوڕی نەعمانی دراوسێی خۆی لەنێو هەمانە ئاردێکا دزی، ئاردەکە لە کونی هەمانەکەوە ئەڕژا،

هەمانەو زرێکەی دایە دەستی زەیدی کوڕی سەمینی جولەکە، خاوەنی زرێکە داوای زرێکەی لە توعمە کردو نەیدایەوە سوێندی خوارد ئاگام لێی نیە، ئەویش وازی لێ هێناو کەوتنە دووای شوێنی ئاردە ڕژاوەکە هەتا بردییانە خانەی جولەکەکە دوایی ووتی: توعمە ئەوانەی داومەتە دەست، کۆمەڵێ لە جولەکەکان شایەتیان بۆدا بۆ کردنەوەی ئەو گرێ کوێرەیەو ئەو مەبەستە: هۆزی بەنی زوفەر ووتیان: با بچین بۆلای پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ چوون و داوایان لە پێغەمەر کرد ببێتە پاڵ پشتی توعمەی دزی ئەو زرێیە، ووتیان: ئەگەر وانەبێ ئابرومان ئەچێ و توعمەیش لەناو ئەچێ.

پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ بەدڵیا هات بە گوێرەی ڕووالەت بە دڵی هۆزی بەنی زوفەر بکا دەستی زیدنە بیرێ، چونکە زرێکە لای ئەوانە دۆزراوەتەوە، بۆ ڕوونی ئەو ڕووداوە خوا فەرمووی:

إِنَّآ أَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ لِتَحۡكُمَ بَيۡنَ
ٱلنَّاسِ بِمَآ أَرَىٰكَ ٱللَّهُۚ وَلَا تَكُن لِّلۡخَآئِنِينَ خَصِيمٗا ﴿١٠٥﴾
وَٱسۡتَغۡفِرِ ٱللَّهَۖ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ﴿١٠٦﴾ وَلَا تُجَٰدِلۡ
عَنِ ٱلَّذِينَ يَخۡتَانُونَ أَنفُسَهُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ مَن كَانَ
خَوَّانًا أَثِيمٗا ﴿١٠٧﴾ يَسۡتَخۡفُونَ مِنَ ٱلنَّاسِ وَلَا يَسۡتَخۡفُونَ
مِنَ ٱللَّهِ وَهُوَ مَعَهُمۡ إِذۡ يُبَيِّتُونَ مَا لَا يَرۡضَىٰ مِنَ ٱلۡقَوۡلِۚ وَكَانَ
ٱللَّهُ بِمَا يَعۡمَلُونَ مُحِيطًا ﴿١٠٨﴾ هَٰٓأَنتُمۡ هَٰٓؤُلَآءِ جَٰدَلۡتُمۡ

عَنْهُمْ فِي ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا فَمَن يُجَٰدِلُ ٱللَّهَ عَنْهُمْ يَوْمَ
ٱلْقِيَٰمَةِ أَم مَّن يَكُونُ عَلَيْهِمْ وَكِيلًا ﴿١٠٩﴾ وَمَن يَعْمَلْ
سُوٓءًا أَوْ يَظْلِمْ نَفْسَهُۥ ثُمَّ يَسْتَغْفِرِ ٱللَّهَ يَجِدِ ٱللَّهَ غَفُورًا
رَّحِيمًا ﴿١١٠﴾ وَمَن يَكْسِبْ إِثْمًا فَإِنَّمَا يَكْسِبُهُۥ عَلَىٰ نَفْسِهِۦۚ
وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴿١١١﴾ وَمَن يَكْسِبْ خَطِيٓـَٔةً أَوْ إِثْمًا
ثُمَّ يَرْمِ بِهِۦ بَرِيٓـًٔا فَقَدِ ٱحْتَمَلَ بُهْتَٰنًا وَإِثْمًا مُّبِينًا ﴿١١٢﴾ وَلَوْلَا
فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكَ وَرَحْمَتُهُۥ لَهَمَّت طَّآئِفَةٌ مِّنْهُمْ أَن
يُضِلُّوكَ وَمَا يُضِلُّونَ إِلَّآ أَنفُسَهُمْۖ وَمَا يَضُرُّونَكَ مِن
شَيْءٍۚ وَأَنزَلَ ٱللَّهُ عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَعَلَّمَكَ
مَا لَمْ تَكُن تَعْلَمُۚ وَكَانَ فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكَ عَظِيمًا ﴿١١٣﴾

﴿ إنا أنزلنا إِلَيْكَ الكتابَ بِالْحَقِ لتحكم بَيْنَ النّاسِ بِما أراكَ الله ﴾ بەڕاستی ئێمە ڕەوانەمان کردوه بۆلای تۆ نامەیە کە قورئانە بە ڕاستی لەبەر ئەوەی تۆ فەرمان بدەی لە نێو ئادەمیزادا بەشتێ خوا فێری تۆی کردووە ئەو شتە بە هۆی سروشەوە. یانێ من تۆم هەڵبژاردووە بۆخۆم و بۆ پەیامی خۆم نەك بۆ جگەی خۆم و ڕزایێتی ئەوان.

تەفسیری زمناکۆیی

﴿ وَلا تَكُنْ للخائنين خَصِيماً ﴾ وەتۆ مە بە پارێزەرو لایەن گری کەسانی نادروست و ئەوانەی دژی ڕاستین وێنەی خزمانی توعمەی دزو ببی بە دوژمنی زەیدی جولەکەی بێ ئاگاداری لەو دزییەدا.

پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ هەرگیز پشتیوانی تاوانباری نەکردوە، ناگونجێ پشتیوانی هیچ کەسێ بکا بە ناڕوایی، خوای مەزن لەو ئایەتەدا کە فەرمانی داوە بە پێغەمەر ﴿ ﷺ﴾ بە قەدەغە کردنی پشتیوانی لە تاوانباران مانای ئەوە نیە پێغەمەر پشتیوانی کردوون، قەدەغە کردنەکە بەر لەوە بووە هەڵسێ بەو خراپەیە، بۆئەوە بیری لێ‌ی نەکاتەوەو هەتا ببێ بە ئاسایش بۆ هەموو ئادەمیزاد.

پرسیار/ ئەگەر کاری خراپە قەدەغە نەگونجێ بۆ پێغەمەر ﴿ ﷺ﴾ بەهۆی ئەوەوە خۆی لە خۆیا خۆگرو خۆپارێزە لە هەموو خراپەیە، ئیتر بۆ ئەبێ خوا ئەو باسە بەرپا بکا؟

وەڵام/ بە ڕاستی خوای مەزن فەرماندانی خۆی ڕوویێ ئەکا بۆ لای پێغەمەر لە هەموو کاتێکا، چونکە ئەو شتانە فەرمانە لەلایەن گەورەی بەرزو بەرزتر بۆلای بچوك و بۆلای خوارەوەی خۆی هەتا هەموو کاری چاك و خراپ بۆ پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ ڕون ببێتەوەو لە پێشەوە ئاگاداری بکا لە چۆنیەتی هەموو ڕووداوێکا.

﴿ وَأَسْتَغْفِرِ اللهِ إنَ اللهِ كانَ غَفُوراً رَحِيماً ﴾ وە تۆ داوای لێ خۆشبوون بکە لە خوا بۆ ئەو شتانە هاتووە بە دڵتا بۆ سزادانی ئەو جولەکەیەو پاڵ پشتی کردنی توعمەی دزو هۆزەکەی. بەم جۆرە ئامۆژگاریانەی خوا بۆ پێغەمەر بۆ ئەوەیە پەیڕەوانی ئەو بیکەن بە دەستور بۆخۆیان. بە ڕاستی خوا لێ خۆشبوونی زۆرە بۆ ئەو کەسانە داوای لێ بوردن ئەکەن، میهرەبانە بۆیان.

﴿ وَلا تُجادِلْ عَنِ الذِينَ يَخْتانُونَ أَنْفُسَهُمْ إنَ اللهِ لا يُحِبُ مَنْ كانَ خواناً أَثِيماً ﴾ وەتۆ پارێزداری مەکە لە کەسانێکی ئەوتۆ ستەمیان کردووە لە خۆیان بە دزی کردن و لایەنگری تاوانبار. بەڕاستی خوا خۆشی ناوێ کەسێ ناڕاستە بە زۆری بە هۆی دزینی ئەو زرێیە، زۆر گوناهبارە بەوەی بە ناڕەوا ئەو جولەکەیەی کردووە بە دزینی ئەو زرێیە.

بۆ زانین: ئەو توعمە ناوەی کە دزی کردبوو دوای ئـەو ڕوداوە هەڵـهات و لـە ئـایین وەرگەڕاو چوو بۆ مەکە، لەوێش چوو بۆ دزیی لە مـاڵێك و کونـی کـردە خانوەکـەیان، بەردێ کەوت بەسەریاو کوشتی.

ناوەڕۆکی مانای ئەو ئایەتانەی پێشوو هەر چەندە بە ڕووالەت ڕوویان پێ کراوە بۆلای پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ بەڵام هەموو کەس ئەگرێتەوە. بـە تایبـەتی دادوەران و فـەرمان ڕەواو کـار بەدەستان، ئەو کەسانە خراپەکارن نابێ پشتیوانیان لێ بکرێ. بە ڕاسـتی تۆڵـە لـە هـەموو کەسانێ ئەسێنێ کە درۆزنبن و ستەم لە جگەی خۆیان بکەن.

﴿ يَسْتَخْفُونَ مِنَ النَّاسِ وَلا يَسْـتَخْفُونَ مِـنَ اللهِ ﴾ خۆیـان ئەشـارنەوە لـە ئـادەمیزادو شەرمیان لێ ئەکەن و ئەترسن ئازاریان بدەن، لە پەنهانیدا دژی ڕاستین و، خۆیان لە خـودا بۆ ناشاردرێتەوە، لە خوا ناترسن و شەرم ناکەن، هەر خوایش شایانە بۆ ئەوەی شـەرمی لێ بکرێ و لـێی بترسێ.

﴿ وَهُوَ مَعَهُمْ ﴾ وە خوا لـەگەڵ ئەو کەسانەیەو بە نهێنی دڵیان ئەزانێ و هیچ شـتێ لـە خوا پەنهان نیە. ئەو ئایەتە پیرۆزە بەسە بۆ ئەو کەسانەو ئابڕویان ببا، بە هۆی بێ شـەرمی و نەترسانیان لـە خواو ئەیشزانن خوا ئاگاداری هەموو شتێکە.

﴿ إذ يُبَيِّتُونَ مالا يَرْضى مِنَ الْقَولِ وَكانَ اللهُ بِما يَعْمَلُونَ مُحِيطاً ﴾ کاتـێ ئـەو کەسـانە شەوێ پیلان دروست ئەکەن، درۆو بوختان ڕێك ئەخەن بە شتێ خوا ئەو شتە پەسەند ناکا کە بریتیە لە دزی کردنی توعمەو ئەدرد زینـی ئەوزرێـە ئـەدا بەسـەر ئـەو جولەکەیـەداو سوێندی درۆ ئەخوا. لە نێوان خۆیانا ئەیان ووت: پێغەمەر سوێندی موسڵمانان وەرئەگیرێ و باوەڕ بە جولەکەکان ناکا، خوا ئەزانێ بەشـی ئەوان ئەیشارنەوەو ئاگادارە.

﴿ ها أَنْتُمْ هٰؤلاءِ جادَلْتُمْ عَنْهُمْ في الحَيـاةِ الدُّنْيـا ﴾ ئێـوەی بـاوەڕدار ئاگـادارین، ئێـوە بەرگری و پارێزەری لـە توعمە و خزمەکانی ئەکەن کە بەو بۆنەوە موسڵمانن لە زیندەگانی جیهاندا. هەندێ لـە زانایان ئەڵێن: ئەو ئایەتە گفتوگۆیە لـەگەڵ خزمانی توعمە، یانـێ ئێـوە لایەنی توعمە ئەگرن لـە ژیانی جیهاندا.

﴿ فَمَنْ يُجادِلُ عَنهُمْ يَوْمَ القِيامَةِ ﴾ دوایی چ کەسێکە دژایەتی خوا بکاو بەرانبەری ڕاوەستێ و بەرگری بکا لە توعمە و خزمەکان توعمە لە ڕۆژی هەڵسانەوەیان لە گۆڕەکانیان، هیچ کەسێ ئەو توانایەی نیە و هەمو کارێ بەدەستی خوایە لەو ڕۆژەدا کەفەرمان ئەدا بخرێنە نێو ئاگرەوەو سزایان ئەدرێ. بەو ئایەتە قەدەغە کراوە یارمەتی دانی ستەمکاران.

﴿ أمْ مَنْ يَكُونُ عَلَيْهِمْ وَكِيلاً ﴾ یا چ کەسێکە بەسەریانەوە بێ و ئاگاداریان بکاو بیان پارێزێ لە سزا لە ڕۆژی دووایدا و ببێ بە پارێزەریان. بێگومان هیچ کەسێ ئەو توانایە نیە.

﴿ وَمَنْ يَعْمَلْ سوءً أو يَظْلِمْ نَفْسَهُ ﴾ وەهەرکەسێ کارێکی خراپ بکاو ئازار بە جگەی خۆی بگەیەنێ و نیازی وابێ تاوانێ بدا بەسەر کەسێ تردا. بە وێنەی درۆ کردن لەگەڵ قەتادەی خاوەنی زرێیکەو لەگەڵ زەیدی جولەکە، یا ستەم لە خۆی بکاو سوێندی درۆ بخواو بوختان بکا بە کەسێ ترداو هاوبەش بۆ خوا دابنێ.

﴿ ثم يستغفر الله يجد الله غفوراً رحيماً ﴾ دوایی ئەو کەسە داوای لێ خۆش بوون بکا لە خوا و پەشیمان ببێتەوە لەو گوناهانە کردویەتی خوای دەست ئەکەوێ بەوە لەو کەسە خۆش ببێ لەگوناهەکانی و میهرەبانە لەگەڵیا . ئەو ئایەتە هانی هەموو گوناهباران ئەدا بۆ پەشیمان بوونەوە لەگوناە . بەتایبەتی توعمە و خزمەکانی .

دوای ئەو فەرمودانەی پێشوو: خوا بۆمانی ڕون کردۆتەوە ڕێگەی دۆزینەوەی پەشیمان بونەوە لە گوناە. ڕوونی کردوەتەوە گوناە هەرچەندە زۆرو گەورەبێ، یا کەم و بچوکبێ نابنە هۆی وەرنەگرتنی پاڕانەوەو پەشیمان بونەوە لە هەرکاتێکا داوای بکا.

﴿ وَمَنْ يَكْسِبْ إثْماً فَانّما يَكْسِبُهُ عَلَى نَفْسِهِ وَكانَ اللهُ عَليماً حَكيماً ﴾ وەهەر کەسێ گوناهێ بکاو بیەوێ بیدا بەسەر کەسێ تردا پاکبێ، دوایی بە ڕاستی ئەو کەسە تۆڵەی لەو گوناهەی لەسەر خۆیەتی و بۆ خۆی ئەگەڕێتەوەو، خوا هەموو شتێ ئەزانێ. بە تایبەتی فەرماندانی بە بڕینی دەستی دز.

﴿ وَمَنْ يَكْسِبْ خَطِيئَةً أَوْ إِثْماً يَرْمِ بِهِ بَرِيئاً ﴾ وەهەر کەسێ گوناهێکی بچوك بکا یا گوناهێ بە هەڵە بکا. یا گوناهێکی گەورەبێ، یان بەدەستیان قەس بیکا، لە پاشا ئەو گوناهە بگرێتە کەسێ تری بێ تاوان. ببێتە هۆی لەکەدارکردنی، بۆ ئەوەی ئەو کەسە تۆڵەی تاوانەکەی هەڵگیرێ، بە وێنەی توعمە کە ئەو زرێیەی دزی دایە پاڵ زەیدی جولەکە.

﴿ فَقَدِ احْتَمَلَ بُهْتاناً وَإِثْماً مبِيناً ﴾ دوایی بە ڕاستی ئەو کەسە بوختانێك و گوناهێکی ئاشکرای هەڵگرتووە، ئەندازەیان لە گەورەییدا دیاری ناکرێ، چونکە ئەو کەسە گوناهباربووە بە کردنی ئەو گوناهە، تاوانباریشە بەو بوختانە داویەتیە پاڵ کەسێکی بێ تاوان. کەواتە لەیەك کاتدا دوو گوناهی کردووە.

بۆ زانین: بۆختان کردن دوو جۆرە:

(١) کەسێ گوناە ئەکاو ئەیداتە پاڵ کەسێ تری بێ تاوان.

(٢) کەسێ خۆی گوناهی نەکردووە، بەڵام بوختان ئەکا بە کەسێ تری بێ تاواندا، ئەو کەسانە وەك دەستیان قەس ئەژمێرێ کە تۆڵەی زۆر گەورەیەو سەختە، خزمەکانی توعمەی دز، ئەیانزانی کە توعمە زریکەی دزیوە کەچی پیان ووت: تۆ لای پێغەمەر(د.خ) سوێند بخۆ کە من نەم دزیوە، بێ شەرمانە داوایان لە پێغەمەر کرد کە بەرگری لە توعمە بکاو بیپارێزێ لە تۆڵەی دزینی ئەو زرێیەو بیداتە پاڵ ئەو جولەکەیە، بۆڕون کردنەوەی ئەو باسە خوا فەرموی:

﴿ وَلَوْلا فَضْلُ اللهِ عَلَيْكَ وَرَحْمَتُهُ﴾ وەئەگەر گەورەی خوا بەسەر تۆ نەبوایە کە سروشی بۆ ناردی و لە ڕاستی و ناوەڕۆکی ڕووداوەکە ئاگاداری کردی و، میهرەبانی و بەخشندەیی خوا نەبوایە کە تۆی لە نیازی سزادانی زەیدی جولەکە و لە باوەڕ پێ کردنی توعمەی کوڕی ئەبو یریف لایدای.

﴿ لَهَمَّتْ طائِفَةٌ مِنْهُمْ أنْ يُضِلُّوكَ وَما يضِلُّونَ إلاّ أنْفُسِهِمْ ﴾ بە ڕاستی ویستیان تاقمێ لە هۆزی بەنی زوفەری خزمانی توعمەی دزو نیازیان وابوو کە تۆ وەربگێڕن لە فەرمانی

ڕاستی و بت خەڵەتێنن لەگەڵ ئەوەیشدا ئەیانزانی ڕوداوەکە چۆن بوەو، لە ڕێگە لانادەن و کەس ناخەڵەتێنن مەگەر هەر خۆیان وەرگێڕن لە ڕاستی، چونکە تاوانی ئەو کارە بۆخۆیان ئەگەڕێتەوە.

﴿ وَما يَضُرُّونَكَ من شَيءٍ ﴾ وە ئەوان زیان بە تۆ ناگەیەنن هیچ شتی، تۆ لەژێر پاراستنی خوادای، ئەو شتەی هات بە دڵی تۆودا کە یاسا بەسەربێ تاوانا دابەزێنێ بە گوێرەی دەرکەوتووی ڕووداوەکە بوو کە زرێیەکەیان لە ماڵی زەید دەرهێنا، بەو بۆنەوە ویستت دەستی زەید ببڕێ.

ئەو ئایەتە بە ڕونی بۆمان دەرئەخا کە پێغەمەر ﴿ ﷺ﴾ لایەنی توعمەی نەگرتووە کە خۆی و هۆزەکەی لە پەیمان لایانداوە، هەرگیز پێغەمەر ﴿ ﷺ﴾ نەیویستوە دەستی زەید ببڕێ لەبەر دڵی ئەوان، پێغەمەر ﴿ ﷺ﴾ تەماشای دەرکەوتنی زرێیەکەی کردوە لە خانوی زەویدا هێنایانە دەرێ.

﴿ وَأَنْزَلَ اللهُ عَلَيْكَ الْكِتابَ وَالْحِكْمَةَ ﴾ وە خوا ناردویتیە خوارەوە نامەیەکە بریتیە لە قورئان کە یاسای هەموو ڕوداوێکی بۆ ڕون کردویتەوەو، ناردوێتە سەری تۆ هەموو ئەو فەرمانانە لە قورئاندا، هەموویان لە جێگەی شیاویی خۆیانا دانراون، بە تۆی ناساندووە کاری ڕەواو قەدەغە.

﴿ وَعَلَمَكَ مالَمْ تَكُنْ تَعْلَمُ ﴾ وە خوا فێری تۆی کردووە شتێ تۆ ئەو شتەت نەزانیوە، بە هۆی سروشە هەموو کارێکی نهێنی پێ ناساندوویی. بە تایبەتی پیلانی هۆزی توعمە کە لە شەودا بڕیاندابوو کە تۆ لایەنی ئەوان بگری.

﴿ وَكانَ فَضْلُ اللهِ عَلَيْكَ عَظِيماً ﴾ وە گەورەیی و ڕێزگرتنی خوا بەسەر تۆوە گەورەیە، چ شتێ بێ گەورەتر لەوەی تۆی کردووە بە فروستادەو کردوویتی بە پێشەوای هەموو ئادەمیزاد. بە تایبەتی تۆی پاراست لە هەڵەو هەڵ خلیسکان و فێری کردن شتێ ترنەت ئەزانی.

ئەو ئایەتانە بەڵگەن لەسەر ئەوە بۆ هیچ کەسێ دروست نیە لایەنگری هیچ کەسێ تر بکا بە بوون و نەبوونی هیچ ڕووداوێ، پێویستە فەرمان ڕەوا لایەنی هیچ کەسێ نەکرێ لە باوەڕداران و لەبێ باوەڕان هەتا پێویستی ڕوداویان بۆ دەرئەکەێ. پەیدابوونی شتێکی دزراو نابێتە هۆی فەرماندان بەسەریا مەگەر پاش ڕوون بوونەوە.

پاش ئەوەی خوای مەزن لە ئایەتەکانی پێشوودا باسی ئەو کەسانەی کرد بە شەودا کۆڕیان بەست بۆبڕیاردان لەسەر گفتوگۆی ناڕەواو یارمەتی دانی گوناهباران، دوایی باسی ئەو کەسانەمان بۆ ئەکا کە زوربەی چغەکانیان چاکەی تێدانیەو ئەفەرموێ:

لَّا خَيْرَ فِي كَثِيرٍ مِّن نَّجْوَىٰهُمْ إِلَّا مَنْ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوْ مَعْرُوفٍ أَوْ إِصْلَـٰحٍۭ بَيْنَ ٱلنَّاسِ ۚ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ ٱبْتِغَآءَ مَرْضَاتِ ٱللَّهِ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا ﴿١١٤﴾ وَمَن يُشَاقِقِ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ ٱلْهُدَىٰ وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ ٱلْمُؤْمِنِينَ نُوَلِّهِۦ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصْلِهِۦ جَهَنَّمَ ۖ وَسَآءَتْ مَصِيرًا ﴿١١٥﴾

﴿ لا خَيْرَ فِي كَثِيرٍ مِنْ نَجْواهُمْ إلاّ منْ أمَرَ بِصَدَقَـةٍ ﴾ هیچ چاکەیە نیە لە زۆربەی چغەی تاقمی توعمەدا، بە تایبەتی ئەو پیلانە نهێنیە بەشەوا ڕێکیان خست بۆ ڕزگارکردنی توعمە مەگەر چغەی کەسێ فەرمانی دابێ بە بەخشینی دارایی بە لێ قەوماوان و بە هەژاران.

﴿ أَوْ مَعْرُفٍ أَوْ إِصْلاحٍ بَيْنَ النّاسِ ﴾ یا فەرمانی دابێ بە پەرستنی خواو بە شتێ یاسای ئیسلام پەسەند کردبێ. وەك دەست گیرۆیی کردنی ئادەمیزادو هەموو شتێ لای یاساو لای ئەقلّ چاکبێ. بە چاکە ئەژمێررێ بە ڕووپێکی گەشەوە گفتوگۆ لەگەلّ دانیشتوان بکرێ یا فەرمانی دابێ بە ئاشتەوایی پەیداکردن لەنێو ئادەمیزاد، لێلّی دوژمنایەتی نێوانیان نەهێلّێ، بەمەرجێ لە سنوری یاسای بەڕێزی ئیسلام دەرنەچێ.

ئەو ئایەتانە هەرچەندە دەربارەی چغەکردنی تاقمی توعمە هاتوەتە خوارەوە. بەلاّم هەموو چغەیە بۆ کاروباری ئادەمیزاد بکرێ ئەی گرنەوە. بە ڕاستی ئەو ئایتە جێگەی کۆبوونەوەی هەموو چاکەی تێدا باسکراوە.

پرسیار/ وەك باسکرا زۆربەی چغەچاکەی تێدا نیە. بە ڕاستی وەك ئەزانرێ چغە لە نێو یەکتریدا ئەکرێ دەربارەی بازرگانی و پیشەسازی و کشت و کالّ و شتی تردا لەو شتانە پەیوەندیان بە گوزەران و بوژانەوەی دانیشتوانەوە هەیە، ئایا ئەوانەیش چاکەیان تێدا نیە؟

وەلاّم/ ئەو شتانەی چاکەی ڕوتیان تێدایە ئەگەر لەسنوری یاسای ئایین دەرنەچن زۆر چاکن بگرە وایش ئەبێ ئەو چغانە پێویستین بە گوێرەی یاساو ئەقلّ و نەریت لە کاتێکا ژیان و بوژانەوەی ئادەمیزادیان پێوە بەسترابێ.

﴿ وَمَنْ يَفْعَلْ ذلك إِبْتِناءَ مَرْضاةَ اللهِ ﴾ وەهەر کەسێ ئەو سێ شتانە ناوبراون بەجێیان بهێنێ لەبەر داواکردنی ڕەزامەندی خوا. فەرماندان بە چاکە هەموو کاتێ هەر چاکەیە. بەلاّم کارپێ کردنیان لەبەر خوا نەك بۆ پەیداکردنی پلەو پایە، زۆر گەورەترە لەوەی ئامۆژگاری خەلّکی بکرێ و کاری چاکەیان بۆ ڕون بکرێتەوەو خۆی کاری پێ نەکا، بگرە لەلایەن خوای مەزنەوە ئەبێتە هۆی سزادان، فەرماندان بە چاکە ڕێگەیە بۆ کردنی چاکەو مەبەست بریتیە لە کارپێ کردنی، ئەگەر کاری پێ نەکرێ سودی بۆ ئامۆژگاری کەرنیە.

﴿ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أجراً عَظِيماً ﴾ دوایی ئێمە ئەبەخشین بەو کەسە پاداشتی زۆر گەورە نەیەنە ژمارەو هەموو شتێ لە چاو ئەوا بەکەم دابنرێ.

﴿ وَمَنْ يُشاقِقِ الرَسُولَ مِنْ بَعْدِ ما تَبَيَنَ لَهُ الْهُدى ﴾ وەهەر کەسێ دوژمنایێتی فروستادەی خوا بکاو بێ فەرمانی بکا لە دووای ئەوەی بۆ ئەو کەسە ڕون ببێتەوە ڕێگەی ڕاست و ڕانمویی بە هۆی ئاگادار بوونی لەسەر کارە بە هەموو کەس نەکراوەکان کە بەلگەن لەسەر ڕاستی پێغەمەر ﴿ ﷺ﴾.

﴿ وَيَتَبِعْ غَيْرَ سَبِيلَ الْمُؤمِنينَ ﴾ وە دوای جگەی ڕێگەی باوەڕداران بکەوێ، زانایان ئەلێن: ئەو ئایەتە لە بارەی توعمە دزەوە هاتۆتە خوار. بەلام هەموو کەسانێ ئەگرێتەوە کە کردەوەیان وێنەی ئەوبێ.

﴿ نُوَلِهِ ما تَوَلى وَنُصْلِهِ جهنّم وَساءَ تْ مَصِيراً ﴾ وە ئێمە ئەو ئەگێڕین بەسەردارو خاوەنی ئەو شتە خۆی سەرداری کردووەو بۆخۆی هەلبژاردوە لە گومڕایی و لادانی لە ڕاستی و خۆی و بۆ خۆی سەربەستە لەهەر کارێکا ئەیکاو، ئێمە ئەو کەسە ئەخەینە دۆزەخەوەو دۆزەخ خراپ جێگەی گەڕانەوەیە.

ئەو ئایەتە چەندین سودی تێدایە:

١- فەرمودەی خوا (نُوَلِهِ ما تَوَلى) ئاماژەی ئاشکرایە ئادەمیزاد سەربەستن و نابڕێن بە ڕێگەدا بۆ هیچ کارێ

٢- (مِنْ بَعْدِ ما تَبَيَنَ لَهُ الْهُدى) بەلگەیە لەسەر ئەمەی هەر کەسێ بە وردی گەڕا بە شوێن ڕاستیدا ڕێگەی نەدۆزییەوە ئەو کەسە بیانوی لێ وەرئەگیرێ بە وێنەی کەسێ بانگی ئیسلامی پێنەگەیشتبێ، بە مەرجێ ڕوبکا بۆلای ڕاستی و کار بەڕاستی بکا هەر کاتێ ڕاستی بۆ دەرکەوت.

٣- ئادەمیزاد داوای شتێکی لێ ئەکرێ بیزانێ لە بەلگەیەکەوە، بەر پرسیارنیە لای خوا ئایا لە ڕاستیدا وایە یا نە؟، ئەوەی داوای بۆ بکرێ لە ئادەمیزاد گەڕانە بە ووردی بۆ ڕاستی بە گوێرەی توانای خۆی هەتا دەستی لە هەموو بەلگە ئەبڕێ، ئەگەر توشی ڕاستی بوو ئەو کەسە ئەبێ بە خاوەنی دوو پاداشت: بۆ کردنی ئەو شتەو بۆ گەڕان بە شوێن ڕاستیدا.

٤- پرسیار لە پێشەوا شافعی کرا لــە ئایـەتێ بەڵگـەبێ لـەسـەر (الأجماع) ئەفـەرموێ (٣٠٠) جار قورئانم خوێند هەتا ئەم فەرمودەیەی خوام دەست کەوت (وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلَ الْمُؤْمِنِينَ). کەواتە دواکەوتنی باوەڕداران پێویستە، ڕێگەی ئـەوانیش کۆبونەوەیانـە لـەسـەر هەر شتێ بێ.

هەر کاتێ یەکێتی نەتـەوەکان بنچینـەی لـەسـەر یـەکێتی بیروبـاوەڕ دانرابـێ، پێویستە پەرستراوەکەیشیان یەکبێ و خوایان یەکبێ، ئەو کاتە سەرکەوتنیان مسۆگەر ئـەبێ، ئەگـەر نیازو بیرو باوەڕو پەرستراوەیان زۆربون و پارچە پارچە بن سەرکەوتنیان بۆ ناگونجێ، بۆیـە خوای مەزن فەرمان ئەدا بە پەرستنی خوا بە تەنهاو هاوبەش بۆ خوا دائەنرێ و ئەفەرموێ:

إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ
ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ۚ وَمَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَٰلًۢا بَعِيدًا
﴿١١٦﴾ إِن يَدْعُونَ مِن دُونِهِۦٓ إِلَّآ إِنَٰثًا وَإِن يَدْعُونَ
إِلَّا شَيْطَٰنًا مَّرِيدًا ﴿١١٧﴾ لَّعَنَهُ ٱللَّهُ ۘ وَقَالَ لَأَتَّخِذَنَّ
مِنْ عِبَادِكَ نَصِيبًا مَّفْرُوضًا ﴿١١٨﴾ وَلَأُضِلَّنَّهُمْ وَلَأُمَنِّيَنَّهُمْ
وَلَءَامُرَنَّهُمْ فَلَيُبَتِّكُنَّ ءَاذَانَ ٱلْأَنْعَٰمِ وَلَءَامُرَنَّهُمْ
فَلَيُغَيِّرُنَّ خَلْقَ ٱللَّهِ ۚ وَمَن يَتَّخِذِ ٱلشَّيْطَٰنَ وَلِيًّا
مِّن دُونِ ٱللَّهِ فَقَدْ خَسِرَ خُسْرَانًا مُّبِينًا ﴿١١٩﴾

يَعِدُهُمْ وَيُمَنِّيهِمْ ۖ وَمَا يَعِدُهُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ إِلَّا غُرُورًا ﴿١٢٠﴾
أُو۟لَٰٓئِكَ مَأْوَىٰهُمْ جَهَنَّمُ وَلَا يَجِدُونَ عَنْهَا مَحِيصًا ﴿١٢١﴾
وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ سَنُدْخِلُهُمْ
جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ۖ وَعْدَ
ٱللَّهِ حَقًّا ۚ وَمَنْ أَصْدَقُ مِنَ ٱللَّهِ قِيلًا ﴿١٢٢﴾

﴿ إنَ الله لا يغفر أنْ يُشْرَكَ بِهِ ﴾ بە ڕاستی خـوا خـۆش نابـێ کـە هاوبەشـی بـۆ ئـەو دابنرێ لە پەرستندا بمرێ لەسەری. ئـەو ئایتـە هاتۆتـە خـوارەوە دەربـارەی پیـاوێکی بـە ساڵاچوو کە چووە خزمەت پێغەمەر ﴿ ﷺ ﴾ ووتی: من لەمەوپێش چوبوومە خـوارەوە لـە گوناه کردندا. بەڵام لەو کاتەوە باوەڕم بە خـوا هێنـاو هاوبەشـم بـۆ دانـەناوەو ناسـیومە، جگەی خوایش کەسم نەکرووە بەسەرداری خۆم، لەبەر ئەوەی پەلاماری گوناهم نـەداوەو پەشیمان بومەتەوە لـە گوناهەکانم ئەبێ خوا چ شتێکم پێ بکا، بەو بۆنەوە ئـەو ئایەتـە هاتـە خوارەوە هەندێ تر لـە زانایان ئەڵێن: هاتوەتە خوارەوە دەربارەی توعمەی کوڕی ئەبو بریق کە لەسەر هاوبەشدانان مرد.

﴿ وَيَغْفِرُ ما دُونَ ذلِكَ لِمنْ يَشاء ﴾ وەخوا خۆش ئەبێ لە شتێ جگـەی هاوبەشـدانانبێ بۆ خوا ئەگەر پەشیمان ببێتەوە بە ڕاستی لـە بۆ کەسێ ئـارەزۆی هـەبێ لـێـی خـۆش ببـێ. ناوەڕۆکی ئەو ئایەتە هەموو کەسێ ئەگرێتەوەو هـەموو گوناهـێ ئەگرێتـەوە، بـە پەشـیمان بونەوەیش لـە هاوبەشدانان، ئەگەر مرۆڤێکی گوناهبـار بمـرێ و پەشـیمان بوبێتـە، بـۆ ئـەو کەسە هەواڵەی ئارەزۆی خوایە.

﴿ وَمَنْ يُشْرِكْ بِاللهِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلالاً بَعِيداً ﴾ وەهەر کەسێ هاوبەشی بۆ خوا دابنێ بە بت و جگەی بت لە گۆڕ پەرستی و پیران و کار بەدەستان و سامان، دوایی بە ڕاستی ئەو کەسە لە ڕێگەی ڕاست لایداوە بە لادانێکی دووررودرێژ و بێ کۆتا.

هەرچەندە لە باسی ماناکردنی ئایەتی (٤٨) لە سورەتی ئەلبەقەرەدا باسی دووپات کردنەوەی هەندێ لە ئایەتەکانی قورئان کرا بۆ هەندێ ڕووداو بۆ دووجار یا زۆرتر، لەم سورەتەیشدا جارێ تر وێنەی ناوەڕۆکی ئەو ئایەتەی (٤٨)ی ئەم سورەتەیش لێرەدا دووپات کراوەتەوە، ئەبێ هۆی ئەو دووپات کردنەوە چ شتێ بێ کە لە زۆر شوێنی قورئاندا هەن؟

وەڵامی دوپات کردنەوەی هەندێ ئایەت لەبەر ئەمانەیە: ئەبێ بزانین قورئان یاسای دەست کردو نامەی هونەری نیە باسی ڕووداوێ بکا یەك جار بگەڕێتەوە بۆلای ئەو یاسایە کەسێ بیەوێ کار بەو یاسایە بکا. بەڵکو قورئان نامەی ڕانموویيە، نامەی شارەزایی کردن و سەپاندنی ڕەووشتی بەرزو بەرێزە بۆ ئادەمیزاد، ئەوانەیش پێك دێن و ئەچنە مێشکەوە بە هاوردن و بردنی چەند مانایەکە پێویستین و بخرێنە دەرون و مێشکی ئادەمیزادەوە، لە هەموو باسێکا کە ئامادە بکرێن بۆ وەرگرتنی مانای مەبەست پێك نایەن بۆ ئادەمیزاد لە هەموو ڕوێکەوە بە باشی بە جگەی دووپات کردنەوەی باسەکە، بۆیە ئەبینرێ خاوەن بیروباوەڕو خاوەن ڕامیاریەکان و ئەو کەسانەی دەستوری کۆمەڵایەتی و سروشت و ڕەوشتی ئادەمیزاد ئەزانن و لە چۆنێتیان شارەزان بۆ چەند جارێ مەبەستەکانی خۆیان لە خوتبەو گفتوگۆیانا دووپات ئەکەنەوە لە ووتارەکانیدا، هەروەها ئادەمیزاد لە توانایانا نیەو زوربەیان ناگەن لە هەموو کون و قوژبن و چۆنیەتی هەموو ڕووداوێ بەیەکجار بەو بۆنەوە باسمان کرد پێویستە یەك خوا بناسین بۆ ئەوەی بتوانین و نەشلەژێین بە ئاواتی خۆمان بگەین لە بلاوکردنەوەی ئایین و بەرهەڵستی کردن لە دوژمن. ئەبێ لە بیرمان نەچێ پەیدابوونی بیروباوەڕو تاقم و پارتی زۆر یەکەمین هۆن بۆ گزبونی یاسای ئیسلام و بێ هێزی

موسڵمانان. بۆ نموونە پاش ماوەیە دوای هاتنی ئایینی ئیسلام ئاگر پەرستەکان لەنێو نەتەوەی فارسیدا پارت و بیروباوەڕی زۆریان خستە نێو موسڵمانان بۆ گۆڕانیان وا گومان پەیدا کردنیان لە ئایین و شڵەژاندیان لە دژی یەکتری، لە زۆر کاتا بە ئاواتی خراپی خۆیان گەیشتن.

پاپاکان و پاشاو کار بەدەستانی بێ باوەڕان و فەرمان ڕەوایانی ساویلکەی موسڵمانان. بە تایبەتی خاچ پەرستانی ئورووپاو زاوێنیەکان ئەوانیش لە کۆن و تازەدا پارت و تاقم و شاگردو ستونی پێنچەمیان لە نێوموسڵماناندا پەیدا کرد، بەو بۆنەوە هەوڵێکی زۆریاندا بۆ پەیداکردنی گومان و دووبەرەکی لە نێو دەرونی موسڵماناندا. بە تایبەتی بیری بێ خوایی و خستنە دڵیان و بێ نرخ کردنی ئایین لە ناویانا، بۆ پشت گیری مەبەستی خۆیان یارمەتی زۆریان وەرگرت لە دابەزینی لاوازی کردنی باوەڕداران بە گۆڕینی جل و بەرگی ناشایستە بۆ ژنان و مۆدێلی وا کە دژی پەیڕەویی ئیسلامن و بە بڵاوکردنەوەی خواردنەوەی مەی و کردنی قومار و ئامادەکردنی جێگەی داوێن پیسی بێ ئەندازەیی بەبێ ترس، بەو بۆنەوە کێوی سەختی ئایین بە گورجی کزو لاوازبوون. ئەگەر هەروەها بڕوا تروسکەی نامێنێ و ئەتوێتەوە، بۆ ئەو ڕووداوانە موسڵمانان بە گشتی و زانایان بە تایبەتی و کاربەدەستان بە تایبەتی تر بەر پرسیارن.

خوای مەزن باسی ئەو کەسانەی بۆ کردین هاوبەشیان بۆ خوا دائەنا لە پەرستنیدا لەو ئایەتانەی پێشودا. عەرەبەکان بەر لە ناردنی پێغەمبەر ﴿ ﷺ﴾ گومانیان وابو فریشتەکان کچی خوان. دوایی خوا باسی چۆنیەتی کردەوەی ئەو بێ باوەڕانەمان بە ڕوونی بۆ ئەکاو ئەفەرموێ:

﴿ إِنْ يَدْعُونَ مِنْ دونِهِ إلاّ إناثاً ﴾ ئەو بت پەرستانەی عەرەب ناپەرستن لە جگەی خوا مەگەر چەند پەرستراوێکی مێینە، بۆیە بە گوێرەی بیروباوەڕی خۆیان و بۆ پیرۆزی ناویی بتەکانیان ئەنا بە ناویی ژنانەوە، وێنەی ئەوانیان ئەکێشا بە وێنەی ژنان و شخڵی ژنانەیان ئەکرد بە بەریانا، وەك لات و عوزاو مەنات، بەلایانەوە وابوو ئەو بتانە لە وێنەی کچەکانی

خوان و لە خواوە نزیکن. بەڵام کە ماوەی زۆریان بەسەردا تێپەڕی بەوەیشەووە نەوەستان یەکسەر کردنیان بە خواو بڕوایان وابو ئەوان ڕۆزی دروست کەرن. بە داخەوە ساویلەکەکانی ئەم سەردەمەی ئێستا وایان لێ هاتووە کە پیرەکانی تەریقەت زیان و سود ئەبەخشن بە ئادەمیزاد، بێ شەرمانە ئەچنە لای گۆڕی مردووەکان و لەوان ئەپاڕێنەوە، لە کەسێ لەوانە سەر بە تەریقەتانن لێم بیست وتی: گیبا بەبێ دەستوری فلان پیر سەوز نابێ و لای کەسێ لە زانا گەورەکانیان ئەو گفتوگۆیەی کردو ئەویش دەنگی نەئەکرد.

﴿ وَإِنْ يَدْعُونَ إلاّ شَيْطاناً مَرِيداً ﴾ وە ناپەرستن لە ناوەڕۆکا مەگەر شەیتانی زۆریاخی لە پەرستنی خوادا، چونکە هەر شەیتان فەرمانی پێداون بە پەرستنەکان و ئەو بیروباوەڕە خراپە. کەواتە لە بنەڕەتدا شەیتان پەرستن.

﴿ لَعَنَهُ اللهُ وَقالَ لأَتخذن مِنْ عِبادِكَ نَصِيباً مَفْرُوضاً ﴾ خوا شەیتانی بێ بەش کردووە لە میهرەبانی و بەزەی خۆی، شەیتان وتی: بە ڕاستی من وەرئەگرم بۆ خۆم لە بەندەکانی تۆ بەشێکی پێویست کراو، بێژراوە لە هەموو هەزارێکا نۆسەدو نەوەدو نۆیان بەشی شەیتانن، یەك کەسیان بەشی خوان. ئەو ڕستەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی شەیتان ئەوپەڕی دوژمنی ئادەمیزاد.

پرسیار/ لەو ڕستەیەوە وادەرئەکەوێ شەیتان کەسێکی ڕاستەقینەیەو هەموو هێزو بڕوایکە بۆخۆی گفتوگۆ ئەکا بەرانبەر خوا ئایا ئەبێ بەو جۆرە بێ یا مانایکی لێ ئەدرێتەوە بە جۆرێ تر.

وەڵام/ هەموو کەسێ لە ئادەمیزاد ئامادەیی تێدا هەیە بۆ کردنی کاری چاك و کاری خراپ، بە ڕاستی مەبەست لەوبەشەی شەیتان خۆ ئامادەکردنی شەیتانە بۆ ئەوەی ئادەمیزاد کاری خراپ بکا.

بۆ زانین: لەوانەیە هەندێ کەس بڵێن: شەیتان هەر نەبووەو نابێ، بە ڕاستی بیرکردنەوە لە شەیتان کە دەسەڵاتی پەیدا کردووە بەسەر ئەقڵی ئادەمیزادا لە ڕۆژێکا بووە زانین و

زانست بریتیە بووە لە چەندین ووشەیە ببێژرێ لە نێو ڕیزی قوتابیەکاندا، بریتی بووە لە چەندین دێڕ لاپەڕەی نامەکانی پڕکردوەتەوە، سەری نەکێشاوە بۆلای کار پێ کردن مەگەر کەمجار. بەڵام لەم ڕۆژەدا بە ڕاستی بیرۆکەی شەیتان بە هەموو ماناکانیەوە گەڕاوە بە چیرۆك و پڕو پوچ و بێ بنچینە، دوای ئەوەی زانست بەراوردکارە بۆ هەموو ڕاستەقینەو بنچینەیە بۆ هەنگاوێ هەنگاوی بۆ ببەیی و خاوەنی هێزە لە هەموو گۆڕەپانێکا کارێکی بە هەموو کەس نەکراویی وایە ئاسن ئەخاتە جوڵە بە هەزاران مەتر ببڕێ بە ماوەیەکی کەم، ئەفڕێی بە هەوادا بۆلای مانگ و مەڕیخ و لەناو ئەوانە گفتوگۆ ئەکەن لەگەڵ دانیشتوانی زەویدا. کەواتە زانست بەشی شەیتان ناهێڵێ هەتا بیر لە شەیتان بکەینەوە؟

لە وەڵامدا ئەبێژرێ زانستیش دوو جۆرە: چاك و خراپ، خراپەکەیان بەشی شەیتانە، ئێمە گومان نابەینە هیچ کەسێ لە نرخی زانست و سودەکانی کەم بکاتەوە، بە ڕاستی زانست هێزو سامانێکی گەورەیە. ئادەمیزاد پێویستیان بە زانست هەیە بە وێنەی پێویستیان بە ئاو. بەڵام هیچ کەسێ نیە نەزانێ کە زانست بە تەواوی وەك ئادەمیزادە لە ئامادەبونیا بۆ کاری چاك و خراپ. بەڕاستی هەرکاتێ زانست ڕووی پێ بکرێ بۆلای چاکە خواردەمەنی ئەرەخسێنێ بۆ کەسانی برسی و بەرگ بۆ ڕووتاڵەکان و چاك کردنەوەی نەخۆشەکان. کاتێ زانست ڕووی پێ بکرێ بۆلای خراپە دانیشتوان ئەکوژێ و ئاوەدانی کاول ئەکا، خراپە جێگەی ڕامیاری ئەو شەیتانەیە ئێمە باسی ئەکەین و مەبەستمانە، بە ڕاستی زانیاری ئەمڕۆ بەدەستی ڕامیاریەوەیە ڕوی پێ ئەکا بۆلای لەناوبردن و کاول کردن و دەستەڵات پەیداکردن و چەوسانەوە.

بە ڕاستی بەشی شەیتان بەهەر شێوەیە ئارەزۆت هەبێ دوپات ئەبێتەوە بە پێشکەوتنی زانیاری و گەشەکردنی، چونکە یاریدەرانی خراپە لە ڕابوردوودا خۆیان چەکدار ئەکرد بە چەکی بازوو لەش. بەڵام ئێستا دوای ئەوەی زانست ئەم دەستەڵاتەی پەیدا کردووە، تاقمی شەیتان خۆیان چەکدار ئەکەن بەزەڕەو بە چەکی خراپ بۆ نەهێشتنی شارستانی و بۆ داگیرکردنی جیهان، ئەو کەسانە خۆیان شەیتانن و دوژمنی خواو ئادەمیزادن، ئەو

خوێندنگایانە ئێستا لیرەو لـەوێ بڵاوبونەتـەوە زۆریـان بەشـی شـەیتانن و باسـی ئـایین و ڕەوشتی بەرزیان تێدا ناخوێنلرێ. هەر بەو جۆرە وڵامی شەیتان ئەدەنەوە کە خوا ئامـاژەی پێ کردووە بە فەرمودەی خۆی (لأتخذن مِنْ عِبادِكَ نَصِيباً مَفْرُوضاً). ناوەڕۆکی ئەم ئایەتەی خواو ڕەویشە کە ئەفەرموێ:

﴿ وَلأُضِلَنَهُمْ وَلأُمَنِيَنَهُمْ ﴾ شەیتان ئەڵێ: سوێندم بەخوا، من بەندەکانی تـۆ لائـەدەم لـە ڕێگەی ڕاست بە هۆی ڕازانەوەی کاری پوچ و خراپ کە ئەیان ڕێژمە دەرونیان، وەوایـان لێ ئەکەم بەتەمای مانەوەی زۆر بن لەجیهاندا خۆیان نابەستن بە کاری ڕاسـت و چاکـەوە، بەبێ شەرمانە ئەڵێن: نە چاك هەیە نە خراپ. نە بەهەشت هەیەو نـەدۆزەخ. زیندوبوونـەوە هەر نیە، سامان و دارایی بسازێنە و بـە خۆشـی بژیـی و بـێ دڵـی خـۆت مەکـە، ئەوانـە هەموویان لادانە لە ڕێگەی ڕاست بە هۆی شەیتانەوە، من ئەخەمە نێو دڵیان چەندین ئاواتی پڕوپوچ لە درێژی ئەمەن و لەوەی زیندوبونەوەو سزادان نیـەو لـە گەیشـتنیان بـە ئـاواتی خۆیان لەسەر خەیاڵ بژین، هەندێکیان بڕوایان بە خوا نیە، هەندێ تریان ئەڵێن: لە دواییـدا پەشیمان ئەبینەوە، خوا میهرەبانـەو ڕزگارمـان ئـەکا لـە ڕۆژی پرسیارو تۆڵـەدا، ئەوانـە هەموویان بەشی شەیتانن کە بە دەیان ئاواتی بەختیاری ئەخاتە دڵیان بـۆ ئـەوەی لادەن لـە پەرستن.

﴿ وَلأُمُرَنَهُمْ فَلَيُبَتِكُنَ آذانَ الأنْعامِ ﴾ وە شەیتان ئەڵێ: من فـەرمان بـە بەشـکانی خـۆم ئەدەم لەبەندەکانی تۆ بە بڕینی گوێچکەکانی ئاژاڵەکانیان، دوایی ئەوان گوێچکـەی چـوار پێکانیان ئەبڕن کە بریتین لە بزن و گاو مەڕو هوشتر. ئەو کارە خراپـە یەکێکـە لـە دەیـان کاری خراپی عەرەبەکان بەر لە هاتنی ئایینی ئیسلام کە هوشـتریان پێنـج بێچـوی ببوایـەو پێنجەمیان نێر بوایە گوێچکەی ئەو هوشترەیان ئـەبڕی و قەدەغـەیان ئـەکرد لـە خۆیـان و بەرەڵایان ئەکرد.

﴿ وَلأُمُرَنَهُمْ فَلَيُغَيِّرُنَّ خَلْقَ اللهِ ﴾ وە شەیتان ئەڵێ: من فەرمانیان پێ ئـەدەم بـە گۆڕینـی شێوازو دەست کردی خوا لە بونەوەراندا، دوایی ئەوان ئەگۆڕن دروست کراوی خوا، بۆ

نموونە: کوێرکردنی چاوی هوشترو سوار نەبوونی. خەساندنی ئادەمیزاد. ئادەمیزاد لە کۆن و لە تازەدا دروست کراوی خوایان گۆڕیەوە وەك ئەمانە:

١- بڕینی گوێکەی هوشترێ پێنج بە چکەی ببوایەو پێنچەمیان نێر بوایەو سودیان لێ وەرنەگرت و بەرەڵایان ئەکرد.

٢- ژنان موی جگەی خۆیان ئەهێناو ئەیان لکان بە موی خۆیانەوە بۆ دەست بڕینی دانیشتوان و خەڵەتاندنیان.

٣- ژنان بە زۆری و پیاوان بە کەمی خاڵیان ئەکوتا لە دەست و لە ڕومەتی خۆیان و لە لەشیان بە ڕەنگی سەوز، بە هۆی کوتانی دەرزی لە لەشی خۆیان و بریندار کردنی.

٤- ئادەمیزادیان ئەخەسان،گوێچگەی هوشتریان ئەبڕی، چاویان کوێر ئەکرد، بۆ نموونە: عەرەبەکان هوشترەکانیان بونایە بە هەزار سەرچاویی نێرەکەیان کوێر ئەکرد.

٥- پیاوان خۆیانیان ئەکرد بە ژن و شێوازو دەنگ و ڕەنگ و بەرگی خۆیانیان وەك ژنان لێ ئەکرد، لە هەموو شتێ سەیرو سەمەرەتر ئەمەیە: کوڕ شو ئەکاو مارەی ئەبڕن لە پیاوێ لە ئەوروپا بە گوێرەی یاسای دەستی کردی خۆیان.

٦- لەم سەردەمەدا پیاوان بە ئارەزوی خۆیان ئەچنە لای دکتۆرەکان و ئامێری پیاوەتی خۆیان ئەبڕن و خۆیان ئەکەن بە ژن، بۆ نموونە: لە ئەمەریکا (١٢) دە پیاو خۆیان کرد بە ژن و وێنەکانیان لە ڕۆژنامەدا بڵاوکرایەوە.

٧- عەرەبەکان و جگەی ئەوانیش خۆرومانگ ئەستێرەکان ئەپەرست کە خوا بۆ سوری ئەوانی دروست کردبوو نەك بۆ پەرستن.

٨- لەوانە خراپتر گۆڕینی دروست کراوەکانی خوایە لە نەهێشتنی ئاسایش و ژیانی دانیشتوانی سەر زەویی بە کوشتن و ئازار دانیان، بە هۆی فەرماندانی شەیتان بە شاگردە خۆشەویستەکانی کە یەکێ لەوانە سەرۆك کۆماری ئەمەریکا (ڕۆفلت) لە ١٩٤٥/٦/٢ بەخستنە خوارەوەی بۆنبای زەڕە بەسەر شاری (هیرۆشیما) و شاری (ناگازاکی) لە یاباندا، تەنها جگە لە بریندار (٨٠,٠٠٠) کەسیان لە هیرۆشیما دا کوشت... ئەوانەی باسکران کەمێکن لە بەشی شەیتان.

﴿ وَمَنْ يَتَخِذِ الشَّيْطانَ وَلِياً مِـنْ دُونِ اللهِ فَقَدْ خسر خسراناً مُبِيناً ﴾ وەهەر کەسێ شەیتان وەربگرێ بە دۆست بۆ خۆی لە جگەی خوا. هەرشتێ شەیتان فەرمانی پێ بداوە ئەو کەسە بیکاو ڕێزی فەرمانی شەیتان بدا بەسەر فەرمانی خوادا، دوایی بە ڕاستی ئەو کەسە زییانی پێ گەیشتوە بە زییانی ئاشکرا، خۆی کردووە بە بەشی شەیتان، خۆی کردووە بە دیلی ئەفسانەو پڕوپوچ و ئاواتی بێ ئەنجام، دەست مایەی سەربەستی لە کیسی خۆی داوە.

﴿ يَعِدُهُمْ وَيُمَنِّيهِمْ ﴾ شەیتان بەڵێن ئەدا بە بەشەکانی خۆی لە بەندەکانی خواو دوودڵی ئەخاتە دەرونیان بەوە کە نەبەهەشت و نە دۆزەخ و نە زیندو بونەوە نین. ئەو بەڵێنەی خۆی نایەتەدیی و، ئەخاتە دڵیان و وایان لێ ئەکا بە تەمای زۆر شتبن و بەوانە ناگەن، ئەخاتە دەرونیان داوێن پیسی بکەن و مەی بخۆنەوە، ژییان ڕابواردنە.

﴿ وَما يَعِدُهُمُ الشَّيْطانُ إلاّ غُرُوراً ﴾ وە شەیتان بەڵێن نادا بە بەشکانی خۆی مەگەر کاری پوچ و گومڕای و فریودانیان بەدەست کەوتنی ئاواتی پڕوپوچی ئەمڕۆ.

﴿ أُولَئِكَ مأواهُمْ جَهَنَمُ وَلا يَجِدونَ عَنْها مَحِيصاً ﴾ ئەو کەسانەی ئەشیتان ئەکەن بە دۆستی خۆیان جێگەی گەڕانەوەیان دۆزەخە، وەدەستیان ناکەوێ ڕزگاربوون و جێگەی هەڵهاتن و ڕاکردنیان.

پاش ئەوەی خوا باسی هەڕەشەکردنی کرد لە بەشەکانی شەیتان و لەبێ باوەڕان، باسی موژدەرانمان بۆ ئەکا بە پاداشتی چاك بۆ باوەڕداران و ئەفەرموێ:

﴿ وَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصّالِحاتِ سَنُدْ خِلُهُمْ جنّاتِ تَجْري مِنْ تَحْتِها الأنْهارُ خالِدينَ فيها أبداً ﴾ وە کەسانێکی ئەوتۆ باوەڕیان هێناوەو، کردەوە چاکەکانیان کردووە ئێمە ئەیان خەینە نێو چەندین بەهەشت ئەڕوا بەژێر درختەکانی و ئەم لاو لایاندا چەندین ڕوباری ئاویی خۆش و بەتام بەردەوامن لەنێو ئەو بەهەشتانەدا هەتا هەتایە:

﴿ وَعْدَ اللهِ حَقاً وَمَنْ أصْدَقُ مَنَ اللهِ قَلِيلاً ﴾ ئێمە ئەو کەسانە ئەخەینە بەهەشتەوە بەڵێنی خودا بیدا ڕاستەو دێتە دی و بێگومانە، چ کەسێ بێ ڕاست گۆتر لە خوا لەلایەن فەرمودەی ڕاست و بەڵێنەوە.

خوای مەزن لەو ئایەتەدا بۆ دڵنیا کردنی باوەڕداران بەڵێنەکەی خۆی بەهێزتر کردوە بە سێ شت: (١) بە ووشەی (أبداً) بە مانا هەمیشە (٢) بە ووشەی (وَعْدَ اللهِ حَقاً) بەڵێندانی خوا ڕاستە (٣) بە ووشەی (وَمَنْ أصْدَقُ) چ کەسێ بێ ڕاست گۆتر لە خوا. مەبەست لەو بەهێز کردنە ئاگادارکردنی باوەڕداران و چاکە کەرانە لەسەر ئەوەی هەموو بەڵێنەکانی شەیتان درۆو ئەفسانەو بۆشن.

پرسیار/ بەڵێنی خوا بۆ بەخشینی بەهەشت لە زۆرترین ئایەتەکانی قورئاندا بەستراوە بە ووشەی هەتا هەتایی و هەمیشەیی، لە زۆرترینی ئایەتەکانی هەڕەشە کردندا نەبەستراوە بەو ووشانەوە، ئەبێ لەبەر چ شتێ بێ؟

وەڵام/ ئەو کەسانە چوونە بەهەشت هەرگیز نایەنە دەرەوە. بەڵام ئەو کەسانەی ئەچنە دۆزەخ وائەبێ باوەڕدارن، بۆ ماوەیە سزای خۆیان کۆتایی پێ دێنن و خوا بە میهرەبانی خۆی لە دۆزەخ دەریان بکا.

جولەکەو گاورەکان لەگەڵ موسڵماناندا خۆیان هەڵئەکێشا. خاوەن نامەکان ئەیان ووت: پێغەمەری ئێمە لەبەر پێغەمەری ئێوە هاتووە،نامەکەیشمان پێش نامەی ئێوە کەوتوە.

کەواتە ئێمە لە ئێوە چاکترین. موسڵمانانیش ئەیان ووت: پێغەمەری ئێمە دواهاوەری پێغەمەرانە، نەمەکەیشمان هەموو نامەکانی گۆڕاوە. کەواتە ئێمە چاکترین لەئێوە، خوای مەزن بۆ ڕونکردنەوەی ئەو ڕووداوە فەرمویی:

لَّيْسَ بِأَمَانِيِّكُمْ
وَلَآ أَمَانِيِّ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ ۗ مَن يَعْمَلْ سُوٓءًا يُجْزَ بِهِۦ
وَلَا يَجِدْ لَهُۥ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا ﴿١٢٣﴾ وَمَن

يَعْمَلْ مِنَ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ مِن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُوْلَـٰٓئِكَ يَدْخُلُونَ ٱلْجَنَّةَ وَلَا يُظْلَمُونَ نَقِيرًا ﴿١٢٤﴾

هەندێ لە زانایان ئەڵێن: ئەو ئایەتانە هاتونەتە خوارەوە دەربارەی قورەیشیەکان و خاوەن نامەکان قورەیشیەکان ئەیان ووت: ئێمە زیندو ناکرێینەوە. خاوەن نامەکان ئەیان ووت: جگەی ئێمە کەسی تر ناچێتە بەهەشت، خوای مەزن فەرمووی:

﴿ لَيْسَ بِأَمانيكُمْ وَلا بِأَمانِي أَهْلِ الْكِتابِ ﴾ پاداشت و سزاو زیندوبوونەوە بە ئاوات و ئارەزوەکانی ئێوەی موسڵمانان و بە ئارەزۆی بت پەرستان نیەو، بە ئاوات و ئارەزۆی خاوەن نامەکان نبە. یانێ هیچ کارێ نە بە دەستی موسڵمانانە، نە بە دەستی بت پەرستان و خاوەن نامەکان ، هەموو شتێ بەڵکو هەموو شتێ بە ئارەزۆی خوایەو بە هۆی کۆششی خۆیانەوەیە، بە گفتوگۆی ئەوان نابێ.

﴿ مَنْ يَعْمَلْ سُوءً يجز بِهِ ﴾ هەرکەسێ کارێکی خراپ بکات پاداشتی ئەدرێتەوە بەو خراپەیە، ئەگەر باوەڕداربێ لە جیهاندا، ئەگەر بێ باوەڕبێ لە پاشەڕۆژدا، ئەبێ بزانرێ خوا خزمی کەس نیە جگە لە کردەوەی چاك نەبێ هیچ ناگاتە فریایان.

﴿ وَلا يَجِدُ مِنْ دُونِ اللهِ وَلِياً وَلا نَصِيراً ﴾ وە ئەو کەسە دەستی ناکەوێ لە جگەی خوا هیچ دۆست و سەرپەرشتی کەرێ و، دەستی ناکەوێ یارمەتی دەرێ ڕزگاری بکا لە سزای خوا.

﴿ وَمَنْ يّعمل من الصالِحاتِ من ذكرٍ وأنثى وهو مؤمن ﴾ وەهەر کەسێ هەندێ لە کارە چاکەکان بکا، بێگومان هیچ کەسێ ناتوانێ هەموو کارە چاکەکان بکا بە تەواوی و خوایش داوای نەکا. بۆ نموونە: زۆر کەس هەن لە ماوەی تەمەنیان حەجیان نەکردووەو زەکاتیان نەداوە، چونکە پێویست نەبوون لەسەریان ئەو کەسە لە پیاوان و لە ژنان، وەئەو

کەسەیش باوەڕداربێ بە خواو ئاینی خوا. بێگومان کاری چاکە بەبێ باوەڕ سوود بەخش نیە لە پاشە ڕۆژدا.

﴿ فأوُلئِكَ يَدْخُلُونَ الْجَنَةَ وَلا يُظْلَمُونَ نقيرا ﴾ دوایی ئەو کەسانە چاکەکان ئەکن و باوەڕدارن ئەچنە بەهەشت و، ستەم لەوان ناکرێ بە ئەندازەی درزی دەنکە خورمایە، واتە هیچ شتێ لە پاداشتەکەیان کەم ناکرێتەوە. ژنان هەرچەندە بە گوێرەی لەش و سروشتیان جیاوازن لەگەڵ پیاوان لەم جیهانەدا، بەڵام لە ڕۆژی دواییدا بە هیچ جۆرێ جیاوازییان بۆ نیە لە وەرگرتنی پاداشت و تۆڵەدا.

ڕستەی (وَهُوَ مُؤْمِنٌ) مەرجە بۆچونی بەهەشت . باوەڕهێنان مەرج نیە بۆ وەرگرتنی جگەی بەهەشت لەم ڕۆژەدا بە سامانی زۆرو پلەو پایەو لەش ساغی و ئاسایش، لە پاشا ڕۆژیشا بە سوکیونی سزای دۆزەخ، بەو مەرجە ئەو چاکانە لەبەر خواو مرۆڤایتی بێ، خوا دادپەروەرەو مافی کەس لە کیس نادا، بێ باوەڕ هەرکاتێ کاری چاك بکا لەڕێگەی چاکەدا نەك بۆ شۆرەت خوا پاداشتی ئەداتەوە.

کاتێ خوای مەزن ڕونی کردەوە کە ڕزگاربوون و چوونی نێو بەهەشت پەیوەستە بە باوەڕەوە ڕوونیشی ئەکاتەوە باوەڕیان بە چ جۆرێ چاکەو ئەفەرموێ:

وَمَنْ أَحْسَنُ دِينًا مِّمَّنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُۥ لِلَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ وَٱتَّبَعَ مِلَّةَ إِبْرَٰهِيمَ حَنِيفًا ۗ وَٱتَّخَذَ ٱللَّهُ إِبْرَٰهِيمَ خَلِيلًا ﴿١٢٥﴾ وَلِلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ مُّحِيطًا ﴿١٢٦﴾

خوای مەزن لە دوولاوە باسی گەورەیی و ڕێزی باوەڕهێنانمان بۆ ئەکا و ئەفەرموێ:

١- ﴿ وَمَنْ أَحْسَنُ دِيناً مِّمَّنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُ اللهِ ﴾ وە چ کەسێکە چاکترو شیرینتربێ لە کەسێ لەلایەن ئایینەوە لەکەسێ بەبێ گەردوو بە پوختەیی خۆی دابێتە خواو خوای گێڕابێ بە پەرستراوی خۆی و خوای تری نەبێ.

﴿ وَهُوَ مُحْسِنٌ ﴾ وە ئەو کەسە چاکە کەربێ و وازی لە خراپەکان هێنابێ، بە تەواویی بە تەمای خوابێ و بە تەمای کەسی تر نەبێ، لەم ڕۆژەدا پەیڕەویی یاساکانی خوای کردبێ. بێگومان هیچ کەسێ لەو چاکترنیە.

٢- ﴿ وَاتَّبَعَ مِلَّةَ إِبْراهِيمَ حَنِيفاً واتَّخَذَ اللهُ إِبْراهيمَ خَلِيلاً ﴾ وە پەیڕەوی ئایینی ئیبراهیمی کردبێ کە ئیبراهیم لایداوە لە ئایینێکی پوچ. بێگومان ئەو کەسەیش پەیڕەویی ئەوی کردبێ لایداوە لە ئایینی خراپ و پوچ و، خوا ئیبراهیمی وەرگرتووە بە دۆستی خۆیی و پلەی زۆر گەورەی داوەتێ و کردوێتی بە باوکی زوربەی پێغەمەران.

پرسیار / لەبەر چ شتێکە خوای مەزن فەرموێتی (وە پەیڕەویی کردبێ) نەیفەرموە: پەیڕەوی موحەممەدی کردبێ.

وەلآم / لەبەر ئەوەیە ئایینی ئیبراهیم و ئایینی پێغەمەرو یەکن، پێغەمەرایێتی ئیبراهیمش جێگەی بڕوای هەموانە بە گشتی. نەك لای موسڵمانان بە تەنها. کەواتە باس کردنی ئیبراهیم بەهێزترە بۆ بۆڕدانی بێ باوەڕان خوای مەزن کە ئیبراهیمی کردوە بە دۆستی خۆی لەبەر ئەوە نیە کە خوا پێویستی بە ئیبراهیم هەیە، لەبەر هەر شتێ بێ وێنەی پێویستی دۆستێ بۆ دۆستێ تر نییە. بەڵکو لەبەر ئەوەیە ئیبراهیم بە پوختەیی پەرستنی خوای کردوە، خوایش کردوێتی بە دۆستی خۆی و ڕێزی گرتووە بە میهرەبانی خۆی. ئەگینا بوونەوەران بە پێغەمەرانەوە هەموویان بەندەی خوان، بۆیە خوا ئەفەرموێ:

﴿ ولله ما في السَماواتِ وما في الأرضِ وَكانَ اللهُ بِكُلِّ شَيءٍ مُحيطاً ﴾ وە بۆ خوایە ئەو شتە لە ئاسمان و ئەو شتەی لە زەویدان بە ئادەمیزادو فریشتە و دێو و درنجەوە بە هەموو بونەوەرانەوەو، خوا هەر کەسێ لەوانە بە پاکی و پوختەیی خوا بپەرستێ ئەیکا بە دۆستی

خۆیو، خــوا زانایــە بــە هــەموو شــتێ و پاداشــت و تۆڵــەی هــەموو شــتێ ئەداتــەوە بــە خاوەنەکانیان.

خوای مەزن بە شیرینترین جۆر نامەی پیرۆزی داڕێژراوە، بەو جۆرەی باسی هەندێ لــە فەرماندانی خۆی ئەکا، لە دواییدا باسی چــەندین ئایــەتی تــر ئــەکا لــە بــارەی مــوژدان و هەڕەشەکردن و هاندان و ترساندن، ناواخنیان ئەکا بە چــەند ئایەتــێ تــر بەڵگــەبن لەســەر فەرماندانی خۆی. ئەو شــێوە داڕژاندنــە باشــتر کــار ئەکاتــە ســەر دەرونــی ئــادەمیزاد بــۆ وەرگرتنی فەرمانەکانی خوا، بۆیە ئەفەرموێ:

وَيَسْتَفْتُونَكَ فِي النِّسَاءِ ۖ قُلِ اللَّهُ يُفْتِيكُمْ فِيهِنَّ وَمَا يُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ فِي الْكِتَابِ فِي يَتَامَى النِّسَاءِ اللَّاتِي لَا تُؤْتُونَهُنَّ مَا كُتِبَ لَهُنَّ وَتَرْغَبُونَ أَن تَنكِحُوهُنَّ وَالْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ الْوِلْدَانِ وَأَن تَقُومُوا لِلْيَتَامَىٰ بِالْقِسْطِ ۚ وَمَا تَفْعَلُوا مِنْ خَيْرٍ فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ بِهِ عَلِيمًا ﴿١٢٧﴾

﴿ وَيَسْتَفْتُونَكَ فِي النِّسَاءِ ﴾ وە داوائەکــەن لــە تــۆ بــۆ ڕون کردنــەوە ئــەو شـــتانە پەیوەندییان بە ژنانەوە هەیەو نــەزانراون دەربــارەی میراتبردنیــان و مێردکردنیــان و شــتانی تریش. هۆی هاتنە خوارەوەی ئەو ئایەتەی پێشوو لەبەر دوو هۆیە:

١- عەرەبەکان میراتیان بە ژنان و بە منالان نەئەدا وەك لەمەوبەر باسکران. لە دواییدا ئەو ئایەتە هاتە خوارەوە و پێویستی کرد میراتدان بەوان.

٢- ئەگەر کچە هەتیوەیە لای خزمانی خۆی بوایە ئەگەر جوان بوایە ئەیان خواست بێ ئەوەی مارەیی بدەنێ و سامانەکەیشیان ئەخوارد ئەگەر سامانیان ببوایــە، ئەگـەر کچـەکان ناشرینیان بوایە، نەیان ئەدا بە مێرد هەتا ئەمردن و سامانەکەی بخۆن، بۆیە خوای فەرموی:

﴿ قُلِ اللهُ يُفْتِيكُمْ فِيهِنَ ﴾ تۆ بلێ خوا ولامی ئەو پرسیارەی ئێوە ڕون ئەکاتەوە بـۆ ئێـوە لـە بارەی فەرماندانی بەشتێ پەیوەندی بە ژنانەوە هەیە. ئەو ڕستەیە. بەڵگەیە لـەسەر ئـەوەی کە یاسا دانان تەنها پەیوەندی بە خواوە هەیە. پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ لـەسەری پێویســت نـەکراوە یاسادانان و جگەی ڕاگەیاندنی یاسا. بۆ نموونــە زۆر جـاران پرسـیار لــە پێغەمـەر کـراوە وولامی نەدانەوەتەوە هەتا پەیام و سروشتی بۆ هاتوەتە خوارەوە.

﴿ وَما يُتْلى عَلَيْكُمْ فِي الكِتابِ ﴾ وەشتێ ئەخوێنرێتەوە بەسەر ئێوەدا لــە نامـەی خـوادا ڕونی کردوەتەوە کاروباری ژنان بۆتان.

﴿ فِي يَتامَى النِّساءِ اللاتِي لا تُؤْتُونَهُنَ ما كُتِبَ لَهُنَ وَتَرْغَبُونَ أنْ تَنْكِحُوهُنَّ ﴾ لە بـارەی ئەو ژنە هەتیوانەوە ئێوە نابەخشن بەوان شتێ پێویســت کـراوە بـەوان بـدرێ لـە مـارەیی میرات، ئێوە ئەوان بە کالاو بە ئاژەڵ دائیان ئەنێن و، ئێوە ئەتانەوێ کە ئەوان مــارە بکـەن لە خۆتان ئەگەر شۆخ بونایەو سامانەکانیان بخۆن.

﴿ وَالْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ الْوِلْدانِ وأنْ تَقُومُوا لِلْيَتامى بِالْقِسْطِ ﴾ وە خوا ڕونی کردۆتەوە وە فەرمانی خۆی لە بارەی ئەو مناڵە لاوازانەوە کە ئێوە بەشیان نادەن لە میراتاو، خوا ڕونــی کردۆتەوە کە ئێوە هەڵسن بە دادپەروەری لەگەڵ هەتیوان لــە خۆیانـا و لــە سـامانیاندا و بەشی هەموویان بدەن بە تەواوی، ئیتر نێرین یا مێی، مناڵبن یا گەورە.

﴿ وَما تَفْعَلُوا مِنْ خَيْرٍ فَإنَّ اللهَ كانَ بِهِ عَلِيماً ﴾ وە ئەو شتەی ئێوە بیکەن لە چاکەکردن لـەگەڵ هەتیوان و مناڵان و دادپەروەری، دوایی بە ڕاستی ئەزانێ بەو شــتە ئێـوە بیکـەن و پاداشتتان ئەداتەوە بە گوێرەی خۆی:

پیاوێ بیانوی گرت بە ژنێکی پیری خۆی کە تەلاقی بدا، ئەو ژنەیش خاوەنی منــاڵبوو، دڵی بۆیان ئەسوتا و بەوانەوە بەسترابوو. بە مێردەکەی ووت: تەلاقم مەدەو بەشی خـەوتنی

خۆم ئەدەم بەو ژنەی خۆت ئارەزۆت هەبێ. مێردەکەی ووتی. ئەمەیان بۆ من زۆر چاکە. ئەوە لەلاییکەوە لەلایی ترەوە کاتی وا ئەبێ ژنێ ناچیزە ئەبێ و بەدخوە ئەبێ. لە باسی مانای ئایەت (٣٤) ئەم سورەتە یاسای ئەو باسە ڕوون کراوەتەوە، وایش ئەبێ بەد خوویی لە پیاوانەوە ئەبێ، بە گوێرەی یاسا لەگەڵ ژنان هەڵناسن لەو کاتەدا ژنان ترس لە پیاوان پەیدا ئەکەن. خوای مەزن بۆ ڕوون کردوەی یاسای ترسی ژنان ئەفەرموێت:

وَإِنِ ٱمْرَأَةٌ خَافَتْ مِنۢ بَعْلِهَا نُشُوزًا أَوْ إِعْرَاضًا فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَآ أَن يُصْلِحَا بَيْنَهُمَا صُلْحًا ۚ وَٱلصُّلْحُ خَيْرٌ ۗ وَأُحْضِرَتِ ٱلْأَنفُسُ ٱلشُّحَّ ۚ وَإِن تُحْسِنُوا۟ وَتَتَّقُوا۟ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا ﴿١٢٨﴾ وَلَن تَسْتَطِيعُوٓا۟ أَن تَعْدِلُوا۟ بَيْنَ ٱلنِّسَآءِ وَلَوْ حَرَصْتُمْ ۖ فَلَا تَمِيلُوا۟ كُلَّ ٱلْمَيْلِ فَتَذَرُوهَا كَٱلْمُعَلَّقَةِ ۚ وَإِن تُصْلِحُوا۟ وَتَتَّقُوا۟ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿١٢٩﴾ وَإِن يَتَفَرَّقَا يُغْنِ ٱللَّهُ كُلًّا مِّن سَعَتِهِۦ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ وَٰسِعًا حَكِيمًا ﴿١٣٠﴾

﴿ وَإِنْ إمْرَأَة خافَتْ مِنْ بَعْلِها أوْ أعْراضاً ﴾ وە ئەگەر ژنێ ئەترساو چاوەڕووانی ئەکرد لە مێردەکەی ئازاری بدا بە لێدانی و بە خێونەکردنی و ڕوو گرژبون لە گەڵیدا یا ترسی

هەبوو ڕووی لێ وەربگێڕێ و وازی لێ بـهێنێ و گفتوگـۆی لەگـەڵ نەئـەکرد و لـەگـەڵی دانەئەنیشت، بە هۆی پیری و ناشرینی ژنەکەو ڕەوشتی نارەوای لەگەڵ ئەکرا یا ئـارەزۆی لە ژنێ تربوو، جگەی ئەوانیش.

﴿ فَلا جُناحَ عليهما أنْ يُصْلِحا بينهما صُلْحاً ﴾ دوایی هیچ گوناهێ لەســەر ئـەو ژن و پیاوە نییە، ئەگەر ژنەکە ئەیزانی ناچیزەیی مێرد سەر ئەکێشێ بۆلای تەڵاقدانی، یـا وازی لێ ئەهێنێ نەئەوەبێ تەڵاقی بدا، نە ئەوەبێ وەکو ژن تەماشای بکا، لەو کاتەدا لە نێوان خۆیانا یا بەهۆی دوو کەسی تری ناوبژی کەریان کە ئاشتەوایی بخەنە نێوانیانەوە، بە جۆرێ ژنەکە وازبهێنێ لەهەموو مافی خۆی، بۆ ئەوەی بمێنێتەوە لــەژێر چـاودێریی مێردەکـەیدا و بژیـن بەیەکەوە بەبێ ئاژاوە، مێردەکەش بەڵێن بدا کە ئازاری ژنەکە نەداو لــەوەو دوا بـە باشـی بەخێویی بکا لە خواردەمەنی و بەرگدا. نەك لەگەڵ خەوتن.

﴿ وَالصُّلْحُ خَيْرٌ ﴾ وە ئاشت بوونەوە چاکترە لە ئاژاوەو لە تەڵاقدان، یانـێ ئاشـتەوایی چاکە لە هەموو کاتێکا و مانای وا نیە ئاژاوەیش چاکە. بەڵکو ئاژاوە هەموو کاتێ خراپــە، ئاشتەوایی کاتێ دروستە ژنەکە خۆی پێی خۆش بێ ، ئەگــەر وانـەبو پێویسـتە پیاوەکـە یـا بەخێوی بکا و بژین پێکەوە بە گوێرەی یاسا یا تەڵاقی بدا بە گوێرەی ڕێکەوتنی نێوانیان.

﴿ وأحْضرَتِ الأنْفُسُ الشّحَ ﴾ وە ئامادە کراوە هــەموو دەرونـێ بـۆ رژوی و بـەرچاو تەنگی و جوێی نابێتەوە لێی. یانێ ژن بە ئاسانی لە مافی خۆی دانابەزێ و چاوپۆشی ناکـــا لە سامانی خۆی، پیاویش واز لە ژن نابەرێ و تــەڵاقی نـادا بـە خۆڕایـی. کەواتـە ئەگـەر هەردوولایان ملیان نەئەدا بە دەستەوە بە گورجی و چاوپۆشییان لە یەکتری نەئەکرد، ئــەو کارانە بۆ ئادەمیزاد شتێکی سروشتین ماندوبون بۆ ڕێك خستنیان زۆر گرانە، ئەگــەر ژن و پیاوێك پێك نەیەن. دوای ڕەوشتی سروشت بکەون. ئەو ڕستەیە بـۆ ئەوەیـە بیانوویـان لێ وەربگیرێ لە کاتی بگرەو بەردەی نەهێشتنی ئاژاوەو، هەروەك ڕستەی پێشوو هاندانیانە بۆ ئاشتەوایی.

﴿ وَإِنْ تُحسِنُوا وَتَتَّقُوا فَإِنَّ اللهَ كانَ بِما تَعْمَلُونَ خَبِيراً ﴾ وەئەگەر ئێوەی پیاو ژن چاکە بکەن لەگەڵ یەکتری بە خۆشی و ئارام لەسەر ئازارو ناچیزەیی یەکتری بگرن و، ئێوە خۆتان بپارێزن لە ناچیزەیی و ڕو وەرچەرخان لە یەکتری و خۆتان دووربخەنەوە لە ئاژاوە، دووایی بە ڕاستی خوا ئاگادارە بەشتێ ئێوە بیکەن لە چاکەو لە ئاژاوەو ئاشتەوایی و ئەزانێ بەمەستتان. کەواتە پاداشتان ئەدرێتەوە لەسەر نیازی خۆتان.

﴿ وَلَنْ تَسْتَطِيعُوا أنْ تَعْدِلُوا بَيْنَ النِسّاءِ وَلَوْ حرصتم ﴾ وە ئێوە ناتوانن و لە تواناتاندا نی‌یە کە ئێوە دادپەروەری بکەن لەنێو ژناندا ئەگەر ژنی زۆرتان هەبێ و مافیان بدەنێ لە هەموو ڕووپێکەوە بۆ ڕوون کردنەوەی مانای ئەو ڕستەیە ئەبێ بزانین دادپەروەری لەنێو ژناندا لەسەر دووبەشە:

١- هەیانە لە توانای پیاودا هەیە: وەك یەکسانی لەنێو ژناندا لە بەخێوکردنیان و خەوتن لەگەڵیان بەشەودا، ئەو بەشەیان خوا داوای لە پیاوان ئەکا بە گوێرەی یاسای دیاری کراو پێویستە جێ‌بەجێبکرێن، چونکە لەژێر تواناداان. کەواتە مەبەست لە دادپەروەری لە ئایەتی (٣)ی ئەم سورەتەدا ئەو بەشانەیە.

٢- هەیانە لە توانای پیاودا نی‌یە وەك خۆشەویستی دەرون و ئاوڕ بۆلای یەکێ لە ژنان بگرە چونە لایشیان، وائەبێ و لای هەموان ڕوونە ئارەزۆ لە ژنێ پەیدا ئەبێ و بۆ ژنێ تر پەیدا نابێ، ئەو بەشەیان یاسا داوای ناکا لە پیاوان، چونکە لە توانایدا نیە. کەواتە مەبەست لەو ئایەتە ئەم بەشەیانە، وەك فەرموی: وە با ئێوە بتانەوێ دادپەروەری بکەن لەنێو ژنانداو خۆتانی بۆ ماندو بکەن، چونکە لە توانای ئێوەدا نیە.

﴿ فَلا تَمِيلُوا كُلَّ المَيْلِ فَتَذَرُوها كالْمُتَلَقَةِ ﴾ دوایی ئێوە ڕوو مەکەن بۆلای ئەو ژنەی خۆشتان ئەوێ بە هەموو ڕووکردنێ، بە جۆرێ ڕووی دڵ و ڕووی کردەوەتان کۆ بکەنەوە بۆلای ئەو ژنە، ئەو ژنەکەی تر خۆشتان ناوێ بێ بەش بکەن لە هەموو مافی خۆی و لەگەڵ نەخەون بەبێ دەستوری خوا و بەخێویشی نەکەن، دوایی ئێوە واز لە ژنەکەی تر بهێنن خۆشتان ناوێ بە وێنەی کەسێ بەند کرابێ و یەسترابێتەوە، نە ئەوەیە تەلاق بدرێ و مێردێ تر بکا، نە ئەوەیە وەك ژنی خاوەن مێرد مامەڵەی لەگەڵ بکرێ.

﴿ وَإنْ تُصْلِحُوا وَتَتَّقُوا فَأنَّ اللهَ كانَ غَفُوراً رَحِيماً ﴾ وە ئەگەر ئێوە چاکە بکەن و ئاشتەوایی دابەزێنن، ئەو شتەی کردوتانە لەمەوبەر نەیکەن دووایی دادپەروەری بکەون و، خۆتان بپارێزن لە ناچیزەیی و ئەو کارە خراپەی کردوتانە و ڕێزی هیچ یەکێ لەژنەکانتان نەدەن بەسەری ئەویی تریانا لەو شتانەی لە تواناى ئێوەدایە، دوایی بە ڕاستی خۆشبونی خوا بۆ ئێوە زۆرە بۆ ئەو ڕوکردنتانەتان بۆلای ئەو ژنەی خۆشتان ئەوێ و میهرەبانەو سزای ئێوە نادا بە واز هێنانتان لەوەی کروتانە لە بێدادی.

﴿ وَإنْ يَتَفَرَّقا يغنِ اللهُ كُلاً مِنْ سَعَتِهِ وَكانَ اللهُ واسعاً حَكِيماً ﴾ وەئەگەر ئەو ژن و پیاوە لە یەك جوێ ببنەو بە تەلاَقدانی ژن لەسەر پارە یا بە خۆڕایی و مارەییەکەی بدرێتێ ئەگەر هەیبوو خوا هەموو کەسێ لە ژن و پیاو ساماندار ئەکاو پەکیان ناخا بە ڕۆزی دانی فراوانی خۆی ژنەکە مێردی چاکتر ئەکاو پیاوەکەیش ژنێکی چاکتر ئەهێنێ و، خوا میهرەبانی فراوان و زۆرە، هەموو شتێ لە جێگەی شیاویی خۆیا دائەنێ لە فەرمانەکانیدا.

پیاوو ژن بەر لە هەموو شتێ ئەبێ هەوڵی ئەوە بدەن ئاژاوەو ناکۆکی نابوت بکەن، چونکە ئاشتەوایی چاکترین شتە بۆ هەردوو لایان، ئەگەر ئاشتەواییان بۆ نەگونجا تەلاَقدان چاکترە بۆ نەهێشتنی ئاژاوەو بێدادی، دوایی گەورەیی بەخشندەیی خوا زۆرەو هەردوولایان ئەگرێتەوە بە یەکەوەبن یا جوێ ببنەوە، زۆر نزیکە وەك خوا ئەفەرموێ، کە ئەو ژنە مێردی چاکترو ئەو پیاوەیش ژنی چاکتریان دەست بکەوێ، چونکە میهرەبانی و گەورەیی خواو هەموو شتێ ئەگرێتەوە. خوای مەزن کە باسی ئەوانەی پێشووی بۆ کردین، بۆ دڵدانەوەی هەردوو لایەنی ژن و پیاو ئەفەرموێ:

وَلِلَّهِ مَا فِي
ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِۗ وَلَقَدْ وَصَّيْنَا ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ
مِن قَبْلِكُمْ وَإِيَّاكُمْ أَنِ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَۚ وَإِن تَكْفُرُوا۟ فَإِنَّ لِلَّهِ

مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۚ وَكَانَ ٱللَّهُ غَنِيًّا حَمِيدًا ﴿١٣١﴾
وَلِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَكِيلًا ﴿١٣٢﴾
إِن يَشَأۡ يُذۡهِبۡكُمۡ أَيُّهَا ٱلنَّاسُ وَيَأۡتِ بِـَٔاخَرِينَۚ وَكَانَ
ٱللَّهُ عَلَىٰ ذَٰلِكَ قَدِيرًا ﴿١٣٣﴾ مَّن كَانَ يُرِيدُ ثَوَابَ ٱلدُّنۡيَا فَعِندَ
ٱللَّهِ ثَوَابُ ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِۚ وَكَانَ ٱللَّهُ سَمِيعًۢا بَصِيرًا ﴿١٣٤﴾

﴿ ولله ما فِي السَّماوات وَما في الأرْضِ ﴾ وە بۆ خوایە خاوەنێتی شتێ لـە ئاسمانەکان و شتێ لـە زەویدان. بە گوێرەی ویستی خۆی ئەیانبا بەڕێوە. کەواتە بەو توانا گەورەیـە خـوا هەیەتی بەو هەموو سامانەی خوا لـەئاسمانەکان و زەویدا دروستی کردووە بەو میهرەبانیـەوە هەیەتی ڕۆزی ئەدا بە ئێوە دوای بچڕانی ژن و مێردی لـە نێوانتانا. خـوای مـەزن فـەرمانی داوە بە خاوەن نامەکان و بەوانیش بەر لـەوان بوون، فەرمان ئەدا بە ئێوەی موسڵمانیش بۆ خۆپاراستن لـە خواو ئامۆژگاری هەموو لایەکتان ئەکاو ئەفەرموێ:

﴿ وَلَقَدْ وَصَيْنا الذينَ أوتُوا الكِتابَ مِنْ قَبْلِكُمْ وَإياكُمْ أنِ أتقُوا الله ﴾ وە بە ڕاستی ئێمـە ڕامان سـپاردووەو ئامۆژگـاری کەسـانێکی ئـەوتۆمان کـردوە لـە پێـش ئێـوەوە بـوون و ئامۆژگاری ئێوەمان کردووە کە ئێوە هەموو لایەکتان لە خوا بترسن و هاوبەشی بۆ دانەنێن لـە پەرستندا، خۆتان لـەبێ فەرمانی خوا بپارێزن.

﴿ وَإنْ تَكْفُرُوا فَانَّ لله ما فِي السَّماوتِ وَما في الأرْضِ وَكانَ الله غَنِياً حَمِيداً ﴾ وەئەگەر ئێوە بە هەمووتانەوە باوەڕ نـەهێنن بـە خـواو ئـایینی ئیسـلام، دوایـی بـۆ خوایـە شـتێ لـە ئاسمانەکان و لـە زەویدان بـە فریشـتە و بـە ئەسـتێرەکانەوە بـە جنۆکـە و بـە ئـادەمیزاد و بەبوونەوەرانی ترەوەو.

خوا بێ نیازە لە ئێوەو پێویستی بە ئێوە نیە، فەرمانبەرداری ئەوبن یانە، ئێوە هیچ سودێ بە خوا ناگەیەنن، خوا خۆی لە خۆیا خاوەنی سوپاسە، ئێوە سوپاسی بکەن یانە؟

﴿ وَللهِ ما فِي السَّماواتِ وَما فِي الأَرْضِ وَكَفى بِاللهِ وَكِيلاً ﴾ وەبۆ خوایە شتێ لە ئاسمەنەکاندان و شتێ لە زەویدایە، هەڵیان ئەسورێنێ و ئەیانبا بە رێوە، بە هاوردن و بونیانەوە لە نەبوونەوە، بە مردنیان و بە زیندو کردنەوەیان و، بەسە خوا بۆ پشتیوانی و کارپێ سپاردن. کەواتە هەر خوا بکەن بۆ خۆتان بە پشتیوان.

﴿ إِنْ يَشَأْ يُذْهِبْكُمْ أَيُّها النّاسُ وَيَأْتِ بِخَلْقٍ آخَرِينَ وَكانَ اللهُ عَلى ذلِكَ قَدِيراً ﴾ ئەگەر خوا ئارەزووی هەبێ ئێوە لە ناو ئەبا ئەی ئادەمیزادو، ئەهێنێ و دروست ئەکا کۆمەڵێ تر جگەی ئێوەو لە جێگەی ئێوە دایان ئەنێ و یاریدەی پێغەمەر ئەدەن و پشتی ئەگرن بۆ چەسپاندنی یاسای قورئان و، خوا توانای هەیە بەسەر لابردنی ئێوەداو دروست کردنی تاقمێ ترو بێ فەرمانی خوا نەکەن.

پرسیار/ لە باسی مانای ئایەتی (٢٦) ئەم سورەتەدا باسی دووپات کردنەوەی هەندێ لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزدا کرا. لێرەدا باسی هۆی دووپات کردنەوەی رستەی (وَللهِ ما فِي السَّماواتِ وَما فِي الأَرْضِ) ئەکەین لە زۆرترین ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزدا بە گشتی و بە تایبەتی دووپات کردنەوەی لە ئایەتی (١٣١) و لە ئایەتی (١٣٢) سێ جار یەك لە دووای یەك دووپات کراوەتەوە، ئەبێ هۆکانیان چ شتێ بێ؟

وەلام/ هۆی دووپات کردنەوەی ئەو رستەیە ئەمەیە بە گشتی: خاوەنێتی خوا بۆ هەموو بونەوەران لە ئاسمانەکان و لە زەویی و ئەو شتانەی لەناو ئەواندان ئەمەمان پیشان ئەدا کە خوا خاوەنی زانایی و توانای خویەتی و دانانی هەموو شتێکە لە جێگەی شیاوی خۆیانا کە ئەوانە بەڵگەی بێگومانن لەسەر بوونی خوا، لەهەموو روێکەوە، بەڵگەیشن لەسەر گەورەیی بێ هاوتایی خوا.

دووپات کردنەوەی ئەو رستەیە سێ جار لەو دوو ئایەتانەدا دوا بەدوای یەك بۆ پیشاندامانە بۆ سێ سوود:

١- كە خوای مەزن لە ئایەتی پێشوودا فەرموی: (مَايُغْنِ اللهُ كُلاً مِنْ سَعَتِهِ) خوا ڕۆزی هەمو یەكێ لەوان ئەدا بە ڕۆزی فراوانی خۆی. دوایی بۆ جێگیركردنی ناوەڕۆكی ئەو فەرمودەیە خوا ئەفەرموێ. بۆ خوایە ئەو شتەی لە ئاسمانەكاندان و ئەو شتەی لە زەویدان. ئیتر چۆنپەكی ئێوە ئەخاو بەخێوتان ناكا؟

٢- كە خوای فەرموی: (وَإِنْ تَكْفُرُوا) وە ئەگەر ئێوە باوەڕ نەیەرن بۆ ڕاستی و بێگومانی مەبەست لەو فەرمودەیە، خوا فەرموی: ئەو شتانە لە ئاسمانەكان و زەویدان بۆ خوان، ئیتر پێویستی بە ئێوە نیە باوەڕ بهێنن یانە؟ ئێوە سودو زیيان بە خوا ناگەیەنن.

٣- كە خوا فەرموی بۆ جاری سێهەم: (وَلله ما في السَّماواتِ وَما في الأَرْضِ) وە بۆ خوایە ئەو شتەی لە ئاسماكاندان و ئەو شتەی لە زەویدان. بۆئەوەیە مەبەست لە ناوەڕۆكی ڕستەی دوایی باشتر جێگەی خۆی بگرێ لە دەروندا كە ئەفەرموێ (إِنْ يَشَأْ يُذْهِبْكُمْ أَيُّها النّاسُ وَيَأْتِ بِخَلْقٍ أخَرِينَ) ئەگەر ئارەزۆ بكا لەناو ئەبا ئێو ئەی ئادەمیزادو، خوا تاقمێ تر ئەهێنێ و لە جێگەی ئێوە دائەنێ بۆ پەرستنی خۆی، هەتا ناوەڕۆكی ئەو ڕستەیە بە هۆی ڕستەی پێش خۆێوە باشترو مسۆگەرتر جێگەی خۆی بگرێ لای ئادەمیزادا هەتا بترسن و باوەڕبهێنن و یاریدەی پێغەمەر بدەن، ئەگەر ئەوان بەو مەبەستە هەڵنەسن نەتەوەیە تر دروست ئەكا پاش بنەبڕكردنی ئەوان بۆ بەجێهێنانی ئەو مەبەستە. كەواتە هەموویەكێ لەو ڕستانە كە دووپات ئەكرێنەوە لە هەموو شوێنەكانی قورئاندا بە گشتی و لەو سێ جێگانەدا بە تایبەتی هەریەكەیان هۆێكی تایبەتی و پێویست و سودێكی تازەیان هەیەو لەیەك جیاوازن.

﴿ مَنْ كانَ يُرِيدُ ثَوابَ الدُّنْيا فَعِنْدَ اللهِ ثَوابُ الدُّنْيا والأَخِرَةِ وكانَ اللهُ سَمِيعاً بَصِيراً ﴾ هەركەسێ مەبەستی بێ بەو كارەی ئەیكا لە جەنگ كردندا پاداشتی جیهان بە دەست بهێنێ وەك تالآن و سودی ئەمڕۆ، یا بۆ بە دەست هێنانی پلەو پایەو شۆرەت دەركردن، داواكاری ئەو كەسە پەست و بێ نرخە و بێ مانەوەیە، دوایی لەلای خوا هەیە پاداشتی

جیهان و پاشە ڕۆژ نایشبڕێنەوە، لەلای خوا دەست کەوتنی پاداشتی هەردوو لایەنیان مسۆگەرە بە مەرجێ خاوەنی باوەڕ بێ و خۆی بپارێزێ لەبێ فەرمانی لەبەر خوا، ئەو کەسە گومانی وابێ پاداشتی ئەمڕۆو پاشە ڕۆژ کۆنابنەوە سەری داوە لەبەرد، ئەو شتەی بەختیاری ئەمڕۆی تێدابێ ئایین بڕیاری لەسەردابێ و هانیشی بۆ بدرێ دژایێتی لەنێو ئەوەدا و لە نێو پاشەڕۆژدا نیە. بەڵکو دژایێتی لە نێوان پاداشتی پاشە ڕۆژو لە نێو ستەم و فێڵ و دزی تالاَن و خراپەکانی تردا هەیە.

خوای مەزن لەمەوپێش باسی ژنان و ناچیزەیی و ئاشت کردنەوەی نێوان ژن و مێردی بۆ کردین، لەمەودوا باسی بەجێ هێنانی باوەڕو فەرمانەکانی خوامان بۆ ئەکا. بە کورتی پێمان نیشان ئەدا ئەگەر ئێمە خەریکی پەیدا کردنی ئارەزومەندی خۆمانبین، ئەو کاتە خۆمان بۆ خۆمانین و پەیوەندیمان بە خواوە نیە. ئەگەر خەریکی بەجێ هێنانی فەرمانەکانی خوا بین لەو کاتەدا ئێمە بۆ خواین نەك بۆ خۆمان، ئەمەیان بەڕێزترین و گەورەترین پلەو پایەن. خوا بۆیشمان ڕون ئەکاتەوە بەختیاری ئادەمیزاد لەوەدایە گفتوگۆو کردارو جولاَن و دانیشتن و دارایی خۆی لە ڕێگەی خوادابێ، بۆ چەسپاندنی ئەو مەبەستانە خوا ئەفەرموێ:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ كُونُوا۟ قَوَّٰمِينَ بِٱلْقِسْطِ شُهَدَآءَ لِلَّهِ
وَلَوْ عَلَىٰٓ أَنفُسِكُمْ أَوِ ٱلْوَٰلِدَيْنِ وَٱلْأَقْرَبِينَ ۚ إِن يَكُنْ غَنِيًّا
أَوْ فَقِيرًا فَٱللَّهُ أَوْلَىٰ بِهِمَا ۖ فَلَا تَتَّبِعُوا۟ ٱلْهَوَىٰٓ أَن تَعْدِلُوا۟ ۚ وَإِن
تَلْوُۥٓا۟ أَوْ تُعْرِضُوا۟ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا (١٣٥) يَٰٓأَيُّهَا
ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ ءَامِنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَٱلْكِتَٰبِ ٱلَّذِى نَزَّلَ

عَلَىٰ رَسُولِهِۦ وَٱلْكِتَٰبِ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ مِن قَبْلُ ۚ وَمَن يَكْفُرْ
بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ فَقَدْ ضَلَّ
ضَلَٰلًۢا بَعِيدًا ﴿١٣٦﴾

﴿ يا أيها الذينَ آمَنُوا كُونُوا قَوّمِينَ بِالْقِسْطِ ﴾ ئەی کەسانێکی ئەوتۆ باوەڕتان هێناوە ئێوە ڕاوەستاو بەردەوامبن لەسەر دادپەروەری، خۆتانی بۆ ماندو بکەن هەتا بەو بۆنەوە دەستورو دادپەروەری ڕاوەستاوبێ لەنێو بونەوەراندا.

﴿ شُهَداءَ وَلَوْ عَلى أنْفُسِكُمْ وَالْوالِدَيْنَ والأقْرِبِيْنَ ﴾ ئێوە ڕاوەستاوو بەردەوامن لە شایەتی دانتان لەبەر ڕەزامەندی خواو بەبێ درۆو، با ئەو شایەتی دانە لەسەر خۆتانبێ و بە ڕاستی ئەو شتەی لەسەرتانە بیڵێن و، با لەسەر باوك و دایك و لەسەر خزمەکانبێ، ئیتر بابێتە هۆی زیانی لەش و داراییتان. ئەبێ لەبیرمانبێ شاییتی دانی باوك و دایك و بۆ سودی منالی خۆیان دروست نیە، هەروەك شایەتی دانی منالْ بۆ باوك و دایك دروست نیە، دوایی خوا چاکترە بۆ پاراستنی سامان و هەژاری لە ئێوە.

﴿ إنْ يَكُنْ فقيراً أوْ غَنِياً والله أولى بِها ﴾ ئەگەر شایەتی لەسەردارو یا هەموو یەکێ لە شایەتی لەسەردارو شایەتی بۆ دراو ساماندار بۆیا هەژار ئێوە خۆتان مەگرن بۆ ڕاوەستانی شایەتی دانتان بەزەییتان بۆ هیچ لایێکییان دەرمەبرن و لایەنی هیچ کامیان مەگرن.

ئایینی ئیسلام بەڕاستی لە هەموو کاتێکا پێویستە هەر ئەو فەرمان ڕەوابێ بەسەر خۆمان و بەسەر باوك و دایك و خزمانماندا، خۆمان و خزمانمان لە ئاستی ئاییندا خاوەنی خۆمان نین، هەرکاتێ سودی تایبەتی خۆمان لەگەڵ ئاییندا لە دژی یەکتری بوون پێویستە ئایین هەڵبژێرین و واز لە سودی خۆمان بهێنین، ئیتر باسەرکێشی بۆلای لەناوچونی خۆمان و داراییمان.

هەرکەسێ بەراوردی ئەو فەرمودەی قورئان بکا لەگەڵ کردەوەی خۆیا بەوە کۆتای پێ دێ کە ئێمە سوودی تایبەتی خۆمان و خزمانمان هەڵبژاردوەو ڕێزمـانداوە بەسـەر ئـایینداء ئەگەر ئێمە بە باشی بۆی داچین و وردی بکەینەوە بڕیار ئەدەین کە سەرچاوەی ئاواتمان لـە ئایینداو هەر بۆ سوودی خۆمانە بە تەنـها. نـەك ئاواتمـان فـەرمانی نامـەی خـواو فـەرمودەو کرداری پێغەمەربن، بەگوێرەی تاقی کردنەوە ناوەڕۆکی دەرونی ئێمەو زۆربـەی ئـادەمیزاد بۆمان ئەسەلمێنن، بەڵام یا هەستی پێ ناکەین، یا خۆمانی لێ گێل ئەکەین. منایێتی و خزمـایێتی سوواری ئەقڵمان بووە و کوێری کردووین لە ئاستی ڕاستی و خستوویێتە دەرونمـان ئـایین سودی تایبەتی ئەمڕۆیە بە تەنها. کەواتە ئەبێ بزانین هەوەس و دەرونی خۆمان گەورە تریـن دوژمنە بۆمان و ئەبێ ئاگاداری خۆمان بین لە ڕاستی لانەدەین.

هەموو یەکێ لە ئادەمیزاد ئامادەیی تێدایە بۆ وەرگرتنی چاکەو خراپە، لەهەمان کاتا بـە گوێرەی سروشت ئارەزۆی لە چاکەیە نەك لە خراپە، ئەگەر خۆی بۆ خۆی وازلێ بـهێنرێ جگە لە چاکە هیچ شتێ تر ناکاو لە چاکە لانادا لەبەر هۆیێکی دەرەکی نەبێ لە خۆی کە دژی سروشتە ئەگەر کەسێ سەرپشك بکرێ لە نێوان ووتنی ڕاستی و بەخشینی دینارێ یا درۆیە بکاو دینارێ وەربگرێ و پشزانێ لە هیچیانا توشی زیان نابێ بێگومـان ڕاسـتە کـە هەڵئەبیژێرێ و دینارەکە ئەبەخشێ. کەواتە ئادەمیزادی ژیر هەرگیز درۆناکا لەبـەر هۆیـێ نەبێ وەك ترسان و چاوچنۆکی، یا خۆشەویستی خزمایێتی یا بۆ زیانی دوژمنایێتی، یا بەزەیی بە هەژاراندا، یا دڵخۆشکردنی ساماندارن و چەند شتی تر، خوا قەدەغەی کردووە واز لە شایێتی دان بهێنرێ لە ئەوانەی باسکران، پێویستە شایێتی دان هەر لەبەر خوابێ بـە تەنـها و لەبەرهیچ شتی تر نەبێ ئـەو ئایەتـە هەرچـەندە هاتۆتـە خـوارەوە دەربـارەی شـایێتی دان و دەربارەی ساماندارێك و هەژارێ چوونە خزمـەت پێغەمـەر ﴿ ﷺ ﴾ بـۆ چارەسـەرکردنی کێشەی نێوانیان. بەڵام ئەبێ لە هەموو کات و لە هەموو جێگەیـە هـەر ڕاسـتی ببێـژرێ و دادپەروەری پەیڕەوی بکرێ لەگەڵ دوژمنانیشدا.

﴿ فَلا تَتبِعُوا الْهَوى أنْ تَعْدِلُوا ﴾ دوایی ئێوە دوای ئارەزۆی نارەوا مەکەن بۆ ئەوەی لادەن لە راستی و دادپەروەریتان پێ ناخۆشبێ. بەواز هێنانتان لە ئارەزۆی نارەوا ئێوە ئەگەرێن لە خاوەن دادپەروەران.

﴿ وَإنْ تَلْوا أوْتُعْرِضُوا فَأنَ الله كانَ بِما تَعْمَلُونَ خَبِيراً ﴾ وەئەگەر ئێوە زمانتان پێچ بدەن و منجە منج بکەن لە شایتی دانداو دوای بخەن و تەمەڵی بکەن، یاواز لە شایتی دان بهێنن و دای پۆشن و جێبەجێی نەکەن لە شوێنی خۆیدا، و دوایی بە راستی خوا بەو شتەی ئێوە ئەیکەن ئاگادارە لە دادپەروەری و لەلادانتان لە راستی، بێگومان پاداشت و تۆڵەیان وەرئەگرن.

بۆ ئاگاداری: من بۆخۆم وا هەست ئەکەم و هەرکەسێ ئەبینم هەروەك من وایە کە لەو کاتانەدا ئایەتێ لە قورئانی پیرۆز ئەبینرێ یا ئەخوێنرێتەوە پەیوەندی بە کردنی فەرمانی خواوە هەبێ وا هەست ئەکەین جیاوازی و دورایێکی یەکجار هەیە لە نێوان ئەو دەستورەدا خوا دیباری کردوە لەنامەی خۆیا بۆمان لەگەڵ ئەو ئایینەدا خۆمان بەکاری ئەهێنین لە رەوشت و کردەوەمانا. لەو هەوەسەی ئێمەوە وا دەرئەکەوێ لێمانەوە کە ئایینی خوا هەر بۆ خوێتی، ئەو ئایینە ئێمە بەرکاری ئەهێنن جیاوازە لەو ئایینەی خوا ناردوێتی، ئیتر هەستی پێ بکەین یانە؟ئادەمیزاد بەدادپەروەری هەڵنەساوە بەراستی هەتا دادپەروەری جێگەیخۆی نەگرێ و ئادەمیزاد بیرونیازی خۆی رون نەکاتەوە بە باوەرهێنانی بێ گەردو پوختە بەو شتانەی خوا فەرمانی پێداون. ئادەمیزاد چەندین بەشن: هەیانە بروای بە دروست کەری بونەوەران هەیە کە خوایێکی تەنهایەو بروای بە پێغەمەرایێتی و نامە ئاسمانیەکان نیە. هەیانە باوەری بە هەندێ لە پێغەمەران هەیەو باوەری بە هەندێکیان نیەو هەیانە بروای بە هەندێ لە نامەکانی خوا هەیەو بروای بە هەندێکیان نیە. هەیانە بروای بە بوونی فریشتەکان و رۆژی دووایی نیە ئەم ئایەتەی دوایی بۆمان رون ئەکاتەوە چۆنێتی باوەرهێنانی راستی و ئەو شتانەی پێویستە باوەرمان پێیان هەبێ بەبێ جیاوازی و بە تەواوی و ئەفەرموێ:

﴿ يا أيُّها الّذِيْنَ آمَنُوا آمِنُوا بِاللهِ وَرَسُولِهِ ﴾ ئەی کەسانێکی ئـەوتۆ باوەڕتـان هێنـاوە لـە موسڵمانان ئێوە باوەڕبهێنن بە خواو دامەزراوبن لەسەری و لە ناخی دڵتانەوە دەرچێ نـەك بە دەمی ڕووت و، باوەڕ بە نێرراویی خوا بهێنن و بەردەوامبن لەســەر بـە ڕاستی و بـەبێ خەوش و گەرد.

﴿ والْكِتابِ الذي نَزَّلَ عَلَى رسُولِهِ وَالْكِتابَ الذي أنْزَلَ مِنْ قَبْلُ ﴾ وە باوەڕبــهێنن بـەو نامەیە خوا ناردێیتە خوارەوە بۆ سەر نێرراویی خۆی کە موحەمــەدو کـاری پـێ بکـەن بـە تەواویی و، باوەڕبهێنن بە نامێکی ئەوەتۆ خوا ڕەوانەی کردووە لە پێش قورئانەوە بۆســەر پێغەمـەرانی تـر. ئـەو ڕستانەی پێشـوو بۆمـان ڕون ئەکاتـەوە ئـەو کەسـانە وازیـان لـــە هاوبەشدانان بۆ خوا هێناوە وازیشیان لە بێ خوایی هێناوە پێویستە باوەڕیشیان بەوانە هەبێ باسکران بەبێ جیاوازی. بۆ چەسپاندنی ئەو مەبەستە خوا ئەفەرموێ:

﴿ وَمَنْ يَكْفُرْ بِاللهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ وَالْيَوْمِ الأخِرِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلالاً بَعِيــداً ﴾ وەهـەر کەسـێ باوەڕی نەهێنابێ بە خواو بە فریشتەکانی و بە فروستادەکانی خواو بـە ڕۆژی دوایـی بـەبێ جیاوازی دوایی بە ڕاستی ئەو کەسە لایـداوە لـە ڕێگـەی ڕاسـت و مەبەسـتی پوختـە بـە لادانێکی دوورودرێژی بێ‌کۆتایی. ئەو ئایتــە پـیرۆزە بەڵگـەی ڕوونـە لەسـەر ئـەوەی کـە باوەڕهێنان بەو شتانەی لەبەر چاونین و لـە بنچینەکانی پایەی ئیسلامن هەر کەسـێ بـڕوای بەوان نەبێ بە ڕاستی بە موسڵمان ناژمێررێ.

ئادەمیزاد هەیانە باوەڕ ئەهێنن بە ئاینێ لـە ئایینەکان، یا بە بیروباوەڕێ لە بیروباوەڕێ تـر بە توندی لایەنیان ئەگرن و خەباتی بۆ ئەکەن بۆ فیداکاریەوە پێوەکـاری بـۆ ئەکـەن. وەك بینراوەو ئەبیسترێ لە هەڵگرانی ئەو بیروباوەڕانەوە، دوایش لـەو ڕێگەیە خۆیان ئەکـەن بـە قوربانی، کەچی لـە پاش ماوەیــەو دوای لێ کۆڵینـەوەیان دڵیـان ئەتەکێتـەوەو بڕیـاری بـە هەڵەچوونی ئەو بیروباوەڕە ئەدا، خۆی ئەخاتە پاڵ زانایانی پیاوچاکان کە لەپێشا دوژمنیـان بوو باوەڕ بە ئاینێ ئەهێنێ و ئەبێت بـەدوژمنی ئایینـە پێشـوەکەی خـۆی زۆر بـە نـاقۆڵایی ئەزانێ. کەواتە لەسەر ئەو زاناو پیاو چاکانە پێویستە بە گەرمی پێـش وازیـان لێ بکـەن و

وەریان بگرن و نابێ هیچ کەس تانەیان لێ بدا لەسەر کارو کردەوەی جارانیان، دوای ئەوەی ڕێگەی ڕاستیان دۆزیوەتەوە. بەڵکو پێویستە ڕێزی تەواویان لێ بگیرێ و چاکەیان باس بکرێ، چونکە گەڕانەوە لە هەڵە ئەوپەڕی گەورەیی و ڕێزە، هەروەك بەردەوام بوون لەسەر پەرستنی شتێ بێ نرخ پەستیە.

ئادەمیزاد هەیشیانە بێ باوەڕن و لەسەر ڕەنگێ ناوەستن، هەرڕۆژە لەسەر بیرو باوەڕێکن، لەملا ئەچن بۆ ئەولا، زۆری پێناچێ ئەچنەوە بۆلای بیروباوەڕە کۆنەکەی، دووبارە جارێ تر ئەچێتەوە بۆلایەتر، هەروەها بۆ چەند جارێ، ئەو کەسانە ئەوانەن بێ بارن و هەرچی و پەرچین جێگەی متمانەنین. خوای مەزن لە باسیانا ئەفەرموێ:

إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ثُمَّ كَفَرُواْ ثُمَّ ءَامَنُواْ ثُمَّ كَفَرُواْ ثُمَّ ٱزْدَادُواْ كُفْرًا لَّمْ يَكُنِ ٱللَّهُ لِيَغْفِرَ لَهُمْ وَلَا لِيَهْدِيَهُمْ سَبِيلًا ﴿١٣٧﴾ بَشِّرِ ٱلْمُنَٰفِقِينَ بِأَنَّ لَهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا ﴿١٣٨﴾ ٱلَّذِينَ يَتَّخِذُونَ ٱلْكَٰفِرِينَ أَوْلِيَآءَ مِن دُونِ ٱلْمُؤْمِنِينَ ۚ أَيَبْتَغُونَ عِندَهُمُ ٱلْعِزَّةَ فَإِنَّ ٱلْعِزَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًا ﴿١٣٩﴾

﴿ إنَ الذيـنَ أمَنـوا ثـمّ كَفَـرُوا ﴾ بەڕاستی کەسانێکی ئەتۆ باوەڕیان هێنابوو لە جولەکەکان لە پاشا بێ باوەڕبوونەوە بەهۆی پەرستنی گوێرەکەوە.

﴿ ثمَ أمنُوا ثمَ كَفَرُوا ﴾ لە پاشا باوەڕیان هێناوە بە خواو بە موساو پەشیمان بوونەوە، لە پاشا بێ باوەڕبوونەوە بە عیسا و بە ئینجیل و نیازی کوشتنی عیسایشیان کرد.

﴿ ثُمَ أزْدادُوا كُفْراً ﴾ لە پاشا زۆرتر ئەكەن بێ باوەڕی خۆیان بە باوەڕ نەهێنانیان بە موحەمەدو بە قورئان و چاوپی پیسیان بڕیوەتە پێغەمەرو ئاواتی نەمانی ئەخوازن:

﴿ لَمْ يَكُنْ اللهُ ليغفر لَهُمْ وَلا لِيَهْدِيهُمْ سَبيلاً ﴾ خوا لەو كەسانە خۆش نابێ هەتا بەردەوامبن لەسەر بێ باوەڕی خۆیان و، خوا ڕانموییان ناكا بۆلای ڕێگەی ڕزگاربونیان، چونكە بە گوێرەی زانیاری بێ وێنەی خوا ئەو كەسانە دورن لەوە پەشیمان بنەوەو لەسەر باوەڕ بوەستن و دڵیان بەبێ باوەڕی مۆركراوەو چاویان كۆپڕ بووە لە ئاستی ڕاستی. كەواتە مانای وانیە ئەگەر بە پوختەیی باوەڕبهێنن باوەڕیان لێ وەرناگیرێ و خوا لەوان خۆش نابێ، ئەو كەسانە بە ویستی خۆیان ڕێگەی ڕاستیان لە كیس خۆیانداوە.

بۆ زانین: ئەگەر بێ باوەڕی پێش باوەڕهێنان كەوت و خۆی وون كرد كە باوەڕهێنان هاتە كایەوە تۆڵەی بێ باوەڕی نابینرێ، ئەو كەسەی ڕوناكی باوەڕی بە خۆیەوە بینی بیانوی لێ وەرئەگیرێ بۆ كارە خراپەكانی ڕابرددووی. بەڵام ئەگەر بێ باوەڕی لە پاش باوەڕهێنان جار لە دووای جار بە گوناهێكی زۆر گەورە دائەنرێ لێ خۆشبوونی بۆ نابێ و بیانویشی لێ وەرناگیرێ... بە كورتی خاوەن باوەڕ ئەو كەسانەن لەسە باوەڕی خۆیان بەردەوامبن و گۆڕانی بەسەردا نەهاتبێ لە هەموو كات و جێگەیەكدا بە هەر شێوەبن، ئەو كەسانە لە باوەڕ وەرئەگەڕێن جار لە دوای جار زۆر خراپترن لەو كەسانە هەر باوەڕیان نەهێنابێ بگرە لەو كەسانەیش خراپترن بێ خوان و بڕوایان هەر بە بوونی خوا نیە.

خوای مەزن باسی ئەو كەسانەی كرد لەسەر بارێ نین و جار بە جار ئەگۆڕێن و دوڕون باسی ئەمەیشمان بۆ ئەكا جۆری سزادانیان چۆن ئەبێ، ئەوانەیش ئەو كەسانەن بێ باوەڕان ئەكەن بە دۆستی خۆیان و ئەفەرموێ:

﴿ بَشِّرِ الْمُنافِقِينَ بِأنَ لَهُمْ عَذاباً أليماً ﴾ تۆ موژدە بدە بەو كەسانەی دوو ڕوون كە بە ڕاستی بۆ ئەوان هەیە سزاێكی ئازار پەیداكەرو خاوەن ئازار.

﴿ الذينَ يَتخِذُونَ الْكافِرِينَ أوْلِياءَ مِنْ دُونِ الْمُؤمِنِين ﴾ ئەو دوو ڕوانە كەسانێكی ئەوتۆن بێ باوەڕان وەرئەگرن بە دۆستی خۆیان لە جگەی باوەڕداران و داوای یارمەتیان لێ ئەكەن و واز لە باوەڕدارانی دڵپاك ئەهێنن و نایان كەن بە دۆستی خۆیان.

﴿ أيبتغون عِنْدَهُمْ الْعِزَّةَ فَإِنَّ الْعِزَّةَ للهِ جَميعاً ﴾ ئایا ئەو دوو ڕوانە داوا ئەکەن کە لای ئەوان پەیدابێ بەو دۆستایەتیە گەورەیی و هێزیان دەست بکەوێ و بە گومانی خۆیان و وا ئەزانن ئەو کارەی موحەممەد تەواونابێ، دوایی بە ڕاستی گەورەیی و توانا بۆ خوایە هەموویان بە گشتی خوا هەر بە دۆستانی خۆی هێز ئەبەخشێ، دووڕووان دڵیان مۆرکراوە لە هیچ شتێ وردنابنەوە.

هەموو کەسێ پێی خۆشەو ئەیەوێ ناو دەربکا لە جیهاندا بە پیاو چاکی و بە تێگەیشتوویی و بە زانیاری و بە ئازایی لە هەر ڕێکەوە بۆیان بگونجێ و ڕێك بکەوێ لەگەڵ یاسای ئیسلام. بەڵام هەندێ تر لە ئادەمیزاد هەن داوای سەرکەوتن و سەربەرزی و ناودەکردن ئەکەن لە شەیتان و لە کاربەدەستانی ستەمکارو خۆیانیان پێ ئەفرشن و ئەیان کەن بە دۆستی خۆیان و هەر شتێکیان پێ بلێن بۆیان ئەکەن، ئایا ئەو کەسانە چۆن بە ڕەوای دائەنێن داوای هێز لە جگەی خوا بکەن؟ بۆ ناودەکردن و پەیڕەویی ستەمکاران خۆیان توشی کێجەلۆکەی دوو ڕویی بکەن، ئەبێ بزانن هێزو سەرکەوتن هەر بە باوەڕهێنانی پوختە دەست ئەکەوێ بە تەنها.

ئەو باوەڕدارانەی ئەو تۆ خوا باسی کردون لە فەرمودەی خۆیا (مِنْ دُونِ الْمُؤمِنِين) ئەو باوەڕدارانەن ئیسلام بە هۆی ئەوانەوە سەرکەوتن و گەورەییان بە دەست هێناو ووشەی ئیسلامیان بەرز کردەوە بە کۆشش و فیداکاری خۆیانەوە، هەموو ئایین و بیروباوەڕی تریان پرش و بڵاوکرد، بە یاریدەی خوا شاگردەکانیشیان لەم سەردەمەی ئێمەدا بە توانای هێزی پۆڵایینی باوەڕداران لەناوئەچن. کەواتە چۆن ئەبێ داوای هێزو سەرکەوتن لە بێ باوەڕان و ستەمکاران و دوو ڕووان بکرێ، ئەوانەی باسکران لەهەر کەسێکا بینران بێگومان لە بازنەی باوەڕ دەرچوون.

هەروەك داواکردنی گەورەیی لە بێ باوەڕان و دۆستایێتییان قەدەغەیە، خۆ هەڵکێشان و خۆ بە گەورە دانان بە هۆی باوکو بێ باوەڕەکانەوە قەدەغەیە، وا دابنێ لە نێوان ئەو

کەسانەدا باوەڕدارن و لەنێوان بێ باوەڕاندا پەیوەندی ڕەگەزو خزمایێتیان ماوەتەوە دوای باوەڕی ئیسلام، وەك خۆ هەڵکێشان بە فیرعەونەکان و کیسراکان و قەیسەرەکان و ئاشوری و بابولی و عەرەبەکانی پێش ئیسلامەوە. پێشەوا ئەحمەد لە حوسینی کوڕی موحەممەدەوە لە ئەبوو بەکری کوڕی عەباسەوە لە حومەیدی کەندییەوە لە عوبادەی کوڕی قەیسەوە لە ئەبی ڕیحانەوە لە پێغەمەرەوە ﴿ ﷺ ﴾ ئەفەرموێ:

ئەو کەسەی خۆی پاڵ بدا بە (٩) و باوکی بێ باوەڕەوە مەبەستی خۆ هەڵکێشان و ڕێزبێ ئەو کەسە (١٠)ە هەمیانە و لە ئاگردان.

لەو باسانەوە بۆمان دەرئەکەوێ دوو ڕووی سەوز ئەبێ و بنج دائەکوتێ بە هۆی لاوازیە بڕوانە بوونی مرۆڤ بە خۆیێتی خۆی لە بەرانبەر ڕاستی و باوەڕ بەخوا، بەرهەمی ئەو لاوازیە بریتیە لە ترس و چاوچنۆکی و خۆ هەڵواسین بە جگەی خوای مەزنەوەو بە خۆبەستنەوە بە نیشتمانەوە بە جۆرێکی نارەواو ڕەگەز پەرستی و دوور کەوتنەوە لە پەیڕەویی خوا لە ژیانداو بەکار نەهێنانی لە فەرمانی ڕۆژانەدا. بەرگری لە ناموس و سامان و نیشتمان بە جۆرێکی ڕەوا لە پەرستنی خواوە دەرئەچێ و دێت.

ئەو دۆستایەتی‌یەی بێ باوەڕان خوا قەدەغەی کردووە بریتیە لە یارمەتی دانی یەکتری و بێن بە هاوپەیمانیان، دۆستایێتی لێرەدا ئەوە نیە پەیڕەویی ئایینەکەیان بکەوێ ئەگەر وابێ ئەوە بێ باوەڕی تەواوە پێی ناوترێ دۆستایێتی، پەیڕەو کردنی ئایینی بێباوەڕان یەکجار زۆر گرانە لای موسڵمانان. هەندێ کەس وایان داناوە دۆستایێتی بریتیە لە تێکەڵاوبوونی باوەڕداران و بێ باوەڕان بۆ سودی یەکتری و بازرگانی. بە تایبەتی بەستنی پەیمانی زانین و زانیاری و ڕۆشنبیریی، ئەوانە ئەگەر دژی یاسای ئیسلام نەبێ خراپەی تێدانیە.

بەڕاستی چاوپۆشی ئیسلام لەگەڵ بێ باوەڕاندا زۆر ڕوون ئاشکرایە، بەڵام هەندێ لە موسڵمانانی نەفام و کاربەدەستان چاك و خراپ تێکەڵاو ئەکەن. ئەو کەسانە ڕاستی و ناوەڕۆکی ئاین لە دەرونیانانە چەسپاوە بەو جۆرەی وا بزانن یاسایێکی چەسپاوە لەلایەن

خوای مەزنەوە، ئەو کەسانە خۆیانیان گێل و گەوج کردوە لە ئاستی یاسای ڕونی قورئــان بانگەوازی ئیسلامیان لێ تێك چووە لە بارەی چاو پۆشــی کــردن لەگــەڵ بــێ بــاوەڕانداو جوێی ناکەنەوە لەگەڵ نیازی خراپــی خۆیــاندا، نــازانن بــێ بــاوەڕان هــەندێکیان دۆســتی هەندێکیان لـە کاتی جەنگ کردن لـەگەڵ کۆمەڵێ ئیسلامدا ئەو کەسانە خاوەنی بــیروڕای ڕاستی نین بۆیە ئەم سەرو ئەو سەر ئەکــەن، لـەســەر بــارێ ناوەســتن، ئــەو جــۆرە کەســانە پێویستە تف و نەفرەتیان لێ بکرێ و بە هیچ جۆرێ بڕوایان پێ نەکرێ و سزایشیان بــدرێ بە توندی و تیژی و بکرێن بە نموونەی پیاو خراپان، ئەو بێ بارییە ڕەوشتی زوربەی خــاوەن بیروباوەڕە خراپەکانی ئیستان، پارەو پول لەهــەر لایەکــەوە دەســتیان بکــەوێ ئــەو لایەنــە ئەپەرستن، بە تایبەتی خاوەن ڕامیاریەکان لـە کۆن و لـە تازەدا ئەو ڕەوشتە پەرستەیان هەیــە کەس ناکەن بە دۆستی خۆیان، ئەو کەسانە جگە لـەوە فێڵ بازو بوختــان چــی و درۆزنــبن هیچ شتێ تریان بۆ ڕەوا مەبینن، ئەو کەسانە چۆنیان بۆ بلوێ لـە خراپە و لـە ئاژاوە بــڵاوی ئەکەنەوە و ماری ژێری‌کان هەندێ لە موســڵمانان ئــەو کاتــە لـەمەکــەدا بــون لای بــت پەرستەکان دائەنیشتن ئەوانیش ووتەی ناڕەوایان بەکار ئەهێنا لـە دژی پێغەمەر ﴿ﷺ﴾ و لــە دژی قورئان، لـەو کاتەدا موسڵمانان لاواز بوون و نەیان ئەتوانی وولامیان بدنەوە، بۆ ئــەو ڕووداوە خوای مەزن ئایەتی (٦٨)ی سورەتی ئەلئەنفالی ناردە خــوارەوەو فــەرمانی پێــدان لای بت پەرستان دانەنیشن و وازیان لێ بهێنن و گوێ لـە گفتوگۆیان نەگرن، ساڵ هات و ڕۆیشت و موسڵمانان کۆچیان کرد بۆ مەدینە، لـە مەدینەدا جولەکــەو دووڕووانــی زۆری تێدا بوو دەرونیان پیس و خراپ بوو، موسڵمانان وەك فەرمانەکانی خوایان لـە بیرنــەمابێ، ئەچونە لای کۆڕی ئەوبێ باوەڕانە لـە مەدینەدا، ئەوانیش دەستیان ئەکرد بە خراپــەو ووتــن بە ئایینی ئیسلام و پێغەمەر بە درۆو بە بوختان وەك ئەوانەی مەکە، بێگومــان بــێ بــاوەڕان هەموویان یەك ڕەگەزن، خوای مەزن ئایەتەکەی سورەتی ئەلئەنفالی بیر خستنەوەو فەرموی:

وَقَدْ نَزَّلَ عَلَيْكُمْ فِي
ٱلْكِتَٰبِ أَنْ إِذَا سَمِعْتُمْ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ يُكْفَرُ بِهَا وَيُسْتَهْزَأُ بِهَا فَلَا
تَقْعُدُوا۟ مَعَهُمْ حَتَّىٰ يَخُوضُوا۟ فِى حَدِيثٍ غَيْرِهِۦٓ ۚ إِنَّكُمْ إِذًا مِّثْلُهُمْ ۗ
إِنَّ ٱللَّهَ جَامِعُ ٱلْمُنَٰفِقِينَ وَٱلْكَٰفِرِينَ فِى جَهَنَّمَ جَمِيعًا ﴿١٤٠﴾
ٱلَّذِينَ يَتَرَبَّصُونَ بِكُمْ فَإِن كَانَ لَكُمْ فَتْحٌ مِّنَ ٱللَّهِ قَالُوٓا۟ أَلَمْ
نَكُن مَّعَكُمْ وَإِن كَانَ لِلْكَٰفِرِينَ نَصِيبٌ قَالُوٓا۟ أَلَمْ نَسْتَحْوِذْ
عَلَيْكُمْ وَنَمْنَعْكُم مِّنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ۚ فَٱللَّهُ يَحْكُمُ بَيْنَكُمْ يَوْمَ
ٱلْقِيَٰمَةِ ۗ وَلَن يَجْعَلَ ٱللَّهُ لِلْكَٰفِرِينَ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ سَبِيلًا ﴿١٤١﴾

﴿ وَلَقَدْ نَزَلَ عَلَيْكُمْ في الْكِتابِ أنْ إذا سَمِعتُم أياتِ اللهِ يُكْفَرُ بِـها وَيَستهزء بِـها ﴾ وە بەڕاستی خوا ڕەوانەی کردوە بۆسەر ئێوە لــە نامــەی خۆیـا کـە قورئانـە کـە هـەر کاتـێ بیستبوتان ئایەتەکانی خوا بڕوایان پێ ناهێنرێ لەلایەن بت پەرستانەوەو، گاڵتە ئـەکرێ بـەو ئایەتانە.

﴿ فَلا تَقْعُدُوا مَعَهُمْ حَتى ايَخُوضُوا في حَدِيثِ غَيْرِهِ ﴾ دوایی ئێوە لەگـەڵ ئـەو کەسـانە دامەنیشن دەست ئەکەن بە گاڵتەکردن بە ئایەتەکانی خوا هەتا ئەوان ئەچنە نێـو گفتوگـۆی تر جگەی باوەڕ پێ نەکردن و گاڵتەکردن بە ئایەتەکانی قورئان.

﴿ إنَّكُمْ إذا مِثْلُهُمْ ﴾ بە ڕاستی ئێوەی دانیشتوی لای گاڵتە کراوەکان بە ئایەتی خوا وێنەی ئەوانن لە بێ باوەڕیدا ئەگەر بە کارەکانیان ڕازی بن، چونکە خۆ ئەگەر توانای ئەوەتان هەیە لایان دانەنیشن وازیان لێ بهێنن و لۆمەیان بکەن، پێویستە ئێوە بزانن ئەو کەسانە لای مالوم و جولەکەکان دائەنیشن و دەست ئەکەن بە گفتوگۆی خراپ وەك دوو ڕووەکان ئەژمێررێن، ئێوە چۆن و بۆچی لایان دائەنیشن و گوێیان لێ ئەگرن، ئەو کەسانە جگە لە خراپە هیچ شتێ تریان لێ ناوەشێتەوە.

هۆی هاتنە خوارەوەی ئەو ئایتە هەر شتێ بێ و لەگەڵ هەر کەسانێ بێ، بێگومان بە گشتی بەڵگەیە لەسەر ئەمە: پێویستە هەموو موسڵمانان واز لە تێکەڵاویی هەموو کاری پوچ و دژی ئایین بهێنن، ئەو پێویستە بونەیش بە تایبەتی بۆ ئەو کەسانە نییە دانیشتویی مەدینە بوون و ئەو کەسانەی ئەوتۆ ناگرێتەوە ڕووی ئەو ئایەتەیان بۆ لاکراون. بەڵکو هەموو موسڵمانان ئەگرێتەوە لە هەموو کات و جێگەیەکدا، پێویستی هەموومانە لای کۆڕوکۆمەڵێ دانەنیشین گاڵتە بە ئایین بکەن و گفتوگۆی خراپ بگرنە ئایین، وەك زۆرجاران باوەڕداران توشیان ئەبێ بەو کارانەوە.

﴿ إنَّ اللهَ جامِعُ الْمُنافِقِينَ وَالْكافِرِينَ فِي جَهَنَّمَ جَمِيعاً ﴾ بەڕاستی خوا کۆئەکاتەوە دوو ڕوەکان و بێ باوەڕان لەنێو دۆزەخدا هەردولایان بەیەکەوە. کەواتە دانیشتوان و لا دانیشتوان هەردوولایان لە دۆزەخدان لە دوو ڕووەکان و لەبێباوەڕان.

﴿ الذيْنَ يَتَرَبَّصُونَ بِكُمْ فَإن كانَ لَكُمْ فَتْحٌ مِنَ اللهِ قالُوا أَلَمْ نَكُنْ مَعَكُمْ ﴾ کەسانێکی ئەوتۆن چاوەڕوان ئەکەن کارێ بۆ ئێوە پەیدا ببێ لەسەرکەوتن لە شکان لە جەنگدا، دوایی ئەگەر بۆ ئێوە پەیدا بوو سەرکەوتن وەدەست کەوت و یاریدان لەلایەن خواوە دوو ڕووەکان ئەیان ووت: ئایا ئێمە لەگەڵ ئێوەدا نەبوون و یارمەتیمان نەدان؟ کەواتە بەشی خۆمانمان بدەنێ لە دەست کەوت.

﴿ وإنْ كانَ لِلْكافِرِينَ نَصِيبٌ قالُوا أَلَمْ نَسْتَحْوِذْ عَلَيْكُمْ ﴾ وەئەگەر بۆ بێ باوەڕان هەبوایە بەشێ لە سەرکەوتن دوو ڕوەکان ئەیان ووت: ئایا ئێمە زاڵ نەبوین بەسەر ئێوەداو

نەمان ئەتوانی بتان کوژین، کەچی ئێمە لەبەر سودی ئێــوە خۆمــان هەشارداوە خۆمانمــان گرت و ئێوەمان نەکوشت و جەنگمان لەگەڵ ئێوەدا نەکرد.

﴿ وَنَمْنَعْكُمْ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ ﴾ وە ئێمە ئێوەمان نەپاراســت لــە بــاوەڕدان و شــتێکی وامــان خستە دڵیان لاوازیان بکاو سســتیمان کــرد لــە یارمــەتی دانیــان. کەواتــە بمــان کــەن بــە هاوبەشی خۆتان لەوانەی دەستتان کەوتوە. ئەو دووڕووانە خۆیانیان کردبــوو بــە تــابوری پێنچەم بۆ باوەڕداران، ئەچونە دەرەوە لەگەڵ موسڵمانان بە ڕواڵەت بۆ یارمەتی دانیان، لە ناوەڕۆکا بۆ پارچە پارچەکردنیان بەهۆی پڕوپاگەندەیی ژەهراویی،وێنەی ئــەو کەســانە لــە هەموو کاتێکا هەن، بە تایبەتی لەم ڕۆژەی ئێمەدا لەو کاتەوە نەوتی نەفرەتی دۆزراوەتــەوە، ئەو کەسانە ئالاّو درۆشمــی نیشــتمان پــەروەریان بــۆ خۆیــان هــەڵداوە دەق بــە دەقــی بــێ باوەڕانن، ئەگەر خەبات کەران سەرکەوتن بەســەر دوژمنــانی گەلاندابــە گورجــی خۆیــان ئەکەن بەناو خەبات کەراندا و ئەڵێن: ئێمە لەگەڵتان بووین و لەژێرەوە یارمــەتیمان داون، ئەگەر خوێن مژان سەرکەوتن بەسەر شۆڕشگێڕاندا ئەڵێن: ئێمە نەمان هێشت سەر بکەون. ئەو کەسانە لەسەر دوو پەت یاری ئەکەن و خۆیان ئەکەن بە ستونی پێنچــەم، هــەردولایان فریو ئەدەن.

پرسیار / ئەبێ بۆچی ڕستەی (فَتْحٌ مِنَ اللهِ) بەکارهێنراوە بۆ موسڵمان و ووشە (نصیب) بۆ بێ باوەڕان بێژراوە.؟

وەڵام / بەڕاستی سەرکەوتنی موسڵمانان سەرکەوتنە بۆ ڕاســتییکی ئــەوتۆ بەردەوامــەو پایەدارن بەمەرجێ خاوەنکەی پەیڕەوبن بۆ یاسای خواو بۆ فەرمانی ئــەو لــە ئامــادەکردنی تفاق و چەك، کەواتە شایستە بێژێ (مِنَ اللهِ). بەڵام سەرکەوتنی کاری پوچ شتێکی کــاتیەو ناوەستێ لەبەردەم ڕاستیدا هەرکاتێ خاوەن ڕاستیەکان یەك بگرن لەسەر خەبات.

بە ئومێدی خوای مەزن هێزی بێ بـاوەڕان و دووڕوان لـەم ڕۆژەدا بـە وێنـەی هـێزی ئەوانەی پێشوو ئەبێ و کاتی ئەبێ، هێزی ڕاستی لە خوای مەزنەوە ئەبێ و بەردەوامە هـەتا کۆتایی جیهان و خراپەکار نەمێنێ.

﴿ فَاللهُ يَحْكُمُ بَيْنَكُمْ يَوْمَ القِيامَةِ ﴾ دوایی خوا فەرمانی خۆیی دیاری ئەکا لـەنێو ئێـوەی باوەڕدارو لە نێوان دوو ڕوواندا لە ڕۆژ هەڵسانەوەتان لە گۆڕەکاندا: تـاقمی بـاوەڕداران بۆ بەهەشت و دوو ڕوەکان بۆ دۆزەخ.

﴿ وَلَنْ يَجْعَلَ اللهُ لِلْكافِرِينَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ سَبيلاً ﴾ وەخـوا هـەرگیز نـایگێڕێ بـۆ بـێ باوەڕان بەسەر باوەڕدارانا هیچ ڕێگەیە لـە ڕۆژ دووایـدا کـە بـێ بـاوەڕان خۆیـانی پێـوە هەڵکێشن، یاسا ئیسلام هەتا ڕۆژی دوایی خۆی دەرئەخاو ناویی وون نابێ بە تـەواویی بـا جار بە جارێ لاوازبێ لە لایێکەوە، لەلایە ترەوە سەر هەڵئەدا بە ڕونترو بەهێزتر:

خوای مەزن باسی دووڕوەکانی بۆ کۆدین لەو ئایەتانەی پێشودا، لەمەو دووایش باسـی کردەوە خراپی ئەوانمان بۆ ئەکا بە درێژی ترو ئەفەرموێ:

إِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ يُخَٰدِعُونَ ٱللَّهَ وَهُوَ خَٰدِعُهُمْ وَإِذَا قَامُوٓاْ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ قَامُواْ كُسَالَىٰ يُرَآءُونَ ٱلنَّاسَ وَلَا يَذْكُرُونَ ٱللَّهَ إِلَّا قَلِيلًا ﴿١٤٢﴾ مُّذَبْذَبِينَ بَيْنَ ذَٰلِكَ لَآ إِلَىٰ هَٰٓؤُلَآءِ وَلَآ إِلَىٰ هَٰٓؤُلَآءِ وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَلَن تَجِدَ لَهُۥ سَبِيلًا ﴿١٤٣﴾

﴿ إنَّ الْمُنافِقِيْنَ يُخادِعُونَ اللهَ ﴾ بەڕاستی دووڕوەکان وایان بردووەتە دڵی خۆیـان فێـڵ لە خوا بکەن بە ئاشکراکردنی باوەڕهێنانیان بە پێغەمبەر﴿ ﷺ﴾ بە ڕووالەت و لـەژێرەوەبێ باوەڕن، فێڵ کردن لە پێغەمبەر فێڵ کردنە لە خوا.

﴿ وَهُوَ خادِعُهُمْ ﴾ وە خوا سزای ئەو دووڕوانە ئەداتەوە لەسەر فێڵ کردن و دووڕوویان ئابڕویان ئەبا بە ئاشکراکردنی فێڵەکانیان لەم ڕۆژەداو بە سزادانیان لە ڕۆژی دواییدا، ڕوناکی بڕوای باوەڕداران پەرە ئەسێنێ و تاریکی بێ باوەڕی زۆرتر ئەبێ، ئەو ڕوناکیە کەمەیان ئەکوژێتەوە بە سزای گرانی ئەمرۆ.

﴿ وَإذا قامُوا إلى الصَلاةِ قامُوا كُسالى ﴾ وەهەر کاتێ دووڕوان هەڵسانایە بۆلای نوێژکردن هەڵئەسان بە تەمەڵی و بە لەشی قورسەوە، وەك کەسێ بچێ بۆلای شتێ و کەچی لای ناخۆشە. بێگومان مرۆڤی دووڕوو بە گورجی هەڵناسێ بۆ نوێژکردن چونکە بڕوای بە نوێژ نیە هەرکاتێ هاوڕێکانی پێغەمەر ﴿ ﷺ ﴾ ئاگاداربونایە نوێژیان ئەکرد، ئەگینا نوێژیان نەئەکرد.

پرسیار / هەرکاتێ کەسێ نوێژی ئەکرد بە نیازی نزیکبوونەوە لە خوا، لەگەڵ ئەوەیشدا پێی خۆشبوو کە دانیشتوان چاویان لەو نوێژەی ئەوبێ هەتا گومانی پیاو چاکی بن بۆی یا بۆ ئەوە لەسەر خۆی لابا سستی کردن لە ئاییندا، ئایا ئەو کارە بە دووڕوی دائەنرێ؟

وەڵام / ئەو کارە بە دووڕوی دانانرێ بە مەرجێ یەکەمین هۆی ئەو کارە بەجێی هێنانی پەرستنی خواو ڕەزایێتی خوابێ و نیازەکانی تری پاشکۆی ئەو پەرستنەو پێ ناخۆشبوونی ڕووت زییان نادا لە باوەڕی ئەو کەسە، چ کەسێکە ئەو جۆرە نیازانەی تێدا نەبێ بە گوێرەی سروشت؟ ئەو کەسە بە گوێرەی نییازی خۆی بەر پرسیارە.

﴿ يُراؤُنَ النّاسَ وَلا يَذْكُرُنَ اللهَ إلاّ قَلِيلاً ﴾ وە ئەو دووڕوانە خۆیان ئەنوێننو خۆیان نیشان ئەدەن بە ئادەمیزاد بە نوێژ کردنیان هەتا پێیان ببێژرێ: باوەڕدارن، چونکە ئەوان نوێژ بۆ خوا ناکەن. بەڵکو بۆ نێچیر گرتن و قازانج و سوودی جیهانی نوێژ ئەکەن و، ناوی خوا نابەن و یادی خوا ناکەن و نوێژ ناکەن مەگەر کەمجار لەو کاتانەدا ببینرێن. بەڵام لە پاش ملەناویی خوا نابەن و نوێژ ناکەن.

پرسیار / ئایا هیچ کەسێ هەیە ڕاستی دەرونی خۆی دەرنجا لەبەردەم ئادەمیزاداو بەوانی بڵێ: شتێ بڕوای پێی هەیە، چ کەسێکە بە هەموو کەسێ بڵێ: شتێ ئەیزانێ. بێگومان ئەگەر ئەو کەسە ئەو شتانە بەوان بڵێ بەشێت ئەژمێردرێ، چ کەسێکە نەیکاو بەکاری

نەبەری جگەی شتێ لای چاکەو مەبەستییەتی چەند کات، پاش ئەو شتانە چۆن ئەگونجێ بۆ مرۆڤ لەدەست دام و دەزگای کۆمەڵ دەربچێ و ڕابکا؟

ئایا تۆ ئەتوانی کاتێ گەیشتی بە کەسێ خۆشت ناوێی و یەکەم جار ئەو کەسە بڵێ بەتۆ: من ئارەزۆمەندی تۆم، لە وولامدا تۆ ئەتوانی بڵێی: من پێم ناخۆشە تۆ ببینم، ئایا ئەگەر بەو جۆرە وەڵامی بدرێتەوە تۆ چاکت کردووە لەلای خۆت و لای ئادەمیزاد. ئایا هەموو ئادەمیزاد ڕیابازن و لایانداوە لە ڕاستی، چونکە بڕوایان بە هەموو شتێ نیە کە ئەیکەن نەی لێێن؟

وەڵام / دووڕووی و خۆسازاندن جیاوازن لە یەکتری، دووڕی ئەمەیە مرۆڤ خۆی دەربخا بە پیاو چاکی و بە دوو ڕووی و بە بوختان بۆ ئەوە بوەستێ لەگەڵ پیاو چاکان و لەوانیش نەبێ، خۆسازاندن ئەمەیە: تۆ نەرم و نیانبێ لە مامەڵە کردنتا لەگەڵ ئادەمیزاداو بە هیچ مەبەسێ نەبێ مەگەر بە خۆشی و بە ڕێك و پێکی بژیت لەگەڵیان.

زۆر ئاشکرایە کە تۆ زۆر جاران لەبەر دوواکەوتنی لاسایی کردنەوەی کۆمەڵایێتی لە شایی و شیوەنی کەسێکا ئەبێ بەرە مێدەبێ ئەکەنی و ڕێزی ئەگیریی و بڕوایشی بەوانەی خۆی نیە، بێ گومان ئەو کارەی تۆ زۆر چاکەو بێ گەردەو بەڕیا دانرێ بە مەرجێ ڕێکبێ لەگەڵ نەریتی کۆمەلایەتی. پێویست نیە لەسەر تۆ هەرکاتێ خراپەت کرد بڵاوی بکەیتەوە بەسەر ئادەمیزاد.

زۆر ڕاستە کەتۆ درۆئەکەی بەرانبەر کەسێ خۆشت ناوێ ئەڵێ: من ئارەزۆمەندی تۆم. بەڵام ئەو درۆیەت چاکەو شیرینی ڕەوشتی تێدایە و زۆر پەسەندە.

بۆ پەسەندی ئەو درۆیە تەمشای ئایەتی (٨٣) ئەلبەقەرە بکە لەگەڵ ئایەتی (٢٤)ی سورەتی ئیبراهیم و ئایەتی (٤٤) سورەتی تاهادا. پێغەمەر فەرموی: (گفتوگۆی پاك چاکەیە کە پاداشتی ئەدرێتەوە بە وێنەی پاداشتی چاکەکانی تر).

بە کورتی دووڕووی خۆ نواندن بریتین لەوەخۆت نیشانی دانیشتوان بدەی بە درۆو بوختان بەشتێ تێتانەبێ. هەتا بە پیاو چاکت دابنێن و پلەو پایەی چاکت بۆ دابنێن، لە

ناوەڕۆکدا هەمانەی خاڵی و ماری ژێری کاو خوێن مژو دەست بڕبێ، ئەو جـۆرە کارانـە قەدەغە کراون لـەلایەن خوای کەورەوە.

﴿ مُذَبْذَبِينَ بَيْنَ ذَلِكَ لا إِلَى هَؤُلاءِ وَلا إِلَى هَؤُلاءِ ﴾ سەرگەردان و حوّل و گێجن لـەناو باوەڕو بێ باوەڕایدا، نەخۆیان ئەبەستن بە باوەڕدارانەوە و نە نەبێ باوەڕانەوە جارێ خۆیـان دەرئەخەن لـەناو موسڵمانانـدا، جارێ لـەگەڵ بێ باوەڕانن، لـەگەڵ هیچیان نین.

بەڵکو لـەگەڵ سودی تایبەتی خۆیـانن و، نەلـەم لان و نەلـەولان هـەتا ڕێگـەی ئـەوان بگرن، هەر دەسـتێ ڕاکشێ بۆلایان ئەی گرن، ئیتر پیس بێ یا پاك.

﴿ وَمَنْ يُضْلِلِ اللهُ فَلَنْ تَجِدَ لَهُ سَبِيلاً ﴾ وە هەر کەسێ خوا ڕێگەی لێ وون بکاو واز لـە ڕێگەی ڕاست بهێنێ، دوایی تۆ دەستت ناکەوێ بۆ ئەو کەسە ڕێگەیە بیانبا بۆلای ڕاستی و ڕاغویی و خوا پەرستی. بەڕاستی ئەوە کەسە خوا بە چاوبی میهرەبانی تەمەشای ناکاو کارو فرمانی داوەتە دەست خۆی، چونکە ئەو کەسە یـاخی بـوە لـە خـواو هـەگیز ناگەڕێتـەوە بۆلای شارەزایی، چوەتە قوڵایی بێ باوەڕی. بەڵام میهرەبانی جۆرێکـە لـەگـەڵ بـەندەکانی خۆی وازیان لێ ناهێنێ هەتا ئەوان واز لە خوا نەهێنن، ئەو کاتـە دەینـی خۆیـان بـە ملـی خۆیانە. بۆ نمونە دایکی مناڵ میهرەبان ترین کەسانە لـەسەر زەویی بۆ مناڵی خـۆی، ئەگـەر ئەو منداڵە دەستی کرد بە ئازاردانی دایکی، ئەو دایکە یەخەی لێ دادەدڕێ ، مەگــەر ئـەو بەندانە پەشیمان ببنەوە بە پوختەیی لـەگوناهی خۆیـان، ئـەو کاتـە خـوای مـەزن پەشـیمان بونەوەیان لێ وەرئەگیری، لـە باسی مانای ئایەتی (٨٨)ی ئەم سورەتە ئەو باسـە بـە درێـژی نوسراوە.

لـەو ئایەتە پـیرۆزەدا خـوای مـەزن باسـی دووڕووان و سـەرگەردانەکانی ئـەم ڕۆژەی جیهانی بۆ کردین کە ئایینی پـاکی ئیسـلام بـە چـاکی نەچەسـپاوە لـە دڵیانـا بـە جـۆرێ شایستەبێ و بیکەن بە یاسا بۆخۆیان لـە هـەموو کـارێکی ڕۆژانـەیاندا، ئـەو کەسـانەلەبەر ئەوەی بیر لـە پاشە ڕۆژی بەختیاری خۆیان ناکەنەوە بۆ بچوکترین و بـێ نرخـترین ئـاواتی کاتی هەر جارێ پەلاماری لایە ئەدەن بێ ئەوەی بیر لـە چاکەو لـە خراپە بکەنەوە، جا بۆیـە

ئـەو جـۆرە کەسـانە بـەڕاڕاو سـەرگەردان و گێـل و گـەوج دانـەنرێن لای زانایـان و خواپەرستان، چونکە بۆ بەدەست هێنانی ئاواتی پڕوپوچی خۆیان بە سـەرگەردانیو گێلـی جارێ پەلاماری جادوگەران و دەست بڕان و خوا نەناسانن ئەدەن جارێ تـر پـاش ماوەیـە پەلاماری کەسـانی تـر ئـەدەن کـە دژی بیروبـاوەڕە پێشـوەکەیەتی هـەر بـۆ ئـەوە ئاواتـە خراپەکەی خۆیان بێتەدیی یانەیەتەدیی، ئەو جۆرە کەسانە لەم سـەردەمەی ئێمـەدا یـەکجار زۆرن، بەگێل و بێ ئەقڵی خۆیان سەر لێی شێوانەی خۆیان تووشی دەیـان دەردی سـەری ئەبن و ئەمانەی خوارەوە هەندێ نمونەیانن:

پێشەکی وەك ئەزانرێ لە هەموو کۆمەڵ و تاقمێکی ئادەمیزادا زوربەی زۆریان گێـل و ڕاڕاو نەفامن هەرچەندە لەم کاتەدا ئەژین بە ڕوواڵەت پێـش کـەوتن پـەرەی سـەندوە لـە چەند ڕویێکەوە، سەرگەردان و گێل و نـەفامن هەرچـەندە جییـاوازن لـە ڕوی پـەروەردەو ڕۆشن بیری و ئامادەبونیان بە گوێرەی سروشت بۆ وەرگرتنی زانیاری کەچی ئەو گێلی و سەرگەردانیە وای لێ کـردوون گاڵتەبـەژییان و ئـەقڵی ئـەندامانی گـەلانی ئـەم سـەردەمە ئەکەن، تەوەرێکی یەکجار نارەئەبینن، تەماشا بکەن بۆ تەمێ وەرگرتن چۆن ڕاڕای و گێلی سوار سەرشانی لاوان بووە بەدەیان پەخشان و هۆنراوەی زۆر بە بالای ژنێکا هەڵئـەدەن و باسی لەنجەو لاری و شۆخ و شەنگی ئەکەن بە ڕاست و بەدرۆ. خۆیانی بـۆ ئەسوەتێنن و خۆیانی بۆ لاواز ئەکەن، بەجۆرێ هەر شتێ لەو ڕێگەوە تووشی ببێ بە چاکی ئەزانێ ژنانی بێ ئەقڵ و گێلیان بۆ ئەخەڵەتێ. بەهەر کولە مەرگێیە ببێ ئەبنە هاوسەری یـەکتری، زۆری پێ ناچێ ئەبنە مارو دووپشك بۆ یەکتری.

هەروەها ژنی واهەیە خۆی شێت ئەکا بۆ کوڕە لاوێ، لەبەر خۆشەویستی ئەو لاوە واز لە باوك و دایك و خزم و کەس و کاری دڵسۆزانی خـۆی ئـەهێنێ، وایـش ئـەبێ ڕادوی ئەکەوێ و بڕوایشی وایـە لەوانەیـە بکـوژرێ.، لەگـەڵ ئـەو هـەموو مەترسـیانەدا ئەبێتـە هاوڕێی ئەو لاوە کەچی زۆری پێ ناچێ ئەبنە دۆزەخ و کورەی ئاگر بۆ یەکتری و لـەیەك جوێ ئەبنەوە، بەو جۆرە باسکرا ژنـی نـەفام ئەکەوێتـە داوی پیـاوێ بـێ بـەڵێن، پیـاویش

ئەکەوێتە داوی ژنی گێل و نەفامەوە، ئەو هەمووە کەندو کۆسپە توشیان ئەبێ بەو بۆنەوە بیر لە نەفامی پاشەڕۆژی خۆیان ناکۆڵنەوە بە جۆرێ یاسای پاکی ئیسلام فەرمانی پێداون، لە ئەنجامدا توشی ئەو ڕاڕای و سەرگەردانیە ئەبن و ناموس و ئایینی خۆیان لە دەست ئەدەن.

لەلایەترەوە زۆر کەس هەن بەهۆی مامەڵەو کڕین و فرۆشتن و بەکرێی دانی خانووبەرەوە خۆیان گیرۆدەی ڕاڕای و سەرگەردانی ئەکەن، بەجۆرێ خۆیان لاتوو داماو ئەکەن بگرە خۆیشیان ئەدەن بە کوشت، بەدەیان پیاوانی فێڵ زان ئەکەن بە کار بەدەست بۆ خۆیان و ئەبنە ساماندار لەسەر گێلی و نەفامی ئەوانەوە. ئەمانەی خوارەوە هەندێ نمونەی ترن بۆ گێلی و ڕاڕای و سەر لێ شێوانی هەندێ نەفام:

لە هەموویان نارەواترو پەرەسەندتر بڵاوبوونەوەی ئەفسانەی پڕوپوچ و ناوبۆش: وەك نامەگرتنەوەی پڕ لە درۆو. ناو لەپ خوێندنەوە. بڕوا بوون بە شتی پڕوپوچ. پیاوێکی هەژاری گێل و نەفامی برسی و قوڵ بڕاو منالێکی زۆری ڕوتاڵی هەیە بەهەر کلۆلیەبێ هەندێپارەو پول پەیدا ئەکا کەچی لە بریتی ئەوە بیدا بە پێویستی خۆی و منالەکانی ئەیبا بۆسەر گۆڕی مردووان ئەی بەخشێتەوە، یا ئەیبا بۆ کەسێکی بەناو پیرێکی ملقەوبێ. بە ئەقڵی ناتەواوی خۆی خاوەن گۆڕەکە یا پیرەکەی لای خوا بۆی ئەپارێنەوە کەچی کاکی پیری و پارەبرانی سەر گۆڕ بەکاری ئەهێنن بۆ دروست کردنی کۆشك و ماشێن و بۆ زێڕی ژنانیان و بۆ خواردنەوەی مەیی و قومارکردنی کوڕەکانیان، هەندێ جاریش بۆ گەشت و گوزارو سەیران و داوێن پیسی ئەو پیروپارە خۆرانە ئەگەر پاڕانەوەیان وەرئەگیرێ با بۆخۆیان بپارێنەوە سامانیان زۆربێ، پارەی ئەو هەژارە داماوە نەخۆن و ڕوڕەشی لای خوا نەبن.

نەخۆشێکی تری زۆرناڵەبار سواری ئەقڵی کۆمەڵێ تری سەر لێ شێواوو ڕاڕای تربوون، ئەچنە لای جادوگەرو دەست بڕان پارەو پولی زۆریان بۆ ئەبەن بۆ کردنەوەی گرێی کۆیرەی دڵیان کە ناو لەپیان بخوێننەوە یا نامەیان بۆ بگرنەوە. نوشتەیان بۆ بنوسن.

تەماشای جم و جوڵی ئەستێرەکانیان بۆ بکەن، پرسێ بە جنۆکەکان بکەن. گیانی پیاوێ ئامادە بکەن، فنجانیان بۆ سورِ بدەن. دانەیان بۆ بگرنەوە. ئەو جادوگەرە دەست بڕانە بە بۆنەی ئەو کارە پڕوپووچانەوە بە بوختان و بە درۆشتێ بەو گێل و گەوجانە ئەڵێن، ئەو سەر لێ شێواوە بەچاوی ڕاستی وەری ئەگرن و بە داماویی ئەژین و جادوگەرانیش سامانی زۆر کۆ ئەکەنەوە.

ئەو هەژارە داماوە سەر لێ شێواوانە لەوەڕگای زۆر بە پیتن بۆ پیاوانی بەناو ئایینی و دەست بڕان و کار بەدەستە فێڵ بازەکان، ئەو کەسانە بۆ موسڵمانان و دانیشتوان سەری زمانیان هەنگوینە و ژێری زمانیان ژەهرە، بەهۆی ڕوی خۆشی ژەهراویان لەژێرەوە خوێنیان ئەمژن و لەدەرەوە بەوان پێ ئەکەنن وێنەی مارگران گاڵتە بە سەیران کەران ئەکەن.

هەر نەتەوەیە نەخوێنەوارو نەفام و لە ئایین دەرچوانیان زۆربێ، پیرانی بە ناو ئایین پەروەرو کاربەدەستانی ستەمکارو سەرۆك پارتەکان بە ناویی ئایین و کاربەدەستی و نیشتمان پەروەری سوواری ملیان ئەبن و ئەیان چەوسێتەوە، هەرچەندە ئەو گێل و گەوجانە تۆڵەی حۆیان وەرئەگرن لە پاشە ڕۆژدا لەبەردەم خوای مەزندا. بەڵام لەوان گێل ترو خوانەناستر ئەو کەسانەن بە ناوی ئایین و نیشتمانەوە بۆ سوودی خۆیان ئەبن بە بازرگانی جەنگ، گەلانی خۆیان ڕائەکێشن بۆلای جەنگی نارەوا کە بەو جەنگە گەلانی خۆیان ئاوارەو دەربەدەر ئەکەن بە بیانوی درۆینەوە دانیشتوان ئەکوژن و بەندیان ئەکەن و داراییان تالان ئەکن و خانوەکانیان ئەڕوخێنن و لە نیشتمانی خۆیان دەریان ئەکەن، ئەوانە هەموویان بە بۆنەی ناکۆکی پەیداکردنی نێوان دانیشتوانەوە سەرهەڵئەدەن، ئەوانە هەموویان بەرپا ئەبن بە ناوی ئایین و نیشتمان پەروەریەوە، هەر تاقمێ لە خوێن مژان بڕۆن تاقمێ تری خراپتر جێگەیان ئەگرنەوە، ئەو کەسانەی لە دەستی پێشوەکان ڕزگاریان بووە ئەمانیش ئەمان لەناو ئەبەن.

ئەبێ بزانین ئەو هەموو دەردی سەرییەو ڕاڕایی و ستەمەی بەسەر دانیشتوانا دێت هۆی لادانیانە لە یاسای بەرزی پاکی ئیسلام، هەتا نەگەڕێنەوە بۆلای دابەزاندنی دەستوری قورئان ڕزگاری و سەربەستی و ژیری بە خۆیانەوە نابینن، ئەوەی بەسەریانا دێت لەم ڕۆژەدا زۆر کەمترە لە سزای پاشە ڕۆژ کە توشیان ئەبێ بە هۆی لادانیان لە پەرستنی خوای مەزن.

خوای گەورە باسی خراپی دووڕوانی بۆ کردین کە جارێ ڕووئەکەن بەلای موسڵمانانەوە جارێ تر ڕوو ئەکەن بۆلای بێ باوەڕان، ئۆقرە ناگرن لەسەر شتێ بە تەنها، ئێستایش قەدەغە ئەکا لە موسڵمانان کە ئەمانیش وێنەی ئەوان نەبن و ئەفەرموێ:

يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟
لَا تَتَّخِذُوا۟ ٱلْكَـٰفِرِينَ أَوْلِيَآءَ مِن دُونِ ٱلْمُؤْمِنِينَ ۚ أَتُرِيدُونَ
أَن تَجْعَلُوا۟ لِلَّهِ عَلَيْكُمْ سُلْطَـٰنًا مُّبِينًا ﴿١٤٤﴾ إِنَّ ٱلْمُنَـٰفِقِينَ
فِى ٱلدَّرْكِ ٱلْأَسْفَلِ مِنَ ٱلنَّارِ وَلَن تَجِدَ لَهُمْ نَصِيرًا ﴿١٤٥﴾
إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُوا۟ وَأَصْلَحُوا۟ وَٱعْتَصَمُوا۟ بِٱللَّهِ وَأَخْلَصُوا۟
دِينَهُمْ لِلَّهِ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ مَعَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ۖ وَسَوْفَ يُؤْتِ ٱللَّهُ
ٱلْمُؤْمِنِينَ أَجْرًا عَظِيمًا ﴿١٤٦﴾ مَّا يَفْعَلُ ٱللَّهُ بِعَذَابِكُمْ
إِن شَكَرْتُمْ وَءَامَنتُمْ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ شَاكِرًا عَلِيمًا ﴿١٤٧﴾

﴿ يا أَيُّها الذينَ آمَنُوا لا تَتَّخِذُوا الْكافِرِينَ أَوْلِياءَ مِنْ دُونِ الْمُؤمِنِينْ ﴾ ئەی کەسانێکی ئەوتۆ باوەڕتان هێناوە: ئێوە وەرمەگرن و مەیکەن بە دۆستی خۆتان بێ باوەڕان لە جگەی باوەڕداران، دوای ئەو جولەکانە مەکەون و دوژمنی ئیسلامن.

﴿ أَتُرِيدُونَ أَنْ تَجْعَلُوا للهِ عَلَيْكُمْ سُلْطاناً مُبيناً ﴾ ئایا ئێوە کە بێ باوەڕان ئەکەن بە دۆستی خۆتان ئەتانەوێ کە بگێڕن بۆ خوا بەسەر خۆتانەوە بەڵگەیەکی ڕون و ئاشکرا بۆ سزادانتان، چونکە دۆستایەتی بێ باوەڕان ڕاستەوخۆ بەڵگەیە لەسەر دووڕویتان، هەر کەسێ لەسەر بەڵگەی ئاشکر انەبێ بۆ پاکی ئایینی خۆی، یا لە ڕێگەی ڕانمویی لابدا دوای ڕون بونەوەی ڕاستی بەڵگەی ڕاستی لە خۆیەوە داناوە لەسەر زیان و سزای خۆی.

﴿ إِنَّ الْمُنافِقِيْنَ فِي الدَرْكِ الأَسْفَلِ مَنَ النّار وَلَنْ تَجِدَ لَهُمْ نَصِيراً ﴾ بە ڕاستی ئەوانەی دووڕون لەنێو بەشی قوڵایی دۆزەخدان لەلای خوارەوە، لەبەر ئەوەی خرابترین بێ باوەڕن خرابترین جێگەی دۆزەخ بەشیانە و سزایش بە گوێرەی تاوانە، بێگومان دووڕوویی و بێ باوەڕی لەیەك کاتدا لەواندا کۆبوەتەوەو، تۆ دەستت ناکەوێ بۆ ئەو دووڕوانە یارمەتێ دەرێ بەرهەڵستی بکا لە سزای ئەوان، ئەو کەسانە درۆزن و بێ باوەڕن و ئەو دووشتانە دایکی هەموو خراپەیەکن.

پاش ئەوەی خوای مەزن هەڕەشەی کرد لە دووڕووان و ترساندنی بەهۆی خراپترین تۆڵەو سزا، ڕانموێیان ئەکا بۆلای ڕێگەی پەشیمان بونەوەیان کە تاقە ڕێگەیە کە بۆ ڕزگاریان، هەر پەشیمان بونەوەیە بە تەنها یاریدەریانبێ لەلای خوای مەزن، ئەو ڕێگەیەش لە دەستی توانای خۆیانایە هەرکەسێ لە کیسی خۆی بدا لۆمەی لەسەر خوێتی، بۆیە خوا ئەفەرموێ:

﴿ إِلاَّ الذينَ تابوُا وَأَصْلَحُوا ﴾ مەگەر کەسانێکی ئەوتۆ لەو دوڕوانە پەشیمان، ببنەوە لە دوو ڕوویی خۆیان و، ئەو خراپانەی کردویانە بەسەریان بگرنەوەو کردەوەکانیان چاك بکەنەوە نیازی خۆیان بگۆڕن بەرەو چاکە و بەردەوامیشبن لە سەر کردەوەی چاك دوای پەشیمانی.

﴿ وأعْتَصِموا باللهِ وَأَخْلَصُوا دِيْنَهُمْ ﴾ وەبڕوایان بە خوا بەتینبێ و دەست بگرن بە ئاینی خۆیان بە نیازی پاکەوە، وە لە پەرستنی خۆیانا هەر خوایان مەبەستبێ و بە تـەمای بـەزەیی خوابن.

﴿ فَأوْلئِكَ مَعَ الْمُؤْمِنِينَ ﴾ دوایی ئەو کەسانە پەشـیمان بوونەتـەوە بـە نیـازی پاکـەوەو، دەستیان گرتوە بە نامەی خواوە، ئایینی خۆیانیان بە پاکی گرتوە لەگـەڵ باوەڕدارانـان لـە ئەمرۆو لە پاشە ڕۆژدا بۆ هەموو پاداشتێ.

﴿ وَسَوْفَ يُؤْتِ اللهُ الْمُؤْمنينَ أجْراً عَظِيماً ﴾ وەلە دوایداو بەم نزیکانە خوا ئەبەخشێ بە باوەڕداران پاداشتێکی گەورەو زۆر بە جۆرێ نایەنە ژمارە. کەواتە ئەو کەسانەیش ئەبن بـە هاوبەشی باوەڕداران خاوەنی ئەو بەشە گەورەیەن و بەشی خۆیانیان ئەدرێتێ.

خوای مەزن لەو ئایەتەدا بۆمانی ڕون کردۆتەوە ئەو بەخششە گەورەیە خـوا ئـەیدا بـە باوەڕداران بە هۆی ترسیانەوەیە لە خـوا، دوای ئـەوە بـا ئێمـە بزانـین ئەگـەر ترسـان لـە دەروونی ئادەمیزادا چ پلەو پایەکی بۆ دانراوە لەلایەن ئایینەوە، خوای مەزن لەو ئایەتەداو لە زۆر جێگەی تری قورئان فەرمانی داوە بە ترسان بە گشتی و بە تایبەتی لە خوای مەزن، چونکە ترس گەورەترین چاکەو میهرەبانی و بەخشندەیی خوایە بەخشیوێتی بـە ئـادەمیزادو بونەوەرانی تری زینـدوو گیـان لەبـەر، هـەر یەکـەیان بـە گوێـرەی ئـەو هەسـتەی پێیـان بەخشراوە، هەموو شتێ کە خوا دروستی کردووە جێگەی شیاویی خۆی وەرگرتووە لـەو ترسەو بەشی خۆی پێداوە، خـوای مـەزن بـۆ سـوودی گیـان لەبـەران لەگـەڵ دروسـت کردنیاندا ترسی خستوەتە دڵیان. کەواتە ترس بەبێ سوود دروست نەکراوە، ترس بە هـەر چۆنێ بێ و بەهەر هۆێی پەیدا ببێ ئەبێتە سەرچاوەی هەموو چاکەیە، ئەگـەر تـرس نەبوایـە ئادەمیزاد هیچ چاکەیەکی نەئەکردو لە هیچ خراپەیە خۆی نەئەگێڕایەوە، گییـان لەبـەرانی تریش خۆیانیان لەگیروگرفت نەئەگێڕایەوەو خۆیانیان بۆ نەئەپارێزرا.

ئەگەر لەبەر ترسی برسێتی نەبوایە هەوڵی سامان و پـەیداکردنی خواردەمـەنی نەئـەداو جێگەی حەسانەوەی بۆخۆی نەئەسازاند هەتا بەرگری. لە گەرماو لە سەرما بکەن. ئەگـەر

لەبەر ترسی نەخۆشی نەبوایە پەیڕەوی پایەی تەندروستی نەئەکرا، ئەگەر لە ترسی مردن نەبوایە هیچ کەسێ نەئەچوە لای پزیشك بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی. ئەگەر لەبەر ترسی خواو سزای پاشە ڕۆژ نەبوایە هیچ کەسێ خوا پەرستی نەئەکرد، ئەگەر ترسی کوشتن نەبوایە هیچ کەسێ خۆی لە دەست درێژی دانیشتوان نەئەگێڕایەوە وزەوی پڕ ئەکرد لە خوێن، ئەگەر ترسی دەربەدەری نەبوایەی هیچ کەسێ بەرگری لە دوژمن نەئەکرد بۆ وولات و نیشتمانی خۆی و دەربەدەرئەبوو.

هەروەها گیاندارانی تر ئەگەر ترس نەبوایە خۆیان خۆینیان ئەخواردەوە، ئەگەر ترس نەبوایە دڕونده نەئەسەلمینەوە لە دوڕندەی تر، ئەگەر ترس نەبوا لە دەست دڕونده ڕامان نەئەکرد.

هیچ کەسێ توشی خراپە نابێ ئەگەر بە ڕاستی ترسیان هەبێ، هیچ خراپەیە توشی من و تۆ نابێ ئەگەر بترسین، هەر لەبەر ترسە بیم لەگرانی و جەنگ ئەکەین. کەواتە ترس دۆستی من و تۆو هەموو گیاندارانە لە ترسی مامۆستاو ڕانوێی کەرو کەوتن لە وانەکانا کۆشش ئەکەین، ترسە خزمەت گوزاری نێوان من و تۆ، ترسە گەورە و سامناکی من و تۆ کە ئەمانپارێزێ لە خراپە، ترسە سوود ڕەسێن و خاوەنی دلسۆزمان، ترسە خوامان پێ بناسێنێ، بەختیاری و پاشە ڕۆژی چاك بۆ ئەو کەسانەیە لە خوا ئەترسن. بەلام ئەگەر لەبەر ترسی ستەمکاران گوناهوێ فەرمانی خوا بکەین بە تەنها هەر ئەوەشیان زیان بەخشن و خراپە ئەگینا هەموو شتێ چاکە.

خوای مەزن کە سزای دووڕوان و بێ باوەڕان ئەدا لەبەر ئەمە نیە ڕقی خۆی نەیەلێ بە تۆلە سەندنەوە لەوان وەك کۆنە دوژمنێ، یا خۆی لە زمانی ئەوان دورئەخاتەوە، یا بە تەمای سودی ئەوانبێ. بەلکو خوای مەزن بۆ هەموو کەسێ خاون میهرەبانەو نیازی بە هیچ کەسێ و ڕقی لە هیچ کەس نیە، بۆ ڕون کردنەوەی ئەو باسە خوا فەرموێ:

﴿ ما يَفْعَلُ اللهُ بَعَذابِكُمْ إنْ شَكَرْتُمْ ﴾ خوا چ شتێ ئەکا بە هۆی سزادانی ئێوە، پێویستی بە سزای ئێوە نیە ئەگەر ئێوە سوپاسی خوا بکەن و فەرموودەکانی بەجێ بهێنن لەبەر خواو ئەو چاکەی خوایە بەسەرتانەوەیە، سوپاسی خوا ئەبێتە هۆی باوەڕهێنانی ئێوە، بۆیە دوای سوپاس کردن ئەفەرموێ:

﴿ وآمنتم وَكانَ اللهُ شاكراً عَليماً ﴾ وەئێوە باوەڕتان هێنابێ بە خواو بە هەموو ئەو شتانەی خوا ڕەوانەی کردووە بۆ سەر پێغەمەر (د.خ) و خوا پاداشتی سوپاس گوزاران ئەداتەوە لەبەر سوپاس کردنیان، زانایە بە باوەڕهێنانتان و سوپاس کردنتان، خوا میهرەبانەو ناگونجێ پاداشتی ئێوە نەداتەوە.

خوای مەزن کە سزای بێ باوەڕان ئەدا لەبەر ئەوەیە بێ باوەڕی نەخۆشی خستوون و دەرونیانی پیس کردوە، خوا ڕانمویان ئەکا کە دەرمانی ئەو نەخۆشیە تیمارکردنە بە سوپاس کردن و باوەڕهێنانە هەتا ڕزگاریان بێ لە سزای دۆزەخ، هەرکاتێ تیماری نەخۆشی خۆیان نەکەن خۆیان تاوانبارن و پێویستە تۆڵەی خۆیان وەرگرن بە ئاگری دۆزەخ بە بەردەوامی، ئەو کەسەی ئەیەوێ پاداشتی خۆی وەرگرێ و چاکەی لەگەڵ بکرێ پێویستە مل کەچی فەرمودی خوابێ.

سوپاس بۆخوا مانای جزمی پێنچەم کۆتایی پێ هات

لە ٢١ مانگی ڕەمەزانی پیرۆزی ساڵی ١٤١٩ی کۆچی بەرانبەر بە ١٩٩٩/١/٨ی زایینی

خوایە من بەندەی گوناهبارم، بێ نرخ و بێ هێزو پیرو کەنەفتەم

لەبەر گەورەی خۆت لێم ببورەو بەو پاڕانەوەیەی پێغەمەرم

بخە. خێزانەکانم یاریدە بفەرموو پاشە ڕۆژیان بەچاک بگێرە بۆ پەرستنی خۆت

تەفسیری زمناکۆیی

﴿ پێڕست ﴾

لاپەڕە	باسەکان و بابەتەکان
٣	گرنگترین شتێ پێویستبێ لەسەر کاربەدەستاو پێشەوایانی کارامە
٨	ئەو کەسانەی لە جەنگی بێ باوەڕاندا بکوژرێن نوێژی مردویان لەسەر ناکرێ و ناشورین
٢٣	ئەو کەسانە لە جەنگی ئوحودا لە خزمەت پێغەمەردا بوون دوو تاقم بوون
٣٢	کورتەیە لە ژیانی پێغەمەر، دوای لەدایك بوونی، شێوەی لەشی و ڕەوشتی
٣٥	وەڵامی پێغەمەر بۆ کەسێ ووتی بە پێغەمەر: ئەی لەهەموومان چاکتر
٣٨	دەست پاکی هاوەڵەکانی پێغەمەر لەکاتی گرتنی پایتەختی مەداینی فارس
٣٨	دوو پەیکەری تاجی کیسرا بۆ بەدەست کەوتی موسڵمانان و چۆنیەتی ئەو دوو پەیکەرە
٤١	بیروبۆچونی ئیسلام لە بارەی ڕەگەزەوە، باسی بەسەرهاتی جەعفەر لەگەڵ نەجاشی
٤٢	ژمارەی دەوڵەتانی عەرەب و هەڵوێستیان لە بارەی ئاینەوە، هەروەها ڕژێمەکانی جگەی عەرەب
٤٣	باسی کوژاوی بێ باوەڕان و موسڵمانان لە جەنگی بەدرو ئوحودا
٤٨	چۆنیەتی زیندویەتی پێغەمەران و شەهیدان دوای مردنیان
٥٢	فیداکاری هاوڕێکانی پێغەمەر لە ڕێگەی ئیسلامدا
٥٧	ئادەمیزاد لە بارەی باوەڕو کردەوەیانەوە چوار بەشن
٥٩	بت پەرستان و دووڕوان کامانەن
٦٠	چ کاتێ پێغەمەر (د.خ) هەواڵ بە نادیاری ئەدا (غەیب)
٦٣	خاوەنیەتی سامان لەم ڕۆژەو سێ جۆرن
٦٨	ئایا پزیشکەکان ئەتوانن تەمەن درێژ بکەن؟
٧٦	گەورەترین ڕێگە بۆ ناسینی خوای مەزن
٨٠	گەورەترین بەڵگە بۆ مافی ژنان
٨٣	لەم سەردەمەو شوێنێکمان دەست ناکەوێ بە سەربەستی خوا پەرستی تێدا بکرێ
٨٨	جیاوازی نێوان (الصبر والمصابرە)
٩٠	سورەتی نیساء
٩١	ئایا بەر لە ئادەمی باپیرەی ئادەمیزاد تر هەبووە؟
٩٧	مەبەست لە دادپەروەری لە نێوان زیاتر لەیەك ژن
٩٩	ژمارەی ژنان هەموو کاتێ لە ژمارەی پیاوان زۆرترە، بۆیە دروستە ژن هێنانی زۆر
١٠٤	بیروڕای ئیسلام دەربارەی بەندایەتی کردنی ئادەمیزاد
١١٣	چۆنیەتی بەشکردنی میرات
١٢٤	باسی مانای (کلالة)
١٢٧	ژمارەی میراتبەران لە پیاوان و لە ژنان و ئەو بەشانەی دیاری کراون بۆ میراتبەران

١٢٩	باسی ڕون کردنەوەی (الحجب بە درێژی).
١٣١	یەشەکانی (عصبة)
١٤٣	بە چ شتێ داوێن پیسی دەرئەکەوێ
١٤٤	بەڵگە لەسەر سنوری لیواتەکردن
١٤٩	خۆ بەبارکردنی کەسێ بەسەر جگەی خۆ کە بەخێوی بکا
١٥١	باسی ئەو ژنانە قەدەغەن مارەکردنیان
١٥٥	دەست کردن بە ماناکردنی جزمی پێنچەم
١٥٩	بیروبۆچونی زانایان دەربارەی (زەواج المتعة)
١٦٢	ژن داواکردن بەر لە ئایینی ئیسلام
١٧٠	گوناهە گەورەکان کامانەن
١٧٢	جیاوازی نێوان (القبطة والحسد)
١٧٥	باسی قیوامەی پیاوان بەسەر ژنانەوە، جیاوازی نێوان ژنان و پیاوان
١٧٩	باسی نشوزی ژنان و چارەسەکردنی
١٨٢	باسی هاوبەشدانان بۆ خوای مەزن
١٨٩	باسی تەیەموم و چ کاتێ ئەکرێ
١٩٤	ئەو شتانەی ئەبنە هۆی لەش پیسی و ئەو شتانە قەدەغەن بە لەش پیسی و بێ دەست نوێژ بکرێن
٢٠١	(الأقنوم) مانای چیە؟
٢٠٦	شایەتی دان لەسەر دادپەروەری ئایینی ئیسلام
٢١٠	مەبەست لە (الأمانات) چ شتێکە؟
٢١٢	سەرچاوەی یاسایە ئیسلام چوار شتن
٢١٤	پێشەوایان ئەبێ بناسرێن و ببینرێن نەك وونبن، بە وێنەی ئیمامی شیعەکان.
٢٢٧	بەراوردێ لە نێوان چەکی ئەمرۆ و لەمەوبەردا
٢٣١	هۆی بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام
٢٣٩	بۆچی خوای مەزن سروشتی بێ خراپەو ناخۆشی دروست نەکردووە؟
٢٤٩	باسی سلاوکردن و وەلامەکەی
٢٦٥	کوشتنی ئادەمیزاد سێ بەشن و ئەندازەی خوێنی کوژراو
٢٧٦	دەوڵەتە ڕەگەز پەرستەکان
٢٨٠	بۆچی دەوڵەتەکان دژی یەکتری هەڵئەسن بە عەرەب و جگەی عەرەبەوە
٢٨٢	باسی کورت کردنەوەی نوێژەکان و ماوەی سەفەر
٣٠٥	ئادەمیزاد شێوازی بونەوەران ئەگۆڕن بە جۆرێکی نائاسایی
٣١٣	باسی نشوزی پیاو لەگەڵ ژندا
٣٣٧	هەندێ کاری نارەوای ژن و پیاو بۆ یەکتری بەبێ بیرکردنەوە لە پاشە ڕۆژی خۆیان
٣٣٨	چونەلای جادوگەران و دەست بران بۆ دیاری کردنی ڕوداوی پاشەڕۆژ

خوێنەری هێژا لەم جزمەدا ئەرکی چاوپیاخشانی ئەم هەڵانە بگرە ئەستۆی خۆت:

هەڵە	ڕاست	لا	دێڕ
نیشتمان	نیشتمان و	٣	١١
ئامێز	ئامێر	٣	١٢
سودو	سود	٣	١٢
سوزایش	سزایش	٦	٩
ئەوە	نابێ بنوسرێ	٧	١٥
شەهیدی	ئێمەیش	٨	٧
و کاتی	وکاین	١٦	٢١
ڕێزداران	ڕێزدارن	١٧	٧
خاوەن	خاوەن و	١٩	١
یاریدەر	یاریدەری	١٩	١
الرغب	الرعب	١٩	٨
بووبوە	بو بو	٢٣	١١
الفم	الفم	٢٤	٣
وئە	ئەو	٢٤	١٦
مصناجعهم	مضاجعهم	٢٥	١٢
ئەوانەن	ئەوانە نەئەمردن	٢٨	٩
ئِەگەر خراپێ	ئەگەر خراپ بێ	٢٩	١٢
خوا خراپە	خراپە بە پاداشتی	٢٩	١٢
لأن الله	إن الله	٣١	١٤
خەسیرە	حەسیرە	٣٣	١٨
بینە	پینە	٣٣	١٩
وینەی	وێنەی	٣٤	١٧
داریەکەی	دارایيەکەی	٣٥	٦
أن يفل	أن يفلّ	٣٧	٦
نەبێتەوە	ببێتەوە	٧٣	١٩
والله	ولله	٧٤	١٠
لە ڕەگەزی	فروستادە بە لە ڕەگەزو	٣٩	٧
خوا پیدان	خراپێدان	٤١	٩
زیندو یەبتان بەرزەجنە	زیندویەتیان بەرزەجنە	٤٨	١٠
جهانیە	جیهان نیە	٤٨	١٧
جیگە	بۆ جێگە	٤٨	١٨
بۆ چاکەیان	چاکەیان	٥٢	١
هەرووەە	هەردوکمان	٥٣	١
شتێکە	چ شتێکە	٥٥	١٩
غلی	غلی	٥٦	١٠
فعقلت	فصلت	٥٧	١١
لە	لەبەر	٥٨	٥
ئکری	ئەگیرێ	٥٨	٦
مەزنن بنە	مەزن بە	٥٨	١٠
یاکەو	پاکەو	٥٩	٦
دەرە وەریان	دەریان	٦٠	٢
لەسەتانە	لەسەرتانە	٦٠	١٤
بکگا	بکا	٦٠	٥
أو تتبعوا	أو تتقوا	٦١	٧
بما آتاهم	بماء آتاهم الله	٦٢	٣
ئەگەری	ئەکرێ	٦٢	٧
أخرج	زحزح	٦٩	٥
ئەمیشی	ئەمیش ببیسێ	٧٠	٣
لتبنە	لتتبنە	٧٠	١٩
خربی	جگەی خۆی	٧٣	٦
با بوکی	باوکی	١٣٦	٧
کردنی ژ	کردنی	١٣٧	٤

هەڵە	ڕاست	لا	دێر
سەقاما	سەڤان	٧٥	٢
يذكوون	يذكرون	٧٨	٥
ئامازە	ئاماژەيە	٧٨	١٠
ڕاكێشێ	ڕاكشێ	٧٨	١٣
بدنەوە	مانايە بكەن	٧٨	٢١
فتی	فتنا	٧٩	١
هوكاری	هۆكانی	٧٩	٩
دەستيان	دەستيان	٧٩	٢١
أتنا	انتا	٨٠	١
بەنديەتی	بەندايەتی	٨٠	٦
وقلتوا	وقاتلوا	٨١	١٤
بەستن	پەرستن	٨١	٢٢
كەسامە	كەسانە	٨٦	٥
ألئك	أولئك	٨٧	١٥
ئێمە	ئێوە	٨٨	٤
لەلە	لە	٩٤	١١
دانانرێن	دائەنرێن	٩٤	٢١
پەروەردە	پەردە	٩٧	٨
پوبەی	پۆپەی	١٠١	٢١
دوايش	وايش	١٠٥	٢١
خواستی	خواستنی	١٠٧	١٦
يەر	بەر	١٠٩	١٧
ممە	مە	١١٣	١٨
كراوە	نەكراوە	١٠٣	٢٢
قەرز	فەرز	١٣١	٢
دەچونی	دەرچوونی	١٣٤	٢١
جولەكان و	جولەكان	٢٠٦	١٠
شتانەبێ	شتانە نەبێ	٢٠٨	١٢
بەوناو	بەو ناوەوە	٢٠٨	١٧
لەنێو	لەنێو ئەو	٢٠٩	٥
وەك	وەك يەك	١٤٢	٤
بفاحشءةٍ	بفاحشه مبيغة	١٤٨	١٢
لەگەڵبان	لەگەڵيان	١٤٩	٢
وسا	وساء	١٥٢	٧
خاوەنی	بە خاوەنی	١٥٧	١
الشفاو	الشغار	١٥٨	٩
ماه	ماڵە	١٥٩	١٣
مفينه	مغنيه	١٦١	٢٠
بە گۆبەی	بە گوێرەی	١٦٩	٦
دوا ڕۆژ	دواڕۆژدا	١٧٣	٣
مانگەی	ماناكەی	١٧٤	١٣
ئەو	ئەوە	١٨٠	١٩
يایاكێ	يابەكێ	١٩١	١
ڕێز	ريز	١٩٣	٤
پێغەمەرو	پێغەمەر	١٩٦	٦
ويقلون	ويقولون	١٩٦	١٧
لە پەرستی	لە پەرستندا	٢٠٠	٤
فتز	فقد	٢٠٠	١٣
ئاسمان	ئاسمان و	٢٠٠	١٦
توانای	بێ توانا	٢٠١	٣
فيها	فيهما	٢٠١	٥
با	يا	٢٠١	
گانا	گاكانا	٢٠١	١٤
ئەومان	ئەوە	٢٠١	١٥
بوحتان	بوختان	٢٠٤	٢٢
إلا	لا	٢٠٥	١٣
گەواتە	كەواتە	٢٣٨	١٨
بعەمەرەو	پێغەمەرە	٢٣٨	١٩
بورو	بورد	٢٤٦	١٣
لەپەزادو	لەپەژارەو	٢٤٦	١٧

هەڵە	ڕاست	لا	دێر
ضليلا	ظليلا	٢٠٩	١٠
باخانەكانی	باخەكانی	٢٠٩	١١
يعضكم	يعظكم	٢١٢	٨
ڕولێكەو	ڕويەكەوە	٢١٣	٢
كەسی	كەسێ	٢١٥	٧
معيە	مصيبە	٢٠٨	١٤
الحكموك	يحكموك	٢٢٢	١٢
اردنا	آتا	٢٢٣	٩
خۆمان	خۆتان	٢٢٣	١٠
أو أخروا	أو أخرجوا	٢٢٣	١٢
لەخشان	لە لەخشان	٢٢٣	٢٢
إلا	لأ	٢٢٤	١
پلە	لە پلەو	٢٢٤	١٤
بەخيباری	بەختياری	٢٢٥	١٠
دەبڕی	دەربڕی	٢٢٩	١
شورەيك	شورەبك	٢٣٢	٥
پاڕانە	پاڕانەوە	٢٣٢	١٣
وابت	وبت	٢٣٥	١٢
بورو	بون	٢٣٥	٢٠
قتيلا	فتيلا	٢٣٦	٣
تعبهم	تصبهم	٢٣٧	٩
بەلانەو	بەلايانەوە	٢٣٧	١٥
يانێ	يانبێ	٢٣٧	١٦
ڕداوی	ڕوداوی	٢٣٨	١٧
كاروانی	كاروانی و	٢٨٤	٨
خراپە	خراپەو	٢٩٠	٩
ئەدرد	ئەدا	٢٩١	١٧
ويتفر	ويغفر	٢٩٩	١٤
واگومان	گومان	٣٠١	٢
بە	بەو	٣٠٢	٥

هەڵە	ڕاست	لا	دێر
خوايە	خراپەيە	٢٤٧	٢
ئازابی	ئازاری	٢٤٧	١٩
تكن	يكن	٢٤٨	١٥
بەو	بە	٢٤٩	١٧
احمة الله	رحمة الله	٢٥٠	٢
حسيا	هيبا	٢٥١	٩
ڕوداوانەی	دووڕوانەی	٢٥٤	٨
دەست بدانە	دەست بدانە	٢٥٥	٥
كرچبان	كۆچيان	٢٥٥	١٤
تێنەڕيوە	تێپەڕيوە	٢٦١	١٩
خوێندن	خۆێن	٢٦٢	٤
ڕۆژ	ڕۆژو	٢٦٤	١٥
نەبورن	نەبوردن	٢٦٥	١٩
پێچ	پێنج	٢٦٦	١٨
عضيما	عظيما	٢٧٢	١٧
فيما	فيم	٢٧٤	١٠
بكێچش	بكێشی	٢٧٧	٤
ئورو	ئوورو	٢٨٠	٧
ئەنتصرو	تقصروا	٢٨٢	١
يفقنكم	يفتنكم	٢٨٢	٥
طائفة منهم	فلتعم طائفة	٢٨٢	١٤
تفقلون	تفضلون	٢٣٨	٣
والذين	ود الذين	٢٨٣	٣
پشتوتاندا	ئشوتاندا	٢٨٣	٢١
ڕژوی	ڕژدی	٣١٤	١٥
پياو ژن	پياوو ژن	٣١٥	١
كالمتلغة	كالمفلقة	٣١٥	١٩
كروتانە	كردوتانە	٣١٦	٦
ما يفن الله	يفن الله	٣١٩	١
بەركاری	بەكاری	٣٢٣	١٤

هەڵە	ڕاست	لا	دێڕ
ناخوێنلرێ	ناخوێنرێ	٣٠٤	٢
ئەمەن	تەمەن	٣٠٤	١١
فليفرين	فليفيرن	٣٠٤	٢٢
سورى	سودى	٣٠٥	١٨
ئەشيتان	شەيتان	٣٠٦	١٣
نەمە	نامە	٣٠٧	١٥
نبە	نيە	٣٠٨	٨
وأنثي	أو أنثي	٣٠٨	١٧
پێغەمەرو	پێغەمەر	٣١٠	١٤
لەمارەى	لەمارەى و	٣١٢	١٢
دائينان	دايان	٣١٢	١٣
هەمرو	هەموە	٣٤٠	١

هەڵە	ڕاست	لا	دێڕ
خۆيان	خۆيان	٣٣٩	١٤
بۆ فيداكاريەوە	بەفيداكارێوە	٣٣٤	١٨
بكەوێ	بكا	٣٢٨	٥
انجد ضدا	يخوضوا	٣٣٠	١٣
نەبووون	نەبون	٣٣١	٢٠
نەبەڕێ	نەبەرى	٣٣٥	١
بەرەمێدا	بەرەمێوە	٣٣٥	١٣
نەمستاى	تەماشاى	٣٣٥	١٩
ئەود	ئەو	٣٣٦	١٠
نارە	نارەوا	٣٣٧	٣
خۆيان	خۆيان	٣٣٩	١٤